# هەزارودوو

بەرگی (١–٧)

ئەندازیار عوسمان

چاپی دووەم

٢٠١٨ز- ١٤٣٩ ك

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی پەڕاو: هەزارودوو (١-٧)

نووسەر: ئەندازیار عوسمان محمد ڕەشید

نۆبەی چاپ: دووەم،٢٠١٨-١٤٤٠

چاپکردن: کتێبخانەی گەشە

بۆ پەیوەندیکردن: ٧٣ ٤٧ ١٢١ ٠٧٥٠

پەیجی نوسەر: andaziar Osman

نرخ:

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

ژمارە سپاردنی ( ٣٥٤)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پێدراوە..

کتێبخانەی گەشە بۆچاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب

سلێمانی- بازاڕی ئاوباریک- بەرامبەر کاسۆمۆڵ

بۆ پەیوەندی: ٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣-٠٧٥٠٨٨٢٩٠٨٦

## پێشەکی چاپی دووەم

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان درووودوسەلامیش لەسەر سەرداری پێغەمبەران و یارویاوەران.. قورئان دەفەرموێت:

﴿أَو مَن كَانَ مَيْتاً فَأَحْيَيْنَاهُ وجَعَلْنَا لَهُ نُوراً يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ الأنعام:١٢٢

واتە:ئایا ئەو کەسەی کە مردوو( بێبڕوا )بێت وبەهۆی ئیمانەوە بیژێنینەوەو نورێکی بدەینێ کە قورئانەوبەناوخەڵکیدا ڕێی پێدەرکات وەك ئەوە وایە کەوا لەناو تاریکستانێکدا بێت کە بەهیچ جۆرێك لێی دەرنەچێت، بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێبڕوایان ئەو کردەوە خراپانەی دەیانکرد.

سوپاس بۆ خوا کە بەفەزڵ وکەرەمی خۆی هاوکاری کردم و پاش زنجیرەی هەزارو یەك زنجیرەی هەزارودووش هاتە دنیاوە.

سوپاس بۆ خوا کە خەڵکانێکی زۆر سوودیان لێبینیوەو واچاپی دووەم دەکرێتەوە.

لەم چاپەدا بەپێی توانا پیایدا چوومەتەوەوچەند شتێکی کەمیشم بۆ زیادکردووە کە پێویست بوون.

ئەم بەرهەمەو ئەوانی تریش شەونخوونی وهەوڵی زۆری ویستووە بەدرێژایی چل و پێنج ساڵ، تەنانەت لەهەقی نەفسی خۆم و ماڵ ومناڵیشم خواردووە، لەخوادەپاڕێمەوە کەلێمان وەرگرێ و سوودێکی زۆر بگەیەنێت بە بڕواداران.

# دیمەنەکانی

# قورئان

**بەرگی یەکەم**

## پێشـەکی

سوپاسوستایش بۆ پەروەردگارو درورودو سەلامیش لـەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یارو یاوەران..

قورئان ئەو پەڕاوە پیرۆزەیە کەخوا ناردوویەتی و داوامان لێدەکات کە لـێی وردبینەوەو بەباشی لـێی حالّی ببین تاوەکو پەندی لێوەرگرین، هەروەك دەفەرموێت: { كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ }ص:٢٩

یان دەفەرموێ: ئەوە بۆ لـە قورئان حالّی نابن، مەگەر دلّتان قفلّ دراوە { أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا }محمد٢٤

ئەگەر قورئان دابەزایەتە سەر کێوێك ئەوا دەتبینی خاشیعەو لـەترسی خوا شەقار شەقار دەبوو: { لَوْ أَنزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعاً مُّتَصَدِّعاً مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ } الحشر٢١

باشە کێوێك ئاوای لـیبێت ئەی دلّی من و تۆ بۆ داناچلـّەکێ؟

{ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ }الأنفال٢

وەلاّمەکە ئاشکرایە،ئەویش ئەوەیە ئێمە لـە قورئان وەك پێویست تێنەگەیشتوین.

سەیرکردنی قورئان عیبادەتە و، خوێندنەوەی یەك پیتی دە پاداشتمان بۆ دەنووسرێ، چاکترین کەسیش ئەوەیە کە فێری قورئان بێ و خەلّکی فێربکات (خيركم من تعلم القرآن وعلمه )بوخاری،

ئەهلی قورئان ئەهلی تایبەتی خوان ( أهل القرآن هم أهل الله وخاصته ) صحيح الجامع/الالباني.

ئەبو حامیدی غەزالی دەلّێت: گەورەترین موسیبەت ئەوەیە قورئان بخوێنی دلّت لای خۆت نەبێ و کارت تێنەکاو نەگریت.

دکتۆر عبدالکریم بەککار کەنووسەرێکی ئیسلامییە دەلّێت: سەدان هەزار مەدرەسەی لـەبەرکردنی قورئان هەیە،کەچی مەدرەسەمان نیە بۆ شارەزابوون و تێگەیشتنی قورئان.

قورئان سەدو هەشتا پلـە ژیان دەگۆڕێ و ئاوێنەیەکی بالاّنمایە بۆ خۆچاکردنی مرۆڤ..

لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوت کە سەدو هەشتاو پێنج کەس کە قورئانیان لە بەندیخانەدا لەبەر کردو بەهۆی ئەو لەبەرکردنەوە ئازاد کران،سەرتاپا قورئان ژیانیانی گۆڕی وبوونە ئەندامێکی بەکەڵك لە کۆمەڵگەدا.

پیاوێکی تورك کە قورئان دەخوێنرا دەگریا،وتیان بۆ دەگریت، لەکاتێکدا تۆ تێی ناگەیت؟؟

وتی: من بۆ ئەوە دەگریم کە ئەوە کەلامی خوایە؟ بەڵام لام سەیرە ئێوە کە تێی دەگەن بۆ ناگرین!

دکتۆر محمد ئیقبال فەیلەسوفی گەورەی پاکستانی دەڵێت:

ئەوەتان پێدەڵێم کە ئیمانم پێیەتی: ئەم قورئانە هەروا پەڕاوێکی ئاسایی نیە، قورئان لەوە زیاترە، ئەگەر چووە دڵەوە مرۆڤ دەگۆڕێت، کە مرۆڤیش گۆڕدرا دنیا دەگۆڕدرێت،قورئان کتێبێکی زیندووی هەتا هەتاییەو چارەنووسی مرۆڤایەتی پێوە بەندە.

ئافرەتێکی بەریتانی بەناوی عائیشە برجت هونی کە لە بەریتانیاوە بۆ خوێندن چوو بۆ کەنەداو لەزانکۆ ئیسلامی ناسی ، لەبارەی موسڵمانبوونیەوە دەڵێت: هەرچی بڵێم ناتوانم وەسفی ئەوەتان بۆبکەم کە قورئان چ کارێکی کردە سەردڵم، هەرئەوەندەی گەیشتمە سێیەم سورەتی قورئان،سوژدەم برد بۆ پەروەردگاری جیهان، کە ئەوەش یەکەم نوێژم بوو بۆ خوا.

لە قورئاندا ١٣٠ جار باسی دڵ هاتووە کە زیاتر لە ٣٦ وەسفی هەیە و گرنگی زۆری پێدراوە، جابۆیە دڵ بدەن بەقورئان تا قورئانیش دەرگای تێگەیشتنتان بۆ بکاتەوە، ئەگەر دڵت ونکردووە وەکو بێخود بۆی بگەڕێ و سۆراخێکی بکە سابەڵکو بیدۆزیتەوە. ئەگەر خوانەخواستە دڵیشت تیاچووە دوعا بکە خوا دڵێکی ترت بداتێ.

ئێستا لەسایەی خواوە وا چەند ساڵێکە لە وڵاتی سعودیە دەزگای جیهانی تێڕامانی قورئان دامەزراوە کەکۆمەڵێك زاناو شارەزای دنیا خەریکن وساڵانە چەند پەڕاوێك لەو بوارەدا دەردەکەن.

یەکێ لەو بەرێزانەی کە لەو دەزگایەدا کاردەکات مامۆستای زانکۆیە دەڵێت: باوکم لەخەستەخانە کەوتبوو، پێموت خەوت چۆنە؟؟ وتی: لەسایەی خواوە باشم، بەڵام زۆر دڵم خۆش دەبێ کە خەوم دەزڕێ! وتم: بۆ؟؟ وتی: بۆ ئەوەی قورئان بخوێنم. وتم: بۆ رۆژی چەند دەخوێنی؟؟ وتی: رۆژی حەوت جزم! ( ئەمەلەکاتێکدا باوکی تەمەنی ٧٠ ساڵ بوو وەنەخۆشیش بووا ).

## شارەزایی لە ئەدەب دا

دۆستێکم دەیووت: من لە دیوانی گۆرانەوە باشتر لە قورئان تێدەگەم!

شاعیری ناودارو خاوەن دیوانی کورد، گۆران، بەزمانێکی کوردی پاراو زۆر شارەزایانەو زۆر بەوردی وشەی کوردی بەکارهێناوەو چەندەها وێنەی لە هۆنراوەکانیدا نەخشاندووە، کەنیشانەی دەست ڕەنگینی و وەستایەتی یە لەکارەکەیدا، بۆ نموونە:

کە منالێکی دەمرێ دەگری و هیچ هۆنراوەیەکی بۆنایەت، بەڵام کە هیوای کوڕی دەمرێ لەجیاتی گریان شاکارێکی نەخشاندووە کە بۆ بێکەسی شاعیری دەخوێنێتەوە، ئەوەندە بێکەس بەلایەوە جوان دەبێ دەڵێ: دڵم نەهات پێی بڵێم خۆزگە منالێکی تریشت بمردایە تا هۆنراوەیەکی تری ئاوات بووتایە!

هۆنراوەکەش بەناوی **( لەسەرەمەرگی هیوادا)** لە ل۹۳ ی دیوانەکەیدایە کە دەڵێ:

**ڕۆڵەی تاقانەم، هیوای ژیانم**
**ئەستێرە گەشی بەری بەیانم**
**ڕۆژی نەورۆزی پرشنگ زێڕینم**
**تریفەی سپی مانگی هاوینم**
**شنەی شەماڵی کەلی بەهارم**
**لەرەی ئاونگی مێرگی ئاودارم**
**جریوەو جووکەی شادیی هێلانـەم**
**شەوبۆی پەخشانی ئەم گشت هەردانەم**
**خونچەی پشکوتوی باغی جوانیم**
**ڕۆڵەی شیرینم ئەی گیانی گیانم!**
**توخوا بەو جووتە چاوە شینانە**
**ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە!**

با بــه کلۆلی  بــه  رۆڵــەرۆیی
کەدانیشتم کز وەختی بێ تۆیی
بەیادی دووگۆم  دوو گۆمی بێ بن
که هۆگریان بوو ماسی  رۆحی من
هۆن هۆن  فرمێسکم  بڕژێته  داوێن
فرمێسکی  تاسەر جەرگ‌و دڵ تاوێن
هیوا ئەو لێوەی بەزەردەخەنه
گزنگی  رۆژی  گــولاَنی  مــنه
بۆ  زەردەخەنەی  ئێستا  تێ نازێ؟
بۆ لەژێر هەوری مەرگا ئەلەرزێ؟
هەی هاوار، هەی داد هیوای شیرینم
گیان ئەدەی، ئەمری،  ئیتر ناتبینم!
ئیتر..ئاخ  ئیتر...ناتبینم  هەرگیز
لەخەوا  نەبێ  شــەو  شــەوی  پایز
جار جار وەك بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو
دێیت‌و  ناشکێنی  تاســەو  ئــارەزوو!
سابۆم  بڕوانە  تێر بەو چاوانه
رۆڵــه  مــردنه  فرمێسك بارانه
هیوا رۆڵه ڕۆ، کۆرپەم رۆڵه ڕۆ
ئەو کوڵمه ئاڵه نەرم‌و نۆڵه ڕۆ
ئەو قژە زەردە ئەو چاوانه ڕۆ!
ئەو نەغمەی (دایه)و(بابه) جوانه ڕۆ!
تا دەممان لەگۆ ئەکەوێ وەك تۆ:
هیوای دایه ڕۆ! هیوای  بابه  ڕۆ!

هەروەها لە(گەشتەکەیدا بۆ هەورامان ) لەباسی(بەیان)دا دەڵێ:

(الله اکبر!) مەلا بانگانە

تاریكو لێڵی بەری بەیانە

مانگی بەجێ ماو لەسەفەری شەو

زەردە لەترسی قاسپە قاسپی کەو

ئەستێرەی مەغریب وەك قەترەی ئەمەل

کزکز ئەتکێتە ناو بەفری سەرکەل!

لەڕێی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ

لەشوێنی ڕاوکەر تەقەی تفەنگ دێ!

وا بەتەواوی دنیا رووناکە،

هەرسیحری رووتە سروشت ئێستاکە!

لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر:

جمو جووڵیەتی چەشنی سەودای سەر!

لەسەر جۆگەی ئاش قازو مراوی

چاوەڕێی رۆژن هەڵبێنێ چاوی

بەلام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو

نایەتە ناودێ پرشنگی هەتاو

گۆران لەبارەی (مزگەوت) لەهەمان گەشتیدا دەڵێ:

بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناوچەم

ڕووبەرەو قیبلە، پشت لەجەهەنەم!

مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ:

وەك مردوو کفنی بێ دەنگی بەکۆڵ!

سوورە چناری لقو پۆپ درێژ

سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردە نوێژ!
جارجار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز!
سەرسنگ ماچ ئەکا ریشی بە وەنەوز!
کەسێك بانگ ئەدا، ئەشڵەقێنێ گۆم،
ئیمام هەڵدەستێ، دار بەدەست، پشت کۆم!
تاتەواو ئەبێ (الله اکبر)
پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر
نوێژ بەتاڵ ئەبێ، جەماعەت بلاو
چەند پیرێك ئەبن بەخڵتەی لافاو:
سوچێك گەرم ئەکەن بەڕازی جوانی
ئاخ بەبا ئەدەن بۆ دنیای فانی!

ل١٣٢ دیوانی گۆران

## گۆرانو گەشتەکەی بۆ قەرەداغ

گۆران گەشتێك دەکات بۆ قەرەداغو زۆر شاعیرانەو لێزانانە، تۆماری ئەو دیمەنو تابلۆیانە دەکات کەدیونی و ئەمەش بۆ خۆی خزمەتێکە بە ئەدەبی کوردی و خوێنەر پاش چەندەها ساڵ بەخوێندنەوەی ئەو هۆنراوەیە هەروەك گۆران وێنەکان دێنەوە بەرچاویو تامو چێژی خۆی لێوەردەگرێت، بۆ نموونە کەدەڵێت:

عاسمانی شینو ئەستێرەکانی
پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی
گڵۆپەکانی سەرجادەو کۆڵان
زەرد هەڵگەڕابوون، کزکز ئەسوتان
دەرژا لەسەردا کزەی بەیان

ئەیلەرانەوە کولە و پەردەکان
شاری پەنجەرەو دەرگا داخستوو
وەك یەك گیاندارو بێ گیان تیانووستوو

***

رۆژ رمێك بەرزبوو، دا پەڕینە چەم
ئاوشین، مەرەزە سەوزو گوڵ بەدەم
عەکسی سەوزایی رووی پڕ لەرەی ئاو
تیا ئەشکایەوە پرشنگی هەتاو!
ڕەنگ رەنگ پەپوولە ئەفڕێ زەلاو زەل
گا کناچەی پۆڕ، گاجریوەی مەل
هەوای پڕشنەی چەمی ئەلەرزان
پێی ئەهاتە جۆش کوورەی شادیی گیان!
لەژوورمانەوە پردێکی رووخاو
سێبەری کرکی ئەکرد بۆ پەنگاو!
شارە مێروولەی ناوپەنگاوی قووڵ:
پۆل پۆل ماسی بوو ئەیکرد جمو جووڵ!
نامانە مل چەم سوار لەشوێن سوار
شڵپ و هووڕکەوتە ناو تەنکاوی بوار
ولاخ رووی ئاوی دەکرد سمکاری
ئەپڕژا بارانی دوڕو مرواری!

یان ئەوەتا بەچەندوشەیەك وێنەی دار ئەرخەوانەکانی سەرقەبرەکانمان بۆ دەگرێ که دەڵێ:

لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان
وەك بووکی تارا سەوزی ئاودامان

## روو لەعـەرشی پاك ئەلەرایـەوە
## بـۆ گیانی مـردوو ئـە پـاڕایـەوە

بەڵێ هەر هۆنراوەیەکی گۆران دەگریت زۆر جوان بەوشەی کوردی ڕەسەن تابلۆی هەمەڕەنگت بۆ دەنەخشێنێ، لەو هۆنراوانەی پێشەوە وردبەرەوە کەچۆن دوو چاوی شینی هیوا لێکدەچوێنێ بە دوو گۆمی بێ بن، ماسی رۆحی گۆرانیش مەلە دەکات تیایاندا.

سەیری دیمەنی کش وماتی شار بکە کە گیاندارو بێگیان وەك یەك نووستوون.سەیری قازو مراوی دێ بکە چاوەڕێی رۆژن هەڵبێنێ چاوی، بەڵام تاخولّقی نەکا چێشتهەنگاو نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو، هەروەها سەیرکە چۆن دار ئەرخەوانەکان زیندوون و روو لە عەرشی خوا بۆ مردووان دەپاڕێنەوە.

ئێمە وەك کوردێك ئەگەر لە وێنەکانی گۆران و شاعیرەکانی تر تێنەگەین کە بە وشە نەخشاندوویانن بەکوردی لە کوێ لە وێنەکانی قورئان تێدەگەین کە بەزمانی عەرەبین؟

جا مەبەستی دۆستەکەم ئەوەیە کە مرۆڤ چەند شارەزابێ لەئەدەبدا و بەتایبەت ئەدەبی زمانەکەی خۆمان ئەوە زیاتر لەکەسێکی تری دوور لەوبوارە دەرگای بۆ والآ دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبی بەرزی قورئان و فەرموودە.

سەید قوتب بەرەحمەت بێت پاش زیاتر لە چل ساڵ ئەزموونی نووسین و شارەزایی لە بواری ئەدەبدا،کە بۆ خۆی قوتابخانەیەکی ئەدەبی بوو، ئنجا توانی چێژ لە قورئان وەرگرێت و دەڵێت: ناتوانم وەکو پێویست ئەوەی لە ناخمدایە دەری برم و بینووسم لەتەفسیری ئایەتەکاندا. بەمەرجێك ئەوەی لەبارەی قورئانەوە نووسیویەتی شاکارێکە کە تا ئێستا کەس نەیتوانیوە شان بدا لەشانی.

مامۆستایەکی بەڕێزی خۆمان لەبەغدا لەهەشتاکاندا ئەچێ بۆ لای نووسەرێکی بەناوبانگی چەپڕەو،دەبینێ (فی ظلال القرآن ) ی بەدەستەوەیە، بەسەرسامیەوە پێی دەڵێت: فلأن تۆو ( فی ظلال ) کوجا مەرحەبا؟؟ ئەویش دەڵێ: وازبێنە مامۆستا جارێکی تر ژنە عەرەبێك منالێکی وەکو سەید ناکەوێتە کۆشیەوە..

من بۆ خۆم بۆ هەژارەکەی لەمەڕ خۆشمان وادەڵێم: جارێکی تر ژنە کوردێك منالێکی وەك هەژار ناکەوێتە کۆشیەوە، باش بوو لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا تەفسیرێکی قورئانی نووسی، پشت بەخوا عاقیبەت خێرە.

سەید بەڕەحمەت بێت یەکەم کەسە باسی وێنەی هونەری قورئانی کردبێ لە پەڕاوی (التصویر الفنی فی القرآن)کەمن بۆ ئەم نووسینە سوودم لێبینیوە، هەروەها سوودم لە پەڕاوی (من روائع القرآن ) ی دکتۆر محمد سعید رمضان البوطی وەرگرتووە، بۆ تەفسیرەکەشی سوودم لەهەژار بینی خوا هەموویان بخاتە بەر سایەی ڕەحمەتی خۆی و، هیدایەتی ئەو داماوانەش بدات کە بەناوی بەرگری لەدینەوە دژایەتی سەیدو مەدرەسەی برایان دەکەن.

***

دیارە شیعر هەرچەند ناوازەو جوانیش بێ زادەی بیری مرۆڤەو بەهیچ جۆرێك بەراوورد ناکرێت لەگەڵ قورئاندا کە خوا لەبارەیەوە دەفەرموێ: { لكن الله يشهد بما أنزل اليك، أنزله بعلمه، والملائكة يشهدون، وكفى بالله شهيداً} النساء/١٦٦

واتە: ئەگەر ئەو خەڵکە باوەڕت پێناکەن، خوا خۆی شایەتە لەسەر ئەوەی کەڕەوانەی کردووە بۆت، دڵنیابە کەلەسەر بنچینەی زانستی خۆی ڕەوانەی کردووە، فریشتەکانیش شایەتی دەدەن لەسەر ئەوە هەرچەندە خوا خۆی بەسە بۆ ئەو شایەتیە .

لە شێوازە گرنگەکانی قورئانی پیرۆز لە دەربڕیندا:

١- وێناندنی حاڵەتێك بە وشە،وەك حاڵەتی نەفسی،مانای زیهنی، دیمەنی سروشت، نموونەو جۆری بەشەر، سروشتی ئادەمی،سزای دۆزەخ، پاداشتی بەهەشت...هتد، ئەم وێنانە کاری خۆیان دەکەن لەسەر خەیاڵ و، هەست و هۆشی مرۆڤ دەهەژێنن.

٢-گۆڕینی وێنەکە بۆ دیمەنێکی زیندووی جوڵاو.

٣-گەورەکردن وبەرجەستەکردنی دیمەنەکە لەکاتی پێویست دا.

وەك لەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت:

١-{ قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْباً وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيّاً } مريم٤

زەکەریا وتی: ئەی پەروەرندەی من ئێسکم لاوازبووەو سەرم لەبەردەردی پیری تروووسکەی دێت.لێرەدا ئایەتەکە بە چەند وشەیەك وێنەی گڕگرتن وداگیرسانی سەری دەکێشێ کەلەبەرپیری بووە بەکلوی بەفری سپی.

٢-{ إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاء وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ }الأعراف٤٠

ئەوانەی وا نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ داناو بەفیزەوە لەوانە روویان وەرگێرا، دەروازەکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە و ناچنە بەهەشتەوە هەتا وشتر بەکونی دەرزیدا نەچێ! ئێمە ئاوا سزای تاوانباران دەدەین، راخەرەکەیان ئاگرەو هەرهاڵاویش داپۆشیون، ئەوانەی ناهەقی دەکەن ئاوایان جەزرەبە دەدەین.

ئەم ئایەتە وێنەیەك دەخاتە بەرچاوی مرۆڤ کە بەخەیاڵ بیری لێبکاتەوەو لێی رامێنێت، ئەویش هەوڵی زۆری حوشترێکە بۆ چوون بەکونی دەرزیەکدا، دەی کە ئەمە مەحاڵە چوونە ناوبەهەشتی کافرانیش وەك ئەوە مەحاڵە.

٣- { وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءنَا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلَائِكَةُ أَوْ نَرَى رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوّاً كَبِيراً، يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلَائِكَةَ لَا بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْراً مَّحْجُوراً،وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاء مَّنثُوراً } الفرقان٢٣

ئەوانەی کە بەهیوانین بەدیداری ئێمە بگەن، گوتیان: بۆچی فریشتەمان نەهاتە لا؟ یان پەروەرندەی خۆمان نەدی؟ ئەوانە لە ناو نەفسیاندا خۆیان بەزل دەزانن و سەربزێوی وفیزێکیان لێ پەیدابووە کە ئەوسەری دیارنەبێ، ئەو رۆژەی ئەوان فریشتە بەچاوی خۆیان دەبینن، هیچ مژدەیەك نییە بۆ تاوانباران ، پێیان دەڵێن:مژدە لە ئێوە حەرامە،هەرکارێکی کردوویانە رایدەنێین و هەروەکو تۆزی بابردووی پێدەکەین.

لێرەدا وێنەی کاروکردەوەی کافران دەبینین کە دڵیان پێی خۆشەو بەتەمان لەو رۆژە سەختەدا فریایان بکەوێ، کەچی هەروەك تۆزی دەم رەشەبا دەڕوات و رەنج بەخەساردەبن.

٤-{ مَّثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ لاَّ يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَى شَيْءٍ ذَلِكَ هُوَ الضَّلاَلُ الْبَعِيدُ }إبراهيم١٨

ئەوکەسانەی لەپەروەرێنەکەی خۆیان حاشادەکەن، کردەوەیان وەك ئەو خۆڵەمێشەیە کە لەرۆژی رەشەبادا بای لێهەڵکا. لەوەشی بەدەستیان هێناوەو کردوویانە ناتوانن بەهرەمەند بن، ئەمەیە لەڕێ لادانێ کەزۆر لە رێ وەلا کەوتوون.

ئەمەش وێنەیەکە بەخەیاڵ دەبینرێت، کاروکردەوەی کافران بێ سوودە و نابنە خاوەنی تۆزقاڵێکیشی، بۆچی؟ چونکە وەك خۆڵەمێشەو رەشەبای زۆر بەهێز هەرتۆزقاڵەی بردووە بەلایەکدا.

٥-{ قُلْ أَنَدْعُو مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُنَا وَلاَ يَ ضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَى أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَانَا اللّهُ كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى ائْتِنَا قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَىَ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ }الأنعام٧١

بیژە: ئاخۆ گەرەکتانە لەخوا بەدەر هاوار بۆ شتانێك بەرین نە زەرەرێکمان لێدەدەن،نەبەهرەیان بۆمان هەیەو لەپاش ئەوەی شارەزای راستەرێگە بووین، سەرلەنوێ پاشگەزبینەوە؟ هەروەك ئەوەمان بەسەردێ کەشەیتان خەلەتاندوویەو لەزەویدا سەرگەردانە. هەندێك هاوەڵی وای هەیە کە پێی ئێژن: وەرە لامان لەرێگەت شارەزادەکەین.بیژە:رێی راست هەر رێگەی رووبەخودایەو فەرمانمان پێدراوە خۆمان بدەینە پەروەردگاری جیهان.

سەیرکە چۆن وێنەی سەرگەردانی ورارِاییەکەیت بۆ دەکێشێ، شەیتان بەلایەکدا رایدەکێشێ و هاوەلاٌنیشی بەلایەکی تردا و تیاماوە نازانێ رووبکاتە کوێ!

٦-{ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ }الحج١١

لەخەلکیدا هی وا هەیە، دوودلە لە خواپەرستیەکەی ودانەمەزراوە وەك ئەوکەسەی کەلەسەر تاشەبەردێکی مۆلەقی سەرشاخێك خواپەرستی بکات و هاکا بکەوێتە خوارەوەو هەپروون بەهەپرون بێت. ئەگەر چاکەیەکی تووش هات لەخوا دلنیایەو ئەگەر بەلاٌشی بەسەرهات لەدین وەردەگەرێت، دنیاو قیامەتیشی چوو، دووسەرە زەرەر ئەمەیە.

{ يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُ وَمَا لَا يَنفَعُهُ ذَلِكَ هُوَ الضَّلَالُ الْبَعِيدُ،يَدْعُو لَمَنْ ضَرُّهُ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِ لَبِئْسَ الْمَوْلَى وَلَبِئْسَ الْعَشِيرُ }الحج١٣-

لەغەیری خوا، هانا بۆ شتی وادەبا، کە نەزیانی لێدەدا نەقازانجیشی پێدەدا،ئەوەیە گومرایی دوور رۆشتوو، هانا بۆکەسی وادەبا، زیانەکەی لە قازانجی نزیکترە، ئای چ یارێکی بەدکارەو چ هاودەمێکی نالەبارە.

{ إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ } الحج١٤

ئەوانەی خاوەن باوەڕو ئاكار چاكن، خوا دەیانباتە باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕوا، دیارە خوا هەرچۆنێكی بوێ دەیكا.

{ مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ ثُمَّ لِيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ }الحج١٥

كێ پێی وایە كە خوا لەدنیاو قیامەت دەهانای پێغەمبەر نایە، با بە پەتێك خۆی هەڵواسێ تا دەخنكێ، دەبا بزانێ بەم فێڵە ئۆخەی دڵی دێ؟؟ سەیری ئەم وێنەیە بكە چەند جوانە، كێ بڕواناكا كە لە دنیاو قیامەتدا خوا پێغەمبەرەكەی سەرخا بابچێ خۆی هەڵواسێ!!

٧-{ وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ }آل عمران١٠٣

هەمووڵاتان دەس دەرشتەی خوا وەرێن و بڵاوەمەبن! بیر لەو چاكە بكەنەوە كەخودا دەربارەی كردن: كە ئێوە دژ بەیەك بوون، بەدڵ كردوونی بە هۆگر، لەسایەی چاكەی ئەمەوە ئێستا لێكتر بوونە براو، لەسەر لێواری ئاگربوون، هەر ئەو بوو ڕزگاری كردن، خوا ئاوا نیشانانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەكاتەوە، بەڵكو ڕێگا بدۆزنەوە.

بەخەیاڵ ئەم وێنەیە بێنە بەرچاو كەوا لە لێواری چاڵێكی ئاگردان و خەریكە پێیان دەخلیسكێتە ناوی و ترس و دڵەڕاوكێ لەسەر دەموچاویان دیارە، ئالێرەدا میهرەبانی خوا فریایان دەكەوێ، نەك هەر لە ئاگرەكەو تیاچوون ڕزگاریان دەكات، بەڵكو دەشیانباتە ناو بەهەشتی هەتاهەتاییەوە.

٨-{ أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى تَقْوَى مِنَ اللّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىَ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ }التوبة١٠٩

ئاخۆ كەسێ كە بنچینەی مزگەوتەكەی لەسەر خواپەرستی و ڕەزای خوا دارشتبێ هێژاترە، یان ئەو كەسەی كە بناغەی مزگەوتەكەی لەسەر لێواری كەندالێ فشەڵەو ڕووخەك داناوەو لەگەڵ ئەودا دەكەوێتە ناو ئاگری دۆزەخ، خوا دەستەی ستەمكاران شارەزای ڕاستە ڕێ ناكا.

ئەم وێنەیە بەخەیاڵ بێنە بەرچاو، ئەمانە مزگەوتی (ضرار)یان بۆ نیفاق و سیخوڕی دروستکردووەو بنچینەکەی وا لـەسەر لێواری کەنداڵی فشەڵە و لـە جووڵەیەکی کەمداو لـە چەند چرکەیەکدا خۆیان و بیناکەیان هەرسیان هێناو رووخان!! بەڵام رووخانە کوێوە؟ رووخانە ناو دۆزەخەوە!

{ لاَ يَزَالُ بُنْيَانُهُمُ الَّذِي بَنَوْاْ رِيبَةً فِي قُلُوبِهِمْ إِلاَّ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ }التوبة١١٠- ئەو خانووەی سازیان داوە، هەر مایەی دڵخورتیانە،جا مەگەر ئەو دڵانەیان کوت کوت بێ،خوداش زانای لـەکارزانە.

٩- { فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ } البقرة ٣٦

شەیتان خەڵەتاندنی وهەڵیخلیسکاندن ولـەبەهەشت دەرییەڕاندن، ئێمەش پێمانووتن:دابەزنە خوار بۆ سەرزەوی هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن و تا ماوەیەکی دیاریکراو زەوی ئارامگاو شوێنی ژیانتان دەبێ.ئێستا بەخەیاڵ ئەو وێنەیە بێنە بەرچاوت کەشەیتان بە فێڵ و سوێندی درۆ زەفەری پێبردن و لـەبەری ئەو دارە یاساغەی دەرخواردان و وەك پاڵ بە قاچیانەوە بنێ یان پاشقولیان لـێبگرێ تا خلیسکان و کەوتن، کەوتنێك کە تا سەرزەوی نەگیرسانەوە.

١٠- { فَمَا لَهُمْ عَنِ التَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ،كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ،فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ }المدثر٥١

چیان بوو لـە وەبیرهێنەوە رەوینەوە؟ دەتووت گوێدرێژی کێوی رەقۆکن و لـەترسی شێر هەڵاتوون.

ئێستا ئەمە وێنەیەکە بە چەند وشەیەك کێشراوە بیهێنە بەر چاوت، ئەمانە لـەهەق و راستی رائەکەن ئەڵێی کەری وەحشین و شێر هەڵمەتی بۆ هێناون، وێنەکە جۆرێك گاڵتە پێکردنیشی تیایە، ئەمە لـەکوێ و ئەوە لـە کوێ تەنها بیفەرموایە پشتیان کردۆتە هەق، یا لـەهەق رادەکەن؟؟

١١- { إِذَا أُلْقُوا فِيهَا سَمِعُوا لَهَا شَهِيقاً وَهِيَ تَفُورُ،تَكَادُ تَمَيَّزُ مِنَ الْغَيْظِ كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ }الملك٨

بۆ ئەوانەی کە بڕوایان بە پەروەردەیان نییە، جەزرەبەی جەهەننەم هەیە، ئای چ ئەنجامێ خراپە! گەر دەیانهاوێنە ناوی، نیڵە نیڵی جەهەننەمیان گوێ لـێدەبێ وهەر هەڵدەچێ.وەختە لـەداخا شەق

بەرێ، هەر تاقمێکی تێ فڕێ درێ، دەرگاوانەکانی دۆزەخ لێیان دەپرسن:ئاخۆ ئێوە ترسێنەرتان نەهاتە لا لەم ڕۆژەتان بترسێنی؟؟

ئێستا وێنەی دۆزەخ بخە بەرچاوت کە زیندووەو داخ لەدڵە تا دوا پلە، خەریکە لەداخا بتەقێ، گوێیان لە نێڵە نێڵ و هەڵچونیەتی، چۆن هەڵچونێ؟ مەگەر هەرخوا خۆی بیزانێ!

١٢-{ وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ، وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ }التكوير١٨
سوێندبێ بەشەو کەتاریکدادێ، بە سپێدەش کاتێ هەناسەی پیادادێ. لێرەدا سپێدە وەك زیندوویەك هەناسەدەدات و قورئان گیان دەکات بەبەریدا.

١٣-{ وَالْفَجْرِ، وَلَيَالٍ عَشْرٍ،وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ،وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ }
الفجر٥سوێندەکە بە بەری بەیان، لەشەوانیشدا بە دەیان، بەجووت، بە تاك،بەو شەوگارە کە ڕادەبرێ، ئاخۆ سوێندی وەها خواردن بەس نییە بۆ ئەوانەی خاوەن عەقڵن؟؟ لێرەدا شەو زیندووەو لە شەودا دەگەڕێ.

١٤-{ إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثاً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ } الأعراف٥٤
بە ڕاستی پەروەرندەتان خوایە کە ئاسمانەکان و زەمینی لە شەش ڕۆژدا دروستکرد، ئەوجا کەلەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا،ڕۆژی بەشەوی دەپۆشێ و شەو بەدوای ڕۆژا وێڵە بیگاتێ، خۆرو مانگ و ئەستێرانی بەدیهێناو لە ژێر فەرمانی ئەودان. بەدیهێنان و فەرماندان هەر بۆ ئەوە، پیرۆزو گەورەیە پەروەردگاری هەموو جیهان.

{ لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ }
یس٤٠- نەخۆر بۆی هەیە بگا بەمانگ و نەشەویش دەگا بەرۆژ،هەرکامیان بۆ خۆی لە خولگەی تایبەتیاندا مەلە دەکەن.

١٥-{ ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ اِئْتِيَا طَوْعاً أَوْ كَرْهاً قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ } فصلت١١

ئەوسا رووی نا لە ئاسمان کە دوکەڵ بوو،بەوان و بە زەمینی گوت: خۆش یاناخۆش دەبێ بێنە بەرفەرمانم، وتیان: وا بەخۆشی هاتین. لێرەدا زەوی و ئاسمان وەك دوو گیاندار قسەیان لەگەڵ دەکرێ و وەڵام ئەدەنەوە.

١٦- قورئـان لـە وێنەکانیـدا وشـەیەك هەڵدەبـژێرێ کـە بگـونجێ لەگـەڵ ئایەتـەکانی پـێش خـۆی، بۆنموونـە لێـرەدا وشـەی (خشوع)ملکەچی بـەکاردێنێ چـونکە لەپێشـتر باسـی سـوجدەکات، ئەمـەش دیـارە بـۆ ئێـرە دەگونجێـت: { وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ،فَإِنِ اسْتَكْبَرُوا فَالَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْأَمُونَ،
وَمِنْ آيَاتِهِ أَنَّكَ تَرَى الْأَرْضَ خَاشِعَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ إِنَّ الَّذِي أَحْيَاهَا لَمُحْيِي الْمَوْتَى إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ } فصلت٣٩

کەچی ئەوەتە کـەباس باسـی زیندووکردنەوەیـە (هامـدە )بـەکاردێنی کـە بـۆ ئێـرە گونجـاو تـرە { يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلاً ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئاً.وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ }الحج٥

زەمین دەبینی بێ هەست و خوستە، هەرگا بارانمان لێ باراند بەخۆدا دێ، گەشە دەکا، هەموو جووتێکی دیمەن جوانی رووەك لەخۆیدا دەروێنێ. لێرەدا زەوی مات و خامۆشە، وا لەنێوان ژیان و مردندا،کەباران دەبارێ دەژیەتەوەو جووڵە دەکەوێتە گەردیلەکانی گلّەکەوەو دەئاوسێن بە ئاوی بارانەکە وئنجا رووەکی جوانی تیا سەوز دەبێت.

١٧-دۆزەخ هەر دەڵێی زیندووە، قسەدەکاو، دەبینێ و، بانگی کافران دەکا{ يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ }ق٣٠

رۆژی بەجەهەننەم دەبێژین: پڕبوویت؟ دەڵێ:هی تریش هەیە؟

{ إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظاً وَزَفِيراً }الفرقان١٢

کە دۆزەخ لەشوێنێکی دوورەوە دەیانبینێ،لرفەو نێڵەی کڵی ئاگریان دێتە گوێ.

{ وَلَا يَسْأَلُ حَمِيمٌ حَمِيماً،يُبَصَّرُونَهُمْ يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ،وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ، وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ، وَمَن فِي الْأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ يُنجِيهِ، كَلَّا إِنَّهَا لَظَى،نَزَّاعَةً لِّلشَّوَى تَدْعُو مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّى }المعارج١٧

ئاوڵ لە ئاوڵ ناپرسیێ،لەبەریەکتریان رادەنێن، تاوانبار حەز دەکا بۆ رزگاری لە ئازاری ئەوی رۆژێ لەباتی خۆی،کوڕەکانی، هاوسەریشی، براکەشی، ئەو بەشە لە هۆزەکەشی کە دەپەنای خۆ دەگرن، هەرچیش لەسەرزەوی هەیە، گشتی بداو رزگاری بێ، هەرگیزنابێ، ئەمە بلێسەی ئاگرە، پێستی سەرو ئازای ئەنامی دادەڕنێ، بانگێشتی کەسێ دەکا کە پشتی تێکاو لەهەق و ڕاستی ڕاکا.

١٨-{وَلِلّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعاً وَكَرْهاً وَظِلالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ } الرعد١٥

هەرچی هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا خوانەخوابی خۆیان و سێبەرەکانیان هەموو بەیانی وئێواران،گشتیان سوژدە بۆ خوادەبەن.

١٩-{ أَوَ لَمْ يَرَوْاْ إِلَى مَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلاَلُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالْشَّمَآئِلِ سُجَّداً لِلّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ } النحل٤٨

ئاخۆ نەیاندیوە،کەهەرچی خوا دروستی کردووە، سێبەریان بەڕاست و چەپا بەملکەچی سوژدە دەبەن بۆ خوا؟ لێرەدا درووستکراوانی خوا زیندوون وخۆیان و سێبەرەکانیشیان بەلای راست و چەپا لە سوژدە بردندان بۆ خوا.

٢٠-{ أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاء لَجَعَلَهُ سَاكِناً ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلاً، ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضاً يَسِيراً } الفرقان٤٦

بۆ نەتدیوە پەروەرندەت درێژە بەسێبەردەدا؟ ئەگەر خۆی حەزی کردبا، وای دەکرد لەجێ نەبزوێ، خۆریشمان بۆی کردە بەڵگە، لەئاکامدا کەمە کەمە بەرەو لای خۆمان دەیبەینەوە.

( لەم ئایەتەو ئەوەی پێشتردا سێبەر وەك كائینێكی زیندوو، دەكشێ و دەگەڕێتەوە وبەلای راست و چەپدا دەكەوێ و سوژدە دەبات، ئاوا قورئان سەرنجمان رادەكێشێ بۆ جوانی جوولەی سێبەر، كە بۆ خۆی نیعمەتێكە لەكاتی هەتاوو گەرمیدا مرۆڤ لە سایەیدا دەحەسێتەوە ).

٢١ـ{ لَّا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ }الواقعة٤٤
ئەوانەش كەدەستەی چەپن، تووشی چ نەگبەتیەك هاتوون؟وان لەناوەند گڕەباو ئاوی كولاّودا، چڕەدووكەڵ سێبەریانە، نەفێنكایی تیایەو نەكەریمە لەگەڵیانا.لێرەدا دۆزەخ وەك زیندوویەك بە كەرەمەوە پێشوازیان لێناكات.

٢٢ـ{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّباً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ } البقرة١٦٨
ئەی خەڵكینە: لەو بەروبووی سەرزەمینە، كامی ڕەواو پاكە بخۆن، بەشوێن شەیتانیشا مەڕۆن، كەئەو بۆتان دوژمنێكی ئاشكرایە.لێرەدا بەخەیاڵ دەتوانی ئەو كەسانە ببینی كە شەیتان لە پێشیانەوە دەڕواو ئەوانیش پێ بە پێی ئەو دەڕۆن و شوێن پێی ئەو هەڵدەگرن.
٢٣ـ{وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ } الأعراف ١٧٥ـ١٧٦
دەنگوباسی ئەوكەسەشیان بۆ وەخوێنە، كەنیشانەكانی خۆمان پێبەخشیبوو، خۆی لێبواردن، ئەوسا شەیتان وەدووی كەوت و كەوتە ناو ریزی گومڕایان. لێرەشدا وێنەی ئەو كەسە دەبینین كە ئایەتەكانی خوا وەك بەرگێك لەبەری خۆی دابماڵێ و سەرەنجام شەیتان وەدووی بكەوێ و سەرگەردان بێت.
{ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَـكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ }
ئێمە گەر بمانویستایە لەمانەڕا پایەبەرزیمان دەدایە، بەلاّم ئەو خۆی بەزەویەوە چەسپاندو پەیڕەوی ئارەزووی خۆی بوو، نەزیلەی (نموونەی)ئەو وەكوو نەزیلەی سەگێكە بۆی بچی زمان دەردێنێ و

لێشی گەڕێی زمان دەکێشێ، ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی ئەوانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆدانا، لەو تەرزە باسانەیان بۆ وەگێڕە، بەڵکو بیربکەنەوە.

٢٤-{ وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً} الإسراء٣٦

مەکەوە شوێن شتێکی وا کەنازانی بەرەو کوێت دەبا، بەراستی گوێچکەو چاوو دڵ بەرپرسیارێتیان وا تێدا.لێرەدا وشەی ( تقف) ئەو وێنەیەمان پیشان ئەدات کەسێك پێبەپێی کەسێکی تر دەڕواو ناشزانێ بۆ کوێ دەچێ.

٢٥-{ حُنَفَاء لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاء فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ } الحج٣١

بەدڵی پاك بۆ خودابن، هاوەڵی بۆ بڕیارمەدەن،هەرکەسێ هاوەڵی بۆ دانێ، وەك ئەوەیە لە حەواوە هەڵدێراوەو باڵندەیەکی گەورە پڕی پیاکاو بیرفێنێ وهەلا هەلای کا، یا ڕەشەبایەکی بەهێز خۆشی نەزانێ بۆ کوێی ببا.

لێرەدا چەند جوان وێنەی هاوەڵ بۆ خوا قەراردان دەکێشێ، کە مەشهەدێکی حەرەکی یە، سەیرکە بزانە ئەو نەگبەتە چی بەسەردێت، لە بەرزایی ئاسمانەوە کەوتۆتە خوارەوە، خۆ هەر بەوە دەمرێ، ناکەوێتە سەر زەوی باڵندەیەکی گەورە پڕی پیادەکاو دەیباو هەلاهەلای دەکا، یان ڕەشەبا لەشوێنێکی دوور فڕێی دەدا.

٢٦-{ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاء حَتَّى إِذَا جَاءهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئاً وَوَجَدَ اللَّهَ عِندَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ }النور٣٩

ئەوانەی خودا نەناس بوون، کردەوەیان وەك ئەو تراویلکە وایە کەلە بیاباندایە، تینوو وادەزانێ ئاوە،کەدەیگاتێ، ئەوسا دەزانێ هیچ نییە و خەڵەتاوە، بەڵام خودا لەنزیکی خۆی دەبینێ و حسابی خۆی دەنێتە مستی، خوا زوو بەحیساب رادەگا.

{ أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُوراً فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ }النور٤٠

یان وەك لەتاریكستانێ، لەزەریایەكی بێ پەیدا، شەپۆل لەسەر شەپۆل داپۆشن و لەلای ژووررووشی هەوریێ، تاریكایی بارە لەسەر تاریكایی وهەرگا دەستی خۆی دەربخا، لەوانەیە هەرنەیبینێ، هەركەسێكی خوا رووناكی نیشان نەدا، هیچ رووناكییەك شك نابا.

٢٧-{ مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَاراً بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ }الجمعة٥

سەرگوروشتەی ئەو كەسانەی تەوراتیان پێ هەلگرتوون و لەبەردەرچوون، وەكو نەقلێ ئەو كەرەیە كەچەند كتێبی لێ بارە، سەرگوزەشتێ نالەبارە بۆئەوانەی لە ئایەتەكانی خوا حاشایان كرد، خواش رێمووبی ستەمكاران ناكا.وێنەیەكی چەند جوانە بۆ حالێ ئەوانە كەوەك جوولەكەن و سوودیان لە پەیامی خوا وەرنەگرتووە.

٢٨-{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْداً لاَّ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ }البقرة٢٦٤

ئەی گەلی خاوەن باوەڕان: خێرەكانتان بەمنەت كردن و ئازاردان بەتاڵ مەكەنەوە، نەچن وەك ئەو كەسانە بن كە باوەڕیان بەخواو رۆژی سەلا نیە و بۆ روویینی لە مالێ خۆیان دەبەخشن.ئەم كارەیان لەوە دەكا كە تاتە بەردێكی زۆرلووس هەندێ خۆلێ لەسەر بارەو بارانی توندی وێ كەوێ و بیشواتەوە و هەر تاتێكی رووت وەمێنێ،هیچ بەهرەیان لەو بەخشینە دەستگیرنابێ،خودا گرۆی خوانەناسان لەرێ شارەزانا كا.

٢٩- { وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَتَثْبِيتاً مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ }البقرة ٢٦٥

ئەوکەسانەش کە ماڵیان دەبەخشن بۆ ڕەزامەندی خواو دڵیان بەبڕوا پتەوە، خێرەکەیان وەك باغێکە لەسەرگردێك و بارانی پەڵەی لێبدا و بەرووبووی دوو ئەوەندە بێ، ئەگەر پەڵەشی لێنەدا، نمە باران تێراوی کا.هەرکارێ کە ئێوە دەیکەن خوا دەیبینێ.

لەم وێنەیەی دووەمدا لە جیاتی توێژاڵێك گڵ بەسەر تاشە بەردێکەوە، باخێکی بە پیتە لەسەر بەرزاییەك،ئەگەر لەوێ بەبارانێکی زۆر خۆڵەکە لادەچێ و بەردە ڕەقەکە دەمێنێتەوەو هیچ شین ناکات، لێرە بەو بارانە دووقات بەرهەم ئەدات، ئابەو جۆرە مەسەلی ڕووپامایی و بەخشینی نابەدڵ وێنا دەکات و دیمەنێکی هێندە جوانەو تابلۆیەکی هێندە نەخشینە کەهەرچەند لێی وردبیتەوە کەمە.

٣٠- { مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هِذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللّهُ وَلَكِنْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ }آل عمران١١٧

هەرچی ئەوان بە ڕووبینی لە ماڵی خۆیان دەبەخشن، هەروەکو ئەو شەختە(سارد وسەرمای زۆر) وایە کە بۆ کێڵگەی ئەو کەسانەی ناهەقی لە خۆیان دەکەن، وەیشوومەیە. خوا ناهەقی لێنەکردوون، بەڵام ئەوان ناهەقی لە خۆیان دەکەن.بەم جۆرە و بەم وێنەیە خراپی ڕووپامایی دەخاتەڕوو، تازیاتر کاریگەری لەسەر دڵ ودەروون هەبێت.

٣١- { أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاء فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَاحْتَرَقَتْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ }البقرة٢٦٦

کێ لە ئێوە حەزدەکا ببێتە خاوەنی باغێك،لە گشت جۆرە خورماو ڕەزێك،ڕووباری بەناودا بڕواو هەمووشیان هاتبنە بەرو پیریش بڕستی بڕیبێ و زارۆی سەرووپێچکەی هەبن،لەناخافڵ گڕەبایەکی لێهەڵکاو بیسوتێنێ؟ خودا ئاوا نیشانەکانی نیشانی ئێوە دەدا، شایەت بیری لێبکەنەوە. چەند جوانە لێرەدا قورئان باسی بەتاڵ بوونەوەی کاروکردەوە دەکات، بەڵام بزانە چۆنی باس کردووە، ئەوەتا دەفەرموێت: کێ حەزدەکات ئاوای بەسەربێت؟ دیارە کەس حەزی بەو ماڵ وێرانیە نییە، دەی کەواتە ئاگاتان لە کاروکردەوەتان بێت بەتاڵ نەبێتەوە.

٣٢- { لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ لاَ يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيْءٍ إِلاَّ كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاء لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ وَمَا دُعَاء الْكَافِرِينَ إِلاَّ فِي ضَلاَلٍ }الرعد١٤

نزای هەقیش هەر بۆ ئەوە و تەنها هاوار لە خوا بکەن،ئەوکەسانەی بانگی غەیری خوا دەکەن، کەسیان بەدەنگەوە نایە، وەك کەسێ وان کە هەر لە دوور دەستی بۆ ئاو رابدێرێ وحەز بکا بێتە دەمیەوەو ناشیگاتێ،نزای خودانەناسەکان پووچەو بەفیڕۆدەچێ.

ئەم دیمەنە بێنە بەرچاوت کەسێ لەسەر بیرێ یا کانیاوێ وەستابێ لێی بپارێتەوە کە ئاوەکە بێتەدەمیەوە، دیارە هەتا ماوە داوابکات بێ سوودە.

٣٣- { وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاء وَنِدَاء صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ } البقرة١٧١ نموونەی ئەو خوانەناسانە وەك نەقلێ ئەو ئاژەڵەیە کە دەنگ دەدرێ، جیا لە خوڕین و چڕینێ هیچ نابیستن. کەڕن،لاڵن، چاویان کوێرە و عەقڵیان نیەولە هیچ ناگەن.

لێرەدا دیمەنی کافرەکان وەك رانەمەڕێك یان کۆمەڵە ئاژەڵێك بێنە بەرچاوت، هەرچی هاواریشیان لێبکەیت و بانگیان بکەی هیچ حاڵی نابن، لە ئاژەڵەکانیش خراپترن، چونکە کەڕو لاڵ و کوێرن!!

٣٤- { مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاء كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتاً وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ } العنكبوت٤١

ئەوکەسانەی جگە لە خودا دۆسگەلێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە،گەربزانن وەکو جاڵجاڵۆکەیان بەرهاتووە، کەخانووی بۆ خۆی تەنیوە. دیارە خانووی جاڵجاڵۆکە لەهەموو ماڵان سس ترە.

خوا دەزانێ چین ئەوانەی غەیرەز خۆی، کە ئەوان هانایان پێ دەبەن، هەر خۆی خاوەن دەسەڵات و لەکارزانە { إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ }العنكبوت٤٢

٣٥- { إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَناً قَلِيلاً أُوْلَـئِكَ لاَ خَلاَقَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ وَلاَ يَنظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ }آل عمران٧٧

ئەوانەی پەیمانیان لـەگەڵ خواداو سوێندی خۆیان بە نرخێکی کەم دەفرۆشن،لـەو دنیا هیچ بەشیان نیەو خوداش لـەرۆژی قیامەتا نایاندوێنیٚ و سەیریان ناکاو لـە گوناھ پاکیان ناکاتەوەو بەشیان جەزرەبەی بەژانە.

دەکرا هەر بیفەرمووایە پشتگوێیان دەخەین، بەلاٚم نا تا زیاتر کاریگەر بێت مەشهەدێکی بۆ هێناوین کە وا قیامەتەو خوا لـێیان زویرەو نایاندوێنیٚ، سەیریان ناکا، لـەگوناهیشیان نابووریٚ و، سزای سەختیشیان دەدات.

٣٦- { وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَاباً مِّنَ السَّمَاءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ ، لَقَالُواْ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ }الحجر١٥- ئەگەر دەرگایەکیان لـە ئاسمان بۆ بکەینەوەوخەریکی سەرکەوتنیٚ بن، بیٚ شك ئێژن: ئێمە چاومان بەستراوەو جادوومان لـێکراوە.لـێرەدا دەیتوانی بفەرمویٚ کەلـلـە رەقن و بڕواناهێنن، کەچی ئاوا مەشهەدێکی حەرەکیمان بۆ دێنیٚ کە ئەگەر بیانبەین بۆ ئاسمانیش هەر بڕوا ناهێنن.

٣٧- { وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَاباً فِي قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ } الأنعام٧

ئەگەر ئێمە لـەسەر کاغەز نامەیەکمان بۆ تۆ ناردبایە خوارەوە و بەدەست هەڵیانگلۆفیبا، ئەوانەی خودانەناسن هەر دەیانووت: بیٚ و نەبیٚ جادوو نەبیٚ چیتر نییە.واتە: ئەمانە بڕیاریان داوە بڕوانەهێنن،هەرچیان بۆبکەی هەروەك نەتکردبیٚ وایەو بیانوویەکی لیٚ ئەدۆزنەوە.

٣٨- { هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُواْ بِهَا جَاءتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّواْ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُاْ اللّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ }يونس٢٢

هەر خۆیەتی لـەناو دەریا و لـەسەر وشکانی دەتانگێڕیٚ. هەرگا لـەناو کەشتیدان و بەبای لـەبار تەڤگەڕیانە، پێی دلـخۆشن. تا بای زۆر توند هەڵدەکاو لـەگشت لاوە شەپۆلیان بۆ دیٚ و باش دەزانن

که هەر چواردەوریان گیراوە، بەوپەڕی بڕوای پاکەوە لەخوا دەپاڕێنەوە: گەر تۆ لەمەمان ڕزگارکەی، لە سوپاس گوزاران دەبین.

{ فَلَمَّا أَنجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَى أَنفُسِكُم مَّتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَينَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ }یونس٢٣

هەرگا خودا نەجاتی دان بەناهەقی لەسەر زەوی یاخی دەبن. خەڵکینە! ئەم ناهەقییانە هەر زیانی بۆ خۆتانە و بۆ خۆشی ژیان لەدنیایە، پاشان دێنەوە لای ئێمەو ئەوسا ئاگادارتان دەکەین بەوەی کەکردوتانە.

{ إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاء أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالأَنْعَامُ حَتَّىَ إِذَا أَخَذَتِ الأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلاً أَوْ نَهَاراً فَجَعَلْنَاهَا حَصِيداً كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالأَمْسِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ } یونس٢٤

هەڵبەت ژیانی ئەو دنیایەی ئێوە کردەو کۆشەتانە بۆی کاتییەو هەروەکو ئەو ئاوە وایە کە لە حەوا دەیبارێنین و ڕووەکی جۆراوجۆری ئەم سەرزەمینەی پێ دەڕوێ.ئەو شتانەی کە مرۆڤ و ئاژەڵ دەیخۆن.تا ئەو کاتەی زەمین ڕەنگاو ڕەنگ دەبێت وخۆ جوان دەکا و خێوی زەوی لایان وایە لەدەسەلاتی واندایە. هەتا کاتێ فەرمانی ئێمەی دێتە سەر،جابەشەو یان لەڕۆژدا، ئاوا وەکوو درەوکراوی لێدەکەین، هەروەك دوێنێ هەر نەبووبێ! ئێمە ئاوا نیشانان شیدەکەینەوە بۆ وانەی بیردەکەنەوە.

{ وَاللّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلاَمِ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ } یونس٢٥

خودا بۆ ماڵی هێمنی بانگ دەکا وهەرکەسێ ئەو خۆی حەزکا، ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا.

{ لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ وَلاَ يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلاَ ذِلَّةٌ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ }یونس٢٦

بۆ ئەوانەی چاکەدەکەن، چاکەی دەکەین وزیاتریش، تۆزی ڕەش و سووکایەتی نانیشێتەسەر ڕووخساریان. ئەوانە بەهەشتییەکانن، تا هەتایە تێیادەبن.

{ وَالَّذِينَ كَسَبُواْ السَّيِّئَاتِ جَزَاء سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ مَّا لَهُم مِّنَ اللّهِ مِنْ عَاصِمٍ كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعاً مِّنَ اللَّيْلِ مُظْلِماً أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ }یونس٢٧

ئەوكەسانەش كارى خراپيان كردووە سزايان خراپەيەكى وەكو ئەوەو سووكايەتيش سەرباريانە و كەس لە خوايان ناپارێزێ، روويان ئەڵێی چەند پارچەيەك لە تاريكەشەو داپۆشيون، ئەمان يارى ئاگرن، تا هەتايە تيّيا دەبن.

٣٩- { وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ فَإِذَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا الْقِتَالُ رَأَيْتَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ فَأَوْلَى لَهُمْ }محمد٢٠

بڕواداران دەڵێن: خۆزگە سورەتێ بهاتەيە بۆ غەزاى كافران، جا كەسورەتێكى ئاشكرا هاتەخوار وفەرمانى جەنگى تيابوو، ئەبينى ئەوانەى دڵيان كرمێيە وەك كەسێ سەيرت دەكەن كەلە دواساتەكانى ژيانديايەو چاوى ئەبلەق بووە. { طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ فَإِذَا عَزَمَ الْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا اللَّهَ لَكَانَ خَيْراً لَّهُمْ }محمد٢١ باشتر بوو بۆيان كە ئامادەبن بۆ هەموو فەرمانێ، جا كە جەنگ هاتە مەيدان و بوو بەڕاست لەگەڵ خوادا راستيان بكردايە باشتر بوو بۆيان.

سەرنج بدە چەند جوان وێنەى حاڵەتەكەيانت بۆ دەكێشێ، وردبەرەوە ئەها چۆن چاويان ژێرەو ژوور بووەو ڕەنگيان پەڕيوە لەترسى جيهادو مردن.

٤٠- { وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ }البقرة١

يادى ئەوكاتە بكە كەئيبراهيم و ئيسماعيل بناغەى ماڵەكەى خوايان بلّند دەكرد، پەروەردگارمان لێمان قبوڵ بكەى تۆ هەر بۆ خۆت زۆر بيسەرو فرە زانايت.

هەروەك ئەوەى كە چاومان لێيان بێت بيناى كەعبە دەكەن و، وا گوێشمان لێيە دەپارێنەوەو داوادەكەن خوا لێيان وەرگرێ.ئەگەر بيفەرموواية ( قالوا ربنا )، ئەوا زۆرجياواز دەبوو لەگەڵ ئەمەدا كەيەكسەر دوعاكە دێنێت و دەفەرموێت: ربنا.

يان لەم مەشهەددا باسى ميوانەكانى حەزرەتى ئيبراهيم دەكات:

{ هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ، إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَاماً قَالَ سَلَامٌ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ، فَرَاغَ إِلَى أَهْلِهِ فَجَاء بِعِجْلٍ سَمِينٍ، فَقَرَّبَهُ إِلَيْهِمْ قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ،فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً

قَالُوا لَا تَخَفْ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ، فَأَقْبَلَتِ امْرَأَتُهُ فِي صَرَّةٍ فَصَكَّتْ وَجْهَهَا وَقَالَتْ عَجُوزٌ عَقِيمٌ، قَالُوا كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ إِنَّهُ هُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ }الذاريات ٣٠.

ئاخۆ باسی میوانە بەڕێزەکانی ئیبراهیمت بۆ هاتووە؟

کاتێ کەلێی وەژوورکەوتن،گوتیان:سەلام.گوتی:سەلام دەستەیەکی نەناسراون، پەنامەکی خۆی گەیاندە خێزانەکەی گوێرەکەیە چاکی هاورد، کاتێ کە لێی نزیك کردن،گوتی لەبەرچیە ناخۆن؟ ئەوسا کەترسێکی لێنیشت،گوتیان: مەترسە ومژدەی لاوێکی زاناشیان پێدا.

ژنەکەی بە هاوارەوە هات و چەمۆلەیەکی لەخۆی نا، گوتی: من پیرێژنێکی بێ سك و زا!!

گوتیان:پەروەرندەی تۆ ئاوایەی وتووە،ئەو خۆی کارزان و زانایە.

٤١- { إِنَّا بَلَوْنَاهُمْ كَمَا بَلَوْنَا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ }ئێمە ئەوانەمان ئەزموو، وەك خاوەنانی باغەکەن بەرئەزموونداا، کەسوێندیان خوارد: بەری بەیان بەری باخەکەیان هەموو دەرنن.

{ وَلَا يَسْتَثْنُونَ }ئەگەر خوا حەزکاشیان نەوت.

{ فَطَافَ عَلَيْهَا طَائِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَائِمُونَ )ئەوسا کە ئەوان خەوتبوون، لەلایەن پەروەرندەت ڕا بەلایەکی بۆداباری.

{ فَأَصْبَحَتْ كَالصَّرِيمِ }ئیتر وەکو زەمینێکی سووتاوی قاقڕی لێهات.

{ فَتَنَادَوا مُصْبِحِينَ }ئەوسا بەری بەیان هەموو بانگی یەکتریان کرد.

{ أَنِ اغْدُوا عَلَى حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَارِمِينَ}ئەگەر ئێوە میوەڕنن هەر بەیانی بگەنە سەر کێلگەکەتان.

{ فَانطَلَقُوا وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ }ڕێوەچوون و پێکەوە چپەیان دەکرد.

{ أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ }کە ئەمڕۆ نابێ چ هەژار بێتە ناو باخەکەی ئێوە.

{ وَغَدَوْا عَلَى حَرْدٍ قَادِرِينَ }بڕیاریاندا مەرجەکەیان بەجێ بێنن،واشیان دەزانی دەتوانن هەژاران بێبەشکەن.

{ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوا إِنَّا لَضَالُّونَ }وەختێ چاویان پێداگێڕا، وتیان ڕێمان لێ تێکچووە.

{ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ }نەخێر، ئێمەین بەش براوین.

{ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ }بە ئاوەزترینەکەیان وتی: ئەدی پێم نەوتن بۆ پەسنی پاکی خودا نادەن؟!

{ قَالُوا سُبْحَانَ رَبِّنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ }وتیان:ئێمە پەروەرندەی خۆمان بەدوور لـەکەمایەسی دەزانین، ئێمە ناهەقیمان کرد.

{ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَلَاوَمُونَ }ئەوسا روویان کردە یەك و سەرکۆنەی یەکتریان دەکرد.

{ قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا طَاغِينَ }وتیان: هەی مالّوێران خۆمان، ئێمە هەلّەڕۆییمان کرد.

{عَسَى رَبُّنَا أَن يُبْدِلَنَا خَيْراً مِّنْهَا إِنَّا إِلَى رَبِّنَا رَاغِبُونَ } شایەتا پەروەرندەمان لـەوە چاترمان باتیێ، ئومێدمان هەر بە پەروەرندەی خۆمانە.

{ كَذَلِكَ الْعَذَابُ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ } (القلم ١٧-٣٣)سزای دنیا ئاوایە، گەر بزانن، بێگومان ئازاری دوارۆژ دژوارترە.

ئەگەر لـەم چیرۆك وبەسەرهاتە ورد بینەوە رەوانبێژی و کورتبڕی و جوان دەربڕینی قورئان دەبینین، کەچۆن بەسەرهاتەکە دەخاتە بەرچاومان نەك هەر ئەوەندە بەلّکو وەك ئەوەیە ئێمە سەیری کورتە فلیمێك بکەین و بەدەنگ و رەنگ بیانبینین.

**٤٢- قورئان رووداوەکانی جەنگی بەدر تۆماردەکات لە سورەتی ئەنفالدا،کە هەقە لەخزمەتیا هەندێک بوەستین تا لە شێوازی قورئان تێبگەین لە تۆمارکردنی دیمەنەکاندا:**

**یەکەم- رێکخستنی جەنگەکە:**

قورئان دەفەرموێت:{ كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ}٥.زۆر لـە بڕواداران حەزیان بە جەنگەکە نەدەکرد، بەلاّم خوا جەنگەکەی رێکخست بۆ ئەوەی هەق بچەسپێنێ و ناهەق لـەناوبەرێ:

{ وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتِيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللّهُ أَن يُحِقَّ الحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ، لِيُحِقَّ الْحَقَّ وَيُبْطِلَ الْبَاطِلَ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ}٧-٨. ئەم ئایەتانە بەڕاستی زۆر ئاشكران كە هەر لەسەرەتاوە ڕێكخستنی جەنگەكە لە خواوەوە بوو و بەتەقدیری ئەو بوو.

دووەم- ئامادەكردنی نەفسی بۆ جەنگەكە:

خوای گەورە دەفەرموێت { إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ }١١. پێش جەنگەكە خەوەنۆچكەیەكیان بەسەرا هات،كە خوا ویستی دڵیانی پێ ئارام بكات،ئنجا بارانێكیشی بۆ باران تا خۆیانی پێ بشۆن و دەستنوێژی پێ بگرن و گورج بنەوە بۆ شەڕكردن،كەواتە ئامادەكردنە نەفسیەكەش هەر لە خواوە بوو..

یەكێ لە هاوەڵان باس لەو حاڵەتە دەكات و دەڵێت:كاتێك پاسەوانی موسوڵمانانم دەكرد خەو دایگرتم و سەیری هاوەڵانیشم كرد هەموو خەویان لێكەوتبوو لەگەڵ ئەوەشدا كە ترسێكی زۆر دایگرتبوون،دیارە ئەمەش لە خواوە بوو.

سێیەم- ورەی بەرزی سوپاكە:

ورەی بەرزی سوپا كاری زۆری بۆ دەكرێ و پارەی زۆری بۆ خەرج دەكرێت،خوای گەورە بۆ موسوڵمانانی فەراهەم هێنا،هەروەك دەفەرموێت:

{ إِذْ يُرِيكَهُمُ اللّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلاً وَلَوْ أَرَاكَهُمْ كَثِيراً لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَلَكِنَّ اللّهَ سَلَّمَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ، وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلاً وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِيَ اللّهُ أَمْراً كَانَ مَفْعُولاً وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأمُورُ}٤٣-٤٤.

خوای گەورە لە خەودا پیشانی خۆشەویستیدا(د.خ)كە كافران كەمن،جا كە ئەویش بۆ هاوەڵانی باسكرد دڵخۆش بوون بە خەوەكە و ورەیان بەرز بووەوە،چونكە ئەگەر لەخەوەكەدا بە زۆر بیبینیایە ئەوا موسوڵمانان شپرزە دەبوون وجیاوازیان تێدەكەوت،بەڵام خوا كە ئاگای لە دڵەكانە نەیهێشت وایان بەسەر بێت،جا كە لە ئەرزی واقعیش دا بەیەك گەیشتن هەر بەقەدەری خوا موسوڵمانان

کافرەکانیان کەسێ ئەوەندەی خۆیان بوون بەکەم دەهاتە پێش چاویان،هەروەها کافرەکانیش بەقەدەری خوا موسوڵمانان بەکەم دەهاتنە پێش چاویان، چونکە لەڕاستیدا موسڵمانان کەمبوون..

**چوارەم- دابەزینی مەلائیکەت:**

موسوڵمانان داوای یارمەتیان کرد لەخوا،خوای گەورەش مەلائیکەتی بۆ ناردن کە بەفیعلی لە جەنگەکەدا بەشداریان کرد و چەندەها کافریان کوشت،تەنانەت ئەسەری کوشتنی مەلائیکەتەکان دیار بوو بە کافرەکانەوە کە جیاواز بوو لەکوشتنی موسوڵمانان { إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِينَ } ٩.

هەروەها { إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ }١٢.

کەواتە کێ جەنگەکەی ڕێکخست بە حیکمەتی خۆی؟!کێ خاوەنی زەوی یە و چی بوێت دەیکات؟

ئیتر چۆن مرۆڤ دڵنیا نەبێت لەوەی کەسەرکەوتن لە خواوەیە؟

ئیتر چۆن بڕوادار تەنیا پشت بە خوا نەبەستێ؟!

**پێنجەم-کات و شوێنی جەنگە:**

کات و شوێنی جەنگەکەش بە ئیرادەی خوا بوو،کە ئاوا لەو شوێنەدا لە کاتێکی دیاری کراودا بەیەکی گەیاندن، تەنانەت ئەگەر وەعدیان بەیەك بدایە و مەوعیدیان دابنایە ئاوەها بەیەك نەدەگەیشتن:

{ إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَى وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَلَوْ تَوَاعَدتَّمْ لاَخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَـكِن لِّيَقْضِيَ اللّهُ أَمْراً كَانَ مَفْعُولاً لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ }٤٢.موسوڵمانان لە( عُدْوَةِ الدُّنْيَا ) دۆڵێکی نزیك مەدینە بوون،کە لمی زەویەکەی بە بارانەکە زیاتر یەکی گرت وجێ پێ ی موسوڵمان زیاتر چەسپاو خۆش بوو،بەڵام کافرەکان لە دۆڵێکی دوور لەمەدینە بوون ( عدوە القصوى) شوێنەکەی بەباران نارەحەتی بۆ کافران دروستکرد و هات و چۆیانی ناخۆش کرد،دیارە ئەمەش بەحیکمەتی خوا بوو.کاروانەکەی ئەبوسوفیانیش لەلایەکی ترەوە بۆی دەرچوو، تەنها ویست و ئیرادەی خوا بوو موسڵمانان و کافرانی بەیەك گەیاند تا ئەو جەنگە ڕوویدات.

## شەشەم-خوا كافرانی لەناوبرد:

كاتێك خۆشەویست مشق خۆڵی هەڵدا بەرووی كافراندا وفەرمووی(شاهت الوجوه) ئەوە تیاچوونی كافران بوو،خوا خۆی لەناوی بردن{ فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَـكِنَّ اللّهَ قَتَلَهُمْ وَمَارَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـكِنَّ اللّهَ رَمَى } ١٧، بۆیە ئەبێ داوای سەركەوتن لە خوا بكرێت { وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ }١٠.

خۆشەویستیش لە ( بەدر ) دا زۆر لە خوا پاڕایەوە و ئەوەندە دەستی موبارەكی بەرز كردەوە سپێتی بن باڵی دەركەوت و عەباكەشی لەشانی كەوتە خوارەوە..

سەركەوتن بۆ ئەوەی بێت،موسوڵمانان دەبێت وەڵامی پەیامی خوا بدەنەوە:{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَادَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ } ٢٤.ئەم ئایەتانەی پێشوو هەموویان باسی لایەنی مەعنەوی جەنگەكەیان كرد و ئێستاش دەچێتە سەر لایەنی ماددی كەبەشی دووەمە..

## حەوتەم: ئامادەسازی

### أ-گرنگی هۆكارەكان و كاریگەریان لەسەركەوتندا:

قورئان دەفەرموێت:{ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ } چی دەتوانن ئامادەی بكەن لە هێز وتواناو هۆكارە ماددیەكان،ئەمەش بۆئەوەی دوژمنانی ئیسلام چاوترسێن بن،{ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ} ٦٠، ئیسلام و موسوڵمانان لە ئامادەباشیدا دەبن نەك بۆ خوێن ڕشتن بەڵكو بۆ چاوترسێن كردنی بەرامبەر و بەرقەرار بوونی ئاشتی{ وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} ٦١.

### ب- پێوەرەكانی هێزی ماددی:

ڕاستە خوای گەورە موسوڵمانان سەردەخات بەڵام ئەبێ ڕەچاوی پێوەرەكانی هێز و گرتنە بەری هۆكارەكان بكرێت تا خەڵكی پاڵی لێنەدەنەوەو بەتەمای قەزاوقەدەرنەبن.

{ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفاً مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ }٦٥

هەروەها { الآنَ خَفَّفَ اللّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفاً فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُواْ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ}٦٦

لێرەدا کە ئاماژە بە ئیزنی خوا دەکات( بإذن الله )و کەخواش پشتیوانی ئارامگرانە،جارێکی تر لایەنی ماددی و مەعنەویش دەخاتەوە پێش چاو..

## ج- تێگەیشتن لەیاساکانی جەنگ:

کافرەکان لەبەرئەوەی بێباوەڕبوون تێشکان،بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ناحالّی بوونیان و تێنەگەیشتنیان لە سوننەت و باوی خوا لە بوونەوەردا، ناحالّی بوونیان لە جەنگ و هۆکارەکانی سەرکەوتن بووە مایەی ژێر کەوتنیان:{ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفاً مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ } ٦٥.

## د-گوێڕایەڵی بۆ خوا و برایەتی لەبەر خوا:

گوێڕایەڵی بۆخواوپێغەمبەرەکەی و برایەتی هۆکاری سەرکەوتنن { وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ}٤٦،

یان دەفەرموێت: { وَإِن يُرِيدُواْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ اللّهُ هُوَ الَّذِيَ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ، وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً مَّا أَلَّفَتْ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَـكِنَّ اللّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ }٦٢-٦٣. کەواتە برایەتی لە هۆکارە سەرەکی یەکانی سەرکەوتنی بڕوادارانە.

**ه- وازهێنان له ڕووپامایی و له خۆبایی بوون:**

{ وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِم بَطَراً وَرِئَاء النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَاللّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ }٤٧،كافران كه هاتن بۆ جەنگ حوشتریان سەردەبڕی و ئاهەنگیان دەگێڕا و لەو پەڕی لە خۆبایی بووندا بوون تا خوا دای لە بالّیان و پەل و پۆی شكاندن..

**و- سیفاتی ئیجابی بڕواداران:**

لەسەرەتای سوورەتەكەوە باسی سیفاتی بڕوادارانی كرد كەسیفاتی ئیمانی بوون و لەگەڵ بەشی یەكەمدا كەلایەنی مەعنەوی بوو دەگونجا{ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ }٢. ئەمەش به{أُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقّاً} دوایی پێ دێنێ...

ئنجا لەبەشی دووەمیش دا لەباسی هۆكارە مادديیەكاندا كۆمەڵێ سیفاتی تریان باسدەكات كه باس له هیجرەت و جیهاد و پشتگیری یەكتر و دامەزراوی له جەنگا دەكات{ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُولَـئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقّاً }٧٤..هەروەها ئەو ئایەتەش كەوەك تەوەرەیەك وایە هەر بەهەمان شێوە جەخت دەكاتەوە سەر ئەو ڕاستیانە{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُواْ وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلَحُونَ}٤٥.

دیارە ئەمانە بە درێژایی مێژوو هەروا بووە وكافران هەردەم تیادەچن وسوننەت و باوی خوا نەگۆڕە{ كَدَأْبِ آلِ فِرْعَوْنَ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ}٥٢. بەڵێ كافران ستەمكارن، ئەمەش هۆیەكی تیاچوونیانە و ستەمكارانی تریش ئەبێ چاوەڕێی هەمان سەرەنجام بن {وَكُلٌّ كَانُواْ ظَالِمِينَ}.

٤٣- قورئان باسی گەلی (سبأ)بەكورتی و بە پوختی بەو پەڕی ڕەوانبێژی تۆماردەكات،كەنموونەی شارستانیەتی باخی و سەركەش و غەڕایە:{ لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ آيَةٌ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ كُلُوا مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ، فَأَعْرَضُوا فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ الْعَرِمِ وَبَدَّلْنَاهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَى أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَيْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ، ذَلِكَ جَزَيْنَاهُم بِمَا كَفَرُوا وَهَلْ نُجَازِي إِلَّا الْكَفُورَ}١٥-١٧.

واته: سوێند بێت بۆخەڵکی سەبەء لە وڵاتی خۆیاندا بەڵگە ونیشانەی دەسەڵاتی خوا ئاشکرابوو، کە ئەویش دووباخی زۆرگەورە بوون لە لای ڕاست وچەپی ناوچەکەدا، فەرمانیان پێدرابووکە: بخۆن لە ڕزق و ڕۆزی پەروەردگارتان وسوپاسگوزاری بن، وڵاتێکی خۆش وئاوەدان، پەروەردگارێکی لێخۆشبوو.

جائەوان لەجیاتی شوکرانەبژێری و خواپەرستی پشتیان هەڵکرد و بەدەم بانگەوازی خواوە نەچوون، بە هۆی ئەوەوە ئێمەش لافاویکی وێرانکەرمان بۆ ناردن، (کەباخ وبێستانی کاول کردن ) ئەوسا لەجیاتی ئەو دووباخەگەورەیە دوو باخی درکاوی بەرو بووم تاڵ و درەختی بێبەری وەك دارگەزۆ کەمێك درەختی (سدر)یش کە بەرو بوومێکی کەمی هەیە،پێمان بەخشین.

ئا بەو جۆرە سەختە تۆڵەمان لێسەندن بەهۆی ئەوەوە کە بێ باوەڕو سپڵە بوون، مەگەر ئێمە تۆڵە لە کافرو سپڵەکان ناسێنین؟!

٤٤-بەسەرهاتی سوپاکەی ئەبرەهە: { أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ، أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ،وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْراً أَبَابِيلَ، تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ،فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ} ئەدی نەتدی پەروەرندەت چ پەندێکی بەسەر فیل سوارەکانا هێنا؟ ئەدی فێڵ وپیلانیانی هەموو لێ پووچەڵ نەکردن؟دەستە دەستە ناردیە سەریان، گزموولە قوری وەك بەردیان تێدەگرتن، تا بەدەردی کایەکی خوراوی بردن. (ئازیزەکەم دیقەت بدە قورئان چەند جوان دیمەنەکانی ئەو ڕووداوە مێژووییە بە چەند وشەیەك دەنەخشێنێ).

٤٥-شێوازی هاندانی قورئان لەسەر وردبوونەوە لە ئاسمانەکان{ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقاً مَّا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِن تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِن فُطُورٍ،ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِأً وَهُوَ حَسِيرٌ} الملك ٣ - ئەو کەسەی حەو ئاسمانی چین لەسەر چینی سازداوە. لەدەسکاری ئەو خودایە هیچ نارێکییەك نابینی.جارێکی تر تەماشاکە، ئاخۆ قەڵشێکی تیایە؟ دیسانەوە چاو بگێڕەوە، سۆمای چاوت بەداماوی بەڕاماوی بەرەوخۆت دەگەڕێتەوە.

٤٦- وێناندنی سزای دۆزەخ وحاڵی کافران { فَوَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِلْمُكَذِّبِينَ،الَّذِينَ هُمْ فِي خَوْضٍ يَلْعَبُونَ،يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَى نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا،هَذِهِ النَّارُ الَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ،أَفَسِحْرٌ هَذَا أَمْ أَنتُمْ لَا تُبْصِرُونَ، اصْلَوْهَا فَاصْبِرُوا أَوْ لَا تَصْبِرُوا سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ } الطور١١-١٦.

واتە: ئەو ڕۆژە ئیتر واوەیلاو هاوار بۆئەوانەی کە باوەڕیان بەحەق و ڕاستی نەکردو بەدرۆیان زانی، ئەوانەی کە بەردەوام گاڵتە (بەئیسلام و پێغەمبەرو قورئان) دەکەن، ڕۆژێك دێت کە بەتوندی پاڵیان پێوە دەنرێت بۆناو دۆزەخ و(ئەوەندە پاڵەکە توندە دەنگ لەسینەیانەوە دێت)، (پێیان دەوترێت): ئەمە ئەو ئاگرو دۆزەخەیە کە کاتی خۆی بڕواتان پێی نەبوو (بەگاڵتەتان گرتبوو)، ئەمە جادووە نیشانتان دەدرێت یان ئێوە ڕاستی نابینن؟!،جائیتر چوونیەکە بۆتان خۆڕادەگرن، یاخۆڕاناگرن، دەبێت بچنە ناوی‌و سزا بچێژن، دەبێت پاداشتی ئەو کاروکردەوانە وەرگرن کەکاتی خۆی ئەنجامتان دەدا.

٤٧- سزای ستەمکاران:

لە دۆزەخیشدا لە بارودۆخێکی ساماناکدا دەبێ بە ناچاری ژیان ببەنەسەر:{ إِنَّ شَجَرَةَ الزَّقُّومِ، طَعَامُ الْأَثِيمِ، كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ، كَغَلْيِ الْحَمِيمِ، خُذُوهُ فَاعْتِلُوهُ إِلَى سَوَاءِ الْجَحِيمِ، ثُمَّ صُبُّوا فَوْقَ رَأْسِهِ مِنْ عَذَابِ الْحَمِيمِ، ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْكَرِيمُ } الدخان٤٦-٤٩.

بەری دارەکەی ژەقنەبووت خۆراکی تاوانبارانە، کەچەشنی خڵتەی ڕۆن زەیتوون لە ناو سکیانا دێتە کوڵ وەك کوڵینی ئاوی گەرم،سا بیگرن و ڕایبکێشن بۆ ناوەڕاستی جەهەننەم، ئەو ساکەش بۆئازاردان ئاوی کوڵاو بەسەردا کەن. دە بیچێژە، تۆیەکی کە لەدنیادا هێزای خاوەن دەسەلات بووی.

(ئەم دیمەنەی ڕۆژی قیامەت دیمەنێکی ساماناکە بۆ هەموو ئەوانەی کە بە هێز ودەسەلات و حوکم لە تایم دەردەچن و ئەکەونە فەساد و خراپە نانەوە و هەق و ڕاستی پشتگوێ دەخەن)..

٤٨- قورئان بۆ پەروەردەکردن بە ڕووداوەکان کە هاوەڵان هێشتا ئاسنەکەیان گەرم بوو، ئاوا وێنەی جەنگی خەندەقمان بۆ دەگرێ و ئاوا بەوشە تابلۆکان دەنەخشێنێ:

{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحاً وَجُنُوداً لَّمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيراً } الأحزاب٩

ئەی گەلی خاوەن باوەڕان،لەبیرمەکەن چۆن چاکەیەك خودا دەربارەی ئێوەی کرد، لەشکر گەلێکتان هاتەسەر، ئێمە بامان وێڕای چەن لەشکر بۆناردن، کە ئێوە نەتاندەبینین، هەرچی ئێوە دەیکەن خوا باش دەیبینێ.

{ إِذْ جَاؤُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتْ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا }الأحزاب١٠

لەو دەمەدا کە لەسەرو خوارەوە بۆتان هاتن، چاوتان ڕەشکەوپێشکەی دەکرد، دڵتان وەتەپە تەپ کەوت و گەیشتە قورقوڕاگەتان،زۆر خەیاڵی جۆراوجۆرتان لەخودا بەدڵدا دەهات.

{ هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالاً شَدِيداً }الأحزاب١١

لەوشوێنەدا ئەزموونی خاوەن باوەڕان هاتە گۆڕێ وبەلەرزینێکی زۆر بەهێز دڵی هەمووان کەوتە لەرزە.

{ وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُوراً } الأحزاب١٢

لەو کاتەشدا ئەو کەسانەی دووڕووبوون و ئەوانەش کە دەغەزێکیان لەدڵدا بوو، هەر دەیانووت:ئەو بەڵێنەی خوداو پێغەمبەر دەیاندا هەر بۆ فریوی ئێمە بوو.

{ وَإِذْ قَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَاراً }الأحزاب١٣

هێندێك لەوان بانگی دەکرد: ئەی دانیشتوانی یەسریب! ئێرە جێگای ئێوەنییە، دەی وەگەڕێن.هێندێکیشیان دەهاتن ئیزنیان لە پێغەمبەر دەخواست: کەسمان لەسەر ماڵەکانمان دانەناوە ئاگای لێ بێ.ماڵیان بێ پارێزگار نەبوو، هەر نیازی ڕاکردنیان بوو.

{ وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا الْفِتْنَةَ لَآتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا بِهَا إِلَّا يَسِيراً } الأحزاب١٤

ئەگەر دەوری ماڵەکانیان لێ گیرابا وبیانگوتایە: لەدین پەشیمان بنەوە، هێندە زۆری نەدەخایاند،لەدین پاشگەزدەبوونەوە.

{ وَلَقَدْ كَانُوا عَاهَدُوا اللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ الْأَدْبَارَ وَكَانَ عَهْدُ اللَّهِ مَسْؤُولاً }الأحزاب١٥

ئەوان پێشتر پەیمانیان دابوو بەخودا، کەلەبەر دوژمن نابەزن، دیارە پەیمان بەخواداان لێپرسینەوەشی هەیە.

{ قُل لَّن يَنفَعَكُمُ الْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ الْمَوْتِ أَوِ الْقَتْلِ وَإِذاً لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلاً } الأحزاب١٦

بێژە: راکردن لەمردن یان لەکوشتن، هیچ دادێکی ئێوەنادا، ئەوساکەش هەر کەمێکی تر رادەبوێرن لە دنیادا.

{ قُلْ مَن ذَا الَّذِي يَعْصِمُكُم مِّنَ اللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوءاً أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ وَلِيّاً وَلَانَصِيراً } الأحزاب١٧

بێژە: گەر خودا بخوازێ بەلآیەکتان بەسەر بێنێ، یان بۆتان چاکەیە بێنێ، کێ دەستی وەبەردێنێ و دەوپارێزێ؟ غەیری خودا نەسەرووەریان دەستدەکەوێ و نەکەسیش یارمەتیان دەدا.

{ قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَالْقَائِلِينَ لِإِخْوَانِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا وَلَا يَأْتُونَ الْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلاً } الأحزاب١٨

دیارە خودا خۆی دەزانێ چ کەسانێ لەئێوە دەبوونە لەمپەرو کێش بوون دەنگی براکانی خۆیان دەدا: وەرنە لامان، کەمتریشیان لەم شەڕەدا بەشداردەبوون.

{ أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ فَإِذَا جَاء الْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَالَّذِي يُغْشَى عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى الْخَيْرِ أُوْلَئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا فَأَحْبَطَ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيراً }الأحزاب١٩

لە حاست ئێوە چاوچنۆکن، هەرگا ترسێ دێتەپێشێ، دەیانبینی هەر زەق لەتۆ دەڕوانن وچاویان سپی هەڵدەگەڕێ، وەك یەکێ لەترسی مردن بێ هۆش بووبێ،وەختێ ترسیش بەسەردەچێ، گەزارەتان لێ دەکێشن، دەست بەزمان شڕی دەکەن، تەماحکاری تالآنەکەن،ئەوانە هەرگیز باوەڕیان نەهێناوە،هەموو کاریان لای خودا بەفیڕۆ چووە و ئەمەش لای خودا ئاسانە.

{ يَحْسَبُونَ الْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا وَإِن يَأْتِ الْأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِي الْأَعْرَابِ يَسْأَلُونَ عَنْ أَنبَائِكُمْ وَلَوْ كَانُوا فِيكُم مَّا قَاتَلُوا إِلَّا قَلِيلاً }الأحزاب٢٠ وادەزانن کە دوژمنە هاودەسەکان نەڕۆیشتوون، خۆ ئەگەریش ئەو هاودەسانە بێنەوە، ئەمانە ئاوات دەخوازن لەگەڵ عارەبە

چۆڵ نشینەکاندا بان و هەر دەنگوباسی ئێوەیان لەدوورەوە بپرسیبا،ئەگەر لەناوتانیش مابان – کەمیان نەبێ– لەشەڕدا بەشدار نەدەبوون.

٤٩– { فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَّنْ خَلْفَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ }الأنفال٥٧

هەرکاتێك رووبەرووی کافران بویتەوە لەجەنگدا،زۆر بەهێز لە پێشەوەی سوپاکەیان بدەن تا ئەوانەی دواوە لەترسا هەڵبێن، سابەڵکو تەمێ خواردوو بن.( وێنەیەکی جوانە بۆ بەهێزی لێدانەکە، جاکە ئەوانەی پێشی سووپاکە شکان، ئەوانەی دواوەش هەڵبێن و خۆیان بۆ نەگیرێ ).

٥٠ –قورئان حاڵەتی مەعنەوی عەقڵی بەرجەستە دەکات وەك:

١- { خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عظِيمٌ } البقرة٧

لەخوداوە دڵ و گوێیان مۆرکراوە،پەردەیەکیش بەبەرچاویاندا کشاوە، بەشیان ئازاری بە ژانە.(لەمپەرەکان بەرجەستە بووە لەمۆرکردنی دڵیان و پەردەی سەرچاویان ).

٢- { وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ وَمِن بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَاعْمَلْ إِنَّنَا عَامِلُونَ } فصلت٥

وتیان: لەوەی کەتۆ بۆ ئەومان بانگ دەکەی، دڵمان پۆششی لەسەرە و گوێمان کەڕەو پەردەیەك هەیە لە نێوانی ئێمەو تۆدا.تۆ خەریکی کاری خۆت بەو ئێمەش کاری خۆمان دەکەین.(لێرەشدا لەمپەرەکان بەرجەستەن ).

٣- { إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلاَلاً فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ، وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدّاً وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدّاً فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ } يس٩-ئێمە ملیان دەخەینە ناو زنجیرەوەو تا چەناگەیان شەتەکیان ئەدەین، کە ناتوانن بۆ هیچ لایەك سەر بزێون، لەمپەرێکمان لە پێشیانەوە داناوەو لەمپەرێك لە پشتیانەوە، تارمایشمان هاویشتە سەر گلێنەیان کەنابینن.

( لێرەدا نەهاتنیان بەرەو هەق دەکاتە شتێکی بەرجەستە، هەروەك ئەوەی کە زنجیر لەملیانداو بەربەست لە پێش و دوایانەوە هەبێت ).

٥١-بەرجەستەکردنی حاڵاتی مەعنەوی نەفسی:

{ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْآزِفَةِ إِذِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ كَاظِمِينَ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ } غافر١٨ تۆ لەو رۆژە بیانترسێنە کە لە ناکاو دێ،لەودەمەی کە هەموو دڵێ لە قورگان نزیك دەبنەوەوهەموو هەر پیش دەخۆنەوە. ئەوانەی ناهەقیکارن نەهیچ دۆستیان دەسدەکەوێ، نەکەسێ تکای بگێرێ.( لێرەدا ترس بۆتە بەرجەستە بەهۆی ئەوەی کەدڵیان خەریکە بێتە دەرێ، لەترسا رۆحیان گەیشتۆتە کونە لوتیان ).

٥٢-وەسفی شتی مەعنەوی بەشتێکی بەرجەستەی هەستپێکراو:

{ يَتَجَرَّعُهُ وَلاَ يَكَادُ يُسِيغُهُ وَيَأْتِيهِ الْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ وَمِن وَرَآئِهِ عَذَابٌ غَلِيظٌ } إبراهيم١٧ لەدواشیەوە جەهەننەمە و ئەشێ زووخاو بخواتەوە، فڕی دەکا (هەڵێدەقورێنێ ) بەڵام بەقێزو بێزەوە و لەگش لاوە مەرگی بۆدێ و ناشمرێ، سزای سەختیش هەمیشە وا بەدوایەوە. ( سزاکە سەختی و رەقی وتوندو تیژی تیایە ).

{ إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلاً ثَقِيلاً }المزمل٥

بەم زوانە ئێمە وتاری گران وقورست دەخەینە سەر.(وتارەکەش گرانە کێشی هەیە ).

{ إِنَّ هَؤُلَاء يُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ وَيَذَرُونَ وَرَاءهُمْ يَوْماً ثَقِيلاً } الإنسان٢٧

ئەوان حەزیان هەر لەدنیای بێ بەقایەو رۆژی قورس وگران دەخەنە پاش خۆیانەوە، (ئەو رۆژە قورسە ).

{ وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئاً وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ }الأنبياء٤٧ -رۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەکاردەخەین. ئەوسا بەقەد سەنگی تۆوی وردیلەی دەنکە خەردەلیش دەخەینە روو، ناهەقی لەکەس ناکرێ.ئەوسا بەسە کەهەر خۆمان بێ رادەگەین. ( تەرازوو شتێکی بەرجەستەیە بۆکێشانی کردەوەکان).

{ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتَ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَـئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيراً } النساء١٢٤

هەرمرۆڤێك نێر بێ یامێ، هەر هێندە خاوەن باوەڕو ئاكار چاك بێ، دەچنە بەهەشتەوەو بە ئەندازەی تلێشی وردیلەی ناوكە خورمایەك ناهەقییان لێ ناكرێ.

{ بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ وَلَكُمُ الْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ } الأنبياء١٨

بەڵكە هەق ئەگرینە ناهەق و( هەروەك ئەوەی هەق كە شتێكی مەعنەویە صاروخێك بێ )، سەری پاندەكاتەوەو تیادەچێ، واوەیلا هەر بۆ ئێوەیە لەو باسی خوا كردنەتان.

## ٥٣- قورئانو زمانی عەرەبی:

زمانی ئینگلیزی نزیكەی بیست هەزار ڕەگ(جذر)ی هەیە كەیەكی نزیكەی دوانزە (اشتقاق)ی بۆ دەكرێ و بەمەش نزیكەی دووسەدو چل هەزار وشە دروست دەبێت.

لەزمانی عەرەبیدا كە دەوڵەمەندترە نزیكەی پەنجا هەزار ڕەگ هەیەو یەكی نزیكەی چل (اشتقاق)ی بۆ دەكرێتو بەمەش نزیكەی دوملیۆن وشە دروست دەبێت، قورئانی پیرۆز نزیكەی یەك لەسەر چلی ئەو وشانەی وەرگرتووەو زۆر بە وردی بەكاری هێناون، بەجۆرێك كە هەر وشەیەك لەجێی تایبەتی خۆیدایەو هیچی تر جێی ناگرێتەوە.

لێكۆڵەران دەڵێن هەموو پیتێك ئەوەندە بەدیقەت بەكارهاتووە، تەنانەت تاقە پیتێك زیادە نیە، بۆیە ئەگەر پیتەكانی سوورەتی (نوح) بژمێرین، دەبینین (٩٥٠) پیتە، كە دەكاتە تەمەنی دەعوەی حەزرەتی(نوح) سەلامی خوای لێبێت.

ئەمە بێجگە لەوەی كە قورئان باسو خواسی زانستی وای تێدایە كە لەم سەدانەی دواییدا دۆزراونەتەوە، بۆنموونە (مەوسوعەی بەریتانی) تەنها باس لە بەشی سەر زەوی شاخەكان دەكات، چونكە زانست تەنها ئەوەندەی دۆزیبووەوە تا ئەو ڕۆژەی ئەو مەوسوعەیە نووسرابوو، بەڵام قورئانێكی پێش چواردە سەدە لەمەوبەر ئاماژە بۆ بەشی ناو زەوی شاخیش دەكات و دەفەرموێت: ﴿ والجبال اوتاداً ﴾ النبأ/ واتە: شاخەكانمان وەك مێخ داكوتاوە، كەلە راستیشدا هەروایە، شاخی ئیڤرست(٩كم)

بەرزە لەسەر ڕووی زەوی یەوە و لە ناو زەویشدا بەقووڵی نزیکەی (١٣٥کم) چۆتە خوارەوە، کەبەمەش وەك مێخ وایە کەداکوتراوە بەزەویداو مایەی هاوسەنگی زەوی یەو لەنگەری گرتووە هەروەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ والجبال ارساها ﴾ الذاريات: ٣٢ هەروەها دەفەرموێت: ﴿ خلق السماوات بغير عمد ترونها والقى في الارض رواسي أن تميد بكم ﴾ لقمان/١٠ واتە: خوای پەروەردگار ئاسمانەکانی بەدیهێناوە و ڕایگرتووە بەبێ کۆڵەکە هەروەك دەبینن، وە لەزەویدا شاخەکانی داناوە بۆ هاوسەنگی.

( لەفەرموودەشدا جەختکراوەتەوە سەر ئەم مانایە کە دەفەرموێ: لمَّا خلق اللهُ الأرضَ جعلت تميدُ وتكفأُّ فأرساها بالجبالِ فاستقرَّت –المنذرى– الترغيب والترهيب).

٥٤–وشەکانی قورئان وێنەیەك دەخەنە بەرچاو کەتەواو ئەوەی دەیەوێت تەعبیری لێدەکات وەك:

أ- { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انفِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الأَرْضِ أَرَضِيتُم بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ قَلِيلٌ }التوبة٣٨

ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چیتانە کە پێتان ئێژن وەدەرکەون بۆ غەزا لەرێی خوادا، تەمەڵن ولەجێی خۆ نابزوون؟ ئاخۆ ژیانی دنیاتان لەقیامەتێ پێ خۆشترە؟!گوزەرانی دنیایە بەرامبەر ئەودنیا شتێکی زۆر کەم بایەخە. سەیری قورسی وشەی (اثَّاقَلْتُمْ) بکە چەند پڕاوپڕی ئەو حاڵەتەیانە کەقورسن و بەزەویەوە لکاون، هەر لە خوێندنەوەکەیدا هەست بە قورسیەکەی دەکەی.

ب- { وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ شَهِيداً }النساء٧٢ هێندێکی واتان لەناودان کە لە ئانقەست خۆ وەدوا دەدا و ناوگاتێ،ئەگەر ئەوسا ئێوە تووشی چۆرتمێك بن، ئێژێ: خودا منی بەچاکە خوێندەوە کەمن لەگەڵیاندا نەبووم.(سەیری وشەی ( لَّيُبَطِّئَنَّ ) بکە چەند جوان قورسی و خاویەکەیان دەردەخات.

ج- { قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَآتَانِي رَحْمَةً مِّنْ عِندِهِ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَارِهُونَ } هود٢٨ - حەزرەتی نوح بەگەلەکەی فەرموو: گەلۆ! ئەگەر بێژم

پەروەرنـدەم بـەزەیی بەمنـدا هـات و خوێندوومیـەوە ونیشـانەی ئـەوم لـە لایـەو ئێوە ئاگاتـان لێنیـە، چـۆن دەبینن؟ ئـاخۆ گـەر خۆتـان حەزنەکـەن، دەکـرێ ئێمـە بەسـەرتانا بیسـەپێنین؟ (ئـەها وشـەی ( أَنُلْزِمُكُمُوهَـا ) چەند جوان ماناو مەبەستەکە دەپێکێ ).

٥٥- دوو وێنەی بەرامبەر یەک:

لەقورئاندا هەمیشە کە وێنـەی دۆزەخیـان دەخاتـە روو لـەبەرامبـەردا وێنـەی بەهەشـتیانیش دێـنێ،تـا تـرس و هیـــوا لای بـــڕوادار بڕوێنـــێ، وەك دەفـــەرموێ{ هَـلْ أَتَـاكَ حَـدِيثُ الْغَاشِـيَةِ، وُجُـوهٌ يَوْمَئِـذٍ خَاشِعَةٌ،عَامِلَـةٌ نَّاصِبَةٌ،تَصْلَى نَـاراً حَامِيَـةً،تُسْقَى مِنْ عَيْنٍ آنِيَـةٍ،لَّيْسَ لَهُـمْ طَعَـامٌ إِلَّـا مِن ضَـرِيعٍ،لَـا يُسْمِنُ وَلَـا يُغْنِي مِن جُوعٍ }الغاشية٧

ئاخۆ باسی بـەڵای گـەورەت بـۆ هـاتووە، کـە هـەموو شـت دادەپۆشـێ؟ ئـەوێ رۆژێ گـەلێ رووخسـار بزرِکـاون، هەولـدەرێکی رەنجـەڕۆن، گرفتـاری ئـاورێکی سـووتێنەر دەبـن،ئاویـان لـەسەرچـاوەیەکی زۆر گەرمەوە بۆ دێنن،هەرگیز بژێویان نادەنێ مەگەر لەدڕکە شیلانێ قەڵەو ناکاو لەنێزیش بێ نیاز ناکا.

{وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَـةٌ،لِّسَعْيِهَا رَاضِيَةٌ،فِي جَنَّـةٍ عَالِيَـةٍ،لَّـا تَسْمَعُ فِيهَـا لَاغِيَـةً،فِيهَـا عَيْنٌ جَارِيَـةٌ،فِيهَـا سُـرُرٌ مَّرْفُوعَـةٌ،وَأَكْـوَابٌ مَّوْضُـوعَةٌ،وَنَمَـارِقُ مَصْـفُوفَةٌ،وَزَرَابِـيُّ مَبْثُوثَـةٌ }الغاشية١٦

رووخساریش هـەن خـۆش و گەشـن، رازیـن لـەکردەوەی خۆیـان، لەبەهەشـتی بـەرزو تـەرزا، کەلـەوێدا قسـەی پڕوپـوچ نابیسـن، چـەمەی روون و رەوانـی تێدایـە، تـەختی تیـادانراون، زەرکیشـیان لادانـاون، باڵگەی نەرمیش ریزکراون، زۆریش رایەخ راخراون.

٥٦–لـە قورئانـدا بەگشـتی ولـە وێنەکانیشـدا بەتایبـەتی دانـانی وشـەو جێگاکـەی مەسـەلەیەکی گـرنگن تا لـەسەر دەم ئاسان بن و بۆ گوێش بیستنیان خۆش بێت، بۆ نموونە:

{ قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْباً وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيّاً }مريم٤

ئەگەر وشەی (منی) لـەپێش وشەی (العظم) بوایە ئەو خۆشی وئاسانی و هاوسەنگی ومۆسیقایەی نەدەبوو، ( قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ مِنِّي الْعَظْمُ )

سەیرکە چەند جوان و هاوسەنگە و چۆن بەخۆشی دێتەوە:

( قَالَ رَبِّ إِنِّي...وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي )

هەروەها سەیری وشەی ( اذاً ) بکە کە ئەگەر لابرێ بەهەمان شێوە دارشتنی ئایەتەکە تێك دەچێ:

{ أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَى، تِلْكَ إِذاً قِسْمَةٌ ضِيزَى } النجم٢٢-کافرەکان دەیانووت مەلائیکەتەکان کچی خوان، قورئانیش دەیانگرێ بەوەی کە حەزتان بەکورە بۆ خۆتان و کچیش بۆ خوادائەنێن، ئەمە جۆرێکە لە گاڵتەکردن بە عەقڵیان، ( زارۆی ئێوە نێرەو خواش کێژی هەس، ئەگەر وابێ دابەشکردنێکی نارەوایە ).(ضیزی) وشەیەکی قورسەو زۆرکەم بەکاردەهێنرێ، قورئان لێرەدا زۆرجوان بەکاری هێناوەو ماناکەو جێگاکەی سەد دەرسەد پێکاویێتی، ئنجا ئەگەر ( اذاً ) لابەین سەیرکە چۆن دەشێوێ { أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَى،تِلْكَ قِسْمَةٌ ضِيزَى }.

٥٧-لابردنی یائی موتەکەلیم لە وشەدا بۆ راگرتنی هاوسەنگی وئاسان بوون لەسەر زمان، وەك لەم ئایەتەدا کە بەوشە بەشێك لە ژیانی حەزرەتی ئبراهیممان بۆ وێنا دەکات { قَالَ أَفَرَأَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ، أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمُ الْأَقْدَمُونَ، فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّي إِلَّا رَبَّ الْعَالَمِينَ، الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ، وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ، وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ، وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ } الشعراء٨١

لێرەدا وشەی (يهدين، يسقين، يشفين، يحيين)هەموویان پیتی یائی موتەکەلیمیان لێکراوەتەوە.

٥٨-{ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ } بێژە: پەنادەگرم بە پەروەردگاری تاریك و روونی بەیان.

{ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ } لەزیانی ئەوەی درووستی کردووە.

{ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ }لەزیانی تاریکی کاتێ دادێ.

{ وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ }لەزیانی جادووگەرانێ پف دەکەنە چەند گرێیەك.

{ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ }الفلق٥.. لەزیانی ئێرەبی بەر کاتێ ئێرەبی دەبات.

یەکەم: وشەی فەلەقی بەکارهێنا نەك نوور چونکە جەوەکە بەعام تاریکی و نا رۆشنی تیایە، وەلەگەڵ کۆتایی ئایەتەکانیشدا دەگونجێ کەبە پیتی قاف کۆتاییان دێ.

دووەم: پێکهاتەکانی وێنەکە:( دووشتی سرووشتی لەلایەك کە ( الفلق، الغاسق )ە و دووشتی خرابی مرۆڤیش کە ( نفاثات، حاسد )ە. وێنەکە بەگشتی پەنهانی و نادیاری و تاریکی و شەڕی شەڕ خوازانی تیا بەدی دەکرێت، کە دەبێ تەنها پەنا بە خوا بگیرێت بۆ رزگاربوون لێیان.

٥٩- وێناندنی قیامەت بەو شێوازەی قورئان هێناویەتی دڵ و دەروون دەهەژێنێ { يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ، يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ } الحج٢

ئەی خەڵکینە! لە پەروەردەتان بترسن، بوومەلەرزەی رۆژی سەلاَ رووداوێکی زۆر مەزنە. رۆژێ چاوتان پێ دەکەوێ،گش شیردەرێك شیرەخۆرەی سەرسنگی لەبیردەچێ، هەرچی تۆلی لەسکدایە بەرداوێژێ، وادەزانی ئەو خەڵکە سەرخۆشن، خۆمەستیش نین، بەلاَم ئازار لە خوداوە زۆر دژوارە.

٦٠- { يَوْمَ تَرْجُفُ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ وَكَانَتِ الْجِبَالُ كَثِيباً مَّهِيلاً ،إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولاً شَاهِداً عَلَيْكُمْ،كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولاً، فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فَأَخَذْنَاهُ أَخْذاً وَبِيلاً ، فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْماً يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيباً،السَّمَاء مُنفَطِرٌ بِهِ كَانَ وَعْدُهُ مَفْعُولاً } المزمل١٨

لەو رۆژەدا زەمین و کەژ دەلەرزێن و دەهەژێن، کێوەکان دەبنە گردۆلکەی لمی خزۆك، ئێمە پێغەمبەرێکمان بۆ ئێوەنارد، شایەت بێت بەسەرتانەوە،هەرووەك بۆ ئالی فیرعەون پێغەمبەرێکمان بەرێ کرد.فیرعەون بێ گوێی پێغەمبەرەکەی کرد.ئەوسا گرتمان بەگرتنێکی سەخت، جا ئەگەر ئێوە هەر بەبێ دینی مانەوە، چۆن خۆتان دەپارێزن لەو رۆژە منالەکانیش پیردەکا.ئاسمانی پێ شەقار دەبێ. بەلێنی خواش هەردێتە جێ.

لەم مەشهەدەدا زەوی و شاخ دەلەرزن، هەر ئەلێی ئەوانیش دەترسن، ئاسمانیش بەهەمان شێوە شەق بوو، ئەی ئەبێ حالێ تۆ چۆن بێ ئەی مرۆڤی هیچ لەبارا نەبوو؟؟

٦١- وتمان قورئان حالّەتی کوفری ئەهلی کیتابمان بۆ دەکات بە حالّەتێکی هەستپێکراوی بەرجەستە، ها ئەوەتا بیانبینە جوولەکەکان کە بەرنامەی خوایان بۆ هات،لەگەلّ ئەوەدا کە لەتەوراتدا مژدە بەهاتنی درابوو، سەیرکە وا بەدەستیانەوە خێرا فڕێیاندایە پشتیانەوە، لەبیر خۆیانیان بردەوە،هەردەلّێی نەشیانزانیوە: { وَلَمَّا جَاءهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ كِتَابَ اللّهِ وَرَاء ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ }البقرة١٠١

٦٢- قورئان وێنەی باری دەروونی ئەو سێ هاوەلّەمان دەخاتە بەرچاو لەگەلّ ئەوەدا کە شتێکی مەعنەوییە دەیکات بە حالّەتێکی ماددی حەرەکی بەرجەستە و هەروەك ئەوەی سەری دنیایان لێهاتبێتەوە یەك ونەزانن سەری خۆیان بۆ کوێ هەلّگرن، { وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّواْ أَن لاَّ مَلْجَأَ مِنَ اللّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ }التوبة١١٨

دەربارەی ئەو سێ کەسەش کە لەغەزای تەبووك دواکەوتن و حوکمیان دواخرا،ئەوەبوو پەنجا رۆژ دابڕێنران لە کۆمەلّگەی ئیسلامی وکەس قسەی لەگەلّ نەدەکردن، تاوای لێهات ئەم زەمینە فراوانەیان لێوەتەنگ هات،دەروونیشیان تەنگ بوویەوە، تێگەیشن هیچ پەنایەکیان نەماوە مەگەر هەر پەنا بەو بەرن، پاشان ئەوانیشی بەخشی تا بەرەو خودا وەگەڕێن،خودا تەوبە قبولّ دەکاو دلۆڤانە.

سەیری مەشهەدەکە بکە زەوی بەو فراوانیەوە وردە تەسك دەبێتەوە لە دەوریان، هەروەها نەفسیشیان بەهەمان شێوە، کورد واتەنی دنیاین لێ بووە بەچەرمی چۆلەکە!

٦٣- { قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَاء اللّهِ حَتَّى إِذَا جَاءتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُواْ يَا حَسْرَتَنَا عَلَى مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَى ظُهُورِهِمْ أَلاَ سَاء مَا يَزِرُونَ }الأنعام٣١

ئەوکەسانە زیانمەندبوون کەهیچ باوەڕیان نەدەکرد دێنە بەر بارەگای خودا.تا ئەو ساتەی لەپڕ سەلاّیان لێ ڕابوو. ئیتر ئەوسا لەحالّێکدا کۆلّەپشتی باری گرانی گوناهیان لەسەر پشتە، هەر ئاخ و داخ و پەکیانە.ئێژن: حەیفێ ئێمە چەند درێخیمان کرد. سابزانە بارەکەیان چەند گران و نالەبارە.

لێرەشدا قورئان گوناهەکانیان دێنێتە بەرچاومان کە بۆتە شتێکی بەرجەستەو وا بەکۆلّیانەوەیە لەبەرچاوی گشت خەلّکی لەو رۆژە سەختە ناهەموارەدا.

٦٤-{ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقاً فِي الأَرْضِ أَوْ سُلَّماً فِي السَّمَاء فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَى فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ } الأنعام٣٥

ئەگەر تۆ لەلات گرانە کە بەدەنگتەوە نەهاتوون، سا ئەگەر لە تواناتدایە، ڕەهۆلێکی( تونێل ) لەم زەمینەدا بکۆڵە،یان پەیژەیەك کەپێی سەرکەوی بۆ ئاسمان و بەڵگەیەکی پتەو بۆ ئەمانە بێنە(تا بڕوات پێ پێبکەن ).ئەگەر خوا خۆی مەیلی لێ با هەموویانی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد. ئیتر ناشێ تۆ لە ڕێزەی نەزانان بی.

لێرەدا وێنەی ئەو بارە قورسەمان نیشان ئەدات کە لەسەر دڵی پێغەمبەرە (د.خ ) بەوەی کە چەند هەوڵیان لەگەڵ دەدات و بڕوای پێناکەن، ڕەنگە حەزی کردبێت بەڵگەو نیشانەو موعجیزاتێك بێت و مل کەچ بکەن بۆ ئیمان، بەڵاّم خوا داوای لێدەکات ئەوەندە خەمیان لێنەخوات، ئاگاداری دەکات هەرچی بکەیت ئیمان ناهێنن، جا چی دەتوانی بیکە، نەفەقێك لێدە بە ژێر زەویدا یان سەرکەوە بۆ ئاسمان وموعجیزەیەکیان بۆ بێنە،دڵنیابە ئەمانە هیچیان پێناکا.(هەرواش دەرچوو زۆربەی سەرانی قوڕەیش لەبەدردا کوژران و بڕوایان نەهێنا ).

٦٥- { مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ }البقرة٢٦١-نموونەی ئەو کەسانەی ماڵیان لەڕاهی خوادا بەخت دەکەن، وەك دەنکێکە حەوت گوڵ دەدا، هەرگوڵەی سەد دانەی تێدا، خودا بەهەرکەس بیەوێ چەند ئەوەندە پاداش دەدا،خودا چاکەی یەکجار زۆرەو زۆر زانایە.

لێرەشدا بەخشین بۆتە دیمەنێکی پڕ بەرەکەتی بەرجەستە، حساب و کیتابی تیایە، ئەوەتا دەنکێ ئەبێ بەحەوت سەدو بگرە زیاتریش.

٦٦-{ مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَاراً فَلَمَّا أَضَاءتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لاَّ يُبْصِرُونَ، صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ }البقرة١٨ دووڕووەکان بەمەرەدی کەسانێ چوون، کە خەریکی پێکردنی ئاگرێك بوون، هەرکەدەورو بەری ڕۆشن کردن خوا

ڕووناکیەکەیانی بردن، لەتاریکییەکی وادا وێڵی کردن، هیچ نابینن.کەڕن، کوێرن، لاڵن، ناشتوانن بگەڕێنەوە.

٦٧-{ أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصْابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ واللّهُ مُحِيطٌ بِالْكافِرِينَ، يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاء لَهُم مَّشَوْاْ فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا وَلَوْ شَاء اللّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ }البقرة٢٠

یا نە ( دووڕووەکان ) هەروەکو کەسانێکن کەبارانی بەلێزمەیان لەگەڵ هەورو چەخماخەدان لەو ئاسمانە بۆ ببارێ و بکەونە ناو تاریکایی، لەترسی هەورە تریشقە، پەنجەکانیان لە گوێیان ڕا بکەن، نەکا بمرن. خودا دەورەی لەم خودا نەناسانە داوە.لەوانەیە برووسکەی هەور کوێریان کا، هەر شریخەی چەخماخە هات ئەکەونە ڕێ، هەرگا لێیان تاریك داهات، ڕادەوەستن، خۆ ئەگەر خوا بیویستایە، گوێ و چاوی لەکار دەخستن، خوا هەموو شتێکی پێ دەکرێ.

ئەم دوومەشهەدە تەواو حاڵی دووڕووەکان دەخاتە ڕوو کەچەند ڕاڕان و چەند لەمردن دەترسن.

٦٨- لەم چەند ئایەتەشدا قورئان وشەی چاك و تەوحید و وشەی خراپ بەرجەستە دەکات دەفەرموێت{ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاء ،تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ } إبراهيم٢٥

نەتدی خودا چۆن مەسەل دێنێتەوە؟ قسەیەکی بەرێ وجێ، بەشەنگەدارێ دەشوبهێ، ڕەگی قایم داکوتاوەو لقی لە تەشقی ئاسمانە، بەئیزنی پەروەرندەی چوار فەسڵە میوەی دەبێ. خوا نەزیلان (نموونە ) بۆ ئەو خەڵکە دێنێتەوە، بەشکو پەندی لێوەرگرن.

{ وَمَثلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ،وَمَثلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ }إبراهيم٢٦

نەزیلەی قسەی نابەجێش، وەکو بنجێکی ناجسنە، کە لە زەمین هەڵکەنرابێ و خۆی نەگرێ.

{ يُثَبِّتُ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللّهُ مَا يَشَاءُ }إبراهيم٢٧

خودا لـه دنیاو سـه‌لاّدا(رۆژی قیامـه‌ت)، به‌قسـه‌ی پتـه‌و بـڕواداران قـایم ده‌کـا، ناهـه‌قیکارانیش لـه‌ڕێگـه لاده‌دا، خودا چۆنی بوێ ده‌یکا.

٦٩- { وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ الَّذِينَ كَفَرُوا الْمُنكَرَ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِالَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَلِكُمُ النَّارُ وَعَدَهَا اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ } الحج٧٢

كـاتێ نیشـانه ئاشكراكانی مه‌شیان به‌سـه‌ردا ده‌خوێنرێتـه‌وه، لـه‌چرِوچـاوی خوانه‌ناسـاندا نیشـانه‌ی حاشـا ده‌بینی و لـه‌وانه‌یه په‌لاماری ئه‌وانه بده‌ن كه ئایه‌ته‌كانی ئێمه‌یان به‌سه‌رداخوێندوونه‌ته‌وه.

بلێ: ئاخۆ پێتان بێژم كه‌چی لـه‌مـه خـراپتره؟ ئـه‌و ئـاگره‌ی كـه خـوا بـه‌ڵێنی داوه بـه بێبـاوه‌ڕان.ئـای لـه‌و ئاكامـه خراپـه.(ئـه‌وه مه‌شـهه‌ده‌كه‌یه سـه‌یركه ره‌نـگ و روویـان داگیرسـاوه‌و غـه‌زه‌بیان لێده‌باری، وا خۆیـان گیف كردۆته‌وه‌و خه‌ریكه په‌لامار ده‌ده‌ن ).

٧٠- { إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ اللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى الْإِيمَانِ فَتَكْفُرُونَ } غافر١٠- هـاوار لـه‌و كه‌سانه ده‌كـرێ كـه خودایان نه‌ناسیوه: بێگومانـه تـووره‌یی خـوا لـه‌و رقـه‌ی خۆتـان هه‌تانه‌گـه‌وره‌تره.چـونكه ئێـوه بانگتـان ده‌كـه‌ن باوه‌ڕتـان بـه خـودا هـه‌بێ،كه‌چـی ئێـوه كفـر ده‌كه‌ن.

ئالێره‌دا ده‌فه‌رموێت ئێوه كه دووچاری ئـه‌و ئاكامـه خراپـه هـه‌تا هه‌تاییـه بـوون چـه‌ندتان رِق لـه خۆتـان ده‌بێته‌وه خودا لـه‌وه زیاتر رِقی لێتانه!!

٧١- { إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ الْمَوْتَى وَلَا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاء إِذَا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ }النمل ٨٠ – تـۆ نـه‌ده‌توانی مـردوو تێگه‌یـه‌نی نـه ئـه‌و كـه‌ڕه‌ش كـه پشـتی لێتـه‌و راده‌كـا.مه‌شـهه‌دێكی سـه‌یره، ئـه‌وه مـردوو به‌هـه‌رحاڵ ئـه‌م زینـدووه، بـه‌لاّم كـه‌ره وهـیچ نابیسـتێ، رووت تێناكـات تـا بـه ئیشـاره‌تیش بێـت شـتێكی

تێبگەیەنی، بەڵکو کەرەو پشتی لێتەو بەهەموو هێزیشی رائەکات، هەرووەك ئەو کەرە کێویەی کە لە ترسی شێر هەڵدێ.{كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ، فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ }المدثر ٥١.

٧٢- خوای گەورە باسی ترسنۆکی دووڕووەکانمان بۆ دەکات، هەرچەند بەڕووکەشیش خۆیان وادەرنەخەن {لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَأً أَوْ مَغَارَاتٍ أَوْ مُدَّخَلاً لَوَلَّوْاْ إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ }التوبة٥٧ ، ئەگەر پەنایەك یان چەند ئەشکەوتێك یان ژێرزەمینێکیان دەستبکەوتایە، بەهەڵەداوان بۆی دەچوون، تاخۆیانی تیا بشارنەوەو نەچن بۆ غەزا.

سەیری ئەم دیمەنە بکە، دووڕووەکان ئەوەندە لە غەزا دەترسن،ئەگەر پەناگەیەکیان دەستکەوێ یان ئەشکەوتی ناوشاخێك یان ژێرزەمینێك بە هەڵەداوان بۆی دەچن و ئەگەر چەند بچووکیش بێت خۆیانی تێ ئەترنجێنن.

٧٣- {وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَاباً يَلْقَاهُ مَنشُوراً }
الإسراء١٣
نامەی کردەوەی هەرکەسێك وەك تەوقە لەگەردنیاو خۆی بەرپرسیارە لەکاروکردەوەی،لەرۆژی سەلاش دا نامەی کردەکانی بەکراوەیی دەخەینە بەردەستی، فەرموو بیخوێنەوەو خۆت بڕیاربدەو حساب بۆ خۆت بکە. کافرەکان ئەگەر لەسەر سەفەرێك بوونایەو باڵندەیەك بەلای راستا بفڕیایە پێی دڵخۆش دەبوون و ئەگەر بەلای چەپیشدا بفڕیایە ئەوا دەترسان و نوقڵانەی شەڕیان بۆ خۆیان لێئەدا، جا قورئان ئەفەرموێ: ئەو کاروکردەوەیە و ئەوەی دێتە رێتان پەیوەندی بەو شتانەوە نیەو وا لەگەردنی خۆتاناو(طائر) ەکە بەخۆتانەوە بەستراوەتەوە.

٧٤- {وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وَهُوَ كَظِيمٌ ، يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ }النحل٥٩

هەركاتێك مژدەی كچێ بۆیەكێك لەمانە بچێ، رووخساری رەش هەڵدەگەڕێ، لەبەر خۆی پیش دەخواتەوە، لەمەینەتی ئەو هەواڵەی پێی دراوە، لەهۆزی خۆی تەرە دەبێ، ئاخۆ بە سووكایەتی بەخێوی كا، یا دەناخی ئاخی ڕاكا ( زیندە بە چاڵی كا )؟ ئای چەندە خراپە ئەو بڕیارەی كەدەیدەن.

٧٥- { يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لاَ يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلاَّ هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لاَ تَأْتِيكُمْ إِلاَّ بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللّهِ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ }الأعراف١٨٧

دەربارەی رۆژی قیامەت لێت دەپرسن: كەی وەدی دێ و لەنگەردەگرێ؟ بێژە:زانینی هەر لای پەروەرێنی منە، بۆ خۆی نەبێ كەس ناتوانێ وەختەكەی ئاشكرا بكا، سامی رۆژی قیامەت زۆر گرانە لەسەر ئاسمانەكان و زەوی،لە ناكاوێك ئەو رۆژە رووتان تێدەكا. بەجۆرێك پرسیارت لێدەكەن وەك تۆ دەربارەی بزانی، بێژە: تەنها خوا هەر بۆ خۆی دەیزانێ،بەلاَم زۆربەی ئەم خەڵكە ئەمە نازانن.

لێرەدا قیامەت وەك كەشتیەكەو خەلكی لە گوێ دەریایەك راوەستاون چاوەڕێی هاتن و لەنگەرگرتنی(مرساها ) دەكەن تا بە چاوی خۆیان ببینن.ئەویش لەناكاو دێت و خوا نەبێت كەس وادەی هاتنەكەی نازانێت.

٧٦- { يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعاً ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ }ق٤٤ ئەوێ رۆژێ كە زەمین دەقڵشێتەوە و بەخێرایی دەریان دەهاوێژێ، ئەمە وەكۆكردنێكە، كە بۆ ئێمە ئاسان دەبێ.

دیمەنی فراوانی زەوی بێنە بەرچاوت كە قڵیش دەباو لێرەو لەوێ مردووان دێنەدەرێ و بە پەلە دەڕۆن، هەرچەند شپرزن ونازانن روولەكوێ كەن، كەس سەركەسی ناپەرژێ. (ئەمە وێنەیەكی بزواوە و ئەو رۆژە سەختە دەخاتە بەرچاو سابەڵكو ئادەمی پەندی لێوەرگرێ ).

٧٧- { فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُواْ بِمَا أُوتُواْ أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ } الأنعام٤٤

جـاوەختێ ئـەو هـەموو ئامۆژگاریانـەیان لـەبیرچـوو کـە کرابـوون، هـەموو دەرگـای بەختـەوەریمان بـۆ کردنەوە هـەتا کەوتنـە خۆشـی و شـادی، ئەوسا لـەپڕ ونـەکاویك گرتمـانن وبـەر تـووڕەیی خۆمـان خسـتن و هەموو نائومێد مانەوە.

دیقـەت بـدە وەك ئـەوەی خێـرو خۆشـیەکان لـەکۆگادا خـەزن کـراین و لـەپڕ دەرگاکانیـان بکرێتـەوەو ئەمانیش بکەونە نازو نیعمەتی دنیـاوەو دڵـی پێخـۆش بکـەن، دوای ئـەوە خـوا لـەناکاو بیـانگرێ و خۆیـان و هەرچیان هەیە تەفروتونایان بکات.

مـاوەی نیـوان قۆناغـەکان رەنگـە زۆربـن بـەڵام مەشـهەدەکە کورتیـان دەکاتـەوە و ئـەم وشـانە بەکاردێنێت ( فلما...حتى اذا.. بغتة...فاذا هم.. ).

٧٨- (وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ)

گەر ئەمانە ئەتۆ بەدرۆ دەزانن،پێش ئەمانەش هۆزی نوح و عادو سەمود، هەر ئەمە پیشەیان بووە.

(وَقَوْمُ إِبْرَاهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ )

دیسان هۆزی ئیبراهیم و (لوط)یش.

( وَأَصْحَابُ مَدْيَنَ وَكُذِّبَ مُوسَى فَأَمْلَيْتُ لِلْكَافِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ )

خەڵکی مەدیەنیش هـەروا. مووسـاش بـەدرۆزن دانـرا،ئەوسا تاماوەیـەك وازمـان لـەو خوانەناسـانە هێنـا.

پاشان غەزەبم لێگرتن، بەڵام چۆن غەزەب گرتنێك!

( فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ )الحج٤٥

ئـای کـە قرِمـان لـەچـەند شـاری ناهـەقان خسـت، داریـان بەسـەر بـەردا درا،دەوری چـاڵاویان چـۆڵ کرا، کۆشکی پتەویان تێك درا.

(ئـای چـەند تابلۆیـەکی بێـدەنگی بەکوڵـە، ئـەوا ماڵـەکان و کۆشـکەکان داریـان بەسـەر بـەردا دراوەو، دەوری بیرو کانیاویان چۆڵەو،سامناکی دڵ ودەروون دادەگرێ، ئاسەوارێکە غەزەبی خوا دەنوێنێ ).

( أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ )الحج٤٦

ئاخۆ هێشتا بە زەویدا نەگەڕاون، تـا ببنـە خـاوەن دڵان و گوێچکە گـەلێ کـە پێ تێگـەن و ببیسـن؟ لـە ڕاستیدا چاوان کوێرنابن، ئەو دڵانە کوێردەبن کە لە ناو سینەکانە جێیان.

٧٩- { قُل لَّوْ كَـانَ الْبَحْرُ مِدَاداً لِّكَلِمَـاتِ رَبِّـي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْـلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَـاتُ رَبِّـي وَلَوْجِئْنَـا بِمِثْلِـهِ مَدَداً } الكهف ١٠٩، بێژە:ئەگـەر بـۆ نووسـینی وتـاری پەروەرنـدەی مـن دەریـا هـەموو مەرەکـەب بێ، بـەر لـەدوایی پیهێنـانی وتـاری پەروەرنـدەی مـن، بـێ شـك دەریـا هەڵدەچۆڕێ، تەنانـەت گـەر هێنـدەی تریشی فریاخەین.

٨٠- { وَلَـوْ أَنَّمَـا فِـي الْـأَرْضِ مِن شَـجَرَةٍ أَقْلَـامٌ وَالْبَحْرُ يَمُـدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّـا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ } لقمان٢٧

هەرچی دار لـەم زەمینە هـەن ببنـە قەڵـەم (ئـەڵێن سـێ ترلیـۆن درەخـت هەیەلەسـەر زەوی)، مەرەکـەبیان لـە بـەحرێ و حـەوت بـەحری دیـش بێنـە پـاڵی، هێشـتا وشـەکانی خـوا دوایـی نایـە. بەراسـتی خـوا بـە دەسەڵاتی کارزانە.(دیارە زانست و زانینی خـوا بێپیانـە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی نزیکـی بکاتـەوە لـە عـەقڵ و بـیری مـرۆڤ، ئـاوا وێنەیـەك دەخاتـە پـێش چـاوی تـا بـە خـەیاڵ بـیری لێبکاتـەوە و شـتێکی لێ تێبگـات، کەچـی کەبیری لێدەکاتەوە دەبێتەوە بە ناکۆتایی ).

٨١- { اعْلَمُـوا أَنَّمَـا الْحَيَـاةُ الـدُّنْيَا لَعِـبٌ وَلَهْـوٌ وَزِينَـةٌ وَتَفَـاخُرٌ بَيْـنَكُمْ وَتَكَـاثُرٌ فِـي الْـأَمْوَالِ وَالْأَوْلَـادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرّاً ثُمَّ يَكُونُ حُطَاماً وَفِي الْـآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ } الحديد٢٠

بزانن، ژیان لـەدنیایە هەر گەمەو بادی هەوایـە، بـۆ خـۆ بـە جـوان نیشـاندان و،خـۆ لـەسـەر یـەکتر ڕانـان و فرەبـوونی منـاڵ و داراییتانـە و، وەك چـناوێك (تـۆوێکی وەشـێنراو) بـە هـۆی بارانـەوە شـین بـووەو وەرزێری پێ خـەنی بـووە و بـەرە بـەرە وشـك دەبـێ و دەبینـی زەرد هەڵگـەڕاوەو لـە دواییـدا بووەتـە کـاو کۆتی بەربا.

ئەمــە دیمــەنێکی جــولاوە،وەك ئــەوەی فلیمێکــی کــورت بێــت و تیایــا ژیــانی دنیــا ببیــنین کەچــەند کورتــە،بــەلاّم خــۆ هەربەوەنــدە نابڕێتــەوە شــتێکی زۆر گــرنگ مــاوە، ئــەویش جیــاوازی ژیــانی دونیــاو ئــەو زەرعاتە ئەوەیە کە لێپرسینەوە هەیەو لـە قیامەتداو ئـازاری دژوارو لێخۆشبوون و ڕەزامەنـدی خـوا هەیـە. ژینی دنیا هەر مایەی خەلّەتاندنەو چی تر نییە.

٨٢- { أنـزَلَ مِـنَ السَّـمَاء مَـاء فَسَـالَتْ أَوْدِيَـةٌ بِقَـدَرِهَا فَاحْتَمَـلَ السَّـيْلُ زَبَـداً رَّابِيـاً وَمِمَّـا يُوقِدُونَ عَلَيْـهِ فِي النَّـارِ ابْتِغَـاء حِلْيَـةٍ أَوْ مَتَـاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُـهُ كَـذَلِكَ يَضْرِبُ اللّـهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّـا ا لزَّبَـدُ فَيَـذْهَبُ جُفَـاء وَأَمَّـا مَـا يَنفَـعُ النَّـاسَ فَيَمْكُـثُ فِـي الأَرْضِ كَـذَلِكَ يَضْـرِبُ اللّـهُ الأَمْثَـالَ } الرعد١٧

لـەو ئاسمانـە ئـاوێکی دارژانـدووە، پڕاوپـڕی بارسـتایی نـەوالآن دێ، لـەهی (لافـاو) کـەفێکی بلّنـدی هاتەسەر،هەروەك ئەو کەفەی بەهۆی ئاگردەماندنیٚ، دێتە سەر کەرەستەی خشلّ و ئەسبابی تر.

بەم تەرزە خوداش باسـی راسـت و دەغـەلّ دەخاتـە ڕوو.جاکەفەکـە لـەناو دەچـێ و هـەر ئـەو شـتەی کـە بۆ مەردوم بەهرەی هەیە دەمێنێتەوە.خودا ئاوا نموونە دەهێنێتەوە.

***

## موعجیزەی بەردەوامی قورئان

خـوای گـەورە بـەردەوام مـوعجیزاتی ئـەم قورئانـە دەردەخـات تـا خـەڵكی لەهـەموو كـات و شـوێنێكدا بۆیـان دەربكـەوێ كـە ئـەم ئایینـە هەقـەو لـە خواوەیـە: {سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَـا فِـي الْآفَـاقِ وَفِـي أَنفُسِهِمْ حَتَّـى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ }فصلت٥٣

لە پەڕاوەكانی پێشـترماندا ئاماژەمان بـە دەیـان مـوعجیزەی قورئـان داوە، لـەبواری زانسـتی و تەشـریعی و پزیشكی و مێژوویی و....هتد.وەك:

١–قۆناغـەكانی كۆرپەلـە لەناومناڵدانـدا.كـە بـووە هـۆی موسـڵمانبوونی ژمارەیـەكی زۆر زانـای ئـەو بوارە وەك پرۆفیسۆر كیث مۆر.

٢– دۆزینـەوەی لاشـەی فیرعـەونی میسـرو كەشـف كردنـی نـاوی هامـان كـە لـەزەمانی فیرعـەون دا بەرپرسی بیناسازی بووە كە بووە هۆی موسلمانبوونی پرۆفیسۆری نوژداری فەرەنسی مۆریس بۆكای.

ناوبراو دەڵێت: دیراسـەی قورئـانم كـرد وبـۆم دەركـەوت كـە قورئـان هـیچ شـتێكی تیانیـە كـە بتـوانرێ بە زانستی سەردەم رەخنەی لێبگیرێت.

٣– مـوعجیزەی دابـەش كردنـی مـیرات بـە چـەند ئایـەتێك كـە بـووە هـۆی موسـڵمانبوونی زانایـەكی جوولەكەی پسپۆڕ لەو بوارەدا.

٤–دۆزینـەوەی ئاسـەواری كەشـتی نـوح لەسـەر شـاخی جـودی كـە قورئـان دەفـەرموێت{ وَقِيلَ يَـا أَرْضُ ابْلَعِـي مَـاءكِ وَيَـا سَـمَاء أَقْلِعِي وَغِـيضَ الْمَـاء وَقُضِـيَ الأَمْـرُ وَاسْـتَوَتْ عَلَـى الْجُـودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ } هود٤٤

{ وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ }القمر١٥

بەڵێ ئەو ئاسەوارەی هێشتەوە تادوای نوح پەندی لێوەرگیرێت.

٥–زەرەرو زیـانی سـووخواردن كـە خـوا لەقورئانـدا جـەنگ رادەگەیـەنێت بەرامبـەر سـووخۆران{ فَـإِن لَّـمْ تَفْعَلُـوا فَـأْذَنُوا بِحَـرْبٍ مِّـنَ اللّـهِ وَرَسُـولِهِ وَإِن تُبْـتُمْ فَلَكُـمْ رُؤُوسُ أَمْـوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُـونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ } البقرة٢٧٩

لـەم سـاڵانەی دواییـدا ئـابووری جیهـان تووشـی كارەسـاتێكی گـەورە بـوو،وە بـەدەیان بـانكی گـەورە ئیفلاسـیان كـرد، كەئەمـەش موعجیزەیـەكی گەورەیـە كـە لەچـواردە سـەدە لەمەوبـەرەوە جڵـەو گـیری كردووە لە سووخواردن و ئەمڕۆ لەهەمووكات باشتر لەو موعجیزەیە تێدەگەین.

٦-لەم دواییەدا موعجیزەیەکی تری گەورەی ئەم قورئانە زیاتر دەرکەوت کەدەفەرموێ: { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ كَثِيراً مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ } التوبە٣٤

ئەم ئایەتە باس لەوەدەکات کە پیاوانی ئایینی گاورو جولەکەکان پارەی خەلکی بەناهەق دەخۆن، ئەوەتا دوای زیاتر لەچواردە سەدە دەنگوباسەکان دەلێن:پاپای فاتیکان بۆ یەکەم جارە لە شەش سەد ساڵ لەمەوبەرەوە کە دەست لەکاربکێشێتەوە، هۆی دەست لەکارکێشانەوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فەسادی رەوشتی و فەسادی مالی لە دەزگاکانی فاتیکان دا.

لۆبیەکی شازی جنسی قەشەکان هەیە لە فاتیکان، هەروەها تەنها لە ئەمریکا سێ هەزار شکات کراوە لە قەشەکان لە ساڵی ١٩٨٤ەوە تا ساڵی ٢٠٠٩ کە دەستدرێژیان کردۆتە سەر منالّ ئەمەش وای لە کەنیسەکان کرد کە دوو ملیار دۆلار بدەن بە قەرەبووی ئەوانەی کە ئەو ناهەقییەیان بەرامبەر کراوە، ئەمەبێجگە لە ولاتەکانی تریش کە بەتەواوی ئابڕووی کەنیسەکان و پیاوانی کەنیسە چووە.

هەروەها هۆکارێکی تری ئەو دەست لەکارکێشانەوەیە ئەو فەسادە مالیەیە کە لە بانکی فاتیکانەوە دەرکەوت کەپارەیەکی زۆری سپی کردۆتەوەو دووجار لەماوەی سێ ساڵدا (٢٠٠٩-٢٠١٣)لەلایەن دەسەلاتدارانی ئیتالیاوە بەڕێوەبەری بانکەکە بەناوی (جوتی تیدسکی ) بانگکرا بۆ لێپرسینەوە.

ئەمانەو زۆر نهێنی تری فاتیکان ئاشکرابوون بەهۆی خزمەتکاری تایبەتی پاپاوە کەناوی (جابیرللی) یەو لەسەر ئەم کارەشی هەژدە مانگ بەبەندکردن سزادرا کە دواتر پاپا لێی خۆش بوو.( ناوبراو دەلێ من ئەوەم بۆیەکردووە سابەلکو فاتیکان و کەنیسەکانی راست بینەوە ).

کەلامی خوایە کەئەوە رەوشت و خووی زۆرێك لە پیاوانی ئایینی گاورو جوولەکەیە، تۆ بلێی راست بینەوە؟ ئەستەمە!! ئەوەتە پاپا بێهیوابوو وازی هێناو وتی:لەکاتی تەنگژەکاندا بۆم دەرکەوت خوا نووستووە.

ئێ دیارە خوا ناچێ بەهانایانەوە،لەکاتێکا کە خوا لای ئەوان سیانە!!

کەئەمەش کفری تەواوە!!

کێ هەیە بێجگە لەخوا بتوانێ لە چواردە سەدە لەمەوبەرەوە باسی ئەحبارو راهیبەکان بکات و ئەمڕۆش لە هەموو کات زیاتر گەندەڵییان لێدەربکەوێ (خوایە من شایەتی ئەدەم کە ئەم پەیامە هەقەو تۆ بۆت ناردووین، بە سەرداری پێغەمبەراندا (د.خ). گۆڤاری المجتمع ٢٠٤٥ /٢٣-٣-٢٠١٣ ).

٧- چواردە سەدەیە خوا پەیمانی داوە کە ئەم ئایینە سەربخات بەسەر هەموو بەرنامەو رێبازەکانی تردا { هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ }الصف٩

ئەمڕۆ لە هەمووکات زیاتر موعجیزەی ئەم پەیمانە دەبینین، حەزرەتی عیسا سەلامی خوای لێبێت دەچێتە خەوی ئافرەتێکی راهیبەوەو فەرمانی پێئەدات کەموسڵمان بێت، کەئەمەش بەدەنگ و رەنگ هەیە لە یوتیوب دا کە ئەو راهیبەیە باسی موسڵمانبوونی خۆی دەکات.

هەروەهابەرێوەبەری کۆلێژی پاشایەتی مەشقی فڕۆکەوانی سەربازی بەریتانی پرۆفیسۆر جۆیل هایۆرد کە لە ساڵی ١٩٦٤ لەدایك بووەو لە ٢٠٠٧ -٢٠١١ لەو پۆستەدا بووە موسڵمان بوو، ناوبراو نووسەرێکی چالاکەو زیاتر لە بیست پەڕاوی نووسیوەو لەدوای موسڵمانبوونیشیەوە چەند پەڕاوێکی لەسەر ئیسلام نووسیوەو وەڵامی زۆر پرسیاری دەربارەی ئیسلام داوەتەوە.

لاوانی موسڵمانی بەریتانیا بڕیاریان دا کە هەستن بە هەڵمەتی پاکردنەوەی بەفری بەر ماڵان سابەڵکو لەو رێگایەوە خەڵکی بانگ بکەن بۆ ئیسلام.

لە مزگەوتێکی تورکیا ئەو منااڵنەی ١٨٠ نوێژئامادەی نوێژی مزگەوت ببن ئایپادێکیان بەدیاری ئەدەنێ.

عبد الواحید پیرەسن بانگخوازی ئیسلامی دانیمارکی دەڵێت: ساڵی ١٩٨٥ کە من موسڵمان بووم دە پانزە موسڵمانی دانیمارکی هەبوون، ئێستا هەفتانە دە پانزە کەس لە نووسینگەکەی من موسڵمان دەبن.

٨-هەندێ زانیاری سەر سورهێنەر لە قورئاندا:

یەکەم: وشە یەکسانەکان

١- الدنیا (١١٥) جارو الاخرة (١١٥) جار دووبارە بوونەتەوە.

٢-مەلائیکەت (٨٨)جارو (شەیتان) (٨٨) جار.

٣-(الناس )(٥٠) جار و ( الانبیاء) ( ٥٠ ) جار.

٤- (صلاح )(٥٠)جارو(فساد) (٥٠) جار.

٥-(الزكاة) (٨٨) جارو (البركة) (٨٨) جار.

٦-(الرجل)( ٢٤) و(المرأة )(٢٤) جار.

٧- (الحیاة) (١٤٥) جار و (الموت) (١٤٥) جار.

٨-(الصالحات) (١٦٧) جارو (السیئات )(١٦٧) جار.

٩-(الشدة) (١٠٢) جارو (الصبر ) (١٠٢)جار.

١٠-(المصیبة) (٧٥) جارو (الشكر ) (٧٥) جار.

دووەم: چەند لێکچونێك:

١-(الصلاة )(٥) جاردووبارە بۆتەوەو رۆژی (٥) جار دەکرێت.

٢-(الشهور )(١٢) جاردووبارە بۆتەوەو مانگەکانیش (١٢) ن.

٣-( الیوم)(٣٦٥)دووبارە بۆتەوە و ساڵیش (٣٦٥) رۆژە.

٤-(بحر)(٣٢) جار هاتووەو(البر ) وشکانی ١٣ جار هاتووە کۆیان بکەرەوە دەکاتە ٤٥ ئنجا ٣٢دابەش بکە بەسەر (٤٥) دا دەکاتە (٧١.١١١ ) کەئەش رێژەی سەدی ئاوە لەزەویدا وبەهەمان شێوەش (١٣) دابەش بکە بەسەر (٤٥) دا دەکات(٢٨،٩) کەرێژەی وشکانیە لەزەویدا.

## دوونموونە لەئەهلی قورئان

١-شێخ محمد حەسسان دەڵێت: دکتۆرێکی میسری حاڵەتێکی بۆ گێرامەوە و سوێندی لەسەر خوارد کەزۆر سەیر بوو بەلایەوە و وتی: پیاوێکی تەمەن شەست ساڵان سەرو ریش سپی هات

نەشتەرگەری بۆ بکەین، سەیرم کرد دەگری، وتم: بۆچی دەگریت؟ وتی: پرسیارم کردووە نەشتەرگەریەکە چوار بۆشەش سەعاتی پێدەچێت وناتوانم لەوماوەیەدا ویردی ڕۆژانەی قورئان بخوێنم.

وتم: بۆ تۆ ڕۆژی چەند دەخوێنی؟ وتی:ڕۆژی دە جزم و هەر سێ ڕۆژ جارێك خەتمێك دەكەم. بەڕاستی خۆمم لەبەرچاو کەوت کەئەو بەوتەمەنە وبەنەخۆشیەوە ئاوا هۆگری قورئانە و منیش بەهەزار حاڵ ئەگەر ڕۆژی جزمێك بخوێنم و لەشیشم ساغە!

ئنجا سەیری کردم و وتی: کوڕم داوایەکم هەیە.

وتم: فەرمووا!

وتی: کە بردتانم نەشتەرگەریەکەم بۆبکەن سەعاتێك بەجێمبهێڵن ودوای ئەوە چیتان دەوێ بیکەن.

وتم: باشە بەسەرچاو،ئامادەکراو برایە ساڵەی نەشتەرگەریەوە وسەعاتێك بەجێمان هێشت قورئانی دەخوێند،ئنجا چون بەنجیان کرد،سبحان اللـه چونکە دڵی لای قورئان بوو خەمی قورئانی بوو خواشایەتە بەو بەنجکراوییەش کە ئێمە ئەشتەرگەریمان بۆ دەکرد ئەو بەدەنگی بەرز قورئانی دەخوێند،دیارە ئەمە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی ئەو پێغەمبەرە سەروەرەیە "صلی اللـەعلیەوسلم" کە دەیفەرموو: من هەرچەن چاوم دەخەوێت بەڵام دڵم هۆشیارە.

## ٢- بۆنی گوڵاو لە قەبرەکەی دێت:

ئەمەل محمد ئەلنەقبی مامۆستای وانەی ئاینی ئیسلام بوو لەقوتابخانەیەکی وڵاتی شارقە،لە١٤ دیسەمبەری ٢٠١٠ وەفاتی کرد لەتەمەنی ٣١ ساڵیدا،ئەم ئافرەتە هەمیشە زەردەخەنەی لەسەر لێوبوو،گوێڕایەڵی دایکی بوو،تووڕە نەدەبوو،دەمەدەمێی لەگەڵ کەس نەدەکرد،هەرکاتێك بەڕێوبەرەکەی سەردانی دەکرد لەکاتی فەراغیدا دەیبینی قورئان دەخوێنێ،هەموو شەوێك کاتژمێر دەونیو نامەی بۆ هاوەڵانی دەناردو یادی دەخستنەوە کە سورەتی الملك بخوێنن پێش نوستن،شەوی سێشەمە نامەکانی دیار نەبوو،تومەز بارو بارگەی پێچاوەتەوە بەرەو قەبرو قیامەت..

ئەوەی جێی تێرامانە کە گڵی سەرقەبرەکەی بۆنی گوڵاوی لێئەهات،تۆزێ گڵی سەر گۆڕەکەیان بردەوە بۆ دایکی تا ماوەیەکی زۆر هەست بە بۆنەکەی دەکرا.مێردەکەی کە ناوی (مشعل علی

النجار)بوو وه شوبراكەی و چوار كەسی تر سەردانی قەبرەكەیان كرد و هەموو بۆنە خۆشەكەیان كرد و بە فیدیۆ ئەمەشیان تۆماركرد،كەلە یوتیوبدا هەیە.شایانی باسە (ئیمامی حەرەم علی جابر)یش كەمرد قەبرەكەی بۆنی گولاوی لێدەهات.

**دواوتە**

بەوهیوایەی كە لەم گەشتە قورئانیەدا سوودتان وەرگرتبێ ورەحمەت و سەكینەت داپۆشیبن و مەلائیكەت دەوری دابن و خوای گەورەش لای خۆی باسی كردبن (ما اجتمعَ قومٌ في بيتِ من بيوتِ اللهِ يتلون كتابَ اللهِ ويتدارسونه بينهم إلا غشيتْهم الرحمةُ ونزلتْ عليهم السكينةُ وحفتْهم الملائكةُ وذكرَهم اللهُ فيمن عنده)
الراوي - :المحدث:ابن تيمية - المصدر :مجموع الفتاوى - الصفحة أو الرقم :
:١١/٥٧٥صحيح

وەدڵەكانمان نەرم بووبن و گەشابنەوە بە قورئان تا بەر ئەو گلەییە خواییە نەكەوین كە قورئان دەفەرموێت: { أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ }الحديد١٦

بۆ كەسانی خاوەن باوەڕ، ئاخۆ كاتی ئەوە نەهاتووە كەدڵیان بۆ یادی خواوبۆ ئەو راستیەی ناردوویەتی نەرم ببێت و،بەدەردی ئەوانە نەچن كە لە پێشدا ئێمە كتێبمان دابوونێ و ئەوسا لەپاش ماوەیەكی زۆر تووشی دڵڕەقی هاتن و زۆربەیان لە ڕێ لایان دا؟

***

# زەردەخەنەی

# هیوا

**بەرگی دووەم**

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و درودو سەلامیش لەسەر گیانی پێشەوا و ڕابەرمان و یار و یاوەر و شوێنکەوتووان.

نامیلکەی ڕووسپییەکان و بالآنس تەواوبوون و کەوتنە بەر دیدەی خوێنەران، زۆر دڵخۆش بووم و زۆر سوپاسی خوا دەکەم کە سوودێکی زۆری لێ بینراوە، ئەوەی کە پێم گەیشتوەتەوە:

١- بەڕێزێك لەفەیسبووك پێی ڕاگەیاندم کەسەرتاپا ژیانی گۆڕدراوە بەو کتێبانە. سوپاس بۆخوا کە بەفەزڵ و کەرەمی خۆی ئەوانە بەرهەم هاتوون.

٢- بەڕێزێك لەکەلار کە نوێژی نەکردووە نامیلکەی ڕووسپییەکانی دەستدەکەوێت، پاش خوێندنەوەی بەگریانەوە دەچێتە کتێبخانەیەکی کەلار و داوای کتێبی تری بەندە دەکات و لەسایەی خواوە زۆر سوودی لێ بینیبوون.

٣- زۆر بەڕێزی تریش کەخوێندویانەتەوە فرمێسکی زۆریان ڕشتووە بەهۆی کاریگەری بابەتەکانەوە، دیارە فرمێسکیش لەترسی خوا، لەبەر خۆشەویستی خوا، لەپەشیمانی و گەڕانەوە بۆلای خوا، مایەی سەرفرازی یە و ئەو کەسە بەئاگری دۆزەخ ناسوتێت.

خۆشەویستێك وتی: دوای ئەمانە چیت بەدەستەوەیە؟ وتم: جارێ نازانم خواکەریمە، بزانم خوا چی بەنسیب دەکات..

لەڕاستیدا من حەزدەکەم بخوێنمەوە، خەریکە لەخۆشیا شاگەشکە دەبم کەشتێکی تازە فێر دەبم، لەبەر زەرورەت نەبێت حەزناکەم نووسین کاتم لێ بگرێت، هەرچەندە نووسینیش پێویستە تا ئەو هەموو زانیاریە بگاتە دەست ئەوانەی کەبەدوایا وێڵن و قەدری دەزانن.

ئەمجارەش بەحوکمی گەڕان و خوێندنەوە ڕێم لەم بابەتانە کەوت، کە ئەم بەشەیان ناوم نا (زەردەخەنەی هیوا) بەوهیوایەی کە هەردەم دڵتان پڕبێت لەهیوا و هەرگیز نائومێدی ڕووتان تێنەکات چونکە { يَا بَنِيَّ اذْهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلاَ تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ }یوسف٨٧

ئەی دوای ئەمە؟ ئەگەر تەمەن بوار بدات و خوا یار بێت ئەمە دووەم نامیلکەیە لەزنجیرەی (هەزارودوو)،کەیەکەمیان دیمەنەکانی قورئان بوو، جانازانم ئەگەمە کوێ، ئاخۆ قەدەرمان چۆن دەبێ...

گرنگ ئەوەیە کاتێ نوێیوونەوەم نووسی وتم: پشت بەخوا تا هەزار و یەك بابەتی ئیمانی نەنووسم ناوەستم، خوای گەورە ئاسانی کردو بە سێ ساڵێك تەواو بوو، زنجیرەکەش دە بەشەو لەیەك بەرگدا کۆکراونەتەوە و ناوم نا هەزار و یەك.

بۆ ئەم زنجیرەیەش تاهەزارو دوو بابەتی ئیمانی و دەعەوی ناوەستم، بەهیوای دوعای خێرتان، وا یەکەم بەشی تەواو بووە بەناوی (دیمەنەکانی قورئان ) وئەمەش دووەمەو،سێیەمیش ناوم ناوە (فیداکارانی ئیسلام ) سابەڵکو ئەوانی تریش، بەدوایانا بێن.. ئەمەش هەمووی بۆئەوەیە بەڵکو بگەینە ئەوەی کەژیان و مردنمان بۆخوا بێت، هەروەك چۆن لەدەستپێکردنی نوێژەکانماندا دەڵێین (إن صلاتی ونسکی و محیای ومماتی لله رب العالمین)..

وا پاش زیاتر لە چل و پێنج ساڵ خوێندنەوە و نوسین و بانگەوازکردن لەهەموو کات زیاتر دڵنیام کە ئەم ئیسلامە دەوڵەمەندە، هەزار و چوارسەد ساڵە لەسەری ئەوترێت و لەسەری ئەنوسرێت و قوربانی بۆ ئەدرێت، ئەمڕۆ دنیا وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووە، زۆر حەیفە کە وتاربێژێك یان بانگخوازێك پەکی بکەوێت و حەقی کارەکەی نەدات.

جائێمەش وەك ئەو مامۆستا بەرێزەی کە بۆ سوعبەت بە هاوسەرەکەی دەوت: هەستە جێی چوارت لێگرتووم و پەرداخێ ئاویش ناهێنی؟! بەو بەرێزانە دەڵێین: ئاخر ئێوە مینبەرەکەی رسول الله تان لێگرتووین و حەقی کارەکەشتان نادەن، بەیانیانی هەینی بەپەلەپەل شتێك هەڵئەپرووزێنن یان نا هەر وتارە چەند جار وتراوەکانی ساڵانی ڕابردوومان بۆ دووبارە دەکەنەوە؟! لەخوابترسن، وتاربێژێکی بەرێز دەناسم کە گەنج بووم لەهەشتاکاندا چ وتارێکی داوە و گوێم لێی بووە ئەمڕۆش هەرهەمان وەرەقەیە دەیخوێنێتەوە، بەداخەوە! نازانم چۆن هەفتەکە جێ بەخۆیان دەگرن، چۆن خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە دەبوێرن، مەگەر ئەوانیش وەك شوانەکانی تر بەرپرسیار نین (کلکم راع و کلکم مسؤول عن رعیته)..

بەتایبەت لـەم ڕۆژگارەدا کە بەهەموو شێوازێك دژایەتی ئیسلام دەکرێت، لـەرێی سەدان کەناڵی ئاسمانی و سەدان کۆمەڵەی بەناو خێرخوازی و هتد..بەناوی دژایەتی تیرۆرەوە دژایەتی ئیسلام دەکرێت، جەنەڕاڵی ئەمریکی ویسلی کلارك دەڵێت:

(هەرکەس وادەزانێت ئێمە چووینە سەر ئەفغانستان بۆتۆڵەی ١١ی سێپتەمبەر، هەڵە حاڵی بووە و با هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە، ئێمە هاتینە سەر ئەفغانستان بۆ مەسەلـەیەك کەناوی ئیسلامە، ئێمە نامانەوێ ئیسلام پرۆژەیەکی ئازاد بێت و موسوڵمانان بڕیاربدەن کە کامەیە ئیسلام، ئەوە ئێمەین کەبڕیاریان بۆ ئەدەین ئیسلام کامەیە نەك خۆیان) بەواتایەکی تر ئەبێ دوای ئیسلامێکی ئەمریکی بکەوین، کەلـەلایەن ئەوانەوە دیاری ئەکرێت..

### ١) ژیان تاقیکردنەوەیە:

هەرچەند لـەژیان وردبینەوە دەبینین پڕە لـە خۆشی و ناخۆشی وبەرزی و نزمی و ساغی و ناساغی، ئەمانەش هەمووی تاقیکردنەوەن لـەخواوە،تا ئەم ئینسانە خاوەن نسیانە ڕاستیەکانی بیرنەچێتەوەو هەمیشە لـە ئامادەباشیدا بێت بۆ سەفەری قیامەت،( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ) آل عمران١٠٢. ئەی بڕواداران بەچاکی پارێزکاربن و بەموسڵمانەتی نەبێت نەمرن.

وتمان هەرچیمان تووش بێت تاقیکردنەوەیە، تەنانەت سەرلـەبەری ژیانیش بۆ خۆی تاقیکردنەوەیە (الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ )الملك٢ ئەوەی کەگرنگە لـە ژیاندا بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە ئەوەیە کە ئارامبگرین، ئەگەر پاداشتی هەندێ کردەوە یەك بەدە یان یەك بەحەوت سەد بێت ئەوە پاداشتی ئارامگرتن بێسنوورە( قُلْ يَا عِبَادِ الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا رَبَّكُمْ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ) الزمر١٠، واتە ئەی بەندە بڕوادارەکانم خۆتان لـەسزای خوا بپارێزن، ئەوانەی چاکە بکەن لـەم دنیایەدا پاداشتیان چاکەیە، زەوی خواش فراوانە و سەری دنیاتان لێنەیەتەوە یەك، بەڕاستی ئەوانەی ئارامدەگرن پاداشتیان بێسنوورە.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە کە تێڕوانیمان بۆ ژیان و مردن و خۆشی و ناخۆشی بەجۆرێك بێت کە بزانین هەمووی تاقیکردنەوەیەو لـە خواوەیە، جا لـەسەر خۆشی و دەستکەوتەکان سوپاسگوزاربین و لـە خۆمان بایی نەبین، وەلـەسەر ناخۆشی وئەوانەش کەلـە دەستمان دەچن ئارامبگرین بەمەش لـەهەردوو بارەکەدا پاداشتی گەورە وەردەگرین ( عجبًا لأمرِ المؤمنِ. إن أمرَه كلَّه خيرٌ. وليس ذاك لأحدٍ إلا للمؤمنِ. إن أصابته سراءُ شكرَ. فكان خيرًا له. وإن أصابته ضراءُ صبر. فكان خيرًا له ) مسلم

بۆئەوەی زیاتر لـەمە تێبگەین نموونەیەك باس دەکەین:

دکتۆر ئیبراهیم فەقێ کەسایەتیەکی ناسراوە لـەدنیادا بەهۆی ئەوەی کە ڕاهێنەرێکی مەزن و پسپۆڕێکی گەورە بوو لـەبواری گەشەی مرۆییدا، چەندەها دەوراتی کردۆتەوەو بەهەزاران کەسی مەشق پێکردووەو چەند پەڕاوی نایابی نووسیوە کە بۆ چەند زمان وەرگێردراون وەك ( ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی و...هتد).

(ئەمەل)ی هاوسەری دەڵێت:کەویستمان بچین بۆ کەنەدا هەزار دۆلارمان پێبوو، هەر لـە فڕۆکەخانە دووکاتژمێری بۆ خۆم و خۆی کڕی،وتم: باشە بۆچیمانە ئێمە پێویستی زۆرمان بە پارەیە؟ وتی: ژیانی جدیەت و هەوڵمان لێرەوە دەست پێدەکات، سەرەتا لـە کارگوزاری ئوتێلـەوە دەستی پێکردو بووە بەڕێوەبەری ئوتێل و دواتریش بەهەوڵ وکۆششی زۆرو تەوفیقی خوا بووە کەسایەتیەکی ناسراوی جیهانی لـەبواری گەشەی مرۆییدا.ڕەحمەتی زۆر حەزی لـە شەهیدبوون دەکرد، خوای گەورەش ئاواتەکەی هێنایە دی و بەخنکان بەدوکەڵ لـە شوقەکەیدا لـە جومعەداگیانی سپارد.

ڕەحمەتی لـە وتارێکدا باسی ئەزموونێکی خۆی دەکات و دەڵێت: تووشی سەریەشەیەك بووم خەریك بوو لـەتاو ئازار سەری خۆم بدەم بەداروبەردا، سی و سێ ساڵ لـە کەنەدا بووم، چوومە لای پزیشك، ئەویش بەبێ پشکنین لـەکۆڵ خۆی کردمەوەو حەبی ئازاری بۆ نووسیم، بەمەرجێ لـەو وڵاتە هەر پزیشکێ بێ پشکنینی تەواو دەنکێ حەب بۆکەسێ بنووسێت بڕوانامەکەی لێدەسێنرێتەوە؟!.

چوومە لای پزیشکێکی ترو پشکنینی تەواوی بۆکردم و ئەشیعەی سیتی سکانی بۆگرتم وەدەرکەوت کە جەڵتەی دەماخم تووش بووەو حاڵەتەکەم زۆر مەترسیدارە و بیست وچوار سەعاتیان

بۆدانام، شەش رۆژ لە ژووری چاودێریدا مامەوەو زۆر بێاقەت بووم کە نە ئەبوایە لەشوێنی خۆم بجولێم.چونکە دەیانووت هەرچی بێتە ئێرەو وەك تۆ بێت یان بەمردوویی یان بە ئیفلیجی دەچێتە دەرەوە.

لە خەستەخانە کاتژمێر یانزەونیوی شەو منالێکی حەوت سالآن هات بۆلام کە وەرەم لەسەریدا هەبوو،کە بەوحالەوە بینیمی وتی: بێتاقەتی؟ وتم: برۆ مەگەر ئەی من بۆ لێرەم؟

وتی:پێویستە تۆ دیاری وەربگریت؟؟

وتم: دیاری چی؟؟

وتی:دیاری خوایی،ئەوەتا من تووشی شێرپەنجەی دەماخ بووم و سبەینێش نەشتەرگەریم بۆ دەکرێت وریژەی سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکەش لەسەدا یەکەو، زۆر دلخۆشیشم بەدیارییەکەی خوا.

ئەم قسانەی ئەو منالە نامەیەك بووخوا بۆی ناردم، تەزوویەکی هێنا بەگیانما لە تەوقەسەرمەوە تابنی پێم، هەرچەندە بۆ سبەینێ ئەو مرد، بەلآم وانەیەکی گەورەی دا بەمن و بە هەزارانی وەك من، بەخۆمدا چوومەوەو زۆر لە خوا پاڕامەوەو وتم: خوایە هەرچی موعجیزاتە لە تۆوەیەو چیت بوێت ئەتوانی بە (کن فیکون) بیکەیت، داوای لوتف و بەزەیی تۆ دەکەم،بەڕاستی پشتم بەخوا بەست و بەهیواوهیممەتێکی نوێوە سەیری نەخۆشیەکەمم کرد،دوای تەنها دە خولەك وتم: ئەو ڕۆبەم بدەنێ ئەچم دەستنوێژ دەشۆم.

دکتۆر وتی: دەستنوێژی چی؟ تۆ حالت خەتەرەو نابێ بجولێی ئەگینا دەمریت.

وتم: ئەی بۆ تۆ نامریت؟؟

دەستنوێژم شت و بەڕاستی روومکردە خوا،خوای گەورەش شیفای دام وئەو پەلە خوێنەی لەسەرما بوو لە دوو سانتیمەترەوە بوو بە نیو سانتیمەتر. دواتر ئەم بەسەرهاتەم کرد بە کتێبێك و ناوم نا خۆشترین شەش رۆژ لە ژیانمدا.

راستە ئێمە ئەچینە لای دکتۆرو دەرمان بۆ چارەسەر بەلآم نابێت بیرمان بچێت کە شیفا لای خوایە(وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ) الشعراء٨٠

برادەرێکم شێرپەنجەی مێشکی بوو پێیان وت: شەش مانگی تر دەمریت، کەچی بیست و چوار ساڵ ژیاو بە رووداوی ئوتۆمبیل گیانی لەدەستدا.

بڕوادار دڵنیایە کەژیان و مردنی، رزق و رۆزی بەدەست خوایە، بۆیە هەمیشە چاوی لە قاپی رەحمەتی ئەووەو بەدڵنیاییەوە ژیان ئەباتە سەرو سەربۆکەس شۆڕناکات (الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ )الرعد٢٨، شافیعیش کە قوتابی قوتابخانەکەی ئیسلامە دەڵێت:

همتی همة الملوك ونفسی تری المذلة كفرا

أنا ان عشت فلن أعدم قوتا أنا ان مت فلن أعدم قبرا

**( ٢) قەزاو قەدەر**

بڕوادار بڕوای هەیە بە قەزاوقەدەر (خیره وشره)، نەخۆشی ئەگەر قەدەرێکی شەڕیش بێت، ئەبێ دەستەوسان نەبێ لە بەرامبەری و هەوڵبدا بیگۆڕێت بەهۆی قەدەرێکی خێرەوە کەداوودەرمان و چارەسەر کردنە.

شێخ عبدالقادری گەیلانی دەڵێت:زۆر لەخەڵکی کە دەگەنە قەزاو قەدەر دەوەستن، بەلآم من پەنجەرەیەکی بچووکم بۆ کرایەوەو لێیەوە سەیری مەسەلەکەم کرد (فنازعت أقدار الحق بالحق للحق ) واتە رووبەرووی ئەقداری هەق بوومەوە بەهەق و لەبەر هەق.واتە هەرچیمان تووش دەبێت هەقەو لە خواوەیەو تاقیکردنەوەیە، بەقەدەرێکی هەقی تر رووبەڕووی دەبینەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین ئەمەش لەبەرئەو خوایە دەیکەین کە هەقە.

عومەری کوڕی خەتاب کەچوو بۆ شام و زانی تاعون بلآوبۆتەوە ویستی بگەڕێتەوە پێیان وت: لەقەدەری خوا رادەکەیت؟؟وتی: بەڵێ لەقەدەری خوا رادەکەین و دەکەوینە ناو قەدەری خواوە،ئەگەر کەسێك مەڕو مالآتی پێبێت شوێنەکەی لەوەڕی نەبێت، ناچێت بۆ شوێنێکی تر لەوەڕی لێبێت؟؟هیچ دەڵێ قەدەری خوایەو لە شوێنە بێ لەوەڕەکەدا بمێنێتەوە؟؟

برادەرێکم بۆی گێڕامەوە کەپووری ناوی سارەیە شووی کردبوو بەپیاوێك منالی نەدەبوو، کابرا هەژار بوو وردە دەوڵەمەند بوو، کابرا ژنێکی تری هێناو منالی نەبوو، دووەمی تەلآقداو، وتی:

ژنی تردێنم، پێیان وت: باشە فەحسێکی خۆت بکە کێ دەڵێ خەتاکە لە خۆتەوە نیە؟ فەحسی نەکردو بەیەکەمی وت:مەکینەیەکی بەرگدروونت بۆ دەکڕم خۆت بژێنە و ئەمیشی تەڵاقدا، سارە خان زۆر بێتاقەت بوو زۆر دەگریا، دیارە خوا ستەم لەکەس قبوڵ ناکات، پیاوەکە دووژنی تری هێناوهەر منالی نەبوو، لەم لاشەوە سارە خان خەوی دی لەجۆگەیەك دەپەڕیەوە پێغەمبەر (د.خ) دەستی گرت و گوڵێکی جوانیشی دایە، لە خەوەکەدا بەخەڵکی دەوت: ئەها گوڵەکەی من چونکە پێغەمبەر(د.خ داویمێتی لە گوڵەکانی ئێوە جوانتر وگەشترە، بەقەدەری خوا شووی کردەوە بە پیاوێکی باش و ئێستا دوومناڵیشی هەیە، بۆیە بەڕاستی ئەبێ بڕوادار بێهیوا نەبێت و هەمیشە لەیادی بێت کە ئەم دنیایە بێ خاوەن نیە.

### ٣- لەگەڵ قەدەری خۆتا برۆ:

هەوڵی خۆت بدە و ئارامبگرە، شێخ عبدالقادری گەیلانی چاك لەمە تێگەیشتبوو کەدەیوت: ( ئەی غولام لەژێر پلوسکەی قەدەری خوادا بنوو سەرینی ئارامگرتن بخە ژێرسەرت ).

ئەوەی بەشی تۆ بێت و خوا بتداتێ کەس ناتوانێ ڕێی لێ بگرێ،ڕزق و ئەجەلی تۆ دیاری کراوە، بەڕێگەی حەڵاڵ و بەجوانی داوای بەشی خۆت بکە، خۆشەویست (د.خ) دەفەرموێت( إن روح القدس نفث في روعي أنه لن تموت نفس حتى تستكمل رزقها و أجلها ).واتە: جوبرەئیل خستیە دڵمەوە کە هیچ کەسێك نامرێت تارزق و ئەجەلی تەواو نەکات.

ئەمەش چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە لەم بوارەدا، دکتۆر عەبدولحەلیم عوویس کاتێ زانکۆ تەواو دەکات، داوای ئافرەتێکی خزمیان دەکات کەهەر لەمناڵیەوە دەیناسی و دڵی دەیخواست کە بیهێنێ و زۆر گونجاو بوو، کەچی باوکی کچەکە ڕێگر دەبێت و دەڵێت: هەژارەونایدەمێ!

عبدالحلیم ناچار ژن دێنێ و منالی دەبێ و پاش بیست ساڵ ژنەکەی دەمرێت، ئافرەتەکەش لەسەر داوای ماڵەوەی شوو دەکات بە دەوڵەمەندێك و منالی دەبێت و پاش هەمان ماوە مێردەکەی ئەمیش دەمرێت و دیارە ئەمەش قەدەرێکی سەیرە، ئنجا دکتۆر عبدالحلیم دەیخوازێت و پاش ئەو ماوە

دووورودرێژە دەبنە هاوسەری یەکتری و دە ساڵێك پێکەوە دەژین و لەم ساڵانەدا دکتۆر عبدالحلیم مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی ئەزهەر کۆچی دوایی ئەکات.

## ٤-خوا دڵی ناشکێنێت:

خوشکی ئەنەسی کوڕی نضر عەزیەتی خزمەتکارێکی دەدات ودانی دەشکێنێ، کەس وکارەکەی لای خۆشەویست (د.خ) شکاتی لێدەکەن و ئەویش دەفەرموێت: یادەبێ ڕێککەون یان قصاصی لێ دەسێنین، هەرچی خەریك دەبن ڕێناکەون، ئەنەسیش زۆری پێناخۆش دەبێت ودەڵێ: بەخوا هەرگیز شتی وانابێت،دواتر دێن و عەفوی دەکەن، خۆشەویستیش(د.خ) دەفەرموێت: هی واهەیە سوێند بخوا لەسەر خوا بۆ شتێك خوا دڵی ناشکێنێ و بۆی دەکات، ئەمەش دیارە دەرەجاتێکە هەموو کەس نایگاتێ.( لەئوحودا ئەنەس شەهید کرا).( بوخاری )

لە ئێران خاتوو مەلەك سیما کچی شێخ ڕەسولی خانەشور کە چوارکوڕی هەبوو لە کاتی شەڕی عێراق – ئێران دا سەربازبوون، سەیردەکا حاجی یوسفی تاوەگۆزی مێردی زۆر نارەحەت و خەمبارە بۆ کوڕەکانی و دەترسێت بکوژرێن، ئەویش پێی دەڵێت: خەم مەخۆ هەتا من مابم مەرگیان نابینی.

هەرواش دەرچوو، سبحان الله ساڵێك دوای مردنی ئنجا کوڕە گەورەکەی مرد و لەو جەنگەدا کەنزیکەی ملیۆنێك لەهەردوولا کوژرا کوڕەکانی سەلامەت بوون!!.

## ٥- ڕازی بوون بەقەدەری خوا:

ئارسەر ئاش لەشەستەکاندا شەش جار یەکەم بوو لە پاڵەوانێتی تێنسی (ویمبلدۆن)، تووشی شێرپەنجە بوو، بەهەزاران کەس هاوسۆزیان بۆ دەنواند و پەیوەندییان پێوە دەکرد. یەکێك ڕۆژێك نامەیەکی بۆ دەنێرێ و تیایا دەڵێت: بۆچی تۆ لەناو ملیۆنەها کەسدا خوا تووشی ئەو نەخۆشیەی کردیت؟

ئەمیش وەڵامی ئەداتەوە و بۆی دەنوسێت: لەجیهاندا پەنجا ملیۆن کەس یاری تێنس دەکەن، یەك ملیۆنیان باش یاری دەکەن، ئەوانەش کە تەواو شارەزان دووسەد هەزارێك دەبن، تەنها پەنجا

کەسیشیان لە پاڵەوانێتی (ویمبڵدۆن) بەشدار دەبن و تەنها چوار کەسیشیان دەچنە قۆناغی کۆتاییەوە و تەنها یەك کەسیشیان پاڵەوانێتییەکە دەباتەوە، جا من کەشەش جار لـەناو ئەو هەموو یاریزانەدا یەکەم بووم نەمپرسی لە خوا کە بۆ یەکەم بووم، ئێستا چۆن ڕووم دێت بە خوا بڵێم: بۆ تەنها من لـەناو ملیۆنەها کەسدا تووشی ئەو نەخۆشیە بووم.

## ٦-ئاتاجی بەردەوامی مرۆڤ بەخوا:

{ وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ }الأعراف١٦٨ واتە: ئادەمیزاد بەنیعمەت و بەبەلاو موسیبەت تاقیدەکەینەوە بەڵکو پەند وەرگرن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا.

دکتۆر عبدالمحسن الاحمد کە پزیشکێکی سعودی بانگخوازە دەڵێت:

لـەسالآنی پەنجاکاندا خێزانێکی عێراقی ناچار دەبن رووبکەنە ئەمریکا،ئەم خێزانە کوڕێکی شەش ساڵیان دەبێت لـەناو ئەمریکیەکاندا گەورە دەبێت و بڕوای بەهیچ نامێنێت و دەبێتە مولحید، لە زۆر گۆڤارو رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندندا بەرگری لـە بێباوەڕی دەکات وزانکۆ تەواو دەکات و دەبێتە پزیشکێکی ناوداری راوێژکاری دەروونی.

زۆر جار دەچووە کەنیسەکان و دەیویست پێیان بسەلمێنێ کە خوا وجودی نییە. باشە ئەگەر خوا هەیە چۆن ئەم هەموو ناخۆشی ونەخۆشی و نارەحەتیە لـەدنیادا هەیەو بۆ دەهێڵێ کەسانێك لـە برسا بمرن؟؟

لە ولآتی ئەبو زەبی وتارێك ئەدات و پاشان لـەگەڵ زانکۆیەکدا خۆی و هاوسەرەکەی گرێبەست دەکەن و دەبنە مامۆستا. تووشی ئازارێکی ناوشانی دەبێت هەرچی دکتۆرو داوودەرمان هەیە تاقیدەکاتەوە چاك نابێت، رۆژێك لـە مەجلیسێکدا پیاوێکی بیابان نشین پێی دەڵێت: تۆ هەموو شتێکت تاقیکردۆتەوە سوودی نەبووە بۆ دوعاش تاقیناکەیتەوەو ئایەتەل کورسی بەسەر خۆتا بخوێنی؟؟

ئەمیش دەڵێت: من بێبڕوام!

دەڵێ: باشە کەسێك بانگ دەکەین ئایەتەل کورسیت بەسەردا بخوێنێ.کابرایەکیان هێنا بۆ ئەو مەبەستە، هەر سەیری ناوچەوانی کرد وتی: من هەرچیت بەسەرا بخوێنم سوودی نییە، ئەبێ خۆت بۆ

خۆتی بخوێنی، ناچار خۆی شت و شایەتمانی هێناو رۆژی واهەبوو سەدوهەشتا جار ئەو ئایەتەی بەسەر خۆیدا دەخوێند، وردەوردە ئازاری نەما.

پاش ٥٤ ساڵ تەمەن ئنجا تێگەیشت کە ئازارو نەخۆشی و بەلاّو موسیبەت بۆتاقیکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی مرۆڤە تا بگەڕێتەوە بۆ لای خوا.

## ٧- بڵێ (یارب):

عادەتەن ئەوی باوکی هەبێت هەست دەکات پشتی هەیە و خەمی زۆر شتی نی یە، باوکێکی دەوڵەمەند ئاڵتون و موجەوهەراتێکی زۆر دەکاتە سندوقێکەوە و سێ کوڕەکەی بانگدەکات و دەڵێت: دەست بکەن بەسندوقەکەدا و هەریەکە و چەندی دەوێت دەری بهێنێت بەیەکجار، گەورەکە دەستی پیا دەکات، لەبەر ئەوەی دەستی گەورەیە بەشێکی باش بەدەستیەوە دێت، ئنجا ناوەنجی یەکە دەستی پیادەکات، شتێکی باش بەدەستیەوە دێت، بەلاّم بچوکەکە ژیر دەبێت، هەست دەکات دەستەکانی ئەم بچوکن، ئەگەر دەستی پیا بکات هیچی وا بەدەستیەوە نایەت، بۆیە ئەچێتە باوەشی باوکیەوە و دەڵێت: تۆ منت خۆش دەوێت؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ، دەڵێت: دەمن حەز دەکەم تۆ چیت پێ باشە ئەوەم بدەیتێ و تۆ خۆت وەکیلم بە..

باوکەکەش دەڵێ: کوڕینە ئێوە هەریەکە و بەشی خۆتان برد،من دەمەوێ ئەوەی ماوە بۆ برا بچوکەکەتان بێت. (ولله المثل الأعلى) بەڕاستی مرۆڤ ئەگەر خوا بکات بەوەکیلی خۆی تەنها خوای بەسە ( اليس الله بكاف عبده) الزمر - تەنها خوا وەکیلی بێت هیچی تری ناوێت (وكفى بالله وكيلا)، مەگەر ئەو کەسە متمانەی نەبێت بەخوا و بڕوای دامەزراو نەبێت.

دکتۆر عبد المحسن الاحمد دەڵێت: ئەگەر چل کەس پاسەوانم بن بەچەکی قورسەوە، ئیتر چۆن دەبێت بترسم لەیەکێك کەلەدوورەوە بەچەقۆیەکەوە هەڕەشەم لێبکات، ئەگەر ترسام مانای وایە یان هەست بەبونی ئەو پاسەوانانە ناکەم، یان متمانەم پێیان نی یە!.

ئەوەی لەخوا بترسێت خوا دەرگاکانی بۆ دەکاتەوە و لەناڕەحەتیەکان ڕزگاری دەکات {وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً،وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ

جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً }الطلاق٣ خۆشت نازانی چۆن و لەکوێوە بۆت دەنێرێت و فریات دەکەوێت.

دەڵێن: پاشایەك خۆی دەگۆڕێ و بازاڕ بەسەردەکاتەوە، لەبەر دوکانی تابلۆ فرۆشێکدا دەوەستێ و سەوای تابلۆیەك دەکات لەسەری نوسراوە (اتق الله)، کابرای خاوەن دوکان داوای نرخێکی زۆر دەکات، چی هەوڵ دەدات لەگەڵیا کەمی ناکاتەوە، ئەڵێ: باشە خۆ تابلۆی زۆر گەورەتر و جوانترت لایە و هەرزانترە!؟

ئەڵێ: ئاخر قوربان دوابی بۆت دەردەکەوێ کە ئەو تابلۆیە سوودی هەیە بۆ دنیا و قیامەتیش.

تابلۆکەی لێ دەکرێ و لەکۆشکەکەی هەڵی دەواسێت، ڕۆژێك سەرتاشەکەی کە سەری بۆ چاك دەکات دەیەوێت زەفەری پێ بەرێت و بیکوژێت بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ دوژمنێکی پاشادا ڕێکەوتبوو ئەو کارە بکەن، بەڵام هەرچی سەیری تابلۆکە ئەکات دەستی ئەلەرزێ و جورئەت ناکات، سەرەنجام مقەستەکەی فڕێ ئەدات و دان ئەنێ بەڕاستیدا و داوای لێبوردن ئەکات لەپاشا، ئنجا پاشا قسەی خاوەن دوکانەکەی بیردەکەوێتەوە کە ئەو تابلۆیە چەند بەنرخە.

## ٨- ئەحمەد قەندیل:

بانگخوازێك دەڵێت: هاوەڵێکی خۆشەویستم هەبوو بەناوی ئەحمەد قەندیل یەك پارچە دڵسۆزی و چاکە و خواناسی بوو، تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، چوار مانگ پێش ئەوەی بمرێت پەیوەندی پێوە کردم وتی: دەمەوێت حەج بکەم، وتم: حەج ئاسان نیە و ئێمەومانان ماندوو دەبین جاوەرە تۆ، حاڵی باش نەبوو نەمدەزانی چی پێ بڵێم.

دووهەفتە پێش حەج وتی: ڤیزەیان داوە لەپەساپۆرتەکەم بەتەنهاش بێت دەچم بۆ حەج.

منیش وتم: باشە بەیەکەوە حەج دەکەین، زۆر خەمم بوو کەچی خوا ئاسانی کردو ئاسانترین حەجمان ئەنجامدا. تەواڤی ئیفاضە مان مابوو زۆر قەرەباڵغ بوو وتم: بابگەڕێینەوە کاتێکی تر چۆڵ بێت فرسەت دێنین، کەچی ئەو بەجیا فرسەتی هێنابوو بەو حاڵەیەوە تەوافی ئیفازەکەی کرد، زۆرم پێخۆش بوو کە حەجەکەی تەواو کرد، هەفتەیەکی نەخایاند چووە حاڵەتی بێئاگایی و غەیبوبەوە، بەوحاڵەوە

سیٚ مانگ مایەوە و وەفاتی کرد، دوای حەجەکەی کە پاك بووەوە خوا ویستی وابوو تێکەڵ بەدنیا نەبێتەوە و بەو پاکیە بیباتەوە. ئێمە هەموو یەکی مردنێك قەرزارین و نازانین کەیە و لەبیر خۆمانی دەبەینەوە، کەچی ئەو چونکە دەیزانی نەخۆشە و ڕۆژ بەڕۆژیش خراپتر دەبێت، خۆی باشتر ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بەرەوە بارەگای خوا.

برادەرێکمان پێی وتبوو: هەموو دەمرین بەڵام تۆزیاتر هەستی پێدەکەیت و دەزانیت کەژیان فرسەتە، ئەمەش بوو وای لێکرد کە هەوڵی حەج بدات وەك دوا فرسەتی ژیان بۆ پاکبوونەوە، خواش بەڕەحمی خۆی کردی بەنسیبی. خوای گەورە سەبووری ماڵ و منداڵ و کەسوکاری بدات و لەژێر سایەی ڕەحمەتی خۆیدا حەشرمان بکات.

## ٩- یارب لک الحمد کما ینبغي لجلال وجهک وعظیم سلطانک:

دەم بەزەردەخەنەبە:

-کاتیٚ لەگەڵ خیٚزانەکەتدا دەبیت،چونکە خەڵکانێکی زۆر هەن ئاوات بەبوونی خیٚزان دەخوازن.

-کاتیٚ دەچی بۆ سەرکارەکەت، چونکە کەسانێکی زۆرهەن بێکارن.

-کە تەندروستیت، چونکە کەسانێکی زۆرهەن نەخۆشن و ئاواتی لەش ساغی دەخوازن.

-کە تۆ زیندوویت، مردووەکان ئاوات بەژیان دەخوازن وئاتاجیان بەکارێکی چاکە.

-کەخوایەکت هەیەودەیپەرستی، هی واهەیە مانگا و داروبەرد دەپەرستیٚ.

-کەتۆ تۆیت، زۆری واهەیە حەزدەکا وەك تۆ بێت.

- دڵنیابە کە خوا بەرگری لە بڕوادارەکات {إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ } الحج٣٨

ناحەزانی ئیسلام دەیانویست کەسایەتی شێخ متولی شەعراوی لەکەدار بکەن،بۆ ئەمە ژنی سەفیرێکیان ڕاسپارد کەسەردانی ناوبراو بکات لە ماڵەوە بەناوی پرسیاری شەرعیەوەو بەدواشیا ئافرەتێکی هونەرمەند خۆی بکا بەژووروداو بیکەن بە قریشك و هورو هاوار گوایە شێخ پەلاماری داون.

ئەو رۆژەی ژنی سەفیر دێت بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکە بەقەدەری خوا لەسەر قادرمەی ماڵەکەیان دەکەوێتە خوارەوەوشانزە رۆژ لەخەستەخانە بۆی دەکەوێت و جواب بۆ شێخ دەنێرێت گەردنی ئازاد بکات، ئافرەتە هونەرمەندەکەش تەوبە دەکات و واز لەهونەریش دێنێ.بەم جۆرە پیلانەکەیان سەری نەگرت و خوا بەفەزڵی خۆی شێخ متولی شەعراوی پاراست.

## ١٠-قیبلە لە کوێوەیە:

بانگخوازی سعودی فەیسەڵ (المعطائي) دەڵێت: پیاوێکی تەمەن سی ساڵ لە ڕییازەوە دێت بۆ مەککە عومرە دەکات و پاشان کە دەچێت بەرەو مەدینە بۆ زیارەتی سەردارو سەروەرمان پاسەکەیان وەردەگەڕێ و دەسوتێ بەهەرحاڵێ بێت پۆلیسی فریاکەوتن دەچن بە هانایانەوە، کە ئەم پیاوە دەردێنن بەشپرزەییەوە دەڵێت قیبلە لە کوێوەیە،ئەوانیش دەیانەوێت هێمنی بکەنەوە،ئەو هەردەڵێ: قیبلە لەکوێوەیە؟

وتیان: قیبلە لەپێشتەوەیە ئەویش یەکسەر ڕووەو قیبلە چووە سوجدەو هەڵنەسایەوە وەفاتی کرد، سبحان اللە لەو مردنە لە سوجدەدا!

## ١١-پیاچونەوەی حساباتی ساڵ:

هەروەك چۆن کۆمپانیایەك بەحساباتی ساڵانەیدا ئەچێتەوە ئاوەهاش مرۆڤ کەئاوڕ لەڕابردووی بداتەوە بە خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە و بەحساباتیا بچێتەوە زۆر دەرسی لێوەردەگرێت، بەڵام لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕدرێت و دەوەستێتە سەر جۆری سەیرکردنی ئەو کەسە بۆ ژیان.

کابرایەك دائەنیشێ بیر لەساڵی ٢٠١٢ دەکاتەوە و بۆخۆی دەنوسێت:

یەکەم / نەشتەرگەری زراوم کرد و هەفتەیەك بۆی کەوتم.

دووەم / باوکم کۆچی دوایی کرد لەم ساڵەدا.

سێ یەم/ تەمەنم بووەتە شەست ساڵ و خانەنشین بووم.

چوارەم/کوڕەکەم لەزانکۆ کەوتووە بەهۆی ڕووداوی ئوتومبێلەوە.

لەم گۆشە نیگایەوە ساڵەکە بەلایەوە شوم و نەگبەتی بوو.

ژنەکەی پێی وت: دەکرێ بەجۆرێکی تر سەیری بکەیت.

یەکەم / چاکبویتەوە لەئازاری زراو کەچەند ساڵە ئازارت ئەدات.

دووەم / گەیشتویتە تەمەنی شەست ساڵی و ئیتر دەست بەتاڵ دەبی بۆ خوێندنەوە و نوسین و لەبەزم و بازاڕی دەوام کردن ڕزگارت بووە.

سێ یەم / سوپاس بۆخوا باوکت هەشتا و پێنج ساڵ ژیا و مردنێکی پاك و پوخت مرد و نەبووە ئەزیەت بۆ کەس.

چوارەم / سوپاس بۆ خوا کوڕەکەمان لەڕووداوی ئوتومبێلدا ڕزگاری بووە لەمردن و خوێندنەکەشی هەر تەواو دەکات.. دەی کەواتە بەم جۆرە سەیرکردنە ڕەش بینیەکە ئەبێتە گەشبینی و هەردەم مرۆڤ لە سوپاسگوزاریدا دەبێ (الحمد لله علی کل حال سوی الکفر والضلال ).

پەرداخێك کە نیوەی ئاوە گەشبین دەڵێت: نیوەی پەرداخەکە ئاوی تیایە و ڕەش بینیش دەڵێت: نیوەی پەرداخەکە بەتاڵە و هەرکەس لەچاوی خۆی و بۆچونی خۆیەوە سەیر دەکات.

ئێمە گلەیی لەوە دەکەین کەلە ژێر گوڵدا دڕك هەیە ئەی بۆ شوکری خوا نەکەین کە لەسەر دڕکەوە گوڵی دروستکردووە.

ئەو گەڵایەی لەدرەختێك ناکەوێتە خوارەوە لە پایزدا

بەلای گەڵاکانی ترەوە خائینە!

بەلای درەختەکەوە بەوەفایە!

بەلای وەرزەوە هەڵگەڕاوە و متمردە!

هەریەکە و لە گۆشە نیگای خۆیەوە سەیردەکات.

## ١٢-گەوهەرێکی بەنرخ:

ئیمان سەرچاوەی خێر وخۆشیە، ژیان فرسەتە کەلە خێردا سەرف بکرێت و مرۆڤ هەوڵ بدات نەبێتە بەندەی هەوا و ئارەزووی و ئامانجیشی لەژیاندا خواردن و خەو نەبێت.

دەڵێن ڕاوچیەکی ماسی گەوهەرێکی بەنرخی دەستدەکەوێت، پیشانی ئاغای دێیەکەیانی ئەدات، دەڵێ: ئەوە گەوهەرێکی بەنرخە و بەهەموو کەس ناکڕدرێ، وا چاکە بیبەیت بۆ پاشا. ئەمیش ئەچێ بۆلای پاشا و پیشانی ئەدات، ئەویش پێی ئەڵێت: گەوهەرەکەت زۆر بەنرخە و لەبەرامبەریدا هەرچیت بوێت ئێمە بۆتی ئەکەین، فەرموو ئەوە دەرگای خەزنە کراوەیە بۆت و شەش سەعات مۆڵەتیشت هەیە چیت دەوێت بەئارەزووی خۆت دەری بهێنە.

ڕاوچیەکە شەش سەعات بەزۆر دەزانێت و ئەڵێ: تەنها پێنج خولەکم بەسە و ئەوەی ئەیهێنمە دەرەوە بەشی خۆم و حەوت پشتم دەکات، کاتێ دەبیەنە خەزنەکەوە، سەیر دەکات پارە و ئاڵتون و شتی بەقیمەتی شاهانەی لێیەو خواردن و خواردنەوەی هەمەجۆریش دانراوە و لەولاشەوە جێگایەکی نوستنی دەرەجەیەك هەیە، لەدڵی خۆیدا دەڵێ: کاتەکە زۆرە و پەلەم چی یە، باخۆم تێرکەم جارێکی تر خواردنی وام دەستناکەوێت، دەستدەکات بەخواردن و خواردنەوە، ئنجا ئەڵێ: باسەرخەوێکیش لەم جێگا نایابەدا بشکێنم کەهەستام چیم بوێت لەگەڵ خۆم دەبیەمە دەرەوە.

کاتێ خەبەری دەبێتەوە پاسەوانەکان پێی دەڵێن:کاتت تەواو بوو، فەرموو وەرە دەرەوە، چی پەلەقاژێ دەکات کە تەنها یەك دوو خولەك مۆڵەتی بدەنێ تا دەستبداتە شتێکی نایاب و بیهێنێتە دەرێ بەهیچ جۆرێك مۆڵەتی نادەن، بەو جۆرە لەسایەی خواردن و خەووەوە گەوهەرە بەنرخەکەشی لەکیس چوو، وەبەدەستی بەتاڵیش هاتەدەرەوە.

بەڕاستی مرۆڤ گەوهەرێکی بەنرخی پێیە کەڕۆحیەتی وقەدری ئەوەش لای خوایەولێی وەردەگرێتەوە بەرامبەر بەبەهەشتی نەبڕاوە، بەڵام هی وا هەیە خەو خۆراك و ڕابواردنی دنیا سەرقاڵی دەکات و کاتێ ئەجەلی دێت یەك هەناسە مۆڵەتی نادەن:

( بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ (١) حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ (٢) كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٣) ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ (٤) كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ (٥) لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ (٦) ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ (٧) ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ (٨).

## ١٣- كاتەكانت بگوشە و بەفیڕۆی مەدە:

سورەتی ( العصر) گەورەترین پەندی لێوەردەگیرێت، بۆچی خوا سوێند بە عەسر دەخوات، بۆئەوەی لەگرنگیەکەی تێبگەین، ئەگەر کات و زەمان بێت یان عەسر بێت، ناوەکەی لە گوشینەوە هاتووە، تەنانەت هەور بە (معصرات)دائەنێ کە بارانی لێدەچۆڕێ، (وأنزلنا من المعصرات ماء ثجاجا) النبأ، کەواتە تەمەن وەك کاتی عەسر و دەمەو ئێوارەیە فریاکەوە، بیگوشە و بەفیڕۆی مەدە، چونکە هاکا خۆر ئاوابوو، جارێکی تر ئەو ڕۆژەت کە سوودی تەواوت لێوەرنەگرت ناگەڕێتەوە.

بانگخوازێك دەڵێت: لەتەمەنی بیست ساڵیدا چووم بۆ بەریتانیا بۆ خوێندن و ساڵێك مامەوە و ڕۆژی یەك سەعات ئەمسەرو یەك سەعات ئەوسەر لە میترۆی ژێرزەویدا ئەبووم بۆ هاتوچۆ، سەرەتا بێزاربووم دوایی بڕیارم دا لەو دووسەعاتەی ئەمسەرو ئەوسەردا قورئان بخوێنم، کاتەکەم لێدەڕۆیشت و خێریشم دەستکەوت و سوورەتی نیسائیشم لەبەرکرد، کە هاتیشمەوە میسر بەهەمان شێوە بەگوێگرتنی ناوسەیارەی ڕۆژانە توانیم قورئانێکی باش لەبەر بکەم کە لەسایەی خواوە تەنها لەو هاتوچوونانەدا بیست جزم قورئانم لەبەرکرد.

ژیان فرسەتە ودەتوانرێت زۆرترین سوودی لێببینرێت.دەڵێن:ژیان وەك کتێبێکە کەیەك جار چاپ دەکرێت و چاپی دووەمی نییە!

## ١٤-باچاکتر بین:

لەئەڵمانیا کوڕێك کەتەمەنی ١٢ ساڵە و لەهاویندا باخچەی ماڵان چاکدەکات تاشتێکی دەست بکەوێت و زیاتر لەژیاندا قاڵ بێت، هەروەها دەرەجەشی لەسەرە بۆ قوتابخانەکەی، چونکە لەوێ قوتابیان هاندەدەن لەسەر کارکردن بەتایبەت کەلەپۆلی ١٢ دەرئەچن ئەبێ ساڵێك لەکارێکی سوودی گشتیدا کاربکەن ئنجا ئەچنە زانکۆ.

ڕۆژێك ئەم لاوە لەتەلەفونی دوکانێکەوە لەگەڵ ژنێك تەلەفونی کرد، وتی: ڕێم ئەدەی بێم باخەکەت بۆ چاك بکەم؟ وتی: زۆر سوپاس باخەوانی خۆم هەیە ئەو کارەم بۆ ئەکات.

وتی: باشە چەند ئەدەی بەو من بە نیوە قیمەت بۆت دەکەم، وتی: سوپاس هەر بەوی دەکەم و لێی ڕازیم.

وتی: باشە باخەکەی ناوەوە بدە بەو ئەوەی دەرەوەش بدە بەمن بایەکی نیوەی پارەکەمان دەستبکەوێت.

وتی: باخەوانەکەم هەردووکیم بۆدەکات و زۆر لێی ڕازیم.

کوڕە زۆر دڵخۆش بوو! خاوەن دوکانەکە وتی:کوڕم لەوەدەچێ ئیشت نەبێ بۆ نایەی لای من ئیش بکەیت؟

وتی: سوپاست دەکەم ئیشم هەیە.

وتی: ئەی کە ئیشت هەیە ئەو تەلەفونەت بۆکرد؟

وتی: ئاخر من لەو ماڵە ئیش دەکەم وتم: بزانم تا چەند لێم ڕازیە و کارەکە نادات بەکەسی تر جا ئەگەر بزانم کارەکەم باش نیە و لێم ناڕازی یە تا خۆم چاکتر بکەم.

## ١٥-چاکەکردن لەگەڵ دایک و باوکدا:

نموونەی یەکەم:دکتۆر مەجد خەڵکی عێراقە و لەوڵاتی ئیمارات دەژی، لەدوای تەواوکردنی کولێژی پزیشکی عیادەیەکی پزیشکی ددان دەکاتەوە، کەچی سبحان الله چەند مانگ کەس سەردانی عیادەکەی ناکا و هەرچی پێدەبێت دەیدات بەکرێ و حەقی ئەوانەی لەگەڵێدا کاردەکەن، ئنجا چەند مانگێك پارەی کرێی لەسەر کۆدەبێتەوە کەبڕەکەی هەژدە هەزار درهەم بوو، خاوەن بیناکە شکاتی لێدەکات.

پێش ئەوەی بچێت بۆ دادگا قسە لەگەڵ ماڵی باوکی دەکات لەعێراق و ئەحواڵیان ئەپرسێت، باوکیشی باسی وەزعی ناخۆشی خۆیانی بۆدەکات کە کاتی ئابلۆقەکەی سەر عێراق بوو، ئەمیش تەنها دوو هەزار درهەمی بەدەستەوە دەبێت و لەبەر خوا دەینێرێت بۆ ماڵی باوکی.

سبحان الله بەیانی کەدەیەوێت بچێت بۆ دادگا بەدەم شکاتەکەوە، بەڕێوەبەری عیادەکە تەلەفۆنی بۆدەکات و دەڵێت: دکتۆر خێرا وەرە خەڵکێکی زۆر هاتوون، کەدەگەڕێتەوە تومەز شێخێکی

ئیمارات خۆی و ماڵ و منالّی هاتوون بۆ دان چاکردن، بەچەند سەعاتێك دانیان بۆ چاك دەكەن و كاتێ حسابیان بۆدەكات بیست و دوو هەزار درهەم حەق دەست وەردەگرێت، هەژدە هەزاری ئەدات بەكرێی بیناكە و چوار هەزاریشی بۆ دەمێنێتەوە، لەمەوە دەرگای رزق و ڕۆزی لەسەر دەكرێتەوە، ئێستا باشترین دكتۆری دان ڕاستكردنەوەیە لەئیمارات و لەكەناڵە خەلیجییەكانەوە بەردەوام دەردەكەوێت و لەكەناڵێكیشیان بەردەوام بەرنامەیەكی پزیشكی هەیە.

ئەمەش بەرەكەتی چاكەكردنە لەگەڵ دایك و باوكدا،دیارە هیچ چاكەیەك ئەگەر بەهێندەی دەنكە خەرتەلەیەكیش بێت لای خوا بەزایە ناچێت.

نموونەی دووەم:د. محمد العریفی دەڵێت: پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (من أحب أن یُبسط له في رزقه و یُنسأ له في أثره فلیصل رحمه)، یەكێ لە قوتابییەكانم دوای ئەوەی كۆلێژی تەواوكرد دامەزرا و شتێ پارەی كەمی هەبوو، پرسیاری لێكردم چۆن ئیشێكی پێوە بكات سابەڵكو شتێ پارە پێكەوە بنێ بۆ خۆی و دایكی و خوشكەكەی، منیش دەمووت: من هیچی وا لەبازرگانی نازانم.

جارێك هەواڵی دامێ كە لەشوێنێكدا لای باڵەخانەیەكەوە لەگەڵ ساحێبەكەیدا ڕێكەوتووە كە كوشكێك دروست بكات لەسەر حسابی خۆی و دوای بیست ساڵ بیداتەوە بەخاوەنەكەی، نزیكەی ١٢٠٠٠ ریاڵێكی خەرج كرد، خوا وەكالەتی كۆمپانیایەكی عەتری گەورەی بۆ نارد لەبەرئەوەی شوێنەكە باش بوو لێیان كڕی بە ٨٥٠٠٠٠ ریاڵ، خانوی پێ كڕی، سەیارەی پێ كڕی، ژنی پێهێنا، خوا دەرگای ڕزق و ڕۆزی لێكردەوە، ئەزانن بۆ؟ چونكە لەگەڵ دایك و خوشكەكەیدا باش بوو كە ئەوەش تەسدیقی فەرمودەكەیە.

## ١٦- دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی:

بانگخوازێك دەڵێت:من بەم تەمەنەشمەوە پێویستم بەسۆزو خۆشەویستییە، زۆرجار كەسێك تەنها سۆز و خۆشەویستی بۆدەربڕیت سەدو هەشتا پلە حالّی دەگۆڕێت.

ئافرەتێك لـە بەریتانیا گیری خواردبوو بەدەست کوڕە گەورەکەیەوە کەسەری کردبووە تلیاك کێشان، بەتەمابوو لـەماڵەوە دەری بکات نەك سەر لـەدوو براکەی تریشی بشێوێنێت.

پیاوباشێك ئامۆژگاری کرد کەکاری وانەکات و لـەجیاتی ئەوە خۆشەویستی بۆ دەرببڕێت، بەهەر حاڵ کەدەڕواتەوە زۆر لـەخۆی دەکات وپێی دەڵێت: کوڕم هەرچی بیت من تۆم خۆش ئەوێت چونکە تۆجەرگی منیت،ئەم وشانە زۆر کاردەکاتە سەر کوڕەکەی وباوەش دەکات بەدایکیا وزۆر دەگرین بەسەریەکدا،لـەمەوە بڕیار دەدات واز لـەوکارە بەدە بهێنێت و ڕێگای چارەسەرکردن بگرێتە بەر.

## ١٧- شمشێری رەوشت:

برادەرێك کارگوزارێکی هندۆسیان لادەبێت، ڕۆژێ پێی دەڵێت: تۆ نوێژ ناکەیت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر من هندۆسیم و شتی وا لای ئێمە نیە، برادەرەکەش ڕۆژانە کەدەیبینێ موجامەلـەی دەکات وشوشەیە بۆنی بچوکی پێ دەبێت تۆزێ بۆنی لێ دەدات.

ئەویش دوای چەند ڕۆژێك دەڵێت: خەڵکی هەموو بەسووك سەیری من دەکەن، بۆچی تۆ وا گرنگی بەمن دەدەیت؟ ئەویش دەڵێت: من ئاینەکەم داوام لێدەکات کە چاك بم لـەگەڵتا..

هیندۆسەکە بەم ڕەفتارە جوانە موسڵمان دەبێت. هەرئەمەش وای کردووە کە کاتی خۆی لـە ئیندۆنیسیا و فلیپین بەهۆی ڕەفتاری جوانی بازرگانە موسڵمانەکانەوە ئیسلام بڵاو ببێتەوە، قەشە (جەمال زەکەریا) کە بیست ساڵە موسڵمان بووە لـەمیسر پەڕاوێکی نووسیوە بەناوی (بڵاوبونەوەی ئیسلام بەشمشێری ڕەوشت).

## ١٨- رەوشتی یاریزانێک:

محمد رەشوان کەیاریزانێکی جۆدۆی میسری یە لـە ئۆلۆمپیاتی ١٩٨٤دا بەشداری کردو گەیشتە دوا یاری کە لـەگەڵ یابانیەکدا دابەزی، یاریزانە یابانیەکە کە سێ جاری تر پاڵەوانی جیهان بوو لـەم یاریانەدا قاچی چەپی ئازاری پێگەیشتبوو، وەخاڵی لاوازی بوو، محمد رەشوان لـەهەموو یاریەکەدا هێرشی بۆ قاچی چەپی نەبرد، هەموو حەکەمەکان و یابانیەکان لایان سەیر بوو،هەرچەند بە چەند

خالێك یابانیەكە بردیەوەو ئەم ئەیتوانی بە ئاسانیش لێی باتەوە، ئەو مەدالیای ئاڵتوونی وەرگرت و ئەمیش دووەم بوو مەدالیای زیوی، پاشتر كەسەردانی یابان دەكات كۆمەڵێكی زۆر لاوی یابانی لە فڕۆكەخانە پێشوازی دەكەن بە هوتافی (محمد، محمد ).هەموو ئەوشتانە وارۆیشتن و بیرچوونەوە بەڵام ئەو رەوشتە بەرزەی (محمد) هەرماوەتەوەو باس دەكرێت.



**١٩-پەیمان بردنە سەر:**

دکتۆر حەسەن قەللا دەڵێ: لەسەرەتای شەستەکاندا لەخەستەخانە کارم دەکرد لەزەمانی عبدالناصردا،سەد موافەقە و ئەمسەر و ئەوسەری دەویست تابتوانی بچیت بۆکۆنفرانسێك لەدەرەوەی وڵات.

لەکۆنفرانسێکی بەریتانیاوە داوەتنامەم بۆهات، هەموو کارەکانم تەواو کرد ئیمزای وەزیری تەندروستیم مابوو، چوومە لای سەیری داواکەی کردم وتی: نابێ سەفەربکەی، هەرچی پزیشکمان هەیە دێن و بەناوی کۆنفرانسەوە دەڕۆنە دەرەوەی وڵات و ئیشێکیان دەستدەکەوێ و ناگەڕێنەوە.

وتم: من دێمەوە! وتی: پەیمانم ئەدەیتێ؟ وتم: پەیمان بێت دێمەوە..

ڕەزامەندی دەربڕی و سەفەرم کرد، لەکۆنفرانسەکەدا کە ناسیانم کارێکم بۆهاتە پێشەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ و بەمووچەی زۆر باش، کەخەریك بوو ئیمزای بکەم پەیمانەکەم بیرکەوتەوە و ئیمزام نەکرد و گەڕامەوە میسر، دیارە پارێزگاری لەپەیمان پیشەی باوەڕدارە و خواش ئەمەی بۆکردم بەخێر و لەمیسرا ناوبانگی باشم پەیداکردو، کۆمەڵێ قوتابخانەم دامەزراندووە کەنزیکەی پانزە هەزار قوتابی تیایاندا دەخوێنن، ئەمە جگە لەبواری پزیشکیەکە کە ڕۆڵی باشم بینیوە.

**٢٠-وێنەیەک لەجێی هەزار وشەیە:**ئەمە پەندێکی چینیەکانە و بەڕاستی هەروایە، دنیا زۆر گۆڕاوە، تەنها قسە بەس نیە و وێنە و بەڵگەنامەکان زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر بینەر، بۆیە لەم ساڵدا (٢٠١٢) لەهەندێ لەمزگەوتەکاندا بەداتا شۆ بابەتم پێشکەش کرد ولەسایەی خواوە زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر ئامادەبووان،کەئەمەش مژدە بەخشە کە سوپاس بۆخوا خەڵکی گوێ لە خێر دەگرن ئەگەر ئێمە بەباشی پێشکەشیان بکەین.

ئێستا زۆربەی وتارەکانم داتا شۆی تیابەکاردێنم و ئاواتە خوازم کەنوێژخوێنانی هەموو مزگەوتێك هەوڵبدەن داتاشۆیەك بۆمزگەوت داببن بکەن تا لە ڕەمەزاندا بەدەنگ و ڕەنگ وتاریان پێشکەش بکەن و زیاتر سوودمەند بن.

## ٢١-ئایسکرێمی منداڵێک:

پیاوێك کەلەدوکانی ساردەمەنی ئیشی دەکرد دەڵێ: کوڕێك باوکی بڕی پێنج جونەیهی دابوویە کەپاش ئەوەی لەیانەکەی یاری دەکات، بتوانێت ساردەمەنیەك بخوات، کوڕەکە هات و لەسەر مێزێك دانیشت و وتی: دۆندرمە بەقاوە و نەستەلەوە بەچەندە؟

وتم: بەپێنج جونەیهە، پارەکەی گیرفانی ژمارد، دیارە پێنج جونەیهی پێبوو، وتی: ئەی سادە بەچەندە؟ وتم: بە چوار جونەیهە، تۆزێ وەستا و منیش پەلەم بوو بچم بەدەم موشتەریەکانی ترەوە.

ئنجا وتی: باشە سادەیەکم بۆ بێنە، کەبۆم هێنا و پاش ئەوەی خواردی سەیرم کرد پێنج جونەیهی لەسەر مێزەکەی بەجێهێشتبوو، تومەز بابی چواری خواردووە و ویستوویەتی ئەو جونەیهە زیادەیەی بەخشیش بێت بۆمن وەك یارمەتیەك، کەئەمەش ئەوپەڕی هەست کردنە بەبەرامبەر و هاوکاری کردنە کەزۆر کاری تێکردم.

لەبەریتانیا لەرێستۆرانتێك کەسێك دێت و چایەك یان نیسکافەیەك دەخواتەوە و پارەی چوار (چا یان نیسکافە) ئەدات و کابرای خاوەن ڕێستۆرانتەکەش پارەکە وەردەگرێت کەیەکێکی حەقی خۆیەتی و سیانە زیادەکەش لەسەر بۆردێك دەنوسێت، ئەمەش هاوکارییەکی یەدەگە بۆکەسێك کەپارەی پێ نەبێت.جا کەسی هەژار دێت و دەڵێت: لەسەر حیساب نیسکافەیەك یان چایەکم بدەرێ، چا یان نیسکافەیەکی بۆ دێنن وپارەی لێوەرناگرن،کەئەمەش نمونەیەکی جوانی هاوکاری کۆمەڵایەتیە لەو وڵاتەدا.

## ٢٢-بەختەوەری لە ئیماندایە:

بانگخوازێك دەڵێت: لە لۆس ئەنجلوس وتارم ئەدا دووبرای خەڵکی وڵاتی سوریا هاتنە ژوورەوە و ئەمریکیەکیان لەگەڵ بوو، یەکێکیان وتی: یاشێخ بەیارمەتی خۆت ئەم ئەمریکیە دەیەوێت شایەتمان بێنێت، وتم: زۆر باشە بابفەرموێت، هاتە لامەوە دانیشت،وتم: پێش ئەوەی شایەتمان بێنی، چی وای لێکردی موسڵمان ببیت؟

وتی: من ملیاردێرم و ماڵ و کۆمپانیا و کارگە و فڕۆکە و کەشتی گەورەم هەیە، هەرچی خواردنێکم ویستبێ خواردوومەو هەرشوێنێکم ویستبێ چووم و هەرچیم حەز لێبوبێت لەچاك و خراپ کردوومە، کەچی بێزاربووم لەژیان.

بەڕاستی من بۆخۆم چوومە کۆشکەکەی کەلەسەر ئۆقیانووس بوو بەحەیاتم شتی وام نەدیوە، ئەو لەژیان بێزار بوو لەبەرئەوەی تەنها لایەنی ماددی خۆی تێر دەکرد و لایەنی ڕۆحی فەرامۆش کردبوو، هەروەك باڵندەیەك چۆن بەیەك باڵ ناتوانێ بفڕێت، ئەمیش بەتێرکردنی تەنها ماددیات ناتوانێت ژیان بەسەر بەرێت بەئاسوودەیی.

پیاوە سوریەکە وتی: ڕۆژێك لەکارگەکەی ئەم پیاوە لەسەردەست شۆرەکە دەستنوێژم دەشت، کەهات بینیمی وتی: تۆچۆن قاچت دەخەیتە سەر ئەو دەستشۆرە کە ئێمە دەموچاومانی لەسەر دەشۆین، وتم: من ڕۆژی پێنج جار قاچم دەشۆم، وتی: بۆچی؟

وتم: بۆ دەستنوێژگرتن تا نوێژ بکەم بۆ خوا. وتی: جارێك تۆم نەبینیوە سەرخۆش بیت یان خەمبار بیت. وتم: ئەوەی دەیبینی بەهۆی ئاینەکەمەوەیە، کەلەسەرناخۆشیەکان ئارام دەگرین و لەسەر خۆشیەکانیش سوپاسی خوا دەکەین.وتی: ئەگەر بێمە سەر ئاینەکەت وەك تۆم لێدێت؟

وتم: بەڵێ.. چوو خۆی شت و ئێستا هاتووین شایەتمان بێێ. وتم: دەی کەواتە لەدوامەوە بڵێ: أشهد أن لاإلـه إلا الله و أشهد أن محمدا رسول الله، کاتێ بەدواما وتیەوە گریا، هەروەك ئەوەی لەگەڵ هەموو وشەیەك تاشەبەردێك لەخەم و خەفەت لەسەردڵی لاچێت.

وتم:بۆگریایت؟وتی: تۆ بەمن بڵێ چ سڕێکی تیایە ئەوەی وتت ،کەمن وتمەوە ئاوادڵم گەشایەوە.

## ٢٣-نیعمەتی لەش ساغی:

محمد حەسسان دەڵێت: پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندی میسری کوڕو کچێکی هەبوو، کوڕەکەی چوو بۆ کوەیت بۆ کاروکاسبی و کچەکەشی شووی کرد. ڕۆژێك ئەم پیاوە خۆی و هاوسەرەکەی و شۆفێرەکەیان لە ئەسکەندەریەوە دەگەڕانەوە بۆ قاهیرە تووشی ڕوداوێکی هاتوچۆ بوون، هاوسەرەکەی گیانی سپارد و خۆشی تووشی ئیفلیجی بوو، شۆفێرەکەشی سەلامەت دەرچوو.

جارێك چووم بۆلای وتی: سبحان الله خوا بەم شێوەیە تاقیکردمەوە و کچەکەم هات خزمەتم بکات نەمهێشت و وتم: ماڵ و منداڵەکەت لەپێشترە، خوا ئەم شۆفیرەی بۆهێشتمەوە تاخزمەتم بکات، شەوێکیان شوێنێکم دەخورا، دڵم نەهات شۆفێرەکەم خەبەر بکەمەوە چونکە بەڕۆژ زۆر ماندوو بوو بەدەستمەوە، بەدڵ ئاواتە خواز بووم کەئەو شەش سەد ملیۆن دۆلارەی کەهەمە لەبانقدا بمدایە و بمتوانیایە خۆم بخورێنم! ئنجا گریا و وتی: تەصەورکە شەش سەد ملیۆن دۆلار بۆیەك خوران، ئەم مرۆڤە چەند پێنەزانە و چەند غافڵە لەو نازونیعمەتی لەش ساغیەی خوا پێی داوە.

## ٢٤- ئیشێکی شەریفانە:

ئەدوارد هیث لەساڵی ١٩١٦ لەخێزانێکی هەژار لەبەریتانیا چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، باوکی دارتاش بوو، لەساڵی ٢٠٠٥ دا کۆچی دوایی کرد پاش تەمەنێکی درێژ، لەساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ بووە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا پێش مردنی لەوەڵامی پرسیاری پێشکەشکاری بەرنامەیەکدا کە پرسیاری خۆی و خێزانی و چۆنیەتی گەیشتنی بەو پلە بەرزە لێکرد، وتی: من لەخێزانێکی هەژار بووم و لەپاش جەنگی جیهانی دووەم کارەبامان نەبوو، لەبەر چرا و مۆم سەعیم دەکرد، باوکم بەزەبی پیاما دەهاتەوە و دەیووت: بۆ واز لەم کتێبانە ناهێنی و ئیشێکی شەریفانە بۆخۆت بدۆزیتەوە.

پێشکەشکارەکە بەپێکەنینەوە وتی: ئەی دوای ئەوەی بویتە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وتی چی؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: پێی دەوتم ئامۆژگاریم نەکردی بەدوای کارو پیشەیەکی شەریفانەدا بگەڕێی!

## ٢٥- چۆن دڵی خەڵک بەلای خۆتدا ڕادەکێشی بەکەمترین ماوە:

ئەگەر سەیری ژیاننامەی خۆشەویست بکەین (د.خ) ئەمە دەبینین، بەتایبەت لەڕۆژی فەتحی مەککەدا، کە بەلای (فُضالە)دا ڕۆیی کە خەیاڵی لای ئەوە بوو زەفەر بەپێغەمبەری خوا (د.خ) بیات، خۆشەویست (د.خ) بەزەردەخەنەوە فەرمووی: (فُضالە) بیر لەچی دەکەیتەوە؟ وتی: هیچ أستغفرالله دەکەم، ئەمیش خوا ئاگاداری کردبوو کەوانیە، بۆیە دەستی موبارەکی خستە سەر دڵی و لەچەند

چرکەیەکدا (فضاله) کەدوژمنی قستەسەری بوو، بووە کەسێکی تر و پێغەمبەر (د.خ) بووە خۆشەویستترین کەس بەلایەوە. بەڕاستی تەوقە کردن یان دەست خستنە سەر شان لـەگەڵ زەردەخەنە و ڕووی خۆشدا کاریگەری گەورەی دەبێت لـەسەر دڵی بەرامبەر.

### ٢٦- پارە و ماڵی حەرام خێری لێ نابینرێت:

لـەسانفرانسیسکۆ کۆشکێکی گەورە هەیە حەوت سەد ژوورە، ساڵانە بیست ملیۆن کەس سەردانی دەکات، ئەم کۆشکە هی کابرایەکە کەبەفرۆشتنی چەك بەهەردوو لایەنی شەڕکەری ناوخۆی ئەمریکا ئەو سەروەت و سامانەی پێکەوەنا، ژنەکەی تووشی حاڵەتێکی دەروونی بوو بوو، وای دەزانی شەو ڕۆحی کوژراوەکان دێن بۆی،بۆیە مێردەکەی ئەو کۆشکە حەوت سەد ژووری یەی بۆ دروستکرد، کەهەر شەوەی لـەیەکێکیاندا خۆی دەشاردەوە و سەرەنجامیش بەترسەوە مرد.

### ٢٧-دوعایەک:

بانگخوازێك دەڵێت: چەند ساڵ لـەمەوبەر لـەمزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) دوعام کردو وتم: (خوایە سوننەتی پێغەمبەرەکەتم (د.خ)بێ زیندوو بکەرەوە و دەنگم بگەیەنە بەجیهان ) سوپاس بۆخوا دوعاکەم گیرابوو، ئەمڕۆ دەنگم دەگاتە سەرتاسەری دنیا.ئەوەی سەیرە جارێك لـەجەددە سەردانی کتێبخانەیەکم کرد کتێبێك بەناوی (کیمیاء الصلاة) ی (ئەحمەد خەلیل عومەری) سەرنجی ڕاکێشام کرێم، کە خوێندمەوە سوودی زۆرم لێ بینی ولـەوتارو بەرنامەو ئەنتەرنێتدا باسم کرد.

پاش ماوەیەك (ئەحمەد خەلیل) پەیوەندی پێوەکردم و وتی: پێش دە ساڵ دوعایەکم کرد و وتم: خوایە ئەم نووسینەی من بگەیەنە دەمی ئەو پیاوە تا سوودی لێوەرگرێ، سبحان الله وا ئێستا دوعاکەم گیرابوو وە تۆ باسی کتێبەکەمت کرد.

بەڕاستی مەسەلـەکە هەمووی دڵسۆزی و ئیخلاسە، باسی موخلیص هاتووە لـەقورئاندا و چەند جارێکیش (مُخلَص)، وەتێگەیشتم کە تۆ هەوڵ ئەدەیت بۆ ئیخلاص و دواتر خوای گەورە ئیخلاصت پێ ئەدا و ئەبیتە (مُخلَص){وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصاً وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيّاً } مریم٥١

{وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلا أَن رَّأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاء إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ }يوسف٢٤.

### ٢٨-قبولّ بوونى دوعا:

بانگخوازێك دەڵێت: لەكاتى حەجدا بۆئاسانى هاتوچۆم لەنێوان خێمەكاندا سوارى ئەو ماتۆڕانە دەبم كەبەكرێ كاردەكەن، ڕۆژێك لەگەڵ كوڕێكدا سەركەوتم كەناوى هەيسەم بوو، ئەم كوڕە تەمەنى بيست و دووساڵ بوو باسى خۆى كردو وتى: باپيرە گەورەم لەنەيجيرياوە كۆچى كردووە بۆ مەككە، من لەمەككە گەورەبووم سوپاس بۆخوا، هيچ دوعايەكم نەكردووە گيرانەبوبێت، كەچى ساڵى پار هەستم كرد وەك جاران نەماوم،گەڕام بەقورئان و فەرمودەدا بەتايبەت مەسەلەى دوعا قبولّ بوون، لەسەر ئەم فەرمودەيە زۆر وەستام (باخواردنت حەلاڵ بێت دوعات قبولّ دەبێت - أطب مطعمك تكن مستجاب الدعوة).

بەخۆما چوومەوە هەستم كرد ئەم ئيشەى كەدەيكەم ڕاستە مووچەى خۆم وەردەگرم بەلاّم تەواو حەقى خۆى نادەمێ، بڕيارم دا كەمن هەر هەشت كاتژمێر كاردەكەم بەلاّم بەڕۆحيەتێكى ترەوە و بەوپەڕى دڵسۆزيەوە كارەكەم بكەم، واسوپاس بۆخوا دوومانگە حاڵم باش بووە و دوعاكانم گيرادەبن.

### ٢٩-قسەى خۆش:

ميسريەكان نوكتەو قسەى خۆشيان زۆرە، هەر هيچيان دەست نەكەوێت نوكتە لەسەر خۆيان ئەكەن. ديارە نوكتە و قسەى خۆش زۆر كاريگەرى هەيە لەسەر دڵ و دەروون، لەڕۆژى خەندەقدا، هاوەڵاّن سەرگەرمى چاڵ هەڵكەندن بوون بە پاچ، بەسكى برسى، بەترس و بيمى زۆرەوە كە دوژمن بە دە هەزار سەربازەوە دە ڕۆژى تر ئەدا بەسەريانا، كارەكە زۆر قورس بوو، ڕەنگە بەشۆفلّ و حەفارەش بەو ماوە پێوانەيية نەكرايە جاوەرە بەدەست و بازوو!

صوهەيب لەماندويەتى و تينوێتيدا چاوى سووربوو بۆوە، خۆشەويست (د.خ) بينى كەبەو حاڵەوە خورما دەخوات، ويستى سوعبەتى لەگەڵ بكات فەرمووى: چاوت سووربۆتەوە و خورماش دەخۆيت،

کەی ئەوە مەعقولـە! ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئاخر بەلای چەپم دەیخۆم و هەردووکیان پێکەنین.

خۆشەویست(د.خ) ئەبو ئومامەی بینی بێتاقەت بوو فەرمووی: (أهلا یا أبا ورد)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ناوەکەمت بیرچووە؟، فەرمووی: نەخێر بیرم نەچووە ئەگەرسەیری ڕەنگ و ڕووت بکەیت ئەبینیت کەتۆ وەکو گوڵێت!.

هەر لـەڕۆژی خەندەقدا خۆشەویست (د.خ) کەخورمای دەخوارد دەنکەکانی دەخستە بەردەمی ئیمامی عەلی، ئنجا فەرمووی: عەلی ئەو هەموو خورمایەت چۆن خوارد؟ ئەویش وتی: ئاخر دیارە تۆ بە دەنکەوە خواردووتە؟!!

ڕۆژێك دکتۆر عصام البشیر و عائض القرنی لـەچاوپێکەوتنێکی تەلـەفزیۆنیدا نوکتەیەکی پیاوێکی خواروی میسریان گێڕایەوە، گوایە کابرایەکی جووتیاری هەژار مانگایەکی دەبێت و نەخۆش دەکەوێت، نەزر دەکات کە حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو بێت تا مانگاکەی چاك بێتەوە! کابرا بەڕۆژوو دەبێت و مانگاکەش مردارئەبێتەوە، کابرا سەربەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و دەڵێ: شەرت بێ ئەو حەوت ڕۆژە لـەڕەمەزان بەڕۆژوونەبم و حەقی خۆم بکەمەوە!

بەهەر حاڵ نوکتەش کەسانی شارەزای دەوێت و لـەکات و شوێنی خۆیدا ڕۆڵ دەبینێت.

### ٣٠-کۆمپانیای فیدیکس:

ئەم کۆمپانیایە بەسەرتاسەری دنیادا بەرید و شتومەك دابەش دەکات و زۆر دەوڵـەمەندە، ئەوەی کە دایمەزراند لاوێك بوو بەناوی (فیدیکس) لـەدوا قۆناغی زانکۆ بوو، داوایان لێکرا کەهەر قوتابیە و پڕۆژەیەك پێشکەش بکات و نمرەی لـەسەر بوو، ئەمیش بیری لـەپڕۆژەی گواستنەوەی بەرید و شتومەك کردەوە لـەماوەی دوو ڕۆژدا لـەسەرتاسەری دنیادا.

مامۆستاکەی پڕۆژەکەی خوێندەوە هیچ نمرەیەکی پێ نەدا، مامۆستاکەی وتی: پڕۆژەکەت بگۆڕە نمرەی تەواوت ئەدەمێ، کەی دەگونجێ بە دوو ڕۆژ بەرید و شتومەك بەسەرتاسەری دنیادا بهێنرێ و ببرێت ، ئەمیش بەمامۆستاکەی وت: نمرەی خۆت بۆخۆت و پڕۆژەکەی خۆم بۆخۆم.

ناوبراو پاش تەواوکردنی زانکۆ لەگەڵ چەند برادەرێکیدا کەوتنە هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئەو خەون و خەیاڵەی، سەرەتا هیچی وا نەبوون بەڵام پاش چەند ساڵێك سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و ئێستا یەکێکن لەکۆمپانیا هەرە گەورەکان لەو بوارەدا.

## ٣١-لەخۆتەوە بڕیار مەدە:

کەسێك بەناوی (حسێن) سواری شەمەندەفەر بوو لەقاهیرەوە بۆ ئەسکەندەریە، پیاوێك و کوڕەکەی کە تەمەنی ٢٥ ساڵێك دەبوو لەلایەوە بوون، کوڕەکە لای پەنجەرەکەی گرتبوو، زوو زوو دەیوت بابە سەیرکە ئەوە درەختە، بابە سەیرکە ئەوە هەورە، بابە سەیرکە ئەوە ئاژەڵە.. باوکیشی هەموو جارێ بۆی پێدەکەنی و باوەشێکی پیادەکرد، (حسێن) لەو هەڵسوکەوتە منالانەیەی ئەو کوڕە زۆرنارەحەت بوو، کوڕەکەی پاش ماوەیەك خەوی لێ کەوت، ئەویش بەباوکەکەی وت: پزیشکێکی دەروونی باش دەناسم کوڕەکەت بۆنابەیت بۆلای؟ پیاوەکە وتی: چەند ساڵە کوڕەکەم چاوی نابینێ، وا تازە لە خەستەخانە دێینەوە و چاوی بۆ عەمەلیات کراوە و واسوپاس بۆ خوا چاوەکانی دەبینن. بەڕاستی ئەمە بوو بەپەند بۆی کە پەلە نەکا لەحوکمدان بەسەر هیچ شتێکدا تابەتەواوی لێی تێدەگا.

## ٣٢- هەرچیت کرد بەباشی بیکە:

خوای گەورە کە ئێمەی بەدیهێناوە، داوامان لێدەکات کە نەك کاری باش، بەڵکو باشترین کاربکەین (ليبلوكم أيكم أحسن عملا) الملك. هەروەها دەبێت باشترین قسە بکەین تا شەیتان قسەکان نەقۆزێتەوە و نێوانی ئێمە و خەڵکی پێ تێك بدات {وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلإِنْسَانِ عَدُوّاً مُّبِيناً }الإسراء٥٣ ، خۆشەویستیش (د.خ) دەفەرموێت (إن الله يحب إذا عَمِل أحدكم عملا أن يُتقنه). خوا حەز دەکات ئەگەر کارێکتان کرد بەباشترین شێوە بیکەن.

دارتاشێك لەکۆمپانیایەکی گەورە کاری دەکرد، دوای سی ساڵ چووە لای خاوەنی کۆمپانیاکەو وتی: دەمەوێت خۆم خانەنشین بکەم، ئەویش چی تکای لێکرد کە بمێنێتەوە وتی: ناتوانم.

وتی: باشه داوایەکم لێت هەیە؟ وتی: فەرموو! وتی: پارچە زەویەکم هەیە خانویەکم بەدار بە کەلوپەلی تەواوەوە بۆ دروست بکە و چەندی تێدەچێت باتێی بچێت. وتی: باشە بەسەرچاو!

دارتاشەکە چوو لەسەر ئەو پارچە زەویە وەك بێگارێك و بۆ لەکۆڵ خۆکردنەوە، خانوویەکی هەروا سادەی دروستکرد و ئەساسی سادەشی تیادروست کرد وزۆر گوێی پێنەدا و هەر ویستی رزگاری بێت.

کاتێ بەخاوەن کۆمپانیاکەی وت: کارەکەم تەواو کردووە، خۆی و ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندەکان چوون بۆلای خانووەکە تا بزانن چۆنی دروستکردووە، کەچوونە ناو خانووەکەوە بەئامادەبووانی وت: ئەم برادەرە سی ساڵە خزمەتی کۆمپانیاکەمان دەکات، حەزمان کرد بەبۆنەی وازهێنانی لەکۆمپانیاکەمان دیارییەکی پێشکەش بکەین و ئەم خانووەمان بەباش زانی کەبیکەین بەخەلات بۆی.

کابرای دارتاش زۆر خەفەتی خوارد کەمادام پارەی زۆری لەبەردەستا بوو بۆکارێکی باشتری نەکرد، کەلەکۆتاییدا سودەکەی بۆخۆی بوو!

## ٣٣- ئاو کە وەستا بۆگەن دەکات:

لەسورەتی کەهفدا سێ چیرۆك دەخوێنینەوە کەهەرسێکیان هاندانە لەسەرجوڵان،یەکەمیان: هاوەڵانی ئەشکەوت جوڵان لەپێناوی سەرخستنی عەقیدەی یەکتاپەرستیدا، دووەمیان: حەزرەتی موسا جوڵا بۆ فێربوونی زانست،سێیەمیان: ذوالقرنین رۆژهەلات و رۆژئاوای تەی کرد لەپێناوی چاکسازی و گەیاندنی پەیامی خوادا.

مرۆڤ خۆی ئەبێتە رێگر لەبەردەم پێشکەوتنی خۆیدا، کاتێ بەرمەجەی خۆی دەگۆرێت هەموو شتەکانی ژیانی بەوە دەگۆردرێن.

خاوەن کارگەیەکی گەورە لافیتەیەکی لەکارگەکەیدا هەڵواسی کەلەسەری نوسرابوو، دوێنێ ئەوەی کەرێگر بوو لەبەردەم پێشکەوتن و سەرکەوتنتاندا مرد، سبەینێش دەتوانن بێن بۆسەرە خۆشی کردن.

بەیانی هەمو هاتن بۆسەرە خۆشی کردن و بەڕیز وەستابوون، بەجلی ڕەش و بۆینباخی ڕەشەوە،ئەبێ ئەوە کێ بێت مردبێ و لەکۆڵیان بوویبێتەوە..

خاوەن کۆمپانیاکە یەك یەك دەیکردنە ژووریکەوە کە ئاوێنەیەکی گەورەی تیابوو لەسەری نوسرابوو،تۆ خۆتی کەرێگری لەرێی پێشکەوتندا،هەڵەکانت و نەبوونی ئیرادەیە کەلەجێی خۆتدای.

هەرکەس ئەمەی دەدی و دەهاتە دەرەوە بەسەرسامیەوە بێدەنگ دەرۆیشت و هیچی نەدەوت.

بەڕاستی هەروایە (إن الله لايغير مابقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم). زۆر کەس وەك کابراکەی دێی کونە کۆتری لێ دێ کەهەمووی دوو سێ ماڵە لای دەڤەری ڕانیە، دەڵێ: من قایمقامی کونە کۆترم،هەندێ بۆ سوعبەت پێی دەڵێن: وەرە دەتکەین بەقایمقامی ڕانیە، یا بەپارێزگاری سلێمانی، دەڵێ: نامەوێ من قایمقامی کونە کۆترم. ئەوەندە لەدنیا حاڵی بوەوە و هەرئەوەندەی لەباردایە... جاقەفەس هەر قەفەسە ئەگەر لەئاڵتونیش بێت،بۆیە دەبێت لەو قەفەسە بێینە دەرەوە چونکە دنیایەکی فراوان چاوەڕێمانە.

## ٣٤- خێر و چاکە و نان دان:

پیاوێکی خەڵکی مەدینە حەزی لە نان دان بوو، لەرەمەزاندا سفرەی درێژی لەمزگەوتی مەدینە ڕادەخست و خواردنی دەدا بەڕۆژووەوانان، لەدووشەمان و پێنج شەممانیشدا بەهەمان شێوە و تەنانەت لای ماڵەکەی خۆشی خواردنی ئەدا بەهەژاران، کاتێ وەفاتی کرد، ئامۆزاکەی دەڵێت: کەبردمان بۆ سەر قەبران گوێم لەکابرایەك بوو لەتەنیشتمەوە ئەیوت: خوایە ڕێزی بگرە هەرووەك چۆن ڕێزی لەئێمە دەگرت.

منیش هات بەخەیاڵمدا ئەم دوعایەی بۆبکەم، خوایە تۆ کەریمی و ئەمەش خاوەن کەرەمە و خزمەتی خەڵکی کردووە و نانی داوە، بێتە ماڵەکەی من ڕێزی دەگرم، تۆش (أكرم الاكرمين) ی ڕێزی بگرە و پاداشتی خێری بدەرەوە، پاش دوو سێ ڕۆژ لەخەوا بینیم، وتم: حاڵت چۆنە؟ وتی: زۆر باشم وتم: بەچی؟ وتی: بەو دوعایەی تۆو بەو خێرانەی کردوومن.

### ٣٥-گاڵته بەکەس مەکە:

لەئیسلامدا جلەوگیری کراوە لەوەی کەسێك گاڵتە بەکەسێکی تر بکات، {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْراً مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاء مِّن نِّسَاء عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْراً مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ } الحجرات١١..

جوتیارێك کرێی ئەو باخەی کاری تیا دەکرد، دەیبات بۆ خاوەن باخەکە کەکەسێکی دەوڵەمەند بوو، کەدەچێتە دیوەخان، کابرای دەوڵەمەند لەگەڵ چەند میوانێکیدا ماسی مەسگوف دەخۆن.. ئەمیش ئەچێتە لایان پارەکەیان بداتێ، کابرا دەیەوێت گاڵتەی پێ بکات، دەڵێت: دەنگ و باسی باخ و مەزرەعەکەمان چۆنە؟

وتی: زۆر باشە مانگاکەمان پێنج بێچووی بووە، وتی: جا گوانەکەی چوار گۆی هەیە، ئەی پێنجەمیان چی دەکات؟

وتی: وەك من دائەنیشێ و سەیریان دەکات.

کابرا تەریق بووەوە و وتی: فەرموو دانیشە و ماسیەکی بچوکی خستە بەردەمی، ئەمیش ماسیەکەی بەرز کردەوە بەقاپەکەوە، وەك ئەوەی بچرپێنێ بەگوێی دا.

وتیان: ئەوە چی پێ دەڵێیت؟

وتی: پێموت: مامم نوقمی دەریا بووە ئاخۆ ئەو دەنگوباسی نازانێ؟

کابرا وتی: ئەی باشە چی وت؟

وتی: پێی وتم: من بچوکم ڕەنگە زەمانی من نەبوبێت لەماسیەکی گەورە پرسیاربکە! ئەویش بۆ پێ ڕابواردن ماسیەکی گەورەی خستە بەردەمی و جوتیارەکە خواردی و کە تەواو بوو وتی: زۆر سوپاستان دەکەم تێرم خوارد ئەوەش کرێی باخەکەتە!.

## ٣٦- چ بەهرەیەکت هەیە؟

گەنجێکی سعودی ناوی عبدالعزیز نوعمان بوو، لەجەددە دەژیا و خەڵکی مەدینە بوو، حەزی لەگوڵ و ڕێکخستنی باخ بوو،ماڵەوەیان ڕێگرییان لێ دەکرد و ئەیانووت: کەی ئەمە کاری کردنە.

بانگخوازێك دەڵێت: من دەمناسی زۆر هانم ئەدا لەسەر پەرەپێدانی بەهرەکەی، چوو بۆ بەلجیکا و هۆڵەندا و چوو بۆلای گەورەترین گوڵ فرۆشی (ریاز) تازیاتر شارەزابێت، تەنانەت من جاری واهەبوو گومانم لەسەرکەوتنی بۆدروست دەبوو، کەچی خۆی هەمیشە دڵنیابوو. ئامۆژگاریم کرد زانکۆ تەواو بکات، تەواوی کرد، ئنجا دوکانێکی کردەوە لەسەر شەقامێکی گەورەی جەددە، ئێستا بۆتە کەسێکی ناسراوی ناودار و لەگەڵ کۆمپانیای گەورەی گوڵی جیهانیدا شەراکەتی هەیە.

## ٣٧- ڕێ مەدە کەس فنجانەکەت بۆ پڕبکات:

جڵەوی نەفسی خۆت بگرە، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (ئازا ئەوەنیە لەزۆرانبازیدا ئازابێت، بەڵکو ئازا ئەوەیە کەجڵەوی نەفسی خۆی دەگرێت لەکاتی توڕەبووندا).

ئەڵێن حەکیمێك هەمیشە پەند و حیکمەت ئەدا بەوانەی کەسەردانی ئەکەن و لەشوێنێکی بەرزدا نیشتەجێ دەبێت، لاوێکی عەجولی هەمیشە تووڕەش ئەچێ بۆلای حەکیمەکە تا هەندێ پەند و ئامۆژگاری لێوەرگرێت.

بەماندووبونێکی زۆر دەگاتە لای حەکیمەکە و لەدەرگا ئەدات، ژنی حەکیمەکە دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە و لەژووری پێشوازیدا سێ سەعات بەجێی دەهێڵێ لاوەکە ئەوەندەی تر سەرشێت ئەبێت، کەخەریکە بڕوات حەکیمەکە دێت و فنجانێکی ئەداتە دەست و قاوەی بۆ تێدەکات، حەکیمەکە بەئەنقەست فنجانەکەی بۆ پڕدەکات لێی دەڕژێت، لاوەکە ئەوەندەی تر توڕەدەبێت و پیشم و غەزەب دەخواتەوە. ئنجا حەکیمەکە پێی دەڵێت: کوڕی خۆم ڕێ مەدە کەس فنجانەکەت بۆپڕبکات خۆت بۆخۆتی پڕبکە. بەڕاستی وانەیەکی گەورە بوو بۆئەو لاوە تابەبچوکترین شت دەماری نەگیرێ و کۆنترۆڵی خۆی لەدەستنەدات.

## ٣٨-ماسی فرۆشێکی نموونەیی:

برادەرێك لـەبەریتانیا خانوویەکی کڕی کە حەوزێکی ماسی لـەحەوشەی دەرەوەیماڵەکەیدا بوو، ماسی زینەی تیابوو، سەری حەوزەکە بە موشەبەکێك گیرابوو، موشەبەکەکەی فڕێ دا، باڵندەی ماسی خۆر پەلاماری ماسیەکانی دا و خواردنی، چوو لـەبازاڕ ماسی زینە بکڕێتەوە، کابرای ماسی فرۆش وتی: ماسی زینەت بۆ حەوزی ناو ماڵ دەوێت یان بۆ حەوشە؟

وتی: بۆ حەوشە.

وتی: دە نایفرۆشم.

وتی: بۆچی؟

ئەویش وتی: لـەبەرئەوەی ئێستا بیبەیت لـەگەڵ کەشوهەواکەدا ناتوانێ خۆی ڕابهێنێت و لـەسەرمادا دەمرێ، هاوین وەرەوە پێت دەفرۆشم بەچەند مانگێك لـەگەڵ کەشوهەوای دەرەوەدا ڕایەت و ئەوسا بەسەرماکە نامرێ.

## ٣٩- هاوکاری لاواز و بێنەوا:

نادیەی مەغریبی دەرچووی زانکۆ بوو، شووی بەپیاوێك کردو پێکەوە چوونە بەریتانیا، کاتێك مێردەکەی زانی دووگیانە بەجێی هێشتن، کچێکی بوو، لـەبەرئەوەی ئیقامەی نەبوو بە کولـە مەرگی و کارەکەری مالآن بژێوی خۆی دابین دەکرد، لـەدەمی خۆی دەگرتەوە بۆ کچەکەی تا گەورەی کرد و خستیە قوتابخانە، پاش دوانزە ساڵێك ئیقامەی وەرگرت، حاڵی باشتر بوو زانکۆی خوێندەوە، بانگخوازێك دەڵێت: من و موسڵمانان زۆر هاوکاریمان کرد، بەڕاستی تێکۆشەربوو، خوای گەورەش زۆری پێخۆشە هاوکاری ئەو لاواز و بێنەوایانە بکرێت، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (الساعي على الأرملة كالمجاهد في سبيل الله) ئینجا مێردەکەی کەزانی حاڵیان باش بووە هاتەوە لایان، بەڵام ئەمجارە ئەمان پێی ڕازی نەبوون.

### ٤٠-وێنەیەک:

بانگخوازێك دەڵێت: لەفرۆکەخانەی بەریتانیا تابلۆیەکم بینی کە بەدەست کێشرابوو، سێ زەرافەی مل درێژ دەیانەوێ گەڵای دارێك بخۆن دەمیان نایگاتێ، زەرافەیەکی تر لەسەر هەر سێکیانەوە دەمی گەیشتووەتە گەڵاکە. لەژێر تابلۆکەشدا نوسراوە، ئەگەر تۆ مەزنیش بیت دەتوانی مەزنتر بیت، بۆیە هەوڵبدە و دوودڵ مەبە.ژیان کورتە بەفیڕۆی مەدە، سێیەکی تەمەنت خەوتوویت، سێیەکی تری خەریکی خواردن و جل لەبەرکردن و شتی تریت، ئەو سێیەکەی دەمێنێتەوە کارێك بکە لەدنیا وئاخیرەتدا بمێنێتەوە ( والباقيات الصالحات خير عند ربك ثوابا و خيرا أملا ) الكهف.

### ٤١- شتێ بڵێ کە جێبەجێ بکرێت:

پاشایەکی فەرەنسی وتی: ئافرەتان نابێت ئاڵتون و موجەوهەرات بکەن بەخۆیانەوە، بەحساب یەکسانی دروست بکات لەگەڵ هەژاراندا، ئەم بڕیارە کەس جێ بەجێی نەکرد.

پاشا ڕاوێژی بە وەزیرێکی خۆی کرد کە چی بکات باشە، فەرمانەکە هەڵوەشێنێتەوە یان نا؟

وەزیرەکە وتی: نا قوربان هەڵی مەوەشێنەرەوە بەڵکو بیگۆڕە و بڵێ: هەرچی ئافرەتی جوانە خشڵ و زێڕ و زیو نەکەن بەخۆیاندا و ئەوانەی جوان نین قەیناکا.بەمەش کلیلی کێشەکەی دۆزیەوە، هیچ ئافرەتێك ئاڵتون و خشڵی نەئەکرد بەخۆیەوە، چونکە هەموویان خۆیان بە جوان دەزانی و تاوەکو کەس بەو خشڵ و زێڕو زیو بەخۆوە کردنە نەڵێت ناشرینە.

### ٤٢-گۆڕینی موسیبەت بۆخۆشی:

ریك ئەندرسۆنی بەریتانی، بێ کار بوو لەماڵەوە وخووی دابووە جگەرە و مادەسڕکەرەکان. ژنەکەشی لەخەستەخانە کاری دەکرد، کچێکیان بوو شەلەلی دەماغی هەبوو، کابرا ئەوەندەی تر باری دەروونی خراپ بوو، چوار پێنجساڵیان بەدەردەسەری بردە سەر، کچەکەی بەردەوام دەگریا، کاتێ دەیکردە کۆڵ و دەیگێڕا بێدەنگ دەبوو، زەردەخەنەش دەکەوتە سەر لێوی، وازی لەجگەرە هێنا و

زۆر جار دەیگێڕا بەکۆڵ برادەرێك پێی وت: جا کەتۆ ئاوا چەند سەعات ئەم منداڵەت بەکۆڵ دەگێڕی مەشقێکی زۆر چاکە بۆ بەشداری لەماراسۆندا ناکەیت.

لەماراسۆنێکی ڕۆیشتنی خێرادا هەرچەند یەکەم نەبوو بەڵام سەرنجی سەیرکەرانی ڕاکێشا و خەڵکی و هەواڵنێران ڕووی کامێراکانیان دەکردە ئەوو خەڵکی سۆزو بەزەییان بۆیان جوڵا.

لەماراسۆنێکی لەندەندا بەشداری کرد سێیەم بوو، ئەم پیاوە ناونرا باوکی سەدەی بیستەم، زەردەخەنەی کچەکەشی دانرا بەجوانترین زەردەخەنە و حاڵ و گوزەرانیان باش بوو.

## ٤٣-متمانە بەخوا:

زوبەیری کوڕی عەوام خەریکی زەوی کڕین و فرۆشتن و بازرگانی بوو، لە جەنگی (جمل)دا بەعەبدوڵای کوڕی وت: من دەزانم لێرە شەهید دەبم، دوو هەزار هەزار درهەم قەرزارم.

عەبدوڵا وتی: جا خوا لەقەرزار خۆش نابێت باشەهیدیش بێت.

زوبەیر وتی: کوڕم زەویەکم هەیە هەوڵبدە بیفرۆشە و قەرزەکەی لێ بدەرەوە،ئەگەر بۆت نەفرۆشرا لەشەودا شەو نوێژبکە و دوعا بکە و بڵێ: ئەی پەروەردگاری زوبەیر سوێندت دەدەم قەرزەکەی زوبەیر بدەرەوە، ئەمە سوودی دەبێت، چونکە من هەرجارێ قەرزار بووبم ئەم دوعایەم کردووە و هەفتەیەکی نەبردووە خوای گەورە هاوکاری کردووم و قەرزەکەم داوەتەوە.

عبدالله پاش ئەوەی باوکی شەهید بوو، ویستی زەوی یەکە بفرۆشێ کەس لێی نەکڕی، ناچار لەشەونوێژدا دوعاکەی باوکی کرد، بۆ سبەینێ یەکێ لەقوڕەیشییەکان هاتە لای عبدالله و وتی: باوکت زەویەکی هەیە دەمەوێ بیکڕم، وتی: چەندی پێدەدەیت؟؟

وتی: ٥ هەزار هەزار درهەم. زەوی یەکەی پێ فرۆشت و دوو هەزار هەزار درهەمی دایەوە بەقەرزدا و سەد هەزاری تریش قەرزار بوو ئەویشی دایەوە و باقیەکەشی بەسەر میراتگرەکانیدا دابەشکرد.(ئەو زەمانە ملیۆنیان نەزانیوە).

## ٤٤- خوا رۆزیدەرە:

بانگخوازێك دەڵێت: جارێك سواری تەکسی بووم، شۆفێرەکەی پیاوێکی بەتەمەن بوو، لێم پرسی لەکەیەوە سایەقیت؟ وتی: لەساڵی ١٩٤٨ ەوە، وتم: حەزئەکەم بەسەرهاتێکی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە کە کاری تێکردبیت.

وتی: ڕۆژێکیان زۆر نەخۆش و ناساغ و ماندووبوم، لەماڵەوە کەوتبووم هیچ نەبوو لەماڵماندا، دوو سێ ڕۆژ بەو حاڵە ماینەوە، ژنەکەم ماڵە دراوسێکان گەڕا سابەڵکو ٢٠ جونەیهێك قەرزبکات، کەس نەبوو قەرزی بداتێ. دەست لەدەست و قووەت لەخوا وتم: ئەڕۆم ئیشێکم هەیە، ژنەکەم سوێندی دام و تکای لێکردم کەلەبەر ناساغییەکەم کاری وانەکەم، بەڵام هەرچۆنێ بوو ڕۆشتم، چی گەڕام کەس دەستی لێ ڕانەگرتم.. تا خەریك بوو بێ هیوابم، تاکسیەکی بیجۆ دەستی لێ ڕاگرتم و وتی: برام ئەم نەفەرە میوانە و بیگەیەنە فڕۆکەخانە من ئوتومبیلەکەم لەکارکەوتووە، کە سەرکەوت و کەوتینە قسە، دەرکەوت کارێکی هەیە لەبنکەی گواستنەوەی کەلوپەل وتم: من خزم و ناسیاوم هەیە لەوێ حەز دەکەیت دەتبەم باکارەکەت بۆ ئاسان بکەن، زۆری پێ خۆش بوو، کەبردم لەجیاتی (١٥٠٠) جونەیە تەنها (٥٠٠) جونەیهیان لەبەر من لێ سەند، کەگەڕاینەوە و گەیاندمە فڕۆکەخانە وتی: ئەوە ٢٠٠ جونەیە هەقی ئەوکارەی بۆت کردم، باشە!؟

منیش وتم: من لەکەیەوە وێڵم بەدوای ٢٠ جونەیهدا و وا خوا دە قاتی ئەوەی نارد زۆر باشە ماڵت ئاوا بێ، وتی: دەکەواتە مادام حاڵت وا خراپە ئەوە (١٠٠٠) جونەیهی تر، کە وەرم گرت وتم: یارەبی چ ڕۆزی دەرێکی؟ هەرتۆ پەنای بێ پەنایانی، هەرتۆی بەڕاستی ڕۆزی دەر و فریادڕەسی

{وَفِي السَّمَاء رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ، فَوَرَبِّ السَّمَاء وَالْأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ} الذاريات٢٣

## ٤٥- گومانی باش بەخوا بردن:

خوای گەورە دەفەرموێت (من ئاگام لەگومانی بەندەکەمە، گومانی خێر بەرێت بۆ خۆیەتی و گومانی خراپیش بەرێت هەر بۆ خۆیەتی ). المنذري - الترغيب والترهيب /إسناده صحيح

دەبێت هەمیشە ئەو ڕاستیە بزانین کەخوا هەر دەرگایەك دابخات دەرگای تر لەجیاتی دەکاتەوە،( محمد ریاز، ئەحمەد سەعدە، عومەر ئەل سنیط )، ئەم سیانە لەساڵی ٢٠٠٩ ەوە کاردەکەن لە صوناعی حەیاتدا بۆ خزمەتی هەژار و داماوەکان لەصەعید و سوهاج و شوێنەکانی تری میسر، لەکاتی ڕاپەڕیندا کارەکانیان وەستا بۆیە چوون بۆیەمەن تا ١٠٠٠گەنجی ئەوێ فێرکەن، شەش سەد پڕۆژەی بچوکیان بۆ خێزانە هەژارەکان کردەوە، ئنجا لە جەزائیر و سۆدانیش توانیان سوودێکی زۆر بگەیەنن و ئنجا هاتنەوە میسر.

## ٤٦- بەتەنها بیخوێنەوە:

هەرزەکارێك هاوەڵی خراپی هەبوو، دایك و باوکیشی هەوڵیان داوە لەگەڵیا کە چاك بێ و ڕێی ڕاست بگرێت، بۆئەمەش جاروبار نامەیەکی کورتیان بۆ نووسیوە کە ئامۆژگاری بووە و لەژوورەکەیدا دایانناوە تا بەتەنها بیخوێنێتەوە، ئەمیش ئەیخوێنێتەوە و واپیشان ئەدات کە ئاگای لێ نیە و نەیخوێندۆتەوە، بەهەرحاڵ پاش چەند ساڵێك ئەم نامانە کە دەربڕینی سۆز و خۆشەویستین بۆی و کە ئامۆژگاری جوانن کاری خۆیان دەکەن و هەرزەکارەکە ڕاست دەبێتەوە، ئێستا مەمنونی دەردەبڕێ بۆ ئەو کارەی دایك و باوکی کە چۆن بەو هۆکارە ویستویانە ڕزگاری بکەن لەڕەوشت و خووی خراپ و هاوەڵی خراپ.

## ٤٧- مام سابیر:

لەسەرەتای چلەکاندا لەمیسر کابرایەکی سویسری دوکانی چاویلکە سازی هەبوو لە قاهیرە ومام سابیر یەکێ بوو لەوانەی شاگرد بوون و کاریان بۆ دەکرد، پیاوێکی دەست ڕەنگینی دەست پاکی ڕەوشت بەرزبوو. کابرای خاوەن دوکان تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت و دەزانێت ئەبێت میسر بەجێبهێڵێت، بەمام سابیر دەڵێت:تۆ دەستپاك و دەستڕەنگینی دوکانەکەم دەفرۆشم بەتۆ هەر چەندت هەیە قەیناکە،بەچوار ساڵ پارەکەم بدەرێ وئەگەر منیش مردم بیدە بەکوڕەکەم لە سویسرا.

مام سابیر بەچوار ساڵ پارەکەی دا بەکوڕەکەی و چەند دوکانی تری کردەوە لەشوێنی ترو حاڵی باش بوو، چوو بۆ حەج و بووبە حاجی سابیر، وەك وەفایەك بۆ کابرای سویسری دوکانی یەکەمی

هەر بەناوی سویسرییەکەوە هێشتەوە و چی لقی تریشی کردەوە هەر هەمان ناوی لێنان و وەسیەتیشی کرد کە با هەر بەوناوەوە بن.

## ٤٨-دکتۆر مەحمودی جەزار:

بانگخوازێك دەڵێت: دکتۆر محمود لەساڵانی ١٩٨٨وە دەیناسم، کە کۆلێژی پزیشکی تەواوکرد کاری دەستنەکەوت، چوو بۆ ئەفریقیا و لە ئۆغەندە گیرسایەوە پاش چەند ساڵ کە سەردانی ئەو وڵاتەم کرد بینیم بەرێوەبەری گەورەترین نەخۆشخانە بوو، بەرپرسی چارەسەری وەزیرەکان بوو، رەگەزنامەی ئۆغەندی وەرگرتبوو.

بەزمانی سەواحلی ئەوان قسەی دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا خۆی و ژنەکەی کە هەر میسری یە ناوبەناو سەردانی میسر دەکەنەوە، کەئەمەش بەڵگەی کۆڵنەدان و هەوڵ و کۆششەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەرزی خوا فراوانە و مرۆڤ ئەبێت دوای رزقی خۆی بکەوێت {يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ أَرْضِي وَاسِعَةٌ فَإِيَّايَ فَاعْبُدُونِ }العنكبوت٥٦،{هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوامِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ } الملك١٥. ناوبراو گەورەترین پەیمانگای پەرستاری کردەوە لە ئۆغەندا و پەرستاری زۆری پێگەیاند لە موسڵمان و مەسیحی بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەیان.

## ٤٩- خێرو سەدەقات:

شێخ (عطية سالم) کە زانایەکی میسریە دەڵێت: رووداوێکم لەدەمی شێخ بن بازی رەحمەتی بیستووە، کە پەند و ئامۆژگاری تیایە بۆئەوانەی کە خێر و چاکە دەکەن.



شێخ (بن باز) وتی: لەدۆڵی ئەفلاج لەسعودیە لەهاویندا کانیاو و بیرەکانیان تەواو بێ ئاو دەبن، بۆیە خەڵکەکەی جاروبار دەچن بۆ هەندێ ئەشکەوت کە زۆر گەورە و تاریکە و ئاویشیان تیایە، پیاوێکی بەتەمەن ئەچێتە ئەو ئەشکەوتەوە و هەندێك دەڕوات لە تاریکیدا ناتوانێت بێتەوە دەرێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: دائەنیشم بەڵکو کەسوکارم کە بەدواما گەڕان بمدۆزنەوە و ڕزگارم بکەن..

چەند کاتژمێرێك تێپەڕدەبێت و بەتەقدیری قورئان خوێندن نوێژەکانی دەکات، زۆر زۆری برسی دەبێت، کاتێك دەست دەکوتێت لەبەردەمیا دەبەیەك شیردەکەوێتە بەردەستی و دەیخواتەوە، هەست دەکات تامی وەك تامی شیری ئەو مانگایەیە کە شیرەکەی ڕۆژانە دەدەن بەماڵێکی هەتیو. بەم چەشنە دە ڕۆژ دەمێنێتەوە و هەموو ڕۆژێك شیرەکە لەبەردەمیایە و دەیخواتەوە، کەسوکاریشی دنیای بەدوادا دەگەڕێن و هەرگیز بەخەیاڵیانا نایەت کە هاتبێتە ئەم جێگایەوە چونکە بەبێ ڕوناکی شوێنێکی مەترسی دارە و مرۆڤ ون دەبێت.

سەرەنجام دێن بۆ ئێرەش و یەکێك بە لایتێکەوە دێتە ژوورەوە کابرا ئەدۆزێتەوە و دەیەنەوە پاش ئەوەی پشوو دەدات و هەواڵی چوونەکەی لێ ئەپرسن ئەڵێت: جارێ ئێوە پێم بڵێن چیتان کرد لەشیری ماڵە بێوەژنەکە؟

وتیان:واللە هەموو ڕۆژێ شیرەکەمان داونەتێ دوێنێ نەبێت.

ئەمیش وتی: ئەزانم، وتیان: چۆن؟

وتی: هەموو ڕۆژێ ئەو شیرەی ئەتاندا بەوان خواش بۆمنی ئەنارد و منی پێ ڕزگار بووم، تەنها دوێنێ بۆم نەهات زانیم لێتان بڕیون.

## ٥٠-خۆت بەکەم مەزانە:

لەساڵانی سیەکاندا دکتۆر (ریچارد چارلس) بابەتێکی نووسی لەسەر بانقی خوێن، کەشوێنێکی لەبارو گونجاو دروست بکرێت بۆهەڵگرتنی خوێن، بەڵام چونکە بیرۆکەکە تازە بوو ترسا بڵاوی بکاتەوە خەڵکی گاڵتەی پێ بکەن، پاش سێ ساڵ واتە لەساڵی ١٩٤٠ دا برادەرێکی سەردانی دەکات و چەکمەجەیەکی دۆلابەکەی دەکاتەوە و ئەو بابەتە دەبینێت و هانی ئەدات کە بڵاوی بکاتەوە، ئەمیش بەقسەی دەکات، کە وتارەکە بڵاوبۆوە بووە هۆی ئەوەی کە کاری لەسەر بکرێت و بانقی خوێن دروست بکرێت..

لەساڵی ١٩٤١ دا ناوبراو بەکارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەست دا، جا ئەگەر بڵاوی نەکردایەتەوە ئەوا ڕەنگە وتارەکە بفەوتایە و چەند ساڵ دروستکردنی بانقی خوێن دوابکەوتایە.

## ٥١- ڕێز لەبەهرەی بەرامبەرەکەت بگرە:

ئەمەش چیرۆکی دوو ئافرەتی بەهیممەتە یەکێکیان لەڕۆژهەڵات و ئەویتریان لەڕۆژئاوا، (منە) ئافرەتێکی میسری یە و مێردەکەی لوبنانیە، (دیبی) ئافرەتێکی بیانییە، هەردووکیان حەزیان بەنووسینی چیرۆکی منداڵان دەکرد. بەڵام مێردەکانیان پشتیان نەدەگرتن و ساردیان دەکردنەوە.

(منە) حەزی دەکرد کتێب بنوسێ بۆ منداڵان بەشێوەی چیرۆك و زۆر ئاسان و سەرنجڕاکێش بێت بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و بەوێنەوە.

(دیبی) ش ئامێرێکی چاپی دەستی هەبوو، کاتێ منداڵەکانی لەقوتابخانەو مێردەکەی لەئیش بوایە دادەنیشت بەو ئامێرە چیرۆکی چاپ دەکرد.

ڕۆژێك (منە) بە (ناصر) ی مێردی دەڵێت: من هاوکاریم کردی تا کۆمپانیاکەت لەسەر پێی خۆی وەستا، بەڵام تۆ هیچت بۆمن نەکرد و بگرە ساردیشت کردمەوە، ئەویش بڕیار ئەدات هاوکاری بکات، ئەمەش وای کرد کە (منە) بەگوڕوتینێکی زیاترەوە کاربکات و پێنج کتێب دەربکات بۆ منداڵان، کە یەکێکیان هەڵبژێردرا بە چاکترین پەڕاوی منداڵان لەوڵاتی لوبنان بۆ ساڵی ٢٠٠٧.

(دیبی) ش بەهەمان شێوە مێردەکەی بڕیار ئەدات هاوکاری بکات، ئەمەش گوڕوتین ئەدات بەناوبراو و ساڵی بیست چیرۆك بڵاودەکاتەوە و بەسەدان هەزار نوسخەی لێ دەفرۆشرێت و هەندێکی دەکرێت بە فیلم لەئەمریکا و بووە یەکێك لەنووسەرە بەناوبانگەکانی بواری منالان.

## ٥٢- دەربڕینی خۆشەویستی:

خۆشەویست (د.خ) دەفەرموێت: ئەگەر کەسێکتان خۆشویست، پێی بڵێن،دیارە ئەمە حیکمەتێکی زۆر گەورەی تیایە.

ئەمەش چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە کە ئەمە دەسەلمێنێت، ژنێك دەگێڕێتەوە کە کوڕەکەی تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت لە تەمەنی پێنج ساڵاندا، کاتێك دایکەکە بەدیاریەوە دەبێت پێی دەڵێت: کوڕم چی ئازارت بۆهات دەستم بگوشە تا منیش پێت بڵێم: خۆشم دەوێیت. بەوجۆرە چەند دایکەکە بەدیاریەوە دەبێت و منداڵەکە ئازاری بۆدێت لەتاو ئازار دەستی دایکی دەگوشێت، ئەویش هەموو جارێ بەقوربان و بەساقەی دەبێت و دەڵێت خۆشم دەوێی.

کوڕەکەی حاڵی خراپتر دەبێت و دەیبەنە ژووری چاودێری یەوە، کوڕە حەزدەکات دایکی ئەو خۆشەویستیەی بۆ دەربڕێت، دایکەش ناتوانێ بچێتە ژوورەوە بۆیە دایکەکە لایتێکی بچوکی پێ یە و لای پەنجەرەیەکەوە وەستاوە کوڕەکەش لایتێکی بچوکی لایە چی ئازاری بۆدێت کوڕەکە لایتەکە ئەدات لەدایکی و ئەویش بۆ دەربڕینی خۆشەویستی یەکەی لایتێکی لێ ئەداتەوە، کوڕە خوا شیفای ئەدات و ئەبێتە جێی سەرسوڕمانی پزیشکەکان.

پاش چەند ساڵێك دایکەکە تووشی نەخۆشییەکی گران دەبێت گومانی شێرپەنجەی لێدەکەن، کوڕەکەشی گەورەبووبوو لەزانکۆ بوو، کە بەدیاریەوە دەبێت دەستدەخاتە دەستی دایکیەوە و لەگەڵ هەموو ئازارێکیدا دایکی دەستی دەگوشێ و کوڕەکەشی پێی دەڵێت: دایە گیان خۆشم دەوێی.

جا بەڕاستی مرۆڤ گەورە و بچوك بەو سۆز و خۆشەویستی یە دەژی کە بۆی دەردەبڕن.

## ٥٣-پیاوی ئەمین و بەوەفا:

ئوم سەلەمە دەڵێت: خۆم و کوڕەکەم پاش یەك ساڵ دووری، کەویستمان کۆچ بکەین بەبیاباندا و بڕۆم بۆلای مێردەکەم لەمەدینە، عوسمانی کوڕی تەڵحە کە بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو منی بینی، وتی: ئەوە چی دەکەیت؟ وتم: دەچم بۆلای مێردەکەم.

وتی: وەرە سواری حوشترەکەم ببە من دەتگەیەنم، غیرەتی قبوڵی نەکرد ئافرەتێك ئاوا بەتەنهایی ئەو ڕێگایە بگرێتە بەر لەنێوان مەککە و مەدینەدا کە (٤٥٠کم) ە.

ئوم سەلەمە باسی جوامێری عوسمانی کوڕی تەڵحە دەکات و دەڵێت: دەمزانی کەخوا پاداشتی ئەداتەوە،لەفەتحی مەککەدا پێغەمبەر(د.خ) کلیلی کەعبە ئەداتەوە بە عوسمان وەك وەفایەك کە بنەماڵەی (بەنو شەیبەن)و دەفەرموێ:تا قیامەت دەبێت ئەو شەرەفە بۆ ئەو بنەماڵەیە بێت و کەس نابێت لێیان بسێنێ.خۆشەویست (د.خ) وەك وەفایەك و پاداشتێك کلیلەکەی ئەداتەوە دەست پاشان عوسمان موسڵمان بوو، هاوەڵان ئەیانووت ئەوە خوا پاداشتی ئەو پیاوەتیەی داوەتەوە کەبەرامبەر ئوم سەلەمە کردی.

## ٥٤-کوڵنەدان:

(محمد أفضل خان) پاکستانییەکی هەژاربوو دایك و باوکی بە ڕووداوی هاتوچۆ مردن، لەبەر ئەوەی کەسی نەبوو، چوو بۆ شاری مانچستەر ولەگەڵ مامیدا ئەژیا، هەستی ئەکرد وەك بەندکرابێ، زمانی نەئەزانی و لەئامۆزاکانی تێنەدەگەیشت ولە قوتابخانە گاڵتەیان پێ دەکرد،لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا بوو بەشۆفێری پاص و تەنها سەرەتایی و شتێکی تری کەمی خوێندبوو.

ئەو قوتابیانەی دەیگواستنەوە دەیبینن سەرگەرمی خوێندنن،ئەمە بوو بەهاندەرێك كە دەست بكاتەوە بە خوێندن،سانەوی ودواتر كۆلێژی یاسای بە یەكەمی بڕی و لەساڵی ٢٠٠٤ دالەتەمەنی ٥٣ ساڵیدا بووبە عومدەی مانچستەرو هەوڵ ئەدات بشبێت بە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا

## ٥٥-با خەڵەتاندن بلاو نەبێتەوە:

خەلیفە مەئمون ئەسپێكی زۆر عەجایەبی دەبێت لەناو هەموو ئەسپەكانیدا گرنگی پێ ئەدات، كابرایەكی سەرۆك هۆز دێت داوای لێ دەكات بەهەر نرخێك بێت پێی بفرۆشێت، خەلیفەش ڕازی نابێت، دووەم جار دێتەوە هەر ڕازی نابێت، سێیەم جار دێتەوە هەر ڕازی نابێت، كابرا فێڵێك دەدۆزێتەوە تا ئەسپەكەی لێ بسێنێت، ڕۆژێك جلێكی پەڕپوت لەبەر دەكات و لەسەر ئەو ڕێگایە خۆی ئەدات بەزەویدا كە مەئون بەسواری ئەسپەكەیەوە بەویادا دێت بۆ پیاسەكردن بەناو باخ و باخاتەكانیدا و كابرا وا خۆی پیشان ئەدات كە ئازاری هەیە و نەخۆشە و ئەكەوێتە هات و هاوار، مەئمونیش بەزەیی پیادێتەوە و دادەبەزێ و دەیخاتە سەر ئەسپەكەی تاببیات بۆلای دكتۆری خەستەخانەی كۆشكەكەی.كابرا كە دەچێتە سەر ئەسپەكە پێی لێدائەگرێ و ئەسپەكە دەڕفێنێ، مەئمونیش هاوار دەكات و پێی دەڵێ: ئەمەی كردت لای خەڵك باسی مەككە بۆئەوەی خەڵكی واز لە چاكەكردن نەهێنن.

***




### ٥٦-خاوەنی ئوتێلی هولیدای ئێن:

والاس جۆنسۆن دارتاش بوو، لەتەمەنی بیست ساڵیەوە لەکارگەیەکدا ئیشی دەکرد پاش بیست ساڵ کارکردن، کەتەمەنی چل ساڵ بوو بەبێ هۆ خاوەن کارگەکە ئیزنی دا، بێ ئیش و بێکار مایەوە، جۆنسۆن تەسلیم نەبوو، خانووەکەی خستە ڕەهنەوە و شتێ پارەی وەرگرت، چەند خانوویەکی بچوکی وەك بەڵێندەرایەتی جێبەجێ کرد بۆ خەڵکی، لەبەر ئەوەی نەخشەکانی جوان بوون خەڵکی کارەکانیان پەسەند کرد و بەمەش وردە وردە دەوڵەمەند بوو، لە ٥٥ ساڵیدا ئوتێلی (هۆڵیدای ئین)ی دروست کرد، پاشان گەیشتە ئەوەی کەلە زۆر وڵات ئەو ئوتێلە بەوناوەوە بکاتەوە،جائەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ نابێت بێ هیوا بێت و دەست لە ئەژنۆ دانیشێت.

## ٥٧- دوعای دایک:

ئوسامە لاوێکی سعودییە و دەڵێت: ویستم بچم بۆ باشترین کۆلێژی ئابوری بەریتانیا تا بەو شەهادەیەوە و بەشارەزایی تەواوەوە ئیدارەی کارەکانی خێزانەکەم بکەم کە خێزانەکەم دەوڵەمەند بوون.

بەڵام کێشەکەم زمانی ئینگلیزی بوو، ئەمەم بۆ دایکم باسکرد، ئەویش وتی: کوڕم ئەترسم دەرنەچیت لە تاقیکردنەوەی زماندا و ڕەنج بەخەسار بیت. بەهەرحاڵێ بوو چووم، بەڵام هەر لەسەرەتاوە هەستم کرد کە زۆر گرانە و ڕەنگە دەرنەچم! پەیوەندیم کرد بەدایکمەوە. ئەمجارە دایکم زۆر هانی دام و وتی: هەوڵی تەواو بدە خوا کەریمە و منیش دوعات بۆ ئەکەم.

هەوڵی زۆرم داو چوومە تاقیکردنەوەوە، دوایی هاوەڵێکم پێی وتم: ئەزانی کەس دەرنەچووە، منیش لا ئیرادی وتم: نابێت من دایکم وتوویەتی: دەرئەچی، دوایی کە ئەنجامەکان وەرگیرایەوە لە سایەی خواوە بە دوعای دایکم دەرچووبووم.

## ٥٨-کیسەڵ و گەرمایی:

منداڵێك کیسەڵێکی هەبوو، خواردنی دەدایێ و یاری لەگەڵ دەکرد، لەشەوێکی زستانی ساردا منداڵەکە ڕۆیشت بۆلای کیسەڵە خۆشەویستەکەی تا کەمێ لەگەڵیا یاری بکات، بەڵام ئەو خۆی خستبوە ناو قاپڵۆخە ڕەقەکەیەوە بۆئەوەی لەسەرمای ژوورەکە بیپارێزێت، هەرچەند هەوڵی دا کە سەر بێنێتە دەرەوە بە گوێی نەکرد، چەند پیاکێشا ئەو باشتر خۆی قایم دەکرد و نەدەهاتە دەرەوە، هاواری دەکرد و دەیقیڕان بەسەریا سوودی نەبوو..

باوکی کە گوێی لەو قیژەو هاوارەی کوڕەکەی بوو هات بەدەمیەوەو لێی پرسی: کوڕم ئەوەچی یە بۆ وا تووڕەبویت؟ ئەویش حاڵەکەی بۆ گێڕایەوە..

باوکی بزەیەك گرتی و وتی: وازی لێ بێنە، وەرە بۆلای من، باوکی زۆپای ژوورەکەی داگیرساند و، هەردووکیان لەپەنای زۆپاکە دانیشتن و، پێکەوە دەستیان بەقسە کرد، سەیریان کرد کەم کەم

کیسەڵەکە سەری هێنایە دەرەوە و بەرەو لایان هات، تاهەندێ بەگەرمای زۆپاکە گەرم ببێتەوە.. ئنجا باوکەکە بە کوڕەکەی وت: کوڕی خۆم! دەبێ لەم کیسەڵەوە دەرس وەربگری بۆ مامەڵەکردنت لەگەڵ خەڵکیدا..

ئەگەر ویستت خەڵکی وابیر بکەنەوە کە تۆ بیر دەکەیتەوە، یان ڕای تۆیان پێ پەسەند بێت، بەزۆر و کوتەك کاری ناتوانی وایان لێ بکەیت،بەڵام ئەگەر بە سۆز و خۆشەویستیت گەرمتکردنەوە هاوڕات دەبن.. ئەمە یەکێکە لەنهێنی ئەو کەسایەتییانەی لەژیاندا کاریگەری جادوو ئاسایان لەسەر کەسانی بەرامبەریان هەیە بەبەخششی ماددی و مەعنەوی.

پەندە ئینگلیزیەکەش دەڵێت: تۆ دەتوانی ئەسپ بەزۆر بەرەو ڕووبار ببەیت، بەڵام ناتوانی بەزۆر ئاوی دەرخوارد بدەیت.. هەروەها مرۆڤیش وایە دەتوانیت بەزۆر کۆڵیان پێ بکێشیت، بەڵام ناتوانی خۆشەویستی خۆت بەزۆر لەدڵیانا جێگیر بکەیت.. ئەوەی خۆشەویستیت لەدڵی خەڵکیدا بۆ دروست دەکات ئەوەیە بەسووك سەیریان نەکەیت و، ڕێزیان لێبگریت و، بەدەمیانەوە بیت و، چاکەیان لەگەڵ بکەیت، ڕووخۆش و ڕەوشت بەرزبیت بەرامبەریان..

پێغەمبەریش (د.خ) دەفەرموێت: تەنیا بەماڵ بەخشین ناتوانن کەسبی دڵەکان بکەن، بەڵام بەڕووی خۆش و ڕەوشتی جوان دەتوانن..

خوێنەری بەڕێز: دڵەکەت ئەو موگناتیزەیە دڵان بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، لەبەرئەوە بەربەست لەنێوان دڵی خۆت و خۆشەویستەکانتدا لابە. کیسسەڵەکەت لەبیر نەچێتەوە خەڵکی لە زستانی ژیانا بەشوێن شتێکدا دەگەڕێن گەرمیان بکاتەوە.

## ٥٩- وێنەگری گۆڤاری التایم:

عەمرخالید دەڵێت: پێش چەند ساڵێك گۆڤاری تایم بابەتێکی لەسەر من بڵاوکردەوە وەك یەکێك لەسەد کەسایەتیی کاریگەری ساڵ و وتیان وێنەکەتمان دەوێت بۆ بەرگی گۆڤارەکە و وێنەگرەکەمانت بۆ دەنێرین لەئەڵمانیاوە بۆ قاهیرە، وێنەگرەکەیان هات بۆ قاهیرە و لە ئوتێل دابەزی، کەچووم بۆلای بەقات و بۆینباغەوە بەخێرهاتنم کرد، وتی: من دوو ژوورم لەئوتێلەکە گرتووە یەکێکیان بەسەر نیل دا

دەڕوانێت و یەکێکیان بەسەر قاهیرەی کۆن دا، جامن سەیری بەرنامەکانتم کردووە لە ئینتەرنێت دا دەزانم کە حەز دەکەی ڕووبەڕوو قسە بۆ خەڵك بکەی، جا حەزدەکەیت لەکام ژووردا وێنەت بگرم کە قسەدەکەیت، لەو ژوورەی کەبەسەر قاهیرەی کۆندا دەڕوانێت یان ژوورەکەی تر، کەخەریك بوو وێنەم بگرێت، وتی: حەز دەکەیت بەقاتەوە بێت، یان بەکراس و بۆینباغەوە، یان تەنها بەکراسەوە،وتم: باشە چی فەرق دەکات؟ وتی: زۆری فەرقە! ئەوەی سەیری گۆڤارەکە دەکات پەنجا چرکە لەسەر بەرگەکەی دەوەستێت و ئەگەر حەز دەکەیت تەرکیز نەکاتە سەر دەموچاوت ئەوە بە قات و بۆینباغەوە ڕەسمەکەت دەگرم، ئەگەر حەزیش دەکەیت تەرکیز بکاتە سەر دەموچاوت بەکراسەوە وێنەکەت دەگرم، منیش وتم بەکراسەوە وێنەکەم بۆ بگرە..

ئالەمەوە تێگەیشتم کە وردەکاری و ئیتقان لەئیش دا ئەبێت چۆن بێت، بۆ تاقە وێنەیەك ئەم هەموو حیساب و کیتابەی بۆ دەکەن.

### ٦٠- ئەوەی بۆخوا وازی لیّ بهێنی:

بیلال گەنجێکە خەلکی سوریایە و لەکوەیت دەژیا لەگەڵ ماڵی باوکیا، ئاواتی ئەوەبوو کۆلێژی پزیشکی بخوێنێت، زۆر هەوڵی دا نمرەیەکی باشی هێنا و چوو بۆ ئیسپانیا بۆ خوێندنی کۆلێژی پزیشکی، ساڵی یەك و دوو سێ ی تەواو کرد، ماڵی باوکی بڕیاریان دا بچن بۆ کەنەدا، لەبەر بەرزی نمرەی ئەو وڵاتە نەیتوانی ئەمیش خوێندنەکەی بگوێزێتەوە. باوکی لەکەنەدا مرد، دایکی پەیوەندی پێوە کرد کە واز لەخوێندنەکەی بهێنێ و بگەڕێتەوە بۆ کەنەدا شتێکی تر بخوێنێ، ئەمیش دەڵێ: تەنها سێ ساڵم ماوە بەڵکو تەواوی بکەم. دواتر فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەبینێ کە دەفەرموێت (من ترك شيئا لله عوضه الله خيرا منه) بۆیە تەلەفون بۆ دایکی دەکات و لەبەر خوا دەگەڕێتەوە بۆ کەنەدا بۆلای.

بیلال لەکەنەدا ئەچێتە کۆلێژی یاسا، سەرەتا زۆری پێناخۆش دەبێت، کەتەواوی دەکات ئەبێتە پارێزەری کۆچبەران و پەناهەندەکان، ئێستا لەنوسینگەکەیدا چەند پارێزەری کەنەدی ئیش دەکەن، بیلال سوێند دەخوات کە ئێستا سێ ئەوەندەی پزیشکێکی دەست دەکەوێت و دایکیشی لێی ڕازی یە.

بیلال بووە بە بەڕێوەبەری (صناع الحیاة) لەکەنەدا و کەسایەتییەکی ناسراوە لەو وڵاتەداو لەهەندێ ئیش دا حکومەت ڕاوێژی پێدەکات.

## ٦١- یارمەتی خواو نیەت:

کاتێك خالید لە عێراق دەبێت، ڕۆمەکان دەیانەوێ لەشامەوە هێرش بکەن، فەرمانی بۆدێ زوو بەسوپاکەیەوە بگاتە شام، پرسیاردەکات لەبارەی ڕێگاوە، دەڵێن: ڕێگایەکی کورت هەیەو زوو دەگەیت بەڵام سەختەو پڕ مەترسییەو ڕێگای تریش هەیە سەلامەتەو دوورترە، ئەویش راوێژی بە وانە کرد کەلەگەڵی بوون و وتی:براکانتان لەشام لەمەترسیدان، بەکام ڕێدا بڕۆین، هەموو ڕێگا نزیکەکەیان هەڵبژارد هەرچەند پڕ مەترسی بوو. ئەو ڕێگەیەیان گرتە بەرو زوو گەیشتنە شام، خالید وتی: یارمەتی خوا بۆ مرۆڤ بە پێی نیەتەکەیەتی.

## ٦٢- فوزان خان:

فوزان خان گەنجێکی کەنەدی بەڕەچەڵەك پاکستانی یەو تەمەنی ٢٢ساڵە، ئاواتی ئەوەبوو کە ساڵانە کۆبونەوەیەکی چوار ڕۆژی بۆ ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانانی جیهان و باکوری ئەمریکا سازبکات و تیایا یەکتری بناسن و بەرنامەی باش دابنێن بۆ خزمەتی خۆیان و ئاینەکەیان.



فوزان لەزانکۆ بوو پارەی قەرز دەکرد و هاوکاری کۆدەکردەوە و پەیوەندی دەکرد بەعەمر خالید و د. تاریق

سوەیدان و شێخ شورەیمەوە، ئنجا لەوەزارەتی دەرەوەی کەنەداوە داوەتنامەی دەنارد و بەمجۆرە لە کۆنفرانسێکی بێ وێنەدا توانی سێ هەزار منالّ و گەورە و ژن و پیاوی موسڵمان کۆبکاتەوە، لە کۆنفرانسی پێنجدا کە ئەو ژمارە زۆرەی بینی لەخۆشیا گریا و سوپاسی خوای کرد.

## ٦٣- میهرەبان بە:

بانگخوازێك دەڵێت:چووم بۆ منفلوط بۆ ئەو دێ یەی کە شەفەندەفەرێك دابووی لەپاصێکی قوتابخانە و ژمارەیەکی زۆر قوتابی کوشتبوو، سەردانی ئافرەتێکم کرد کە حالّی زۆر پەرێشان بوو بۆ دووکوڕی کەلەو پاصەدا تیاچووبوون، سەیرم کردحالّی باشتر بووە و قسەدەکا و ناگری، لێم پرسی بەچی سەبوریت بۆهات؟

وتی: خەلّکی دێ و پیاوماقوڵان بەعەقڵ قسەیان لەگەڵ کردم سەبوریم بۆنەهات، پیاوانی خاوەن کاری دەوڵەمەند یارمەتی زۆریان دام، پارە چی لێ بکەم دووکوڕم بەو ڕووداوە ناخۆشە تیاچوون و جەرگم سوتاوە، میدیاکاران و هەواڵنێران هاتن کە دەنگوباسی من بگەیەنن سەبوریم بۆنەهات و زانیم تەنها ئیستیغلال کردنە و هیچی تر.. بەڵام کاتێ چەند کچێ هاتن بۆلام و باوەشیان پیاکردم و لەبەردەمما چۆکیان دایا و وتیان: ئێمە وەك کچی خۆت سەیر بکە و لەخزمەتتداین بەوە سەبوریم بۆهات، چونکە هەموومان پێویستمان بەسۆزومیهرە زیاتر لەهەموو شتێك.

## ٦٤- باری شانت سوک بکە:

مامۆستایەکی بەشی کۆمەڵایەتی زانکۆ، سەیری قوتابییەکانی دەکرد سەروچاویان تەواونیە و باری شانی خۆیان قورس کردووە بەخەم و خەفەت، ویستی وانەیەکی کردەییان دابات، بوتڵێ ئاوی گرت بەدەستیەوە و وتی: ئەمە چەند قورسە؟ وتیان: دووسەد گرامێك دەبێت، دەستی بەرزکردەوە وتی: ئەمە ئاسانە هەڵگرتنی بەدەست؟

هەموو وتیان: گومانی تیا نیە سووکە و ئاسانە!

وتی: ئەی ئەگەر کاتژمێرێك دەست ڕاگرم و ئەوەم بەدەستەوە بێت، ماندوو دەبم؟

وتیان: بەڵێ، هەرچەند سووکە بەڵام بەردەوام بۆماوەیەکی درێژ بەدەستەوە بەرزی بکەیتەوە ماندوو دەبیت!

ئنجا وتی: دەی خەم وخەفەتتان هەرچەند کەمیش بێت، ئەگەر دای نەنێن ماندووتان دەکەن.

## ٦٥-لەمالیزیاوە:

ئەمە چیرۆکی ئەمانەت و دەست پاکی یە لەمالیزیاوە،( دکتۆر ئوسامە بار) پارێزگاری مەککەیە، مالیزی یەك ئەچێ بۆحەج و بەبێ ئەوەی پێبزانێت بەردێك لەگەڵ خۆی دەباتەوە، کەهی موزدەلیفەیە، نامەیەك بۆ پارێزگار دەنوسێ و دەڵێت: ئەو بەردەم بەهەڵە بردووە و ئەمانەتە کە بیگێڕمەوە بۆتان و سەد ڕیاڵیشی لەگەڵ دەنێرێت تابەردەکە بەرنەوە جێی خۆی،کە پارێزگار دەیخوێنێتەوە نامەیەکی سوپاسی بۆ دەنێرێت لەسەر ئەمانەتەکەی و چەند دیارییەك و پارەکەشی بۆ دەنێرێتەوە.

ئەو پارێزگارە وتی: هەوڵ ئەدەم چەند بۆم بکرێت جارێکی تر دەعوەتی بکەمەوە بۆ حەج!

## ٦٦- لەرواندا وە:

وڵاتێکی ئەفریقیە ١١ملیۆن کەس بوون لەدوای ١٩٩٤ دا ملیۆنێ کەسیان لەیەك کوشت و مانەوە ١٠ ملیۆن. رۆژێکیان هەیە، هەموو گەل بە سەرۆك وەزیرانەوە دوا شەممەی مانگ سەعات ١٠ ی بەیانی تا ٢ ی پاش نیوەڕۆ هەرجارە و شتێ دەکەن، پاککردنەوە، بۆیەکردن،...هتد، ٥٪ یان موسڵمانن وتاریبێژەکان باسی دەکەن، هەموو هاوکارن وئەو رۆژە بازاڕنابێت، تەنها خەستەخانە و دەرمانخانە دەبێت، ئەگەر یەکێ نەچێت ٢$ غەرامەی دەکەن، شەش مانگ یەکێ نەچێ دادگایی دەکرێت وڕەنگە ڕەگەزنامەی لێ بسەننەوە.

***

## ٦٧- منم ئەخەوم لەكاتی زریاندا!

لە كالیفۆرنیا كابرایەك مەزرەعەیەكی گەورەی هەبوو لەنزیك ئۆقیانوسەوە، زریانیش جارجار دنیا كاول دەكات، هەرچی دەهێنیٚ ئیشی بۆ بكەن نایكەن لەبەرئەوەی ئیشەكەی نارِەحەتە، ئیعلانێكی كرد یەكێك هات، پرسیاری لێكرد وتی: تۆ مواصفاتت چی یە؟

وتی: منم ئەخەوم لەكاتی زریاندا؟ ئەم قسەیەی لا سەیر بوو، بەهەر حاڵ كەوتە ئیش كردن لەلای. جوتیارەكە ئیشی خۆی بەچاكی كرد، پاش مانگێك زریانێك هات كابرای خاوەن مەزرەعەكە بەپەلە چوو، سەیری كرد خەوتووە چونكە حیسابی بۆهەموو شتێك كردبوو!

## ٦٨- عولای ئەسكەندەرانی:

ناوبراو یەكێكە لەئەندامانی كۆمەڵەی (صناع الحیاه)، لەئەسكەندەریە دائەنیشیٚ، لەكۆلیژی دەرمانسازی وەردەگیرێت لەشاری (طنطا)، هەموو رِۆژیٚ بەیانیان زوو دەچوو چاوەرِیٚ شەمەندەفەری دەكرد و، بیتاقەی دەبرِی، هەموو رِۆژێك خەڵكێكی زۆر لەسەرەدا دەبوون و هەندێكیان بیتاقەیان دەستنەدەكەوت و جێیان بۆ نەدەما، جارێكیان ئافرەتێكی بەتەمەن كە بیتاقەی دەبرِی، كەزانی بیتاقەی بۆنەماوە پێی وت: وەرە بیتاقەیەكم بۆداناوی، چەند جاری تریش فریای كەوتووە، نەیئەزانی بۆچی؟

رِۆژێك لێی پرسی: تۆ بۆ ئەم چاكەیە لەگەڵ من ئەكەیت ئاخۆ ئەمناسیت؟ وتی: نەخێر ناتناسم، بەڵام تۆ تەنها كەسێت كە دێیت بیتاقە دەبرِیت رِووت خۆشە و، زەردەخەنەت لەسەر لێوە تەنانەت ئەگەر بیتاقەش نەمێنێت بۆت، هی وا هەیە تەلەفونەكەی بەگویٚ وەیە و بە بێموبالاتی دێتە بەر پەنجەرەكە، هی وایە ئاخ و ئۆفێی لەبەر وەزعەكە، هی واش هەیە قسەی نابەجیٚ دەكات ئەگەر بیتاقەی بۆ نەمێنێت.

ئەمەش بەرِاستی وانەیەكی گەورەیە لەزەردەخەنەی سەر لێودا كەسەدەقەیە (تبسمك فی وجه أخیك صدقه)،وە لەبەر گرنگییەكەیەتی كەكراوە بەشیعارێك و شارەوانی ئەڵمانیا لەشوێنیە گشتیەكاندا هەڵی واسیوە.

## ٦٩- ئاوات و ئامانج:

بانگخوازێك دەڵێت: ژیان بەبێ بوونی ئاوات و ئامانج هیچ مانایەکی نیە، گەورەترین نیعمەت و بەهرەی مێشك ئەوەیە کەدەتوانێت بیر لـەداهاتووی بکاتەوە و ئاوات وئامانجی دیاری بکات، ئەمەش تەنها لای مرۆڤ هەیە، چونکە یەکێکە لـەهۆکارەکانی بەرەو پێش چوونی مرۆڤایەتی و ژیان، شێرێك کە شای گیانلـەبەرانە بەرنامەی نیە بۆداهاتووی و بیر لـەداهاتووی ناکاتەوە..

دوو سێ ساڵ جارێك بۆ تیژکردنەوەی ئاوات و ئامانجم ئەچم بۆ مەککە تا لـەو جێ و ڕێ پیرۆزەدا بیرێك لـەخۆم و داهاتووم بکەمەوە و بەئاوات و ئامانجمدا بچمەوە.

پێغەمبەر(د.خ) ئاوات و ئامانجی بۆهاوەڵانی دیاری دەکرد، کاتێ عەدی کوڕی حاتەم هاتە لای پێی فەرموو: ئەی عەدی ڕەنگە بلێی هەژارن و بێ دەسەڵاتن.

بەخوا ئەوەندە پارە زۆر دەبێ کەسێکت دەستناکەوێ خێری بەیتێ، ئەوەندەش ئاسایش بەرقەرار دەبێت ئافرەتێك بەبێ ترس لـەسەنعاوە دێت بۆ حەزرەمۆت، یان لـەحیرەوە (لـەعێراق) دێ بۆ مەککە و فەتحی فارس دەکەن و زێڕ و زیوەکانیان لـەڕێی خوادا سەرف دەکەن.

هەرواش دەرچوو کەخۆشەویست (د.خ) فەرمووی و تەنانەت عەدی ئەوەی بەچاوی خۆی دی و لـەجەنگی فارسیش دا بەشداری کرد.

## ٧٠- نەخشەی کۆن:

ناتوانی بەدوای خەزنەیەکدا بگەڕێیت بەنەخشەیەکی کۆن، لـەبەرئەوەی بەردەوام شتەکان لـەگۆڕاندان ئەبێ نەخشەی تازەت پێ بێت. برادەرێك کتێبێکی شەکیب ئەرسەلان دەخوێنێتەوە کە زیاتر لـەسەد ساڵ لـەمەوبەر لـەسەر ئەستەمبوڵ نوسیویەتی، زۆر سەرسام دەبێت بەمزگەوتی شین، کاتێك دەچێت بۆ ئەستەمبوڵ باسی ئەو مزگەوتە دەکات هەندێ کەس نایزانێ، تا سایەق تەکسی یەك دەیباتە مزگەوتەکە سەرسام دەبێت بەوەی کەزۆر شتی گۆڕدراوە بەتایبەت دەوروبەری و، وەك ئەوە نیە کە لـەکتێبەکەدا هاتووە.

## ٧١-خەو وخەیاڵ:

یاریزانی تێنس ئەگاسی لەهەژدە ساڵی دا بووە پاڵەوانی جیهان لەتێنس دا، لەچاوپێکەوتنێکدا پرسیاریان لێکرد لەبارەی ئەوەی هەست بەچی دەکات لەو بردنەوەیەدا؟ وتی: من ئەوە دەهەم جارمە دەیبەمەوە، لایان سەیربوو، وتی: من دە ساڵە خەوی پێوە دەبینم و خۆمی بۆ ئامادە دەکەم و هەموو ساڵێ وا دەزانم من یەکەم بووم.



(مارادۆنا) دە ساڵ ئاوات و ئامانجی ئەوەبوو کاسی جیهانی تۆپی پێ بگرێت بەدەستیەوە کە ئاوات و ئامانجەکەی هاتە دی، ئیتر ئاوات و ئامانجێکی تر نەبوو هەوڵی بۆبدات کەوتە تلیاك کێشان!

ئاوات و ئامانج ئەبێ بە (٣D) ببینی و لەگەڵیا بژیت، نەهەر خەوی پێوە ببینی، بەڵکو نەهێڵێ بخەویت!

(ئەلبەرت تۆمس) لاوێکی باڵابەرزی سیسەڵەی ئەمریکی بوو لەکالیفۆرنیا، هاوەڵانی گاڵتەیان پێ دەکرد، لەوانەکانیا خراپ بوو، توشی گۆشەگیری بووبوو نەیئەتوانی چوار دێڕی ڕێك و پێك بلێ!

لەگەڵ کۆمەڵەیەکی خێرخوازیدا کاری کرد بۆماوەی دوو مانگ، چالاك بوو شەهادەیەکی ڕێزلێنانیان دایە و کردیان بەنوێنەری خۆیان بۆ تەنسیق کردن لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا.. بەمە هەستایەوە و بۆی بوو بەئەزمونێکی سەرکەوتوو، دواتر ناوبراو سیانزە ساڵ بووە ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی.

جۆن لاوێکی ئەمریکی بوو شەربەتی لیمۆی دەفرۆشت بەگەشتیاران لە کەنار دەریا لەکالیفۆرنیا لەسالآنی چلەکاندا، بەدەم کارەکەیەوە لەگەشتیارانی دەپرسی لەبارەی ئوتێلەکانیانەوە و سەرنجەکانیانی تۆمار دەکرد،دواتر حالّی باش بوو چێشتخانەیەکی بچوکی کردەوە و بەردەوام ڕاو سەرنجی خەلّکی وەردەگرت تا ئەو کەموکورتی و تێبینیانەی خەلّکی لای خۆی چارەسەر بکات.

سەرەنجام ئوتێلێکی دروست کرد و زۆر سودی بینی لە تێبینی و سەرنجەکانی گەشتیاران، ئێستا زنجیرەیەك ئوتێلی هەیە لەجیهاندا بەناوی (جۆن ماریۆت).

## ٧٢- ئاوات و ئامانجێک بۆخۆت دیاری بکە:

بانگخوازێك دەلێت:من حەوت سەعات لەفڕۆکەدا کە چووم بۆ کەنەدا بیرم دەکردەوە لەو ئاوات و ئامانجەی کەهەمە، من دەمەوێ بەشداربم لەدروستکردنی نەوەیەکدا کەئیش بکات بۆ بوژاندنەوەی ولآت، دیارە ئەبێ هاندەرێکم هەبێ بۆ ئەم کارە، هاندەرەکەشم ئەوەیە کەدەمەوێ بچمە بەهەشتەوە.

ئەبێ ئاوات و ئامانجمان دیاری بکەین و هاندەرمان هەبێت و ئنجا دوعاش بکەین خوا سەرمان بخات و دەستمان لێ بەرنەدات، ڕاستە من ئەو عابیدە نیم کە شایانی باس بێ، بەلآم سوپاس بۆخوا دوعام نەکردووە گیرانەبوویێت، ئەگەر پاش سالێکیش بووە، دوعا کردن هەرچەند بۆخۆی عیبادەتە، بەلآم سوودێکی تریشی هەیە کە ئەو دوعایە بەزۆر وتنەوەی لەلا شعوردا دەچەسپێت!.

هەرکەسە و کلیلی خۆی هەیە بۆ هاندان، برادەرێکم لەبەریتانیا هاوەلێکی لەگەلدا بوو بەناوی (ماریۆ) کە پورتوگالی بوو، ئیمانی بەهیچ نەبوو، پاش هەولّ و کۆششێکی زۆر ئیمانی هێنا بەخوا و بە ئیسلام، بەلآم دەیوت: قورسە واز لە مەی و ئافرەت بهێنم، وتی: مەی بەهەرحالّ

بەلآم ئافرەت چۆن؟ وتی: تۆ پێت خۆشە ئەوە بەرامبەر دایکت و خوشکت بکرێت، وتی: جا ئەوان ئازادن چی ئەکەن و چی ناکەن.

هەرئەم وشانە بوو کە خۆشەویست (د.خ) بەگەنجێکی فەرموو: سوودی لێ بینی، بەلآم دیارە ئەم کلیلە بۆ ئەم (ماریۆ)یە دەستنادات و ئەبێ بە شتی تر بیگری و بەکلیلی تر دلّی بکەیتەوە.

ئاواتم بوو کەکەسێکی دەنگ خۆشی سپۆرت پەیامی هونەر بگەیەنێ، تائەوە بوو خوا سامی یوسفی نارد کە بەڕاستی لێهاتووە و بەهونەرێکی پاکی جوان پەیامی خوا دەگەیەنێ بەگەلانی دنیادا.

## ٧٣- گرنگیدان بەبەهرەی بەرامبەر:

کاتێك فەتحی مەککە کرا و بیلال چووە سەر دیواری کەعبە بانگی دا پێغەمبەر (د.خ) گوێی لەگەنجێك بوو بەناوی سەلەمەی کوڕی موعەمەر کەلاسایی بیلالی دەکردەوە و هەندێ لەوانەی موسڵمانیش نەبووبوون پێدەکەنین. خۆشەویست (د.خ) بانگی کرد، ئەویش ترسا وایزانی لەسەر ئەوە سزای دەدات، کەچی ئەو پێغەمبەرە کە خوای گەورە نازناوی (رؤوف رحیم) ی داوەتێ فەرمووی: سەلەمە تۆ دەنگت خۆشە، ئەڵێی چی با فێری بانگت بکەم.

وتی: باشە، فێری کرد و دەستی هێنا بە سنگیدا، دوابی فەرمووی: دەتەوێ ببی بە بانگبێژی مەککە؟؟ وتی: جا ئەو کارە بەمن دەسپێری؟

فەرمووی: بەڵێ.. جالەو ساتەوە بووە بانگبێژی مەککەو ئەگەر میهرەبانی ئەو زاتە نەبوایە دنیا و قیامەتیشی لێ دەشێوا.

## ٧٤- پێغەمبەری میهرەبان:

بەریرە خزمەتی دەکرد لای عائیشە و پاش ماوەیەك ئازادی کرد، بەریرە ژنی موغیث بوو کە ئەویش کۆیلە بوو، پاش ئازادبوونی بەعورف و عادەتی ئەو زەمانە حەزی نەکرد لای بمێنێتەوە و داوای جیابونەوەی کرد.

کە بەریرە جیابۆوە تەوافی دەکرد و موغیث یش بەدوایا دەڕۆشت و دەگریا و دەپاڕایەوە، کەخۆشەویست (د.خ) ئەمەی بینی بە عەبباسی مامی فەرموو: نەمدیوە پیاو ئەوەندە ئافرەتی خۆش بوێ و ئافرەتیش نەبووە ئەوەندە لەمێردەکەی بێزاربێت.. بە موغیث ی وت: دەتەوێ قسەی لەگەڵ بکەم، وتی: واللە خێرت دەگات، قسەی لەگەڵ کرد و فەرمووی: ناکرێ بگەڕێیتەوە بۆلای؟

ئەویش وتی: ئەمرە یان تکایە؟ فەرمووی: تەنها تکا و شەفاعەتە..

وتی: بەخوا نامەوێ و کارم پێی نیە، فەرمووی: تۆ ئازادی.

### ٧٥- پێغەمبەری مرۆڤایەتی:

بانگخوازێك دەڵێت:ڕۆژێك لەبەریتانیا كاتی نوێژ بوو، لەبەرئەوەی مزگەوت لەو ناوە نەبوو لەپەنایەكدا لەسوچێكی ئوتێلێكدا نوێژم كرد، هەستم كرد بەهەنگاوەكانی كەسێك كەبەرەو من دێت لەدواوە پاش چەند هەنگاوێك وەستا، كەتەواوبووم ژنێكی هیندی بوو، وتی: دوعام بۆبكە نەخۆشی شێرپەنجەم هەیە.

منیش دانیشتم بەئینگلیزی كەوتمە دوعا كردن بۆی و ئەویش ئامینی دەكرد و دەگریا، دوایی وتم: ئەزانی كێ ئەم دوعایانەی فێركردوین؟ وتی: كێ؟ وتم: محمد پێغەمبەر(د.خ)، وەئەویش فێری ئینسانیەتی كردوین،كاتێك جەنازەیەك بەلایا تێدەپەڕی لەبەری هەڵدەستا؟ هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەوەجوولەكەیە ! فەرمووی (أليست نفسا)مەگەر ئەویش نەفسێك نییە؟؟. ژنەكە وتی: بەڕاستی پێغەمبەرەكەتان كەسێكی مرۆڤ دۆست بووە.

### ٧٦- بەوەفایی خۆشەویستمان:

كاتێ فەتحی مەككە كرا ئوسامە وتی: لەكوێ دەمێنیتەوە ئەی پێغەمبەری خوا (د.خ)؟ ئەویش فەرمووی: جا عەقیل (كەبرای ئیمامی عەلی بوو هێشتا كافربوو وە دەستی گرتبوو بەسەر ماڵی پێغەمبەردا)ماڵی بۆهێشتینەوە؟؟ وتی: جالێی بسێنەرەوە، فەرمووی: نا لەبەرخاتری ئەبوتالیب لێ ی ناسەنمەوە.وتیان: ئەی چی بكەین؟

فەرمووی: خێمەیەكم بۆهەڵدەن لای قەبرەكەی خەدیجەوە، كەئەو هاوكارم بوو لەناخۆشیەكاندا، با لەخۆشی و سەركەوتنەكەشمدا بەشدار بێت، كە چواردەساڵ لەوەوبەر وەفاتی كردبوو.

وتیان: باخانویەكت بۆدروست بكەین.

فەرمووی: نا بائەنسارەكان بزانن كەنامێنمەوە و دەگەڕێمەوە لایان (كاتی خۆی وەعدی دانێ كەژیان و مردنی لای ئەوان بێت) سبحان الله لەو وەفایەی حەزرەت(د.خ) بەرامبەر ئەبو تالێب و هاوسەرەكەی و ئەنصارەكان.

## ٧٧- حساب كردن بۆ خۆشەویستی:

پێغەمبەر (د.خ) لەشەڕی ئوحوددا كەئەو هەموو نارەحەتییەیان بەسەر هات و حەفتا هاوەڵی شەهیدبوون، لەكاتی ناشتنیاندا فەرمووی: بگەڕێن جەنازەی عەمری كوڕی جەموح و عبدالله ی كوڕی حیرام بدۆزنەوەو بەیەكەوە بیانێژن، چونكە لەدنیادا یەكتریان خۆشدەویست..

سبحان الله لەوكاتە دژوار و ناهەموارەدا كەدەترسان دوژمن بدا بەسەر مەدینەدا، كەخۆشەویست (د.خ) تیایا بریندار بوو، ئنجا بیری وا لای خۆشەویستی نێوان دووهاوەڵ و حسابی بۆدەكات.

بەڕاستی پێغەمبەرێكی مەزنە و حسابی بۆ هەموو شتێك كردووە. یان لەفەتحی مەككەدا لەگەڵ پیرێژنێكی هاوەڵی خەدیجەدا دائەنیشێ، بەیادی جارانەوە، بەیادی خەدیجەی هاوسەر و هاوخەبات و هاوسەنگەریەوە، كەخۆی و چی هەبوو لەپێناوی خوادا بەخشی، ئەبێت خۆشەویست (د.خ) چەند حەزی كردبێ خەدیجە بمایە و ئەم سەركەوتنەی ئیسلامی بدیایە و چاوی ڕوون ببوایەتەوە.

خۆشەویستی و گرنگی پێدان مەسەلەیەكی زۆر گرنگە لەژیاندا، بانگخوازێك دەڵێت: (دانیا) ئافرەتێكە لەسعودیە ئێستا دكتۆرای هەیە، تەلەفۆنی بۆكردم و خەفەتی لەوە دەخوارد كە دایك و باوكی وەكو پێویست نین لەگەڵیدا، مناڵ و گەورە هەردووكیان پێویستیان بەخۆشەویستی هەیە، مناڵێك بەدایكی دەڵێت: تۆ كەی منتت بوو، ئەویش وتی: لەبیست و هەشتساڵیدا، وتی: باشە چۆن من و تۆ ٢٨ ساڵ لەیەكتری دووربوین و یەكترمان نەناسیوە؟!.

ئەكتەری بەناوبانگی جیهانی عومەر شەریف دەڵێت: كەلەدەرەوە دەبم لەهەموو لایەكەوە كەسانێك دێنە لام و حەزدەكەن وێنەم لەگەڵ بگرن، بەڵام بەداخەوە كەدەچمەماڵەوە مناڵەكانم لەگەڵ نین و لێم دوورن هەست بەتەنهایی و نامۆیی دەكەم.

## ٧٨-مرۆڤ پێویستە بەوەفا بێت:

عەمر خالید دەڵێت: صالح كامل(خاوەنی كەناڵی اقرأ)زۆرهاوكاری كردووم،برادەرێك تەلەفونی بۆكردم بۆ لەندەن و وتی: صالح كامل لەمیونخ عەمەلیاتی دڵ دەكات، دكتۆرەكانیش تەنها یەك دەقە دەیەڵن ببینی و دەبێ بێتە دەرەوە.

وتم: تەلەفۆنێکی بۆ دەکەم بۆ ئەحوالْ پرسین برادەرەکەم وتی: عەیبە نەچی بۆلای.

وتم: بۆ دەقیقەیەك؟ وتی: ئەوە وەفایە! چووم بۆ فڕۆکەخانە و چوومە میونیخ و تەکسیم گرت بۆ نەخۆشخانەکە و ئەحوالّم پرسی بۆ یەك دەقە و هەندێ لـەکەس و کارەکەیم بینی وهاتمە دەرەوە سواری تەکسیەك بوومەوە بۆ فڕۆکەخانە، بەڵام لـە فڕۆکەخانە هەستم کرد تەرمۆمەتری ئیمانەکەم فڕی، هەروەك مەلائیکەتێك بەتایبەت کەمن لـەبەرخوا ئەوکارەم کردبوو دلّم پڕکات لـەئیمان و بەخۆمم وت: فرسەتە دوعا بکە.

لـەئەدەبی ئینگلیزیدا، چیرۆکێك هەیە کەمنالان فێری وەفا دەکات، لـەجەنگی جیهانی دووەمدا سەرکردەیەکی سوپا هەستی کرد ورەی سەربازەکانی ڕۆژبەڕۆژ دادەبەزێت، بۆیە بیریان کردەوە کە ئافرەتانی بەریتانیا نامە بۆ سەربازەکان بنێرن و کارەکانیان لا ئاسان بکەن تا هیوایان بۆ بێتەوە و دلّ بەژیان خۆش بکەن، یەکێ لـەوانە کەلـە جەنگەکە ڕزگاری دەبێت و ناکوژرێ، نامە بۆ ئافرەتەکە دەنێرێت کەمن وا دەگەڕێمەوە چۆن بتبینم خۆمن تۆم نەدیوە و ناتناسم، ئەویش وەڵامی بۆ ناردەوە کەمن لـەوێستگەی شەمەندەفەر دەوەستم و گوڵێکی سوور دەکەم بەسنگمەوە.

کە سەربازەکە لـە وێستگەکە دادەبەزێ چاو دەگێڕێت ئافرەتێکی ناشرین دەبینێ گوڵێکی سوور بە یەخەیەوەیە، تۆزێ بیردەکاتەوە بەجێ ی بهێڵێ و ئیهمالی کات یان نا، ئاخر چۆن ئەو ناشرینە بهێنێت، لـە دەروونیدا زۆر دەیهێنێ و دەیبا دواتر بڕیاردەدا بچێ بۆ لای وەك وەفایەك چونکە بەهۆی نامەکانی ئەوەوە بووە کە هیوای بۆ گەڕاوەتەوە و لـە ژیاندا ماوە. کەئەچێ بۆلای ئەڵێ: تۆ ئەو ئافرەتەی کەنامەکانت بۆ من دەنارد؟

ئەڵێ: نەخێر ئەوەی نامەکانی بۆ دەناردی ئەو ئافرەتە جوانەیە کە لـەویا دانیشتووەو گوڵەکەی کرد بەیەخەی منەوە تا وەفای تۆ تاقیبکاتەوە.

## ٧٩-وەفایەک بۆ هاوسەر:

پیاوێکی جوتیاری هندی ناوی (دشراس مەنجا) یەو لـەدێ یەکی هیندستان دەژی کەدووری لـەشارێکەوە حەوت کیلۆمەتر دەبێت، بەڵام لـەبەر ئەوەی زنجیرە چیایەکی سەختیان لـەنێواندایە

بەڕێگایەکدا دێن بۆشار کە حەفتا کیلۆمەتر دەبێت، ژنەکەی نەخۆش دەکەوێت و ناتوانێ بیگەیەنێتە شار بۆیە هاوسەرەکەی دەمرێت لەساڵی ١٩٦٠ دا، لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی زۆر خۆشدەوێت و ڕێگاکەش هۆکار بوو بۆ نەگەیشتنە خەستەخانە ی بڕیاردەدات کە بەو شاخە سەختەدا ڕێگایەك بەپاچ و پێمەڕە بکاتەوە، خەڵکەکە وادەزانن شێت بووە، پاش نزیکەی بیست ساڵێك بە تەنها ڕێگایەکی نۆ مەتری دەکاتەوە، کە دەگاتە کۆتایی یەکەی لەسەرەتای ١٩٨٢ دا لەسەر دوا بەرد دەنوسێت هاوسەری بەوەفای خۆشەویستت.

### ٨٠-چاکە ون نابێت:

کوڕە جوتیارێك لەدێکەیانەوە دەچێت بۆ دێیەکی تر، زۆر برسی و تینوو دەبێت، دەگاتە یەکەم ماڵی دێیەکە لەدەرگا دەدات و کچێك دەرگا دەکاتەوە، ڕووی نایەت داوای خواردن بکات و تەنها داوای ئاو دەکات، کچەکەش یەك جامی گەورە شیری بۆ دێنێت، ئەمیش تێری لێ دەخواتەوە و ئەڵێ: ببورە تەنها جونەیهێکم پێ یە، ئەڵێ: من دایکم وای فێرکردووم پارە لەسەر چاکە وەرناگرم.

پاش چەند ساڵ ئەو کوڕە دەخوێنێ و دەبێتە دکتۆرێکی ناودار، ئەم کچەش تووشی نەخۆشی یەکی قورس دەبێت، دکتۆرەکان پشکنینی بۆدەکەن و پێویستی بەنەشتەرگەری دەبێت و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێت، پرس وڕا بەو دکتۆرە ناودارە دەکەن، ئەویش دێت بۆلای و پرسیاری لێ دەکات خەڵکی کوێ ی؟

دەڵێ: فلانە دێ؟! دەڵێ: ماڵتان لەکوێدایە؟ دەڵێ: لەسەرەتای دێ یەکەوە، دکتۆرەکە بیری دەکەوێتەوە کە ئەمە کچی ئەو ماڵەیە کە کاتی خۆی بێبەرامبەر شیریان دایە و فریای کەوتن، نەشتەرگەریەکەی بۆدەکەن، پسولەی پارەکە دەدەنە دەست دکتۆر خۆی بۆی دەدات و لەژێریا دەنوسێت: ئەو ڕۆژەی شیرەکەتان دامێ پارەکەی دراوە.

***

## ٨١- لاوێکی میهرەبان:

پیاوێك جەڵتە لێی دەدا لەبازاڕ و دەیبەن بۆ خەستەخانە، لە گیرفانیدا ژمارەی تەلەفونەکان دەردێنن و تەلەفون دەکەن بۆلاوێك و دەڵێن: باوکت ناساغە و لەخەستەخانەیە، کوڕەکەش بەپەلە دێت بۆ خەستەخانە و پیاوەکە هەرچەند لەحاڵەتی بێهۆشیدا بوو دەست دەخاتە دەستیەوە و ئەوشەوە بەدیاری یەوە دەبێت و زۆر دوعای بۆدەکات، بۆ بەیانی کە باش دەبێت، بەدکتۆرەکان دەڵێت: لەوە دەچێت بەهەڵە تەلەفونتان بۆمن کردبێت، تەئکید بکەنەوە لەژمارەی تەلەفونەکە سەیردەکەن لە شپرزەییدا ژمارەیەکیان بەهەڵە لێ داوە و ئەم دەرچووە، وتیان: جا کە باوکت نەبوو بۆلەلای مایتەوە و بۆقسەت نەکرد؟ وتی: لەبەر خوا دڵم نەهات بەجێی بێڵم.

## ٨٢- گۆڕانکاری دەکرێت هیواتان هەبێ:

ساڵی ۲۰۰۱ تورکیا پارەیان تەواو بێ نرخ بوو بوو یەك دۆلار بەرامبەر پێنج ملیۆن لیرە بوو، ساڵی ۲۰۱۱ یەك دۆلاریان بەرامبەر پێنج لیرەبوو، ئەو گەرووی بسفۆرە کە لەبەر بۆن و پیسی نەتدەتوانی پیابڕۆیت ئێستا خۆشترین جێ یە، ئەوروپا و ئیتاڵیا و زۆر وڵات ئێستا ١/٤ ی ئەوەی لەماڵەکانیاندایە لەتورکیا دروست کراوە. ئیرادەیەك هاتە پێشەوە بۆ بەرەو پێش چوون، توانیان لە ماوەی دە ساڵدا بەرەو پێش بچن.

جا بەندەش کە ئێستا ئەم وشانە دەنووسم یادی بیست و حەوت ساڵەی ڕاپەڕینە، بیست و حەوت ساڵ تێپەڕی بەسەر زوڵم و ستەمی سی ساڵەی بەعسیەکاندا، کەچی بەداخەوە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ بوون بەبازرگان بەسەر میللەتەوە و ئەوەی توانیان بردیان بۆخۆیان و ئەوەی کە بەناچاریش بەپارەی میللەت کردیان بە پڕۆژە هەزاران جار دایانەوە بەچاوی خەڵکدا، ئەم هەموو ملیۆن و ملیار دۆلارە تەراتێنی پێ دەکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژێرخانی ئابوری کاول تر دەبێت و مافیاکانی ناو دەسەڵات زیاد دەکەن، نازانم تۆ بلێی ڕۆژێ بێت وڵاتم ببێ بە وڵات؟!

زۆر لام سەیرە ئەم حکومەتە بیرێ ناکاتەوە وبەرنامەیەکی نیە! ئاخر ساڵانە سەد هەزار زیاتر قوتابی بەشداردەبن لەتاقیکردنەوەکانی پۆلی دوانزەدا، باشە هەموو ساڵێك ئەو هەموو قوتابیە زانکۆو

پەیمانگاکان تەواو دەکەن، ئایا وەك خۆیان دەڵێن بەدرۆی نیسان کارەکە مەیسەر دەبێت، ئەو هەموو ملیاراتەی نەوت و داهات و بوودجە بۆ کوێ دەچێت؟؟

## ٨٣- بەکەم سەیری کەس مەکە:

ژن وپیاوێکی بەتەمەن کە جل و بەرگێکی سادەیان لەبەردابوو وە خەڵکی دەرەوەی شار بوون، چوونە لای سکرتێری نووسینگەی سەرۆکی زانکۆی هارفاردی ئەمریکی کە یەکێکە لە زانکۆ دێرینەکانی ئەمریکا تا چاویان بەسەرۆکی زانکۆکە بکەوێت، زووتر مەوعیدیان وەرنەگرتبوو، سکرتێرەکە وتی: سەرۆك زۆر سەرقاڵە و ڕەنگە نەتوانێ بەم زوانە بتانبینێت، ژنەکە وتی: چاوەڕێی دەکەین، چەند سەعاتێك چاوەڕێیان کرد، هەرچەند سکرتێرەکەش پشتگوێی خستبوون، سا بەڵکو تاقەتیان بچێت و بڕۆن ، ژنە و پیاوە مانەوە تا چاویان بەسەرۆکی زانکۆکە کەوت کە ئەویش زۆر گرنگی پێنەدان.

ژنەکە بەسەرۆکی وت: کوڕێکمان لێرە دەیخوێند، ساڵی پار لە ڕووداوێکدا وەفاتی کرد، هاتووین تا شتێك بکەین بۆی وەك یادگاری لەم زانکۆیەدا، سەرۆکیش کە جل و بەرگ و شێوەیانی بینی وتی: ئێمە پەیکەر بۆکەس دانانێین لەزانکۆدا.

ژنەکە وتی: جەنابت بەهەڵە تێمانگەیشتیت، ئێمە دەمانەوێت بینایەکی بۆ بکەین و بەناوی ئەوەوە ناوبنرێت، سەرۆك بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری کردنەوە و وتی: ئەزانن بیناکردن چەندی تێدەچێت؟ ئێمە بیناکانمان حەوت ملیۆن و نیو دۆلاری تێچووە.

ماوەیەك بێدەنگ بوون و ژنەکە سەیری پیاوەکەی کردو وتی: ستانفۆرد کە زانکۆیەك ئەوەندەی تێبچێت بۆ زانکۆیەکی نوێ بەناوی کوڕەکەمانەوە دروست نەکەین. پیاوەکەش سەری لەقاند و ڕەزامەندبوو. سەرۆك لەمە سەرسام بوو، ژنەو پیاوە ڕۆیشتن لە کالیفۆرنیا زانکۆی ستانفۆردیان دامەزراند کەیەکێکە لەزانکۆ دێرینەکانی ئەمریکا وپلەی ١٥ یەمی هەیە لەئاستی جیهاندا و تائێستاش بەناوی ئەو بنەماڵەیەوەیە. بۆیە بەڕاستی هەقە بەڕووکەشی کەس حوکم نەدەین.



## ٨٤- وەفا و شەهامەت و عەفوو:

لەزەمانی عومەری کوڕی خەتاب دا سێ کوڕ کابرایەك دێنن بۆلای عومەر و دەڵێن: ئەمە باوکمانی کوشتووە، عومەریش لێی دەپرسێت: ئەمانە ڕاست دەکەن؟ دەڵێ: بەڵێ! باوکیان حوشترێکی هاتبووە ناو مەزرەعەکەمەوە و بوو بەدەمەقاڵێمان و خشتێکم پیادا و مرد.

وتی: ئەوە دان پیانانە کەواتە دەبێت تۆڵەت لێ بسێنرێتەوە. پیاوەکە وتی: سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدە، وتی: چۆن شتی وا دەبێت؟ وتی: قەرزێکم لای کابرایەکە وەری دەگرم و دەیدەمە دەستی کوڕەکەم و دێمەوە، وتی: جا کێ دەبێت بەکەفیلت؟ ئەبو زەڕی غیفاری بوو بە کەفیلی و لاوەکان ڕازی بوون، سێ ڕۆژەکە ڕۆی و کابراکە هاتەوە، لایان سەیربوو لێیان پرسی: چۆن هاتیتەوە؟

وتی: ترسام وەفا نەمێنێ، عومەر بە ئەبو زەڕی وت: ئەی تۆ بۆ بووی بەکەفیلی؟ وتی: ترسام شەهامەت و پیاوەتی نەمێنێ. لاوەکانیش وتیان: ئێمەش عەفووی دەکەین، عومەر وتی: بۆ؟ وتیان: ئەترسین عەفوو کردن لای خەڵکی نەمێنێت.

## ٨٥- بێ هیوانەبوون لە هیدایەتی کەس:

(ئارنووڤان دۆرن) لەپەیجی توویتەری خۆی موسڵمانبوونی ڕاگەیاند، ناوبراو یەکێکە لەوکەسانەی کە زۆرترین دوژمنایەتی ئیسلام و موسڵمانانی کردووە لەهۆڵەندا و، ئەندامی شارەوانی لاهایە و پیشتریش ئەندام بوو لەحیزبی ڕاستڕەو کەناسراوە بەدژایەتی ئیسلام.




ناوبراو عومرەی کردو لەخزمەت خۆشەویستدا وەستاو سەلامی لێکردو بەگریانەوە داوای لێبووردنی کرد، پاشان حەجی کردو ئێستاش حیزبێکی ئیسلامی دروستکردووە بۆ خزمەتی ئیسلام وبەتەمایە فلیمێکی تردەربکات لەسەر گەورەیی ئیسلام.

هەروەها ئەندازیاری کۆمپانیای ئێریکسۆنی سویدی بەناوی تۆبیاس سڤینسۆن لەمزگەوتی گەورەی شاری یۆتۆبۆری سوید موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، ناوبراو تەمەنی ٢٦ ساڵە و لەسەر دەستی ئەحمەد موفتی دا موسڵمان بوو، شایانی باسە تا ئێستا بەدەیان کەسایەتی سویدی لەسەر دەستی بانگخواز ئەحمەد موفتی دا موسڵمانبوون.

ئەحمەد موفتی دەڵێت: برادەرێکی بانگخوازی جەزائیری ئافرەتێکی سویدی دەهێنێ و کوڕێکی لێی دەبێت،چی هەوڵی لەگەڵ ئەدات موسڵمان بێت سوودی نابێت، برادەرەکە تووشی شێرپەنجەبوو، لەگەڵ کوڕەکەیدا چوو بۆ عومرە و کەهاتنەوە کۆچی دوایی کرد.دوای ماوەیەك لەگەڵ کۆمەڵێکدا منیش چووم بۆ عومرە، ئەو ئافرەتەم بینی زۆر لە ئێمە زیاتر عیبادەتی دەکردو لە حەرەمدا دەمایەوەو

دەگریا.لێم پرسی: چۆن ئاوا گۆڕایت؟،وتی: کوڕەکەم کەهاتەوە وتی: لە عومرە تەنها یەك دوعام کردووە ئەویش بۆ ئەوەبوو خوا هیدایەتت بدات، ئەوە زۆرکاری تێکردم، بەڵام بەداخەوە مێردەکەم نەما تا دڵی خۆشبێت  بە موسڵمانبوونەکەم.

## ٨٦-ماهیر زێن:

هونەرمەند ماهیر زێن، ئەستێرەیەکی تازەیە لە جیهانی هونەری ئیسلامیدا،دەیەوێت لەڕێ ی مۆسیقا و هونەرەوە پەیامی خوا بگەیەنێتە جیهان.

لەتەمەنی هەشتساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە لوبنانەوە چوون بۆ سوید، لەوێ خوێندی و چووە بەشی ئەندازیاری فڕۆکەوانی، بەهۆی حەزی زۆری لەبواری هونەرو مۆسیقا چوو بۆ نیویۆرك و لەوێ لەگەڵ گەورەترین هونەرمەندی جیهان وەك مایکڵ جاکسن کاری کرد، لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا لەو بوارەدا زۆر نارەحەت بوو بە کەش و هەوای هونەرو موجامەلە ی درۆ و مەصلەحەتی کەسانی ئەو بوارە، بۆیە سەرتاپا ژیانی گۆڕی بەرە و بەرنامەکەی خوا.



## ٨٧-خوای گەورە حەلیمە:

دکتۆر ئەشرەف پزیشکێکی میسری یەو دەڵێت: من بۆ چارەسەرکردن سەردانی ئافرەتێکی دەوڵەمەندم دەکرد کە نەخۆشی شەکرەی هەبوو، جارێك چووم بۆلای ئوتومبێلم نەبردبوو،کەویستم بگەڕێمەوە زۆر ئیلحاحی کرد کە کوڕەکەی بمگەیەنێت، لەڕێگا کەوتینە گفتوگۆ بۆم دەرکەوت کە کوڕەکەی بڕوای بەخوا نیە و گاڵتەی دێت بەبەهەشت و دۆزەخ!

ئەوەندە قسەکانی ناخۆش بوو لەنیوەی ڕێگا وتم دامبەزێنە..

پاش ماوەیەکی تر ئافرەتەکە تەندروستی تێك دەچێ و داوا لەدکتۆر ئەشرەف دەکەن سەردانی بکات، کە ئەمجارە دەچێت بۆلای و دەرمانی بۆ دەنوسێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە، ژنەکە دەڵێت: بەخوا ناڕۆیت بوەستە باکوڕەکەم نوێژی خەوتنانی بکات دەتگەیەنێت، کە کوڕەکە هات دکتۆر بەسوڕمانەوە پێی وت: چی ڕوویداوە؟ تۆ قسەکانی ئەوسات لەبیرە؟

کوڕەکە وتی: خوا بەفەزڵی خۆی ڕزگاری کردم، لەبەرئەوەی ئیش کەم بوو ناچار لە کۆمپانیایەکی گەشتیاری کەوتمە کارکردن و زۆربەی گەشتەکانیش بۆ حەج و عومرە بوون، جارێك کە عومرەکارانم برد بۆ مەککە، وتم: خۆتان بڕۆن عومرەکەتان تەواو بکەن و لەدڵەوە گاڵتەم بە ئیحرامەکەیان دەهات..

دواتر کە لەئوتێلەکە تەنها بووم لەخۆمەوە منیش ئیحرامم وەکو ئەوان بەست و چووم بۆناو حەوشی کەعبە، بەقەدەری (رب العالمين) یەکەم ڕۆژی مانگی شەعبان بوو، ناو کەعبە دەشۆرا، هەرکەچوومە ناو حەرەمەوە دڵم لەهەیبەتی کەعبەدا هاتە لەرزین، کەنزیك بوومەوە لەدەرگای کەعبە، یەکێ لەبنەماڵەی (بەنو شەیبە) کە بەرپرسن لەو کارە وتی: وەرە لەوە دەچێت حەز بکەیت بێیتە ناو کەعبەوە، کە چوومە ناو کەعبەوە هەستم کرد خوا ئەم فرسەتەی بۆ ڕەخساندووم، چۆن من ئێستا لەپیرۆزترین شوێنی سەر زەویدام، زۆر گریام و خوام خۆش ویست، ئەو خوایەی کە زۆر بە حیلم بوو بەرامبەر بەهەڵەکانی من.

### ٨٨-چیرۆکی داسیلفا:

دایك و باوكی داسیلفا جیابوونەوە، دایكی حەوت منداڵی بەخێو كرد لە پێنجی سەرەتایی بوو و ناردی لەكارگەیەكدا ئیش بكات، پەنجەی قرتا، چووە نەقابەیەكی كرێكاران و پاش ١٠ساڵ بووە سەرۆكی نەقابە و پاش ١٢ ساڵ بووە سەرۆكی هەموو نەقابەكان.

پاش سێ ساڵی تر،پاش چوارجار خۆ هەڵبژاردن لە ٢٠٠٢ - ٢٠١٠ توانی ببێتەسەرۆكی ولاّتی بەرازیل و ولاّتی پێشخست، قەرز دەدەن بە سندوقی نەقدی دەولی. هەموو جار پەنجەی بەرزدەكردەوە و دەیوت: ڕاستە من پەنجەم قرتاوە بەلاّم بێ هیوانەبووم.

### ٨٩- ئوتومبیلی ئیسعاف:

ژن و پیاوێكی میسری كچە تەمەن شەش ساڵەكەیان لای دایەنەكەی بەجێ دەهێڵن و دەچن لەدەرەوە نان بخۆن، لەكاتی نان خواردنەكەدا دایەنەكە بەدەم گریانەوە تەلەفونیان بۆدەكات و دەڵێت: كچەكەتان بەزەحمەت هەناسە دەدات فریاكەون، جادەش قەرەباڵغە و شەویشە، بۆیە پەیوەندی دەكەن بە ئیسعافەوە، تا ئەمان دەگەنە ماڵەوە ئیسعافەكەش دێت و مناڵەكە هەڵدەگرێت، شەقامی سەرەكی زۆر قەرەباڵغ دەبێت و دایكەكە زۆر دەگری چونكە دەزانێت ئەگەر زوو كچەكەی نەگاتە خەستەخانە دەمرێت.

لەمەدا دەبن و هەرئەوەندە دەزانن كۆپتەرێك بەسەر ئیسعافەكەوە دەوەستێت و یەكێك خۆی شۆڕدەكاتەوە و كچە دەباتە ناو كۆپتەرەكەوە و دەیگەیەنێتە خەستەخانە.. بەڕاستی لەم ولاّتە كە (دوبەی) یە نرخی مرۆڤ ئەزانن بۆیە ئاوا خەمیانە كە فریای ژیانی كەسێك بكەون.

### ٩٠- یاریزانی ئەرجەنتینی ڕۆبەرت دی فینسترو / یاریزانی گۆڵف /

كاتێ ناوبراو یارییەكی گۆڵفی بردەوەو چەكێكی بانقیان دایەوهاتەدەرەوە بڕوات، ژنێك هاتە بەر ئوتومبیلەكەی زۆر پاڕایەوە یارمەتی بدات،گوایە مناڵەكەی تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، ئەویش بەزەیی پیاهاتەوەو چەكەكەی دایە، هەفتەی دوای ئەوە لەیانەیەك نانی دەخوارد، بەرپرسێك بەپێكەنینەوە

وتی: ئەو ژنەی پارەکەت دایە، شووی نەکردووە و منالّی نیە، فێلّی لێکردی. وتی: کەواتە سوپاس بۆخوا پارەکە رۆبی ومنالّێك نەخۆش نەبوو، هەوالّێکی خۆش بوو. ڕەنگە بلّێن کەسێکی نمونەبی یە، نا ئەوە کەسێکی مرۆڤ دۆستە، خۆئەگەر ئەو جارەش فێلّی لێکرابێ جارێکی تر ناتوانرێ فێلّی لێبکرێت.

### ٩١-هاوکاری لە کاری خێردا:

بانگخوازێك دەلّێت:هاوەلّیکم تەلەفۆنی بۆکردم، مندالّێك توشی شێرپەنجەی جگەر بووە و باوکی بەشێکی جگەری خۆی دەداتێ، تێچووی نەشتەرگەریەکەی نیو ملیۆن جونەیهە، بەلّکو بزانی کەسێ نیە ئەو پارەیەیان بۆبدات، وتم: بۆ بەکەسێك نالّێن واو وا، لام قورس بوو، دوای نوێژی بەیانی کەوتە دلّمەوە کە هاوکاری بکەم، عەیبە شتێك نەکەم،کەوتمە تەلەفون کردن و بەدەولّەمەندێکم وت: تکایە یارمەتی ئەو کەسە بدە حالّەکەی وایە، زۆر بەجددی و بە گەرمی داوام لێکرد، کابرا وتی: ژمارەی باوکەکەم بدەرێ و بۆی تەرتیب کرد و نەشتەرگەریەکەیان بۆکرد.

باوکەکە تەلەفونی بۆکردم دەگریاو وتی: خوا سەرفرازت بکات کوڕەکەمت ڕزگارکرد.. هەموو گیانم مووچڕکەی پیاهات و هەروەك حەجێکم کردبێ.. سوپاس بۆخوا کە هێزی دامێ ئەو کارە بکەم، خوا (شکور)ەوهەرچی بۆ بکەی بەزیاد ناچێ، چەند دەتوانن یارمەتی خەلّکی بدەن.

### ٩٢-هونەری ئامۆژگاری کردن:

بانگخوازێك دەلّێت: داوایان لێکردم لەکارگەیەك وتارێك بدەم لەبارەی ئەمانەتەوە بۆ کارمەندانی ئەو کارگەیە، بیرم کردەوە چی بکەم باشە، خوای گەورە ئاسانی کرد بۆم وتم: بۆردێك و ماجیکێکم بۆ بهێنن، ئنجا کەوتمە پرسیارکردن، کە گرنگترین ڕەوشت چی یە کە پێویستمانە؟، هەریەکە و ڕەوشتێکیان وت: وەك (ئەمانەت، ڕاستگۆبی، داوێن پاکی، دەمپاکی، و....هتد) تا بوو بەنزیکەی سی ڕەوشت.

وتم: باشە ئەگەر کەسێك سەد جونەیهی بێ بێت و بیەوێ یەك دانە لەمانە بکرێت ئەیدا بەکامیان، خستمانە مەزادەوە، لەهەموویاندا پێنج دانە دەرچوو، دەی دوابی بەبەشداری هەموویان یەك ڕەوشتیان

هەڵبژارد کە زۆرترین ڕای لەسەر بوو ئەویش ئەمانەت بوو، ئنجا وتم: مادام هەمووان ئەم ڕەوشتە بەپێویست دەزانن. دەمەویٚ باسێکی ئەمانەتتان بۆ بکەم، بەوە کە خۆیان هەڵیان بژاردبوو، باسەکەم لەبارەی ئەمانەتەوە زۆر کاریگەربوو لەسەریان.

## ٩٣- تواناکان لەخراپەدا بەکارمەهێنە:

بانگخوازێك دەڵێت: لەگەڵ ناسیاوێکما چووین بۆ شوێنێك لە قاهیرە زۆر قەرەباڵغ بوو مۆبایلەکەم لەگیرفانی چەپمدا دانابوو زۆر ئاگاداری بووم لەدزین، سەلامم لەخەڵك دەکرد و وەڵامی سەلامم ئەدایەوە، یەکیٚ هات و سەلامی لێکردم و باوەشی پیاکردم بۆئەوەی بمخلاڤێنیٚ ئیسفنجێك کە تەڕبوو گیرفانی ڕاستمی پیٚ تەڕکرد تا هەموو تەرکیز و هەردوو دەستم خەریکی لای ڕاست بێت، بەچەند چرکەیەك تەلەفونەکەمی لەگیرفانی چەپم دزی، ئنجا بەبرادەرەکەمی وت: ژمارەکەت چەندە ئەویش دەیداتیٚ، دوابی تەلەفونی بۆ برادەرەکەم کرد کە گوایە تەلەفونەکەم لای ئەوە و حەوت هەزار ژمارەی مۆبایلی تیایە و ئەگەر دەیەویٚ بە دەهەزار جونەیھ دەیدەمەوە بەخوا مناڵەکانم موحتاجن و زۆرم پێویست پێەتی و یارمەتیم بدە.. منیش وتم: پێی بلێ نوسخەیەکی ئەو ژمارانەم لایە و نەمویست و پارەکەم نەدایە، بەڕاستی ئەوە کە هەموو مێشکی بۆ خراپە بەکارهێنا بۆچاکە بەکاری بهێنایە شتێکی هەر دەستدەکەوت بەڵام شەیتان گاڵتەی بەعەقڵی کرد و ئەو دزییەی بەو شێوازە پێکرد بەڵام سوودی نەبوو.

## ٩٤-وانەیەک لە ژیشکەوە:

لەکەناڵێکی حەیوانات دا کۆمەڵیٚ ژیشکی پیشان دا کە زۆریان سەرمابوو، بۆئەوەی گەرم بنەوە بەخێرابی لەیەك نزیك بونەوە، دڕکەکانی سەرپشتیان ئازاری دان و لەیەك دوورکەوتنەوە، یەك دوو جار ئەمەیان کرد سەرماش تەنگی پیٚ هەڵچنیبوون، ئەمجارە لەیەك نزیك بوونەوە بەڵام ئەوەندەی کە بەر یەك نەکەون و دڕکەکانیان پیانەچێت بەمە گەرمیش بونەوە و ئازاریشیان بۆ دروست نەبوو.

ئەمەش وانەیەکە بۆ هەموو کوڕو کچێك کە لە فیترەتیاندایە هەوڵی بەیەك گەیشتن بدەن بەڵام سنورێك هەیە کە نابێ بشکێنرێت و ئەبێ بەپێی ئەو بەرنامەیە بێت کەخوا دایناوە و دیاری کردووە.

## ٩٥- فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ:

پاشایەك خۆی لەخەڵکی دەگۆڕێ و دەچێتە ناویانەوە، سەیر دەکات خەڵکی نارازین و قسە بەپاشا دەڵێن، زۆری پێناخۆش دەبێت، بیر دەکاتەوە چی بکات خەڵکەکە سەرقاڵ بکات بە شتێکەوە و پاشایان بیربچێتەوە، فیلێکی گەورە بەرەڵا دەکات لەشاردا و کەس ناوێرێ بچێ بەلایدا و ئەویش ژنو مناڵ دەترسێنێ و چی بوێ دەیخوات و چی بوێ پانی دەکاتەوە. خەڵکەکە ژیانیان لێ تاڵ دەبێ و دەچنە لای حەکیمێك تەگبیرێکیان بۆ بکات.

ئەویش دەڵێت: دەچینە بەردەمی سوڵتان، من دەڵێم: فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ، ئێوەش بڵێن: ماڵ و مناڵمان ئەترسێنێ، من دەڵێم: فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ، ئێوەش بڵێن: کێڵگە و زەرعاتمان دەشێوێنێ و بەو جۆرە پاشا هیچمان لێ ناکات چونکە من تەنها باسی فیلەکەم کردووە و شتی خراپم نەوتووە، ئێوەش باسی فیلتان نەکردووە و تەنها باسی زەرەرتان کردووە.

کاتێك دەچنە بەردەم پاشا، حەکیمەکە دەڵێ: فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ، چاوەڕێ دەبێت خەڵکەکە بەشەکەی تری بڵێن لەترسا نایڵێن، دیسان دەیڵێتەوە سەیر دەکات کەس هیچ ناڵێت، پاشا تووڕە دەبێت: هاچیتان دەوێت فیلەکەت فیلەکەت..

حەکیمەکە دەرسێکیان دا ئەدا کە هەرگیز بیریان نەچێتەوە، دەڵێت: فیلەکەت ئەی خاوەن شکۆ تەنهایە بۆئەوەی بێزار نەبێ و ژیانی خۆش بێت چوار پێنج فیلی تری بۆ بهێنە، ئەویش دەڵێت: بەڕاستی فیکرەیەکی جوانە هەقی خۆیەتی، فەرمان ئەدا لە هیندستانەوە چوار پێنج فیلی تری بۆ بهێنن.

## ٩٦-هیدایەت:

دۆستێکم بۆی گێڕامەوە کە برایەکی هەیە بیست ساڵە هانی ئەدات لەسەر نوێژکردن، کەچی هیچ سوودی نەبوو، براکەی ئەیخواردەوە و قوماریشی دەکرد و سایەقی تەکسی کەسێکی عارەق فرۆش بوو

به شەریکی. ڕۆژێك برادەرێك دوو عەلاگە میوەی پێدەبێت دەستی لێ ڕادەگرێت و دەگەیەنێت تا گەرەکی زەرگەتە و ڕەمەزان دەبێت، ئەو برادەرە هەندێ قسەی بۆ دەکات سبحان الله دەبێتە مایەی هیدایەتی و هەر بۆ سبەینێ دەکەوێتە نوێژکردن و بەرۆژووبوون، سەیارەکەی دایەوە بەخاوەنەکەی و ئێستا تەکسی مامۆستایەکی مزگەوتی پێیە دەیگێڕێ بەشەریکی.

دۆستەکەم دەڵێت: ڕۆژێ گەیاندمیە بەڕێوەبەرایەتی باجەکان و تامن هاتمەوە کە بانگی نیوەڕۆی دابوو هەر لەسەر شۆستەکە نوێژەکەی کردبوو (سبحان مقلب القلوب)..

بۆیە با هەردەم قسەی خێربکەین و بێ هیوا نەبین سابەڵکو بەفەزڵی خوا سەرەنجامی باشی ببێت {أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاء، تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ } إبراهيم٢٥.

### ٩٧- شیفا لای خوایە:

دکتۆر خالید جوبەیر کە پزیشکەو نەشتەرگەری دڵ دەکات لە سعودیە و بانگخوازە دەڵێت: برادەرێکی خواناسم کە ئەهلی ڕۆژوو شەونوێژە بۆی گێڕامەوەو وتی: پار ڕەمەزان لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیلدا زۆر بەخراپی قاچم شکاو چوومە خەستەخانەی مەدینەو پزیشکەکان وتیان ئەبێ قاچت ببڕینەوە، زۆر داوای لێبوردنم لە خوا کردو زۆر پاڕامەوە ( من لزِمَ الاستغفارَ جعلَ اللَّهُ لَهُ من كلِّ ضيقٍ مخرجًا ومن كلِّ هم فرجًا ورزقَه من حيثُ لا يحتسِبُ )الراوي : عبدالله بن عباس -المصدر: الأحكام الصغرى/ صحيح، شەو لە خەودا کەسێك پێی وتم: قاچت مەبڕەوە، بە ئیزنی خوا چاك دەبێت و بە پێی خۆت دەڕۆیت. وتم: تۆ کێیت؟؟

وتی: من (محمد) م پێغەمبەری خوا.

بۆبەیانی دکتۆر وتی: ها چی دەڵێیت؟؟وتم:لەسەرخوا نایبڕمەوە.

سبحان الله دوای سێ ڕۆژ بە فڕۆکە بردیانم بۆ خەستەخانەی عەسکەری و دکتۆر موسەدید پێنج نەشتەرگەری بۆکردم و لەسایەی خواوە چاك بووم.

خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً،وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً } الطلاق٣

هەركەس لـەخوا بترسێ دەرووی لێدەكاتەوەولـە شوێنێكەوە بژێوی بۆ دەنێرێ كە بەخەیاڵیدا نایە و،هەركێ خۆی بەخوا بسپێرێ،ئەوی بەسە، خوا بەمەبەستی خۆی دەگاو هەرچی بوێ دەیكا، دیارە خوا بۆ هەرشتێ ئەندازەیەكی داناوە.

## ٩٨-پاڕانەوە بۆ رۆزی:

زانایەكی سووری كەدەپاڕایەوە بۆ رۆزی دەیووت: خوایە رۆزیمان بدەرێ هەروەك چۆن رۆزی بێچووی قەلـەڕەش ئەدەیت. بێچووی قەلـەڕەش تاپەڕدەردەكات سپییە و دایك و باوكی خواردنی نایەنێ چونكە لە خۆیان ناچێ، خوای گەورەش بەحیكمەتی خۆی رۆزی ئەداتێ، ئەویش بەوەی بۆنێكی هەیە كرم و حەشەرات دێن بەرەو لای و ئەویش دەیانخوات تا پەڕوباڵ دەردەكات، ئەوسا دایك وباوكی خواردنی ئەدەنێ.

## ٩٩-ئەبونەصری صەیاد:

ئەگێڕنەوە كەناوبراو زۆرهەژارو كەم دەست دەبێت، خۆی و ژنەكەی و كچەكەی هیچی وایان نابێت بیخۆن، ئەچێ بۆلای زانایەك بەناوی ئەحمەدی مسكین، ئەویش دەیبا بۆسەردەریاو دەڵێ دووركات نوێژ بكە و بپاڕێرەوە لـەخوا، ئنجا كە ئەوە دەكات تۆڕێكی ئەداتێ ئەڵێ بیخە ئاوەكەوە، كەدەیخات دوای ماوەیەك ماسی یەكی گەورەی پێوەدەبێ، ماسیەكە دەردێنێ، شێخ ئەحمەد پێی دەڵێ دەبرۆ لـەبازاڕ بیفرۆشەو نان و خواردنی پێبكرە بۆمناڵەكانت، ئەویش نان و خواردنی پێدەكڕێ و دێتەوە لای شێخ و ئەیەوێت نیوەی بداتێ، شێخیش دەڵێت: ئەگەر وام بكردایە ئەوماسیە نەدەهات بۆت، ناوبراو تێگەیشت كەچاكەی بێبەرامبەر بكات.

كە گەڕایەوە بەرەو ماڵ ژنێك و كچێكی هەژاری بینی هەرچی پێبوو لـەبەر خوا دای پێیان، خەم دایگرتەوە ئنجا چی بكات وچۆن بگەڕێتەوە، لـەڕێگا كەسێكی پێگەیشت سلاوی لێكردو وتی: من ئەم

بڕە پارەیە قەرزاری باوکتم و وا ئێستا بۆتۆم هێناوەتەوە، پارەکەی وەرگرت و کەوتە بازرگانی کردن و دەرگای رزق و رۆزی بۆکرایەوە زۆر دەوڵەمەندبوو، لەشوکرانەی ئەوەدا رۆژی واهەبوو هەزار دیناری ئەو کاتەی دەکرد بەخێر.

ڕووداوێك هەیە لەم بابەتە کە خوا شایەتە خۆم لەدەمی خاوەنەکەیم بیستووە، دوانزە ساڵێك تەمەنم بوو، مام حەمەئەمین ناوێکی بەتەمەن دەهاتە دوکانی باوکم لەشەقامی کاوە لە سلێمانی لەشەستەکاندا، مام حەمەئەمین بۆی گێڕاینەوە کەجارێك قەرزداردەبێ و لەماڵەوە پاڵی دابوو بە کۆڵەکەی هەیوانەکەیانەوە، کەماڵەکەیان لەکۆڵانی مەحەفەکەی سەرکارێزدابوو لە سلێمانی،کاتێکی زانی لەدەرگا دراو کچەکەی چوو دەرگاکەی کردەوە، کابرایەك بوو بەکچەکەی وت: ئەو بڕە پارەیەی باوکت قەرزاربووم وابۆم هێناوەتەوە و رۆیشت.ناوبراو دەڵێت: تەنها میهرەبانی خوابوو ئەگینا من پارەم لای کەس نەبووتا بۆم بهێنێتەوە.

**١٠-یاسەمین ئەلشاوی:**

یاسەمین کەلەدایك بوو، بەیەك لەسەر پانزەی سییەکانی هەناسەی دەدا، بڕبڕەی پشتی بەرێکی گەشەی نەدەکرد، ئەم کچە وردەوردە گەورەبوو نەیدەتوانی بڕوات، باوك و دایك و خوشکەکەی هاوکاری باشیان کرد هەرچۆنێ بێت خوێندی و بووە وێنەکێشێکی بەتوانا، ویستی بچێتە هونەرە جوانەکان وەریان نەگرت، کۆڵی نەدا ودواناوەندی تەواوکردو چووە کۆلێژی هونەرەجوانەکان و ئنجا لەگەڵ ماڵەوەیاندا چووە ئوستورالیاو لەویش لەو بوارەدا خوێندی ئێستا هونەرمەندێکی بەتوانایەو لەوحاتی جوانی هەیە.



## ١٠١-هەقی ئافرەت و منالّی بێباوک:

ئیسلام داکۆکی دەکات لەهەقی ئافرەت و منالّی بێباوك، چونکە لە دێرزەمانەوە تا ئێستاش هەقیان دەخورێت وناتوانن وەك پێویست بەرگری لەخۆیان بکەن، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمویّت:

(إِنّي أُحَرِّجُ عليكم حقَّ الضعيفَينِ: اليتيمُ، والمرأةُ )

الراوي :أبو هريرة/ المحدث:الألباني - المصدر :صحيح الجامع/حسن

مامۆستا مەلا موسای بیارەبی وتی: لەسالّی ١٩٨٢ لە دێیەکی شارەزوور ئیمام بووم،ئافرەتێك پێی وتم: مێردەکەم هەرچەند حاجیشە زۆر خراپە لەگەلّمداو زۆر لێم ئەدات، ئەمشەو پێغەمبەر (د.خ) هاتۆتە خەوم و فەرموویەتی: پێی بلّیّ ئەمجارە لەرووتا دەست بەرزبکاتەوە هەردووچاوی دەردێنم، ئەم دوو ناونیشانەشی بدەری، یەکەم: کاتی حەج لەمزگەوتەکەی مندا پالّی دابوو بە پایەیەکەوەو بۆماوەیەکی کورت خەوی لێکەوت و لەززەتێکی رۆحی وەرگرت، دووەم: کە لە کلکەی باخ لای خورمالّ توتنی کردبوو چوار چەپك تووتنی لە زەرعاتی دراوسێیەکەی دزیبوو!

جا ئەگەر من پێی بلّێم ئەترسم زیاتر لێم بدات.

مامۆستا موساش مەلایەکی هاوکاری ئەبێت لەمزگەوتەکەد ئەو ئەنێرێت بۆلای کابراو پێی دەلّێت: رەسول الله (د.خ)دەفەرمویّت: ئەمجارە لە ژنەکەت بدەیت کوێرت دەکات بەم دووناونیشانە کەخوا نەبیّ کەس نایزانیّ، کابرا لە ترسا یەکسەر چووە سوجدەوەو ئیتر دەستی بۆ ژنەکەی نەبرد.

## چەند قسەیەکی جوان:

١-لەبەردەم هیچ سەرکردەیەکدا مەنوشتێرەوە و مەی پەرستە و ئەگەر خۆشیشت ویست دەری مەبڕە بۆی، بۆئەوەی خۆت نەکەی بەکۆیلە و ئەویش نەکەی بەدیکتاتۆر / غاندی

٢-باسی تەندروستیت مەکە لای نەخۆشێك، باسی هێزو توانات مەکە لای بیّ هێزێك، باسی باوکت مەکە لای بیّ باوکێك و قسەکانت هەلّسەنگێنە، با بریندار نەکردنی هەستی بەرامبەر ببێتە بەشێك لەکەسایەتیت (د.ابراهیم الفقی).

٣-زۆر لەئێمە نازانیّ چەند لەسەرکەوتنەوە نزیك بووە کاتێك کۆلّی داوە. تۆماس ئەدیسۆن.

٤- دوو ڕێگا هەیە بۆ بلاوکردنەوەی ڕووناکی و گەیاندنی یان خۆت چرا بە یان ئاوێنە بەو ڕووناکی چرا پەخش بکە، کامیانت پێ دەکرێ باشە.

٥- نووسەرێك دەڵێ: خستیانمە بوتڵێکەوە و ئنجا وتیان خۆت بگونجێنە،ئاخر من ئاو نیم من لە قوڕی ئاسمانم، ئەگەر بوتڵەکم لێتەنگ بوویەوە یامن دەشکێم یا ئەو دەشکێ. ئەمەش نموونەی مرۆڤ وئازادییە.

٦-بە دانایەکیان وت:بۆ مرۆڤ عەیبی خەڵکی دەبینی و هی خۆی نابینێ؟ وتی: لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە عاشقی خۆیەتی و عاشقیش کەم و کوڕی مەعشوقەکەی نابینێ.

بەمەجنونیان وت:لەیلا چاوی تیلە، وتی: ئاخر لە چاوی ئێوەدا وایە!

٧-ئەحمەد دیدات دەڵێ: ئیسلام تۆی لەگەڵ بێ و لەگەڵی نەبی هەرسەردەکەوێت، بەلاَم تۆ بەبێ ئیسلام زەرەرمەند دەبیت.

٨-ئبن قەییم دەڵێ: شەوق بۆ لیقای خوا ئەو سروە فێنکەیە کە دڵ دەگەشێنێتەوە لە گڕو گەرمی دنیادا.بۆیە خۆشەویست (د.خ) دەیفەرموو: اللهم انی أسألك لذة النظر الی وجهك الكريم والشوق الی لقائك.

***

# فیداکاران

## بەرگی سێیەم

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و درودو سەلامیش لەسەر گیانی پێشەوا و ڕابەرمان و یار و یاوەر و شوێنکەوتووان.

نامیلکەی ڕووسپییەکان و بالآنس تەواو بوون و کەوتنە بەر دیدەی خوێنەران، زۆر دلّخۆش بووم و زۆر سوپاسی خوا دەکەم کە سوودێکی زۆری لیّ بینراوە، ئەوەی کە پێم گەیشتۆتەوە:

١- بەڕێزێك پێی ڕاگەیاندم کەنووسراوەکانم لەلای موسلّمانانی کوردستانی ئێران سوودی لێوەرگیراوە، هەزاران جار سوپاس بۆخوا، کە بەفەزلّ و کەرەمی خۆی ئەوانە بەرهەم هاتوون.

٢- بەڕێزێك لە ناحیەی پیرەمەگرونەوە تەلەفونی بۆکردم کە لە کاتژمێر نۆی شەوەوە بە پێنج کاتژمێر هەتا دووی شەو هەردوو کتێبی ڕووسپیەکان و بالآنسی خوێندۆتەوە و سوودی لێوەرگرتوون.

بەڕێزێکی تریش وتی: ئەو دووکتێبەی داوە بەحەوت کەسی تر خوێندوویانەتەوە.

ئەمجارەش بەحوکمی گەڕان و خوێندنەوە ڕێم کەوت لەم بابەتانە، ناوم نا (فیداکاران) کەبەشی چوارەمە لە زنجیرەی هەزارو دوو بەوهیوایەی کە هەردەم گیان لەسەردەست بین بۆ دینی خوا.

لە پیاوباشێکیان پرسی بۆ حالّی موسلّمانان گەیشتووە بەم حالّە؟؟

وتی: لەبەرئەوەی فەزلّی هەشت شتمان دا بەسەر سیاندا:

{قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ }التوبة٢٤

واتە: ئێمە فەزلّی باوك و منالّ و براو هاوسەرو هۆزو مالّ و بازرگانی و جیّ وڕێمان داوە بەسەر خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی و جیهادا بۆیە حالّمان ئاوا خراپ بووە.

## خۆبەختکردن

خوای گەورە پێی خۆشە کەتا دوا پلە هەولّبدەین و سەرو مالّمان بەخت بکەین بۆی، هاوەلآن تادوا پلە خەباتکارو فیداکاربوون، بۆ نموونە: هۆزی( عضل )و( هۆزی ) قارە بە فێلّ هاتنە لای

پێغەمبەر (د.خ) داوایان کرد کە چەند کەسێکیان بۆ بنێرێت فێری ئیسلامیان بکات، ئەویش شەش هاوەڵی بەرێزی شارەزای بۆ ناردن کە یەکێکیان خوبەیب بوو، لەرێگا پێنجیان شەهید کردن و خوبەیبیشیان فرۆشت بە بنەماڵەیەکی مەککە تا لە تۆڵەی کەسێکیاندا بیکوژنەوە.

خوبەیب ماوەیەك دیل بوو لەماڵێکدا، ژنی خاوەن ماڵەکە دەڵێت: خوبەیب هێشووە ترێی زۆرگەورەی لابوو دەیخوارد لەکاتی بەندیەکەیدا، بەمەرجێ بڕواناکەم لەسەر زەویدا لەوکاتەدا ترێی لەو جۆرە هەبووبێت.

پێش شەهیدکردنەکەی داوای گوێزانێکی کرد، کە بۆیان نارد لەو کاتەدا منالێی ماڵەکە سەرکەوتە لای و چووە باوەشی خوبەیب، دایکەکەی زۆر ترسا نەوەکو بیکوژێت لە تۆڵەی خۆیدا،خوبەیب هەستی بەترسی ژنەکە کردو وتی: مەترسە پشت بەخوا هەرگیز شتی وا ناکەم.

کە بردیان شەهیدی بکەن لێیان پرسی حەزدەکەیت ئێستا محمد لە جێی تۆ بوایەو تۆش لەناو ماڵ و منالێی خۆتا بوویتایە، وتی: نەبەخوا حەزناکەم درکێکیشی پیا بچێت.

پێش ئەوەی شەهیدی بکەن داوای کرد رێی بدەن دوورکات نوێژ بکات، کەتەواو بوو وتی: لەبەرئەوە نەبوایە کەوابزانن لەترسایە، نوێژەکەم درێژدەکردەوە.

ئنجا دوعای لێکردن و چەند دێڕ هۆنراوەیەکی وت کەبەمە دەست پێدەکات:

ولست أبالي حين أقتل مسلما　　　على أي جنب كان في الله مصرعي

وذلك في ذات الاله وان يشأ　　　يبارك على أوصال شلو ممزق

ئنجا وتی: خوایە ئێمە پەیامی پێغەمبەرەکەمان گەیاند هەواڵی ئێمەی بدەرێ، ئەوەبوو یەکسەر خوای گەورە بەهۆی جوبرائیلەوە هەواڵەکەی گەیاندە پێغەمبەر(د.خ)، ئەویش هاوەڵانی ئاگادارکرد کە خوبەیب شەهیدکرا.

پاشان کەکوشتیان وهەڵیانواسی بە داردا، حەزرەت (د.خ) عەمری کوڕی ئومەیەی نارد تا لاشەکەی لە دارەکە داگرێت، کەئەچێت و بەدزیەوە لاشەکە دەکاتەوە ودەکەوێتە سەرزەوی، عەمر دەڵێت: کاتێکم زانی لاشەکە دیار نەما.

باشە خوا وەك چۆن ئەو کەراماتانەی دایە ئەشی توانی رزگاری بکات لەکوشتن، ئەی بۆ هێشتی شەهید بکرێت، دیارە بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشق بۆ هاوەڵانی ئەوساو گشت موسڵمانان تاقیامەت، کاروانی شەهیدانمان بەردەوام وا بەرێوەو خوای گەورە هەرکەسی خۆش بوێت پلەی شەهیدی ئەکات بەنسیبی (ویتخذ منكم شهداء ) ئالی عیمران ١٤٠، ئێستا کەئەم بابەتە ئەنووسم نزیکەی پێنج هەزار موسڵمانی میسری شەهیدکران، وێنەکانیان و بەسەرهاتەکانیان جەرگی من و موسڵمانانی دونیای بڕیوە،خەفەت دەخۆین و پیش دەخۆینەوەو فرمێسك دەرێژین و غەیری دوعا هیچی ترمان دەسەڵات نیە، خوایە بەقوربانت بم دنیا دوژمنایەتی دینەکەت و موسڵمانان دەکات.

قەیناکە ئەمریکاو رووسیا هەر ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرێت بەڵام خائینی حەرەمەین تۆ بۆچی؟؟ ئەڵێن پیش کودەتاکە مەشقی بە پۆلیسە میسریەکان کردووەو ملیارەهادۆلاری قوتی موسڵمانانی داوە بە کودەتاچیەکان!

باشە ئیمارات تۆ بۆ ملیارەها دۆلارت دا و مورتەزەقەی کۆلۆمبیت نارد بۆ میسر تا قەسابخانە بۆ موسڵمانان دانێن؟دیارە خۆیان ئەزانن هەرگیز میسریەك کەیەك تۆز ئیمان لەدڵیا بێت قەتڵ و عامی موسڵمانان ناکات، خوایە بەهەموو ناووسیفاتەکانت لێت دەپاڕێمەوە ئاینەکەت سەربخە هەرتۆمان هەیت دونیا هەمووی دوژمنمانە.

جوولەکە بەهەمووتواناییانەوە هاوکاری کودەتاچیەکانن و دەڵێن: ئەگەر ئەم کودەتا فەشەل بکات ئەبێ چەند نەوەی داهاتوومان فرمێسکی خوێنین برێژن،ئەمرۆ هەموولایەك شەڕی مان ونەمان دەکات، چونکە دەزانن موسڵمانان نموونەی حوکمداری جوان پێشکەش دەکەن.

## خۆری ئیسلام لەتورکیا هەڵهاتەوە:

پاش ئەوەی کە خەلافەتی ئیسلامی لە بەغدا ڕووخا، پاش ئەوەی کە موسڵمانان بەهۆی پارچەپارچەیی و یەکنەبوونیان ئەندەلوسیان لەدەست دا، جارێکی تر لەسەر دەستی عوسمانییەکاندا خۆری ئیسلام هەڵهاتەوە، کەئەمەش قەدەری خوایە و موسڵمانان هەرگیز بەیەکجاری لەناوناچن و تا قیامەت دەمێنن.

دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی ٦٩٩ك دامەزرا و تەتەرەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە دژایەتی ئیسلامیان دەکرد و خاچپەرستانیش لە ڕۆژئاواوە لە (ئەندەلوس) ەوە ئیسلامیان ڕیشەکێش دەکرد، لەم کاتەدا سوڵتانی عوسمانی (عوسمانی یەکەم) ئاڵای جیهادی بەرزکردەوە، ڕەوشت و خووی بەرز و ئیمانی وای کرد خەڵکانێکی زۆر بچنە ژێر ئاڵاکەیەوە وەك: کۆمەڵەی (غزیاروم) کە کۆمەڵێك بوون لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی المهدی بالله، سنوورپارێزبوون بەرامبەر ڕۆمەکان، شارەزایی باشیان هەبوو لە بەگژاچوونی ڕۆمەکاندا، هەروەها کۆمەڵی (الإخیان) واتە:برایان کە کۆمەڵێك دەوڵەمەندی بۆخواسوڵحاوبوون سەروماڵیان بەخت دەکرد لە پێناو خزمەتکردنی موجاهیدەکاندا، هەروەها کۆمەڵی (حاجیانی ڕۆم) کە ئەمانەش خەریکی بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی بوون.

سوڵتان عوسمانی یەکەم پێش ئەوەی ببێ بە سوڵتان لای زانایەك دەرسی ئیمانی دەخوێند کەناوی (ئیدە بالی)بوو، شێخ کچێکی جوانی خواناسی هەبوو، داوای کرد نەیدایە،تا عوسمان خەوێکی بینی لە خەویا مانگێك لەکۆشی شێخەوە دەرچوو لەکۆشی ئەمدا گیرسایەوە ودرەختێکی گەورەی لێ بەرهەم هات کەلق و پۆپی گەیشتە ئاسمان بەجۆرێك شاخ و ڕووبار لەژێریەوە بوون، ئینجا گەڵاکانی بوونە شمشێر ڕووەو (قوستەنتینیە).

کە ئەم خەوەی بۆ شێخ گێڕایەوە ڕازی بوو کچەکەی دایە و دڵنیابوو کەمژدەیەکی خێرە و داهاتوویەکی مەزنیان دەبێت، سبحان الله هەرواش دەرچوو بۆ چەند سەدەیەك ئەو بنەماڵەیە جیهادیان کرد و ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی ئیسلامییان دامەزراند.

ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەیە کە خوای گەورە دەست لەم ئاینە بەرنادات و بەردەوام بەپێی پێویست لەهەموو گەل و نەتەوەکانی دونیا سەرکردە و نوێکەرەوەیان بۆ دەنێرێ تا فوو بکەنەوە بە کوانووی ئیمان و ئیسلامەتیدا و ئاڵای لاإلـه إلا الله محمد رسول الله بەرزبکەنەوە.

سوڵتان عوسمان پێنج مانگ ئابڵووقەی شاری (بۆرصە)ی دا، سەرکردەی بیزەنتی (ئیڤرینۆس) کەوالی شارەکەبوو، زۆر سەرسام بوو بەڕەوشت و ئیمانی سوڵتان و موسڵمانان، موسڵمان بوو وەبوو بەیەکێ لە گەورە سەرکردەکانی سوپای عوسمانیەکان،(( هەروەك ئەو سەرکردە ڕۆمەی کەناوی

(گریگۆری تیۆدۆر) بوو بە (گرگە) بەناو بانگەو لەسەردەستی خالیددا لەسەرەتای جەنگێکدا موسڵمان بوو، هاتە ڕیزی موسڵمانەکان و دژی ڕۆمەکان جەنگا و سەرەنجام شەهیدیش بوو)).

(شایانی باسە خەڵکی بۆرصە بەیانی یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی ٢٠١٣ بڕیاریان دا ساڵەکەیان بەکارێکی مەزن دەستپێبکەن و خوا لەخۆیان ڕازی بکەن، ئەوەبوو زۆربەی زۆری دانیشتوان ڕوویان کردە مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، کەهیچ کاتێك ئەو ژمارە زۆرە ئاوا بەیانیان ڕوویان نەکردۆتە مزگەوت).

سوڵتان عوسمان لەسەرەمەرگدا وەسیەتێکی مەزنی بۆ ئۆرخانی یەکەمی کوڕی کرد کە دەڵێت:

(کوڕی خۆم خەریکی کارێك مەبە کە خوای پەروەردگاری جیهانیان فەرمانی پێنەداوە، ئەگەر لەحوکم کردندا گرفتێکت بۆ دروست بوو ڕاوێژ بەزانایانی ئاینی بکە، کوڕی خۆم هەرکەس گوێڕایەڵت بوو با هەست بەعیززەت بکات و خزمەتی سەربازەکانت بکە و، وریابە شەیتان بە سوپا و سامانەکەت مەغرورت نەکات، وریابە لە ئەهلی شەریعەت دوورنەکەویتەوە، کوڕی خۆم تۆ دەزانیت کە مەبەست و ئامانجی ئێمە ڕازی کردنی پەروەردگاری جیهانیانە، وە بەجیهاد نووری ئەم ئاینە بە دنیادا بڵاودەبێتەوە و خوا ڕازی دەبێت، کوڕی خۆم ئێمە لەوانە نین کەجەنگ دەکەن بۆ ئارەزووی جەنگ و سەیتەرەکردنی چەند کەسێك، ئێمە بۆ ئیسلام دەژین و بۆ ئیسلامیش دەمرین، ئەمەشە کەلەتۆ چاوەڕوان دەکرێت).

لەساڵی ٧٢٦ك ئەو سەرکردە مەزنە کۆچی دوایی کرد پاش ئەوخزمەتە گەورەیەی کەکردی بەئیسلام.

## سوڵتان سولەیمانی قانونی گەورەترین پاشای ئیسلام

ناوبراو زۆرترین جیهادی کردووە لە ئەوروپادا، لەسەردەمی ئەمدا سوپاکەی دووجار گەیشتە ناو دڵی ئەوروپا و گەیشتە شوراکانی ڤیەننا، ناوبراو جیهادی زیندوو کردەوە لەسەدەی دەیەمی زایینیدا و چل و هەشت ساڵ حوکمی کرد و دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی وڵاتەکانی سێ کیشوەردا هەبوو، مێژوونووسی ئەڵمانی هالمەر دەڵێت: (ئەم سوڵتانە لەسەڵاحەدین مەترسی زیاتر بوو لەسەرمان).

مێژوونووسی ئینگلیزی هارولد دەڵێت: ( ڕۆژی مردنی سولتان سولەیمان جەژنێکە لە جەژنەکانی مەسیحیەکان) سولتان سولەیمان لەساڵی ۹۰۰ ی کۆچیدا لەدایکبووە لەتەمەنی ۲٦ ساڵیدا بووە بەخەلیفە، یەکەم شت کە کردی سوننەی سەرخست و دژایەتی گەورەی بیدعە و ڕافیزەکان (شیعە) ی کرد، خەڵکی زۆر دڵیان پێی خۆش بوو، هەمیشە نوسراوەکانی بۆ بەرەکەت بەم ئایەتە دەست پێدەکرد (إنه من سليمان و إنه بسم الله الرحمن الرحيم) النمل.

### فەتحی بەلگراد (۲۹ ڕەمەزانی ۹۲۷ک):

ناوبراو کەدەسەڵاتی گرتە دەست نامەی نارد بۆ پاشاکانی ئەورووپا و ئاگاداری کردن کە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و فەرمانی دانێ کەجیزیەکانیان بدەن هەروەك چۆن لەزەمانی سوڵتان سەلیمی باوکیا دابوویان کەچی پاشای مەجەڕ نێرراوی سوڵتانی کوشت، سوڵتان سولەیمان زۆر توڕەبوو وتی: چۆن سەفیری دەوڵەتی ئیسلام دەکوژرێ،دیارە پاشای مەجەڕ هەڕەشەم لێدەکات؟

هەرئەو ڕۆژە فەرمانی دا بەخۆ ئامادەکردن و بەسوپایەکی گەورەوە بەسەرکردایەتی خۆی چووە سەر شاری بەلگراد کەبەقەڵای مەسیحیەت دائەنرا، پاش دوومانگ و نیو ئابلۆقەدان لە۲٦ ڕەمەزانی ۹۲۷ کۆچیدا چووە ناوشارەکەوە و بانگی تیادرا، لەوڕۆژەوە بەلگراد ناونرا (دارالجهاد) کەلەوێوە بەرەو ناوچەکانی تری ئەورووپا دەچوون بۆجیهاد، بەلگرادی پایتەختی صربیا ناودەبرا بە ئەندەلوسی بەلْقان.

**جەنگی موهاکس:** شارلکان ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی دروست کرد و دەسەڵاتی هەبوو بەسەر ئیسپانیا و پورتوگال و ئەڵمانیا و نەمسا و هۆڵەندا و هەڕەشە بوو بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی و، شیعە صەفەوییەکانیش هاوکارییان دەکرد وەك پیشەی هەمیشەییان کە دژی ئەهلی سوننەن.

سوڵتان سولەیمان لەمانگی ڕەجەبی ساڵی ۹۳۲ کۆچی بەسوپایەکی سەد هەزار کەسی و سێ سەد تۆپی عوسمانی گەورە و هەشت سەد کەشتی جەنگییەوە کەوتە ڕێ بەرەو بەلگراد لەوێ مایەوە تانوێژی جەژنیان کرد و پاشان ڕۆیشت بەرەو ڕووباری دانوب و فەرمانی دا پردێکیان بەخێرایی بۆ

پەڕینەوە دروست کرد و بەچوار ڕۆژ سوپاکە پەڕینەوە، ئنجا فەرمانی دا پردەکە هەڵبگرنەوە، تا لەولاتی کافراندا کەس بەتەمای هاتنەوە نەبێت، ئەمەش ئەوپەڕی متمانەبوونە بەخواو بەسەرخستنی ئاینەکەی، لە٢٠ ذی القعده ٩٣٢ کۆچی چووە دۆڵی مۆهاکس کەدەکاتە ٢٨ ی ئۆغسطسی ١٥٢٦ زایینی، ئەوشەوە تابەیانی لەدوعا و خواپەرستیدا بوون، بەناو سوپاکەیا ئەگەڕا و هانی ئەدان لەسەر جیهاد کردن و ئەیووت: من وادەزانم رسول الله ئێستا سەیرتان دەکا و چاوی لێتانە، خۆی و سەربازەکانی خۆیان بۆنەئەگیرا وئەگریان. لەولاشەوە پاشای مەجەڕ کەخۆی سی و هەشت هەزار سەربازی هەبوو، وە پاشاکانی ئەوروپاش دووسەد هەزار سەربازی دیکەیان دایە ڕووبەڕووی عوسمانیەکان بوونەوە.

سوڵتان سولەیمان دووریز سوپای لەپێشەوە دانابوو خۆی لەریزی سێیەمدا لەگەڵ ئینکیشارییەکاندا وەستابوو، لەدوای ئەمانیشەوە تۆپیان دابەستبوو، پلانەکەی بۆی دانابوون بەم جۆرە بوو، کەدوژمن هێرشی هێنا هێزەکانی خەتی یەك و دوو بکشێنەوە تادوژمن وابزانێ شکاون ودوایان کەون و بچنە دوای خەتی سوڵتانەوە..

که شەڕەکە دەستی پێکرد سەربازەکانی پیلانەکەیان جێبەجێ کرد و سوڵتانی عوسمانی و ئینکیشارییەکان ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە تەنانەت تیرێك لەسنگی سوڵتان سولەیمانی دا و برینداری کرد، ئنجا فەرمانی دا بەقەسف کردنیان بەتۆپی قورس، بەمەش سوپای مەجەڕییەکانی شکاند، تەنانەت پاشاکەیان لەکاتی ڕاکردنیدا نوقمی ڕووبارەکەبوو.

بەمجۆرە ئیمپراتۆریەتی مەجەڕ کە ٦٣٧ساڵ دەوامی کرد لەبەردەم موسڵمانانداندا چۆکی دادا، دەڵێن: ئێستاش بچی بۆمەجەڕ ناوی مۆهاکس بێنی دائەچڵەکن.

سوڵتان سولەیمان لەساڵی ٩٤١کۆچیدا هێرشی کردە سەربەغدا و پاکی کردەوە لەدەسەلاتی شیعەی سەفەویەکان و چووە سەر قەبری ئەبو حەنیفە و پاکی کردەوە لەو هەموو پیسیەی کەشیعەکان پیسیان کردبوو ئینجا گومەزی لەسەر دروست کرد، پاشان لەساڵی ٩٥٥کۆچیدا چووە سەر پایتەختی سەفەوییەکان لەتەبریز و شا تەهماسب ڕای کرد. لەساڵی ٩٦٢ کۆچیدا توانی هێرشێکی تر بکاتە سەریان وئازەربایجان و هەرێمی قەفقاس پاکبکاتەوە لەدەسەلاتی ڕافیزەکان، بەکورتی لە٤٨

ساڵدا سوڵتان توانی دەوڵەتی خەلافەت فراوان بکات لەڕۆژهەڵاتەوە بەغداد و لە ڕۆژئاواشەوە ڤییەننا و لە باکورەوە مۆسکۆ و لە باشورەوە ئەفریقیا.

دووجار لەدەرگای شوراکانی ڤییەنناى دا بەڵام بەهۆی بەفرو سەرماوە، بەهۆی درێژبوونەوەی ئابلۆقەو خیانەتی سەفەوییەکانەوە کە هاوکاری دوژمنیان دەکرد نەیتوانی فەتحی بکات.

سوڵتان ئەوەندە بەدەسەڵات بوو جارێك پاشای فەڕەنسا داوای هاوکاری لێکرد دژی هێزەکانی شارلکان بۆسەر بەندەرەکانی فەڕەنسا، سوڵتانیش هاوکاری باشی کرد تا بەندەرەکانی بۆ ڕزگارکرد.

## مردنی سوڵتان:

لەتەمەنی ٧٤ ساڵیدا و لەشەوالی **٩٧٣ك** دەنگوباسی پێگەیشت کە پاشای هایسبرگ هێرشی کردووەتە سەر سنووری دەوڵەتی ئیسلامی، بۆیە خۆی ئامادەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرچەندە زۆر نەخۆش بوو، پزیشکەکەی ئامۆژگاری کرد دەرنەچێ بۆ غەزا لەبەر خراپی باری تەندروستی ئەویش سووربوو لەسەر دەرچوون بۆ جیهاد و وتی: پێم خۆشە لەڕێی جیهاد بۆخوادا بمرم.

سوڵتان ئەوەندە نەخۆش بوو سواری ئەسپ نەبوو و بەڵکو بەسواری عارەبانە چوو بەرەو شوراکانی شاری سیکتوار، پێنج مانگ ئابلۆقەی داو هەندێ شوێنی گرتن، بەڵام قەڵاکان زۆر سەخت بوون و، سوڵتانیش نەخۆشیەکەی قورس بوو، دوعای کردو وتی: خوایە بەندە موسڵمانەکانت سەربخە و فەتحیان بۆبکە و ئاگر بەربدە کافران، ئەی پەروەردگاری هەموو جیهانیان.

خوا دوعاکەی گیرا کردو یەکێ لەتۆپەکانی موسڵمانان بەر مەخزەنی بارودەکەیان کەوت و قەڵاکە تەقیەوە کە هەواڵیان بەسوڵتان دا لەسەرەمەرگدا بوو، زۆر دڵخۆش بوو سوپاسی خوای کرد و وتی: ئێستا مردن خۆش بوو!

لە ٢٠ صفر ٩٧٤ك سوڵتان گیانی سپاردەوە بەخوا، بەمجۆرە سوڵتان لە گۆڕەپانی جەنگدا گیانی سپارد، محمد پاشای وەزیری هەواڵەکەی شاردەوە تا ناردی بەشوێن سوڵتان سولەیمانی دووەم کە وەلی عەهدی بوو، ناوبراو هات و لەسیکتوار دەسەڵاتی پێدرا، ئنجا هاتەوە بۆ ئەستەمبوڵ بەخۆی و لاشەی سوڵتان سولەیمانەوە، کەڕۆژی وانەبینراوە مەگەر ڕۆژی وەفاتی ( محمد فاتیح )، موسڵمانان زۆر

دڵتەنگبوون بەکۆچی دوابی سوڵتان و مەسیحییەکانیش لەئەوروپا ڕۆژی مردنەکەیان کرد بە جەژنیان و زۆر دڵخۆشبوون کە ڕزگاریان بوو لەدەست نوێکەرەوەی جیهاد لەسەدەی دەی کۆچیدا.

### عەمامەی عوسمانیەکان:

عەمامەی سوڵتانە عوسمانییەکان گەورەن، تومەز ئەو عەمامانە کفن بوون و هەرکەسێك بۆتە سوڵتان مەرج بوو کە موجاهید بێت لەڕێی خوادا و هەمیشە کفنەکەشی بەسەر سەریەوە بێت، سوڵتان بایەزید لەیەکێك لەجەنگەکاندا لەگەڵ ڕۆمەکاندا شەهید بوو، هەر بە(عەمامەکەی) خۆی کفنیان کرد.

### بۆسنەو هەرسک

ئەم ولاتە ئەکەوێتە ئەورروپاوەو کاتی خۆی چەند جارێك داوایان لە عوسمانیەکان کرد رزگاریان بکەن لەدەست خاچپەرستان، ئەمان مەسیحی بوون و لەسەر ئنجیلی بەرنابا دەڕۆیشتن، بۆیە بەفەرمانی پاپای ئەو کاتە چەندجار لەلایەن ولاتە مەسیحیەکانی ئەورروپاوە هێرش کراوەتە سەریان.

گەلی بۆسنە زۆر رۆشنیرو بەئەزموونن بۆیە لەدەوڵەتی عوسمانیدا جاری واهەبووە نۆ وەزیریان هەبووە کە دەوڵەتی عوسمانیش لاوازبوو ولاتی نەمسا بۆسنەی داگیرکرد.

لە سرایيڤۆ صربیەك وەلی عەهدی نەمساو ژنەکەی تیرۆرکرد و ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ هەلگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم.دوای جەنگی جیهانی لەساڵی ١٩٤٩ دا یۆغۆسلافیای شیوعی داگیری کردو مانەوە تاساڵی ١٩٩٠کە شیوعیەت رووخا.

یەك لەسەر سێی بۆسنە ئەوقاف بوو بۆ خزمەتی ئیسلام، شیوعیەکان دەستیان گرت بەسەر هەموویدا، کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان هەبوو زۆربەی سەرکردەکانیان شەهیدکردن.

صربەکان و کرواتەکان دوژمنی سەرسەختی بۆسنەییەکانن،بۆیە ساڵی ١٩٩٢هیرشیان کردە سەریان و (١٤٠٠)رۆژ ئابلۆقەی شاری سرایيڤۆیان داو لەسەر شاخەکانەوە تۆبارانیان دەکردن، کەس نەیدەتوانی لەشار دەرچێت وئازووقەو پێداویستی رووی لەکەمبوونەوە بوو هەرچەند نەتەوە یەکگرتووەکان دابەزیبوون تا لە بەینا بن کەچی لایەنگری صربەکان بوون و لە چەند شوێندا

قەسابخانەیان بۆ موسڵمانان دانا و نزیکەی دووسەدو پەنجا هەزارکەس کوژران و هەشت سەد مزگەوتیان رووخاند کە مایەی رووڕەشی هەموو ئەورووپایە.

جەنراڵ رەشید بیری کردەوە کە ئابڵوقەکە هەرچۆنێ بێت بشکێنن بەهۆی تونێلێکەوە کە ٨٠٠ مەترێك دەبوو، تا بەژێر زەوی فڕۆکەخانەدا کە هێزی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێبوو بتوانن تونێلێك دروست بکەن و بگەنە شاری (دۆبرینیا).لەگەڵ ئەندازیارانی شارەزادا چەندجار کۆبوونەوەیان کرد، کارەکە ئەستەم بوو لەبەرئەوەی:

١-ئابڵوقەیان لەسەربوو تۆپباران دەکران و قەناسەش نەیدەهێشت کەس بەئازادی بێت و بچێت.

٢- هۆکاری هەڵکەندن و ئامێری پێویستیان لەبەردەستا نەبوو.

٣- کارێکی وا گەورە ئەبوایە بەنهێنی بکرایە چونکە کەشف بوونایە صربەکان ئەیاندانە بەر تۆپ.

٤- ئاوی ژێر زەوی رێگر بوو، هەروەها هەرەسهێنان و رووخان مەترسیەکی گەورەبوو.

٥- نەبوونی ئۆکسجین لەناو تونێلەکەدا،ئامێریشیان لانەبوو ئەو ئۆکسجینەیان بۆ دابین بکات بۆیە هەریەکەو پێنج خولەك کاری دەکردو رای دەکردە دەرەوە تا هەناسەیەك بدات.

٦-نەبوونی کەرەستە بۆ راگرتنی دیواری تونێلەکە، بۆیە دەرگای ماڵان و تەختەی کەنتۆرو شتی تریان دابین دەکردو بەکاریان دەهێنا بۆ راگیرکردنی دیوارو سەقفی تونێلەکە.

٧- ئەبوایە بە چوارمانگ تەواو بکرێت بۆیە لەهەردوو سەرەوە کاریان دەکرد بەبێ هیچ ئامێرێکی ئەندازیاری، بۆیە زۆر گومانی ئەوە هەبوو کە بەیەك نەگەن و کارەکە شکست بێنێت.

٨- فڕێدانی ئەو هەموو گڵەی کە هەڵیان دەکەند کێشەبوو، کە ئەبوو بەجۆرێك بێت سەرنجی دوژمن رانەکێشن و تۆپبارانیان نەکات.بۆیە زیاتر بەشەو ئەو کارەیان دەکردو بەعەلاگە فڕێیان ئەدا.

٩-بۆ ئەم کارە ماڵێکی پیرەژن و پیرەمێردێکیان هەڵبژارد کە لێوەی دەست پێبکەن، بەژن و پیاوەکەیان وت کە خانووەکەیان بۆ چۆڵ بکەن، پیرەژنەکە قایل نەبوو وتی: منیش دەمێنمەوە تا ئاوتان بدەمێ وخواردنتان بۆ ئامادەبکەم، هەرچەند گەورەترین مەترسی لەسەربوو، کەچی ئەوەندە قارەمان بوو بەجێی نەهێشتن، جارێك تۆپێکیان تێگرتن چەندکەس لە ماڵەکەدا شەهید بوون.

١٠-بەھەرحاڵێك بوو تونێلەكە تەواوكراو ھەردوو كارەكە دايەوە لە يەك، سەدان تەن خواردن و پێداويستی، بەو تونێلە بچوكەدا گەيەنرايە ناو سراييڤۆ، چەك و تەقەمەنيش بەھەمان شێوە گەيشتە دەست موجاھيدان.

نزيكەی دوو مليۆن كەس بەو تونێلە بچووكەدا ھاتن و چوون، كابرايەك كە پێش ئابلۆقەكە لەشار دەرچوو بوو نەيتوانی تادوای دووساڵو نيو بگەڕێتەوە لای ماڵ و منالّی، كەڕۆيشتبوو منالّەكەی تەمەنی دووساڵ و نيو بوو كە گەڕايەوە لايان تەمەنی بووبوو بە پێنج ساڵ چی ھەوڵێدا نەئەچووە لای و دەيووت: تۆ باوكم نيت، من باوكم نەماوە.

**ئەندازيار نەجاد:**

لەپەڕاوی فەرھەنگی بانگخوازاندا كاتی خۆی ئەم بابەتەم لەسەر ئەو تونێلە بڵاوكردەوە لە ژێر ناونيشانی نەجاد برانكۆفيتش،بە پێويستم زانی لێرەدا دووبارەی بكەمەوە.

ھەرچەندە ئەم لاوە موسڵمانە خەڵاتی ( وسام الزنبقة الذهبية) ی وەرگرت كە بەرزترين (وسام)ە لە (بۆسنە)، بەڵام ھەقی زۆر لەوە زياترێتی، خۆ ئەگەر ئەو لاوە موسڵمان نەبوايە، كارەكەش كارێكی ئيسلامی نەبوايە، ئەوا ( ھۆليۆد) زۆر زوو رووداوەكەی دەقۆستەوەو دەيكردە فليمێك و چەندەھا خەڵاتی گەورەی لەسەر وەردەگيرا!!

ئەمەش بەسەرھات و روداوەكەيە...

ئەم لاوە كەناوی (نەجاد برانكوفيتش)ە، رابردويەكی روون و پڕ شانازی ھەبوو، باپيری لە پياوماقوڵ و ھەڵكەوتوەكانی وڵاتی(بەلقان)ە و خاوەنی زەوی و زارێكی بەرفراوان بوو، لەخێزانيدا چەندەھا ئەندازياری تەلارسازی ھەڵكەوتبوون، بۆيە ھەر لە منالّيەوە(نەجاد)يش خوليای ئەندازياری كەوتبووە سەری..

تەمەنی (١٢) ساڵان بوو كە (صرب) لەساڵی (١٩٧٣)ز دا لە(سەراييڤۆ) باوكيان كوشت، (نەجاد) و برايەكی و دايكی مانەوە، بێكەس و بێدەر.. لەگەڵ ئەوەشدا (نەجاد) زيرەك بوو لە قوتابخانەداو توانی بچێتە كۆلێژی ئەندازياری و پاشان لەكۆلێژيش بەيەكەم دەربچێ.

پاش دەرچوونی، لە فەرمانگەیەکی دەوڵەتدا دەستبەکاربوو، لەکارەکەیدا لێهاتوویی خۆی سەلماندو لەدروستکردنی (٣٧) پردا بەشداری کرد.

ژنی هێناو چووە شاری(سەرایێڤۆ) دانیشت و، کوڕێکیان بوو ناویان نا(عەدنان)، لەساڵی (١٩٩٢ ز) دا، گوللە تۆپ و گوللەی قەنناسەی (صرب)ەکان نەیاندەهێشت کەس سەردەربێنێ، بەجۆرێك ژیانیان لێتاڵ بووبوو، رۆژێك کوڕە بچکۆلەکەیان، بەدەم ترس و لەرزو گریانەوە رووبەڕوی دایك و باوکی وەستاو پێی وتن: بۆ منتان بوو؟ بۆئەوەی لەم دۆزەخەدا بژیم؟!.

ئەم قسەیە دای لەجەرگی (نەجاد) وخۆی پێنەگیرا، دەستی کردە گریان.. ژنەکەشی بەهەمان شێوە بەدەم گریانەوە باوەشی کرد بە(عەدنان)داو کەوتە هێمن کردنەوەیو پێی وت: ( رۆڵەی شیرینم خوای گەورە دەستمان لێبەرنادات).

لەشاری (سەرایێڤۆ)(نەجاد) ناوبانگی باشی دەرکرد، کاتێ(صرب)ەکان هێڵی شەمەندەفەریان تێکدا، کەبەرەو شاری(موستار) دەچوو.(نەجاد)لەپێشەوەی ئەو کەسانەبوو کە داوایان لێکرا چاکی بکەنەوە.

کاتێك (صرب)ەکان ئابلۆقەی سەرایێڤۆیان دا، (نەجاد)یش وەك گشت لاوەکانی دیکەی ئەو شارە بووە سەربازو لەبەرەکانی جەنگدا رووبەڕووی تاوانکارە (صرب)ەکان وەستا.

رۆژێك (ژەنەراڵ رەشید زورلاك)سەرکردەی ئیمدادات بانگی کردو داوای لێکرد نەخشەیەك ئامادە بکات بۆ دروستکردنی(نەفەقێکی نهێنی)لەژێر (مەدرەجی فڕۆکەخانە)دا، کەناوچەی (دوبرینا)ی سەرووی(سەرایێڤۆ) ببەستێت بە(بۆتمیرا) کەناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکان بوو..

تاوانبارە (صرب)ەکان ئابلۆقەی تەواوی شاریان دابوو، (سەرایێڤۆ)یان دابڕیبوو لە ناوچە موسڵمان نشینەکانی دیکە، خۆراك و پێویستیەکانی ژیان نەدەگەیشتنە ناو شارو، چەك و تەقەمەنیش نەدەگەیشتنە جەنگاوەران، بۆیە مەترسی خۆبەدەستەوەدانی شار لەئارادا بوو..

ئەوشەوە (نەجاد) نەخەوت، لەخەیاڵیدا بیرۆکەی(نەفەقەکەی ) تاوتوێدەکرد، هەرکە گرنگی بەیان دەرکەوت، بڕیاری دا بەچاکی سەیری ناو فڕۆکەخانەکە بکات، کە (تونێلەکە)بڕیار بوو بەژێریدا بڕوات.. گرفتەکەش لەوەدا بوو کە فڕۆکەخانەکە لایەکی بەدەست صربەکانەوە و، لاکەی دیکەشی

بەدەست هێزە نێودەوڵەتیەکانەوە بوو... بەتەلی درکاوی زۆر سنوورەکە تەنرابوو، هەرچی بەو ناوچەیە دزەی بکردایەو بیویستایە لە(دوبرینا) وە بچێ بۆ (بوتمیرا)کە دووریەکەی (٤٥٠) مەتر دەبوو، دەکەوتە بەر گوللەی قەنناصی صربەکانەوە، کەم کەس هەبوو بەسەلامەتی قوتار بێت!.

(نەجاد) هاورێی ئەندازیار (باقر) کوڕی (عەلی عیززەت) بوو، هەردووکیان ریککەوتن کە جلوبەرگی وەرزش لەبەر بکەن و بەراکردن بەفڕۆکەخانەکەدا بڕۆن... بەڵێ توانیان (٢٤) جار لەمسەر بۆئەوسەری فڕۆکەخانەکە رابکەن و بەچاکی لە(مدرج) ی فڕۆکەخانەکە بکۆڵنەوە، هەرچەندە تەقەشیان لێدەکرا بەڵام خوای گەورە پاراستنی...

لەماوەی مانگێکدا لە نێوان (دیسمبر ١٩٩٢) و(ینایری ١٩٩٣) دا نەخشەی نەفەقەکەی تەواو کرد، بەجۆرێك کە لەهەردوو سەرەوە دەست بکرێ بە هەڵکەندن، لەسەرێکیەوە بەخواری بێت و لەپاشاندا راست ببێتەوە، ئەمەش بۆ سەرلێتێکدانی صربەکان...نەخشەکە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کرا و خرایە بەردەست سەرۆك (عەلی عیززەت)و کەس بڕوای بەسەرکەوتنی کارەکە نەبوو...بەڵام سەرۆك ( عەلی عیزەت) پشتگیری (نەجاد)ی کردو فەرمانی کارکردنی پێدا و، بەرگە سەربازیە تایبەتیەکەی خۆشی دایە بەدیاری کە بەرگێکی زۆر گران بەهاو گرنگ بوو بۆ خۆشاردنەوە ودەرنەکەوتن لەبەرچاوی دوژمن دا...

لە رۆژی (١٢ی ینایری ١٩٩٣ز)دا دەست کرا بەچاڵ هەڵکەندن و نەفەق لێدان لەهەردوو سەرەوە، کارەکە ئاسان نەبوو، خۆشاردنەوەو دەرنەکەوتن گرفتی سەرەکی بوو، دەبوایە سەرنجی کەس رانەکێشن بۆ کارەکەو، ئەو گڵ و خۆڵەی کە هەڵی دەکەنن کەس نەیبینێت کەنزیکەی (٣٥٠) مەتر سێجا دەبوو.. گرفتێکی دیکەش کەمیی وەسائیلی هونەری بوو، چونکە تەنها شتومەکی سەرەتایی لەبەردەست هەبوو، کەئەوەش زەحمەت بوو کاری ئاوا گەورەی لەژێر زەویدا پێئەنجام بدرێت.. گرفتی سێهەمیش مەسەلەی هەناسەدان و روناکی نەفەقەکە بوو، دیسان چارەسەرکردنی ئاوی ژێر زەوی و هاتنە رێی تاشەبەرد گرفتی چوارەم بوون...

زۆربەی لاوان لە بەرەکانی جەنگدا بوون، بۆیە تەنها (١٢٠) کەس بۆ کارکردن دیاری کرا کە زۆربەیان بەتەمەن بوون، کەهەر (٦٠) کەسیان لە سەرێکی نەفەقەکەوە کاریان دەکرد...

درێژی نەفەقەکـە (٨٠٠ مـەتر) بـوو، دەبوایـە (٨٠سـم) لـەژێر زەویـیـەوە بوایـە پانیـیەکـەی (١ مـەتر) بـوو بەرزییەکەشـی لەسـەری (بـوتمیرا)وە (١٨٠ سـم) بـوو، کەسـێك قـنج و قیـت دەهاتـە ناویـەوە و لەسـەری (دوبرینـا)ی سـەرووی (سەراییڤۆ)شـەوە (١٦٠ سـم) بـەرزی بـوو، تـاوەکو ئـەوەی لـە سـەراییڤۆ سـەردەردێنیٚ، ناچـار بێـت سـەری رێـز دابنـەوینیٚ!!. دەبوایـە شـەوو رۆژ کـار بکـەن رۆژی (٥ مـەتر) هەڵبکـەنن...یـەکێك لـە صـربەکان کـە لەگـەڵ لیـوای میکـانیکی بۆسـنی دا کـاری دەکـرد رایکـرد و هـەواڵی نەفەقەکـەی گەیانـدە صـربەکان، بـەڵام چـونکە لـە سـەرەتای کارەکـەوە بـوو، وە (نەفەقەکـە) لەسـەرەتاوە بـەخواری دەڕۆیشـت، هەرچـەند صـربەکان چـاڵیان لێـدا لـە (مـدرج)ی فڕۆکەخانەکـەدا، رێڕەوی نەفەقەکەیان نەدۆزیەوە...

مـاوەی دیـاریکراو بـۆ تـەواوبوونی پرۆژەکەچـوار مـانگ بـوو، واتـە رۆژی(٢٦ یولیو)دەبـوو تـەواو بێـت، ئـەو رۆژە هـات و کـار تـەواو نەبوو،(نـەجاد) زۆر دوودڵ و بێتاقـەت بـوو، سـەری دنیـای لێهـاتبۆوە یـەك، راسـتە گـوێی لـە تەقەتـەقی کرێکارەکـان بـوو کـە لەهـەردوولاوە کاریـان دەکـرد، بـەڵام نەیـدەزانی ئاخۆ هەردوو ئاڕاستەکە بەیەك دەگەن؟!

لـەو رۆژانەشـدا سـەرۆك( عـەلی عیزەت)لـە(جنێڤ) خـەریکی کۆبوونـەوە بـوو لەگـەڵ صـربەکانداو، هەڵوێستی لە کۆبوونەوەکاندا وەستا بـووە سـەر سـەرکەوتنی پـرۆژەی (نەفەقەکـە)، بۆیـە رۆژانـە بەتەلـەفۆن پەیوەنـدی دەکـرد بـە (سـەراییڤۆ)وەو هـەواڵی تـەواو بـوونی پرۆژەکـەی دەپرسـی...چـوار رۆژ بەسـەر وادەی دیـاریکراودا تێپـەڕی هـیچ دیارنـەبوو، سـەرۆك ناچـار درێـژەی بەدانیشـتنەکان دا، سـا بـەڵکو پرۆژەکە سەربگرێتو ئەمیش (تنازلات) بۆ دوژمن نەکات...

ئێـوارەی (٣٠ یولیـو) سـەعات (نـۆ چـارەکیٚ کـەم)، پـاچ و پێمـەڕەی هـەردوولا بەیـەك گەیشـتن، (نەجاد)لـە خۆشـییاندا خـەریك بـوو بـاڵ بگـریٚ، خێراله(نەفەقەکە)هاتـە دەرەوە ولـە نـزیکترین بنکـەی سـەربازییەوە مـژدەی دا بەسـەرۆك(عەلی عیزەت)لـە(جنێڤ)...بەمـەش ئابلۆقـەی سـەر سـەراییڤۆ شـکا و رێـڕەوی دانیشـتنەکانی سـەرۆك گـۆڕدرا و سـوور بـوو لەسـەر خـۆ بەدەسـتەوە نـەدان و نـەکردنی هـیچ (تنازلات)ێیك.



بەڕاستی هەموان سەرسام بوون، چونکە ئەوە(موعجیزەیەکی ئەندازەیی)بوو لەوکات و شوێنەدا...جا خێرا هێڵی شەمەندەفەریان تێدا دامەزراند و گالیسکە کەوتنە گواستنەوەی دەیەها تەن لە خۆراك و تەقەمەنی و چەکی هەمە جۆر بۆ ناو شاری سەرایێڤۆ...لەم پاڵەوانیەتیەدا حەوت کەس بریندار بوون و یەك کەسیش بەناوی(مجید عاریفوفیتش)شەهیدبوو، کە لەو ماوەیەدا زۆر بە چالاکانە کاری دەکرد بەو هیوایەی ساتێ زووتر(نەفەقەکە)تەواو ببێت و بتوانێ بگاتە(بوتمیرا) و چاوی بە ژنەکەی بکەوێ کە تازە منداڵی بوو بوو...بەداخەوە ئاواتەکەی بردە گڵەوە و چاوی بەکۆرپەی جگەرگۆشەی نەکەوت!!.بەڵێ، ئیمان و لێبڕانی تاکە مرۆڤێك، بەم شێوەیەی لە سەرگوزەشتەی(نەجاد)دا دەرکەوت، دەتوانێ کاری وا بە ئەنجام بگەیەنێ کە ژیانی تەواوی گەلێك بکڕێتەوە. (.سەرچاوە: گۆڤاری (المجلة) ژمارە (٨٦٩) ساڵی ١٩٩٦).

## ڕێکەوتنی دایتۆن:

لەساڵی ١٩٩٥دا بەرێکەوتنی دایتۆن کۆتایی بەجەنگەکە هات، دانیشتوانەکەی نزیکەی ٥ ملیۆن کەس دەبن، نزیکە ٤٠٪ یان موسڵمانن و باقیەکەی مەسیحی وشتی ترن، مەسیحیەکانیش کاسۆلیك و پرۆتستانت و ئەرسەزۆکسن، هەر چوار ساڵ و هەڵبژاردنێك دەکرێت،سێ سەرۆکیان هەیە ( موسڵمان و مەسیحی ئەرسەزۆکس و پرۆتستانت) هەر هەشت مانگ و یەکێکیان حوکم دەکەن.

## حاجی فاتیمە:

خەڵکی دێیەکی بۆسنەیەو خاوەنی حەوت هەزار مەتر دووجا زەوی بووە، باووباپیرانی حەوت سەد ساڵ لەو ناوچەیەدا دەژیان، بەهۆی هێرشی صربەکانەوە زیاتر لەبیست خزم و کەسی شەهیدبوون، ئەمیش ناچاربوو دێیەکە بەجێبهێڵێت، دواتر کەگەڕایەوە سەیری کرد کەنیسەیەکیان لەسەر زەویەکەی درووست کردووە بەرامبەر ماڵەکەی بەبێ ئەوەی گاورێك لە دێکەدا هەبێت، چواردە ساڵە لەڕێی دادگاوە دەیەوێت ئەو کەنیسەیە لە سەر زەویەکەی لاببرێت، هێشتا کێشەکە یەکلایی نەبۆتەوە، چی هەڕەشەی لێدەکەن، چی ئیغرای دەکەن سوودی نیە، ملیۆنێك و دووسەدو پەنجا هەزار یۆرۆیان داوەتێ زەویەکەیان پێ بفرۆشێت، نایفرۆشێت، تەمەنی حەفتا ساڵەو دەڵێ: ئەگەر مێردەکەم بمایە ئێستا وەزعەکە بەجۆرێکی تر دەبوو، من چاوقایمم و ناترسم، هەرچەند چەند جار هاتونەتە سەرم و لێیانداوم، وەسیەتم بۆ حەوت مناڵەکەشم کردووە کەدوای خۆم نەیفرۆشن،جا ئەگەر یاسا بۆم لانەبات چۆن بەنایاسایی دروستیان کردووە لەسەر زەویەکەی من، منیش بەنایاسایی بەم دوودەستەی خۆم ئەیڕوخێنم ئەگەر چواردە ساڵی تریش بخایەنێت.

## یادەوەری خالید:

خالید سبێعی یەکێکە لەوانەی کە بەناو تونێلەکەدا ڕۆیشتووە بۆ سرایێڤۆ و لە وتارێکدا پاش ئەوەی باسی قەتڵ و عامی موسڵمانان و کارەساتە گەورەکەی بۆسنە دەکات سێ دیمەنی یادەوەری تۆماردەکات و دەڵێت:

١- لەو بارو زرووفە ناهەموارەدا گەنجێكی ئەردەنی لەناو سرایيڤۆدا مابۆوەو سەرپەرشتی ئەڵقەكانی لەبەركردنی قورئانی دەكرد، بەهۆی قەناصەی صربەكانەوە پێكراو قۆڵی تووشی زیانی گەورەبوو وە قۆڵێكی (معوق) بوو،هەرئەوەندە برینەكەی سارێژ بوو كەوتەوە سەرپەرشتی كردنی ئەڵقەكان وهەروەك ئەوەی نە بای دیبێت و نەباران.

٢-كەچووم بۆ نوێژی هەینی ئافرەتانی بالآپۆشم بینی كە ئەوانیش لەو باروزرووفە خەتەرناكەدا دەچوون بۆ نوێژی هەینی، لەدڵی خۆمدا بەراوردێكم كرد لە نێوان ئەوان و ئافرەتانی وڵاتە ئیسلامیەكاندا كە باروزروفیشیان ئارامەو كەچی وەك ئەمان گەرم نین لە دینداریدا.

٣-برایەك بۆ نانی ئێوارە بردینیەوە ماڵی خۆیان و لەبەردەم رووناكییەكی كزی مۆمێكدا نانمان دەخوارد چونكە كارەبا نەبوو، دەنگێكی تەقینەوەی گەورەهات، وتی: گوێ مەدەنێ راهاتووین لەگەڵ وەزعەكەدا، ئنجا وتی: خوشكەكەم لەم ژوورەدا دەرسی قورئانی دەوتەوە گوللە هاوەنێك كەوتە حەوشەكەوەوبەفەزڵی خوا نەتەقیەوە، هەرچەند خوشكەكەم دیوارێك رووخا بەسەریاو كەمێك بریندار بوو.

## موسڵمانی فیداكار لە هندستان:

لە ٢ی مایو ساڵی ١٨٦٤ز دادوەری ئینگلیزی لەدادگای (ئینبالە) كە چوار كەسایەتی وڵاتی لەگەڵدا بوو، تاوتوێی قەزیەی ١١موجاهیدیان دەكرد كەهاوكاری ئیمامی شەهید (ئەحمەدی كوڕی عیرفان)یان دەكرد لەسنوری ئەفغانستان بەسەر و بەماڵ و بەناردنی پیاوان بۆی دژی ئیینگلیز،كە ئەمەش ئینگلیزی بێتاقەت كردبوو، بەتایبەت كە موجاهیدەكان ڕەمزیان بەكاردەهێنا لەنوسراوەكانیاندا.

ڕۆژی دەرچوونی حوكمەكە دادوەرە ئینگلیزەكە بەڕق و تووڕەییەكی زۆرەوە بەسەركردەی گروپەكەی وت:كەناوی (جەعفەر) بوو!

ئەی جەعفەر: تۆ پیاوێكی ژیری خوێنەواری و باش لەیاسای دەوڵەت ئەزانیت و یەكێكی لەكەسایەتیەكانی شارەكەت و پارەداریت، كەچی بەداخەوە ژیری و زانینەكەت بەكارهێنا دژی

دەوڵەت، وەتۆ وەسیتی بۆناردنی پارە لەهیندەوە بۆ ناوچەکانی شۆڕشگێڕان. جابۆیە ئێستا حوکم ئەدەم بەسەرتا بە ئیعدام و هەرچیت هەیە لەموڵك و ماڵ دەستی بەسەردا دەگیرێت و، لاشەکەت نادەینەوە بەکەس و کارت و لەقەبرسانی تاوانکاراندا بەڕیسوایی دەتنێژین، وەزۆر دڵخۆش دەبم کەبەپەتی سێدارەوە بتبینم.

جەعفەریش بەڕوویەکی خۆشەوە وەڵامی دایەوە ( ڕۆحەکان بەدەستی خوایە، ئەوە کە ئەژیەنێ و ئەمرێنێ، وە تۆ جەنابی دادوەر ژیان و مردنت بەدەست نیە، وەنازانی کێ لەئێمە پێشتر دەمرێت).

دادوەرەکە سەرسام بوو لەم قسەیە، ئەفسەرێکی ئینگلیز بەناوی (بارسن)هاتە لایەوە و پێی وت: ( هەرگیزشتی وام نەدیوە، تۆ حوکمی لەسێدارەدانت بۆ دەرچووە و دڵت خۆشە و نیگەران نیت)؟

جەعفەر پێی وت: (جا چۆن دڵخۆش نەبم، لەکاتێکدا خوا شەهادەتی لەڕێی خۆیدا کردووە بەنسیبم هەرچەند تۆی داماو نازانی چەندە خۆشە)، دوو کەسی تریش لەوان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، کە یەکێکیان پیاوێکی پیربوو بەناوی (مەولانا یەحیا صادق بوری)، ئەوی تریان لاوێکی دەوڵەمەند بوو بەناوی حاجی محمد شەفیع، هەشتەکەی تریشیان حوکمی نەفیکردنی هەتا هەتاییان بۆدەرچوو.

ئینگلیزەکان زانیان کە ئەم سێ موجاهیدە زۆر شادمانن بە لە سێدارەدانەکەیان جا بۆ ئەوەی ئاواتەکەیان نەیەتەدی و ئەو دەرەجە بەرزەیان دەستنەکەوێت حاکمی شاری (ئینبالە) هاتە لایان بۆ بەندیخانە و پێی وتن: (ئەی شۆڕشگێڕان ئێوە حەزتان لەسێدارەیە و بە شەهیدی دەزانن لەڕێی خوادا، ئێمەش نامانەوێ بگەن بە ئاواتەکەتان و دڵتان خۆش بکەین، جا بۆیە حوکمی لەسێدارەدانەکەتان بۆ دەگۆڕین بۆ نەفی کردنی هەتاهەتایی لە دورگەکانی سیلان).

بەڵێ.. لەم بەندیخانە بۆ ئەو بەندیخانە گوێزرانەوە و دواجار بردیانن بۆ دورگەکانی ئەدمان لە کەنداوی بەنگال جا لەوێ ١٨ ساڵ مانەوە و لەساڵی ١٨٨٣دا ئازاد کران، جەعفەر و هاوەڵەکانی گەڕانەوە وڵاتەکەی خۆیان و دادوەرە ئینگلیزەکەش تیاچوو، جا بەڕاستی هەروایە، ژیان و مردن تەنها بەدەست خوایە، ئەوەی مل بۆ ئەمە نادا با سەیری ئەم بەسەرهاتە و هەزاران بەسەرهاتی تری لەم بابەتە بکات.

## بانگخوازێکی یەمەنی:



عەبدە محمد میخلافی لەساڵی ١٩٣٧ لەیەمەن لەدایك بووە و هەر لەمناڵیەوە دایکی مرد و باوکی خستیە بەر شوانێتی، بەڵام ئەم هیممەتێکی بەرزی هەبوو بەدەم کارکردنەوە خوێندی، بەچوار ساڵ لە حوجرە نیوەی قورئانی لەبەرکرد و شتێك شارەزا بوو لە نەحو صەرف و زمانی عەرەبی، لەساڵی ١٩٥٣ دا هات بۆ مەککە بۆ نان پەیدا کردن، زۆر بەزەحمەت گەیشتە مەککە، لێرەش هەوڵی فێربوونی دا، پاشان لەساڵی ١٩٥٨ دا چوو بۆ قاهیرە تا لە ئەزهەر بخوێنێ.

کەسێکی چالاکی خواناس بوو، شەش ساڵ مایەوە، خەریك بوو بڕوانامەی سانەوی ئەزهەر وەرگرێت لەبەر چالاکی لەبواری بانگەوازدا پیاوەکانی عبدالناصر لەساڵی ١٩٦٥ دەریان کرد و ویستیان کە گەیشتەوە یەمەن پەت پەتی بکەن، چونکە ئەوکاتە یەمەن لەلایەنی سیاسیەوە موخابەراتی عبدالناصر ئەیبرد بەڕێوە، بەڵام خوا بەهۆی پارێزگاریێکەوە پاراستی، قۆناغێکی تری ژیانی نەسرەوتنی دەستی پێکرد، ئەوەی کەلە میسر لەزانا گەورەکانی وەك غەزالی و سەید سابق و ئەحمەد شرباصی و سەید قوتبەوە فێری بووبوو،گەیاندیە یەمەن وبانگەوازی برایانی بلاوکردەوە و کەسانێکی دروست کە دوای خۆی ئالای بانگەوازەکە هەڵگرن..

سەید بەرەحمەت بێت نوسخەیەکی (معالم) ی دایەو خوێندیەوە و پاش ماوەیەك لێی پرسی خوێندتەوە؟ وتی: بەڵێ، وتی: تێی ناگەیت؟ تا شەش جاری نەخوێنێتەوە.

ئەم پیاوە مەزنە لەچوار ساڵدا زۆرکاری مەزنی کرد لەیەمەندا و کۆچی دوایی کرد، لەکاتێکدا یەمەن لەوپەڕی دواکەوتوویی دا بوو، گەشتیارێکی ئەورووپی لەو سەردەمەدا چووبووە میسر و وتبوی:میسر سەد ساڵ لەدوای ئەورووپاوەیەوکەچوو بوو بۆ یەمەنیش وتبووی: یەمەن لەسەردەمی پێش

هاتنی تەوراتدا دەژی! ئەم بانگخوازە زاڵ بوو بەسەر هەموو ئەو ئاستەنگانەدا کە دەیانهێنایە ڕێی، چەندجار هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد بەڵام کۆڵی نەدا، لەئیشەکانی:

١- دامەزراندنی بانگەوازی برایان.

٢- دەرسی نێوان ئێوارە و عیشای دانا، ئەڵقەکانی لەبەرکردنی قورئانی بوژاندەوە، دەرسی لە مزگەوتەکاندا دەوتەوە و زانایانیشی هاندا کە ئەو کارەبکەن، کەموکوڕی بینای مزگەوتەکانی تەواو دەکرد وفەرشی بۆ دابین دەکردن، وتاری هەینی بەرەو پێش برد بەجۆرێك کەلەگەڵ سەردەمدا بگونجێ.

٣- بنکەیەکی ئیسلامی دروست کرد کە مەکۆی بانگەوازبوو، پەڕاو و گۆڤاری ئیسلامی زۆری بڵاوکردەوە بۆ ڕۆشنبیر کردنی موسڵمانان.

٤- گرنگی دا بەپەروەردە و فێرکردن و لەساڵی ١٩٦٦ دا بووە بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردنی لیوای تەعز و خزمەتێکی باشی لەو بوارەشدا پێشکەش کرد و بواری ڕەخساند کە شێخ عەبدولمەجید زەندانی کاربکات لەوەزارەتی پەروەردە و فێرکردن دا و مەنهەجی تەوحیدی دانا بۆ خوێندن کە ڕووبەڕووی ئیلحادبوونەوە پێی.

٥- گرنگی دا بەڕاگەیاندن کەلەو سەردەمەدا زیاتر ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان بوو، وتاری دەنوسی بۆ ڕۆژنامەکان و بەرنامەشی پێشکەش دەکرد لە ئیزاعەی فەرمی سەنعادا.

بەم جۆرە ئەبینین کەسێك بەهیممەتی بەرزی چۆن جێ پەنجەی بەجێدەهێڵێ لەسەر کۆمەڵگا، ئەمەش تەصدیقی قسەکەی بەننایە بەڕەحمەت بێت کاتێ کە لێیان پرسی بۆچی پەڕاو نانوسیت، ئەویش لەوەڵامدا وتی: من پیاوانێك دروستدەکەم کە بانگەواز لەسەر دەستیاندا بەسەرتاسەری دنیادا بڵاوبێتەوە و ئەوان پەڕاو بنوسن، بەبەرەکەتی کاری برایان کتێبخانەی ئیسلامی بوژایەوە و ئیسلامێکی جوانی میانەڕەویان بەخەڵکی گەیاند.

مامۆستا عەبدە لەتەمەنی ٣٣ساڵیدا لەساڵی ١٩٦٩ دا بەڕووداوی هاتوچۆ لەنێوان سەنعا و تەعزدا گیانی سپارد و هەندێ کەس دەڵێن کە ئەوە پیلانێك بووە بۆ لەناوبردنی.

زانایان و زۆرێك لەبەرپرسان بەخەم و پەژارەی زۆرەوە بەخاکیان سپارد و لەملاشەوە ناحەزانی بەرنامەکەی خوا شادمان بوون.

ناوبراو دوو کچی لەپاش بەجێما و لە زۆربەی مزگەوتە گەورەکانی یەمەندا نوێژی غایبی لەسەرکرا. ڕەحمەتی:

١ – ئازابوو لە هەق دا، پڕوپاگەندەی زۆری بۆکرا، چەند جار هەڕەشەی لێکرا، چەند جار هەوڵی کوشتنی درا، لە میسر بیست شەو و لەیەمەن سێ مانگ لە بەندیخانەی تاکە کەسی دا بوو. هەوڵیان دا بیکەن بە سەفیری یەمەن لە ئەسیوبیا بۆ ئەوەی دووری بخەنەوە بەڵام قایل نەبوو، نەرم نەبوو، کۆڵی نەدا لەبانگەواز کردن و بەتەمەنێکی زۆر کورت زۆرترین خزمەتی کرد، سی و سێ ساڵ تەمەن زۆر کەمە و هی واهەیە تا ئەو تەمەنە هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوە.

٢ – ڕەحمەتی زاهید بوو، لەمیسر مووچەکەی زۆربەی دەکرد بە خێر و لە یەمەنیش بەهەمان شێوە، ژیانێکی سادە دەژیا و کە مردیش هیچی لەپاش بەجێ نەما.

٣ – ڕەحمەتی کەتەمەنی بیست ساڵێك دەبوو لەخۆپیشاندانێکدا لەمیسر کە چەند قوتابیەك بریندار‌بوون، ئازایانە بە بەرپرسە میسرییەکەی وت: دڵۆپێ خوێن ڕژابێت تۆ بەرپرسی لێی، چونکە وەك سەرکردەیەکی دانا چارەسەرت نەکرد و شێوازی موخابەراتت بەکارهێنا، ناچار بەرپرسەکە داوای لێبوردنی کرد.

هەروەها جارێك لەیەمەن لەشەوێکدا وتاری ئەدا، لەپڕدەنگی فیشەکی تفەنگێکی چیکی هات، کەهەندێ لەئامادەبووان لەترسا ڕایان کرد، ڕەحمەتیش خۆی تێك نەدا و وتارەکەی نەبڕی.

زۆرجار ئەم دێڕە هۆنراوەیەی دەوت:

أنا إنْ رضيتُ فكالماء صفاءً وإنْ غضبتُ فكالنار اشتعالاً

من کە ڕازی بووم وەك ئاوی پاك و بێگەردم کە تووڕەش بووم وەك ئاگر کلپە دەسێنم.

ڕەحمەتی وتاربێژێکی بەتوانا و ئازابوو بەمەرجێك تەمەنی بیست ساڵانێك دەبوو بۆیە ناویان نابوو (بەنای دووەم) یان (زوبەیدی بچوك)،مەبەست (محمد محمود الزبيدي) یە کە شاعیرێکی بەتوانای برایان بوو.

ڕەحمەتی بووە ئەندامی مەجلیسی نیشتمانی لەساڵی ١٩٦٨ دا، ئەمەش بۆ نووسینەوەی دەستوور و زۆر هەوڵیدا کە ئەم دەقە بنوسرێ لەدەستووردا (الشريعة الأسلامية مصدر القوانين جميعا).

ناوبراو دەیووت: ( ئێمە دژایەتی کەس ناکەین، دژایەتی هیچ لایەنێك ناکەین، دژایەتی هیچ حکومەتێك ناکەین، ئێمە دژی ئەوەین کە غەیری خوا بپەرسترێ، ئێمە دژی ئەوەین کە غەیری خوا تەقدیس بکرێت..

ئێمە دژی کەس نین، دژی هیچ ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو نین، ئێمە دژی لادانی فیکرین،دژی لادانی بیروبۆچونین، دژی لەڕێ لادانی عەقڵین، دژی لادانی تێگەیشتنین، دژی لادانین لەتێگەیشتنی واقیعمان و ژیانمان کە ئەژین لەسەر بنەمای ئیسلام، کە لەیەکەم ڕۆژی شۆڕشەکەمانەوە وتوومانە: ئامانجی یەکەممان گەڕانەوەیە بۆ شەریعەتی ئیسلامی ڕاستەقینە).(ئێمە پێویستمان بە قورئانە تا دەسەڵاتمان بگێڕینەوە و پەیامی هیدایەت بگەیەنینە مرۆڤایەتی). (گۆڤاری المجتمع ٢٠٣٩ /٢٠٤٠).

## یادەوەری موستەشاری یاسایی (علی جرێشە)

ناوبراو لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت: مناڵیم شتێکی ئەوتۆی تیانیە جێی باس بێت، دایکم ئافرەتێکی خواناس بوو، زۆر خۆشی دەویستم، کاتێ کە گیرام لەزەمانی عبدالناصردا ئەوەندە لە سوجدەدا دەگریا و دوعای دەکرد تا ئەبورایەوە، باوکیشم خوا لێی خۆش بێت زانابوو، هەموو قورئانی لەبەربوو،لەزمانی عەرەبیدا شارەزابوو زۆرجار ئەکەوتە موناقەشەوە لەگەڵ زانایانی ئەزهەردا.



لەسەرەتای لاویمەوە کەلەشارەکەی خۆمان کەشافەی ئیخوانم دەدی بەڕێکوپێکی و چوست و چالاکیان سەرسام بووم، دروشمەکانیان (الله أكبر و لله الحمد، الله غايتنا، والرسول قدوتنا، القران دستورنا،

الجهاد سبيلنا، والموت في سبيل الله أسمى أمانينا) دەنگی ئەدايەوە. ئەمبينين بەسەرما و بەگەرما و بەشەوی تاريك دەچوون بۆ نوێژی بەيانی.

لەتەمەنی بيست ساڵيدا کۆلێژی ياسام تەواوکرد بەپلەيەکی باش و لە نيابەی عامە دامەزرام و دواتر چوومە مەجليسی دەوڵەت و پاشان لەزانکۆکان مامۆستا بووم. هەرلەسەرەتاوە پەيمانم دا بەخوا کە لايەنگری هەق بم و ئەمەش کەوت لەسەرم چونکە دنيا پڕبوو لەواسيتە و تەکليف کردن و بەرتيل خواردن، لەبەر ديفاع لەهەق قسەی پارێزگار و نوێنەری کۆشکی کۆماری و زۆر بەرپرسی ترم شکاند، تا سەرەنجام وازم لەکاری دادگا هێنا و دەستم لەکارکێشايەوە چونکە نەمن و نە ئەوان تەحەمولی يەکتريمان نەدەکرد.

عەلی جرێشە لەساڵی ١٩٣٥ لەدێ يەکی ميسر لەدايك بووە، خوێندنی سانەوی لەقاهيرە تەواوکردووە و لەکۆلێژی ياسا بەپلەی بەرز دەرچووە و ئەمەش وای کردووە ببێتە وەکيلی نائيبی عام لەشاری سوێس و پاشان چوارساڵ لەمەجليسی دەوڵەتدا ئيشی کردووە و، لەساڵی ١٩٦٢ ماستەری بەدەستهێناوە،هەرلەزووەوە برايانی ناسيوە و کاری کردووە لەگەڵياندا و لەساڵی ١٩٦٥ د بۆماوەی ٨ ساڵ بەندکراوە، وەکو بەندکراوەکانی تر ئەوپەڕی ئازارو ئەشکەنجە دراوەو ئەمەشی لەپەڕاوی (عندما يحكم الطغاة)دا باس کردووە، دواتر ئەچێ بۆ وڵاتی سعوديە لەکۆلێژی شەريعەی زانکۆی ئيسلامی لەمەدينە ئەبێتە مامۆستا و لەوێشەوە چووە بۆ زۆر وڵات و چەند کتێبی نوسيوە وەك( الاتجاهات الفكرية المعاصرة، دين و دولة، دعاة لاجباة، الاخوان المسلمون، الدعوة و الداعية، اعلان دستوری اسلامی، في الزنزانه، الاساليب التبشيرية في العصر الحديث ).

سی ساڵ لەمەدينە ژيا و پاشان چۆتە يەمەن ودواتر دەستی خۆی بەتاڵ دەکات بۆ بانگەوازو ئەچێتە بنکەی ئيسلامی ئەڵمانياو چەند ساڵ لەوێش بانگەوازدەکات و لەساڵی ٢٠١١ و لەتەمەنی ٧٦ ساڵيدا لەيەمەن کۆچی دوايی کرد.

## برايان لە فەلەستين:

کاتێك پرسيار کرا لە سەرۆك وەزيرانی ئەوسای ميسر (مصطفى نحاس) لەبارەی فەلەستينەوە ناوبراو وتی: (من سەرۆك وەزيرانی ميسرم نەك سەرۆك وەزيرانی فەلەستين)، بەننا ئەمەی بەدڵ نەبوو

جەماوەریش هەروا، بۆیە لەساڵی ١٩٤٨ دا دەرگای خۆبەخشینی کردەوە بۆ جیهاد بۆ فەلەستین و برایان زەبری کوشندەیان دا لەجولەکە، سوپای وڵاتە عەرەبییەکان کاریان زیاتر شانۆگەرییەك بوو، بەڵام برایان بۆ مردن چووبوون (بۆیە جولەکە لەبیستنی هوتافی اللہ أکبر زراویان ئەتۆقی و ڕایان دەکرد، هەندێ لەسەرکردەکانیان دەیانووت: ئێمە لە سوپا نیزامییەکان ناترسین، ئێمە لەوانە ئەترسین کەئەو هوتافە دەکێشن، چونکە چەند خەڵکی سورە لەسەر ژیان ئەوان ئەوەندە سوورن لەسەر مردن).

ئەوەی کەبەسوپا نەئەکرا برایان کردیان لەڕزگارکردنی چەند شوێنێکدا، بۆیە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا چەرچڵ کاتێ لەگەشتێکدابوو بۆ گفتوگۆ لەکەنەدا گەشتەکەی بڕی و گەڕایەوە و وتی: (عنصرێکی تازە دابەزیوەتە مەیدانەوە) سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا بەدوانزە هەزار جوندییەوە بڕیاریان دا تۆڵە لەبرایان بکەنەوە بەهۆی هەندێ کاری فیدایانەوە کە کردبوویان بەرامبەر ئینگلیز لەفەلەستین.

موخابەراتی ئەمەریکی ڕێڕەوی شۆڕشەکەی میسریان گۆڕی بەهۆی (جمال عبدالناصر)ەوە کە لیوا محمد نجیب ی کەنارخست و دەست بەسەری کرد، (جمال عبدالناصر) و هاوەڵانی وەك داشی دامە وابوون بەدەست ئەمریکاوە، مایلز کۆبلاند لەکتێبی (لعبة الأمم) دا زۆر بەڕوونی باس لەمە دەکات و وڵاتیش لەسەر دەستی ئەو خۆ فرۆشانەدا کەلە پێناو دەسەڵاتدا هەموو شتێکیان دەکرد کاول بوو.

(جمال عبدالناصر) کە جەماوەریەت و چالاکی برایانی بینی لێ یان هەڵگەڕایەوە و شانۆگەرییەکیان دروست کرد کەلەکاتی وتاردانیدا لەگۆڕەپانێکدا تەقەی لێ بکرێ و ئەمەشیان هێنا بەسەر برایاندا و شەش سەرکردەی وەك (عبدالقادر عودە و محمد فرغلی) لەسێدارەدران، عبدالقادر عودە کە یاساناس بوو لەبەر پەتی سێدارەدا وتی: خوێنی من دەبێتە لەعنەت بۆ پیاوانی دەسەڵات، (محمد فرغلی) ش وتی: من شادمانم بەلیقای خوا دەگەم. بەهەزاران براش دەستگیرکران و سزاو ئازارێك دران مەگەر لەمەحاکمی تەفتیشی ئیسپانیادا شتی وا ڕووی دابێت.

تەنانەت جارێك جولەکەیەکی بەندکراو لەبەندیخانەیەکی میسردا کە ئەو حاڵەی بینی بەزەیی پیایانا هاتەوە و بە جەللادەکانی وت: بۆ وایان لێدەکەن ئاخر هیچ نەبێ خۆئەوانە مرۆڤن.

جارێك یەكێ لەو جەللادانە بەلای ژوورەكەی مورشیدی عام (حسن هضیب)ی دا دەڕوات كەبەو زستانە تا ئەژنۆی لەئاودابوو، بەگاڵتە پێكردنەوە دەڵێت: یاشێخ دوعامان بۆبكە، ئەویش وەڵامی نەداتەوە، جارێكی تر دەڵێت: یاشێخ دوعامان بۆبكە، ئەویش دەڵێ: بەڕاستە؟! یاخوا توشی دەردێك بیت ئاوات بەمردن بخوازیت و دەستت نەكەوێت. سبحان الله دوعای ئەو مەزڵومە گیرا بوو پاش چەند ساڵێك توشی نەخۆشی یەك بوو عەرز و بەرز نەیئەگرتە خۆی، ئەیوت: بەفیشەكێ بمكوژن بالەم ئازارە ڕزگارم بێت.

جەللادەكان بەقەدەر پەنجا بەندكراویان دەخوارد و بەتایبەت هێنرابوون بۆ ئەشكەنجەدان، تابڵێی ناحاڵی و مێشك پووت بوون، بەندكراوێك وتبووی: لەفلانە شوێنە وە چووم بۆ فلان شوێن گەنمە شامیم كڕی،جەلادەكە وتی: زۆرباشە یەعنی گوللە تۆپت كڕی؟! ئەوەندەیان لەو كەسە ئەدا كە لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ دەكرد تا ئەوەی ئەوان دەیانویست ئیعتیرافی لەسەر بكردایە وگەنمەشامیان لێدەكرد بەگوللە تۆپ.

لەگەڵ ئەوەدا كەمن موستەشاری قانونی بووم و حەصانەم هەبوو، كەچی بەجۆرێك ئازاریان ئەدام ئەو دنیایان پیشاندام، لەتوانامدا نەما خەریك بوو هەرچیان دەویست دانی پیا بنێم، تا ٢٤ ی نۆڤەمبەری ١٩٦٥ لەژووری بەندیخانەكەمدا دانیشتم بە كرزۆلەیی، هەموو لاشەم برین بوو، دڵیشم زیاتر لەلاشەم خوێنی لێ دەچۆڕا، زۆر گریام و بەدوعاكانی سەروەرمان (د.خ) لەخوا پاڕامەوە، خەوم لێكەوت، بینیم لەدەرگای سجنی حەربی چوومەدەرەوە و حۆری یەك چاوەڕوانی دەكردم، لەجوانیدا هەرگیز شتی وامنەدیوە، دەستی گرتم و وتی: وەرە جێگاكەت پیشان بدەم لە بەهەشتدا!

بردمی گێڕامی لەشوێنێكی خۆشی پڕسەوزی و ئاو، هەرچی دەڕۆیشتین لەژێر پێماندا ئاو هەڵدەقوڵا (تجری من تحتهم الانهار)، ئنجا ئاماژەی بۆ كۆشكێكی دەقات كرد وتی: دەزانی ئەوە هی كێ یە؟ وتم: نەخێر نازانم، وتی: ئەوە كۆشكی شەهید عبدالقادر عۆدە یە، ئنجا كۆشكێكی دووقاتی پیشان دام وتی: ئەوە هی فلان دكتۆری هاوەڵتە، زانیم كە ئەو خوا ئیبتیلای نەكردووە و هەندێ نیعمەتی دنیایی داوەتێ بەوە پلەوپایەكەی كەمترە لە عبدالقادر عودە لەبەهەشتا.

ئنجا ئاماژەی کرد بۆ کۆشکێکی سێ قات کە تازە بینا دەکرا و وتی: ئەوە هی تۆیە، چوومە ژوورەوە سەیرم کرد نزیکەی بیست و چوار ژوور بوو، هەر ژوورەش جۆری عەینێکی تیابوو. دووقاتیم تەواو کرد کە چوومە قاتی سێ پەنجەرەیەکی تیابوو وتی: سەیرکە، ئەیبینیت، سەیرم کرد نوری خوام بینی..(لیس کمثله شيء وهو السميع البصير) الشورى ١١، ئنجا گوێم لەدەنگێك بوو وتی: ئەگەر دوومانگ ئارامبگریت بۆت دەکرێت بەپێنج نهۆم. بیرم کردەوە لەئازار و ئەشکەنجەکەم لەو ساتەدا و بیرم لەو خێروبێرو نازونیعمەتە کردەوە کە چاوەڕێم دەکات لای خوا، خوا هێنای بەدڵما کەبڵێم: بەڵێ پەروەردگار ئارام دەگرم، بەڵام (عافيتك هي أوسع لي) ئنجا گەڕامەوە، برادەرانم بینی کەبە ڕاکردن لەبەهەشتا دەگەڕان بەدوای جێگاکانیاندا، تەنها یەکێکیان نەبێ کە پێی پەتی بوو خوا لێی خۆش بێت.

## دەست لەکارکێشانەوە:

لەفیبرایەری ساڵی ١٩٦٦ لەبەندیخانەوە بردیانم بۆئەوەی داوای دەست لەکارکێشانەوە بکەم لەمەجلیسی دەوڵەت، کەچوومە ئەوێ داوای دەست لەکارکێشانەوەم کرد و پاشان هێنامیانەوە بۆ بەندیخانەی حربی، لە ئۆغسطس ١٩٦٦ بڕیاری مەحکەمە دەرچوو بە لەسێدارەدانی موفەسیری قورئان سەید قوتب و هاوەڵەکانی و کۆمەڵێکیش بەبەندکردنی هەتاهەتایی و هەندێکیش بەبەندکردن بۆماوەی ١٥ ساڵ هەموو شیان بە ئەشغالی شاقەوە.

لەبەرئەوەی هیچ ئیعتیرافێکم نەکردبوو دوانزە ساڵ و ئەشغالی شاقەم بۆ دەرچوو، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم لەژێر ئازار و ئەشکەنجەیان ڕزگارم بێ، دەمووت: ئەگەرحوکمەکەشم تەواوبێت جارێکی تر ئەمگرنەوە.

## هەرگیز لێرە دەرناچن!

(حەمزە بەسیونی) جەلاد ڕۆژێ کۆی کردینەوە و وتی: هەرگیز لێرە دەرناچن، ئێوە شایانی تیاچوونن و ئێوە لەجولەکە مەترسیتان زیاترە بۆ وڵات، ئێوە لەساڵی ١٩٥٤ کە لەبەندیخانەکان

ڕزگارتان بوو دەستتان کردەوە بەڕێکخستن و کۆڵتان نەدا. منیش گاڵتەم بەعەقڵی دەهات چونکە داهاتوو بەدەست خوایە نەك بەشەر، لەڕێی هەندێ کەسەوە نامەم دەنارد بەدزی یەوە بۆ دایکم و هاوسەرەکەم، باسی حاڵی ناخۆشی خۆمم بۆ دەکردن، کە ئەو خواردنەی ئەیدەن بەئێمە هەر ئەوەیە کە ئەیدەن بە سەگەکەکانیان.

حەمزە بەسیونی ئەگەر یەکێ هاواری بۆ خوا بکردایە لەکاتی ئەشکەنجەداندا، ئەیوت کوا خواکەت بابێت تا لەم بەندیخانەیەدا سجنی بکەم (پەنا ئەگرم بەخوا)!

کە لەساڵی ١٩٦٧ میسر تێك شکا لەبەردەم ئیسرائیلدا ئەوانەی کەلابران یەکێکیان حەمزە بەسیونی بوو، خوا کردی لەو بەندیخانەیەی کە بگرو بکوژ خۆی بوو، ئەویش بەندکرا!! (سبحان محول الاحوال).

لەسجنی حەربیەوە گواستیانینەوە بۆ سجنی (لیمان طرة)لێرەش هەر لە نارەحەتیدابووین، لەبێ جێی و بێ خواردنیدا، خەمم بوو چۆن نامە بۆ کەسوکارم بنێرم بەدزییەوە، لەشەونوێژدا زۆر پاڕامەوە لەخوا کە یەکێکم بۆبنێرێ کە ئەو نامانەم بۆ ببات، گوێم لەدەنگێك بوو مژدەی دامێ کەخوا دەرووم لێدەکاتەوە و هەروەها دەرچوو خوا دڵی کەسێکی نەرم کرد کە بەبێ هیچ دەستکەوتێك و مەرامێك چاکەی لەگەڵ دەکردین ونامەی بۆ دەبردین.

پاشان یەکێ لەنامەکانم ئاشکرا بوون، ویستیان دادگایم بکەنەوە، بەڵام چونکە هیچ تاوانێکم لەسەر ئیسپات نەبووبوو، ناچار ناردیانم بۆ بەندیخانەیەکی زۆر دووری خوارووی میسر.

خوایە سوپاس بۆتۆ لەخەودا بەهەشتت پیشان دام و، جارێکی تریش لە خەوما بەئەستێرەکانی ئاسماندا دەگەڕام و دەستم لێ ئەدان، لام سەیربوون کەخوا سوێندی پێخواردوون و لەخەوەکەشدا ئەم ئایەتەم دەوتەوە (فلا أقسم بمواقع النجوم) الواقعە ٧٥ / هەموو ئەمرین، چی لەم دنیایەوچی لەم بوونەوەرەدایە هەموویان ئەجەلی دیاری کراوی خۆیان هەیە، ئەوەی کە (حی و قیوم) ەو تەنها ئەو دەمێنێ خوایە (کل شيء هالك إلا وجهه)، فەزڵی خوایە کە بەجیهاد ئەو پلانەمان دەست دەکەوێ، زۆرخۆش بوو لام کە برایەکیش خەوی پێوە بینیبوم لەگەڵ حەزرەتی حسێن دا بووم کە سەیدی لاوانی ئەهلی بەهەشتە.

## سەرەنجامی بتە گەورەکە:

سەرەنجامی ستەمکاران تیاچوونە، ڕیسوابوونی دنیا و قیامەتە، لە ڕووداوەکانی سێتەمبەردا کە لەئەردەن لە فەلەستینیەکانیان دا، عبدالناصر ڕێکەوتبوو لەگەڵ شا حسێن دا کە قەتڵ و عامیان بکات و ئەمیش بە سەرزارەکی ئیدانەی بکات.

شا حسین ی ئەردەن بەڵایەکی گەورەی بەسەر فەلەستینیەکاندا هێنا و عبدالناصریش ئیستینکاری کرد و داوای گرێدانی بەپەلەی کۆنفرانسی لوتکەی کرد و لەزۆر وڵاتدا وێنەی عبدالناصر بەرزکرایەوە و جەماوەری بێ ئاگا (با بژی) یان بۆ دەکرد.

شاحسین یش ئامادەی کۆنگرەکە بوو، عبدالناصر بەئامادەبووانی وت: پێشتر وتم: شا حسێن خائینە و وائێستاش ئەیلێمەوە با خۆی گوێی لێ بێت، شا حسێنیش کاسێتێکی دەرهێنا و بەتەسجیلێکی بچوك،تەلەفونەکەی عبدالناصری بۆ لێدان کە تەسجیل کرابوو،کەتیایا ڕەزامەندبوو لەسەر ئەو کارە.

لەداخا عبدالناصر هۆڵەکەی بەجێهێشت و چووە جەناحە تایبەتیەکەی لە ئوتێلەکەدا و سەرۆکی موخابەراتی بانگ کرد و ئەمری پێ کرد کە دەبێ شا حسێن بکوژن، ئەویش وتی تەنها نیو سەعات مۆڵەتم بدەرێ بەڵام دەبێت خۆشت بەشدار بیت لەگەڵماندا بەوەی کە شا حسێن بانگ بکەی بۆ سوڵح و ئاشتکردنەوە، ئێمەش ئەوەی کە بۆتان دەهێنین بیخۆنەوە ژەهرێکی تێدەکەین کە پاش پێنج سەعات دەیکوژێ، کەئەویش ئەوەندەی دەوێ تا دەگاتەوە ئەردەن.

عبد الناصر پێکەنی و ڕازی بوو،شا حسێنی بانگ کرد بۆ ئاشتبونەوە، خواردنەوەیان پێشکەش کردن، بەقەدەری خوا عبدالناصر ئەو پەرداخەی خواردەوە کەژەهرەکەی تیادابوو، دوای ڕۆشتنەوەی وەفدەکان، گەڕایەوە ماڵەوە و ژەهرەکە کاری خۆی کرد وچووە حاڵەتی بێ هۆشی یەوە و لەسەعات شەشی ئێوارەدا گیانی گڵاوی دەرچوو، ئەو هەرگیز بەتەمانەبوو بمرێت جاوەرە لە چل ساڵیشدا، بەڵێ لە چل ساڵیدا بەکۆڵێ تاوانەوە، کەدژ بەگەلەکەی و، دژ بەئوممەتەکەی بوو، کە لەژێرەوە پیاوی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو گەڕایەوە بەربارەگای خوا.

ئنجا سادات هاته شوێنی و ئەویش هەندێ کاری چاك و هەندێ کاری خراپی کرد، پاشان موبارەك هات و هەرچی ئەو دووانە نەیانکردبوو ئەم بۆی تەواوکردن و لەسەردەمی ئەمدا(کەمال سەنانیری) لەبەندیخانە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکرا.

لە ئەڵمانیا بەڕێوەبەری بنکەی ئیسلامی بووم و شانزە هەزار موسڵمان خۆپیشاندانیان کرد کاتێ موبارەك سەردانی ئەڵمانیای کرد،داوای خوێنی کەمال سەنانیرییان دەکردو دەیانووت خوێنی کەمال سەنانیری لە خوێنی سادات لەپێشترە. لەحکومەتی میسری وابوو ئەمە من ڕێکم خستووە، کەلەڕاستیشدا وانەبوو، بۆیە دواتر هەوڵیاندا کە تیرۆرم بکەن لە ئەڵمانیا، خوای گەورە پاراستمی و دەستەکەیان کەشف بوو،ئەوەش بەوەی کە برایەکی فەلەستینی پەیوەندی پێوەکردم و وتی: فەلەستینیەکی لە چایخانەیەك بینیوەو پێی وتووە لەگەڵ سێ کەسی تری فەلەستینیدا لەلایەن لیوایەکی موخابەراتی میسرییەوە تەکلیف کراون بۆکوشتنی من، وتبووشی دەڵێن دەکەس پاسەوانێتی، ئەویش کە خۆمانەبوو تۆقاندبووی وتبووی دەکەسی چی حەفتا کەس پاسەوانێتی.

ئەو داماوانە وایان تێگەیاندبوون کەمن دوژمنی کێشەی فەلەستینم و ئەگەر ئەو کارە بۆ موخابەرات بکەن لەمیسر ئیقامەو ڤیەللاو پارەی باشیان دەدەنێ، برادەرەکەش ساردی کردبۆوەو وتبووی: بە پێچەوانەوە دکتۆر عەلی جریشە دیفاعی لە فەلەستین کردووە لەکۆنفرانسی سەرکردە ئیسلامیەکانی جیهاندا و بەفیدیۆ قسەکانی منی پیشان دابوون، گرنگ ئەوەیە ئەو چوارکەسەمان بەگرت دا و رزگارم بوو. پاش ئەوەی کە بەشداریم کرد لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شورادا (دەورەی یەکەمی) لە ساڵی ١٩٨٧داو گەڕامەوە لەڕێی مەککە و مەدینەدا تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بووم کە دیاربوو ئەویش پیلان بوو بۆ لەناوبردنم، سەیارەکە پێنج تەقلەی لێداو بردیانم بۆ خەستەخانەی مەدینەوپاش چەند مانگ خەستەخانە و دکتۆر و دەرمان ئەمجارەش خوا ژیانی دامەوە.

هەر لە ئەڵمانیا (عبدالله )ی کوڕم کەتەمەنی (٥) ساڵ بوو رفاندیان خوا رەحمی کرد کوڕەکەم دەست کەوتەوەو ئەوەی فڕاندبووی گیرا.

برا بچوکەکەی موبارەك هات بۆلام و داوای هاوکاری لێکردم بەرامبەر بە پلەو پایەیەکی بەرز کە ئەمدەنێ، منیش پێم وت: چۆن هاوکاری وەزیرەکانتان بکەم لەکاتێکدا وەزیری ناوخۆکەتان حەوت

بەڵگەم لایە کە بازرگانی تلیاك دەکات؟ چۆن لەگەڵ فلان وەزیرتاندا کاربکەم کە پێشتر ئافرەتی دەبرد بۆ میوانانی دەوڵەت و لەژووری تەنیشتیانەوە بەکامێرای شاراوە وێنەی دەگرتن، وەخۆی دانی بەمەدا ناوە لەلێکۆڵینەوەی نیابەی عامەدا کە ٣٨ لاپەڕەیە.

بەم جۆرە قایل نەبووم لەو حکومەتە گەندەڵەدا ڕابردووی خۆم لەکەدار بکەم، بەڵام من لەئاخر ڕۆژی ڕەمەزاندا لە ٢٠٠٩/٦/١١ دا لەبەینی خۆم و خوادا تەنها لەحەقی خۆمدا گەردنی (مبارك)م ئازادکرد، دیارە هەقی گەل و میللەت ئەوە لای خوایەو ڕزگاری نابێت.

## نەخۆشی هاوسەرەکەم:

کاتێ لە زانکۆ کارم دەکرد هاوسەرەکەم تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو، مۆڵەتم خواست و لەلای مامەوە، نەشتەرگەی و چارەسەری زۆری ویست ناچاربووم داوا لەزانکۆ بکەم کە مۆڵەتەکەم بۆ درێژبکەنەوە چونکە نەمدەتوانی بەدیار هاوسەفەر و هاوسەنگەرمەوە نەبم کە بەهۆی منەوە و لەبەر خوا تووشی نارەحەتی زۆربوو، لەبەر خوا تادوا پلە ئارامی گرت، هاوسەرەکەم ئافرەتێکی بۆخوا سوڵحاو و تێکۆشەر بوو، خۆڕاگر و ئارامگربوو،لەبەردەم ستەمی ستەمکاراندا چۆکی دانەدا، جارێك لەخەوما مژدەیان دامێ کەخوا (يباهي بها الملائكة).. (گۆڤاری المجتمع / ژمارە ٢٠٢١ - ٢٠٢٢)

***

## مەرکەزی ئیسلامی لە ئەڵمانیا:

دیارە رزق و رۆزی وەك ئەجەل شوێن ئادەمیزاد دەکەوێ و دەیگاتێ،جاخوای گەورە بەفەزڵی خۆی رۆزییەکی نارد و منیش خۆم دەست بەتاڵ کرد بۆ کاری بانگەواز لە ئەڵمانیاو بوومە بەرپرسی مەرکەزی ئیسلامی.مامۆستا (عبدالحليم خەفاجیش )وەك منی کردو ئەو بووە جێگرم.

لەو مەرکەزەدا پێکەوە چەند کارێکمان کرد:

١-بەیەکگەیشتنێکی هەفتانەمان دانا بۆ موسڵمانانی ئەو شارە.

٢-کۆبوونەوەیەکی مانگانەمان دانا بۆ ئەوموسڵمانانەی کە لە هەموو ئەڵمانیاوە دەهاتن ورۆژو نیوێکی دەخایاند.

٣-دامەزراندنی بەشی بانگەواز لە ئەڵمانیا.

٤-پەیوەندی کردن بەو گەنجانەی لەوڵاتە عەرەبیەکانەوە هاتبوون.

زۆر لەو گەنجانەی دەهاتنە لامان دەیانوویست ببنە ئیخوان،منیش دەمووت: لەوڵاتەکانی خۆتان پەیوەندی بکەن بەبرایانەوە.جارێك سوپاسنامەیەکم لە بەرێوەبەری بانقێکەوە پێگەیشت کە نووسیبووی: زۆر سوپاست دەکەین کوڕەکەمان بۆ گەڕان و گەشت کردن هاتبووە ئەڵمانیاو رێی لە ئێوەکەوت و فێری نوێژکردن بوو، وە کە هاتەوە وازی نەهێنا تائێمەشی خستە سەر ئەو رێگایە.

هەندێ لەو لاوانەی گەڕابوونەوە میسر، ئەفسەرێك لەئاسایش ئەوانەی شاری میونیخی جیاکردبۆوە و وتبووی: کێ لە ئێوە عەلی جرێشەی بینیوە؟

لاوێکیش وتبووی: عەلی جرێشە چییەتی؟؟ لە بارو کەنیسەکان ئێمەی رزگارکرد، ئەفسەرەکە وتی: کوڕی (...)ئێمە حەزمان دەکرد لە باڕو کەنیسەکان بوونایەو نەچوونایە بۆلای ئەو، بە راستی زۆرم پێناخۆش بوو کەتائەوپلەیە دوژمنی هەق و راستین.( بەم عەقڵیەتەوە حوکمی میسریان کرد تا خۆیان و حوکمەتەکەیان بەودەردەچوون کە چوون ).

ئەڵمانیەکانیش کەم کەم موسڵمان دەبوون، یەکێ لەوانە راوێژکارێکی سیاسی بوو لەناو حوکمەتدا،کتێبێکی لەسەر ئیسلام نووسی و بەشی کۆتاییەکی دانا بۆ من کەبینووسم کەتاییەت بوو بە باسی برایان.

لەکۆنفرانسێکی گەورەدا کە بۆ کێشەی فەلەستین سازکرابوو ناوبراویش وەك نوێنەری ئەڵمانیا بەشداری کرد، پاش خوێندنەوەی وتاری حکومەتەکەی، موسڵمانبوونی خۆی راگەیاندو بە ئامادەبووانی وت: ئیسلام دین و دەوڵەتە.

پێموت: بۆ وات کرد؟؟

وتی: لەوە زیاتر نەمتوانی موسڵمانبوونەکەم بشارمەوە.

لەهەشتاکاندا کە حافز ئەسەدی نەعلەتی بەدەیان هەزار موسڵمانی شاری حەمای شەهید کرد، رۆژێك کە ویستم وتاربدەم نامەیەکم بەدەست گەیشت کە خوشکانی ئەو وڵاتە دەستدرێژی ناموسیان کراوەتە سەر لە بەندیخانەدا ومنیش لەوتارەکەدا دابەزیمە سەر دەسەڵاتدارانی ستەمکاری سوریا.دواتر کەئەمەیان پێگەیشتەوە هەڕەشەیان لیکردم گوایە دەستی شۆڕش دەگاتە مەرکەزی ئەڵمانیاش، منیش وتم: ئەو دەستەی کەبۆمان درێژدەکرێ بە ئیزنی خوا دەبڕدرێت.

شەوێك دووبرای سوری وبرایەکی میسری میوانم بوون ویستیان نوێژی خەوتنان لەمەرکەزەکە بکەن، منیش بە بانگبێژی مزگەوتەکەم وت: بانگ بدە و نوێژەکە سەعاتێك دوا بخە، کە بانگیان دا دوای ماوەیەك پەیوەندیان پێوەکردم کە بۆمبیان بۆ داناوین لە مزگەوتەکەداو ئێمەش هەواڵمان دا بە پۆلیس و بەو جۆرە خوا پاراستینی.

## دوژمنایەتی تا دوا پلە:

هەر بۆ دژایەتی مەرکەزەکە شوێنێکی بەدڕەوشتیان کردەوە لە بەرامبەرمان، زۆر هەوڵماندا لەرێی یاساوە پێیان داخەین هیچی وامان بۆ نەکرا، لەوڵاتی سعودیە بەچەندکەسێکمان وت و یەکێکیان داوای لە مەلیك خالید کرد، خوا هەڵناگرێت بڕیاری دا ئەو بینایەی کە ئەوەی تیادەکرا وبە ملیۆنیك ریاڵ بوو بۆمان بکڕێتەوە، دواتر ناحەزان ساردیان کردەوە گوایە کۆمەڵی ( برایان ) سوود لەومەرکەزە دەبینن.

زۆر لەخوا پاڕامەوە، رۆژێك برایەك تەلەفونی بۆکردم کە بەخاوو خێزانەوە بچینە دیدەنیان، کەچووم برایەکی میسری میوانیان بوو کە ئەویش زووتر میسری بەجێهێشتبوو لەتاو ستەمکاران و خوا

دەرووی لێکردبۆوە، کە بەمەسەلەکەی زانی چەکێکی دامێ بەو برە پارەیەو وتی: هەرچی تریشت پێویست بوو بۆ کاری بانگەواز من لە خزمەتدام.

خانووەکەی بەرامبەرمانم کڕیەوە، بەڵام بەجۆرێ چۆڵیان کرد وێرانیان کردبوو، هەر ئەوەندەم بۆکرا وتم: ئاخر ئەوەیە رەوشت و شارستانیەتی ئەڵمانیا..

## تێکۆشەری شەهید باوکی موعازی کوەیتی:

شێخ (نەبیل العوضی) باسی ئەم لاوە تێکۆشەرە دەکات کەلەبەر خوا لە جیهادی ئەفغانستاندا دژی رووسەکان بەشداری دەکات و کە عێراقیش کوەیتی داگیرکرد هاتەوە لەناو کوەیتدا لەچەند چالاکی سەربازیدا دژی بەعسیەکان بەشداری کرد، تاخوا کوەیتی لەدەستیان رزگارکرد، ئنجا چوو بۆ عومرەو کەهاتەوە جەنگی بۆسنە هاتە ئاراوە، لەخەویا دەبینێت منالە بێباوکەکانی بۆسنە بانگی دەکەن، ئەمیش دەست لە هەموو شتێك هەڵدەگرێت و دەچێتە بۆسنە بۆ جیهاد دژی صرب و کرواتیەکان، لەبەرلێهاتوویی دەبێتە سەرکردەی (کەتیبەی موجاهدین ) و، موجاهیدە عەرەبەکان هەرچیان بویستایە بەدەمیانەوە بوو، ئەوانیش داواکاریان زۆربوو، بۆیە ئەوەندە ماندووبوو بەدەستیانەوە بۆ سوعبەت دەیووت: بچمە بەهەشتیشەوە سەیری ئەملاو ئەولام دەکەم بزانم کەسی عەرەبی لێنیە داوایەکی هەبێت.

کەسوکارو هاوەڵانی زۆریان لێکرد ژن بهێنێت و ئەمیش رازی بوو یەکێکیان لەکوەیت بۆ دۆزییەوەو شوقەیەکیان بۆ دابین کرد لە سراییڤۆ، پاش ماوەیەك شوقەکەی دا بەبرادەرێکی ترو وتی: ژن ناهێنم تومەز لەخەویا مژدەیان دابوویە شەهید دەبێت.

لەشەڕی لوتکەکاندا شەهید بوو، کە سێ لوتکەی شاخ بوو لەدەوری سراییڤۆ بەدەست صربەکانەوە بوو ئەوەندە سەخت بوو مەگەر بە هۆی فڕۆکەوە بگیرانایە، ئەمان بە هێرشێکی نەبەردانەو بەچەکی سووك توانیان بیگرن و ناوبراویش شەهیدبوو، ئێستا گۆڕەکەی لە سراییڤۆیەو شایەتی ئەدات بۆ نەبەردی وبۆ خوا سوڵحاوی باوکی موعاز.

لەبەر ئەوەیە کە لە هەستانەوەی ئیسلام ئەترسن، چونکە باش دەزانن موسڵمانانی دنیا یەك جەستەن وهەست بەئازاری یەکتری دەکەن، کەڕێکەوتنی دایتۆن کرا یەکێك لەمەرجەکانی ئەوەبوو کە موجاهیدە عەرەبەکان لە بۆسنە نەمێنن.

## پرۆفیسۆر محمد یونس:



محمد یونس لەساڵی ١٩٤٠ دا لەبەنگلادیش لەدایك بووە و لەساڵانی بیستی تەمەنیدا چوو بۆ ئەمریکا بۆخوێندنی باڵاو قوتابیەکی سەرکەوتووبوو،دکتۆرای هێنا لەئابوری وگەشەپێداندا و هاتەوە وڵاتەکەی دامەزرا لەپۆستێکی باڵادا، پاشتر بوو بە مامۆستای زانکۆ و لەدوای دوو ساڵ لەساڵی ١٩٧٢ دا بەنگلادیش تووشی قات و قڕی بوو، ئەمەش وای لێکرد کەلە چوار دیواری زانکۆ بێتە دەرێ و سەردانی لادێکان بکات و لێکۆڵینەوە لەسەر بارو گوزەرانیان بکات، سەرەنجام گەیشتە ئەوەی کە تەنها بە پێدانی قەرزی بچوك دەتوانرێ دەستی خەڵکانی هەژار بگیرێ تا لەسەر پێی خۆیان بوەستن و بژێوی خۆیان پەیدا بکەن.

ئەو بڕە پارەیەش کەبۆ هەرکەسێ پێویست بوو (٣٠$) بوو بۆئەو ڕۆژە، ئەویش لەگیرفانی خۆی قەرزی دا بە (٤٢) ئافرەت، لێرەوە ئەوەی بەبیردا هات کەلەڕێی بانکیکەوە قەرزی بچوك بدرێت بەهەژاران.

دکتۆر دیراسەی حاڵی (٤٢) لادێی کرد، بەڵام بۆکارەکەی پێویستی بە بانقێك هەبوو هاوکاری هەژاران بکات، هەرچی کرد نەیتوانی قەناعەت بەبانقی مەرکەزی و بانقە بازرگانیەکان بکات کە بەبێ بوونی ضمانات ئەو قەرزە بدەن و تەنانەت گاڵتەیان بەبیرو بۆچوونەکەی دەهات.دکتۆر بۆخۆی قەرزێکی کرد و توانی لەدێی (جوبرا) ژیانی (٥٠٠) خێزان چاك بکات بەهۆی پڕۆژەیەکەوە، ئەم ئەزمونەشی لەساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٧٩ بوو. دوای سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیەی بانقی مەرکەزی قەناعەتی کرد کە لەڕێی بانقی گرامینەوە واتە (بانقی لادێ) کارەکانی بکات.

لەساڵی ١٩٨١ دا زیاتر کارەکان فراوان بوون، تا لەساڵی ١٩٨٣ دا ئەوانەی کە سوود مەندبوون ژمارەیان بوو بە ٥٩ هەزار کەس کەلەڕێی ٨٦ لقی بانقەکەوە کارئاسانییان بۆ دەکردن.

دکتۆر محمد وازی لەکاری زانکۆ هێنا بۆ هێنانەدی ئاواتەکەی کە چارەسەری هەژاری بکات لە ڕێی بانقی لادێکانەوە (بنك گرامین)، حکومەت بەشداری لەم بانقەدا کرد بەسەرمایەی ٦٠٪، لەساڵی ١٩٨٦ دا سەرمایەی بانقەکەبوو بە ١٣ ملیۆن دۆلار.

لەساڵی ٢٠٠٦ دا خەڵاتی نۆبڵ درا بە پڕۆفیسۆر محمد یونس بەشەریکی لەگەڵ بانقی گرامین دا کە پێش سی ساڵ دایمەزراند وتوانی خزمەتێکی گەورە بەهەژارەکانی وڵاتەکەی بکات.

### سەنگەرەکەت چۆڵمەکە:

دکتۆر عبدالرحمن نزیکەی یانزە ملیۆن ونیو کەسی لەئەفریقیادا موسڵمان کردووە. جارێك سەیارەیەکەی عەسکەری دوایان دەکەوێت و لایتیان لێ دەدات، ئەمانیش ئەترسن کە دز و جەردە بن، بەهەرحاڵ سەیارە عەسکەری یەکە پێشیان لێ دەگرێ، عەقیدێکی لێ دادەبەزێ و دەڵێت: تۆ دکتۆر عبدالرحمانی؟

دەڵێ: بەڵێ، عەقیدەکە تەحیەی عەسکەری بۆدکتۆر دەکات و دەڵێت: من یەکێکم لەو منالە بێ باوکانەی کە ئێوە کەفالەتتان کردبوون، ئێستا بەڕێوەبەری کاروباری ئاینیم لەسوپادا، بەدوای سەیارەکەتانا هاتم ترسام لەو دارستانانەدا توشی بەڵایەك ببن و ویستم بتانپارێزم!

خەریك بوو دکتۆر لەخۆشیا باڵ بگرێت کەبینی هەوڵەکانی هاتوونەتە بەر و ئامۆژگاری کرد کە سوپاسی خوا بەوە بکات کەئەویش خزمەتی خەڵکی و کۆمەڵگاکەی بکات.

دکتۆر لەگەڵ ٤٠٠٠ بانگخوازی هاوکاریدا توانیان ئەم کارانە بکەن: پێنج سەد مزگەوت و ٨٦٠ قوتابخانە کە نیو ملیۆن قوتابی تیایا دەخوێنن، یانزە هەزار بیری ئاو، ١٨٦ خەستەخانە و ١٢٠ چادری پزیشکی، ئەمە بێجگە لە کەفالەتی هەزاران منالی بێباوك. ئەم ژمارانە هیچ نین بەلای دکتۆرەوە و دەڵێت: ژمارە لای خوا گرنگ نیە ئەوەی لای خوا گرنگە ئەوەیە باشتر هەوڵ بدەین، سێ ساڵ ناوبراو لەمەدەغەشقەر ژیا، بۆیە قەبری بۆ خۆی و ژنەکەی ئامادەکردووە تا بەمردوویش ئەفریقیا بەجێ نەهێڵێت.

دکتۆر عبدالرحمن لەشەش ساڵیەوە خەیاڵی لای ئەوە بووە کە بەگۆچانێکەوە لەئەفریقیا بگەڕێ و خزمەتی خەڵکی بکات، ئەمەش لەخوێندنەوەوە بۆی دروست بوو بەتایبەت لە یانزە ساڵیدا کەهەوڵی ئەدا گۆڤاری ئینگلیزی بخوێنێتەوە و لەوانەوە شتێ لەئەفریقیا شارەزا بوو، دەیوت: ئێمەی موسڵمان بۆ خزمەتیان نەکەین؟! ئێستا کەتەمەنی لەشەست و پێنج ساڵ زیاترە و وا بەگۆچانەکەیەوە هەنگاودەنێ و کۆڵ نادات لەگەڵ ئەوەدا کە سیانزە نەخۆشیی هەیە و ئازار بواری نادات هەوڵی جارانی بدات.

ناوبراو دەڵێت: کەیەکەم جار چوومە مالاوی بۆ دروست کردنی مزگەوتێك کە ژنێکی کوەیتی پارەکەی بەخشیبوو بەمن، وەك شەقازلـلەیەك وابوو بۆم، هەرچەند هەست و سۆزی خۆم بۆکەس دەرنەدەخست، بەڵام کەبەتەنیا دەبووم تێر دەگریام بۆحاڵی ئەو خەڵکە و داوام دەکرد لەخوا کەیارمەتیم بدات بتوانم خزمەتیان بکەم.

کاتێ حاڵی ئەو ئەفریقیانەم بینی چیم خوێندۆتەوە لەبارەیانەوە هیچ نەبوو لەچاو واقیعەکەدا، زانیم کەمن گەمە ئەکەم لە ژیانمدا..

کاتێ منالێك لەبەردەممدا دەمرد بەهۆی مەلاریاوە کە عیلاجەکەی سی فلسی کوەیتی دەویست، یان کاتێك دەمبینی ٤٨٠ هەزار منالّی موسلّمان لەولاّتێك ناتوانن بخوێنن چونکە یەکی پێنج دۆلار ناتوانن دابین بکەن بۆ رسوماتی خوێندنیان، ئەوانە زۆر شتیان لەژیانی من گۆڕی و وایان لێکردم کە ئەفریقیا بەجێ نەهێلّم.




کەسانێك نازناوی (خزمەتکاری ئەفریقیا) یان (پیاوی خێر) ی لێ دەنێن ئەویش دەلّێت: واز لەو نازناوانە بهێنن بهێلّن کارەکانم تەواو بکەم، من خۆم  باش دەناسم، من دلّنیام کە بەرامبەر براکانم و ئوممەتەکەم و مرۆڤایەتی زۆر کەمتەرخەمم.

زۆر حالاّت و کارەساتی ناخۆشم بەسەر هاتووە، بیرم ناچێ بیست سالّ لەمەوبەر چادرگەیەکی پزیشکیمان لەچاد کردەوە و خەلّکێکی زۆر بۆ سێ ڕۆژ سەرەیان گرتبوو، سیانیان لەسەرەکەدا مردن،

پزیشکەکان لەبەر نەبوونی مووچە مانیان گرتبوو، ئەم ڕووداوە کاری تێکردم ئەوەندە گریام تا تێربووم لەگریان!

دکتۆر بەچەند مانگ گۆشت ناخوات و دڵی ناگێڕێ بۆ هیچ خواردنێك و دەڵێت: شەرمە ئێمە ئاوا بژین و خەڵکانێکیش لەبرسا بمرن.

دوا هەواڵی دکتۆریش ئەوەیە کە لە ناوەڕاستی مانگی هەشتی ٢٠١٣ کۆچی دوایی کرد.

## پادشای دارستان:

دکتۆری بانگخوازی ڕەحمەتی (عبدالرحمان السمیط) ئەڵێت: جارێك لەگەڵ بانگخوازێکی ئەفەریقیدا نزیکەی شەش حەوت سەعات ڕێمان کرد تاگەیشتینە دێیەك بۆ دەعوە کردن، پاشان دەمەو ئێوارە کەگەڕاینەوە هاوەڵەکەم پارچەیە زەوی لەمیری وەرگرتبوو کەبەنیازبوو بیکات بەمەزرەعەو خانوویەکی تیادروست بکات، زۆردڵی پێخۆش بوو، وتی:دکتۆر حەزدەکەم بێیت شوێنەکەی ببینی،منی بردە دارستانەوەو شەومان بەسەراهات وڕێمان لێتێکچوو، ناچار وتم باڵەشوێنی خۆمان بمێنینەوە تا بەیانی، لە لقوپۆپ وگەڵای درەختەکان کوخێکی بچوکمان دروست کرد، ئەو هەرزوو خەوی لێکەوت ومنیش مێشوولەم بۆداباری، نەئەچوون بەلای ئەودا وەك بڵێین ئەفەریقیەو لەدەستمان دەرناچێ، بەڵام منی داماو هەرمێشوولەیەك ئەهات تێرخوێنی ئەمژیم ئەچوو هاوەڵەکانیشی بۆ دەعوەت ئەکردم،دیاربوو خوێنەکەم شیرین بووە لایان لەبەرئەوەی نەخۆشی شەکرەمە، هەرخەریکی بەخۆدا کێشان بووم ئەتووت شیعەم وشیوەن بۆحوسەین ئەکەم!!

بەبرادەرەکەم وت: هەستە بچینە ئوتومبیلەکەمانەوە سوودی نەبوو ئەو لەشیرین خەوی خۆیدابوو، ئنجا هەستم کرد شتێك نزیکمان بۆوە، بەبرادەرەکەم وت: هەستە بزانە ئەوەچیە لای کوخەکەمانەوە، چیم کرد خەبەری نەبۆوە، سەیرم کرد شێرێکە دوومەتر لێمانەوە دوورە گەرمی هەناسەیم پێەگەیشت، بەڵام ڕەحمەت لەوەی ناوی ناوە پادشای دارستان، بەڕاستی چاکیان ناوناوە، شێر بەپێچەوانەی گورگ وپڵنگەوەکەبرسی بێت ئەگەر ڕانەمەڕێکیشی لەبەردەستا بێت تەنها یەکێکیان دەخوات، زۆر بەئسوڵە.. خوا شایەتە تابەیانی لەنزیکمان بوو وەك پاسەوانمان بێت و کەخۆرهەڵات ڕۆیشت..ئەم بەسەرهاتە

ئەوەی بیرخستمەوە کەهاوەڵێکی خۆشەویستمان دروودی خوای لەسەر لەدارستانێکدا شێرێکی تووش ئەبێت، بەشێرەکە ئەڵێت: من رەسولی رەسول الله م، ئیتر شێرەکە شان بەشانی ئەڕواو پاسەوانی ئەکات تا لەناوچەکە بەسەلامەتی دەربازی ئەکات..

## خۆناساندن:

قورئانی پیرۆز سەروەرمان فێردەکات کە بە خەڵکەکە بڵێت:من هیچ پاداشتێکم لەئێوەناوێت و پاداشتی من لای خوایە، من چل ساڵ لەناوتانا بووم وهیچم نەووتووە ئێستاش ئەمە پەیامی خوایە بۆتان دێنم نابێت بیربکەنەوە.جا بەهەمان شێوەش بانگخوازان ئەبێت بزانن چی بەخەڵك ئەڵێن وچۆن خۆیان ئەناسێنن:

یەکەم: دکتۆر عبدالرحمان سمێت ئاوا خۆی دەناساند:من خەڵکی کوەیتم،کوەیتیش لە لای مەککەیەو کەسوکارم لەمەککەن، پێیان وتووم پێش هەشت سەدساڵ یەکێکمان هاتووە بۆ مەدەغەشقەرونەهاتۆتەوەو وەدەنگوباسیمان نەزانیوە،جامنیان ناردووە تا هەواڵتان بزانین و دڵنیابین لەخۆتان وزەرعاتتان و مەڕومالآتتان ومناڵەکانتان وهاوسەرەکانتان..

دووەم:شێخ نیعمەتو الله کە تورکەو دەیان ساڵ لەیابان و کۆریاو چین بانگەوازی کردووە، بەیابانیەکانی ئەووت:ئێوە بەداهێنانەکانتان خزمەتێکی گەورەتان بەجیهان کردووەو منیش لەلایەن گەلەکەمەوە هاتووم وەك سوپاس و پێزانینێك دیاریەکتان پێشکەش بکەم، دیاریەکەش وتنی (لاالە الا الله محمد رسول الله) یە کەئەبێتە مایەی بەختەوەریو سەرفرازی دونیاو قیامەتتان، شێخی بانگخواز ١٤ ساڵ ئەمسەروئەوسەری یابانی تەی کردو بەهەزاران کەسی موسڵمان کردو چەند مزگەوتیشی دروستکرد.

سێیەم: بەندەی موخلیسی موفلیسیش لەسەر ئەوسوونەتی خۆناساندنە لە کاتی وتاردانداا لەبەندیخانە ئەمووت: براتان تەمەنم ٥٩ ساڵەو ئەندازیاری راوێژکاریم و ٤٥ ساڵە خەریکی بانگەوازم و کەس نەیناردووم وخۆم بۆخۆم هاتووم لەبەرخوا کەسوودێکتان پێبگەیەنم، خوا داوای لێکردووین ئەگەر ئایەتێکیش ئەزانین بیگەیەنین.جا هەریەك لەئێوە بەهەرهۆکارێك هاتبێتە ئێرە ئەبێت چەند راستیەك

هەیە بیزانێت، بۆنموونە کەسێك لەئاسمانەوە ئەکەوێتە خوارێ و پەڕەشووتێکی پێیە ئەگەرنەزانێت لەچی دروستکراوەو چ وڵاتێك دروستی کردووەو بابی چەندە گرنگ نیە، بەڵام حەتمەن ئەبێت بزانێت چۆن ئەیکاتەوە بۆئەوەی تیانەچێت، جا هەریەك لەئێوەش ئەبێت بزانێت کە ئێمە هی خواین وبۆلای خوا ئەچینەوە، ئەمەش بۆئەوەی ئەوبەربەستە نەفسیەی هەیانە بەرامبەر من نەیانمێنێت..





## عیززەتی نەفس:

حاجی ئیبراهیم ئاغا، لەشاری سلێمانی پیاوێکی پیاوانە و پارێزکار و بەخشندە بووە، یەکێك لەحەماڵەکانی دەڵێ: شەو درەنگ بوو و خەوم لێ کەوتبوو، دایان لەدەرگا و کاتێ کردمەوە، دەبینم حاجی ئیبراهیمە،زۆرم پێ سەیر بوو کەبەو نیوە شەوە هاتووە بەشوێنمدا، واقم وڕمابوو.. ئەویش کە حاڵی منی زانی وتی: هیچ نارەحەت مەبە، خۆت گورج بکەرەوە بابڕۆین.

ئەم پیاوە زۆر قورس و سەنگین و پیاو چاك بوو، لەبەرئەوە ڕووم نەهات دەست بنێم بەڕوویەوە و بڵێم: جا ئەمە کەی وەختی کارە؟ من خەوم دێت و نایەم!! لەبەرئەوە خۆم گورج کردەوە و لەتەکیا ڕۆشتم سێ کەسی تریشی لەحەماڵەکانی هاوەڵم خەبەرکردەوە، پێکەوە ڕۆشتین بۆ عەمارەکەی، دەرگای عەمارەکەی کردەوە و هەریەکەو شتێکی پێ هەڵگرتین، لەڕۆن و برنج و ئارد و زەخیرەی تر..

ڕۆیشتینە خوارەوە بۆ گەڕەکی سەرشەقام، لەوێشەوە کۆڵان بەکۆڵان ڕۆیشتین، تانزیکی گەڕەکی جولەکان بووینەوە و لەبەردەم ماڵی مەلایەکدا وەستاین، دای لەدەرگای ماڵەکەو پاش ماوەیەك، پیاوێکی نورانی هات دەرگای کردەوە، کەچاوی کەوت بەئێمە بورایەوە.

حاجی ئیبراهیم باوەشی پیاکرد و لە بەلووعەی ئاوەکەی نزیك کردەوە و هەندێ ئاوی لەسەرو چاوی پرژاند، ئەویش هۆشی بەخۆیا هاتەوە و هەستایەوە.

ئنجا حاجی گلەیی لێکرد و وتی: قوربان! گلەیی پێ لێت، چۆن جەنابت حەوت ڕۆژە نانتان نیە و منت ئاگادار نەکردۆتەوە؟ ماڵی منیش هی ئێوەیە، با تۆ بەم برایەی خۆتت بووتایە.

مامۆستا وتی: ئەی ئێستا چۆنت زانیوە؟

حاجی وتی: من ئاگام لەغەیب نیە و غەیب زان نییم، پێغەمبەر(د.خ) هاتە خەوم و فەرمووی: ئەوە حاجی ئیبراهیم ئاغا چۆن ویژدانت قبوڵ ئەکا، مەلا فلان خۆی و ماڵ و منالی حەوت ڕۆژە نانیان نەخواردووە؟! چۆن تۆ هەواڵی نازانیت؟ نازانی هیچیان نیە؟ هەرئێستا!! دەچیت بۆلای و بەئەندازەی پێویست خواردن و خۆراکی بۆ دەبەیت. منیش لەتاوا خەبەرم بۆوە، یەکسەر چووم بۆ عەمارەکە و ئەوەی پێویست بێ هێناومە.

ئەویش وتی: خوا پاداشتت بداتەوە لەسەر ئەو زەحمەتەی کێشاوتە.

حاجی وتی:خوا پاداشتی تۆیش بداتەوە، باقسەت بکردایە خۆ من غەیب زان نییم، چووزانم حاڵی جەنابتان وایە!

ماموستاش وتی: بۆ حاجی ئیبراهیم ئەگەر ئادەمیزاد هەفتەیەك نان لەماڵیا نەبێت دەبێ لای خەڵکی باسی بکات؟! یا داوای شت لەخەڵکی بکات؟

حەماڵەکە دەڵێ: ئێمە شتەکانمان دانا و سەیری ماڵ و منالیمان کرد حاڵیان زۆر شپرز بوو، قرچە لەجەرگمان هات بۆیان.

هەر لەویا حاجی ئیبراهیم ئاگری بێ کردینەوە و رۆنمان قرچاند و ئارد و شەکرمان تێکرد و حەڵوا پێگەیشت، تا حەڵواکەی دەرخوارد نەدان بەجێی نەهێشتن.. پاش ئەوەی ماوەیەك لایان دانیشتین ئنجا بەجێمان هێشتن و هاتینەوە.

ئافەرین پیاوی بەغیرەت و بەشەرەف، ئەگەر کەسێك حەوت رۆژ نان لەماڵیا نەبێت بیخوات، دەبێ داوا لەخەڵکی بکات؟! بەڕاستی شیاوی ئەوەیت پێت بگوترێ: مەلاو جێنشینی پێغەمبەر(د.خ)، بەڕاستی رێزی دینەکەت گرتووە، بۆیە خۆشەویستی خوا لەسەری کردویتەوە و خواش فریات کەوتووە.بەڕاستی ماموستا بوویت چونکە زانیوتە شەرەفی زانیاری بپارێزی، خوا لەکۆمەڵگادا وێنەت زیاد بکات.

## ئاصف ئەبو یونس:

ماموستای زمانی عەرەبی یە و ماوەیەك ئیمامی مزگەوت بووە لەبەریتانیا و بەئەسڵ بەریتانی یەودەڵێ:دایکم جولەکە بوو، چیرۆکی پێغەمبەرانی بۆباس دەکردم، لە١٢ساڵیدا چووم بۆ فەلەستین باوکم کە بڕوانامەی ماستەری هەبوو لەوێ ئیشی دەکرد، لەفەلەستین سەردانی شوێنەواری ئاینەکان و سەردانی دەریای مردووم کرد، دایکم دەیووت: تۆ وەکو هاوەڵانت نیت کەلەدەرەوەن، لەگوێ نەدان و بەرەڵایی.

لەفەڵەستین دەسەڵاتی خوام بینی کەئایەتەکانی دیارن  لە دەریای مردوودا،هەستم بەجێ وڕێی پێغەمبەران دەکرد.

کەگەڕامەوە لەندەن هاوەڵەکانم بانگیان دەکردم بۆ بێ خوابی، منیش موناقەشەی تەوحیدم لەگەڵ دەکردن و کە ئەگەڕامەوە لەماڵەوە لۆمەی خۆشم دەکرد.

سیانزەساڵان بووم بۆ سێ ساڵ موناقەشەی هاوەڵانم دەکرد، زانیم خۆشم و ئەوانیش لەسەر ناهەقین. برادەرێکم کتێبی (ارسطو) ی دامێ، سوودم لە شێوازەکەی وەرگرت کە پرسیار دەکەیت و بەدوایدا دەگەڕێیت، ئەو پرسیارانە جوڵانیانم، جولەکە بەلایانەوە دینەکەیان بۆخۆیانە، سەرەنجام بیرم کردەوە و قەناعەتم بەوە نەبوو کەخواتەنها بۆ ئەوان بێت، چونکە خوا پەروەردگاری هەموانە، ئەمووت دادپەروەری وایە کەخوا بۆ هەمووان بێت. ئەگەر غەیری یەهوود لەخواردنێکی یەهود بخوات خواردنەکەیان پیس دەبێت، لام سەیر بوو چۆن شتی وا دەبێت.

لەنۆ ساڵیدا باوکم بردمی بۆ مزگەوت و، قسەی لەگەڵ ئیمامدا دەکرد، قوتابیم دی لەتەمەنی خۆمدا حەرەکەتیان دەکرد، کە گەیشتمە ١٥ ساڵی، لەلادێ لەسەر بەرزایی دائەنیشتین و بیرمان لەوە دەکردەوە کێ ئاسمانەکانی دروستکردووە کێ یاساکانی فیزیای داناوە و مناقەشەمان دەکرد. باوکم بی ّدین بوو، هەرچەند خۆم بەهەڵە دەزانی بەڵام نەمدەویست لەسەر ئیسلام بخوێنمەوە.

من پرسیارم هەبوو، دەمزانی کەخوا زیندووم دەکاتەوە و حسابم لەگەڵ دەکات لەتەوراتدا ئەمەم نەدۆزیەوە، بەهەمان شێوە زانیم کەمەسیحیەتیش  تەحریف کراوە و  عیساش پێغەمبەرێکە، گوایە خەڵك بەگوناهەوە لەدایك دەبن بەهۆی هەڵەی ئادەمەوە، وتم: چۆن وادەبێت من بۆ گوناهی ئەو هەڵگرم. دوای ئەو هەموو گەڕانە هیچم دەستنەکەوت، گوێم لەمۆسیقای شەیتان پەرستەکان دەگرت بەتەمابووم لەوێوە شتم دەستکەوێت  وهیچم دەستنەکەوت.

جارێك لەماڵی برادەرێك بووم، کەباسی مردن و شتی دەکرد، وتم: من دەمرم؟!، ترسام و گەڕامەوە ماڵەوە، دراوسێ و خزمان کتێبیان دابوو بەباوکم بەس نەیدەخوێندەوە، من وتم: دەیخوێنمەوە، کتێبی عەقیدەم خوێندەوە پێش ١٨ساڵ، کەهەمووی خاڵ بەندی بوو.

سەیرم کرد هەمووی ئەوانەبووکە لەدڵی مندایە، کە خوا لەکەس نەبووە و کەسی لیٚ نابێت و تا لە کۆتایی کتێبەکەدا باسی شایەتمانی دەکرد کە هەموویم بەیەکجار خوێندەوە شایەتمانەکەشم هێنا.

ئنجا کتێبێکی ترم خوێندەوە لەسەر رەوشتی پێغەمبەر(د.خ)، بەوەش زیاتر ئیمانم هێنا بە ئیسلام. لەشانزە ساڵیدا خەوم بەپێغەمبەرەوە بینی و وتم: من موسوڵمانم،دوای ئەوەجارێکی تریش بینیمەوە.

دایکم زۆری خۆشدەویستم و دەچوو بۆلای کاهن و ساحیر، وتم: دایە تۆ یەهودیت مەگەر موسا نەهات بۆئەوەی سیحر لەناوبەرێت، وازی لەوە هێنا، گوێی بۆ دەگرتم، وتم: دوای موسا عیسا و محمد هاتوون. لەگەڵ دایکما ٩ ساڵ خەریك بووم، چوومە زانکۆ کاسێتێکم دەستکەوت و دامیٚ کەباسی ئەو ئایەتەی دەکرد (سبحانك ماخلقت هذا باطلا)، دڵی کرایەوە و رۆشن بووەوە، کەگەڕامەوە بۆلای دوای زانکۆ وتی: موسڵمان بووم. ژنێکی دانیمارکیم هێنا، چوار منالّم هەیە، چووم بۆ قاهیرە فێری ئیسلام بووم و، ژنەکەم هاوەڵی باشی هەبوو.

لای جولەکە غەیری خۆیان بەئاژەڵ دەزانن، تەنانەت لەشەممەدا ئەگەر کەسێکی غەیرە یەهود گیانیش بدات نابێت بیبات بۆ خەستەخانە و فریای بکەوێت، بەڵام ئەگەر جولەکەیەك تووشی شتێك بێت و فریای بکەوێت ئەوە کارێکی چاکی کردووە (لیس علینا فی الأمیین سبیل).

زۆر لەزانا جولەکەکان دەزانن کە محمد(د.خ) پێغەمبەری خوایە،بەڵام دەڵێن: بۆ عەرەبە بەتەنها،وادەزانن کە دەبیٚ پێغەمبەرەکە لەنەوەی ئیسحاق بێت لەکاتێکدا ئەحمەد دیدات بەدنیادا بڵاوی کردەوە کە لەتەوراتدا لەنوسخەی مەلیك جێمس دا هاتووە کە دەڵێت (من بنی أخیکم) کەمەبەستی نەوەی برای ئیسحاقە کە حەزرەتی ئیسماعیلە، کاتیٚ ئەم بابەتە بەجیهاندا بڵاوبۆوە گۆڕییان و لەچاپی تازەدا کردیان بە (من بینکم).

***



## موسڵمانبونی گۆرانیبێژی فەڕەنسی:

هەرجارێك هەڵمەتی دوژمنانە کرایە سەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی (د.خ) بزانە کەئیسلام هەنگاوێکی تر دەچێتە پێشەوە و دۆستانێکی تازە دێنە پێشەوە. پاش ئەو فیلمەی کەدژ بەپێغەمبەر (د.خ) دەرکرا لەئەمریکا کە لەداخی بڵاوبونەوەی خێرایی ئیسلامە بەسەرتاسەری دنیادا، بەخەیاڵی خاویان گوایە ببنە ڕێگر وخەڵکانێك ساردبکەنەوە.کەچی لەم دەنگوباسو هەرا وهوریایەدا، گۆرانیبێژی بەناوبانگی ڕاپی فەڕەنسی (میلانی جورجیا داس) ی ناسراو بە (دیامز) لە ۳۰ سێبتەمبەری ۲۰۱۲ لەسەر شاشەی (تی ئێف ۱) ی فەڕەنسی موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی سێ ساڵ و نیو لەجەماوەرەکەی و لەچاوی ڕاگەیاندن دووربوو. دیامز دەرکەوتەوە بەباڵا پۆشی و باسی لەوە کرد کەساڵێکە شووی کردووە و مانگێکە بووە بەدایك و پاش ئەو دڵەڕاوکێ و نائارامیەی هەیبوو ئێستا بەخۆشی و بەختەوەری دەژی.




ناوبراو دەڵێت: هەرچەندە من لەڕێی گۆرانیەوە ناوبانگێکی باشم پەیداکرد، بەڵام شەو کە سەرم ئەنایە سەر سەرین تێر ئەگریام و بەحەبی جۆراوجۆر و بیهۆشکەر دەخەوتم، چوومە خەستەخانە و هاتوو چۆی لای پزیشکم کرد کەچی سوودی نەبوو.

ڕۆژێك ئافرەتێکی داپۆشراوی هاوڕێم وتی: دەچم نوێژدەکەم، وتم: منیش دێم نوێژدەکەم، چووم نوێژم کرد، هەرکە ناوچەوانم خستە سەر زەوی و سوژدەم بۆخوا برد دڵم ئارامییەکی وای بۆهات کەپێشتر شتی وام هەست پێنەکردبوو.

لەئیسلامەوە زانیم کە سوژدە تەنها ئەبێ بۆ خوا ببرێت و، تێگەیشتم کە مانای ژیان چی یە و من بۆچی لەم سەر زەویەم. لەخۆمم ئەپرسی: ئاخۆ بتوانم لەچك بکەم؟ تاجارێك لەگوێ دەریا بەخۆمم وت: خوای بەدیهێنەری دەریا و خۆر فەرمانی داوە بە خۆداپۆشینم و باڵا پۆشی، چۆن من ئەتوانم بێ فەرمانی ئەو بکەم، ئیتر بەیەکجاری لەبەر ئەمرەکەی خوا خۆم داپۆشی و لەچکیشم کرد.

نیۆیۆرك تایمز لەڕاپۆرتێکدا کە (جودی ویلگورین)نووسیوەتی دەڵێت: (ئیسلام خێراترین ئاینە لەبڵاوبونەوەدا لەئەمریکا).

لەجیهاندا ٤٣٧١ بنکەی لێکۆڵینەوە هەیە بۆ حاڵی موسڵمانان، کەلە ١٠٩ وڵاتدا کاردەکەن، ١٢٤ یان بنکەی ئەکادیمین لە ئەمریکا، ئەمە بێجگە لەوەی کە سەد مەرکەزی تر لەئەمریکا کاردەکەن، لەم چەند مانگەی ڕابردوودا لە (٢٠١٢) کوڕی سەرۆکی خوارووی سۆدان (سیلفاکیر) موسڵمان بوو. (گۆڤاری المجتمع / شعبان عبدالرحمن).

## موسڵمانبونی دکتۆرە ئۆلیف رۆبنسۆن:

ناوبراو باسی موسڵمانبونی خۆی دەکات و دەڵێت: مێردەکەم بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و دووکچمان هەبوو، لەبەر بژێوی خۆم و منداڵەکانم ناچار بووم لەدەزگایەکی مژدەداندا کاربکەم، ئەوانیش ناردیانم بۆ (مەلاوی)، ئەو دەزگایە دوو منداڵەکەمیان دەژیاند و پارەیەکی کەمیشیان بۆمن دەنارد کە بەشی هیچی نەدەکرد لەساڵی ١٩٩٢دا.

منداڵێکی شوانی موسڵمان بەحاڵمی دەزانی و ڕۆژانە شیر و هێلکەی بۆ دەهێنام بەبێ ئەوەی من داوام کردبێت، ئالێرەوە بیرم کردەوە لەئیسلام کە چۆن خەڵکی فێری خێر و چاکە دەکات.

دواتر هاتمە وڵاتی سعودیە و لەخەستەخانە کارم دەکرد و دیمەنی نوێژکردن تەواو کاری تێکردم، کاتێك دەمبینی گرنگی تەواو دەدەن بەنوێژ، لەهەموو لایەکی خەستەخانەکەدا دەمبینی لەکاتی نوێژدا ژن و پیاو بەتاك و بەکۆ نوێژ دەکەن. تەنانەت لەفرۆکەخانەدا دەمبینی خەڵکی چەند بەپەرۆشن بۆ نوێژەکانیان.

هەروەها دیمەنی گرنگی دان و وەفای منداڵ بەرامبەر بە دایك و باوك زۆر کاری تێکردم، لەزۆر بەشی خەستەخانە پیرەمێرد و پیرەژنم دەدی کە چۆن منداڵەکانیان لەدەوریان بوون و خزمەتیان دەکردن، چەند بەرز و پیرۆزە ئەم ئیسلامە کە ئاوا کۆمەڵگە پەروەردە دەکات لەسەر وەفا، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواوە کە منداڵان هەرئەوەندەی پەڕو باڵیان دەرکرد گوێ بەدایك و باوکیان نادەن مەگەر لەبۆنەکاندا. ئەمانە وایان لێکردم کە موسڵمان ببم و ببمە یەکێك لەئوممەتی ئیسلام و شوێنکەوتەی (رسول الله)(د.خ).. سەرچاوە(ڕۆژنامەی هەواڵی جەزائیری).

**موسڵمانبونی دکتۆره ئۆریفیا:**

دکتۆره لەبارەی موسڵمانبوونیەوه دەڵێت: من پزیشکی ئافرەتان و منالّبوون بووم لەخەستەخانەیەکی ئەمریکی، ڕۆژێك ئافرەتێکی عەرەبی موسڵمان هات منداڵی ببێ لەخەستەخانە، کاتی دەوامم خەریك بوو تەواوبێت، وتم: من دەبێت بڕۆم و پزیشکێکی تر چاودێریت دەکات، کەچی ئەوەی سەیر بوو بەلامەوه، زۆر گریا و وتی: نا نا پیاوم ناوێ.

مێردەکەی وتی: حەزدەکات پیاو نەیبینێ، چونکە هەموو تەمەنی داپۆشراو بووه و تەنانەت دەموچاویشی غەیری مەحرەمەکانی نەیانبینیوه. منیش پێکەنیم و وتم: جا ئەوەی بۆ چی یە من پیاو نەماوە لەئەمریکادا دەموچاوم نەبینێ!

لەبەر خاتری ئەو مامەوه تا منالّەکەی بوو، بەیانی کە هاتمەوە سەردانم کرد، پێم وت: ژنان لای ئێمە زۆر تووشی هەوکردنی ناو لەشیان دەبن و تووشی تای نیفاس دەبن، بەهۆی پەیوەندی ژن و مێردایەتیەوە لە دوای منالّبوون و وتم: هیچ نەبێت نابێت تا چل ڕۆژ مێردەکەت بێت بەلاتداو دەبێت لەو ماوەیەشدا خواردنی باش بخۆیت و زۆر خۆت ماندوو نەکەیت کە ئەوەش ئامۆژگاری هەموو پزیشکەکانەو زانست ئەوەی سەلماندووه.




ژنەکە پێی وتم: جا ئەوە لە ئیسلامدا هەیە کەتا چل شەو تا ژنەکە بەتەواوی پاك دەبێتەوە حەرامە پیاوەکە بچێت بەلایدا و تەنانەت ئافرەت لەو ماوەیەدا نوێژ و ڕۆژووشی لەسەر هەڵگیراوه. ئەمە زۆر سەرسامی کردم، باشە چۆن ئیسلام چواردە سەدە لەمەوبەر شتێك دەڵێت کەزانست پاش لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەدەی بیستەمدا گەیشتویەتێ.

کاتێك پزیشکی منالاّنیش پێی وتن لەسەر لای ڕاست بیخەوێنن تا لێدانی دڵی ڕێك و پێك بێت، پیاوەکە وتی: هەروا ئەیخەوێنین ئەوە سوننەتی پێغەمبەرە (د.خ)، ئەمەشم زۆر بەلاوە سەیربوو، ئێمە

تەمەنمان بەخت کردووە تا گەیشتوینەتە ئەو زانستە و ئەوانیش ئاوا بەسانایی دەیزانن و لەئاینەکەیانەوە فێری بوون.

بۆیە بڕیارم دا کەلەم دینە شارەزابیم، مانگێك مۆڵەتم وەرگرت و چووم بۆ شارێکی تری ئەمریکا لەوێ بنکەیەکی ئیسلامی گەورەی لێ یە، پاش لێکۆڵینەوە و پرسیارکردنێکی زۆر سوپاس بۆخوا دوای چەند مانگێك موسڵمان بووم (پێگەی قصه التأريخ).

## لەکەراماتەکانی شێخ شەعراوی بەڕەحمەت بێت:

حاجی محمد کێك دەڵێت: کلیلی شوققەکەی شێخ شەعراوی لە ئەسکەندەریە لای من بوو، بۆم پاك دەکردەوە و جارجار سەردانم دەکرد، ڕۆژێك تەلەفونی بۆکردم کە دێت سەر ئەدات لە ئەسکەندەری یە، منیش بەیانیەکەی خەوم دیبوو کە شوققەکەی پڕبووبوو لەئاوی ئاوەڕۆ، تەلەفونێکم بۆهات لەدراوسێی شوققەکەی شێخ شەعراوی یەوە کەناوی (لەیلا) بوو و وتی: حاجی محمد خێرا وەرە ئاوی ئاوەڕۆ لەژێر دەرگای شوققەکەی شێخەوە دێتە دەرێ، بەپەلە لەگەڵ دوو کرێکاردا چووم بۆ چارەسەرکردنی و سەیرم کرد بۆری ئاوەڕۆ شکاوەو ئاو هاتۆتە ناو هەموو ژوورەکانی تەنها ژوورەکەی شێخ نەبێت..

هەرچۆنێ بوو پاکمان کردەوە و چارەسەرمان کرد و کەبۆبەیانی شێخ هات، وتی: چیت لەئاوەکە کرد؟ لام سەیربوو، وتم: چۆن زانیت؟ ویستی باسەکە بگۆڕێت، وتم: بەخوا پێم دەڵێی وتی: دوێنێ شەو خەوم بینی،تومەز لەوکاتەی من خەوەکەم بە شوققەکەوە بینیوە ئەویش بینیویەتی..

وتم: بەس ئەوەی لام سەیرە قەترەیەك ئاوی ئاوەڕۆ نەچۆتە ژوورەکەی تۆوە، هەرچیم کرد هیچی نەوت و داوای لێکردم کە باسی نەکەم.

## ئەحمەد دیدات:

شێخ ئەحمەد دیدات دەڵێت: لەخوارووی ئەفریقا زۆر گەڕام بۆ ئینجیلێك بەزمانی ئەندۆنیسی، لای خۆمان دەستنەکەوت بەمەرجێ لەهەموو شارێك کتێبخانەی تایبەت هەیە بە ئینجیل لەشاری

جۆهانسبیرگ لـه کتێبخانەیەکی ئینجیلیێکم دەستم کەوت، کە ئەو کتێبخانانە قەشەی پیری خانەنشین دەیانبەن بەڕێوە.

کەوتمە بەراوردکردنی لـەگەڵ نوسخەی یۆنانی ئینجیلدا، کابرای خاوەن کتێبخانە کە قەشەیەکی پیری خانەنشین بوو بەناوی (دانکیرز) زۆر سەرنجی دام و لای سەیربوو بەم جلو بەرگ و ڕیش و کلاّوەوە ئاوا بەوردی سەیری ئینجەلـەکە دەکەم، وتی: حەز دەکەم چایەك بخۆیتەوە لام.

وتم: پێم خۆشە، دانیشتم و کەوتینە قسە، ناوبراو وتی: لام سەیرە ئاوا لـەو ئینجیلـە ورد دەبیتەوە، نازانم هۆکەی چی یە؟ منیش وتم: من خەریکی بەراوردکردنی ئاینەکانم و کەوتمە باسی مەریەم سەلامی خوای لێ بێت لـە ئینجیل و قورئاندا، قورئان چۆن باسی مەریەم و عیسا دەکات هەموویم بۆ باسکردو وتم: ئێمە بڕوامان بە پاکێتی مەریەم و پێغەمبەرێتی حەزرەتی عیسایە و،ئنجا وتم: توخوا ئەگەر بتەوێت باسی مەریەم بۆ کچەکەت بکەیت،ئەوەی خۆتانی بۆ باس دەکەیت یان ئەوەی قورئان، سەری داخست لـەشەرما و وتی: بەدڵنیاییەوە ئەوەی قورئانی بۆ باس دەکەم.

### زانای کۆڵنەدەر عبدالرحمانی ئەفەریقی:

ناوبراو لـەساڵی ١٩٠٨ لـەدێی (فەفا) ی وڵاتی مالی لـە ئەفریقیا لـەدایك بووە و چۆتە حوجرە بۆ فێربوون، لـەتەمەنی ١٢ ساڵیدا دەبێت کە موفەتیشێکی فەڕەنسی سەردانی حوجرەکەیان دەکات و وریاییەکی زۆر دەبینێ لـە عبدالرحمن دا بۆیە داوا لـەباوکی دەکات کەلـەگەڵ چەند قوتابیکی تردا بچن لـەشار بخوێنن لـەقوتابخانە فەڕەنسی یەکاندا کە لـەژێرەوە خەریکی مژدەدان بوون، ئەوکاتەش فەڕەنسا مالی داگیرکردبوو، خێروخێرات و ئاڵتونی ئەو وڵاتەی بۆخۆی دەبرد.

باوکی ناچار ناردی و لـە خواحافیزیدا بەکوڕەکەی وت: ئامۆژگاریت دەکەم بە پارێزکاری و پاراستنی ئاینەکەت لـەو قوتابخانەیەدا کەهاتوون بیروباوەڕە ئیسلامیەکەت لـەناوبەرن.

هەشت ساڵ عبدالرحمن لـەو پەیمانگای مژدەدانەدا خوێندی و یەکەم بوو، بڕوانامەی سانەوی بەدەستهێنا، کەخوێندنی تەواوکرد بووەوە بە موعید لـەهەمان پەیمانگادا و زمانی فەرەنسی دەوتەوە، سێ ساڵ مایەوە بەمجۆرە و پارێزگاری لـەعەقیدەکەی دەکرد، دواتر لـەبەڕێوەبەرایەتی کەشناسی لـە(باماکو)

دامەزرا، پاش چەند مانگێك پلەكەیان بەرزكردەوە، دوو ساڵ بەسەر كارەكەیدا تێپەڕی وبەرپرسە فەرەنسی یەكەی بانگی كرد و سوپاسی كرد لەسەر ئیش و كارەكانی كە بەچاكی ئەنجامی ئەدان، پاشان پێی وت: بەداخەوەم كەكەسێكی بلیمەتی وەك تۆ ئەو عادات و تەقالیدە كۆنە وازلێناهێنی، عبدالرحمن وتی: تكایە قسەكەت ڕوون بكەرەوە، فەرەنسیەكە وتی: تۆ هەست ناكەیت زیاد لەپێویست خووت بەئیسلامەوە گرتووە، تۆ هەست ناكەیت كە كۆت و پێوەندە و ئیسلام ئاینی دواكەوتووەكانە و مەسیحیەت ئاینی پێشكەوتووەكانە.

عبدالرحمن وتی: من چی دیراسەتی مەسیحیەتم كردووە شتێكی تیا نیە كە لەگەڵ عەقڵی مرۆڤدا بدوێ و كۆمەڵێ شتە كەوات لێدەكات تەسیلیمی قسەی پیاوانی كەنیسە ببیت.

لەساڵی ١٩٢٦ كاتی حەج هات و عبدالرحمن چوو بۆ حەج لەرێی سۆدانەوە، تووشی نارەحەتی و زەحمەتی زۆر بوو، نیازی بوو حەج بكات و بگەڕێتەوە، بەڵام دڵی چوو بەوانەكانی كەعبە و مزگەوتی مەدینەدا و بۆ چوار ساڵ بەغەریبی بۆ فێربوونی ئیسلام مایەوە.

لەساڵی ١٩٣١ دا بوو بەمامۆستای فەرموودە لە (دار الحدیث) لەمەدینە، لەكاتی وانەیەكی مەدینەدا نامەیەكی فەرەنسی بۆ مامۆستاكەی هاتبوو كەس نەبوو فەرەنسی بزانێت، ئەم نامەكەی بۆ مامۆستاكەی خوێندەوە.

ڕۆژێ قوتابیەك بەخراپی باسی مامۆستایەكی دەكرد، ئەویش پێی وت: ئەو مامۆستایە و غەیری ئەویش ئەوانەن كە خوای گەورە داوای لێكردوین دوعای خێریان بۆ بكەین {وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ }الحشر١٠،

{يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ }المجادلة١١.

شێخ عبدالرحمن هیممەت بەرزبوو چەند ساڵ لەمەككە و مەدینە مایەوە و وازی لەپلە و پایەو پۆستی وڵاتەكەی هێنا و جاری واهەبوو پێویستیی بەپارە دەبوو دەچوو ئاوی دەكێشا و شاگرد نانەوایی دەكرد و دەبووە شاگردی بەرگدروو، تاشتێكی دەست بكەوێ و مەمرە و مەژی ژیان بەرێتە سەر.

لەساڵی ١٩٤١ دا بووە مامۆستا لەمزگەوتی مەدینە، ئنجا بوو بەمامۆستا لەپەیمانگای زانستی (ریاض) داو پاشان لەساڵی ١٩٥١ دا بوو بە مامۆستای کۆلێژی شەریعە لە (ریاض).

ئنجا مەلیك عبدالعزیز هەڵی بژارد کە خەریکی بانگەواز بێت لە (ینبع) دا و باری گوزەرانی باش بوو، خێری زۆری دەکرد، کەدەیانووت: شتێ بۆ ماڵ و منالەکەت لابدە، دەیوت: من چاکترم بۆ هەڵبژاردوون کە خوای گەورەیە..لەساڵی ١٩٥٧ دا کۆچی دوایی کرد.

یەکێ لەوکەسانەی کە چوار مانگ سوودمەند بوو لەشێخ عبدالرحمن کاتێك کەسەردانی دێیەکەیانی کرد کەدووسەد کیلۆمەتر لەمەدینەوە دوورە،دەڵێت:لەوەتەی هاوەڵێتی شێخ عبدالرحمانم کردووە بڕواناکەم بەئەنقەست گوناهێکم کردبێت ، هەروەها چی دوعام کردووە خوای گەورە وەلآمی داومەتەوە.

ئەم قوتابییەی کە تەنها چوار مانگ هاوەڵێتی کرد، دووشەممان و پێنج شەممان بەڕۆژو دەبوو هەروەها بانگەوازیشی دەکرد، ڕۆژێك بانگخواز (محمد علی القایدی) کەلە سعودیە دەچێت بۆلای دەبینێت دەگری و خەوێکی بۆ دەگێڕێتەوە کە بینیویەتی و دەڵێت: پێش چەند ڕۆژێك لەخەوما چوومە بەهەشتەوە و پیاگەڕام، حەزرەتی رسول الله م بینی (د.خ) سەلامم لێکرد و وتم:(السلام علیك یارسول الله ورحمة الله وبركاته) ئنجا سەریم ماچ کرد.

ئەم پیاوەباشە ڕۆژێکی دووشەممە بەڕۆژوو بوو ڕۆژووی سوننەت، عەسرەکەی کوڕەکەی بانگ کردو وتی: دەمەوێت خۆم بشۆم، خۆی شت و بۆنی لەخۆی دا و، بەرگێکی تازەی پۆشی، لەسەر کورسیەکەی دانیشت و ویردەکانی خوێند، پاشان ڕۆژووەکەی شکاندو نوێژی ئێوارە و عیشای بەیەکەوە کرد چونکە نەخۆش بوو، یەکێ لەکوڕەکانی هات و وتی: بابەگیان کاسێتێکی وتارم بۆهێناوی گوێی لێبگرە، تاعیشا گوێی لێگرت و زۆرگریا، پاشان سەکەراتی مردنی بۆهات و بەدەم گیانکێشانەوە (لاإلە إلاالله محمد رسول الله) ی دەوتەوە، ئەمەش پشت بەخواعاقیبەت خێریە کە ئەم پیاوە هەمووتەمەنی خەریکی بانگەوازبوو..

خۆزگەمان بەخۆی خۆزگەمان بەوەی کە بۆ خوا دەژی و بۆ خوا دەمرێت، ئای لـەو قەدەرە عەجایبە، شێخ عبدالرحمانێکی ئەفریقی ئاوا پێبگات و خوا بیهێنێتە دێیەکەی ئەمان و بەچوار مانگ بیێ بەپولـەی باڵ هەڵقرچاوی دەوری چرای ئیسلام و ئنجا ئاوا کار بۆدینی خوا بکات و ئاواش بەیەکجاری سەربنێتەوە. سەرچاوە (گۆڤاری المجتمع / ٢٠٤٢/) هەروەها (من قصص الثابتين / محمد عمر القايدی).

## دکتۆر خالید جوبەیر:



پزیشکێکی دڵی سعودیە و بانگخوازەو دەڵێت:

لـەماوەی کارکردنما لـەخەستەخانە کە ٣٢ ساڵە، شەش حاڵەتم بینی لـە پیاوو ئافرەت کەلـەسەرەمەرگ وگیانەڵاياندا فریشتەی ڕەحمەتیان بینی، وەحاڵەتێکیشم بینی کەفریشتەی عەزابی بینی.

**یەکەم**/ لـەڕۆژی شەممە ٦/شەعبان/١٤٠٦ ی کۆچی لـەخەستەخانە خەفەربووم نوێژی ئێوارەم لـەمزگەوتی خەستەخانەکە کرد، پەرستارێك تەلـەفونی بۆکردم کە فلانە نەخۆش حاڵی خراپە و لـەدەستی ڕاستیەوە کانیۆلاکەی بۆدانراوە ئیش ناکات، بەڵکو بێت لـەدەستی چەپیەوە بۆی دابنێیت.

ئەم نەخۆشە تووشی شێرپەنجە بووبوو، پێنج مانگ ئاگای لـەخۆی بوو قسەمان دەکرد لـەگەڵیا، مانگی شەشەم بێهۆشی تەواو بوو شێرپەنجەکە گەیشتبووە مێشکی و کوێریش بوو.

کەهاتمە سەری بەپەلـە دەستی چەپیم گرت تا دەمارێکی بدۆزمەوە و کانیۆلاکەی بۆ دابنێم، کەچی وتی: ئەوەکێ یە؟ وتم: دکتۆر خالید جوبەیر، وتی: چی دەکەیت؟ وتم: کانیۆلات بۆ دادەنێم. وتی: من مردووم بۆم دامەنێ، وتم: نا تۆ زیندوویت و نەمردوویت، چەند جارێك هەوڵم دا دەمارێکی بۆ

بدۆزمەوە بۆم نەکرا، ئەو دەیووت: من مردووم و منیش دەمووت: تۆ زیندوویت و نەمردوویت، تا دواجار وتی: ئەڵێم خۆت ئەزیەت مەدە من مردووم و مەلائیکەتی عەزاب دەبینم..

هەموو مووەکانی لەشم ڕاست بوونەوە، دەستم شل بوو، چۆن لەو ژوورەدا لەنهۆمی دووەمی بینای ژمارە سەدی خەستەخانەی سەربازی (ریاض) ئێستا مەلائیکەتی عەزابی لێ یە، زۆر ترسام هەروەك منالێکی سێ ساڵان کە گەورەیەك لەژوورێکدا بەتەنها بیترسێنێت.

ئەترسام لەوەی ئێستا یا تۆزێکی تر مەلائیکەتەکانی عەزاب منیش بگرن، کابرا پاش تۆزێك بەم حاڵەوە مرد.

**دووەم**/ ڕۆژێك لەعەمەلیات بووم پێیان ڕاگەیاندم کە لاوێك فیشەکێك بەرملی کەوتووە و حاڵی خراپە و دەمرێت، منیش وتم:خوێنی بۆ بهێنن و ئێستا دێم، کەهاتم بینیم دەموچاوی گەشە و لەهۆش خۆی چووبوو، ملی ئاوسابوو، فەحسم کرد تابزانم چی بۆبکەم، کوڕە هاتەوە هۆش خۆی و وتی: دکتۆر عەزیەتی خۆت مەدە من دەمرم، من لەخێردام، من شوێنی خۆم دەبینم لەبەهەشتا، ئەمەوێ خوا حافیزی لەدایك و باوکم بکەم.

چووم دایك و باوکیم بانگ کرد، وتیان: چۆنە؟ وتم: باش دەبێت إن شاءالله کوڕەکەتان لەخێردایە، کە باوك و دایکی چوونە لایەوە چاوم لێ بوو دەستی دایکی ماچ کردو وتی: گەردنم ئازاد بکە، ئنجا دەستی باوکی ماچ کرد و وتی: گەردنم ئازادبکە، ئنجا دەستی هەردوکیانی خستە سەر سنگی و وتی:دوعام بۆبکەن شایەتمانی هێنا و گیانی دەرچوو.

دوایی لەدایك و باوکەکەم پرسی کوڕەکەتان چۆن بووە، وا شکور عاقیبەت خێرە؟ وتیان: لەپۆلی هەشت یەکەم بوو، شەونوێژی دەکرد و ئامادەی ئەڵقەکانی لەبەرکردنی قورئان دەبوو.

بەڕاستی ئەمە تەصدیقی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە (د.خ) کە دەفەرموێت: کاتێ یەکێکتان لەسەرەمەرگدایە و ڕوو لەقیامەت و پشت لەدنیا، چەند چاوی بڕبکات مەلائیکەتی ڕەحمەتی ڕووسپی دەبینێت و جێگاکەی خۆی دەبینێت لەبەهەشتا.

**سێیەم**/ تەغریدی کچم لەلەندەن کوڕێکی بوو ناوی نا (خالید) بەناوی منەوە، چووم بۆ سەردانیان، وتم: مزگەوت نزیکە؟ وتی: خەمت نەبێت ئەوە مەرکەزی ئیسلامیە چەند خولەکێك

لێمانەوە دوورە، بۆ نوێژەکان دەچووم بۆ ئەومەرکەزە و گەنجێکم بینی پێنج فەرزە ئامادەی نوێژکردن دەبوو، بەزمانی ئینگلیزی داوای لێکردم دوعا بۆدایك و باوکی بکەم، وتم: بۆ دایك و باوکت کافرن؟ وتی: نەخێر، بەناو موسڵمانن وچل ساڵە هاتوونەتە لەندەن نەئەوان و نە خوشك و براکانم هیچیان نوێژناکەن، وتم: ئەی تۆ چۆنە نوێژدەکەیت؟ وتی: منیش وەك ئەوان بووم، ڕۆژێك وتم: باشە ئەگەر من موسڵمانم نابێ ئیسلامەتیەکەم پێوە دیاربێ؟! نوێژی عەسرێك هاتم بۆ مەرکەزی ئیسلامی، دوای نوێژەکە بەیەکێکیانم وت: دەمەوێت فێری دەست نوێژ و نوێژم بکەیت، وتی: موسڵمانیت؟ وتم: بەڵێ، وتی: عەمرت نەمێنێ بەو قەڵافەتەوە چۆن نوێژناکەی بڕۆ دەرەوە، بەڕاستی زۆر دڵم شکا و شەیتانیش هانی ئەدام و ئەیوت: دەی کە ئەم موسڵمانانە وابن چیت داوە لە نوێژ و ئیسلامەتی، تۆ گەنجیت بۆخۆت چیت پێخۆشە بیکە، بەقسەی شەیتانم نەکرد دوای سێ ڕۆژ چوومەوە لەدوای نوێژی ئێوارە بەیەکێکم وت: تکایە فێری نوێژ و دەستنوێژم بکە، ئەمیان باش بوو فێری کردم.

وتم: ماڵتان نزیکە؟ وتی: نەخێر بۆ هەموو فەرزێك بە ٤٥خولەك دەگەمە ئێرە و بەیانیانیش پێش سەعات و چارەکێك دێم، حەز دەکەم ماندوو بم بۆ نوێژەکەم. چونکە خوای گەورە داوای لێکردووین دروشمەکانی بەرز ڕابگرین (ومن يعظم شعائر الله فإنها من تقوى القلوب) ڕاستە جاری واهەیە پلەی گەرما دە بۆ بیست پلە دێتە ژێر سفرەوە بەڵام بۆخوایە هاتنەکەم، من ئەم کراسەم بۆ جەژن کڕی گریام لەبەرئەوەی لەبەر بەرزڕاگرتنی جەژن لەبەرم کرد، وتم: چۆن ئاوا لەقورئان تێگەیشتوویت؟ وتی: بۆ تۆ وا ئەزانیت هەرچی عەرەبی چاك نەزانێت تێی ناگات؟! ئەوەی دڵێکی پاك و چاکی هەبێت لە قورئان تێدەگات.

بەڕاستی زۆر بۆ حاڵی خۆم گریام، ئەم لاوە خۆی بەدوای ئیسلامدا گەڕاوە و بیست و پێنج لاوی تری وەك خۆی هێنابوو بەرەو مزگەوت و وتی:لەکۆلێژی پزیشکی دەخوێنم و گرووپێکمان دروست کردووە تابینە مایەی هیدایەت بۆ کەسانی تر، حەزدەکەم کە بانگەوازی بێ دەنگ بکەین و خەڵك بەهەڵسوکەوتماندا بزانێت کە موسڵمانین و هەرووەك چۆن: خەڵکی ئیندۆنیسیا و فلیپین بەڕەوشت و خووی بەرزی بازرگانە موسڵمانەکان هاتن بەرەو ئیسلام.

**چوارەم/** لەگەڵ شێخێکی بانگخوازدا دەرچووین بۆ کاری بانگخوازی، لەرێگا بەلای بەندیخانەی گشتیدا رۆشتین، وتی: من لەو کۆلێژە دەرچووم، قسەکەیم لا سەیربوو کۆلێژی چی ئەوە بەندیخانەیە.

لێم پرسی مەبەستت چی یە؟ وتی: شانزە ساڵ خەریکی چەتەیی و دزیی بووم، کەگیرام شەش ساڵ حوکم درام لەگەڵ سێ هەزار قامچی دا و هەفتەی پەنجا قامچیان لێ ئەدام. سەری دنیام لێ هاتەوە یەك، یەکێك کەپێش من گیرابوو،هەستی کرد کە بێتاقەتم وتی: ئەتەوێ حوکمەکەت ببێ بە سێ ساڵ وتم: ئەرێ واللە حەزدەکەم بەس چۆن؟ قورئانێکی دایە دەستم، وتی: ئەمە لەبەربکە، وتم: جا ئەوە شەش سەد لاپەڕەیە بەچی لەبەردەکرێت؟ وتی: تۆ زیرەکیت شانزە ساڵە حکومەتت سەرقاڵ کردووە و مێشکت لەخراپەدا بەکارهێناوە ئێستا لەچاکەدا بەکاری بهێنە.

وتم: ئاخر من نوێژناکەم، وتی: قەیناکە، ناچار کەوتمە لەبەرکردن و دەچوومە مزگەوتی بەندیخانەکە و لەکاتی نوێژەکاندا ئەهاتمە دەرەوە، تاگەیشتمە سورەتی الأعراف، ئەوئایەتانەی باسی دۆزەخ و بەهەشت دەکەن ژیانمیان گۆڕی، جارێك کەقامچیان لێ ئەدام، پۆلیسەکە پرسی: مانگێکە ڕەنگ و ڕووت گۆڕاوە، وتم: بەڕاستی من لەخۆشیەکدام دەڵێم ئاخۆ ئەوانەی دەچنە فیردەوسی ئەعلاوە تۆبڵێی لەو خۆشی یەی مندابن؟!

پاش ئەوەی کە بەربووم لەسایەی خواوە ڕێی خوام گرتووە و خەریکی بانگەوازم بۆ پەیامەکەی خوا،جابەڕاستی ئەو بەندیخانەیە کۆلێژبوو بۆمن.

**پێنجەم/** پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (إن للمساجد أوتادا، الملائكة جلساؤهم، إن غابوا يفتقدونهم، وإن مرضوا عادوهم، وإن كانوا في حاجة أعانوهم، ثم قال: جليس مسجد على ثلاث خصال: أخ مستفاد، أو كلمة حكمة، أو رحمة منتظرة) الراوي: أبوهريرة/المحدث الألباني/ صحيح الترغيب/ حسن صحيح.

نزیکەی پانزە ساڵ لەمەوبەر نەشتەرگەریم کرد بۆگۆڕینی (صمام) ی دڵی کەسێك، نەشتەرگەری یەکە چوار سەعات تا شەش سەعاتی دەوێت، بەیانی کەهاتم بۆ ژووری عەمەلیات ئەتووت لەڕەوزەی شەریفم و زۆر هەستم بەخۆشی و سەکینەت دەکرد، کەهاتمە لای موخەدیرەکە ئەویش هەمان هەستی هەبوو، وتی: زۆر هەست بەدڵنیایی و ئارامی دەکەم و بەتەنها ١٠ دەقیقە تەخدیرەکەم کرد.

منیش وتم: ڕەنگە هی ئەوەبێت کە هەردووکمان نوێژی بەیانیمان لەمزگەوت کردووە، کەچی ئەوەی سەیربوو پەرستارێکی بەریتانیش لەبەردەستما بوو پێداویستییەکانی نەشتەرگەریەکەی ئامادە دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا کە موسڵمان نەبوو هەمان هەستی هەبوو، وتی: کە زۆر بەئاسانی کارەکان هاتوون بەدەستیەوە. زۆرم پێ سەیربوو، کە نەشتەرگەری یەکەشم کرد تەنها دوو سەعات و چارەکێکم پێ چوو کە خۆی دەبوایە بەلای کەمەوە چوار تا شەش سەعاتم پێ بچوایە! دوایی تێگەیشتم کە ئەم نەخۆشە ئەهلی مزگەوتە و کاتێ وا نەخۆش کەوتووە و لەمزگەوت دیار نیە بەپێی فەرمودەکە مەلائیکەتەکان هاتوون بۆلای و دیارە کە مەلائیکەتەکانیش دابەزیون سەکینەت و ئارامی و خۆشی لەو شوێنەدا بڵاوبۆتەوە کە هەرسێکمان هەستمان پێ کرد.

جارێکی تریش ئافرەتێکی خواناس کە نەشتەرگەریم بۆکرد هەمان شت دووبارە بۆوە، فریشتەکانیش مژدە بەبڕواداران دەدەن کەلەدونیاو ئاخیرەتدا هاوەڵیانن (نحن أولياؤكم في الحياة الدنيا وفي الآخرة).

**شەشەم**/ پیاوێك ئەناسم کارگوزاری قوتابخانە بوو، خۆی و ژنەکەی و دایك و باوکی و سیانزە منداڵ لەژوورێکدا دەژیان لە قوتابخانەکەدا، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر هەژاربوو، هەمیشە لەڕیزی یەکەمی نوێژ ئامادە دەبوو، زۆرجار دەوڵەمەندەکانی مزگەوت هاوکارییان دەکرد، ئەم پیاوە هەمیشە دیاربوو کە بەوحاڵەشەوە بەختەوەرە. کەچی دەوڵەمەندێکم بینی لەخەستەخانە کەتەمەنی شەستساڵێك دەبوو کەیەکێکە لە ١٠ دەوڵەمەندەکەی ریاض هاتبوو نەشتەرگەری بۆبکەم، پێی وتم: کە حەوت ساڵە بەدوای سەعادەت دا دەگەڕێت و شەوانە لەبەر دوودڵی و نائارامی بە ئارامکەرەوە و حەبی خەو دەخەوێت.

یەکێکی تریشم لەفڕۆکەخانە بینی کە ئەویش یەکێکە لە ١٠ دەوڵەمەندەکەی سعودیە، لەسەر عارەبانەی کەمئەندامەکان بوو، یەك ملیار دۆلار بەس پارەی کاشی هەبوو لەبانقەکاندا، کەچی سەمونێك و بوتڵێ ئاوی بەدەستەوە بوو وتم: ئەوەچی یە؟ وتیان: بەیانیان ئەبێت سەمون و ئاو بخوات و پارێز بکات.

**حەوتەم/** دایکم ناوی (سارە) کچی ئیبراهیم (الحقیل)ە، باوکی خۆمم نەدیوە و بەبێ باوکی گەورەبووم، چیرۆکیشم لەگەڵ دایکمدا لە ١٩٥٤/١٢/٢٧ ەوە دەست پێدەکات کە لەدایك بووم ودایکم منی گرت بەدەستەوە هەستی کرد خوێن لەپشتم دێت، کەسەیری کرد چاڵێك لەپشتما بوو خوێنی لێدەهات، خۆی و نەنکم تا بەیانی بەنۆرە دەستیان لەسەر پشتم دادەنا تا خوێنی لەوە زیاترم لێنەڕوات، دکتۆر لەوناوچەیەی ئێمە نەبوو تەنها پەرستارێك هەبوو ئەویش نەیتوانی هیچم بۆبکات، حاڵەتەکەم خەتەر بوو، لەوانەبوو توشی ئیفلیجی یان مردن ببم، کەچی خوا ئافرەتێکی دەشتەکی نارد، کەحاڵەتەکەیان پیشاندا، وتی: ئاسانە هیچ نیە، پیسایی کردووە، وتیان بەڵێ، وتی: چاڵەکە پیسایی خۆی بخەنە سەر، دوو سێ جار خستبویانە سەری و خوا کردی بە شیفا بۆم، ئەگەر وانەبوایە من هەرئەو کاتە دەمردم.

ساڵێك تەمەنم تەواوکرد و توشی میزگیران بووم، سێ ڕۆژ میزم بۆنەکرا و تەواو ئاوسام و لەهۆش خۆم چووم، پەرستاری ناوچەکە نەیدەزانی چیم بۆبکات، تا خوا ئافرەتێکی دەشتەکی نارد کەباسی حاڵەکەمیان بۆ کرد وتی: ئاسانە، برنج بێنن بیکوڵێنن و ئاوی برنجەکەم بۆ بهێنن برنجیان کوڵاند و ئاوی برنجەکەیان بۆ هێنا کە تۆزێ سارد بووە وە منی تێخست، پاش ١٠ دەقیقە بەردێکم فڕێ داو میزەکە بەربوو ئەمجارەش خوا لەمردن ڕزگاری کردم، ئێستا لەبەرچاومە ئەبێ دایکم چەند شپرزە بووبێ بۆ ژیانی من و هیچیشی لەدەسەڵاتا نەبووە بیکات.

لەتەمەنی سێ ساڵانیشدا تووشی حاڵەتی بورانەوە بووم، دایکم دیسانەوە گیری خوارد بەدەستمەوە، بەو هەژاری و نەداری و بێوەژن کۆشیە نەیدەزانی چیم لێبکات، ئەمجارەش خوا ئافرەتێکی دەشتەکی نارد کە دیارە ئەوانە بەئەزموونی خۆیان هەندێ چارەسەریان لایە، ئەو ئافرەتە پشت سەرمی بریندارکرد و داخی کرد،سبحان الله ئەمجارەش نەمردم و بەوەچاك بووم.

ئنجا کەتەمەنم ١٠ ساڵان بوو بیرم دێ بەدایکمم وت: کێکم دەوێت، کوڕی فلاّن کەس کێکی پێ یە، وتی: کوڕم ئێمە هەژارین پارەمان نیە، کێك ئارد و هێلکەی دەوێت..

لەبەرمن سێ ڕۆژ کارەکەری ماڵانی کرد بۆئەوەی پارەی کێك بۆمن پەیدا بکات و کێکم دەرخوارد بدات.

جا بۆیە کە دایکم لەتەمەنی ٥٤ ساڵیمدا وەفاتی کرد زۆرگریام، هەستم کرد وەك منالێکم کە فڕێدرابێتە سەرشەقام، هەستم بەتەنهایی و هەتیوی کرد، بەڕاستی دایکم وەك بەلوعەیەکی خێر وابوو بۆمن، بەداخەوە ئەو دەرگای خێرەم لێ داخرا.

ئەمریکییەك دەڵێت: ئەگەر کەسێك تەمەنی حەفتا ساڵیش بێت و دایکی بمرێت هەر هەست بەتەنهایی دەکات وهەست بەونبوون دەکات. بۆیە من هەموو دایکێك وەك دایکی خۆم تەماشادەکەم و ڕێزم هەیە بۆیان، بەوانەی کە دایك و باوکیان ماوە دەڵێم، باش بن لەگەڵ دایك و باوکتانا، بەهەشت وا لەژێر پێی دایکتانا جانەك پێی دایکتان بەڵکو پێڵاوەکانیشیان ماچ بکەن، چونکە ئەوان بەو پێڵاوانەیان پێ دەنێن بەبەهەشتدا.

**هەشتەم/** برادەرێك دەناسم لەدوکانی کەلوپەلی ئافرەتان کاری دەکرد و دەمزانی سەیری ئافرەتان دەکات، ئامۆژگاریم کرد کەهەر جارێك چاوی بڕیە ئافرەت، دوو ڕکات نوێژبکات، دوای ماوەیەك پەیوەندی پێوە کردم و وتی: ئێستا شەیتان نایەڵێ سەیری ئافرەت بکەم چونکە ئەزانێ کە سەیری بکەم دوو ڕکات نوێژدەکەم و ئیستیغفار دەکەم، جا کەئەوەشی پێناخۆشە هانم نادات لەسەر سەیرکردنی ئافرەتان.

## شەهیدکردنی دالور:

یەکێك لەسەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بەنگلادیش کەناوی (دالور حسین سید)ە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، ناوبراو کە حوکمەکەی بیست وتی: ئەگەر ئەوان لەسێدارەم بدەن لەبەرئەوەی تەفسیری قورئانم کردووە، ئەوە من ئادەم لەجیاتی یەك جار هەزارجار لەسێدارە بدرێم، من حەز دەکەم یەك ڕۆژ وەك شێر بژیم لەبری ئەوەی ٥٠٠ ساڵ وەك پشیلە بژیم.

***



### وەزیری ناوخۆی فەرەنسی:

(مانديل فارس) لەبرۆکسل ڕایگەیاند کەلەچەند ساڵێکی تردا ئیسلام دەبێتە دووەم ئاین لە فەرەنسا و ژمارەی موسڵمانانیش لەشەش ملیۆن کەس زیاترە، هەروەها وتی:( نزیکەی ٢٣٠٠ مزگەوت و هۆڵی نوێژکردنمان هەیە و پێویستە لەسەر فەرەنسا و ئەوروپا کە دانبنێن بەوەدا کە ئیسلام مافی ئافرەت و مافی مرۆڤی داوە وگرنگی ئەدات بە دیموکراسی و لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ئیسلام کەم وێنەیە لەخێرایی بڵاوبونەوەیدا ).

بەڵێ وەك شێخ ئەحمەد دیدات دەڵێ:ئیسلام تۆی لەگەڵ بی ولەگەڵی نەبی هەر سەردەکەوێت، بەڵام تۆ بەبێ ئیسلام زەرەرمەند دەبیت.

### یوسف نەددا:

ئەم نەبەردە پەنجا ساڵ کاری کرد بۆ خواو بەرپرسی کاروباری پەیوەندی دەرەوەی ئیخوان بوو، بانقی تەقوای دامەزراند وکاری گەورەی کرد بۆ رابوونی ئیسلامی، لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت: حوسنی ناموبارەك تازەهاتبووە سەرحوکم راوێژکارێکیم بینی لەمەککە کە پزیشکێکی سەربازی بوو

بەپلەی لیوا بەناوی(موحیی سەعید )وتم: تۆ ئەتوانی ئامۆژگاری خێری سەرۆك بکەیت بەتایبەت کاتێ نەخۆش دەبێت،کە ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە بە میسر، ئەویش کە گەڕابۆوە میسر قسەی لەگەڵ کردبوو ناوبراو وتبووی: تۆ شێت بووی دەتەوێ مورشیدی ئیخوان ببینم، سەفیری ئەمریکاو ئیسرائیل چیمان پێدەڵێن، ئەزانی سەرەنجامی چی دەبێت ئەگەر ببینم و سەفیری ئەمریکاو ئیسرائیل پێی بزانن.

هاتنە سەرحوکمی عبدالناصرو سادات و موبارەك هەمووی بە رەزامەندی ئیسرائیل و ئەمریکا بووە کەسیان نەیانوێراوە لەخەت لابدەن، تەنانەت ئێستا دەرکەوتووە کەژنی سادات و ژنی موبارەك بە بنەچە جوولەکەن، تەنانەت سیسیش بەهەمان شێوەیەودایکی جوولەکەیە و لینکی هەیە لەگەڵ جوولەکەداو بەهی خۆیانی دەزانن،بۆیە بەئاشکرا دەڵێن:سیسی پاڵەوانێکی قەومی جوولەکەیە هەروەها دەڵێن:ئەگەر ئەم کودەتایە شکست بێنێت ئەبێ چەند نەوەیەکمان فرمێسکی خوێنین بڕێژن.



**رابەری برایان امحمد بەدیع ):**

زەینەب غەزالی دەڵێت: لە بەندیخانەدا لاوێکی ٢٠ساڵیان هێنا بۆ بەردەم ژووری بەندی تاکەکەسێکەم و داوایان لێکرد جنێو بەمن بدا، ئەویش وتی:چۆن جنێو بدەم بەکەسێك کە فێری قورئان و ئیسلامەتی کردووم، نزیکەی هەزار قامچیان لێداو جنێوێکی نەدا، کەپڕبەدڵ حەزم دەکرد جنێوێکی پێبدامایەو ئەو سزایە نەدرایە.

ئەو لاوە کۆڵنەدەرە لەزەمانی عبدالناصردا حوکمی هەتا هەتابی بۆدەرچوو، کۆڵی نەدا، ئێستا ئەو لاوە کە محمد بەدیعە تەمەنی حەفتا ساڵەو سەروماڵ و منالّی کردووە بەقوربانی ئیسلام و رووبەڕووی دنیابوونەتەوە تازە ئەیگرنەوەو سوکایەتی پێدەکەن، ئەمیش زەردەخەنە لەسەر لێوێتی بەزەبی بە عەقلّیاندا دێتەوە، ئەم پیاوە یەکێکە لە سەد زاناکەی عەرەب،خوا ڕووی عەرەب رەشکات ئەگەر دۆست و دوژمنی خۆیان نەناسن.

ئەسپێکی پیر منالاّن بەردیان تێدەگرت و تەنەکەیان بۆ لێئەدا، ئاوڕی دایەوەو وتی:داماوینە سەردەمێکی زۆر ئەسپی پاشا بووم و سەدان جار لە مەوکیبی پاشادا تۆپیان بەسەردا تەقاندووم، تەنەکە لێدان و بەردەفڕکێتان بۆ من جێی بایەخ نیە.



هەشتاو پێنج ساڵە بەهەموو چەکێك دژایەتی ئیخوان دەکرێت، مەلیك فاروق و عبدالناصرو سادات و نامۆبارەك ڕۆیشتن ئیخوان مانەوە، بەخوا سیسیش دەڕواو ئەمان دەمێننەوە، با ئەمجارەش خۆیان تاقیکەنەوە ئەگەر خوا حەزکات سەرەنجامی ستەمکاران دەبینین.

دونیا بۆتە لادێیەکی بچوك دیکتاتۆریەت باوی نەماوە، لێکۆڵەرێکی ئەمریکی دەڵێت: گەلێك لە سێ ساڵدا دووجار هەستێ و رووبەڕووی مەرگ بێتەوە هەروا دانانیشێت عەسکەر حوکمی بکات.

## دواوتە

### سەروماڵتان فرۆشتووە بەخوا؟؟

پاش چل وپێنج ساڵ دیراسەی بەردەوامی ئیسلام ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر دڵنیام کە دینداری تەواو یانی فیداکاری، خوای گەورە سەروماڵی لێکڕیون و بەفەزڵی خۆی بەهەشتمان ئەداتێ، بۆیە ئەبێت سەرو ماڵ بکەین بەقوربانی پەیامەکەی خوا {إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْداً عَلَيْهِ حَقّاً فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ }التوبة١١١

دیارە لوتکەی فیداکاری شەهید بوونە و شەهیدیش بەفەزڵی خوا هیچ ئازارێك ناچێژێت مەگەر بە هێندەی گەستنی مێروولەیەك وەك لەفەرموودەدا هاتووە، شەهید نوێژی لەسەرناکرێ و بە بەرگی خۆیەوە دەنێژرێت،تەنانەت زۆریان پێش ئەوەی شەهید بن مژدەی شەهیدیان پێدەدرێت، شەهید ئەوەندە پاداشتی گەورە وەردەگرێت حەزدەکات بگەڕێتەوە دنیاو چەند جاری تر لەرێی خوادا شەهید بکرێتەوە.ئەوەی سەیرە زۆر شەهید پاش دەیان یان سەدان ساڵ لاشەیان وەك خۆی دەمێنێتەوەو وەك پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێت زەوی لاشەیان ناخوات.

١-لە فەلەستین خەلیل شەریف شانزە ساڵ بوو شەهید کرابوو، پاش ئەوەی ویستیان یەکێکی تر لایەوە بنێژن و لاشەکەی دەرکەوت سەرسام بوون کە لاشەکەی وەك خۆی بوو ئەتووت تازە نێژراوە.

٢-کوڕی مامۆستا شێخ حامیدی دۆڵپەمویی لەعومرەبووم بۆی گێڕامەوە کە لە دێی گەڵی لە شارباژێڕ پیاوێك ساڵانی هەشتاکان دەچێتە لای مامۆستاو دەڵێت: خەنەکم لێداوە بۆ بناغەی خانوو دەستی لاشەیەك دەرکەوتووە پەنجەی خوێنی لێدێت، بەمەرجێ بەبیرەوری ئەو لەوناوە قەبر نەبووە، مامۆستاش پێی وت: کوڕم ئەوە شەهیدە داپۆشەرەوەو چەند مەترێك لەو لاوە خانووەکەت دروست بکە.شایانی باسە ئەم دێیە کەلەقەدپاڵی شاخێکە بەهەرەسی بەفر لەشاخەکەوە هەموو تیاچوون تەنها منالێك و پیاوێکیان لێدەرچوو.

٣-دوای شەهیدبوونی کچەکەی سەرکردەی ئیخوانی محمد بەلتاجی نامەیەك ئاراستەی کچەکەی دەکات و دەڵێت:

کچە خۆشەویستەکەم بەفەرمانی خوا تۆ شەهیدی، نالێم خوات لەگەڵ چونکە لەوانەیە سبەینێ بەیەکتری بگەینەوە، تۆ خەریکی هیچ شتێك لەوانە نەبووی کە گەنجانی تەمەنی تۆ خەریکی بوون.

هەرچەند هەمیشە لە خوێندنیشدا یەکەم بووی بەڵام ئەو خوێندنە ئاساییانە حەزەکانی تۆیان پڕنەدەکردەوە. نەمتوانی تێربم لەژیان لەگەڵت، دواجار کە بەیەکەوە دانیشتین لە گۆڕەپانی رابیعە سەرزەنشتت کردم و پێت وتم (هەتا ئەوکاتەش کە لەگەڵ ئێمەی تۆ هەمیشە بەشتی دیکەوە سەرقاڵی)منیش لەوەلاّما پێمووتی:(رەنگە ژیان رێمان نەدا لەیەك تێربین، بۆیە دوعا دەکەم بەیەکەوە لەبەهەشت بەیەکبگەین ).دوو رۆژ پێش شەهید بوونت، تۆم بەجلی بوکێنیەوە لەخەودا بینی، ئەوندە جوانبووی کەمن هەرگیز کەسی واجوانم نەدیبوو، کاتێك هاتیتە تەنیشتم دانیشتی پێمووتی: ئێوارە ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەتە، تۆش لەوەلاّمدا وتت: نەخێر پاش نیوەڕۆیە. کاتێك هەواڵی شەهیدبوونتم بیست لە پاش نیوەڕۆی چوارشەممە،تێگەیشتم مەبەستت چی بوو.



بەڕاستی ئیخوانە کە هەشتا و پێنج ساڵە جیهادی راستەقینە دەکات و رۆژهەلاّت و رۆژئاوا دوژمنیانە.

# دۆستانی خوا

## بەرگی چوارەم

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار و درووود و سلاویش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران ویار و یاوەران.

لە کۆبوونەوەی بانگخوازاندا کە لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠١٣ بەڕێوەچوو، وتارێکی چارەکە سەعاتیم دا بەناوی (تەوفیقاتی خوا) سوپاس بۆ خوا ئامادەبووان بەدڵیان بوو، ئەم بابەتە لە چەندەها شوێنی پەڕاوەکانمدا باسم کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بڵاوبوونەتەوە وئاسان نییە کەسێك ئەم بابەتە جیابکاتەوە و لە هەموو کتێبەکانم دەری بهێنێت، بۆیە پێم باش بوو هەندێ بابەتی کتێبەکانم و هەندێکی تازەش لەم پەڕاوەدا بڵاوبکەمەوە و بە نامیلکەیەکی سەربەخۆ زیاتر سوودی لێببینرێت، کە بە لای منەوە ئەمە بابەتێکی زیندووی زەروورە، من وتاربێژ بوومایە لە جیاتی وتارێك بیست وتارم لەسەر ئەدا، خۆ بەناشکوری نەبێت وتاربێژی واهەیە ئەڵێی وشکە ساڵیە و بابەت بڕاوە ئەپێچێتە بابەتی وا کە گوێم لێی دەبێت کۆڵێك خەفەت دەخۆم.

## دەسەڵاتی بێپایانی خوا

لەهەرکوێ بین خوا لەگەڵمانە و ئاگای لێمانە:

(هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) الحديد٤. پێغەمبەر (د. خ) لە دوعای سەفەردا دەیفەرموو (اللهم انت الصاحب في السفر و الخليفة في الاهل) خوایە هەر تۆی هاوەڵ و دۆست و یارمەتیدەرمان لە سەفەردا و هەر تۆشی کە خەلیفە و هاوکاری ماڵ و منالّمانی لە دوای خۆمان.

المهيمن: واتە خاوەن زانستی بێکۆتایی و بەتوانای باڵا دەستی تەواو.

خوای گەورە (مهيمن) ە لەگەڵ ئەوەش دا بە سۆز و میهرەبانە.

خوای گەورە (مهيمن) ە پارێزەر و ئەمینە (فالله خيرٌ حافظا وهو ارحم الراحمين) يوسف ٦٤.

خوای گەورە زانا و ئاگادار و بیسەرە (سميع عليم) ە.

کاتێ خەولەی کچی سەعلەبە هاتە خزمەت پێغەمبەر (د. خ) و لە بارەی مێردەکەیەوە موجادەلەی لەگەڵ کرد، کە چۆن بەپێی عورفی ئەو زەمانە لە مێردەکەی حەرام بێت کە پێی وتبوو: تۆ وەکو دایکم وایت، پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی هیچم لەو بارەیەوە بۆ نەهاتووە، ژنە شەکوای بردە بەر خوا، خواش هات بە هانایەوە و گوێی لێی بوو، لە کاتێکدا کە عائیشە لە ژوورەکەدا بوو ژوورەکەش ئەوپەڕی (٣ م * ٣ م) بوو دەڵێ: هەندێ قسەیان تێگەیشتم و هەندێکیان تێنەگەیشتم، کەچی خوا لەسەروو حەوت ئاسمانەوە گوێی لێیان بوو (تبارك الذي وسع سمعه الاصوات كلها).

خوای گەورە ئەم ئایەتەی سورەتی مجادلەی ناردە خوارەوە بۆ چارەسەری کێشەکەی و وەڵامی شەکواکەی دایەوە (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ -المجادلة١). هەرچەند عومەری کوڕی خەتاب بە سواری بگەیشتایە بە خەولە لە وڵاخەکەی دادەبەزی وبەرێزەوە لە بەردەمیا دەوەستا گوێی بۆ دەگرت. یەکێ وتی: تۆ ئەمیری بڕواداران و گوێ بۆ ئەم ژنە دەگری؟ ئەویش وتی: چۆن گوێی بۆ نەگرم، لە کاتێکدا خوا لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە گوێی بۆ گرت و هات بە هانایەوە.

### پشت بەستن بەخوا

خوای گەورە فەرمان ئەدات بە پێغەمبەر (د. خ) کە تەنها پشت بەو ببەستێت، ئەو خوایەی کە لە شەوی تاریکدا پەرستشەکانی ئەبینێت و، لەناو نوێژ خوێناندا دەیبینێت کە سوجدە دەبەن، بەراستی ئەو بیسەرو زانایە (وَتَوَكَّلْ عَلَى الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ، الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ، وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ، إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) الشعراء٢٢٠. تێگەیشتن لەوەی کە خوامان لەگەڵ دایە و بیسەرو بینەر و بە ئاگایە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بەتایبەت بۆ بانگخوازان، ئەوەتا خوا فەرمان ئەدا بە حەزرەتی موساو براکەی کە بچن بۆلای فیرعەون تا پەیامی خوای پێبگەیەنن، ئەوانیش دەڵێن: دەترسین زیادەڕەوی بکات بەرامبەرمان، خوای گەورەش دەفەرموێت: نەخێر مەترسن بچن بۆلای من لەگەڵتاندام ئەبیستم و ئەبینم:

(اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى)

(قَالَا رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَن يَطْغَى)

(قَالَ لَا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى) طه٤٤-٤٦

پێغەمبەر (د. خ) باش لەم راستیە تێگەیشبوو هەمیشە هەستی دەکرد کە خوای لەگەڵدایە و هاوکار و یارمەتیدەرێتی، بۆیە ئەگەر بەوردی سەیری ژیاننامەی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ تاقە ساتێکیش بیٚ هیوا نەبووە و هەمیشە دڵنیابووە لە سەرکەوتنی بەرنامەی خوا، ئەوەتا لە ناخۆشترین رۆژ و لە سەختترین کاتدا، کە لە تائیف ئەو هەموو ئازارەیان دا، پێش ئەوەی بچێتە ناو مەککەوە زەید لێی پرسی: چۆن دەرۆیتەوە بۆ ناو قورەیش لە کاتێکدا کە ئەوان دەریان کردویت؟

ئەویش فەرمووی: ئەی زەید، خوا دەرووی خێر دەکاتەوە و پێغەمبەر و ئایینەکەشی سەردەخات.

خوای گەورە کەباسی رزگارکردنی پێغەمبەران دەکات، دەفەرموێت هەربەو جۆرەش بڕواداران رزگاردەکەین (ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُواْ كَذَلِكَ حَقّاً عَلَيْنَا نُنجِ الْمُؤْمِنِينَ) یونس١٠٣. ئەبیٚ بزانین کە مردن بەئیزنی خوایە، هەروەها هیدایەتیش هەر بە ئیزنی خوایە و قسەی خێریش بەئیزنی خوا بەرووبوومی دەبێت:

(وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذْنِ الله كِتَاباً مُّؤَجَّلاً وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ الآخِرَةِ نُؤْتِهِ مِنْهَا وَسَنَجْزِي الشَّاكِرِينَ) آل عمران١٤٥

(وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ) یونس١٠٠

(تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ) إبراهیم٢٥.

هاوکاری و یارمەتی پەروەردگار بۆ بانگخوازان و تێکۆشەران بەردەوامە تا قیامەت بە مەرجێك بە چاکی بۆ خوا سوڵحابن، چاك وایە هەمیشە خۆمان بدەینە دەست خوا و هەر پشت بەو ببەستین و، چی لە تواناشماندایە بۆ چاکسازی جێبەجیٚ ی بکەین، وەبزانین بازنەی کاری ئێمە ئەوەیە چی بکەین و چۆن

بکەین کە بەپێی شەرعی خوابێت، ئنجا چی دەبێت و سەرەنجام بەرەو کوێ دەچین ئەوە لای خوایە. {إنْ أُرِيدُ إلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إلاَّ بِاللّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ }هود٨٨

## دۆستانی خوا

{أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ، الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ، لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَياةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ لاَ تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ }يونس٦٤. دۆستانی خوا ناترسن و خەمناخۆن، کە ئەوانەش بڕواداره پارێزکارەکانن. دۆستانی خوا مژدەیان پێدەدرێ لە ژیانی دونیادا، بەوەی کە خەوی خێری مژدەبەخش دەبینن، یان پێیانەوە دەبینرێت، وە لە ئاخیرەتیشدا بەهەشتی بەرین جێیانە و پەیمانی خوا دێتە دی، بەڕاستی ئەوەیە سەرکەوتن و سەرفرازی مەزن. کەئەوەش تەفسیری خۆشەویستە (د. خ) هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: سألتُ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ عن قولِهِ تعالى: { لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الحَيَاةِ الدُّنيَا } قال: هي الرؤيا الصالحةُ يراها المؤمنُ أو تُرى لهُ –الراوي :عبادة بن الصامت – :سنن الترمذي :حسن..

بڕوادار بەهۆی جێبەجێکردنی فەرزەکان و سوننەتەکانەوە دەتوانێ ببێتە دۆست و خۆشەویستی خوا، ئەوەش لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە کە دەفەرموێت (إنَّ اللهَ قال: من عادَى لي وليًّا فقد آذنتُه بالحربِ، وما تقرَّب إليَّ عبدي بشيءٍ أحبَّ إليَّ مِمَّا افترضتُ عليه، وما يزالُ عبدي يتقرَّبُ إليَّ بالنَّوافلِ حتَّى أُحبَّه، فإذا أحببتُه: كنتُ سمعَه الَّذي يسمَعُ به، وبصرَه الَّذي يُبصِرُ به، ويدَه الَّتي يبطِشُ بها، ورجلَه الَّتي يمشي بها، وإن سألني لأُعطينَّه، ولئن استعاذني لأُعيذنَّه، وما تردَّدتُ عن شيءٍ أنا فاعلُه تردُّدي عن نفسِ المؤمنِ، يكرهُ الموتَ وأنا أكرهُ مُساءتَه). البخاري : صحيح

## تەنها خوا وەلی و پشت و پەنامە

قورئان جەختدەکاتە سەر ئەوەی کە تەنها خوایە دۆست و پشت و پەناو سەرخەری پێغەمبەر (د. خ) و بڕواداران، جا بۆیە کەسی تر ناکەنە وەلی و گەورەی خۆیان:

{قُلْ أَغَيْرَ اللّهِ أَتَّخِذُ وَلِيّاً فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلاَ يُطْعَمُ قُلْ إِنِّيَ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ } الأنعام١٤

{إِنَّ وَلِيِّـيَ اللّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ }الأعراف ١٩٦

{اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِوَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ }البقرة٢٥٧

{أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء فَاللَّهُ هُوَ الْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِي المَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ }الشورى٩.

له پاش جهنگی ئوحود ئهبوسفیان هاواری كرد و وتی: سهربهرزی و گهورهیی بۆ ئێمهیه، ئێوه پشت و پهناتان نییه، عومهریش به فهرمانی خۆشهویست (د. خ) وهڵامی دایهوهو وتی:خوای گهوره پشت و پهنای ئێمهیهو ئێوه پشت و پهناتان نیه. (الله مولانا ولا مولى لكم).

## پشتگیری خوا بۆ بڕواداران

ئیسلام ئاینی پهسهندكراوی خوایه كه تاقیامهت بهرنامهی بهشهرییهت بێت و ناحهزان بهرهنگاری دهبنهوه و كێشمه كێش بهردهوام دهبێت، بۆیه خوای گهوره به فهزڵی خۆی ههروهك چۆن پشتگیری پێغهمبهرانی پێشووی كرد ئاواش پشتگیری دوا پێغهمبهری كرد ( د. خ) و، بهههمان شێوهش پشتگیری شاگردان و ئازیزانی پێغهمبهر دهكات.

له بهرهبهیانی مرۆڤایهتیدا كه گهلی نوح سهركهشیان كرد و نهچوون بهدهم ئهو ههموو ههوڵ و كۆششهی نوحهوه وئهویش داوای سهرخستنی كرد له خوا، به فهرمانی خوا ئهوهنده باران باری و ئهوهندهش ئاو لهزهوییهوه ههڵقوڵا كه ئاوی زهوی و ئاسمان دای لهیهك و، لافاوێك ههستا كه بێجگه له موسوڵمانان ههرچی ههبوو ڕایماڵی و زهوی پاكردهوه لێیان، ههروهك قورئان دهفهرموێت:

﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا وَقَالُوا مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ، فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانتَصِرْ، فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ، وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُوناً فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ، وَلَقَدْ تَرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ﴾ (القمر:١٥)

هەر زووش بە پێغەمبەری فەرموو (د. خ) کە تەبلیغاتی خۆت بکە و من دەتپارێزم لە ناحەزان: ﴿ يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ﴾ (المائدة:٦٧)

پیاوێکی بیانی دەڵێت: مرۆڤ درۆ و چاوڕاو لە هەموو خەڵکی بکات لەخۆی ناکات، پێغەمبەر (د. خ) کە ئەم ئایەتەی بۆ هات، پاسەوانەکانی ئیزن داو فەرمووی:خوا دەمپارێزێت.

ئەگەر سەیری ژیاننامەی موبارەکی بکەین ڕاستی ئەم پەیمانە خواییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەماوەی بیست و سێ ساڵدا لەو هەموو دوژمنە پاراستی.

خالید یەکێ لە هۆکانی موسوڵمانبوونی ئەوە بوو کە وتی: من بۆم دەرکەوت کە پێغەمبەر و موسوڵمانان کەس دەستی نایانگاتێ و ناتوانرێت لە ناوببرێن. خوای گەورە بە هەمان شێوەی رزگارکردن و سەرخستنی پێغەمبەران بڕواداران ڕزگاردەکات وئەوە بە هەقێك دادەنێ لەسەر خۆی ( ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا كَذَلِكَ حَقّاً عَلَيْنَا نُنْجِ الْمُؤْمِنِينَ) (يونس:١٠٣).

## خوایە خۆت پشت و پەنامان بە

بانگخوازێك دەڵێت: منداڵ بووم ئەچووم بۆ نوێژی بەیانی، ئیمامەکە قنوتی دەخوێند و کە دەگەیشتە (وتول أمرنا) دەگریا، ئەوسا نەمدەزانی بۆ دەگری، ئێستا تێدەگەم کە چەند ئێمە پێویستمان بەوەیە خوا هاوکاریمان بکات و تەنانەت بۆ چاوتروکاندنێکیش دەستمان لێ بەرنەدات و نەماندات دەست نەفسمان.

خوایە بمانکە بەیەکێك لەو دۆستانەت کە ئەگەر سوێندمان خوارد بۆ بوونی کارێك کارەکەمان بۆ بکەیت و سوێندەکەمان نەشکێنی، پێغەمبەر (د. خ) ئەفەرموێت: (ان من عباد الله مَن لو أقسمَ على الله لابره). بۆ نموونە:

١- خۆشەویست (د. خ) عەلائی حەزرەمی نارد لە گەڵ کۆمەڵێك هاوەڵی تردا بۆ شوێنێکی دیاری کراو لەکاتی جەنگێکدا، لەڕێ تووشی تینوویەتیەکی زۆر بوون، ناوبراو دوعای کردو وتی: (پەروەردگارا سوێندت ئەدەم کە ئاومان بۆ بنێری، پەروەردگارا ئەی گەورەی بالادەست، ئەی دۆست

و پشـت و پـەنای بـڕواداران وەرە بەهانامانــەوەوتێرئاومان بکـە). هـاوەڵان دەڵـێن سـوێند بـە خـوا هــەر ئەوەندەمان زانی هەور لـە ئاسماندا کۆبووەوە و بارانێکی باشمان بۆ باری.

٢-لـە جـەنگی یەمامـەدا بـەڕائی کـوڕی مالیـك کـە دوعـای گـیرا دەبـوو لای خـوا، دوعـای کـرد و وتـی: (پـەروەردگارا سـوێندت ئـەدەم ئـەمڕۆ سـەرکەوتنمان پێببەخشـە و منـیش بکـە بەیەکـەم شـەهیدی جەنگەکە) خوای گەورە سەرکەوتنی دانێ بەسەر موسەیلەمەی درۆزن داو بەڕائیش شەهید بوو.

## خەوبینین بە پێغەمبەرەوە

پێغەمبـەر (د. خ) دەفـەرموێت (هـەر کەسـێ لـە خەویـدا مـن ببینـێ، ئـەوە خـەوێکی راسـت و دروسـتی دیوە، ئەو کەسەی لــەو خەونـەدا دیویـەتی مـن بـووم، چـونکە شـەیتان خـۆی بـۆ ناکرێـت بـەمن و ناتوانێـت بچێتە شـێوەی منـەوە) بوخـاری. زانایـان دەڵـێن (بەمـەرجێ دیتنـی پێغەمبـەر (د. خ) لـە خەونـدا دادەنـرێ بەڕاسـت، کـە شـێوەی پێغەمبـەر (د. خ) لـەو خەونـەدا نزیـك بـێ لـە شـێوەی پێغەمبـەر (د. خ) لـەکاتی ژیانیدا، وەك لەسوننەتو سیرەتدا روون کراوەتەوە).

خـوای گـەورە زۆر مەبەسـتێتی کـە پەیوەنـدی موسـڵمانان بـەتین بێـت بـە پێغەمبـەرەوە (د. خ) و لــە سەرو ماڵی خۆیان زیـاتر خۆشـیان بـوێ، رەنگـە لەبـەر ئـەوەش بێـت کـە بـە فـەرمانی خـوای پـەروەردگار زۆر مـژدە و بەشـارەت پێغەمبـەر (د. خ) بەخـەو دەیـدات بەموسـڵمانان. ئەمـەش چـەند نمونەیەکـە لەسـەر ئەو جۆرە خەوانە:

**١) سی ساڵێك لەمەوبەر ئافرەتێك لە سلێمانی لە خەویادەبینێ خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوەو رەسول الله (د. خ) لە دوورەوە بەسواری ئەسپێکەوە دێت کە نامەیەکی بەدەستەوە دەبێت، لەدڵی خۆیدا دەڵێت: ئاخۆ پێغەمبەر (د. خ) ئەو نامەیە بدات بەکێ، کاتێك دەزانێت دێتە لای ئەم و دەفەرموێت: ئەو نامەیە بدە بەمێردەکەت، پێی بڵێ بیگەیەنێ. ئەمەش مژدە و بەشارەتێکی گەورەیە بۆ ئەو بانگخوازە تا زیاتر دڵی بەکارەکەی خۆش بێت و کەمتەرخەمی تیانەکات.**

٢)   مامۆستا صالح رشید کە ماجستێری هەیە لە زمانی عەرەبیدا و لە زانکۆی هەولێر مامۆستابوو دەڵێت: چوومە خزمەتی (محمد فوئاد عبدالباقی) لەمیسر، بەڕاستی پیاوی بۆ خوا سوڵحاو بوو، کاتێك کە ( المعجم المفهرس لألفاظ القرآن) ی دانا، دیارە کە کارێکی زۆر گەورەو پیرۆزو گران بوو، پێغەمبەر (د. خ) (١٤) جار چووە خەویەوەو ئەو هەڵانەی بۆ راست دەکردەوە کە لەپەڕاوەکەیدا کردبووی. شایانی باسە مامۆستا صالح ئەوەندە (متأثر) بوو بە مامۆستا (محمد فوئاد عبدالباقی) کە ئەمەی گێڕایەوە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك.

٣)   مامۆستا مەلا عبداللهی مزگەوتی گەورە، خوا لێی خۆش بێت، پیاوێکی پیاوانە و موسڵمانێکی زۆر چاك و خواناس بوو، بەڵام بڕوانامەی مەلای دوانزە عیلمی نەبوو.

(بەڕێوەبەرایەتی شئونی ئەوقاف) ی ئەوسا فەرمانێ دەردەکات، گوایە هەرچی مەلای دوانزە عیلم نەبێ نابێ ببێ بە ئیمامو دەبێ مەلاکان لەتاقیکردنەوەی تایبەتدا لە بەغدا ئامادەبن بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە ئەگەر نەیان بێت.. مامۆستا مەلا عبداللەش ناچار دەچێت بۆ بەغدا و بەشداری تاقیکردنەوەکە دەکات ودەردەچێ بەپلەی یەکەم. کەدێتەوە سلێمانی، مامۆستا مەلا عینایەت لێ ی دەپرسێت: مەلا عبدالله چۆن پلەی یەکەمیت بەدەستهێنا، خۆ تۆ زۆر لەو تاقیکردنەوەیە دەترسایت.. ئەویش فەرمووی: پێغەمبەری خوا (د. خ) شەوی تاقیکردنەوەکە هاتە خەوم و هەموو پرسیار و وەڵامەکانی پێ وتم.

٤)   مامۆستا منصور علی ناصف حەوت ساڵ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) کۆدەکاتەوە، پاشان پێغەمبەر (د. خ) دەچێتە خەوی و داوای لێ دەکات کە شەرحیشیان بکات ئەویش حەوت ساڵی تر خەریکی نووسینی شەرحەکەی دەبێت و بەمەش پەڕاوی (التاج الجامع للاصول في أحاديث الرسول) چاوی بەدنیا هەڵهێنیو تا ئێستا موسڵمانان سوودی لێ وەردەگرنو مامۆستا (نوری فارس) یش خوا پایەداری بکات وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی.

٥)   هەندێك لە فەرمانڕەوایانی خاچپەرستان پیلانێکیان دانا بۆ دزینی لاشەی پێغەمبەر (د. خ)، لەساڵی ٥٥٧ك، لە زەمانی (نورالدین محمود زنکی) دا. بەهۆی دوو گاوری خەڵکی (مغرب) ەوە کە

بـەجل و بـەرگی حـاجی موسـڵمانی مەغریبیـەوە چـوونە مەدینـە و لــەنزیك مزگـەوتی پێغەمبــەر (د. خ) خانوویەکیان بەکرێ گرت...

زۆر یارمـەتی خـەڵکیان دەدا و خۆیـان بـەخواناس و پیـاو چـاك نیشـان دەدا، بەشـەو بەدزییـەوە لــەناو ژوورەکـەی خۆیانـەوە خـەریکی (نفـق) لێ دان بـوون لـە ژێـر زەوییـەوە بـەرەو قـەبری پێغەمبـەر (د. خ)، وەئـەو خـۆڵ و گڵـەی دەریـان دەدا دەیـان کـردە بیرێکـی گـەورەی قوڵـەوە کـە لــەناو حەوشـەی خانووەکەدا هەبوو..

نـورەدین محمـود پـاش شـەو نوێـژ کـردن لەخـەودا بەخزمـەت پێغەمبـەر دەگـات (د. خ) و پـێی دەفـەرموێت: لـەدەسـت ئـەم دوو کەسـە ڕزگـارم کـە.. نـورەدین بەشـپرزەیی یـەوە خەبـەری دەبێتـەوە دەسـتنوێژ دەشـواتەوە و نوێـژ دەکـات و دەخەوێتـەوە، هـەمان خـەو دەبینێتـەوە، ئـە م جـارەش زیـاتر ئەپەشـۆکێ و دەسـتنوێژ دەشـواتەوەو پـاش نوێژکردن دەخەوێتـەوەو هـەمان خـەو بـۆ سێیەم جـار دووبـارە دەبێتـەوە. ئـەویش هـەر ئـەو شـەوە دەنێرێت بـەدوای وەزیرەکەیـدا کـە نـاوی (جمال الـدین موصـلی) بـوو، وەخەوەکەی بۆ دەگێڕێتـەوە، ئـەویش دەڵێـت: قوربـان هـەر ئێسـتا بـا لـەگـەڵ کۆمـەڵێك سـەربازدا بکەوینـە ڕێ بەرەو مەدینە و پارەیەکی زۆریش لـەگەڵ خۆماندا بەرین.

پـاش (١٦) ڕۆژ دەگەنـە مەدینـە و (نـورەدین) دەنێرێـت بـەدوای خەڵکیـدا کـە بێن یارمـەتی وەرگـرن.. هەرچـی دێـت بـۆ پـارە وەرگـرتن (نـورەدین) زۆر لێیـان ورد دەبێتـەوە ئـەو دوو کەسـە نابینـێ کـە لــە خەوەکەیـدا بینیـونی، بۆیـە پرسیار دەکـات کـە ئایـا کـەس مـاوە بێـت؟ دەڵـێن دوو پیـاوی خوانـاس مـاون پێویسـتیان بەیارمـەتی نییـەو ئـەوان دەسـتگیرۆیی خـەڵك دەکـەن. کـە نـورەدین دەچـێت بۆلایـان سـەیر دەکـات ئـەو دوو کەسـەیە کـە لــە خەوەکەیـدا بینیـونی، چـی پرسـیاریان لێـدەکات ڕاسـتی نـاڵێن ئنجـا دەیانخاتە ژێر سـزاوە، بۆیـە ناچـار ڕاسـتی دەڵـێن و دان ئـەنێن بـەوەدا کـە نێـرراون لاشـەی پـیرۆزی پێغەمبـەر (د. خ) بـەهۆی نەفەقـەوە لـە ژێـر زەوییـەوە بـدزن، نـورەدینیش هـەردووکیان دەکـوژێ و پاشـان بـەدەوری قـەبری پێغەمبـەرو (د. خ) هـەردوو هاوەڵەکەیـدا سـێ دیـواری قـایمی قـوڵ لەبـەرد و قورقوشـم دروسـت دەکـات تـا کـەس زاتـی ئـەوە نـەکات کـە جـارێکی تـر بـیر لـەشـتی وا بکاتـەوە (تـأریخ المسـجد النبـوی الشریف/ محمد الياس عبدالغنی).

## ئوم شورەیك غوزەیەی ئەنساری

ئەم ئافرەتە هەر لە سەرەتای بانگەوازەوە لە مەککەدا موسڵمان بوو، بەچاوی خۆی زەبر و زەنگ و ستەمی کافرانی ئەدی دژ بە موسڵمانان، خەمی بانگەوازی خوا خولیای سەری بوو، بەدزیەوە سەردانی ژنانی قورەیشی دەکرد، زۆر لێی داخ لەدڵ بوون، بەتایبەت کە ئەم قورەیشیش نەبوو، کەسیش نەبوو لە مەککەدا بەرگری لێبکات. کافرەکان گرتیان و پێیان وت ئەگەر گەل و هۆزەکەت هاوپەیمانمان نەبوونایە خۆمان دەمانزانی چیت لێدەکەین، بەڵام ئێمە ئەتنێرینەوە بۆ لای کەسوکارت..

دەستیان بەست و سواری پشتی حوشترێکی ڕووتیان کرد، بۆ ئەوەی لەسەر پشتی ڕەقی حوشترەکە ئازار بچێژێ، ئینجا سێ ڕۆژ ڕێگا ڕۆیشتن، نەنانیان ئەدایە و نەئاو، خەریك بوو لەبرسێتی و تینوێتی دا بمرێت، تەنانەت ئەوەندە ڕقیان لێی بوو، ئەگەر بوەستانایە بۆ پشوو، خۆیان دەچوونە بەر سێبەر و ئەویان لەبەر سووری هەتاو دائەنا، داوای ئاوی لێدەکردن نەیاندەدایە، جا لە کاتێکدا کافرەکان لە ژێر درەختێکدا سەرخەویان دەشکاند و ئەمیش لە قرچەی گەرمادا کە لەتینویەتی وبرسێتیدا گیانی دەدا، هەستی بەشتێکی ساردکرد لە سەرسنگی، تومەز دۆلکەیەك ئاوبوو، بۆی ڕاگیرابوو تۆزێکی لێ خواردەوە، بەرز بووە و ئنجا هاتەوە سەردەمی و هەندێکی تری خواردەوە تاتێر ئاوبوو ئنجا باقی ئاوەکە کرا بە سەریاو تەواو فێنکی بوەوە. کاتێك کافرەکان لەخەو هەستان و ویستیان بکەونە ڕێ، هاتنە لای بینیان ئاسەواری ئاو هەیە لەسەرجل و بەرگ و دەموچاوی و بینیان ڕەنگ وڕووی گەشاوەتەوە، لایان سەیر بوو، چۆن دەستی گەیشتۆتە ئاو لە کاتێکدا کە کۆت و پێوەند لەدەست و قاچیایە؟!

پێیان وت: کۆت و پێوەندەکەت کردۆتەوە و ئاوەکەی ئێمەت بەکارهێناوە؟ وتی: نەبەخوا، بەڵکو لە ئاسمانەوە دۆلکەیەك ئاوم بۆ دابەزی، لێم خواردەوە و خۆم پێ فێنك کردەوە.

کافرەکان سەیری یەکتریان کردو وتیان:ئەگەر ڕاست بکات مانای وایە ئاینەکەی ئەو لە ئاینەکەی ئێمە چاکترە! ئنجا چوون سەیری مەشکە و کوندە وئاوەکانی خۆیان کرد بینیان هەروەك خۆیەتی و دەستی بۆنەبراوە، بەم هۆیەوە موسڵمانبوون وبەرەلایان کرد. بەڵێ.. ئوم شورەیك بووە مایەی موسڵمانبوونیان.

بەڕاستی شاعیرێك چاكی وتووە، ئەگەر نەفسی مرۆڤ بەرز بێ و بە هیممەت وبەئیرادەبێت، لاشەی ماندوودەبێ لەگەیشتن بە ڕۆحی بڵندو بەرزیدا.

واذا كانت النفوس كباراً... تعبت في مرادها الاجسام

## ئەبو موسلیمی خەولانی

یەكێكە لە گەورە تابیعینەكان و زۆر هەوڵی دەدا كە پێشبڕكێ بكا لەگەڵ هاوەڵاندا، بۆ ئەوەی لە قیامەتدا هاوەڵان پێغەمبەر بەتەنها بۆ خۆیان نەبەن وبزانن كە پیاویان دوای خۆیان بەجێهێشتووە، ئەوەتە دەڵێت: ( أيظن أصحاب محمد (ص) أن يستأسروا به دوننا، فوالله لنزاحمنهم عليه زحاما حتى يعلموا أنهم خَلفوا رجالا).

ئەبو موسلیم خەڵكی یەمەن بوو، دوعای گیرا بوو، كاتێك ئەسوەدی عینسی ئیدیعای پێغەمبەرایەتی كرد، ئەم دژی وەستا، بۆیە ڕۆژێك ئاگرێكی زۆر گەورەی كردەوەو لەبەرچاوی خەڵكێكی زۆر پێی وت: شایەتی دەدەیت محمد پێغەمبەری خوایە؟

وتی: بەڵێ.

وتی: شایەتی دەدەیت من پێغەمبەری خوام؟؟

وتی: نەخێر.

بۆیە فڕێیاندایە ئاگرەكەوە، كەچی بەفەزڵی خوا نەسووتاو بە سەلامەتی هاتەدەرەوە. شوێنكەوتوانی ئەسوەد تەگبیریان بۆ كرد كە لە یەمەن نەیهێڵێت بۆ ئەوەی خەڵكی لێهەڵنەگێڕێتەوە، ئەویش زۆری لێكرد كە ناوچەكە بەجێبهێڵێت، بۆیە دوای وەفاتی پێغەمبەر (د. خ) هات بۆ مەدینە.. ڕۆژێك عومەر لێی پرسی ئەسوەدی دوژمنی خوا چی كرد لەو كەسەی كە نەسووتا.. وتی: ئەوە كەسێك بوو ناوی عبدالله ی كوڕی (ثوب) بوو، ویستی خۆی ئاشكرا نەكات، عومەر گومانی لێكرد و وتی: توخوا تۆ ئەو كەسە نیت؟؟وتی: بەڵێ من ئەوم.

عومەر ناوچەوانی ماچ کرد و لە نێوان خوێ و ئەبوبەکردا دایناو وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە نەیمرانم تا ئەو کەسەی پیشان دام لە ئوممەتی محمد (د. خ) کە وەك ئیبراهیمی بەسەر بێت و هیچی لێنەیەت.

ئەبو موسلیم لەگەڵ برادەرێکیدا دەبێت و لەژێر لێوەوە یادی خوای دەکرد، یەکێك بەلایاندا تێدەپەڕێت و بە برادەرەکەی دەڵێت: چیە ئەوە شێت بووە؟ ئەمیش وەڵامی ئەداتەوەو دەڵێت:برام ئەوەی دەیبینی چارەسەری شێتییە!

## خەوەکەی قطز

(قطز) ناوی محمودە و خوشکەزای خوارەزم شایە و لە شەڕا بەدیل دەگیرێ ودەیکەن بەکۆیلە و دەیهێنن بۆ شام، رەسول الله (د. خ) ئەچێتە خەویەوە و مژدەی ئەداتێ کە کاروباری میسر ئەگرێتە دەست و تەتار تێك دەشکێنێت، ناوبراو ئەم خەوەی بۆ شێخ (العز بن عبد السلام) دەگێڕێتەوە و هەمیشە دوور دەیڕوانی و دەیزانی کە ئەرکێکی گەورە وا لەسەر شانی، خوا بۆی ڕێکدەخات و دەچێتە میسر بە پلەکانی سەربازیدا سەردەکەوێت تا حوکمی میسر دەگرێتە دەست، ئەمانە پێیان دەوترێت (پیاوی قەدەر). هەروەك موسا سەلامی خوای لێبێت کە خوای گەورە لە ساعەی صفردا هێنای بۆ لەناوبردنی فیرعەون و ڕزگارکردنی نەوەی ئیسرائیل. {إِذْ تَمْشِي أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى مَن يَكْفُلُهُ فَرَجَعْنَاكَ إِلَى أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَقَتَلْتَ نَفْساً فَنَجَّيْنَاكَ مِنَ الْغَمِّ وَفَتَنَّاكَ فُتُوناً فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى} طه٤٠

ئەها چۆن موسا بەقەدەرێك هاتووە، ئەم سەرکردانەش هەر بەقەدەرێك هاتوون، کە خوای گەورە مەبەستی بوو تەتارەکان لەناوبەرێت.

هۆلاکۆ بە بیست و پێنج کەسدا نامەیەکی هەڕەشەی زۆر توندی نارد بۆ میسر تا شەڕنەکەن و خۆیان بدەن بەدەستەوە، (قطز) یش سەرکردەکانی کۆکردەوە و ڕاوێژی لەگەڵکردن، هەندێکیان پێیان وابوو کە خۆیان بدەن بەدەستەوە باشترە چونکە کەس ناتوانێ لە بەردەم تەتەرەکاندا بوەستێ، سولتان وتی: ئەگەر خۆشم بەتەنها بم ڕووبەڕوویان دەبمەوە، زەمانێکی زۆرە لە پارەی بەیتول مال

دەخۆن و ناتانەوێ جیهاد بکەن، کێ نایەت بۆ جیهاد بابڕواتەوە ماڵەوە بەکۆڵێ گوناهەوە. ئەی سەرکردە موسڵمانەکان ئەگەر ئێمە بەرگری لەئیسلام نەکەین، ئەی کێ بیکات؟!

لە عەین جالوت دا بە هوتافی (ئای بۆ ئیسلام.. وا اسلاماه) رووبەڕووی تەتەرەکان بۆوە، تیرێك بەر ئەسپەکەی کەوت و برینداربوو، (قطز) لە ئەسپەکەی دابەزی و پێی وت: هاوەڵە خۆشەویستەکەم ئەمە لە پێناوی خوادایە.

ئنجا بە پیادەیی دەجەنگا یەکێ لەسەرکردەکان ئەسپەکەی خۆی دایە رازی نەبوو وتی: خۆت لەپێشتری، تا ئەسپێکی تریان فریاخست کە هی کەس نەبوو. خوای گەورە بەفەزڵی خۆی سەری خستن و بۆ یەکەم جار تەتەرەکان تێکشکان. هەندێ لەسەرکردەکان لۆمەیان کرد کە بۆ بەپیادەیی جەنگاوە کەئەگەری شەهید بوونی زۆربوو، ئەویش وتی: جاچیە من بۆ خۆم ئەچووم بۆ بەهەشت و ئیسلامیش خاوەنی خۆی هەیە دەیپارێزێت، ئەوەتا خەلیفەکانی راشدین و چەندەها فەرمانڕەوای تر مردن و ئیسلام پەکی نەکەوت و خوای گەورە کەسانی تری بۆ نارد. پاش گەڕانەوەی بۆ میسر بە پیلانێك شەهیدکرا و بەئاواتی خۆی گەیشت و ئیسلامیش پەکی نەکەوت، هەروەك ئەحمەد دیدات دەڵێ: ئیسلام تۆی لەگەڵ بێ و لەگەڵی نەبێ خوا سەری دەخات، بەڵام تۆلەگەڵی نەبی خۆت زەرەر دەکەیت.

### مسوڵمانانی حەبەشە

دکتۆر عبداللە موسلێح لە وتاری (أمة لا تزول) دا وتی: موسوڵمانانی حەبەشە (ئەسیوبیا)، چەندەها ساڵ گیریان خواردبوو بەدەست دیکتاتۆر هیلاسیلاسی یەوە کە بەئاگر و ئاسن سەرکوتی دەکردن و لەبەردەم کۆنگرسی ئەمریکیشدا بەشانازییەوە باسی هەوڵی لەناوبردنی ئیسلام و موسوڵمانانی کرد، ئەو نەماو مەنگستۆی کۆمۆنیست هاتەجێی.

بارو وەزعەکە هەروەك خۆی بوو، تا ساڵێکی بێبارانی هات و گاورەکان چوونە لای مەنگستۆ و داوایان لێکرد کە رێیان بدات بە کۆمەڵ دوعا بکەن بۆ بارانبارین ئەویش رێی دان و چەند رۆژ دوعایان کردو هیچ نەباری.

ئنجا شێخ محمد سەعید بەنوێنەری موسوڵمانان چووە لای ناوبراو و داوای لێکرد ڕێیان بدات بەکۆمەڵ نوێژی بارانبارین بکەن، ئەویش ڕێی دان و لەسایەی خواوە پاش ماوەیەکی کەم بارانێکی باش باری، ئەمەش پشتگیری خوابوو بۆ موسوڵمانان و بەمەش بارو وەزعیان گۆڕدراو، ڕێیاندان کە مزگەوت دروستبکەن و مەجلیسی باڵای کاروباری ئیسلامیشیان دامەزرێنن..

## تاریق کوڕی زیاد

ئەمیش یەکێکە لەوانەی کە خزمەتێکی گەورەیان بەئیسلام کردووە، ئەم لاوە تەمەنی ( ٢٨) ساڵ بوو کەکرا بەسەرکردەی حامیەی شاری ( طنجة)، پاشان کرا بە سەرکردەی حەملەی فەتحی ئەندەلوس، لەبەرئەوەی لێهاتوو گیانفیدا بوو. تاریق بە سوپاکەیەوە کە حەوت هەزار کەس بوون لە شاری ( سبتە) ەوە بەکەشتی کەوتە ڕێ بەرە و (گەرووی) ی (جبل تاریق) لە ٥ ی ڕەجەبی ساڵی ٩٢ کۆچی بەرامبەر (٧١١) زاینی. لەناو کەشتیەکەیدا سەرخەوێکی شکاند، پێغەمبەر (د. خ) لەگەڵ کۆمەڵێ لە هاوەڵانیدا چووەخەوی و مژدەی سەرکەوتنی دایەو ئامۆژگاری کرد کە بەنەرمی مامەڵەی سەربازەکانی بکات و بەوەفا بێت بۆ ئەوعەهد و پەیمانەی داویێتی،ئنجا بینی پێغەمبەرو هاوەڵان چوونە ئەندەلوسەوە، کە خەبەری بووەوە خەوەکەی بۆ سەربازەکانی گێڕایەوە زۆر دڵیان خۆش بوو، کە ئەمەش مژدە و تەوفیقاتی خوابوو بۆیان.

## بارانێک پاش دوعای حاجیان

شێخ عباس سیسی کە یەکێکە لە برا دێرینەکانی میسر و لەم ساڵانەی دواییدا وەفاتی کرد، لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٣دا کەوتمەنووسینی یادەوەرییەکانم وبەیانیەکیان نووسیم: ئەمڕۆ هەستام بۆ نوێژی بەیانی و ڕووم کردە کەعبەی پیرۆز قیبلەی موسوڵمانان، ویستم وەسفێکی کەعبە بکەم هەرچیم کرد هیچم بۆ نەهات چونکە کەعبەم نەدیبوو، هەروەك دەنگێك پێم بڵێ: ئەی باشە بۆ ناچی بۆ حەج و بەچاوی خۆت کەعبە ببینی، بڕیارمدا بچم بۆ حەج و خوای گەورەش ئاسانی کرد و هەر ئەو ساڵە گەیشتمە ئاواتی خۆم و حەجم کرد..



چەند ساڵێك بوو باران نەباری بوو لە وڵاتی سعودیە، بۆیە مەلیك عبدالعزیز ئال سعود داوای لە حاجیان کرد کە نیو ملیۆنێك دەبوون لەسەر کێوی عەرەفە کە نوێژی بارانبارین بکەن، دوای ئەوەی نوێژەکە کرا لە گەڕانەوەماندا بۆ موزدەلیفە بارانێك باری کە دەشت و دەری تێرئاو کردو ئەوەندە زۆر بوو تەنانەت ڕێگاوبانەکانی تێکدا.

## پێشەوا بەننا

لە ژیاننامەی پێشەوا بەننادا بە ئاشکرا هەست بە تەوفیقی خوادەکەین، بۆنموونە خۆی دەڵێت:

١- من بەشێوەیەکی کرداری لە قەزا و قەدەر تێگەیشتووم و، قەناعەتەکەم تەنها لە خوێندنەوەوە نیە، من و عبدالرحمانی برام مناڵ بووین یاریمان دەکرد خانوویەك رووخا بەسەرمانا، قەدەری خوا وابوو کە قادرمەی ماڵەکە سەقفەکەی بگرێتەوە و بۆشاییەکمان بۆ دروست بوو تا هاتن دەریان هێناینەوە.

جارێکیش لە بەرزی هەشت مەترەوە لە سەربانێك کەوتمە خوارەوە و خوا پاراستمی و هیچم لێنەهات.

بەمناڵی لەتاو سەگێکی هار خۆم هەڵدایە جۆگەیەکی گەورەوە لەکاتی لافاوی نیلدا، ژنێك خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە و رزگاری کردم، بەمەرجێ لەو ناوە پیاویشی لێبوو، هەر لەو ڕۆژەوە تێگەیشتم مەردایەتی و ئازایەتی هەر بە پیاو ناکرێت.

ماڵێکی لادێ گڕی تێبەربوو چووم بیکوژێنمەوە جلەکانم گڕی گرت خوا کردی تیپی ئاگر کوژێنەوە گەیشتن و فریامکەوتن و کوژانمیانەوە.

جارێك لەسەر ئەسپێك بووم بەلەسە بوو، شورایەکی دار هاتە ڕێمان کە ئەگەر خۆم نەدایە بە پشتا لەسەر زینەکەی ئەوا ملمی دەپەڕاند (ل ٣٦ /مواقف وطرائف من حياة الدعاة –عامر شماخ).

٢-جارێك لە شاری سوەیس بووم لەماڵی برایەك، کتێبی (سفر السعادة) ی فەیرۆز ئابادی لەسەر مێزێك دانابوو، هەروا سەیرێکم کرد، ئەوەم بەرچاو کەوت کە رەسول اللە (د. خ) حەزی لەداری خەنە بووە، منیش لەدڵی خۆمدا وتم لەجێوڕێی خۆشم نیم تا دارێکی خەنە پەیدا بکەم لەبەر سوننەتەکەی رەسول اللە (د. خ)، پاشان چوین بۆ بنکەی برایان، قسەم بۆ دەکردن و پشتم لە پەنجەرەکە بوو، لە دەرەوە منالّ وەستابوون سەیریان دەکردین، یەکێ لە منالّەکان بانگی شێخ هادی عەتیەی کرد، کە چووە دەرەوە بۆلای گوێم لێبوو پێی وت: ئەم لقی دارخەنەیە بدە بەو سروود بێژەو ئاماژەی بۆمن کرد، بەسەروسیمامدا وەیزانی سروودیان بۆ دەڵێم. کە لقەدارەکەی بۆهێنام ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆش بووم بۆ ئەو تەوفیقاتەی خوا کە ئاگای لەرازونیازەکانی ناو دڵمانە. (لا ٢٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو).

٣- پێشەوا بەننا ویستی لەسەر داوای برایان کۆشکی ئەبولحەسەن بکڕێ کەبەرامبەر مەرکەزی عامی برایان بوو لە حیلمیە، ڕێکەوتن کە بە ١٤هەزار جونەیھ بیاندەنێ و لەسەرەتاوە ٥٠٠ جونەیھ پێشەکی بدەن، لای ژمێریاری برایان حاجی ئەحمەد عەتیە تەنها دووسەد جونەیھ هەبوو، وتی: باشە ئەگەر پێشەکیەکەش بدەین ئەی باقیەکەی لە کوێ بهێنین؟؟

بەننا وتی: پشت بەخوا ببەستە، خوا کەریمە. ئەم قسانە کاری کردە سەر حاجی ئەحمەد ولەبەرخوا ئاڵتوونی هاوسەرەکەی فرۆشت و ٣٠٠ جونەیھەکەی تری دابین کرد، پاشان دۆستێکی بەننا هات و

٥٠٠ جونەیهی دا، لەوتاری سێشەممەشدا کە داوای بەخشینی کرد برایان ئەوەندەیان بەخشی ئیتر پێشەوا بەننا دەرگای بەخشینی داخست. (لا ٣١ هەمان سەرچاوە).

## شۆڕشەکەی میسر

دکتۆر صەفوەت حیجاری ئەمینداری شۆڕشەکە لە یادەوەریەکانیدا دەڵێت: ڕۆژی سێ شەممە یەکی فبرایر، نزیکەی یەك ملیۆن کەس بەشداری خۆپیشاندانی مەیدانی تەحریری کرد، ئێمە گومانمان وابوو حوسنی موبارەك دەسەڵات بەجێ دێڵێ، کەچی حوسنی موبارەك وتارێکی سۆزداری داو ڕایگەیاند کە خۆی هەڵنابژێرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی و دەیەوێ لە میسردا کە تیا ژیاوەو هەوڵی بۆ داوەو بۆی جەنگاوە هەر لێرەش سەر بنێتەوە. ئەم وتارە کاریگەریەکی زۆر خراپی هەبوو، کەسوکاری لاوەکان دەهاتن بەدوایاناو دەیان وت: وەفاتان هەبێ، چیتان لێی دەوێ؟ وا خۆی هەڵنابژێرێتەوە، با ماوەی سەرۆکایەتیەکەی تەواو بێت.

لەم لاشەوە کەسانی سەربەدەسەڵات بەناوخەڵکدا دەگەڕان وخەڵکیان سارد دەکردەوە. ناچار ئێمەش لیژنەمان دروست کرد بۆ بەرپەرچدانەوەیان و گەرم کردنەوەی مانگرتوان.

شەوی سێ شەممە زۆر دەترسام کە بەیانی مەیدانەکە چۆڵ بێ، هەندێ شیعارمان ڕێك خست وەك (مش حنمشي هو يمشي)، (ما بيفهمش عربى كلموه بالعبري إرحل يعنى إمشي، اللى ما يفهمش عربي).

هەر ئەو شەوە باران باری، ڕاستە زستان بوو بەڵام کەس بەتەمای باران نەبوو، باران سەرقاڵی کردین بە هەڵدانی خێمەوە و بیری خەلکەکەمان نەما کە دەڕۆیشتن، هەتا بلێ ی وەزعمان خراپ بوو، ئا لەو کاتەدا کابرایەك هات کە ناوی نازانین، دواتر ناومان نا (خاوەن دوو ڕکاتەکە).

ئەم پیاوە پیرە شەوی یەك شەممان دەهات بۆلای لیژنەی تەنفیزیەکە کاتێ کە بیروڕامان ئاڵوگۆڕ دەکرد، پێی دەوتم (يا حجازى سيب الأمر لصاحب الأمر) واتە: (ئەی صفوت حیجازی واز لە کارەکە بێنە بۆ خاوەن کار، واتە: بۆ خوا)، هەستن دوو ڕکات نوێژ بکەین بۆ خوا ئەمەی دەوت و نوێژەکەی پێدەکردین ودەڕۆی بەجێی دەهێشتین. ئەو شەوەی بارانەکەش (شەوی سێ شەممە) زۆر شپرز و نارەحەت بووین، ئەو پیاوە پیرە هات بۆلام و وتی: ئێوە لە باران دەترسن؟

وتم: بەڵێ، وتی: زۆرچاکە هەستن تەیەموم بکەن و لەگەڵما دوو ڕکات نوێژ بکەن! من و دوو لاو کە لەگەڵما بوون، تەیەمومان کرد و لە تەنیشتیەوە وەستاین، اللە أکبر ی کردو، ڕکاتی یەکەم (قل هو اللە أحد) و ڕکاتی دووەم (قل أعوذ برب الفلق) ی خوێند و پاشان سەلامی دایەوە، ئنجا پێی وتم (دع الأمر لصاحب الأمر) ئیتر بەجێی هێشتین، هەرئەوەندەی دیار نەما قەترەیەك باران نەباری!



د.صفوت الحجازی

**سەییدی رەحمەتی**

برایان بەگشتی و مامۆستای شەهید بەتایبەتی سزاو ئازاریکی زۆر سەخت دران، رۆژێك سەگێکی هاری برسی دەکەنە ژوورەکەی مامۆستای خواناسی راڤەکەری قورئان، مامۆستاش لەخوا دەپاڕێتەوە کە لە بەڵای سەگەکە لای بدات و خواوەندیش دوعاکەی قبووڵ دەکات و سەگەکە بەبێدەنگی چەمۆڵە دادەدات.

کابرای جەللاد کە پاش ماوەیەك دێتەوەو ئەمە دەبینێ، دەکەوێ بەسەر دەست و قاچی مامۆستادا و دەڵێ: بەخوا خەتای ئێمە نیە، بەزۆر فەرمانمان پێ دەدەن کە وابکەین، توخوا گەردنم ئازادبکە.

مامۆستا شێرانە لە دادگادا قسەی دەکرد، جارێك ڕووبەڕووی دادوەرەکان وتی: سەیرکەن قازیەکانی عەدالەت؟ ئێمە دەمانەوێ بپرسین؟ کامان هەقە دادگایی بکرێین، ئێمە یان ئێوە؟ ئێمە بەڵگەی تەواومان لایە کە ئێوە بە پەنجەی موخابەراتی ئەمریکی هەڵدەسوڕێن! ئێوە خائینن بەرامبەر

بەگەل و وڵات.

مامۆستا لـە زینداندا راپۆرتێکی دوورودرێژی نووسی و تیایدا دەڵێت: (من گومانم لـەوەدا نیـە کـە لێدانی کۆمـەڵی (إخوان) و هـەر کۆمـەڵێکی ئیسـلامی تـری لـەو بابەتـە، ئامـانجێکی زایـۆنی و صـەلیبی و داگیرکەرانـەو، یەکێکـە لـە رێگاکـانی دژایـەتی بیروبـاوەڕو رەوشـت لـە خۆرهەڵاتـدا. من دڵنیاشـم کـە هـەوڵو پیلانـی زۆر بـەردەوام دەبێـت، رەنگـە ناهەقیشـیان نـەبێت، چـونکە بەڕاسـتی ئەگـەر لـە بزاڤـی ئیسلامی نەدرێت، پیلانی دوژمنان لە ناوچەکەدا سەرناکەون.

من لێرەدا دووپاتی دەکەمـەوە کـە ئـەزموونو شـێوەی کـاری ئـەو کۆمەڵـە سـەرکەوتووترین تەجروبەیە لە بواری پەروەردەو ئامادەکردنداو، لـە هـەر وڵاتێکـدا بزاڤێکـی لـەو جـۆرە نـەبێ، ئیسـلام بـەمانا فـراوانو واقیعییەکەی باس و خواسی نامێنێ.

ئەمە لەوانەیە دوا وتەی من بێت، چـونکە خـەریکم پێشـوازی دیـداری خـوا دەکـەم، بـەڵام بـەو قسـانە ویژدانم ئاسوودە دەکەم و لە دواچرکەدا بانگەوازم دەگەیەنمو (والسلام على من اتبع الهدى.)

تاغوتـە خـوا نەناسـە بێویژدانـەکان بەهـەموو جۆرێـك ئـازاری گیـانو لاشـەییان دەدا، بۆنموونـە خوشـکەزایەکیان هێنایـە بـەردەمی کـە زۆری خۆشدەویسـت، تـا دوا هەناسـەی لەبەرچـاوی ئـازارو ئەشکەنجەیان داو ئەویش گەیشتە کاروانی شەهیدان.

کـاتێکیش حـوکمی لەسـێدارەدانی دەرچـوو وتـی: سـوپاس بـۆ خـوا پانزەسـاڵە هـەوڵ دەدەم ئـەم شـەهادەتەم دەسـتبکەوێ، وە کاتێـك بردیـان بـەرەو سـێدارە مەلایـەکیان بـۆ هێنـا کـە ئامۆژگـاری بکـات و شایەتمانی پێ بێنێ. کـابرای مـەلا وتـی: بڵـێ (لاإلـه إلا الله)، مامۆسـتاش وتـی: تـۆش هـاتووی شـانۆگەریەکە تەواو بکەی، ئێمـە لەسـەر (لاإلـه إلا الله) لەسێدارە دەدرێین و جەنابیشـت نـانی پـێ پەیـدا دەکـەی، لـەخوا بترسەو مەبە بەشمشێری دەستی ستەمکاران.

زۆر هـەوڵ درا لـەگـەڵ (سـید) دا کـە پەشـیمان بێتـەوە لـەو کارانـەی کردوویـەتی بـۆ ئیسـلام ئـەویش سوور بوو لەسەر هەوڵەکانی و وتی (لن أعتذر عن العمل مع الله) ...

وە هەروەها وتی (ئەو پەنجـەی شـایەتمانەی کـە لەنوێـژدا بـەرزی دەکەینـەوەو شـایەتمانی پـێ دێـنین، رازی نـابێ وشـەیەك بنووسـێ و دان بنـێ بـە حـوکمی تاغووتـدا) وە رۆژی پێش لەسـێدارەدانەکەی خوشـکەکەیان

ناردەلا کە تکاو رجای لـێبکـات، تـا پەشـیمان بێتـەوە و داوای سـۆزو بـەزەیی بکـات، ئـەویش پێـی وت ( ئەگـەر مـن بەهـەق گـیراوم، ئـەوا رازیـم بەهـەق، وە ئەگـەر بەناهـەقیش گـیراوم مـن لـەوە گـەورەترم کـە داوای بەزەیی لـەناهەق بکەم).

هـەر ئـەو شـەوە خـەوێکی بینـی بـوو، کـە مـژدەی شـەهیدیان پێـدابوو، وە ئەمەشـی بـۆ هـاوەڵانی گێڕایـەوە، وە پاشـان پێـی وتـن: لەخـەوما بینـیم ئەژدیهایـەکی گـەورە ئـاڵابووە ملـی ژمارەیـەك لـە کاربەدەسـتانی میصـرو لـەناوی بـردن... مـژدەتان لێبێـت پشـت بـەخوا زۆریـان نـەماوەو عـەمر کـورت دەبـنو رزگارتـان دەبێـت. هـەرواش دەرچـوو. پـاش سـاڵێك کارەسـاتی (١٩٦٧) یـان بەسـەرهات و ئابڕوویـان چـوو، وە شکسـتیان خـوارد لەبـەردەم جوولەکـەداو دوای سـێ سـاڵ (جمـال عبدالناصـر) یـش گیـانی پـڕ سـتەمی سـپاردو ئـەویش چـووەوە بـۆ مەحکەمەکـەی خـوا تـا بەرامبـەر سـەییدو هـاوەڵانی رایبگرن!...

### لە گرنگترین کارەکانی سەیید:

پەڕاوی (في ظلال القرآن) کە شاکارێکی کـەم وێنەیـە و بـەو هـەموو تـاڵ و سـوێرییەی ژیانـەوە سـەیید تـوانی بەرهـەمی بهێنـێ... مامۆسـتا (علـی طنطـاوي) دەڵێـت (سـەیید بـە هەسـتە ئەدەبیەکـەی کلیلێکـی دەستکەوت کە نهێنی جوانکاریـەکانی قورئـانی پـێ دۆزیـەوەو، وانـازانم کەسـێکی تـر پـێش ئـەو کلیلـی وای دەستکەوتبێ).

مامۆسـتا زۆر جـەختی دەکـردە سـەر دەردی لـەخوا دووری موسـڵمانان، وە لـەوەدا دەبینیـەوە کـە موسـڵمانان لەمەسـەلەی (لاإلـه إلا الله) و حاکمیـەتی خـوا تێنەگەیشـتوون.سـەیید زۆر دەگـەڕاو هـەوڵی دەدا بـۆ خسـتنە رووی ئـەم باسـەو دەیویسـت لـە قورئانـەوە نموونـەی زۆر بهێنێتـەوە بـۆ شـایەتی لەسـەر بیروبۆچوونەکانی...

لەبەندیخانەدا دەبێ، هاوەڵەکەی (محمـد یوسـف هـواش)ی هـاوەڵی کـە ئـەمیش هـەر شـەهید کـرا، خـەو بـە حـەزرەتی (یوسـف) ەوە دەبینـێ (سـەلامی خـوای لەسـەربێت) کـە پێـی دەفـەرموێت: بـە سـەیید بڵـێ چارەسەری ئەو کێشـەیەی بەدوایـدا دەگـەڕێت لـە سـوورەتەکەی مندایـە.مەبەسـتی ئایـەتی ( إن الحكـم إلا لله

أمر ألا تعبدوا إلا إياه ذلك الدين القيم) ه كە باس لـە حاكميەت دەكات. (كەئەمەش تەوفیقی خوابوو).


سيد قطب


محمد يوسف هواش

**مەودوودی**

١-حومـەیرای کچـی مـەودوودی دەڵێت:وەفـدێك لـە فەلەسـتینەوە هـاتن بـۆ لای بـاوکم، پـێش گەیشـتنیان بـە ماوەیـەکی کـەم زانیمـان ئافرەتیشـیان لـەگەڵدایـە، لای ئێمـەش پیـاو و ئـافرەت تێکـەڵ نـابن، بۆیە بە پەلـە نـاو باخەکـەمان چـاککرد بـۆ ئافرەتـان و بـاوکم داوای لێکـردین کـە زۆر خزمـەتی ئافرەتـەکان بکەین و ڕێزیان لێبگرین.

وەرزەکـە وەرزی بـاران بـوو، کـە کورسـیمان دانـاو پـەردەمان گێـڕا هـەورێکی ڕەش ئاسمـانی داگرتبـوو لـەوەدا بـوو بباریـێت، زۆر خـەممان بـوو بـە باوکمـان وت: (ئەگـەر بـاران بـاری بەسـەر میوانەکانـدا تووشـی ئیحراجیـەکی زۆر دەبـین و بـۆ کـوێ ڕاکـەین!) بـاوکم زۆر لەسـەر خـۆ وتـی: (ان شـاء الله بـاران نابارێـت) وتمان (باوکـە، وەرە سـەیرکە، خەریکـە دەبارێـت)، بـاوکم دەنگـی بـەرز کـردەوە وتـی (پـێم وتـن ان شـاء الله باران نابارێت). پاش ئـەوە بـە چـاوی خۆمـان بینیمـان هەورەکـە بـە ئاسمانـدا بـڵاوەی کـرد و کەشـێکی زۆر خـۆش دروسـت بـوو، دوای ئـەوەی میوانـەکان ڕۆیشـتن و شـتەکانمان کـۆکردەوە، هـەور جـارێکی تـر کۆبووەوەو ئەو شەوە تا بەیانی باران باری.

ئنجا دایکم پێی وتین (هەرگیز موناقەشە لەگەڵ باوکتان و نەنکتاندا مەکەن، گوێ بگرن و پەیرەوی قسەیان بکەن، هەرچی بڵێن خوا بۆیان دەکات، مەگەر حەزرەت ﷺ نافەرموێت (مِن عباد الله مَنْ إذا أقسم على الله أبرّه) ( رُبَّ أشعث أغبر لا تُفتح له الأبواب، إذا أقسم على الله صدقه الله)..

٢- حومەیرا دەڵێت:لە ساڵی (١٩٥٣) دا باوکم ڕاپێچی بەندیخانە کرایەوە، فلیمەکە لە ئەوەڵەوە دەستی پێکردەوە، پارەیەکی کەم، هەشت منداڵ لە دەوری دایکێکی نەخۆش و لاواز، جارێکی تر فرۆشتنی ئاڵتون و پێداویستیەکانی خۆی، جارێکی تر نان کردن و جل شتن و... هتد.

ئەم جارە تاوانەکە قورس تر بوو بەلای حکومەتەوە، چونکە باوکم پەڕاوێکی نووسی لەسەر مەترسی قادیانیەکان و ئامانجەکانیان. لە مەحکەمەی عەسکەریدا حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ باوکم دەرکرد، بڕیارێکی زۆر ستەمکارانە و نابەجێ بوو، خەڵکی هەریەکەو بە جۆرێك، هەبوو ناحەز بوو ئەوەی بەوپەڕی عەدالەت دەزانی، ئەوەی دۆستیش بوو دنیای لێ تاریك بوو بوو.

دۆستانمان کە دەهاتن بە گریانەوە و ئێمەیان بەوپەڕی خۆڕاگری دەبینی ئەوانیش بە خۆیاندا دەهاتنەوە و ناچار دەبوون داخ و خەمەکانیان بشارنەوە. ئەو ڕۆژەی بڕیارەکە دەرچوو، شەوەکەی تا بەیانی دایکم نوێژی کرد و لە خوا پارایەوە، لە دوای نوێژی بەیانی دایکم کەوتە قورئان خوێندن و گەیشتە ( أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُمْ مَثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلِكُمْ مَسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ )البقرة: ٢١٤..

دایکم ئایەتەکانی دووبارە دەکردەوە و دەگریا، ئنجا بانگی کردم و وتی: سەیرکە کچم ئەم پەڕاوە چەند زیندووە، ئەها چۆن خەم و خەفەتمان دەرەوێنێتەوە و چۆن قسەمان لەگەڵ دەکات.

من لەو کاتەدا سیانزە ساڵێك دەبووم، بە ڕاستی کچی گەورە وەکو خوشك وایە بۆ دایك، کە هەموو شتێکی خۆی لا باس بکاو دڵی خۆی لا بکاتەوە، هەمیشە دایکم دەیووت: ئەو ئافرەتە چەند گوناهو بەدبەختە کە کچی نەبێت.

هەموو جیهانی ئیسلام بۆ باوکم خرۆشا بوون، بۆیە دوای چواردە ڕۆژ ئەندامێکی کۆمەڵەی ئیسلامی هات و لە پشت دەرگاکەوە وتی: دایکتان بانگ بکەن بۆم، هەموو ترسایین کە خەبەری

ناخۆشی بێ بێت، کەچی خۆشبەختانە وتی: (پیرۆزباییتان لێ دەکەم، میری قەرارەکەی گۆڕی بە بیست و یەك ساڵ بەند کردن لەگەڵ ئەشغال شاقە).

کابرا قسەکەی تەواو کرد دایکم لە پشت دەرگاکەوە سوجدەی بردو وتی: خوای گەورە ڕاستی فەرمووە ( أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ ) البقرة: ٢١٤

هەر ئەو ڕۆژە دایکم خەویکی بۆ گێڕاینەوەو وتی (لە خەوما فڕۆکەیەك لە لامانەوە دابەزی و باوکیشتان دەستی هەمووانی گرت بۆ ناو فڕۆکەکەو، فڕۆکەکە بە خێرایی فڕی بەرەو ئاسمان و، منیش سەرم گێژی خوارد و زۆر ترسام، لە پڕ فڕۆکەکە وەستاو باوکتان دەستی گرتم و دایبەزاندم، من زۆر دەترسام، کەچی باوکتان پێی وتم: سەیری خوارەوە بکە چەند سەرکەوتین، منیش سەیری خوارەوەم کرد، دیار بوو زۆر سەرکەوتبووین، خەڵکیم دەبینی لە خوارەوە وەك مێروولە و بینا بەرزەکانیش ئەتووت یاری منالانن. ئیتر لەوێدا خەبەرم بووەوە. بە ڕاستی خەوەکەی دەقاو دەق هاتە دی، هەرچەندە دایکم زۆر ترسا بەلام خوای گەورە بەو مەسەلەیە (ان شاء الله) پایە بەرزی دنیاو قیامەتی کردین.




پاش چەند ساڵێکیش لە (٢٥ی دیسەمبەری ١٩٧٥) دا ڕۆژنامەی (ئیفریشیا) ی هەفتانە کە لە لاهور دەرئەچێ، لە دەمی پیاوێکەوە لە شاری (سرجودها) کە ناوی (میان رحیم بخش) بوو بڵاوی

کردەوە کە: (کاتێك مەحکەمە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ شێخ مەودودی دەرکرد، لە خەوما حەزرەتم بینی ﷺ، دەپاڕایەوەو دەیفەرموو: (پەروەردگارا ڕەحمان پێ بکە، پەروەردگارا، بە ڕاستی مەودودی بۆ دینەکەی تۆ بانگ دەکاو هەوڵی بەرزکردنەوەی وشەی هەق دەدات، پەروەردگارا داوات لێ دەکەم کە بە زیندوویی بیهێڵی، پەروەردگارا ڕەحمان پێبکە ئەی کەریم).

ئنجا لە پڕ گوێم لە دەنگێك بوو وتی (ئەی محمد، دوعاکەتمان قبوڵ کرد). ئیتر لە بانگی بەیانی خەبەرم بۆوە. دڵم لێدانی زیادی کرد، لەشم دەلەرزی، فرمێسك بە چاواندا دەهاتە خوارێ، خۆم بۆ نەدەگیرا، ماوەیەکی زۆر لە جێگاکەمدا مامەوەو نەمدەتوانی بجوڵێم.

(دیارە تەفسیری خەوەکەش ئەوە بوو کە باوکم ڕزگاری بوو).

## نوورسی و یارمەتی پەروەردگار

١-لەدایك بوونی:

لە دامێنی کێوە گەردن کەشەکانی کوردستانی تورکیادا، لە ناو بنەماڵەیەکی کورد زبانی خواناسدا هاتە دنیاوە لە ساڵی ١٨٧٣ زاینی دا، باوکی پیاوێکی پارێزکارو دوور لە حەرام و، دایکیشی خواناس بوو، هەمیشە دەم بە ویردو سەڵاوات و زیکری خوا بوو.

٢-خەوێکی پڕ خێر و بەرەکەت:

لە تافی لاویدا مامۆستا نوورسی خەوێکی بینی، کە تا کۆتایی ژیانی هەر لە یادی بوو، لە خەویا قیامەت بە سام و شکۆوە هاتە کایەوەو هەموو خەڵکی کۆکرابوونەوە، ئەمیش بە گەرمی حەزی لە بینینی پێغەمبەر بو (دروودی خوای لەسەربێت) بەڵام چۆن ئەتوانێ و لەکوێ بە خزمەتی بگات لەم قەرەباڵغی یەدا؟! بۆیە بیری کردەوە کە بچێتە سەر پردی (صراط) و چاوەڕێی بکات بەڵکو مەرامەکەی بێتە دی و بە خزمەت حەزرەتی (محمد المصطفی) بگات (دروودو سەلامی خوای لەسەربێت) ...

بەڵێ لە خەوەکەیدا چووە سەر پردی (صراط)، یەك بەدوای یەکدا پێغەمبەرانی خوا بەلایدا تێپەڕین (سەلامی خوایان لێبێت) و ئەویش دەستی یەك بەیەکیانی ماچ ئەکرد، دوای ئەوە پێغەمبەری

سـەروەرمان (دروودی خـوای لێبێـت) هـات و (نوورسـی) ش هـەردوو دەسـتی مـاچ کـردو داوای زانسـتی لێکرد، ئـەویش پێـی فـەرموو: (لـە زانستی قورئانـت پێشکـەش ئـەکرێت بـەو مەرجـەی داوا ـ پرسیارـ لـە هـیچ کەسـێکی ئوممەتەکـەم نەکـەیت)، بـەڵێ... مامۆسـتا نوورسـی لەهـەموو تەمەنیـدا پرسـیاری لـە هـیچ کەس نـەدەکرد، هـەروەها لەهـەموو ژیانیـدا شـتی لـەهیچ کەسـێك بێبەرامبـەر وەرنـەگرتووە و بەسـەربەرزی ژیاوە.

مامۆسـتا نوورسـی زۆر چوسـت و چـالاك بـووە لـە خوێندنـەوەدا، تەنانـەت رۆژی دوو سـەد لاپـەڕەی لـە پـەڕاوی قـورسو گـران ئەخوێنـدەوە و بەچـاکی لێـی تێدەگەیشـت، بـێ ئـەوەی بگەڕێتـەوە سـەر هـیچ راڤـەو پـەراوێزێك. تـاوەکو لای مامۆسـتا (محمـد جـەلالی) بڕوانامـەی وەرگـرت. وە مامۆسـتا لـە ماوەیـەکی کەمـدا، لەگشـت لاوە ناوبـانگی زانـایی و بلیمـەتی بڵاوبـۆوە و خـەڵکی بـە (سـەعیدی مەشـهوور) ناویـان ئـەبرد. هێشـتا تەمـەنی مامۆسـتا لـە شـانزە سـاڵی تێپـەڕی نـەکردبوو، لـە سـاڵی ١٨٨٩ز دا چـوو بـۆ (ماردین) و لـە مزگـەوتی جومعـەی شـارەکەدا دەسـتی بـە وانەوتنـەوە کـرد و وەڵامـی پرسـیاری موسـڵمانانی دەدایەوە، لـە سـاڵی ١٨٩٤ی زایینیـدا رۆیشـت بـۆ (وان) و لـە قوتابخانـەی (خورخـوڕ) دا نزیکـەی بیست سـاڵ دەرسـی وتـەوە، لـەم ماوەیـەدا زانـای زۆر لەبەردەسـتیدا پێگەیشـتن، ناوبـەناویش مامۆسـتا دەچـوو بـۆ ناوچەکانی دەورووبەر و دانیشتوانی لادێکانی ئامۆژگاری دەکرد.

جـا هـەر وەك مامۆسـتا لـە زانسـتە شـەرعی یەکانـدا ناوبـانگی زیرەکـی و لێهـاتوویی دەرچـوبوو، لـە زانستەکانی تریشدا بەهەمان شێوە، تا ئەوە بوو نازناوی هەڵکەوتووی زەمانە (بدیع الزمان) ی لێنرا.

٣- هەواڵێکی دڵتەزێن:

لـە کاتێکـدا مامۆسـتا نوورسـی لـە شـاری (وان) سـەرگەرمی کـاری سەرشـانی بـوو لـە ئامۆژگـاری موسـڵمانان و وانەوتنـەوە، رۆژنامـەکان هـەواڵێکی سـەیریان بڵاوکـردەوە، هـەواڵی (گلادسـتۆن) ی وەزیـری ئینگلیـز کـە لـە (ئەنجومـەنی گشـتی بـەریتانی) دا رووی کردبـووە ئەندامـەکانی ئەنجوومـەن و قورئـانێکی بـەرزکردبۆوەو وتبـووی: (هـەتا ئـەم قورئانـە بەدەسـت موسـڵمانەکانەوە بێـت ئێمـە نـاتوانین حوکمڕانیان بکەین، لەبەر ئـەوە چارمان نیـە ئـەبێ نـەیهێڵین و لـەناوی بـەرین، یا پەیوەنـدی موسـڵمانەکانی پێوە ببڕین).

ئەم هەواڵە کارێکی زۆری کردە سەر دڵی مامۆستا نوورسی و، تێگەیشت کە دوژمنان لێبڕاون بە هەوڵ و کۆششێکی بێوچانەوە دژی ڕێبازی قورئان ئەجووڵێنەوە. بۆیە مامۆستا بڕیاری دا هەموو ژیانی بۆ دەرخستنی گەورەیی قورئان تەرخان بکات و بەبەڵگەوە موسڵمانان بانگ بکاتەوە سەر خوانی پیرۆزی قورئان و، هەوڵی بێوچانی دا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە قورئان خۆرێکی مەعنەوییەو هەرگیز کڵپەی کز نابێت و کەسیش ناتوانێت بیکوژێنێتەوە. مامۆستا نوورسی لەسەر ئەو نووسینانەی کە لە ڕۆژنامەی (وولقان) دا دژی کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) بڵاوی دەکردنەوە، گیراو برایە بەردەم دادگا... ئەویش شێرانە ڕووبەڕووی خورشید پاشای حاکمی عەسکەری و ئامادەبووان وتی:

(ئەگەر هەزار گیانم هەبێ دوودڵ نیم بیانکەمە قوربانی تاقە ڕاستییەك لە ڕاستیەکانی ئیسلام.

وتم: من قوتابیەکی زانستیم بۆیە هەموو شتێك بە کێشانەی شەریعەت کێشانە دەکەم، من جگە لە میللەتی ئیسلام دان بە هیچدا نانێم... لەبەردەم ئەو بەرزەخەداکە پێی ئەڵێن (بەندیخانە) ڕاوەستاوم و چاوەڕوانی ئەو شەمەندەفەرە دەکەم کە بەرەو قیامەتم دەبات. وە پێتان دەڵێم، نەك تەنها خۆتان بیبیستن، بەڵکو با هەموو جیهان دەماودەمی پێ بکات: ئەوا کاتی هاتووە نهێنییەکان دەرکەون و لە قوڵایی دڵدا روون بنەوە، با نامەحرەم سەیریان نەکا:

بەتاسەوە ئامادەی بەرەو قیامەت ڕۆیشتنم و، ئامادەم لەگەڵ ئەوانەدا بڕۆم کە بەسێدارەکانەوە هەڵواسراون، بیر لەو بیابان نشینە بکەنەوە کە هەواڵی شوێنە جوانەکانی ئەستەمبوولی بیستووە و بەتاسەوەیە بۆیان، من بەتەواوەتی وەك ئەوم و تامەزرۆی قیامەتم.

دوورخستنەوەمتان بۆ ئەوێ بەسزا دانانرێ، ئەگەر دەتوانن بە سزای ویژدانی سزام بدەن، ئەم میری یە لە ڕۆژانی زۆرداریدا دژایەتی لەگەڵ ژیریدا دەکرد و ئێستاش دوژمنایەتی لەگەڵ ژیاندا ئەکات، جا ئەگەر ئەم میرییە ئاوا بێت: دەبا بژی شێتێتی، دەبا بژی مردن، بۆ ستەمکارانیش با بژی دۆزەخ).

نوورسی بەڕەحمەت بێت لە بارەی ئەزموونی خۆیەوە لەم بوارەدا دەڵێت:من تا ئێستاش سەرسامم چۆن توانیم پاش چەند ڕۆژێکی کەم هەڵبێم لەدەست ڕووسەکان، نازانم چۆن توانیم بەبێ ئەو هەموو ڕێگایە ببڕم لە ماوەیەکی کەمدا کە بە ساڵێك نابڕێت!!بەمەرجێ زمانی ڕووسیشم نەدەزانی، ڕزگارم

بوو لە دیلی بە شێوەیەکی سەیر بەفەزڵ و یارمەتی خوا کە فریای منی داماوو بێدەسەڵات کەوت و، گەیشتمەوە ئەستەنبوڵ لە ڕێی وارسۆ و ڤییەناوە.

٤- نوورسی زۆر گرنگی دەدا بە نوێژەکانی و حەزی دەکرد هەر کەبانگی دا نوێژەکەی بکات، جارێك لەگەڵ هاوەڵانیدا پێنج خولەکی مابوو بگاتە ناو شار بانگی دا، داوای لە هاوەڵانی کرد یەکسەر نوێژەکەیان بکەن و دوای نەخەن تا دەگەنە ناو شار..

جارێك کەلەپچەی لەدەستا دەبێت و دوو پۆلیس لەگەڵیا دەبن دەیبەن بۆ شاری بەتلیس، لەڕێگا بانگیدا، مامۆستا داوای لێکردن کەلەپچەکەی بکەنەوە بۆ ئەوەی نوێژەکەی بکات، پۆلیسەکانیش بە قسەیان نەکرد، پاش تۆزێك بینیان کەلەبچەکەی کرایەوە و هەڵیدایە بەردەمیان و نوێژەکەی کرد! پۆلیسەکان سەریان سوڕماو زانیان ئەوە کەرامات بوو خوا پێی دا، بە مامۆستایان وت: تا ئێستا ئێمە پاسەوانی تۆ بووین ئیتر ئێمەخزمەتکارتین!!

جارێك لێیان پرسی چۆن ئەو کەلەپچەیە کرایەوە؟؟

وتی:منیش نازانم، بەڵام دیارە کەرامەتی نوێژ بوو!

٥- چەندجار لە کاتی بەندیدا ژەهریان بۆ کردە ناوخواردنەوە بە تایبەت لە بەندیخانەی ئەفیون، خوای گەورە پاراستی.(سایتی قدوەدۆت کوم) وتارێکی محمد موسی الشریف لەبارەی نوورسییەوە..

٦- لە کاتی شۆڕشی ئیتحاد و تەرەقیدا بەسەر خەلافەتی ئیسلامیدا، نوورسی و پیرەمێرد کە لەو کاتەدا لە تورکیا بوو، دەگیرێن و لە بەندیخانە توندیان دەکەن، هەردووکیان بڕوا ناکەن بە ئاسانی ڕزگاریان بێت، چونکە لەو باروزروفە شێواوەدا بە سەدان کەس هەڵدەواسران و دەکوژران، دیارە نوورسی کارێکی مەزنی لەسەر شان بوو کە ئەویش پاراستنی ئیمان بوو، خوای گەورە ئیرادەی وابوو کە بیهێڵێتەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەتاتورك و دەستەودایرە فاسیدەکەی.

شەوێك نوورسی خەو بە کاك ئەحمەدی شێخەوە دەبینێ کە مژدەی ڕزگاربوونی ئەداتێ و دڵنیای دەکات، ئەویش بەیانی خەوەکە بۆ پیرەمێرد دەگێڕێتەوە و پاش ماوەیەك بە فەزڵی خوا ڕزگاریان دەبێت. پیرەمێرد ئەم بەسەرهاتەی بە چەند دێڕێك هۆنراوە بۆ تۆمارکردووین لە دیوانەکەیدا لاپەڕە (١١٢):

کاك ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا

زۆرکەس بەسایەی تۆوە نان ئەخوا

لەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ

هەر تۆی سەربەرزی قەومەکەت ئەوێ

کە لە زیندانیان تێك خزاندبووین

سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین

تۆ چووبوویتە لای بدیع الزمان

مژدەت دابوویە بە ژیان و مان

فەرمووبووت ئێوە نامرن ئەمێنن

تاسەر ئازادی گەلتان ئەبینن

خۆ من باوەڕم بەوە کردووە

بەوەسیەت ناوی ئەوەم بردووە

بەڵام وا ئەمرم بەو ئاواتەوە

بشمرم گۆڕم دەنگ ئەداتەوە



سعید نورسی



پیرەمێرد

## صلاح الدين و پاراستنی پەروەردگار

چەندەها جار صلاح الدين تووشی مەوقیفی خەتەرناك بووە و بە هەموو حسابێکی بەشەری ئەبوایە تیابچوایە کەچی خواپاراستی تا بمینێ بۆ فەتحی قودس، لەم بارەیەوە خۆی دەڵێت: ( لقد أشرفنا على الهلاك غير مرة وما أنجانا الا الله لأمر يريده هو سبحانه) واتە: چەند جار رووبەڕووی مەرگ بوومەتەوە، تەنها خوا رزگاری کردووم بۆ کارێك کە خۆی دەیەوێت (دوایی دەرکەوت کارەکە فەتحی قودس بوو). نەخۆش دەکەوت و بە ئازارەوە لە جێگادا بۆی دەکەوت، کاتێ دەچوو سوپاکەی بەسەر بکاتەوەو سواری ئەسپەکەی دەبوو ئازاری نەدەما.

## دکتۆرێک لە نیوە شەودا

شێخ محمدحەسسان کە بانگخوازێکی میسرییە دەڵێت: جەندرمەکانی حکومەت شەوێك ئەدەن بەسەر ماڵی بانگخوازێکدا و ڕاپێچی دەکەن بۆ بەندیخانە، دیارە هەرچیش گیرا مەگەر خوا بزانێت کەی وچۆن ڕزگاری دەبێت؟

ئەو شەوە مناڵە بچووکەکەی زۆر نەخۆش دەبێت و تایەکی قورسی لێدێت، هاوسەرەکەی بەو نیوە شەوە لەبەرهەژاری و بێکەسی دەستی بەکەسدا ناگات، سەعات دوانزەی شەو لە دەرگاکەیان دەدرێت، کە دەیکاتەوە دکتۆرێکە سەلام دەکات و دەڵێت: کوا نەخۆشەکەتان؟ ئەویش مناڵەکەی بۆ دێنێت، فەحسی دەکات و هەندێ دەرمانیشی دەداتێ، چاوەڕێ دەکات هەقی فەحسەکەی بداتێ.

ژنەکە دەڵێت: بەخوا هیچمان نیە بتدەینێ و، مێردەکەشم گیراوە.. ئەڵێ: ئەی تۆ تەلەفونت نەکرد؟ ئەمە شوقەی ژمارە چەندە؟ دوایی بۆی دەردەکەوێ دراوسێکەیان نەخۆشیان هەبووە و تەلەفونیان بۆ کردووە و ئەم بە قەدەری خوا شوقەکەی لێتێك چووە بۆ ئەوەی چارەسەری مناڵەکەی بۆ بکات! دکتۆرەکە ئەوەندە پیاودەبێت لەبەرخوا مانگانەی بۆ دەبڕێتەوە تا مێردەکەی بەردەبێت! جا ژنەکە هەر کاتێ هیچیان نەبوایە بۆ خۆشی بە مێردەکەی دەووت: ناشیەن بتبەن بەندت بکەن و خوا دەرومان لێبکاتەوە:

(أَلَيسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ وَيُخَوِّفُونَكَ بِالَّذِينَ مِنْ دُونِهِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ وَمَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُضِلٍ أَلَيسَ اللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِي انْتِقَامٍ) (الزمر:٣٧)

ئایا خوا بەس نیە بۆ بەندەکەی؟؟ (بەڵێ هەر خۆی کافییە)، دەتترسێنن بەغەیری خوا، هەرکەس خوا سەرگەردانی بکات کەس ناتوانێت ڕێنمایی بکات، هەرکەسیش خوا ڕێنمایی بکات کەس ناتوانێ ڕێی لێ هەڵە بکات، ئایاخوا بەتوانای تۆڵە سێن نییە؟؟

### دوعاکانی کاک ئەحمەد

کاك ئەحمەدی شێخ لە بارەی دوعا گیرابوونەوە دەڵێت:( هەتا باوەڕ بە هێزتر بێ دوعاو نزا لە قبوڵ بوونەوە نزیکتر دەبێ..جا لەبەرئەمە بۆ ئیمەمانان کە خەڵکی هەرەمەین، بۆئەوەی داواکەمان بێتەدی چاکتر وایە چەندجار بۆ مەبەستی حاسڵ بوونی مەتلەبمان، نوێژی پێویستی و دوعاکەی دووبارە بکەینەوە ). جا خۆی بەرەحمەت بێ بۆ سەلماندنی ئەم کارە دەڵێت:( چەند جار بۆ کاری گرنگ (صلاة الحاجة) م کردووە، بەشی زۆری خوای مەزن قبوڵی کردوون. سوپاس بۆ خوا، هەموو کاتێ باوەڕم بەوە بەهێز بووە کە (صلاة الحاجة) م قبووڵ ئەکرێ ).

جا بۆ ئەم مەبەستە، خۆی ڕووداوێك ئەگێڕێتەوە و ئەفەرموێ:" پیاوێك لە شارەزوور ناوی مام قادر بوو، لە وەختی گەرمادا کاری بێڵکاری بوو تا نوێژی عەسر، بەهۆی ئەوەوە هەردوو چاوی کوێر ئەبێت. ئەویش گورج سوار ئەبێ و لەگەڵ (معروف)ی کوڕیدا هات بۆ شاری سلێمانی، مەعروف هاتە لام وتی: باوکم کوێر بووە، منیش زۆر دڵم بۆی سووتاو، لە شەودا (صلاة الحاجة) م بۆ کرد.

سبەینێ لەگەڵ شەبەقدا ڕۆیشتم بۆ مزگەوت، لە دەرگای مزگەوتدا چاوم بە مام قادر کەوت و پێم وت: کەفارەتی گوناهت بێ. خەم مەخۆ پشت بەخوا هەتا من مابم نەفەقەی تۆ ئەدەم.

ئەویش وتی: یا شێخ مژدەبێ ئەمشەو چاوم چاك بووەوە. منیش بە بیستنی ئەم مژدەیە گەلێ سوپاسی خوام کرد، دوعا و درووددم بۆ گیانی پاکی پڕ بەرەکەتی پێغەمبەر نارد (ﷺ) " (مەکتووباتی کاك ئەحمەدی شێخ/ ل١٠٤ / بەرگی دووەم).

## کاک ئەحمەدی موفتی زادە

رابەری گەورەی کوردستانی ئێران کاك ئەحمەدی موفتی زادە دژی شا خەباتی کرد و پاشان کە شۆڕشی ئێرانیش سەرکەوت لە سەر داواکردنی مافی کورد و ئەهلی سوننە کە هەقێکی شەرعی یە ڕەحمەتی لە هەردوو زەمانەکەدا دەردە سەری و بەندیخانە بوو، سزاو ئازار و تالآوێکی چەشت کە مەگەر کەسانی کەمی وەك ئەو و مامۆستا ناسری هاوسەنگەری بەرگەی بگرن.

لە ژیاننامەکەیدا هاوکاری پەروەردگار و تەوفیقاتی خوایی بە ئاشکرا هەست پێدەکرێت، بۆ نموونە دەڵێت: لە خەوما وەك ئەوەی منالێ بم هەردوو قۆڵم خستبووە سەر شانی ڕەسول اللە ﷺ کە قورئانێکی لەبەردەمدا بوو فێری قورئانی دەکردم.

خانەوادەی کاك ئەحمەد موڵك و زەوی و زارێکیان هەبوو دابوویان بە کرێ، ناودارانی ناوچەکەیان کرد بە تکاکار کابرای کەلێی گرتبوون بەکرێ بۆی ڕەت نەئەکردنەوە، کەچی کە کاك ئەحمەد لە بەندیخانەی شا ئازاد بوو کابرا خۆی هات بێ هیچ شتێك موڵك وماڵەکەی بۆ گێڕانەوە کە ئەمەش یارمەتیەکی خوا بوو بۆ کاك ئەحمەد کە لەو کاتەدا زۆر نەداربوو وە زۆر پێویستی پێی بوو (کاك ئەحمەدی موفتی زادە _سەروەت عبداللە_کتێبی یەکەم).

## دکتۆر عەلی جرێشە

(جمال عبدالناصر) کە جەماوەریەت و چالاکی برایانی بینی لێیان هەڵگەڕایەوە و شانۆگەرییەکیان دروست کرد کە لەکاتی وتاردانیدا لەگۆڕەپانێکدا تەقەی لێ بکرێ و ئەمەشیان هێنا بەسەر برایاندا و شەش سەرکردەی وەك (عبدالقادر عودە و محمد فرغلی) لەسێدارەدران، عبدالقادر عودە کە یاساناس بوو لەبەر پەتی سێدارەدا وتی: خوێنی من دەبێتە لەعنەت بۆ پیاوانی دەسەلآت، (محمد فرغلی) ش وتی: من شادمانم بەلیقای خوا دەگەم. بەهەزاران براش دەستگیرکران و سزاو ئازارێك دران مەگەر لە محاکمی تەفتیشی ئیسپانیا شتی وا ڕووی دابێت.

تەنانەت جارێك جولەکەیەکی بەندکراو لە بەندیخانەیەکی میسردا کە ئەو حاڵەی بینی بەزەیی پیایانا هاتەوە و بە جەللادەکانی وت: ئاخر هیچ نەبێ خۆئەوانە مرۆڤن.

جارێك یەكێ لەو جەللادانە بەلای ژوورەكەی رابەری گشتی (حسن هضیبی) دا دەڕوات كە بەو زستانە تا ئەژنۆی لە ئاودابوو، بەگاڵتە پێكردنەوە دەڵێت: یاشێخ دوعامان بۆبكە، ئەویش وەڵامی نەداتەوە، جارێكی تر دەڵێت: یاشێخ دوعامان بۆبكە، ئەویش دەڵێ: بەڕاستە! یاخوا توشی دەردێك بیت ئاوات بەمردن بخوازیت و دەستت نەكەوێت. سبحان الله دوعای ئەو ستەملێكراوە گیرا بوو پاش چەند ساڵێك توشی نەخۆشییەك بوو عەرز و بەرز نەیئەگرتە خۆی، ئەیووت: بە فیشەكێ بمكوژن بالەم ئازارە ڕزگارم بێت.

جەللادەكان بەقەدەر پەنجا بەندكراویان دەخوارد و بەتایبەت هێنرابوون بۆ ئەشكەنجەدان، تابلێی ناحاڵی و مێشك پووت بوون، یەكێ لە لێكۆڵینەوەدا وتبووی: لە فلانە شوێنە وە چووم بۆ فلانە شوێن گەنمەشامیم كڕی، وتی: زۆرباشە یەعنی گوللە تۆپت كڕی؟! ئەوەندەیان لەو كەسە ئەدا كە لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ دەكرد تا ئەوەی ئەوان دەیانویست ئیعتیرافی لەسەر بكردایە.

لەگەڵ ئەوەدا كە من موستەشاری قانونی بووم و حەصانەم هەبوو، بەجۆرێك ئازاریان ئەدام ئەو دنیایان پیشان دام، لەتوانامدا نەما خەریك بوو هەرچیان دەویست دانی پیا بنێم، تا ٢٤ ی نۆڤەمبەری ١٩٦٥ لە ژووری بەندیخانەكەمدا دانیشتم بە كرزۆڵەیی، هەموو لاشەم برین بوو، دڵیشم زیاتر لە لاشەم خوێنی لێ دەچۆڕا، زۆر گریام و بەدوعاكانی حەزرەت (د. خ) لە خوا پاڕامەوە، خەوم لێكەوت، بینیم لەدەرگای سجنی حەربی چوومەدەرەوە و حۆرییەك چاوەڕوانی دەكردم، لە جوانیدا هەرگیز شتی وام نەدیوە، دەستی گرتم و وتی: وەرە جێگاكەت پیشان بدەم لەبەهەشتدا! بردمی گێڕامی لە شوێنێكی خۆشی پڕسەوزی و ئاو، هەرچی دەڕۆیشتین لەژێر پێماندا ئاو هەڵدەقوڵا (تجری من تحتهم الانهار)، ئنجا ئاماژەی بۆ كۆشكێكی دەقات كرد وتی: دەزانی ئەوە هی كێ یە؟ وتم: نەخێر نازانم، وتی: ئەوە كۆشكی شەهید عبدالقادر عۆدە یە، ئنجا كۆشكێكی دووقاتی پیشان دام وتی: ئەوە هی فلان دكتۆری هاوەڵتە، زانیم كە ئەو خوا تاقی نەكردۆتەوە و هەندێ نیعمەتی دنیایی داوەتێ بەوە پلەوپایەكەی كەمترە لە عبدالقادر عودە لەبەهەشتا.

ئنجا ئاماژەی كرد بۆ كۆشكێكی سێ قات كە تازە بینا دەكرا و وتی: ئەوە هی تۆیە، چوومە ژوورەوە سەیرم كرد نزیكەی بیست و چوار ژوور بوو، هەر ژوورەش حۆری عەینێكی تیابوو.

دووقاتیم تەواو کرد کە چوومە قاتی سێ پەنجەرەیەکی تیابوو وتی: سەیرکە، ئەیبینیت، سەیرم کرد بینیم.. (لیس کمثله شيء وهو السمیع البصیر) الشوری ١١.

ئنجا گوێم لە دەنگێك بوو وتی: ئەگەر دوومانگ ئارامبگریت بۆت دەکرێت بەپێنج نهۆم. بیرم کردەوە لە ئازار و ئەشکەنجەکەم لەو ساتەدا و بیرم لەو خێروبێرو نازونیعمەتە کردەوە کە چاوەڕێم دەکات لای خوا، خوا هێنای بەدڵما کە بڵێم: بەڵێ پەروەردگار، بەڵام (عافیتك هی أوسع لی) ئنجا گەڕامەوە، برادەرانم بینی کەبە ڕاکردن لەبەهەشتا دەگەڕان بەدوای جێگاکانیاندا، تەنها یەکێکیان نەبێ کە پێی پەتی بوو خوا لێی خۆش بێت. دواتر دووجار هەوڵی تیرۆر کردنیان دام خوا پاراستمی و، کوڕە بچوکەکەمیان لە ئەڵمانیا ڕفاند خواکردی دەستمان کەوتەوە و سەلامەت بوو.

## زەغلول النجار

زەغلول لە هیچ کارێکدا نەیان هێشتووە زۆر بمێنێتەوە، بۆ ساڵێك لە زانکۆی (عین الشمس) دانرا و دوایش لە زانکۆ دەریان کرد، لە ساڵی ١٩٥٩ز خوا دەرگای لەم زانا بانگخوازە بەناوبانگە کردەوە بەوەی بانگکرا لە زانکۆی (ئال سعود) ەوە لە ( ریاض) بۆ دامەزراندنی بەشی جیولۆجیا لەو زانکۆیە..

لە سعودیەوە توانی بچێ بۆ لندن وە لەوێ دکتۆرای هێنا لە ساڵی ١٩٦٣ز دا، ئینجا زانکۆ هەڵی بژارد بۆئەوەی پلەیەکی بەرزتری بداتێ دوای دکتۆراکەی، کە ئەمەش بەیەك کەس ئەدرا، ( ئیدارەی بعثاتی میسر) ی ویستیان ئاستەنگ بهێننە ڕێی، کەچی مامۆستاکەی کە زاوای شاژنی بەریتانیا بوو نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی نارد بۆ میسرییەکان و تی: (گومانی تیا نیە کە دکتۆر زەغلول نەجار لە هەموو کەس زیاتر شایانی ئەوەیە کە ئەو پلە زانستیەی بدرێتێ، جا ئەگەر ڕێی لێبگرن ئەوا هیچ قوتابیەکی میسری لەمەودوا وەرناگرین) ئەوانیش ناچاربوون دەست نەهێننە ڕێی و بینێرن..

دەستی قەدەر: لە ساڵی١٩٦١دا کە دکتۆر زەغلول ویستی لە میسرەوە بچێ بۆ لندن و هەموو معامەلەیەکی سەفەرەکەی کرد کەچی لە دوا ساتدا پێیان وت: تۆ ڕێنادرێیت سەفەر بکەیت و، کارەکەش لای بەڕێوەبەری (جوازات) ە لە پۆرسعید!

دکتور زەغلول و (محمد) ی برای بە پەلە چون بۆ ماڵی ئەفسەرەکە لەماڵ نەبوو، زانیان کە لە خەستەخانەیە و ژنەکەی لەسەر مناڵ بوونە، خێرا چوون بۆ خەستەخانە بۆ لای و ئەویش پیاوانە فەرمانەکەی هەڵوەشاندەوە و وتی: مادام خوای گەورە ئەمڕۆ ژیانی بەخشیەوە بە ژنەکەم و بەسەلامەتی هەستاوەتەوە، ئەبێ تۆش سەفەر بکەیت، جاچی دەبێت بابێت!)..

جا لەبەرئەوەی سەفەرەکەی دکتور زەغلول بە کەشتی بوو، کەشتیەکەش جوولابوو، بۆیە ئەفسەرەکە بەلەمێکی بۆ دەرکرد و لەناوەڕاستی دەریادا زەغلولیان گەیاندە لای و پەیژەیان بۆ شۆڕکردەوە و بەو شەوە سەرکەوت و هەموو سەرنشینانی کەشتیەکە سەیریان دەکرد و لایان سەیر بوو..

دکتور لەم بارەیەوە دەڵێت: ( بە خەیاڵمدا نەهاتووە هیچ گەورەیی و بەرزیەك لەمە زیاتر لە ژیانمدا دەستم کەوتبێ). بەڵێ: ئاوا خوای گەورە لوتی دوژمنانی ڕابوونی ئیسلامی شکاند و فەرمانەکەیان هەڵوەشایەوە و دکتۆر چوو بۆ بەدەستهێنانی پلەی بەرزتر.



د.زغلول النجار

## دوعای باران بارین

دکتۆر عبدالرحمان السمیط دەڵێت: سەردانی هۆزێکی بت پەرستمان کرد و نزیکەی دووسەعات قسەمان بۆ کردن، هیچ سوودی نەبوو، وتیان: ئێمە ئەو قسانە نازانین، سێ ساڵە باران نەباریوە لەناوچەکەماندا و برسێتی و قات و قڕی کەوتۆتەوە و، پێش تۆش گاورەکان هاتوونەتە لامان و بەوە

تاقیمان کردنەوە کەئەگەر ڕاست دەکەن بادوعا بکەن و بارانمان بۆ بباریێت، هەرچی دوعایان کرد باران نەباری بۆیە بڕوامان پێنەهێنان.

ئێستاش تۆ بەهەمان شێوە تاقیدەکەینەوە فەرموو ئەگەر ڕاست دەکەیت دوعا بکە با بارانمان بۆ بباریێت، بەڕاستی منیش لەخۆم ڕانەئەبینی دوعام قبولْ بیْ و بەدوعاو پاڕانەوەی من باران بباریێت، بۆیە کەوتمە بڕو بیانوو هێنانەوە و وتم: من وا دووسەعاتە بەپێوەم ماندووم.

وتیان: جا فەرموو دانیشە دوعاکانت بکە! وتم: ئاخر دەنگم دەرنایەت و دووسەعاتە قسە دەکەم و دوو ڕۆژیشە هیچمان نەخواردووە؟! وتیان: ئەوە نازانین، باران نەباریێت بڕوات پێناهێنین.

ناچار بووم کە مادەم ئەمان عەقلّیان وایێ، بکەومە دوعاکردن، نیەتی خۆم ساف کرد بۆ خوا و بەدڵ کەوتمە پاڕانەوە و، لە بارەگای خوادا وتم: خوایە هەرچەند منی گوناهکار و کەمتەرخەم پیاوی ئەوەنیم دوعام قبولْ بێت، بەڵام خۆت ئاگاداری وەزعەکەیت و ئەمان بیانووی باران دەگرن، خوایە لەبەر منی گوناهکار نا کە لێرەدا ئەگەر نەباریێ ئابڕوم دەچیێ لایان و لەبەرچاویان دەکەوم، لەبەر ئاینەکەی خۆت، لەبەر بەرزبوونەوەی پەیامەکەی حەزرەتی (رسول الله) (د. خ)، دەست مەنیێ بەڕوومانەوە و قابی ڕەحمەتت بکەرەوە بۆمان و بەدەم دوعاکانیشەوە فرمێسکم دەڕشت.

دوای دوعاکان وتیان:وا ئێمە دەڕۆین و سیێ سەعاتی تر دێینەوە بزانین چی دەبێت، خوا ئاگادارە ئەوان ڕۆیشتن و ئێمەش لە ژێر درەختێکداماینەوە، کاتێك هاتنەوە بەفەزڵی خوا باران باری و ئێستا نیوەیان زیاتر موسڵمانە و یارمەتی بانگخوازەکانیان دەدەین بە مەڕومالآت و شتی دیکە سابەڵکو ئەوانی تریش بانگ بکەن بۆئیسلام.

هۆزێکی ئەفەریقیا بیر و بۆچونیان وایە کە خوا رەشەولآخی لەبەر ئەوان دروست کردووە، بۆیە هەمیشە منالّەکانیان وا پەروەردە دەکەن کە لە هەرکوێیەك گاومانگایان دی بیدزن، چونکە وا دەزانن هی ئەمانەو خەڵکی تر بردویانە و لێیان زەوت کردون. جارێك کۆمەڵێك رەشەولآخمان کڕی و ویستمان قوربانیان بۆ بکەین، خوا ڕەحمی پێکردین کەپاسەوانی ڕەشەولآخەکان لە خۆیان بوو، ئەگینا هەربەو شەوە هەموویان دەبرد بۆ خۆیان.




**خوا تەوفیقی خراپەکاران نادات**

خوا یارمەتی چاکەکاران دەدات و کارئاسانیان بۆ دەکات و دەستیان دەگرێ ( یا أیها الذین امنوا اتقوا الله وقولوا قولا سدیدا، یُصلح لکم اعمالکم ویغفر لکم ذنوبکم، ومن یُطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظیما)٧١/الاحزاب.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، هەمیشە قسەی بەجێ‌و بەسوود بکەن ئەوسا ئیتر کردەوەکانتان چاك‌و بەجێ‌و پەسەند دەکات و (تەوفیقتان دەدات) و لە گوناهەکانیشتان خۆش دەبێت، جا ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بێت ئەوە بەڕاستی سەرکەوتن‌و سەرفرازیەکی بێ ئەندازە و بێ سنووری بەدەستهێناوە.

لە لایەکی تریشەوە خراپەکاران کار و کردەوەیان بۆ چاك ناکرێ و یارمەتی نادرێن ( إن الله لایُصلح عملَ المفسدین) ٨١/یونس، و (وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ) ٥٢/ یوسف. واتە: بەڕاستی خوا کاری خراپەکاران چاك ناکات‌و، بەڕاستی هیدایەتی ناپاکان نادات لە پلان و ناپاکیاندا و هەرچی بکەن چەند بەهێزیش بن لاوازیان دەکات (ذلکم وأن الله موهِن کید الکافرین) ١٨/ الانفال.

لە دنیای خۆشماندا ئەمە بەچاکی دەبینین، یاساناسان دەڵێن: هیچ تاوانێك نیە سەد لەسەد تەواو بێت و نیشانەیەك بەجێ نەهێڵێ، ڕەنگە بڵێی چۆن؟ ئاخر نازانی خوا نایەڵێت، خۆ خوا دنیای بەرەڵا نەکردووە، هەرکەس چی دەکات بیکا و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت و شانی پیابکات. خوای

گەورە نەك هەر دادپەروەرە (عادل) ە بەڵكو هەموو دادپەروەری خۆیەتی واتە (العدل) ە، بۆیە لە ناو و سیفاتەكانی خوادا (العدل) بەكارهاتووە نەك (عادل)..

خوای گەورە (منتقم) ە، تۆڵەسێنەو بەزوڵم و ستەم قایل نابێ و لێی بێدەنگ نابێ، چونكە زوڵم و ستەمی لە خۆی حەرام كردووەو لەناو خەڵكیشدا یاساغی كردووە و رازی نابێت كەس ستەم لەكەس بكات، لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە ( یا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته مُحَرَما بينكم فلا تظالموا).

## هەركەسەو ئەجەلێكی هەیە

بڕواداری ڕاست دڵنیایە لەوەی كەئەجەلی بەدەست خوایە، بۆیە لەكەس ناترسێ و ئازاو نەبەردەو هەوڵی خۆی بەو پەڕی چاو نەترسییەوە دەدات.( أحمد قطان) وتاربێژێكی كوەیتیە، دەڵێ: لەبەرئەوەی بەردەوام قسەی هەقم دەكرد و باسی ستەم و خراپەی فەرمانڕەواكانم دەكرد و ئەمەش بە زۆر كەس نامۆ بوو، بۆیە لەلایەنێكەوە پیلان دانرا كە سێ كەس لە نوێژی هەینیدا تیرۆرم بكەن.

بە قەدەری خوا ئەو هەینیە كە بەتەمابوون بێنە مزگەوتەكەوە بۆ دیاریكردنی ڕێ و شوێنی پێویست بۆ كارەكەیان، من لە موسوڵمانانی (بەریتانیاوە) داوەتنامەم بۆهات كە بچم بۆ وتاردان و، ئەو هەینییە لەوێ نەبووم، ئەوەی بەتەما بوو بە كارەكە هەستێ لەگەڵ دوانی تردا كە هاتبوو منی نەدی بوو، ترسابوو وای زانیبوو كە پیلانەكەیان ئاشكرا بووە، بۆیە خۆی ئاشكرا كردبوو گوایە بۆ كارێكی وا هاتووە لەگەڵ دوو كەسی تردا و چەكەكەشی تەسلیم كردبوو. بەم شێوەیە قەدەری خوا وا بوو كە پیلانی دوژمنان نەیەتەدی و خوا پاراستمی. ئنجا بیرمان كردەوە بۆحاڵەتێكی ئا لەوجۆرە چەند گەنجێك مەشق پێبكەین لەسەر كاراتی.

بەڵێ چەند گەنجێكمان بۆ ئەو كارە ئامادە كردو لە پێشەوە دادەنیشتن.

ڕۆژێكی هەینی وتارم دەدا،كابرایەك قوتویەكی بە دەستەوە بوو هات بەرەو مینبەرەكە منیش دەمووت: أيها الناس اتقوا الله، سوودی نەبوو، برادەرەكان گەرم بووبوون و خەیاڵیان هەمووی لای وتارەكە بوو، كابرا هاتە بەر مینبەرەكەو (دیارە پیاوێكی سادە بوو) وتی: قوربان من تۆم خۆش دەوێ و

ئەم دیاریەم بۆ هێناوی، ئنجا برادەرەکان هاتنەوە هۆش خۆیان، ئیتر وازمان لەوەش هێناو وتمان پشت بە خوا هەرخۆی دەمانپارێزێت.

ئەمە بۆ ئەوە نالێین کە بڕوادار ئاگای لە خۆی نەبێ و خۆی نەپارێزێ، بە پێچەوانەوە دەبێ هەموو هۆکارێکی پێویست بگیرێتە بەر بۆ سەلامەتی موسوڵمانان ئنجا دڵنیاش بن لە قەزاو قەدەری خێری خوایی و بزانن کە هەرکەسەو بە ئەجەلێك دەڕوات و کەس ناتوانێ پێش و دوای بخات.

## شێخ محمد غەزالی

شێخ محمد لە ساڵی ١٩١٧ز لە میسر لەدایك بووە، لە تەمەنی دەساڵیدا هەموو قورئانی لەبەرکردووە، لەساڵی ١٩٣٧ز دا چۆتە زانکۆی ئەزهەرو لەساڵی ١٩٤١ز تەواوی کردوەوبۆ ماوەیەکیش لە ئەزهەردا وانەی وتۆتەوە.

لە چەند زانکۆیەکی دیکەش کاری کردووە وەك زانکۆی (ام القری) لە مەککە و زانکۆی (قطر) و زانکۆی( الامیر عبدالقادر) بۆ زانستە ئیسلامیەکان لە (قسطنطینیة) ی جەزائیر. دوو جار بەند کراوە لە ساڵی (١٩٤٩) و (١٩٦٥) دا بەهۆی ئەوەی سەر بەکۆمەڵی برایان بووە.

زیاتر لە پەنجا نووسراوی هەمەجۆری هەیە، وەك (الاسلام والاوضاع الاقتصادیة) و ( التفسیر الموضوعی للقران الکریم) ە کە سێ بەرگە. لەساڵی ١٩٩٦ز دا لەکاتی بەشداریکردنی لەکۆڕێکی فیکریدا لە (ریاض) وەفات دەکات و لەگۆڕستانی بەقیع دەنێژرێ. مامۆستا لەیادەوەریەکانیدا دەڵێت:

١- کاتێ دکتۆر (عبدالحلیم محمود) بوو بە وەزیری ئەوقاف، پێی وتم کە بچم لە مزگەوتی عەمری کوڕی عاص جومعە وتاربدەم، مزگەوتەکە کەوتبووە ناوچەی (الفسطاط) لەخوارووی شاری قاهیرە. ئەو ڕۆژەی کەفەرمانی پێدام سێشەممە بوو، تاوەکو جومعە ئەوەندەی نەمابوو، وەفریای پاکردنەوەو ڕێکخستنی مزگەوتەکە نەدەکەوتم، بۆیە داوام لێکرد کە مۆڵەتم بدات، کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر قسەکەی و فەرمووی: ئەم جومعەیە دەبێ نوێژی تیا بکەیت و وتاری تیا بدەیت. ناچار منیش نزیکەی پەنجا قوتابی خۆمم لە ئەزهەر ئاگادارکرد کە بێن هاوکاریم بکەن لەپاکردنەوەی مزگەوتەکەدا، بەوشێوەیە مزگەوتەکەمان لەماوەیەکی کەمدا پاککردەوە بەمەرجێك لەهەندێ شوێنیدا

تا سەقفەکەی خۆڵ ودار و بەردی تیابوو.. هەمووی چەند جومعەیەکی نەخایاند خەڵکی لەهەموو لایەکەوە روویان کردە مزگەوتەکەو بەجۆرێك نوێژکەر زیادیکرد ژمارەیان لە (١٥٠٠٠) پانزە هەزارکەس تێپەڕی.

لەدڵما شتێك هەبوو بەرامبەر بە (مەعاویەو عەمری کوڕی عاص) و هەموو ئەوانەی کاتی خۆی روبەڕووی ئیمامی عەلی بوونەوەو زۆر رەخنەم لێدەگرتن، تا رۆژێك شێخ (باقوری) هاوەڵم بانگی کردم بۆ ماڵی خۆیان و هەر کەدانیشتم پێی وتم: ئەوە چیت هەیە لەگەڵ (عەمری کوڕی عاص) دا؟

وتم: هیچم نیە تەنها ئەوەندە نەبێت کە لەمزگەوتەکەیدا جومعە دەکەم..

شێخ باقوری وتی: واز لەوە بهێنەو گوێم بۆ بگرە، خەوێکم پێتەوە بینیوە، لەخەوما لەماڵەوە بووم، گوێم لەیەکێك بوو وتی: والی هات، والی هات!، پرسیارم کرد والی کێیە؟،

وتیان: (عەمری کوڕی عاص) ە. کەهاتە ژوورەوەو بینیم سامم لێکرد، پێی وتم: بەشێخ غەزالی بڵێ: من لێی خۆش بووم لەو رەخنانەو لەو قسانەی کەدەیکات چونکە مزگەوتەکەمی ئاوەدان کردۆتەوە.

پاش ئەوەی خەوەکەی بۆ گێڕامەوە یەکسەر دڵم پڕ بوو لەگریان و زانیم کە ئەوە ئیشارەتێکە بۆ ئەوەی کە لەدڵمایە بەرامبەر ئەو پیاوە بەرزانەی ئیسلام، بەشێخ (باقوری) م وت: من پەشیمانی دەرئەبڕم لەبەردەمی تۆدا، بەڕاستی هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر (د. خ) ئەبێت بەڕێزەوە سەیربکرێن. باشە ئەگەر سەرکردە (عەمری کوڕی عاص) فەتحی میصری نەکردایە لەکوێ ئیسلامەتی بەمن دەگەیشت؟!.

وێنەی محمد الغزالی



مزگەوتی عمر بن عاص



٢- قوتابی بووم لـه زانكـۆی ئەزهـەر، بروسكەیەكم بـۆ هـات لـه مـاڵی باوكمـەوە داوایـان لێـدەكردم زوو بگەڕێمـەوە بۆلایـان، منـیش زانكـۆم بەپەلــە بەجێهێشــت، كــە گەیشــتمەوە بینیـم بـاوكم حـاڵی زۆر خراپـەو ئـازارێكی زۆری هەیـە بـەهۆی بـەردی گورچیـلەوە. نـەمان دەزانـی چـی بكـەین، پارەمـان نـەبوو نەشتەرگەری بـۆ بكـەین، لەلایـەكی تریشـەوە ئەگـەر پارەشمـان بـۆ قـەرز بكردایـە نەمانـدەوێرا نەشـتەرگەری بۆ بكەین، چونكە مامم بەهۆی نەشتەرگەری گورچیلەوە گیانی لەدەست دابوو.

پزیشك هەندێ حەبی ئـازاری دابـەباوكم، منیش ناچـار چـوومە سـەر دوكـانی بـاوكم، چـونكە كـەسمان نـەبوو بیكاتـەوە، زۆر دڵتـەنگ و نارەحـەت بـووم، دنیـام لێبووبـوو بـە چـەرمی چـۆلـەكە و سـەری دنیـام لێ هاتبۆوە یەك.

پیاوێك هاتـە دوكـان و هەنـدێ شـتی لێكـڕیم و بـەدەنگێكی نـزم و زۆر بەشـەرمەوە وتـی: پارەكـەم پـێ نیـە، بـەخوا سـبەینێ بـۆت دەهێـنم. منـیش زانـیم راسـتدەكات، وتم:ئـەوە بۆخـۆت و بـڕۆ خـوات لـەگـەڵ. كـابرا رۆیشــت و لـەخۆشـیدا نەیـدەزانی چـیبكات، ئینجـا چـوومە سوچـێكی دوكانەكـەوەو وتم: خوایـە پێغەمبەرەكـەت پێـی راگەیانـدوین كـە چارەسـەری نەخۆشـەكانمان بـەخێر و سـەدەقە بكـەین، داوات لێدەكـەم بەو خێروسەدەقەیەی ئێستام باوكم چاك بكەیتەوە. ئیتر لەسەر زەوی یەكە دانیشتم و زۆر گریام.

پـاش ســەعاتێك لــە ماڵــەوە بانگیــان كــردم كــە نزیكـی دوكانەكـەمان بـوو، بەپەلــە گەڕامــەوە زۆر ئەترسام. كە گەیشتمە ماڵەوە، باوكم هات بـەرەو پـیرم و وتـی: ئێسـتا ئـەم بـەردەم فڕێـدا، نـازانم چـی بـووە، شـكور ئـازارم نـەماو سـەرفرازبووم. منـیش زۆر سوپاسـی خـوام كـرد، كـە هـات بەهانامـەوە و بـۆ سـبەینێ گەڕامەوە بۆ زانكۆ و لەسایەی خواوە بەردەوام بووم لەسەر خوێندن!.

ج- لــە دوای شۆڕشــی ٢٣ی یولیــە١٩٥٢ز، دوو پــەڕاوم نووسـی، یەكـەمیان (الاسـتعمار احقـاد واطمـاع) بەهــەرحاڵێ بـوو وەزارەتـی نـاوخۆ رێـی پێدا چـاپ بكرێـت، دووەمیـان (كفـاح الـدین) بـوو كـە رێیـان بەچـاپكردنی نـەدا. بۆیـە منـیش لـە دادگـا شـكاتم كـرد، لـە كـاتی دادگاییەكـەدا سـەرۆكی دادگـا " كەپیاوێكی چاك بوو " لێی پرسیم: تۆ نووسەری ئەم پەڕاوەی (كفاح الدین)؟،

وتم: بـەڵێ. وتـی: وا نـابینی هەنـدێ بابـەتی تێدایـە كـە چـەند مەسـەلـەیەك دەوروژێنـی؟، وتم: گـرنگ ئەوەیە دادگا دڵنیا بێت كە ئەوەی نووسراوە راستە یان نا، ئەگەر راست بوو ئیتر لۆمەی لەسەر نیە.

وتی: ڕەنگە قسەکەت هەق بێت، بەڵام خۆ هەموو هەقێك ناوترێت، ڕەنگە باسەکەی خەڵکی بورووژێنێت، لە کاتێکدا ئێمە پێویستمان بە ئاسایش و هێمنی هەیە.

وتم: من زانیاریەکانم لە شارەوانی قاهیرە وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٥٧دا، کە باسی ئەو مزگەوتانەم کردووە لەناو قاهیرە روخێنراون، وە وتوومە لە (مصر الجديدە) دا (٣٤) کەنیسە هەیەو تەنها حەوت مزگەوت، لەکاتێکدا کە قیبتیەکان یەك لەسەر دەی موسڵمانانن.. ئەمەشم بۆیە باسکردووە بەڵکو روخاندنی مزگەوتەکان رابگیرێ، جا نازانم ئامارەکانم ناڕاستن؟.

وتی: وانازانم کە ئامارەکان ناتەواو بن، بەڵام بەو شێوەیەی تۆ باست کردووە ئاژاوە دەنێتەوە.

وتم: گەورەم، ئەگەر پیاوێك بەڕێگایەکدا بڕوات و دزێك ببینێ دوکانێك دەبڕێت، لە ترسی ئەوەی تووشی کێشەیەك نەبێت و خۆی لێ لابدات، ڕەنگە لۆمە نەکرێ.. بەڵام ئەگەر ئەو پیاوە خۆی پۆلیس بێت و لە دز رابکات؟ ئەوە چی ناوئەنێت، ئایا خیانەتێکی گەورە نیە؟ ئایا ئەو پۆلیسە کاری پاراستنی ئاسایش نیە؟.

وتی: ئەوە راستە!. وتم: دەی من وەك زانایەکی ئایینی کاری سەرەکیم پاسەوانی بیروباوەڕە، خیانەتە ئەگەر بێدەنگ بم لە ئاست روخاندنی مزگەوتەکان. هەستم کرد سەرۆکی دادگا ڕەنگی گۆڕاو کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، ئینجا بەهێمنی کەوتە تاوتوێ کردنی باسەکانی دیکەی پەڕاوەکە لەگەڵمدا.

لە کۆتاییدا فەرمانی دا کە ڕێ بدرێ پەڕاوەکەم چاپ بکرێت، منیش زۆر دڵخۆش بووم، کەچی وەزارەتی ناوخۆ گوێی نەدا بەفەرمانی دادگا و نەیانهێشت پەڕاوەکە روونـاکی ببینێت هەتا (جمال عبدالناصر) مردو لەکۆڵ میسری یەکان بۆوە!.

د- لە زانکۆی ئەزهەردا ڕێکخستنی برایان دامەزراو من سێیەم کەس بووم لەو ڕێکخستنەدا، رۆژانە سەرم ئەدا لە (المركز العام) و مامۆستا (حسن البنا) زۆر بەچاکی ڕێنمایی دەکردین و هەوڵی دەدا تواناکانمان پەرەپێبدا.

جارێـك بابـەتێكم نووسـی و نـاردم بـۆ گۆڤـاری (الاخـوان) زۆر چـاوەڕوانی بـووم بڵاونـەبۆوە، بۆیـە پشـتم سـاردبۆوە لـە نووسـین. ڕۆژێـك پێشـەوای شـەهید دەچـێتە بەڕێوەبـەرێتی گۆڤارەكـە لـە مامۆسـتا ( صـالح العشـماوی) دەپرسـێت كـە (رئـیس تحریـر) بـوو، بۆچـی بابـەتی چـاكی برایـانم بەرچـاو ناكـەوێ وبۆچـی گۆڤارەكـە لاوازە؟، ئنجـا دەسـت دەبـات بـۆ دۆسـیەی ئـەو بابەتانـەی كـە هـەڵگیراون و بڵاونەكراونەتەوە، لـە ناویـدا بابەتەكـەی مـن دەبینـێ و تـوڕە دەبێـت و دەفـەرموێت: ئەمـە بابـەتێكی زۆر باشەو بیكەن بەسەر وتاری ژمارەی داهاتوو.




ئنجـا نامەیـەكی جـوانی بـۆ نـاردم كـە تیایـدا دەفـەرموێت: ( بـرای بـەڕێزم شـێخ -محمـد الغزالـی- سـەلامی خواتـان لێبێـت، بابەتەكـەتم خوێنـدەوە بـەناوی - الاخـوان المسـلمون والاحـزاب- زۆر دڵخـۆش و شـادمان بـووم بـە دەسـتەواژە جوانـەكانی و مانـا وردو وێژە پاكەكـەی، برایـانی موسـڵمان ئاوەهـا پێویسـتە بنووسـن، هەمیشـە بنووسـن ڕۆحـی قـودس (جبرائیـل) هاریكارتانـە و خواوەنـد لەگەڵتاندایـە، براتـان حسـن البنا/ رابەری گشتی برایانی موسڵمان ).

خـەریك بـوو لەخۆشـی ئـەو نامەیـە بـاڵ بگـرم و ئـیتر دڵنیـاش بـووم كـە ئەگـەر بنووسـم خواوەنـد پشـتگیریم لێـدەكات و بەمـەش بوومـە یـەكێك لـە نووسـەرە دیارەكـانی برایـان. ( مجلـة/ اسـلامیة المعرفة/ژمارە: ٧ ( ١٩٩٧ ).

***

## زەینەب غەزالی

لە ژیانی ئەم شاژنە بانگخوازەدا بەدەیان تەوفیقی خوا دەبینین بۆ نموونە:

١- کە لەدایك بوو باوکی خەوی پێوەبینی لە خەویا مەلۆتکە بوو لە دەستی دەکەوێتە قوڕاوێکەوە و زۆر بۆی دەگەڕێت، کاتێك دەزانێت پیاوێکی چوارشانە لە ژوور سەری پێی دەڵێت: ها ئەوە سەیدە زەینەبە بیگرە، باوکی لێی وەردەگرێت و دەڵێت:تۆ کێیت؟؟ ئەڵێ: من عومەری کوڕی خەتابی باپیریم.

ئیتر پاش ئەم خەوە باوکی هەمیشە پێی دەوت سەیدە زەینەب و زۆر گرنگی پێئەدا تابێتە کەسێکی سەرکەوتووی بانگخواز.

دەموچاوی ئەسوتێ و دوعادەکات ئەگەر خوا شیفای بدات و دەموچاوی تێك نەچێت، خزمەتی بانگەواز بکات، خوا بە فەزڵی خۆی چاکی کردەوەو ئەویش پەیمانەکەی بردەسەر و گەورەترین خزمەتی ئیسلامی کرد.

کە لەزەمانی عەبدولناصردا گیرا حەوت شەوو حەوت ڕۆژ ئەشکەنجەیان دا بێ نان و ئاو، بەو هەموو ئازار و ژانەوە لەسەر زەوی ڕەق و تەقی ژووری بەندیخانەکەی تەیەمومی کرد و نوێژی ئێوارەو عیشای کرد، لە دواهەمین سوجدەدا دوعای کرد، خوایە ناوی کەسم بیرمەهێڵە باکەس بەهۆی منەوە نەیەتە ئەم شوێنەو تووشی ئەزیەت و ئازارنەبێ، خوایە ئەو خاچەی لاوانی ئیخوانی لەسەر هەڵدەواسن و لەبەردەم ژوورەکەی مندا ئەشکەنجەیان ئەدەن و داوایان لێدەکەن جنێو بەمن بدەن و ئەوانیش جنێو نادەن، خوایە ناتوانم گوێم لە ئەشکەنجە و ئازار و ناڵەیان بێت لێم دووربخەرەوە، پاش ئەم دوعایانە خەوم لێکەوت، دەنگێك فەرمووی: زەینەب کە ئاوڕم دایەوە ڕەسول الله بوو (د. خ)، هەردوو دەستم لەسەر شانی موبارەکی بوو.

وتم: تۆ ڕەسول الله یت؟؟، فەرمووی:من پێغەمبەر محمد م، ئەی زەینەب ئەی غەزالی تۆ لەسەر هەقیت.

وتم: ئەی گەورە و خۆشەویست و پێشەوام من لەسەرهەقم؟؟، فەرمووی:ئەی زەینەب ئەی غەزالی ئێوە لەسەرهەقن، (زانیم مەبەستی برایانە)،

**وتم: ئەی گەورەو خۆشەویست و پێشەوام ئێمە لەسەرهەقین؟؟ فەرمووی: ئەی زەینەب ئەی غەزالی ئێوە لەسەر هەقن. لەخۆشیا خەبەرم بۆوە، سوپاس بۆ خوا خاچەکەیان لای ژوورەکەی من دوورخستبۆوە و ئیتر گوێم لە ئازاردانی برایان نەبوو.**

**جارێکی تر چەند سەگێکی هاری برسی دەکەنە ژوورەکەیەوە، ئەڵێ هەرئەوەندەم بۆکرا چاوم نوقاند و کەوتمە وتنەوەی ناوە پیرۆزەکانی خوا، هەستم ئەکرد قەپاڵم پیادەکەن، لە دڵی خۆمدا وتم: ئێستا جلیان بەبەرەوە نەهێشتووم و هەموو گیانم خوێنە، کەچی کەجەللادەکە هاتەوە سەگەکان بەرێتەوە و چاوم کردەوە ئەوەی سەیر بوو جلەکانم هیچی لێنەهاتبوو، ئەتووت هەرنەشهاتوون بەلامدا، کابرای جەللاد کەوتە جنێودان و وتی: پێم نالێی ئەو سەگانە چییان کردووە لەگەڵتا. (بۆ درێژەی ئەم باسە یادەوەرییەکانی بەناوی_ رۆژانێکی تەمەنم _بەکوردی چاپکراوە بیخوێننەوە).**



بانگخواز زينب غزالي

***

## شێخ متوەلی شەعراوی

خوای پەروەردگار بەرگری لە بڕوادار دەکات {إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ }الحج ٣٨

١-باوکی متولی شەعراوی ڕۆژێکیان دوادەکەوێ و تۆزێ درەنگ دەچێ بۆ نوێژی بەیانی، خالێ پێی دەڵێت: خێربوو بۆچی ئەم بەیانیە دواکەوتی؟؟

ئەویش وتی: خاڵە گیان هاوسەرەکەم لەسەر منالبوونە و تۆزێ شپرزی ئەوەم.

خالێ وتی: بیرم کەوتەوە سبحان الله پێش ئەوەی بێم بۆ نوێژی بەیانی خەوم دی هاوسەرەکەت جووجەڵەیەکی بوو، هاتە ناو مزگەوتەوە و بوو بە کەڵەشێر و چووە سەر مینبەر دەیخوێند، هەر لە مزگەوت بوون کە مژدەیان بۆ هێنان کە ژنەکەی کوڕی بووە. هەرواش دەرچوو ئەم کوڕە بووە کەسایەتیەکی جیهانی.

٢- شێخ شەعراوی بەڕەحمەت بێت دەڵێت:

حەزم لە جوتیاری بوو، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە پۆلی سێیەمی زانکۆی ئەزهەر بووم، هەمیشە بیانوم بەباوکم دەگرت و نەمدەویست بخوێنم، ساڵی یەك دووجار نامەم دەنارد بۆ لادێکەمان و بەدرۆ دەمووت پارە و جلەکانم دزراون لەبەشی ناوخۆیی، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر سوور بوو لەسەر خوێندنم (ڕەنگە بەهۆی ئەو خەوەوە بوویێت کە خالّم دیبوی)، بێباکانە جلو پارەوکەلوپەلی تری بۆ دەناردم.

جارێك هات بۆ لام لە قاهیرە، تا پەڕاوی مەنهەجی پۆلی سێیەم بۆ بکڕێت، منیش لەگەڵیدا چوومە کتێبخانەیەکی گەورەو ژمارەیەکی زۆر کتێبم پێ کڕی کە گەڕاینەوە باوکم بەرگی نایلۆنی کڕی و تانوێژی بەیانی بەرگی گرتە کتێبەکانم.. پاشان بەیانی چووم خواحافیزی لێبکەم، لە کاتێکدا لەشەمەندەفەرەکەدا دانیشتبوو منیش لەسەر شۆستەکە لە خزمەتیا وەستابووم پێی وتم: کوڕم شتێك هەیە دەمەوێ پێت بڵێم. منیش ترسام لەدڵی خۆمدا وتم: ڕەنگە دایکم شتێکی لێهاتبێت و ئێستا بیەوێ هەواڵم بداتێ! بەپەرۆشەوە وتم: فەرموو، وتی: کوڕم وامەزانە باوکت گێلە، ئەو کتێبانەی تۆپێویستتە بۆ پۆلی سێ تەنها چەند کتێبێکە، بەڵام تۆ پارەی گامێشێکت بەمن دا بەکتێب.. ئیتر خواحافیزی کرد و

شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ.

ئەم قسەیە لـە ناخەوە هەژاندمی و شەرمەزار بـووم، حـەزم دەکـرد بووومایـە بـە دڵۆپێ ئـاو و بـەناخی زەویـدا بچـومایەتە خـوارەوە، پـاش ئەمـە ڕێڕەوی ژیـانم گـۆڕی، بڕیـارم دا شـەو و ڕۆژ بخەمـە سـەر یـەك و بەچاکی بخوێنم و باوکم ڕازی بکەم، بەمەش گەیشتمە ئەم ڕۆژەی کە دەیبینن.

٣- ناحەزانی ئیسلام دەیانویست کەسایەتی شێخ متوەلی شەعراوی لـەکەدار بکەن، بۆ ئەمە ژنی سەفیرێکیان ڕاسپارد کەسەردانی ناوبراو بکات لـە ماڵەوە بەناوی پرسیاری شەرعیەوە و بەدواشیا ئافرەتێکی هونەرمەند خۆی بکا بەژووورداو بیکەن بە هات وهاوار گوایە شێخ پەلاماری داون.

ئەو ڕۆژەی ژنی سەفیر دێت بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکە بەقەدەری خوا لـەسەر قادرمەی ماڵەکەیان دەکەوێتە خوارەوە و شانزە ڕۆژ لـە خەستەخانە بۆی دەکەوێت و جواب بۆ شێخ دەنێرێت گەردنی ئازاد بکات، ئافرەتە هونەرمەندەکەش تەوبە دەکات و واز لـە هونەریش دێنێ. بەم جۆرە خوا بەفەزڵی خۆی شێخ متولی شەعراوی پاراست. ﴿وانَّ اللهَ لا يَهدِي كَيدَ الخائِنين﴾ یوسف:٥٢.

٤- حاجی محمد کێك دەڵێت: کلیلی شوققەکەی شێخ شەعراوی لـە ئەسکەندەریە لای من بوو، بۆم پاکدەکردەوە و جارجار سەردانم دەکرد، ڕۆژێك تەلـەفونی بۆکردم کە دێت سەر ئەدات لـە ئەسکەندەری یە، منیش بەیانیەکەی خەوم دیبوو کە شوققەکەی پڕبووبوو لـەئاوی ئاوەڕۆ، تەلـەفونێکم بۆهات لـە دراوسێی شوققەکەی شێخ شەعراوی یەوە کە ناوی (لـەیلا) بوو وتی: حاجی محمد خێرا وەرە ئاوی ئاوەڕۆ لـەژێر دەرگای شوققەکەی شێخەوە دێتە دەرێ، بەپەلـە لـەگەڵ یەك دوو کەسی کرێکاردا چووم بۆ چارەسەرکردنی و سەیرم کرد بۆری ئاوەڕۆ شکاوەو ئاو هاتۆتە ناو هەموو ژوورەکانی تەنها ژوورەکەی شێخ نەبێت.

هەرچۆنێ بوو پاکمان کردەوە و چارەسەرمان کرد و کە بۆبەیانی شێخ هات، وتی: چیت لـە ئاوەکە کرد؟ لام سەیربوو، وتم: چۆن زانیت؟ ویستی باسەکە بگۆڕێت، وتم: بەخوا پێم دەڵێی وتی: دوێنێ شەو خەوم بینی.. تومەز لـەو کاتەی من خەوەکەم بە شوققەکەوە بینیوە ئەویش بینیویەتی.

وتم: بەس ئەوەی لام سەیرە قەترەیەك ئاوی ئاوەڕۆ نەچۆتە ژوورەکەی تۆوە، هەرچیم کرد هیچی نەوت. و داوای لێکردم کە باسی نەکەم.

## ئەزmoونی عەمرخالید لە بانگەوازدا

عەمر خالید دەڵێت: من بە چاکی پابەند نەبووم بە ئیسلامەوە، تا ڕۆژێك چووم بۆ (پۆرسەعید)، لە شەقامێکدا پیاوێکی کەمئەندامم بینی کە لەسەر کورسی کەمئەندامەکان بوو، خۆی بۆ نەگیرابۆوە و کورسییەکەی دابووی بە قەراغی شۆستەیەکدا و کەوتبووە خوارەوە و کەس نەدەچوو بەلایدا، من زۆر بەزەییم پیا هاتەوەو چووم باوەشم پیاکرد و هەڵم ساندەوە و خستمەوە سەر کورسیەکەی و دڵم دایەوە.

من ئەمەم بۆ خوا کرد، دیارە خواش ( شاکر علیم) ە، خوا ئاگادارە پاش یەك هەفتە بەیانیەك لەخەو هەستام ودەستنوێژم شت و نوێژی بەیانیم کرد، وە هیچ هۆکارێکیش نابینم بۆ ئەو هیدایەتە، تەنها ئەوە نەبێت کە بەرامبەر ئەو کەمئەندامە کردم!

لەتەمەنی بیستساڵیدا کە قوتابی بووم لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابیدا چووین بۆ گەشتی عومرە، لە مزگەوتی مەدینە خۆشم نازانم چۆن ئەم دوعایە بەدەما هات (خوایە سوننەتی پێغەمبەرەکەتم پێ زیندوو بکەرەوە و دەنگم بگەیەنە بەدنیادا).

کۆلێژی ژمێریاریم تەواوکرد و دواتر ماستەریشم خوێند و لەوبوارەدا بەناچاری کارم کرد تا بژێوی پەیدا بکەم، من حەزم لەو بوارە نەبوو، بەڵام لە ڕێی کارکردن لە کۆمەڵە خێرخوازییەکاندا خۆمم دۆزیەوە و لەو ڕێیەوە لە جیاتی مامەڵە لەگەڵ ژمارەدا کەوتمە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا، کەوتمە بانگەوازکردن، ئاسایش تەنگیان پێهەڵچنیم، شەوێك مۆڵەتی دوو سەعاتیان دامێ، یان دانیشتن لە ماڵەوە و دەم داخستن، یان دەربەدەری و دەرچوون لە میسر.. زۆر گریام نەمتوانی بە دایکم بڵێم: چونکە بێگومان دایکم دەگریا و منیش نەمدەتوانی بەجێی بهێڵم، تەنها فیزەی بەریتانیام هەبوو کە بیست ڕۆژی مابوو، چووم بۆ بەریتانیا و ژن و منالم نەبرد، چونکە ئاسۆم لێ دیارنەبوو، نەمدەزانی قەدەرم بەرەو کوێم دەبات!

ڕەمەزان بوو چووم بۆ عومرە و سێ ڕۆژی مابوو عومرەکەش تەواو بێت لە ٢٧ ی ڕەمەزاندا تەوافم دەکرد و دەگریام وهۆشم بەدنیاوە نەمابوو، چاوم کەسی نەئەدی، دوعام دەکرد و ئەپاڕامەوە، ئەم دوعایە بەدەما هات: خوایە دڵنەوایم بکە و وەرە بەهانامەوە، تەوافی یەکەم و دووەم و سێ یەمم

کرد، پیاوێکی سعودیم بینی ئیحرامی بەستبوو، وتی: ئەوە تۆ لە کوێیت سێ ڕۆژە بەدواتا دەگەڕێم، پێغەمبەری خوا (د. خ) هاتۆتە خەوم و پێی ڕاگەیاندوم کە مژدەت بدەمێ تا ساڵێك ئارامبگری نارەحەتیەکان تەواو دەبن و دەرووت لێدەکرێتەوە.

ئەوەندەی تر گریام یارەبی تۆ کەریمی، تۆی کە دێی بەهانای ئەوانەی کە هەموو دەرگاکانیان لەسەر داخراوە. کە لە حەرەم هاتمە دەرەوە برادەرێك بەناوی (سەید نەجیب کەتانی) لە لوبنانەوە تەلەفۆنی بۆکردم کە بچم بۆلای بۆ ئەوێ، چوومە لوبنان، نەپارەم پێ یە و نەدەزانم چی بکەم، ئەو پیاوە زۆر خزمەتی کردم، بەبەڕێوەبەری نوسینگەکەی خۆی وت: کە بمبات بۆلای خەیات و دوو دەست قاتم بۆبکات، چووم دوو قاتەکەی بۆ کردم و زۆر بۆ حاڵی خۆم گریام.

لە لوبنان لەسەر بۆردێك باسمان لە (صناع الحياة) دەکرد کە لەهەموو لایەکەوە خەڵکانێك بێنە (صناع الحياة) و هەوڵ بدەن کۆمەڵگاکەیان بەرەو پێش ببەن و خزمەتی خەڵکی بکەن، سوپاس بۆخوا ئەو ئاوات و ئامانجە هاتەدی و ئێستە لە زۆر وڵات گروپی (صناع الحياة) خۆبەخشانە کاردەکەن و جێ دەستیان دیارە.

ئنجا کۆمەڵێ بەرنامەی سەرکەوتووم لە کەناڵە ئاسمانیەکاندا پێشکەش کرد و، چەند هەڵمەتێکمان دەستپێکرد دژی مادەهۆشبەرەکان و دژی نەخوێندەواری و لەگەڵ پۆلیسی دوبەی دا تەنسیقمان کرد و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش هاوکاری کردین.

بەداخەوە کودەتاکەی میسر بۆ عەمر خالید بووە فیتنەو مەوقیفی چاکی نەبوو،دەسەڵاتیش وەزعەکەی قۆستەوەو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فلیمی بسوتێت و ئێستا جەماوەری وەك جاران نەماوەو بۆخۆی دەژی.

## لەگەڵ بانگخوازێکدا

لەبەر ئەوەی کاری ئیسلامی کارێکی پیرۆزە و بۆ خوایە، بۆیە دەبینین زۆر جار کاروکردەوە و سەر گوزەشتەی چاکی خواناسان کەس پێی نازانێ، هەندێ جاریش لە یاداشتنامەدا کەسێك بۆ مێژوو یان بۆ سوودگەیاندن بەخەڵکی، ڕووداوو هەڵوێستە جوانەکانی ژیان تۆماردەکات..

کاتی خۆی ئەگەر قوتابیەکی هوشیار و بلیمەت نەبوایە لە مەجلیسەکانی شێخ عبدالقادری گەیلانی دا، کە وتارەکانی شێخی بەپەلە دەنووسیەوە، ئەوا کتێبی ( فتح الربانی) رووناکی نەدەبینی و ئەو هەموو قسە خێرە لەکیس دەچوون. بەهەمان شێوە ئەگەر قوتابیەکی شێخ ( منصور عویس) نەبوایە ئەوا چەند لایەنێکی ژیانی ئەو پیاوە ساڵحە نەدەزانرا و هەروا لەناو دەچوون. ئەو قوتابیەش (شێخ عبدالوهاب الفهد) ە کە خەڵکی وڵاتی ( کوەیت) ە و دەڵێت: شێخ منصور یەکێك بوو لە زاناکانی ئەزهەر، لە میسرەوە هاتە لای ئێمە لە ساڵانی حەفتاکاندا و بوو بە مامۆستای مزگەوتەکەمان.

ئەم زانایە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەست کورت و کەم دەرامەت بوو، ڕێزی زۆری لە قوتابی و میوانەکانی دەگرت و زۆر جار دیاری پێشکەش دەکردن، ڕۆژێك لە خزمەتیابووم، هەندێ هەنگوینی لە (میسر) ەوە بۆ هاتبوو ویستی بەشم بدات، جا لەبەر ئەوەی هیچی لەبەردەستا نەبوو کەتێی بکات بۆم، هەمووی دامێ،هەرچەند هەوڵمدا وەری نەگرم،تووڕە بوو زۆری لێکردم کە لەگەڵ خۆم بیبەم.

ڕۆژێ خواحافیزی لێکردین و گەڕایەوە بۆ میسر بۆ بەسەربردنی مۆڵەتی ساڵانەی کە مانگێك بوو، مانگەکە تەواو بوو دیارنەبوو بگەڕێتەوە، چەند مانگێکی تر تێپەڕی و سۆراخێکی نەبوو، بۆیە داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف کرد کە چاوەڕێ بکەن و فەسڵی نەکەن لە کارەکەی تا هەواڵ دەزانین. هەرچۆنێ بوو فاکسمان کرد بۆماڵیان لە میسر، وەڵامیان داینەوە کە باری تەندروستی باش نیە بۆیە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە، ئێمەش ناو بەناو ئەحواڵمان دەپرسی و هەر بە ئاواتەوە بووین بگەڕێتەوە لامان و لەخزمەتیا سوود مەندبین.

پاش ساڵێك هاتەوە لامان، کەس دڵی نەهات پرسیاری نەخۆشییەکەی لێ بکات من نەبێ، کە لێم پرسی لە هۆی ناساغی و دواکەوتن و نەگەڕانەوەی وتی: کاتێك گەڕامەوە گوندەکەی خۆمان لە (میسر) ئێوارەیەك بانگکرابووین بۆ سەر چێشت و خوانێکی ماڵێکی ناسیاومان، پاش ئەومیوانداریيە هەستم کرد وەزعم تێك چوو، بۆ بەیانی ویستم هەستم بۆ نوێژی بەیانی، هەرچیم کرد نەمتوانی، ئەتووت دیوارێك کەوتووە بەسەرماو جوڵەی لێبڕیووم، ویستم قسەبکەم، قسەشم بۆ نەکرا، هەرئەوەنەبێ هاوارم دەکرد، بەشێوەیەك کە کەس تێم نەدەگەیشت، تا بێن بەلامەوە!

ژن و منداڵەکانم بەپەلە هاتن، کچەکەم و کوڕەکەم هەردووکیان پزیشك بوون، فەحصیان کردم و زانیان تووشی شەلەل بووم، بۆ دڵنیایی زیاتر بردیانم بۆلای باشترین پزیشکی قاهیرە، بەڵام بێ سوود بوو، هەموو جەختیان کردە سەر ئەوەی کە تووشی شەلەلی هەموو ئەندامەکانم بووم، تەنها سەرم نەبێ. دەمبینی ژن و منالەکانم دەگریان، منیش لەناخمەوە دەگریام بەبێ ئەوەی بێجگە لەخوا کەس پێم بزانێ و ئاگای لەحاڵم بێ.

خزمەتکارێکیان بۆ گرتم خزمەتم بکات و خواردن بکات بە دەممەوە و پاکم بکاتەوە، شەوو ڕۆژێکم بەساڵێك لێ دەڕۆیشت، چەند مانگێکم ئاوا بەسەر برد، تەنها هیوام بەخوا بوو کە بێت بەهانامەوە.

شەوێکیان لە خەوما ڕووناکییەکی زۆرم بینی لە پشت دەرگای ژوورەکەوە ئەوەندەی پێنە چوو دەرگاکە کرایەوە و ڕووناکییەکە هاتە ژوورەوە، لەبەر زۆری ڕووناکییەکە نەمدەزانی چی لە پشتەوەیە. لەپڕ کەسێك هات لەپشت ڕووناکییەکەوە و وتی: ئەوە پێغەمبەری خوایە (د. خ) هاتووە سەردانت بکات.

ئنجا ئەو پیاوە وتی:ئەوە ( پرتەقاڵێك و مۆزێك و خورمایەك) پێغەمبەر (د. خ) دەفەرموێت ئەوە دەرمانەکەتە.

منیش نەمتوانی وەری بگرم و بیخۆم، پیاوەکە وتی: من یارمەتیت دەدەم لە خەو ڕاپەڕیم و بەدەنگە دەنگی من منالەکانم بەپەلە هاتن بۆلام، هەرچیم کرد دوو ڕۆژ نەمتوانی تێیان بگەیەنم چیم دەوێ.

باش بوو ژنەکەم دوایی تێگەیشت کە هەندێ میوەم دەوێ، میوەیان هێنا، تا باش بوو ئەوسێ جۆرەی تیابوو کە خۆشەویست (د. خ) فەرمووی، کردیان بەدەممەوە و خواردم، کاتی چێشتەنگاوبوو ماوەیەك خەوتم کە هەستام هاوارم کرد لە خۆشیا، ژنەکەم هات بەپەلە کە بینیمی یەکسەر بورایەوە و کەوت و کچەکەشم هات و سەرسام بوو، خوای گەورە بەفەزڵی خۆی بۆی کردم بە شیفا و چاك بوومەوە و ئەندامەکانی لەشم کەوتنەوە جووڵە. کچەکەم تەلەفونی کرد بۆ کوڕە پزیشکەکەم لەعیادەکەی و پێی وت: باوکم چاکبۆتەوە و بەپێی خۆی دەڕوات، بڕوای نەکرد و وتی بەم قسانە کاتم لێ مەگرە، چونکە خەڵکی زۆر سەرەیان گرتووە لەبەردەمی ژوورەکەمدا، ناچار سوێندی بۆ

خوارد، وتی: شتی وا ئەستەمە ببێ! کچەکەم پێی وت: راست دەکەی لە (منطق) ی عیلمدا ئەستەمە، بەڵام ئەوە باوکمە لەبەردەمما وەستاوە.

بەپەلە عیادەکەی بەجێهێشت و هاتەوە ماڵەوە کە منی بینی لەجێی خۆی وشك بوو، قسەی بۆ نەکرا، هەرئەوەندە نەبێ کە وتی: ( سبحان الله العظیم، وهو علی کل شیئ قدیر).

کە چاك بوومەوە هاوسەرەکەم و مناڵەکانم وتیان لای ئێمە بمێنەوە و مەگەڕێرەوە بۆ وڵاتی کوەیت، منیش وتم: من بانگخوازم و کاری خۆم هەیە دەبێ بچم بەجێی بگەیەنم و تەواوی بکەم و لەقوتابیەکانم دانەبڕێم.

بەڵێ مامۆستا منصور چەند ساڵێك لەلامان مایەوە و رۆژانە رێنمایی خێری دەکردین، تا بەیانیەکیان بۆ نوێژ ئامادە نەبوو، ناچار یەکێك پێشنوێژی بۆ کردین، پاش نوێژەکە مجەوری مزگەوتەکە چوو بەرەو ژوورەکەی و لەدەرگای دا، کەس وەڵامی نەدایەوە، پاڵی بەدەرگاکەوەنا، سەیری کرد شێخ منصور ئاوی دەستنوێژ لە ریشە سپیەکەی دەتکێ و هێشتا قۆڵی کراسەکەی دانەیاوەتەوە و بەدانیشتنەوە لەسەر کورسیەکەی گیانی پاکی سپاردووە.. جا بەم ئاخر خێرییەوە دوور لە کەسو کاری و بە غەریبی لەبەر خوا، بەدەستنوێژەوە لەچاوەڕێی نوێژی بەیانی دا گیانی سپارد و گەڕایەوە بارەگای ئەو خوایەی کەساڵەهابوو لەخزمەت بانگەوازەکەیدا بوو.. ( گۆڤاری المجتمع ١٤٣٧/ ١٤٤٥)

### بەخوا ئەتانگەیەنم!

مامۆستای خۆشەویستم مامۆستا عبدالرحمان سەجادی بۆی گێڕامەوە کاتێ لە شەڕی عێراق ئێراندا لەودیو بوون، رۆژێك لەگەڵ عیمرانی کوڕیدا کە مناڵ بوو دەچێتە بازاڕ و چی پێ دەبێت دەیدا بە خواردن و میوە و کاتێ دەیەوێ بگەڕێتەوە سەیردەکات، تەنها پارەی پاصی خۆی پێیە و ئەگەر بەپاص بگەڕێنەوە دەبوایە خۆی دانیشتایەو عیمرانیش بە پێوە بوایە، بۆیە بڕیار ئەدات کە هەردووکیان بەپێ بگەڕێنەوە کە ماڵێشیان تا ڕادەیەك دووربوو.



کاتێ ملی ڕێ دەگرنەبەر کابرایەکی ئێرانیان لێ پەیدادەبێت و چۆنی و چاکی لەگەڵ مامۆستادا دەکات، بەبێ ئەوەی بیناسێت دەڵێت:فەرموو ئەوە سەیارەکەمە با بتانگەیەنم!

مامۆستاش دەڵێ: ماڵت ئاوا بێت پێویست ناکات زەحمەت بکێشی، ئەڵێ: نەبەخوا من دەمویست بچم لەو سەرتاشخانەیە سەرم بتاشم، کە ئێوەم بینی حەزم کرد بتانگەیەنم و کە گەڕامەوە سەرم چاك دەکەم، لەبەر ئیلحاحی زۆری مامۆستاو عیمران سەردەکەون لەگەڵیاو لەڕێ مامۆستا سوپاسی دەکات و سەرگوزەشتەکەی بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: دیارە تۆش ئەهلی خێری بۆیە خوا ئاوا خستیە دڵتەوە فریای ئێمە بکەویت و ئەو خێرەت دەست بکەوێت.

### تاکسیەک

مامۆستا مەلا نەزیر کە لە مزگەوتی سەلاحەدینی دهۆك ئیمام بوو، بەهۆی ئەوەی چەند جارێك لەو مزگەوتە نوێژم کردووە ناسیاویەکمان بۆ دروست بوو، مامۆستا ساڵی ٢٠٠٩ ڕۆژێك لەگەڵ یەکێکی ئەهلی مزگەوت کە لۆری پێدەبێ و باردێنێ بۆ سلێمانی بڕیارئەدات بێت سەردانم بکات بەڵام بەبێ ئەوەی ژمارەی تەلەفونی لابێت، یان ناونیشانم بزانێ، کاتێ دەچێتە بەردەرکی سەرا و نان دەخوات،

لەسەرجادەکە رادەوەستێت و دوعادەکات تەکسیەکی دەستبکەوێت کە عینوانی من بزانێت، پاش ئەوەی چەند تەکسی بەبەردەمیدا دەڕوات لەسەرخوا دەست لە یەکێکیان رادەگرێت، کەسەردەکەوێت دەڵێت: من لە دهۆکەوە هاتووم بۆلای کەسێك کە ناوی فلأنە و جێ و ڕێشی نازانم، ئەویش بەقەدەری خوا دەڵێت: ئەوکەسەی تۆ باسی دەکەیت دەیناسم و ژمارەی خوشکەزاکەیم لایە ئێستا پرسیاری لێدەکەین. بەو جۆرە بەهۆی خوشکەزاکەمەوە ناونیشانی من و ژمارەی مۆبایلمی دەستکەوت و هات بۆلام و شەو لەخزمەتیا بووم و بۆ بەیانیش گەڕایەوە بۆ دهۆك.

***

## دیداری کەعبە و مەدینەی پیرۆز

دیارە هەموو عاشقی ئەو خاك و ئاوەین و زۆرمان ریگر هەیە کە ناتوانین بچین، بۆیە باشترین چارەسەر دوعایە:

١- کابرایەك پاسەوانی باڵەخانەیەك دەبێت لە ناوچەی هەرەم لەمیسر، لەگەڵ برادەرێکدا باسی دەکات کەزۆر حەزی لە عومرەیە، ئەویش دەڵێت:دوعا بکە، یەك ساڵی رەبەق دوعادەکات، رۆژێکی هەینی لە سوجدەدا زۆر دەپاڕێتەوە و دوعا دەکات خوایە نەمرم تا شاد دەبم بەدیداری کەعبە و مەدینەی پیرۆز، کە سەلام ئەداتەوە، کابرایەك لەتەنیشتیەوە دەبێت پێی دەڵێت: ئەو هەموو دوعایە چی بوو ئەتکرد، ئەمیش دەڵێت: زۆر حەزدەکەم عومرەیەك بکەم وتوانام نیە، ئەویش دەڵێت: پەساپۆرتەکەتم بۆ بهێنە بۆت تەرتیب دەکەم، دەڵێ: بۆ جەنابتان کێن؟ دەڵێ:من باڵوێزی سعودیەم. دیارە زۆر زەحمەتە بگەیتە لای باڵوێزی سعودیە، کەچی خوا کە ئاگای لە نیەت و دڵەکانە باڵوێزی بەپێی خۆی هێنا بۆ لای.

٢- مامۆستا عبدالرحیم لە مەڵبەندی یەکی یەکگرتوو بۆی گێڕامەو کە زۆری حەزی لە عومرەبووە و لەبەر قەرزاری نەیتوانیوە بچێت، ساڵی ٢٠١٢ رۆژێك حاجی برایمی شوشە کە کۆمپانیای حەج و عومرەی هەیە پێی دەڵێت: پەساپۆرتەکەت بهێنە، دەڵێ: بۆ؟، دەڵێ: بۆ عومرە، دەڵێ: ئاخر من قەرزارم و پارەم نیە، دەڵێ: تۆ هەقت چییە، موسڵمانێك پارەی دوو عومرەی کردووە بەخێر، یەکێکیان بۆ تۆ.

٣- منیش بۆ خۆم زۆر دوعام دەکرد بۆ چوون بۆ حەج، خوای گەورە لە ساڵی ١٩٩٨ لەرێی ئێرانەوە بۆی ئاسان کردین. کەئەوەش بەسەرهاتێکی خۆی هەیەو لە یادەوەریەکانمدا نووسیوومەو لە داهاتوودا بلاّوی دەکەینەوە.

## نورەدین زنکی

لە شەڕی (تەل حارم) دا لەگەڵ خاچ پەرستاندا، کە موسڵمانەکان کەم بوون و دوژمنانیش زۆر بوون، (نورەدین) چووە سوجدەوەو کەوتە دوعاکردن و وتی: پەروەردگارا ئەو خاچپەرستانە بەندەی تۆن بەڵام دوژمنتن، ئەم موسڵمانانەش بەندەو ئەولیای تۆن، خوایە ئەولیاکانت سەربخە بەسەر دوژمنەکانتدا، خوایە بەهۆی خراپی منەوە کە شایستەی سەرکەوتن نیم، قەهر لە موسڵمانان مەگرەو بەفەزڵی خۆت سەریان بخە، خوایە ئایینەکەی خۆت سەربخە، (نوورەددین) سەرمەخە، (نوورەددین)ی سەگ چیە تا تۆ سەری بخەی؟!.

(نوورەددین) عاشقی شەهیدی بوو، هەموو جارێ دەیووت: چەندەها جار رووبەڕووی شەهیدی بوومەتەوە بەڵام بەداخەوە نەبووە بە نسیبم. رۆژێك ئیمام (قوتبەدین نەیسابوری) پێی دەڵێ: توخوا ئەوەندە مل لەچەقۆ مەسوو، تۆ کۆڵەکەی بۆ موسڵمانان، خوا نەخواستە تۆ شتێکت لێبێت موسڵمانان بێنازو بێ خاوەن دەبن.

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: ئەی (قوتبەدین) (نوورەددین مەحموود) چییە تا قسەی وای بۆ بکرێت؟ ئەو خوایەی کە هەر خۆی خوایە موسڵمانان و خاکی ئیسلامی پاراستووەو دەیپارێزێ.

کاتێك کە خاچپەرستان ئابڵۆوقەی شاری (دمیاط) یان دا لەسەرووی قاهیرەوە، (نورەددین) کە لەشام بوو، زۆر نارەحەت و دڵتەنگ بوو. ئابڵۆوقە درێژەی کێشاو مانگی رەمەزان هات.

(نورەددین) چوو بۆ نوێژی عەسر لە مزگەوتی (ئەمەوی) داو پاش نوێژ گوێی شل کردبوو بۆ ئیمامی مزگەوتەکە کە بەڕوویەکی خۆشەوە فەرموودەی دەخوێندەوە. فەرموودەکان بەجۆرێك بوون خەڵکەکەی دڵخۆش کردبوو تەنها (نوورەددین) نەبێ کە غەمبارو دڵتەنگ دەبینرا..ئیمامەکە لێی پرسی بۆچی ئاوا نارەحەتو غەمباری؟

ئەویش وتی: شەرم لەخوا دەکەم پێبکەنم و خاچ پەرستانیش ئابڵۆوقەی موسڵمانانیان دابێت.

بۆسبەینێ کە (نورەددین) دێت بۆ نوێژی بەیانی، سەیر دەکات ئیمامەکە لە رێیدا وەستاوەو دەڵێت: قوربان ئەمشەو خەوم بە حەزرەتی (محمد) ەوە بینیوە (دروودی خوای لەسەربێت)، پێی

فەرمووم: مژدە بدە بە (نورەددین) کە خوا موسڵمانانی (دمیاط) ی رزگار کرد لە ئابلۆوقە!.منیش وتم:ئەی پێغەمبەری خوا ناونیشانێکم بدەرێ کە بە (نورەددین) ی بڵێم تا بڕوام پێبکات.

ئەویش فەرمووی: پێی بڵێ بەو ناونیشانەی کە لای (تەل حارم) سوجدەکەی برد...

(نورەددین) کە گوێی لەمە بوو، دەست و برد لە ولاخەکەی دابەزیو چووە سوجدەوەو وتی: (اللهم انصر دينك ولا تنصر نورالدين محمود، ومن نورالدين الكلب حتى تنصره؟)، واتە: (خوایە ئایینی خۆت سەربخە، (نوورەددین مەحموود) سەرمەخە، نوورەدینی سەگ چیە تا سەریخەی؟).

لە ساڵی ٥٦٩ی کۆچیدا لە مانگی شەوال دا بەنەخۆشی (زەبحەی صەدری) مەلی بەرزەفڕی گیانی دایە شەقەی باڵ و پاش (٥٨) ساڵ تەمەنی پڕ لە هەوڵ و تێکۆشان چووەوە خزمەت ئەو خوایەی کە ساتێك لەبەر خاتری نەسرەوت. ( نورالدين محمود ـ د. عمادالدين خليل ـ، روائع إسلامية ـ جزء٢ ـ إبراهيم نعمة).

## شێخ عبدالحمید کشک



ناوبراو کە نابینا بوو وە بانگخوازێکی بەناوبانگی میسری یە و وتارەکانی بە دنیادا بلاّو بوونەتەوە، لەبەرئەوەی کەهەقی دەووت و دژی بەرپرسە گەندەڵەکان قسەی دەکرد، لەهەشتاکانداوتاردانی لێ قەدەغەکراو، بۆماوەیەکیش گیراو بەندکرا. لەبارەی بەندکردنەکەیەوە دەڵێت: بردیانم بۆ ژوورێکی تاکە کەسی لە بەندیخانەیەکدا کە لە ژێرزەویدا بوو، منی نابینا بە تاقی تەنیا فڕێیاندامە ئەو ژوورە ڕەق و تەقەوە، دەستم گێڕا بەدەوری خۆمدا هیچم بەردەست نەکەوت، ناچار عەمامەکەم خستە ژێرسەرم و نووستم، لە خەوما ئەبوبەکرم بینی لەبەردەم قەبرەکەی رەسول الله دا (د. خ)، رووی تێکردم و فەرمووی: رەسول الله دەفەرموێت: ئارامبگرە تۆ لە

ژێرچاودێری ئێمەدایت. کەخەبەرم بۆوە زۆر دڵم خۆش بوو، وەئارامم گرت تا خوا دەرووی لێکردمەوە.

هەروەها شێخ کشك دەڵێت:زۆر دوعام دەکرد کە نەمرم و بەدیداری حەزرەت (د. خ) شاد ببم، شەوێکیان لەخەوما لەدوای رەسول الله وە (د. خ) نوێژم دەکرد، کە لە نوێژەکەی تەواوبوو، ئاوڕی دایەوەو بەدەستی موبارەکی عەمامەکەی بۆ بەستم، بۆیە تاماوم سەر بۆکەس دانانەوێنم.

## دوعاکەم گیرابوو

بەندە ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی ئەندازیاریم تەواوکردو چووم بۆ خزمەتی سەربازی لەسەربازگەی خان بەنی سەعد لای بەغدا، عەریفێکمان لەسەر بوو مەشقی پێدەکردین ئیزعاجی کردبووم، رۆژێکیان زۆر بێزاربووم دوای مەشق کردنەکە نوێژی نیوەڕۆو عەسرو ئێوارەو خەوتنان و بەیانی رۆژی دوایی لە سوجدەدا لە خوا پاڕامەوە ئەو نالەبارەم لە کۆڵ بکاتەوە، خوا شایەتە کە بەیانی چوین بۆ ساحەی تەدریب و ئەو لەسەرمان وەستابوو، ئەفسەرێك لە دوورەوە بانگی کردو وتی: تۆ بڕۆ سەر ئەو جەماعەتەی ترو عەریفەکەی ئەوان هاتە لای ئێمە، کەبەوەش رزگارم بوو، زانیم کە دوعاکەم وەرگیراوە، سوپاس بۆ خوا کە ئاگای لە خەتەرەی ناو دڵەکانەو هەموو کاروباری ئەم بوونەوەرە بەدەست ئەوە.

## پشکنین

١ - مامۆستا موسای بیارەیی وتی: لە ساڵانی هەشتادا مامۆستا صلاح الدین لە ئێرانەوە هاتبۆوە و لە ماڵی مامۆستا حسێنی برای بوو لە هەڵەبجە و جەنابی باوکیشی لەوێ بوو، هەردووکمان نەچووبووین بۆ سەربازی، جاش و جەیش ماڵە و ماڵ دەگەڕان بەدوای ئەوانەی کە نەچووبوون بۆ سەربازی، من زۆر ترسام. جەنابی باوکی فەرمووی: گوێ مەدەنێ خوا کەریمە.

مامۆستاش بەخەیاڵیدا نەدەهات و ئەتووت هەر هیچ نەبووە.

خوا ئاگادارە تا دراوسێکەی ماڵی مامۆستاشیان پشکنی کۆمەڵێکیان دەستگیر کرد و گەڕانەوە، بەفەزڵی خوا نەهاتنە سەر ئێمە، کە ئەوەش بەڕاستی خوا بوو پاراستینی.

**٢- كاك سامان كه پاسەوانی یەكگرتوو بوو له هەولێر دەڵێت: له ٣١ ی ئاب دا هێزێك هاته سەر هەولێر بۆ تاڵانی و بردنی سەیارەو خەڵك كوشتن، سەیارەیەكیان بردین، پاشان من له ماڵێكی برادەراندا بووم كه دوو سەیاره له حەوشەكەدا بوو، یەكێ لەوانه لەسەر دەرگاكەوە سەیری گەراجەكەی كرد و خوا كوێرایی داهێناو سەیارەكانی نەدی، ئەگینا سەیارەكانیشیان دەبردین و رەنگ بوو خۆشمان بكوژن.**

## دەزگای فریاكەوتنی ئیسلامی جیهانی

**ئەم دەزگایه بنكەی سەرەكی له وڵاتی سعودیەیه و له سەد وڵاتدا كاری خێرخوازی دەكەن، نووسینگەی كوردوستانیش كه ئەندازیار جەمال محمد تاهیر بەرپرسی بوو له ساڵی ١٩٩٢ ەوە كەوتەكاركردن، بەندەش بەرپرسی لقی سلێمانی بووم، له سیانزه ساڵدا تا ٢٠٠٣ ئەم كارانه ئەنجامدران له سەرتاسەری كوردوستاندا:**

**١- دروستكردنی شەش سەد مزگەوت، كه مزگەوتی واهەبوو شەش هەزار دۆلاری بۆ هاتبوو.**

**٢- دروستكردن و نۆژەن كردنەوەی چەندین قوتابخانەو خەستەخانه.**

**٣- جێبەجێكردنی چەندەها پرۆژەی ئاوی گەورەو بچوك، بۆنموونه راكێشانی ئاو بۆ قەزای تەق تەق له زێكەوە.**

**٤-یارمەتیدانی خەستەخانەكانی حكومەت به كۆمەڵێك پێویستی.**

**٥-كردنەوەی بنكەی تەندروستی و دەرمانخانەو تاقیگەی پشكنینی نەخۆشی كه سەدان هەزار كەس لێی سوودمەند بوون.**

**٦-بەخێوكردن و سەرپەرشتی كردنی دەهەزار منالی بێباوك كه زۆریان خوێندنیان تەواوكرد و بڕوانامەی باڵایان بەدەستهێناوە.**

**٧- دابەشكردنی هاوكاری مرۆیی، هەزاران تەن ئاردو بەتانی و كەلوپەلی تر.**

**ئەم هەمووكاره لەسەرتاسەری كوردوستاندا بەفەزڵی خواو دڵسۆزی و دەستپاكی كارمەندەكانی كرا و تەنها بیست و هەشت ملیۆن دۆلارمان خەرج كرد.**

١-کارەکە تابلێی نارەحەت بوو لە کوردوستاندا لەبەرئەوەی هێنانی پارە بۆ کوردوستان زۆر زەحمەت بوو، لەسەرەتاوە جارێکیان کاك جەمال بە سەیتەرەکانی سنووری تورکیادا جانتایەك دۆلاری هێنا، لە دواهەمین سەیتەرە کە یەکێکیان جانتاکەی کردەوەو ئەو هەموو دۆلارەی دی وتی: ئەوە چییە؟ مامۆستاش تۆزێ تورکی دەزانی وتی: پارەی منالێ بێباوکە، سەربازەکە دایخستەوە وتی: خێرا برۆ باکەس نەیبینێت.

٢-ئنجا پارەکەمان ئەدا بەکۆمپانیایەك و پارەکەی لە کوردستان ئەدایێ، خەریك بوو لە تورکیا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێ گوایە ئەو هەموو پارەیە چییە هاتۆتە سەر حسابی، خوا پاراستی و تووشی کێشە نەبوو.

٣-زۆرکەس لەهەردوو لایەنی دەسەڵاتدا کارەکانی ئێمەیان پێخۆش نەبوو، ئاستەنگیان بۆ دروست دەکردین، یەکێ لەوان وتی: حەزدەکەین ژەهر بدەن بەمنالێ بێباوك و پارەیان نەدەنێ. جارێك لە بەرتاقیگەی نەخۆشیەکانی سلێمانیدا بۆمبێکیان بۆ دانابووین تەقیەوە، خوا رەحمی کرد زیانی گیانی نەبوو.

لە هەولێریش بەهەمان شێوە بۆمبیان بۆ دانابن لەبەردەرگای دەزگاکەماندا و کاك ئیسماعیل کە پاسەوان بوو بریندار بوو پاش عیلاج کردنێکی چەند ساڵە شەهید بوو.

٤- شەڕی براکوژی چەند ساڵی خایاند و کەش و هەوایەکی نائارامی دروست کرد و ئاستەنگ بوو، جارێك کە لایەنێك ئابلۆقەی سۆرانی دابوو برادەرانمان بەهەرحاڵێ بوو توانیان بچنە ناوەو مووچەی منالان بدەن.

٥-بەوهەموو بارووروفە سەقەتەی کوردستانەوە هەر تەوفیقی خوا بوو کە مەکتەبی کوردوستان یەکەمی هەموو مەکتەبەکانی دەزگای فریاکەوتن بوو لە جیهاندا.

### سەرکەوتن لە خواوەیە

بڕواداران داوایان لێکراوە کەچی لە توانایاندایە ئامادەی بکەن و ئنجا پشت بەخوا ببەستن لە رووبەڕووبوونەوەی دوژمنان دا {وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ

وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ }الأنفال٦٠،

به درێژایی مێژووی ئیسلام موسڵمانان جەنگاوەر و تفاقی جەنگیان لە کافران کەمتر بووە، زۆربەی جاریش سەرکەوتون بەهۆی دڵسۆزی و بۆ خوا سوڵحانیانەوە،بۆنموونە لەبەدردا موسڵمانان یەك لەسەر سێی کافران بوون، لە ئوحودو خەندەقیش دا کافران چەند قاتی موسڵمانان بوون، لەشەڕی موئتەدا موسڵمان سیٚ هەزارکەس بوون و ڕۆمەکانیش دووسەد هەزارکەس بوون.

## موەلیدەکەی ئارا

بەڕێوەبەری ئارا لە سلێمانی (کە یەکێ لەکارەکانیان چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی ئیسلامیە) بۆی گێڕامەوە، کە چەند ساڵێك لەمەوبەر پێویستیەکی زۆریان بە موەلیدەیەك دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و پارەشیان بەدەستەوە نابێت، بەڕێوەبەر دەیەویٚ هەرچۆنێك بێت بە قەرز و قۆڵەش بێت بیکرِن تا خوا دەروویەکیان لێدەکاتەوە، ناوبراو دەچێت سەوای موەلیدەیەك دەکات کە بابی دووهەزارو چوارسەد دۆلاربوو، لەو کاتەدا تەلەفونی بۆ دەکەن کە کەسێك لە ئارا چاوەڕوانی دەکات، کە دێتەوە ئەبینیٚ ئەو کەسە دەیەویٚ شتێکی بۆچاپ بکەن، کە ئەمەش یەکەم کاریان بوو لەو بوارەدا کە بیکەن، بەخاتری زۆرەوە کارەکە دووهەزارو چوارسەد دۆلاری قازانج کرد کە پارەی موەلیدەکە بوو. ئایا ئەمە تەوفیقاتی خوا نیە؟

بەڕاستی (من کان لله فقد کان الله له)، تۆ نیەتی خۆت ساغ بکەرەوە بۆ خوا، گومانت نەبێت کەخوا دێت بە هاناتەوە.

***

## مزگەوتەکەی دوکان

دۆستی خۆشەویستم حاجی محەمەدی شارستێن لە دوکان بۆی گێڕامەوە کە کاتی خۆی پێش سی ساڵێك کە دوکانی سەرەوە نەڕووخا بوو، وەناوبراو دوکانی بەرگدروونی هەبوو، کەسێك دەچێت بۆلای و داوای پارەی لێدەکات بۆ مزگەوت، ئەویش بیست دیناری سویسری پێدەبێت دەیداتێ، کاك حاجی دەڵێت: تا نیوەڕۆ کەسێك هات تۆپێك قوماشی لێکڕیم وڕێك بیست دیناری قازانج کرد،ئایا ئەمە تەوفیقاتی خوا نیە؟

شایانی باسە کە بەندە بەڕێوەبەری دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی جیهانی بووم لە سلێمانی، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا پێنج سەد هەزار دیناری ژنێکی سعودیمان بۆ هات بۆ دروستکردنی مزگەوتێك، ویستمان لە دوکان مزگەوتێك دروست بکەین، کاك حاجی محمد زەوییەکی باشی پەیداکرد و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر هاوکاری کردین و ئەو مزگەوتە جوانەی لێدەرچوو کە ئێستا چاو گەش دەکاتەوە لە دوکان.

## وردە نانی چۆلەکەکان

کاك جەلال دۆست و ناسیاومە لە مزگەوتی بەختیاری سولەیمانی بۆی گێڕامەوە، کە بەیانیان دەچێ بۆ دوکانەکەی لە گەڵ دەستیا هەندی نان دەباو وردی دەکات لەڕێی خۆیدا لەژێر درەختەکانی ڕێگەکەیدا دایدەنێت بۆچۆلەکەکان. ڕۆژێکیان لەساڵی ٢٠١١ دەچن بۆ سەیران بە ماڵ و منداڵەوە، سەیارەکانیان لە شوێنێکدا دائەنێن کە تەسك بوو، سەیارەی یەکەم لە پێشەوە و دووەمیشیان کە کرۆلا بوو لە دوایەوە، کاتێك ئێوارە هەڵدەستن بگەڕێنەوە و سەیران چی ئەو ناوە چۆڵدەکەن و تاریك دادێ و مێشوولە زۆر دەبێت، سلف لە سەیارەی کرۆلاکە ئەدەن کە بەردەمی سەیارەکەی تریشی گرتووە ئیش ناکات، دەستیشیان بە کەسا ناگات، کاك جەلال دەڵێت: لە دڵی خۆما کەوتمە پاڕانەوەو وتم:خوایە من لەبەر تۆ بەیانیان نان ئەدەم بە چۆلەکەکان لەبەر ئەو کارەم هەرچەند کەمیش بێت وەرە بە هانامانەوە، خوا ئاگادارە بە کوڕەکەم وت: بڕۆ سلف بە لە سەیارەکە.

وتی: ئاخر ئیش ناکات. وتم: تۆ برۆ پشت بەخوا، خوا ئاگاداره سلفی لێدا ئیشی کرد، یەکسەر سوجدەی شوکرم برد بۆ خوا، سەیارەکە ئیشی کرد تا بەرماڵەوەو ئنجا لە ئیش کەوتەوە.

## ئافرەتێکی هۆڵەندی وخەوێک

دکتۆر محمد موسی الشریف موشریفی پێگەی (التاریخ) دەڵێت:دکتۆر مستەفا ئۆزجان کەخەڵکی ئەستەنبوڵە و مامۆستای زمانی عەرەبی یە لە زانکۆی (روتردام) لە هۆڵەندا، بۆی گێڕامەوە کە ئافرەتێکی هۆڵەندی موسڵمان دەبێ و شوو دەکات بە کوڕێکی تورك ودووگیان دەبێت وهەندێ جار ڕاڕا دەبێ کە بۆچی موسڵمان بووە، شەوێکیان لە خەویا لەبەردەمی قەبری باوکیا وەستاوە (کە بەکافری مردووە) و قەبرەکە دەکرێتەوە و باوکی بە سوتاوی وبە حاڵێکی خراپ دەبینێت، باوکی داوای لێدەکات کەئەمیش بچێت بۆ لای، ئەمیش دەڵێت: ئەگەر بێم بۆ لات کۆرپەلەکەی سکم زیانی پێدەگات، ئنجا باوکی پێی دەڵێت: زۆر جار ڕاڕایت و دەڵێیت کە بۆچی موسڵمان بوویت، ئایا وانیە؟؟ ئەمیش دەڵێت:بەڵێ وایە، باوکی دەڵێت: حەزدەکەیت وەکومنت لێبێت، سەیری جەستەم بکە چۆن سووتاوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بیروباوەڕەوەیە کە هەم بوو، کچم دەست بگرە بە ئاینەکەتەوە و پاشگەز مەبەرەوە، ئیتر دوای ئەم خەوە تەواو دڵنیا بوو لە هەق وڕاستی پەیامی خوا. (المجتمع ژ١٧٨٥ لە ٢٠٠٨/١/١٩).



د.مصطفی اوزجان



د.محمد موسی شریف

## موسوڵمان بوونی پزیشکێکی ئیسپانی

پرۆفیسۆر زەغلول النجار دەڵێ: دکتۆر ( رافاییل کۆندی) پزیشکێکی ئیسپانی بوو، خاوەنی عەیادە و خەستەخانەی خۆی بوو، زۆر هەوڵیداکە کچەکەی ببێت بەپزیشك و جێی بگرێتەوە، کەچی قەدەری خوا وابوو کە لە پێشبڕکێی ئوتومبیلدا لە لۆفەیەك دا وەربگەڕێ و بمرێت.

دوای ئەم ڕووداوە زۆر شەو دەچووە خەوی باوکی و پێی دەووت باوکە لەگەڵ یەکتاپەرستەکاندابە و ڕێی ڕاست بگرەبەر.. ئەمیش ئەم خەوەی زۆر لا سەیربوو، ئەبێ ڕێی ڕاست چی بێ و چۆن بێ و لای کێ بێ؟ بۆیە ڕۆژێ چوو سەردانی زانکۆی کرد و هاوەڵەکانی کچەکەی بینی و، پاش پرسیارکردن بۆی دەرکەوت کە کچەکەی لە زانکۆ هاوەڵی موسوڵمانی هەبووە و موسوڵمان بووە، وە بەتەمابوو لە داهاتوودا موسوڵمانبوونەکەی ڕابگەیەنێ.

پاش ئەوە کۆندی شەو خەو بە کەعبەوە دەبینێ و زۆر لای سەیر دەبێت و، حەز دەکات کە زیارەتی کەعبە بکات، بۆیە داوا لە هاوەڵێکی دەکات کە ناوی (عبدالصمد رومیرۆ رومان) بوو، تا کاری بۆ ئاسان بکات بۆ چوون بۆ زیارەتی کەعبە، ئەویش پێی وت: تا موسوڵمان نەبی ناتوانی بچی بۆ زیارەتی کەعبە.

بۆ ئەمەش عبدالصمد لە ڕێی برادەرێکی یەوە لەجەدەوە کە خەستەخانەی هەبوو داوەتنامەی نارد بۆ دکتۆر کۆندی، کاتێك گەیشتە جدە، فێری ئیحرام بەستن و عومرەکردنی کرد و موسوڵمانبوونی خۆی تۆمارکرد، پاش ئەمە دکتۆر کۆندی چوو بۆ زیارەتی کەعبە و هەر کە بینی ئەوەندە گریا خەریك بوو ببورێتەوە و وتی: سبحان الله، ئەوەی ئێستە دەیبینم ئەوەیە کە لە خەوەکەمدا بینیومە..

پرۆفیسۆر زەغلول دەڵێ: کە دکتۆر کۆندیم بینی زۆر گلەیی کرد و وتی: ئێوە بەڕاستی ئیسپانیاتان پشتگوێ خستووە، لە کاتێکدا ئیسپانیەکان دەتوانن ببنە نوێنەرتان بۆ هەموو ئەورووپا و دەروازەیەکی گرنگە بۆ ئیسلام..

ئینجا وتی: ئێمە بە ئەسڵ موسوڵمانین، هەرچەندە ئێستا هیچ لە ئیسلام نازانین،ماڵەکانمان ئایەتی تیا هەڵواسراوە و تێی ناگەین، ئێمە کاتی خوێ باووباپیرانمان لەسەر ئیسلام سزا دراون و تائێستاش مردوو لەلای ئێمە دەشۆرێت و کفن دەکرێت و لەسەر لای ڕاست دەنێژرێت.. تەنانەت ناوی من

(کۆندی) لەزانای بەناوبانگی موسوڵمانەوە (کندی)یەوە هاتووە..ئێوە هەقە بانگی خوا بدەنەوە بەگوێی ئیسپانیەکاندا.. شایانی باسە دکتۆر کۆندی و عبدالصمدی هاوەڵی چوونە سەرایقۆ و خەستەخانەیان لەسەر حسابی خۆیان کردەوەو خزمەتێکی موسوڵمانانیان کرد کە بە دەوڵەتیش نەدەکرا.. (بەرنامەی اسلام بلا حدود).

## یەک بە چوارسەد

ئەلب ئەرسەلان بە پانزە هەزار سەربازەوە لە جەنگێك دەگەڕێتەوە، پاشای قوستەنتینیە (رۆمانس) بە شەش سەد هەزار سەربازەوە دەیەوێت هێرش بکاتە سەریان وئیسلام لەرەگ و ریشە دەربێنێت، ئەلب ئەرسەلانیش خۆی دەشواو کفن دەپۆشێ و بۆن ئەدا لەخۆی و وتار ئەدا بۆ سوپاکەی و دەڵێت:وا ئیسلاما، وا ئیسلاما.. ئەمڕۆ ئیسلام و لاالەالا الله لەمەترسیدایە، کێ بەهەشتی دەوێت با کفن بپۆشێ و خۆی ئامادەکات بۆ مردن، هەموو سوپاکە کفنی پۆشی و رووبەڕووی دوژمن بوونەوە، یەك کەس بەرامبەر چوارسەد کەس، خوای گەورە سەری خستن بەسەر دوژمندا و ئەو سوپا گەورەیەیان شکاند:

(كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ) **البقرة:** ٢٤٩

ئەوانەی شەهید نەبوون دەگریان کە شەهیدنەبوون و دەبوایە کفنەکەیان داکەننەوە، ئەلب ئەرسەلانیش چەند جاری تر چووە جەنگەوەو کاتێ لەسەرجێگا لەسەرەمەرگدا بوو پێی ناخۆش بوو کە لە مەیدانی جەنگدا شەهید نەبوو، وتی: ئای بۆ ئەو ئاواتانەم کەنەهاتنە دی، ئای بۆ ئەو ئێشانەی کەنەمتوانی بیانکەم، ئای بۆ ئەو نەفسانەی کە بەداخ و حەسرەتەوە دەمرن.

(وتاری هكذا علمتنی الحیاة _علی عبدالخالق القرنی).

***

## دووەم حەج

رەحمەتی خێزانم ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ مندا حەجی کرد، پاشان خوا بۆی ڕێکخست ساڵی ٢٠٠٢ ش چووەوە بۆحەج زۆر نارەحەت ئەبێ بەوەی کەمنی لەگەڵدا نیەو ئوتێلەکەیان دووردەبێ و کۆمەڵێ شتی تر، بۆیە ڕۆژێك لە ژووری ئوتێل دائەنیشێ و زۆر دەگری و لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

خوایە من کەی داوای حەجی وام لێکردووی، من دەمویست ئەم حەجەم لەوەی یەکەمم خۆشتر بێت. ئەم لەم ڕازونیازەدا دەبێت لەگەڵ خوای خۆیدا و ژنێك لە ژوورەکەدا نووستبوو خەبەری دەبێتەوەو ئەڵێ سبحان اللە ئێستا تۆم بینی لەبەهەشتا بووی میسکت دەبەخشیەوە. ئیتر ناوبراو ئەوەندەی تر گریاو سوپاسی خوای کرد کە وەڵامی دایەوەو ئەو خەوەی پیشانی ئەو ژنە دا، کە ماناکەی ئەوەیە تۆ ئەهلی بەهەشتیت ئیتر چیت دەوێ و گلەیی چی دەکەیت.

هەر خێزانم دوعا دەکات کە شێوازی مردن ببینێت، خوای گەورە بەفەزڵی خۆی لە خەویا دەیمرێنێ و، پیشانی ئەدات کەچۆن دەیبەن بۆ سەرقەبران و چۆن دایکی شیوەنی بۆ دەکات وپرسەی بۆ دائەنێت.بۆیە لەمردن نەئەترسا وزۆر بەلایەوە ئاسایی بوو.



## برِۆ لای خۆتان کاربکە!

دکتـۆر محمـد راتـب نابلسـی دەڵێت: نزیکـەی سەدسـاڵێك لەمەوبـەر گـەنجێکی بـۆ خـوا سـوڵحاوی خەڵکی شام ئەچێ بۆ مەدینـە و حـەزدەکات لـەو خاکـە پـیرۆزە نزیـك بێـت لـە پێغەمبـەری خـواوە (د. خ)، خۆشەویسـتیش دەچـێتە خـەوی پێـی دەڵێـت: کارکردنـت لـە وڵاتەکـەی خـۆت باشـترە لـەوەی لـەلای مـن بیت، لەلای من بەختەوەر دەبیت بەڵام کارت بۆ ناکرێ و پلەت بەرزنابێتەوە.

ئـەمیش دەگەڕێتـەوە بـۆ شـام وقوتابخانەیـەکی ئـایینی دادەمـەزرێنێ و بـۆ مـاوەی هەشـتا سـاڵ خـەڵکی فێـری ئیسـلامەتی دەکـات و جـاری واهـەبوو بەهەنـدێ قوتـابی دەوت: باوکـت و باپیریشـت لای مـن قوتابی بوون. ئـەم پیـاوە خواناسـە نـەوەدو شـەش سـاڵ ژیـا و خزمـەتێکی گـەورەی ئیسـلامی کـرد و ئێسـتاش قوتابخانەکـەی مـاوە. لێیـان پرسـی چـۆنە ئـاوا چـاوو گـوێ و ئەندامـەکانت بـەو تەمەنـەوە باشـن، وتـی: لـە گەنجیـدا پاراسـتمانن لـە گونـاه، خـوای گـەورەش لـە پیریـدا بـۆی پاراسـتین. (موسـوعة الاسمـاء الحسـنى _محمد راتب النابلسی -بەرگی دوەم /لاپەڕە ٨١ ).

## مامۆستا مەلا مەجیدی شەقڵاوە

(د. عـەلی ئیحسـان) کـە یەکێکـە لـە بـرا دێرینـەکان باسـی خوالێخۆشبوو مامۆستا ( مـەلا مەجیـدی شەقڵاوە) ی بۆ کردم کە زۆر هەڵوێستی جوانی هەیە بۆنموونە:

١- لە هەشتاکاندا وەزیری ئـەوقاف دەچێت بـۆ شـەقڵاوە لـە ئوتێلێـك دادەبـەزێت و دەنێرێـت بـەدوای مەلاکانـدا و زۆربـەیان دەچـن، مـەلا مەجیـد ناچـێت، بۆیـە دوایـی وەزیـر خـۆی دێـت سـەردانی دەکـات و گلەیی نەچوونەکەی لێدەکات، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت:

قوربـان خـۆ جـەنابتان وەزیـری گەشـت وگـوزار نـین لـەو جـۆرە ئوتێلانـەدا دابـەزن، کـە نهـۆمی خوارەوەی بارەو مەی تیا دەخورێتەوە، ئەو هـەموو مەلایـە بـە جبـەو مێزەرەوە ئـاخر چـۆن بێنـە خزمـەتت لـە شوێنێکی وادا، جێی بـەڕێزتان مزگەوتـە، چـاك وابـوو لـە مزگـەوت دابەزینایـە و جـا بتزانیایـە چـۆن هـەموو مەلاکان دەهاتنە خزمەتتان. بەمەش جەنابی وەزیر دەمکوت دەبێت و هیچی بۆ نامێنێتەوە.

ب – رۆژێك مامۆستا مەلا مەجید دوو میوان دەچنەماڵیان و خێزانی دەمەو نیوەڕۆ خواردنی ئەو دوو میوانە و خۆیان ئامادە دەكات، كاتێ دەگەنە وەختی نانخواردن میوانەكان ژمارەیان دەگاتە (١٥) كەس. كوڕی مامۆستا دێت و دەچرپێنێ بەگوێی داو دەڵێت: دایكم نازانێ چیبكات، خواردنەكە زۆر كەمەو بەش ناكات، مامۆستاش دەڵێ: بەدایكت بڵێ كە كەوگیری دا لە چێشتەكە با (بسم الله) بكات و هەقی نەبێت.

كوڕەكە دەڵێت: بەخوا نەك (بسم الله) بەڵكو هەموو قورئانیشی بەسەرا بخوێنێ هیچی پێناكات و خواردنەكە بەشناكات. مامۆستا پێی دەڵێت: نەفام تۆ لەوە تێناگەیت،چیت پێدەڵێم وا بكە...

ئینجا خێزانی ( بسم الله) دەكات و خواردنەكە تێدەكات، بەفەزڵی خوا، خواردنەكە بەرەكەتی تێدەكەوێت و بەشی هەر (١٥) میوانەكە دەكات.

## مامۆستا نوری فارس

ئەم مامۆستا خۆشەویستە زۆر لەفەرموودەكانی حەزرەت وەك پەڕاوی (تاج) و (ریاض الصالحین ) كردووە بەكوردی بێجگە لە چەند پەڕاوێكی فیقهی و وەكو خۆی دەڵێت: جاری واهەبووە یەك هەفتە بەدوای مانای وشەیەكدا گەڕاوە.

ئەم پیاوە باشە كاوەی كوڕی لەگەڵ خەلیل ناوێكدا كە كەركوكی بوو كاری دینارو دۆلاردەكەن و هاتوچۆی سنووری ئێران دەكەن لە نەوەدەكاندا، یەكێ لە سەیتەرەیەكی لای كانی پانكەی سلێمانی هەواڵ ئەدەن بەكۆمەڵێ چەتەی پیاوكوژ كەئەم دوو نێچیرە پارەی باشیان پێیە بۆسەیان بۆ بنێنەوە، ئەوانیش بەجلی پۆلیسیەوە دەستیان لێرادەگرن وپارەكەیان لێدەسینن، سەیارەیەكیان پارەكە دەباتو سەیارەیەكیشیان لە ئیش دەكەوێ،لەم بەزم رەزمەدا خەلیل دەمانچەكەی دەردێنێ برای سەرۆك دزەكان ئەكوژێ، سەیارەی دزەكان دەكەوێتەوە ئیش و ئەوانیش خەلیل بریندار دەكەن، بەهەرحاڵ پۆلیسەكانی سەیتەرەكە هەرچەند نزیك دەبن لێیان هیچیان بۆناكەن و ناچن بەدەمیانەوە، بەهەرحاڵ ئوتومبیلێك لەڕێی خوادا خەلیل وكوڕی مامۆستا سەردەخات ودەگەنە عەربەت،

سەرۆکی چەتەکانیش بەخۆی وهەشت سەیارە چەکدارەوە دەگەنەوە سەریان پاش ئەوەی کەمەیتی براکەی بۆ دەچێتەوەو ئەم دوو داماوە شەهید دەکەن.

مامۆستاو خزمانی مەیتەکان وەردەگرنەوە و سێ رۆژێك بەسەر تەعزیەکەیاندا تێپەڕدەبێت، کابرایەکی جل کوردی بالأبەرز دێت بۆ کتێبخانەکەی مامۆستا مەلا مەحمود لای مزگەوتی گەورەو ئەحوالّی نوری فارس دەپرسێت، ئەویش دەلّێ:لە تەعزێوە ئالأوەو کارەساتێکی وای لێقەوماوە، ئەویش دەلّێ: من بۆ ئەو مەسەلەیە ئێشم پێیەتی، ئەمیش دەلّێت:زۆرباشە نیوسەعاتی تر وەرەوە وادەکەم مامۆستا نوریش بێت، مامۆستاوخزمێکیان دێن و لەژوورێکی مزگەوتی گەورە قسەی لەگەلّ دەکەن و کابرا هەموو بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە.

مامۆستا نوری فارس ئاوا باسی دەکات:

پاش سی ودووسالّ لەغەریبی کوڕ بەناهەق کوژرا، مالّ دزرا، سەیارە فڕێنرا، دەنگمان بەخوا نەبێت بەکەس نەدەگەیشت،بەسەرو ریشی سپیەوە، خۆشی خۆشی گەڕاینەوە ناو ولأتی خۆمان، کەچی کۆمەلّێ کوردی نامەردی سەربەم لایەنە کوردیە بەناو پێشمەرگانە، کەلەرأستیدا جاش مەرگەن، نەوەك پێشمەرگە، وەك دووپشکی عەربەت وکولە وەیباب دایان پێمانەوە، جالەمالّەوە من و دایکی کاوە دەستمان کرد بەپاڕانەوەو قورئان خوێندن و قورئان هەلّبڕین وقووروسکاندن، گاور بەزەیی پیامانا ئەهاتەوە، ئاگامان لەهیچ نەبوو، مێشێ دوژمنمان نەبوو، هیچ خەبەرێ نەبوو، رۆژێ دووپیاو لەخەلّکی ئەو ناوچە هاتن بەپرسەمانەوە، ئێمەش رێزێکی شایانمان لێگرتن، دلّم خەبەری دا کەئەمانە شتێ لەدلّیاندایە، لەبەرئەوە یەکی کتێبێکی تاجی کوردیم بەدیاری پێیاندا وگوتم پێیان: ئەمەنوێنەری ئێمەیە لای ئێوە، ئەوانیش بەخەیالّی خۆیان ئێمە مالّە مەلایەکی هەژاری خودای بێکەسین وتەواو، لەبەرئەوە جێگەی مەترسی نین بۆیان.

جارۆژێ یادی مەولود یان ئیسراومیعراج بوو دەعوەت کرابووم لەمزگەوتی گەورە، لەناومەلایاندا دانیشتبووم، خزمێکم هات وتی: کابرایەك وا لەدەرەوە داوات ئەکات، کەچووم دەڕوانم وا پیاوێ رانکوچۆغەیەکی رەشی لەبەردایە کەمنی دی وتی: تۆ نوری فارسی باوکی کاوەیت؟ وتم: بەلّێ بۆچی؟ وتی: بڕۆ دەمانچەیە بێنە و بمکوژەو رزگارم بکە، من یەکێکم لەو کۆمەلّەی کەکوڕەکەی

تۆمان کوشتووە، وتم: بابچینە ژووریّ لەژووری حافزەکان، لەویّ وتی: نارۆم هەتا نەمکوژی، ژیانم لیّ تالّ بووە، شەوتابەیانی نەقیبێکی عەسکەری دیّتە گیانم و ئازارم دەدا ودەست دەخاتە بەرینم، هەتا بەیانی دەمتاسیّنیّ، هەموو شەویّ پیّم دەلّیّ:رۆژ لەرۆژ خراپتر لیّدەکەم، ئەگەرنەچی بۆلای باوکی کاوە وئەم تاوانە ئاشکرانەکەیت!وتی: ئیّوە نازانن هەرشەویکم مردنیّکە، منیش لەگەلّ خزمەکەم هەرچی وت لەبارەی تاوانەکەوە لەکوتە کاغەزیّ بەپەلە نووسیمان، ئەوجا پیّمگوت: من لیّرەدا لەپەنا قەبری کاك ئەحمەدی شیّخدا پیاوناکوژم، بەلاّم تۆ برۆ بائەو پۆلیس و ئینزیباتانە پیّت نەزانن و ریّزی مزگەوت نەشکیّ، بەیانی سەعات نۆ وەرەوە بۆ فلاّن دوکان،وتی: باشە..بەلاّم ئیّستا بیّ یان بەیانی نەمکوژی نارۆم.کەچوومەوە مالّەوە هەموو وتیان:چۆن هەلّەی وات کردوو تازە نایەتەوە، بەلاّم من دلّنیابووم کەقورئان کەمەندکیّشی کردووەو بەدەست خۆی نیە دیّتەوە، چونکە زۆر پەریّشان و لەحالّیّکی سەیرابوو.

کەبەیانی چووین بۆدوکانەکە وتی: من لەسەعات هەشتەوە لیّرەم، ئەمشەوم لەهەموو شەویّ ناخۆشتربوو، نەقیبەکە هاتەوە سەرم و ویپّی وتم: ئەو پیاوە لەخۆت رازی نەکەیت خراپتر لیّدەکەم.

وتم: بابچن بۆلای مودیری شورتە، کەئەوکاتە سەلاّح چاوشین بوو.کاك سەلاّح عەقیدیّکی شورتەی بانگکردو هەموو دانپیانانەکەیان نووسی، ئنجا وتی: دەی درەنگە کەی دەمکوژیت و رزگارم دەکەیت؟منیش وتم:من لەم لەحزەیەوە تۆم بەخشی، داواشم لەکاك سەلاح وشورتەکان کرد کە ریّزی بگرن و ئازاری نەدەن، هەتا کاتی دادگایش لەگەلّ باوکیا بەکەفالەت ئازادمان کرد.

جائەوەی گرنگە، پاش ئەوەی ئیعتیرافی کرد و گەردنیم ئازادکردلەوحالّەتەدەروونیە رزگاری بوو، هەروەها لەتاوانبارە ناوتۆمارکراوەکانی دادگاش هەشتیان لە شەڕە سەگی شڕەخۆریدا کوژران و خوا تۆلّەی لیّسەندن.

مەلای ئەو گوندەی ئەو دووپیاوەی پیّشتر لیّوەی هاتبوون بۆی گیّڕامەوەو وتی:رۆژیّ باوکی یەکیّ لەوتاوانبارانە هات بۆمزگەوت وکتیّبیّکی بەدەستەوە بوو، وتی: مەلا ئەم کتیّبەچی لیّبکەم ئەمە مالّی منی ویّران کرد، کەتەماشام کرد بەرگیّکی تاج بوو کەتۆ بەدیاری دابوتیّ وخوای تۆ کوڕەکەی لەریّی پیّنجوین لەجەردەیدا کوژرایەوە.

رۆژێك لـەرێگای خزمێكمانـەوە كەسێك هـات وتـی: ئەگەردەتـەوێ بـەئۆتۆمبیلێكی بـەرازیلی فلاَنـت بۆدەكـوژم كـە یـەكێ بـوو لـەبكوژەكان،منیش دەرمكـرد وبەخزمـەكانم وت: مـن كـەس بەگوللـە نـاكوژم، قورئانەكـەم نیشـانداو وتم: مـن ئەمـە چـەكی دەسـتمە وبـەس..دەوری مـانگێكی پێچـوو كـابرای تاوانبـار كوژرا ولەكودوستاندا دەنگی دایەوە.

مامۆسـتای جـەرگ سـوتاو دەڵێـت: زۆر شـەو لـەداخ وخەمـدا خـەوم دەزڕاو پـەڕاوی فـەرموودەكانی حـەزرەتم (د.خ) دەخسـتە سەرسـنگم سـەبوریم بۆدەهـات و خـەوم لێدەكـەوت...لا٢١٨ ژیاننامـەی مامۆستا نووری فارس.

## بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا

دۆسـتانی خـوا هەمیشـە لـە هەولـدان بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی خـواو ئەگـەڕێن بـەدوای هـەر هۆكارێكدا كە باشتر نزیكیان بكاتـەوە لـە خـودا { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَابْتَغُواْ إِلَيهِ الْوَسِيلَةَ وَجَاهِدُواْ فِي سَبِيلِهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ } المائـدة٣٥{أُولَـئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُوراً }الإسراء٥٧

چەند هۆكارێكی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا:

**یەكەم**- بڕوادار دەتوانێـت لـەڕێی فێربـوونی قورئـان وفێركردنـی خەڵكـەوە ببێتـە ئـەهلی تایبـەتی خـوا، (خيرُكم مَن تعلَّم القرآنَ وعلَّمه). صحيح البخاري-

## نموونەیەک لەسەرگرنگی دان بەقورئان:

دكتـۆر سـەعید حـارب جێگـری سـەرۆكی كۆمەڵـەی لەبـەركردنی قورئـان لـە دوبـەی دەڵێـت: سالێكیان لـە پێشـبڕكێی لەبـەركردنی قورئانـدا لـە دوبـەی منـاڵێكی دوانزەسـاڵی ڕووسـی یەكـەم بـوو، زۆر سەرسـام بـووین بـەزیرەكی و لەبەركردنەكـەی، لێمـان پرسـی كـێ قورئـانی پـێ لەبـەر كـردووی، وتـی: بـاوكم. وتمـان: ئـەی كـێ بـەباوكتی لەبـەركرد وتـی بـاپیرم. زۆر سـەیر بـوو بەلامانـەوە لـە گەرمـەی كۆمۆنیستی دا كە هەركـەس قورئانێكیـان پـێ شـك ببردایـە یـان چـالاكیەكی هەبوایـە لـەناویان دەبـرد چـۆن باپیری توانیویەتی قورئان بەباوكی ئەم لەبەر بكات.

منالّەکە وتی: کاتێ باوکم منالّ بوو باپیرم بەسواری گوێدرێژ دەیبرد بەرەو شوێنێکی دوور لە دێ و پاشان چاوی دەبەستەوە و دەیبرد بۆ ئەشکەوتێك، لەوێ چاوی دەکردەوە و لەسەر چەند ئەلواحێك کە قورئانی لەسەرنووسرابۆوە قورئانی پێ لەبەر دەکرد و پاشان جارێکی تر چاوی دەبەستەوە و دەیهێنایەوە تانزیك دێ و چاوی دەکردەوە ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو شوێنە نەزانێ تا ئەگەر کەشف بوون و جەندرمەکانی حکومەت سزایان دا ناونیشانی شوێنەکە نەزانێ و کارەکەیان ئاشکرا نەبێت کەچەند کەسی تریش بەهەمان شێوە ئەچوون لەوێ فێری قورئان دەبوون. وێنەی د.سعید حارب



**دووەم-** بڕوادار دەتوانێ بە چاکە لەگەڵ دایك و باوکدا ببێتە یەکێك لە دۆستانی خوا. وەك ئەو سیانەی کە دەچنە ئەشکەوتەکەوە و بەهۆی باران و لێزمەوە تاشەبەردێك دەرگای ئەشکەوتەکەیان لێدەگرێ و هەریەکەیان بە کارێکی چاکی خۆی دەپاڕێتەوە و یەکێکیان دوعا دەکات و بەوە لەخوا دەپاڕێتەو کە چاك بووە لەگەڵ دایك وباوکیا و خواش دێت بەهانایانەوە.



ناصر مکیرش

دکتـۆر محمـد العريفي باسی دەوڵەمەنـدێکی سـعودی دەکـات کـە نـاوی (ناصـر مکـيرش) ە، ئـەم پيـاوە تووشی نەخۆشـی جگـەر بـوو، دايکيشـی هەميشـە دوعـای بـۆ دەکـردو دەيـووت: خـوا هـەروەك چـۆن جگـەری پێداوی ئاوەهـاش جگـەرێکت پـێ بداتـەوە، ناصـر ئـەم دوعايـە سـەير بـوو بـە لايـەوە، چـۆن خـوا جگەرێکی پێ بداتەوە. ئەم دوعايە هاتەدی بـەوەی کـە لـە ئـەڵمانياوە زەرعی جگـەر پەيـدا بـوو، چـوون بـۆ ئەڵمانيا و لەوێ پارچەيەك لـە جگـەری (عبـدالله) ی کوڕيـان دايـە، پـاش ماوەيـەك جگەرەکـەی بـۆ دروست بووەوە.

**سێيەم**– بڕوادار دەتوانێ لە ڕێی چـاکی بـۆ مـاڵ و منـاڵ ببێتـە يـەکێ لـە چـاکترين بەنـدەکانی خـوا (خيرُكم خيرُكم لأهلِه وأنا خيرُكم لأهلي) الراوي :عائشة أم المؤمنين المحدث: الطبري

**چوارەم**: خێروچاکەکردن دەرگای ڕەحمەتی خوا دەکاتەوە و مايەی بەرەکەت و ڕەحمەتە.

لەفەرمودەيـەکی (مسـلم) داهاتووەکـە پێغەمبـەر (صـلی الله عليـە وسـلم) دەفـەرموێت: پياوێـك بەبيابانێکدا دەڕۆيشـت هـەورێکی بينـی لـە ژوورسـەريەوە و گـوێی لـە دەنگێکـيش بـوو کـە وتـی:هەورەکـە بڕۆ زەوی فلان ئـاو بـدە. پاشـان هەورەکـە دەبينـێ لـە دوورەوە لەسـەر باخێـك دەبارێـت، ئـەميش دەچـێتە لای خاوەن باخەکە و لێی دەپرسێت: پێم بڵێ تۆ چی دەکەيت لەم باخەت دا.

ئەويش دەڵێت: بـەروبوومی باخەکـەم دەکـەم بـە سـێ بەشـەوە، بەشـێکی بـۆ مـاڵ و منـاڵم، بەشێکيشـی بـۆ هـەژاران، بەشێکيشـی لەباخەکـەدا سـەرف دەکەمـەوە، ئـەويش وتـی: ديـارە خـوای گـەورە پاداشـتت ئەداتەوە و ئاگای لە کارەکانتە، بۆيە ئاوا دەروی خێرت لێدەکاتەوە و بارانت بۆ دەبارێنێ!

**پێنجـەم**– بـڕوادار لـە ڕێی بانگەوازکردنـەوە دەتـوانێ خـوا لـەخۆی ڕازی بکـات، بـە پێچەوانەشـەوە ئەگەر خۆی دزيەوە لە بانگەواز خوای گەورە زڵـلەی ميهرەبانی لێئەدات، بەڵکو بگەڕێتەوە.

( سـەعيدی نوورسـی) لـەم بارەيـەوە باسـی ئـەزموونی خـۆی و هـاوەڵانی دەکـات و دەڵێـت:

( هـەرکاتێ دڵسـۆزەکانی ڕێگـای خزمـەتکردنی قورئـان، سسـتی و کەمتەرخـەمی ڕووبکاتـە کارەکـەيان، ئەوا زڵـلەی ميهرەبانی دەخۆن و بەم جۆرە بێدار دەکرێنەوە ...

ڕووداوەکانی لەم جۆرە لەسەد ڕوودا و زیاترن، بۆ نموونە: ( منی هەژاری دەرگانەی خوام!) چونکە لە کاتێکدا خەریکی وتنەوەی وانەی حەقیقەتەکانی قورئان بووم بە قوتابیەکانم لە شاری (وان)، ڕووداوەکانی ( شێخ سەعیدی پیران) بەرپرسانی دەوڵەتی خستبوە دڵەڕاوکێ و مەترسیەوە.

هەرچەندەش ئەوکار بەدەستانە لە هەموو کەسێك بەگومان بوون، بەڵام هیچ خراپەیەکیان بەرامبەرم نەکرد و هیچ بەڵگەیەکیشیان بەدەستەوە نەبوو تاکو بیانووم پێ بگرن ... بەڵام کاتێ لەبەرخۆمەوە وتم: ( من چیم داوە لەخەڵکی؟) وە بیرم تەنها لەخۆم کردەوە و لەمەیدانەکە کشامە دواوە، ڕۆیشتمە ناو ئەشکەوتەکانی چیای ( ئەرەك)، هاتن لەم ئەشکەوتانە دەریان هێنام و گرتیانم و ( نەفی) یان کردم، ئەمەش زللەی میهرەبانی خوای گەورەبوو کەلێم دراو بەئاگای هێنامەوە کە لە بانگەواز نەکشێمەوە.

جا برایانم ! ئامادەم هەشتا ڕووداوی وەك ئەم جۆرەتان بۆ بگێڕمەوە کەتەنها لەماوەی هەشت ساڵی مانەوەم لە ( بارلا) دا بەسەرم هاتن). نامیلکەی زللەی میهرەبانی / نوورسی.

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن: وازمان لە بانگخوازی هێنا و تووشی هیچ نەبووین، زللەی میهرەبانیمان لێ نەدرا، ئێمەش دەڵێین: برا بۆخۆت بگری، خوای گەورە دیارە دەستی لێ بەرداویت و لغاوی بۆشل کردویت و لەو خێرە گەورەیە بێ بەش بویت، تازووە فریای خۆت بکەوە، دنیا پێچی مێزەرێکە و تەواو دەبێت، هەمووومان وەك ئەو ڕێبوارانەین کە دەڕۆن و لە لۆفەیەکدا پێچ دەکەنەوە و لەبەرچاو دیار نامێنن، هاوەڵانمان ڕۆیشتن و لەبەرچاو ون بوون، ئەوە ماوە ئێمەش وەك ئەوان پێچ بکەینەوە و ببینە میوانی قەبرو قیامەت هەروەك مەولەوی لەهۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

کاتێکمان زانا دەورێ وەردەوە
ئێمەش چوون یاران پێچمان کەردەوە

**دواوته**

بەكوردی و بەكورتی ئێمە هەموو تامەزرۆی دیداری بەهەشتین، كەچی كەسانێك هەن وەك عەلی و عەممارو ئەبو زەرو... هتد كە بەهەشت تامەزرۆی بینینیانە.

(الجنة تشتاق إلى ثلاثة علي وعمار أحسبه قال وأبو ذر)

الراوي :أنس بن مالك المحدث:الهيثمي :مجمع الزوائد إسناده حسن

ئێمە هەموو دەبێت شەرم بكەین لە مەلائیكەت كەدەمانبینن، كەچی یەكێكی وەكو عوسمانی كوڕی عەففان مەلائیكەت شەرمی لێدەكرد، ئەمەش مانای وایە كەدەكرێت هەوڵ بدەین و بە پلەكانی ئیمان و ئیسلامەتیدا سەركەوین تادەبینە یەكێ لە دۆستانی خوا..

***

# سلاو لەفریشتەکان

بەرگی پێنجەم

## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهان و درووودو سەلامیش لەسەر گیانی پێشەوا و رابەرمان و یار و یاوەر و شوێنکەوتووان.

نامیلکەی زەردەخەنەی هیوا،دیمەنەکانی قورئان، دۆستانی خوا، فیداکاران، فراوانی مانا لە قورئاندا، کەوتنە بەر دیدی خوێنەران،زۆر دڵخۆش بووم و زۆر سوپاسی خوا دەکەم کە سوودێکی زۆریان لێ بینراوە، ئەوەی کە پێم گەیشتوەتەوە:

١-زۆر بەڕێز لە ڕێی تەلەفون و فەیس بووکەوە خۆشەویستی برایانەیان دەردەبڕن و ئاماژە بەوە دەکەن کەسوودیان لە نووسراوەکانم وەرگرتووە.

٢- زانایانی کۆیە کەوتارم بۆدان ساڵی ٢٠١٤،مامۆستایەکیان وتی: کتێبی ژیانەوەم بە ٢٥ وتار باس کردووە بۆ ئامادەبووانی نوێژی هەینی.

٣-لەچەند رادیۆیەك بابەتەکانی کەبڵاوی دەکەمەوە لەفەیس بووك رۆژانە بۆ خەڵکی دەخوێننەوە.

٤-مامۆستایەك کەئەم نامیلکەیەی خوێندەوە وتی: هەقە هەموو مامۆستایەکی ئایینی ئەم نامیلکەیە بخوێنێتەوە.

ئەمجارەش بەحوکمی گەڕان و خوێندنەوە ڕێم کەوت لەم بابەتانە، کە ئەم بەشەیان ناوم نا(سلاو لەفریشتەکان)بەشی پێنجەمە لە زنجیرەی هەزارو دوو بەوهیوایەی کە هەردەم گیان لەسەردەست بین بۆ دینی خوا.

جا( ئەی ئادەمیزاد کە لە دایك بویت،ئەوانەی لەدەورت بوون پێدەکەنین و تۆ دەگریایت،دە وابژی کە تۆ مردیت، ئەوان بگریین و تۆ پێبکەنیت).

## سلاّو لە فریشتەکان

سلاّو لە فریشتەکانی پەروەردگارم، دیمەنی خۆشی و بەشارەتی پیاوباشانە لە دوا ساتەکانی ژیاندا، کە بەڕاستی هەقە هەمیشە لە یادمان بێت و کاری بۆ بکەین، بۆ ئەوەی بە دڵێکی خۆشەوە ئەم دنیایە بەجێبهێڵین بەرەو قیامەت و بەرەو لای خوای میهرەبان، کە میهرەبانی دایك و باوکمان ڕەنگدانەوەی یەك لەسەر سەدی ڕەحمەتی ئەو پەروەردگارەیە لەم دنیا فانیەدا.

پرسیارکرا لە نووسەری گەورە ی ئیسلام (مصطفی صادق الرافعی ): ڕقت لە مردنە؟ وتی: نەخێر، بەڵکو ڕقم لە گوناهەکانمە، چونکە مردن دۆزینەوەی جیهانێکی گەورەترە ، داوا دەکەم لە خودای گەورە ئاخر خێربین.

دکتۆر (محمد سعید رمضان البوطی ) دەڵێت: (مرۆڤ ڕەنگە حەز بە مردن نەکات و لێی بترسێت، لەگەڵ ئەوەدا خۆشی دەوێت، بەهوی کەموکورتی لەجێبەجێکردنی هەقەکانی خوا لەسەری و لەبەر ئەو گوناهانەی کە کردونی.من دەڵێم: ئەوەی بەڕاستی لەززەتی خۆشەویستی خوای چەشتبێ ئەوە حەز و شەوقی بۆ لیقای خوا زاڵ ئەبێت بەسەر ترسەکەیدا).

شێخی پایەبەرزیش (محمد فاروق النبهان) دەڵێت: (دوای مردن، بڕوادار هەقیقەتی نەفسی خۆی و بەڵێنەکانی خوای بۆ دەردەکەوێت، ئەوسا تێدەگات کە دونیا تەنها بەندیخانەیەکی تاریك بووە و ڕۆحی تیایا بەندکرابوو. پیاوباشان بە خۆشیەوە پێشوازی لە مردن دەکەن لە گومانی باشیانەوە بەخوا و بە هۆی ئەو سەکینە ئیمانیەی کە هەیانە).

یەکێ لە جوانیەکانی ئەم ئایینە ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ئەو گەشتە و، بڕوادار بەهۆی بڕواکەیەوە دڵنیایە لە لیقای ئاخیرەت و ئەگەر ئەوە نەبوایە خەم و خەفەت ئەیکوشت لە کاتی بە خاك سپاردنی دۆستان و خۆشەویستانیدا.

راغبی ئەسفەهانی دەڵێت (ئەگەر مرۆڤ هەر ئەم ژیانە کورتە کەمە پڕ ناخۆشیەی هەبوایە و قیامەتی نەبوایە، بەڕاستی حاڵی ئاژەڵ لە حاڵی ئەم باشتر ئەبوو ).هەروەها دەڵێت ( مرۆڤ لە دنیادا حاڵی وەك حاڵی جوجەڵەیە لە هێلکەدا، چۆن جوجەڵەکە کامڵ نابێت تا لە قەوغەکەی نەیەتە دەرەوە،مرۆڤیش تا لەم بەرگە ماددیەی ئازاد نەبێت و نەچێت بەرەو قیامەت کامڵ نابێت).

ئەوەی مەبەستە لەم نامیلکەیەدا ئەوەیە کە ئامادەبین و شوێن هەوا و ئارەزوو نەکەوین، چونکە کەسمان نازانین کەی فریشتەی گیانکێشان لە دەرگامان ئەدات، بەڕاستی دنیا وەك ئوتێلێکە کە بۆ چەند ڕۆژێك تیایا بین و چاوەڕێ بین ها ئێستا یا تاوێکی تر بێن بە دواماندا جا خۆشبەخت ئەوەیە کە ئامادە بێت و شتومەکی پێچابێتەوە و لەسەر پێبێت بۆ ڕۆشتن.

## دوا هەناسە:

شێخ شەعراوی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ﴿ وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ١٩ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِۚ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡوَعِيدِ ٢٠ وَجَآءَتۡ كُلُّ نَفۡسٖ مَّعَهَا سَآئِقٞ وَشَهِيدٞ ٢١ لَّقَدۡ كُنتَ فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا فَكَشَفۡنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلۡيَوۡمَ حَدِيدٞ ٢٢ ﴾ ق: ١٩ – ٢٢. واتە:سەکەراتی گیانکێشان وا دیاری دا،هەرئەمەشە کە تۆ نەتدەویست تووشی ببی،فوو بەکەرەنادا دەکریێ،ئەوێ ڕۆژێ، دەبێ هەرەشە وەدی بێ، هەرکەسێ دێ، یەکێك وەپێشەخۆی داوەو یەکێکیش شایەتی دەدا،تۆ لەمانە بێ هەواڵ بووی، وا پەردەمان لەسەر لادای، چاوت ئەمڕۆ زۆر بڕ دەکا.

شێخ شەعراوی دەڵێت: باوکم سەری لەسەر سنگم بوو کە گیانی دەدا لە دوا هەناسەیدا وتی:ئەمین کوڕم ئەو هەموو کۆشکەت بیناکردووەو پێت نەوتووم، ئاخر کوڕم من تۆم خۆش دەوێت. ئیتر گیانی سپارد..(تومەز چاکەکانی کوڕەکەیان پیشان داوە کەئەمیش شەریکە تیایاندا).

## حەزدەکەیت بگەیتەوە بە خوا:

لە فەرمودەدا هاتووە (مَن أحبَ لقاء الله أحب الله لقاءه، و مَن كرِهَ لقاء الله كرِهَ الله لقاءه) مسلم \٦٥٠٧\ هاوسەرێکی خۆشەویست (د.خ) پرسیاری کرد، ئێمە حەزمان بە مردن نیە.خۆشەویست (د.خ) فەرمووی (مەبەست ئەوە نیە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کاتێك بڕوادار لەسەرە مەرگدا مژدەی خۆشی پێدەدرێت، حەز بە لیقای خوا دەکات و خواش حەز بە لیقای ئەو دەکات،کافریش لەسەرە

مەرگدا سزای خوای پیشان ئەدرێت،بۆیە حەز بە لیقای خوا ناکات و خواش حەزبە لیقای ئەو ناکات).قورئان دەفەرموێت (الذين تتوفاهُم الملائكةُ طيبين يقولون سلام عليكم) النحل ٣٢.

زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت (فریشتەکان دێنە لای بڕوادار لە سەرەمەرگدا و دەڵێن: مەترسە لەوەی کە بۆی دەچیت،خواش ترسەکەی دەڕەوێنێتەوە، خەفەتیش مەخۆ بۆ دونیا و ئەهلەکەی، مژدەت لێبێت بە بەهەشت.. جا بڕوادار بەو مژدە خۆشەوە دەمرێت).

هەرکەسەو مردنەکەی بە جۆرێکە،ئیبن مەسعود دەڵێت:(مەرگی موجافات سووککردنی مردنە لەسەر بڕوادار).

ئەبو سەعلەبەی خەشنی دەڵێت: (من ئاواتە خوازم وەك ئێوە نەخنکێم لە کاتی مردندا)، شەوێکیان لە ماڵەوە گوێیان لێبوو بانگی (عبدالرحمان) ی ئەکرد، لە کاتێکدا عبدالرحمان لەگەڵ خۆشەویست (د.خ) شەهید بووبوو،ئنجا چوو نوێژی کرد و لە سوجدەدا گیانی سپارد.

یەکێ لەپێشینان بە هاوەڵەکانی وت: من وەك ئێوە نامرم،من بانگ دەکرێم و وەڵام ئەدەمەوە. ڕۆژێ دانیشتبوو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا وتی (لبيك) وەك بانگکرابێت بۆ مردن، ئنجا گیانی دەرچوو.

یەکێکی تریش لە پێشینان لەگەڵ هاوەڵەکانی دانیشتبوو، گوێیان لە دەنگێك بوو وتی: فلان وەرە، بەخوا ئەمە دواساتی دونیاتە، ئەویش هەستا و وتی: بەخوا ئەوە (حادی الموت)ە،خواحافیزی لە هاوەڵەکانی کرد، ڕۆیشت بەرەو دەنگەکە و دەیوت: سڵاو لە نێرراوانی خوا (سلام على المرسلين) (والحمد لله رب العالمين ) ئیتر دەنگ نەما،کە بەدوایا چوون سەیریان کرد مردووە.

یەکێکی تر دانیشتبوو قورئانی دەنووسی،قەڵەمەکەی دانا و وتی: ئەگەر مردنەکەتان ئاوا بێت، بەڕاستی مردنێکی خۆشە و دوای ئەوە یەکسەر مرد.

یەکێکی تر فەرمودەی دەنووسی،قەڵەمەکەی داناو کەوتە پاڕانەوە و کۆچی دوایی کرد.

عومەری کوڕی عبدالعزیز دەڵێت: حەزناکەم گیان کێشانەکەم لە سەر سوك بکرێ، چونکە ئەوە دواهەمین شتە کە گوناهی بڕواداری پێئەوەرێت.

نەخەعی ئەڵێت: پیاو باشان حەزیان کردووە گیان کێشان لەسەریان سووك نەکرێت.

عومەر کوڕی حوسەین کوڕی عبدالله ی جومحی کە قازی مەدینە بوو لە سەرەمەرگا دەیووت (لمثل هذا فلیعمل العاملون) الصافات ٦١،ئیبن وەهەب دەڵێت: بە ئیمام مالیکم وت: تۆ بڵێی بەهەشتی دیبێت کە ئاوای وتووە؟ وتی: بەڵێ.

## کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ):

ڕۆژێك پێش وەفاتی پێغەمبەر (د.خ) کەڕۆژی یەك شەممە بوو،غولامەکانی ئازاد کرد،حەوت دیناری هەبوو هەمووی کرد بەخێر، چەکەکانیشی کرد بە سەدەقە بۆ موسوڵمانان، لە شەوەکەیدا عایشە زەیتی خواست لە دراوسێکەیان بۆ هەڵکردنی چرا، قەڵغانەکەشی بارمتە بوو لای جولەکەیەك بە سێ مشت جۆ.

ڕۆژی دووشەممە لە کاتێکدا موسڵمانان لە نوێژی بەیانیدا بوون و ئەبوبەکریش نوێژی بۆ دەکردن، لە پڕێکا پێغەمبەر (د.خ) پەردەکەی ژوورەکەی عائیشەی لادا کە دەیڕوانی بەسەر حەرەمی مزگەوتدا و سەیرێکی کردن، لە کاتێکدا نوێژیان دەکرد. پاشان زەردەخەنەیەکی جوانی بۆ کردن، ئەبوبەکر هەنگاوی نا بێتە دواوەوە بۆ ناو ڕیزی نوێژ خوێنان،وایزانی پێغەمبەر (د.خ) دەیەوێت بێت بۆ نوێژ.

خەریك بوو موسڵمانان نوێژەکەیان ببڕن لە خۆشی هاتنی پێغەمبەر (د.خ)، بە دەستی پیرۆزی ئیشارەتی بۆ کردن کە نوێژەکەیان تەواو بکەن، ئنجا پەردەکەی دایایەوە و چووە ژوورەوە، دوای ئەوە ئیتر ئامادەی نوێژی تر نەبوو.

لە چێشتەنگاودا خۆشەویست (د.خ) فاتیمەی بانگ کرد و شتێکی چرپاند بە گوێیدا، دەستی کرد بە گریان، پاشان بانگی کردەوە وشتێکی تری چرپاند بە گوێیدا، دەستی کرد بە پێکەنین،کە دوایی پرسیاریان لێکرد وتی: یەکەمجار فەرمووی: لەم نەخۆشیەمدا دەمرم بۆیە گریام، دووەمجاریش فەرمووی: یەکەم کەس من پێی دەگەمەوە، بەمەش دڵخۆشبووم.

فاتیمە کە ئەو ئازار و نەخۆشیەی باوکی بینی وتی: ئەی هاوار بۆ باوکم،ئەویش پێی فەرموو: فاتیمە کچم ئیتر لەمەودوا باوکت ئێش و ئازاری نامێنێت و پشووئەدات.

ئنجا حەسەن و حوسەینی بانگ کرد و ماچی کردن، وەسیەتی فەرموو کە باش بن لەگەڵیاندا، پاشان هاوسەرەکانی بانگ کرد و ئامۆژگاری کردن.

وردە وردە ئازارەکەی زیادی دەکرد و ئاسەواری ژەهرەکەی خەیبەر زیاتر دیاری دەدا، بۆیە بە عائیشەی فەرموو: هەتا ئێستا هەست بە تالآوی ئەو ژەهرە دەکەم کە لە ڕۆژی خەیبەردا خواردم، ئێستا هەستدەکەم هەناومی گڕتێبەرداوە. ئنجا ئامۆژگاری کرد بۆ خەڵك و فەرمووی: ئاگاتان لە نوێژەکانتان بێت، بەزەییتان بێتەوە بە کەنیزەکەکاندا، ئەمەی چەند جارێك وتەوە.

دوای ئەمە گیانەلآی سەرەمەرگ دەستی پێکرد،سەری لەسەر ڕانی عائیشە بوو،عبدالرحمن کوڕی ئەبوبەکر هاتە ژوورەوە سیواکێکی بە دەستەوە بوو، عائیشە دەڵێت: من پشتی پێغەمبەرم گرتبوو، بینیم سەیری دەکات،زانیم کە حەزی لە سیواك کردنە.وتم:بۆت وەربگرم؟ بە ئیشارەتی سەری فەرمووی:بەڵێ.

سیواکم بۆ کرد کەمێك زبر بوو وتم: بۆت نەرم بکەمەوە؟

بە سەر ئیشارەتی کرد و فەرمووی: بەڵێ.

بۆم نەرمکردەوە و سیواکی پێکرد، لەبەر دەستیا کوندەیەکی ئاو دانرا بوو، دەستی تێدەخست و دەموچاوی پیرۆزی پێتەڕدەکرد و دەیفەرموو: لا إله إلا الله ئای خوایە مردن ساتە و ساتی سەختی هەیە.

ئنجا پەنجەی بەرزکردەوە و چاوی بڕیە بنمیچی ماڵەکە،لێوەکانی دەجولا دەیفەرموو (مع الذين أنعمت عليهم من النبيين و الصديقين و الشهداء و الصالحين،اللهم اغفرلي وارحمني،والحقني بالرفيق الاعلى)واتە: خوایە بمخەیتە ڕیزی ئەوانەی ناز و نیعمەتت بەسەردا ڕشتن لە پێغەمبەران و شەهیدان و ساڵحان،خوایە لێم ببورە و ڕەحمم پێبکە،خوایە ڕەفیقی ئەعلا،خوایە ڕەفیقی ئەعلا.

ئەم وتەیەی دوایی سێ جار وتەوە،دەستی شل بوو گیانی پاك و پیرۆزی سپارد و گەیشت بە ( ڕەفیقی ئەعلا).

کۆچی دوایی خۆشەویستمان چێشتەنگاوی ڕۆژی دووشەممە دوازدەی ربيع الاول ساڵی یازدەی کۆچی،کە تەمەنی پیرۆزی ٦٣ ساڵ و چوار ڕۆژ بوو.

که کۆچی دوایی کرد فاتیمه وتی: بابه گیان،وەڵامی پەروەردگارت دایەوە که بانگی کردی، بابه گیان، جەننەتی فیردەوس جێگاتە، بابه گیان پرسه و سەرەخۆشی بۆ لای جوبرائیل دەبەین. ( ل٥٥٦/گوڵاوی سەمۆر).

ئەبوبەکر لە قەراغ شار بوو هاتەوە و چووە سەر جەنازەکەی و بوردەکەی سەری لابرد ماچی کردو بە گریانەوە فەرمووی: دایك و باوکم بە قوربانت بن هەرگیز نابێت تۆ دووجار بمریت، تەنها جارێکە و ئەوا نۆشیت.هەروەها فەرمووی:(طبت حیاً و میتاً) چەند جوانی بەزیندوویی و بەمردوویی.

## پێغەمبەر (د.خ) شەهیدە:

لە ئەنجامی لارولەوێری و پەیمان شکێنی جوولەکەوە، پێغەمبەر (د.خ) سوپای کۆکردەوەوچووە سەر قەڵاکانی خەیبەر، ڕۆژی یەکەم ئاڵا بەدەست (ئەبوبەکر )ەوە بوو قەڵاکە فەتح نەکرا، ڕۆژی دووەمیش بە دەست (عمر)ەوە بوو هەر فەتح نەکرا، پێغەمبەر(د.خ) فەرمووی: سبەینێ ئاڵاکە ئەدەمە دەست پیاوێك کە خواو پێغەمبەری خۆش دەوێت و خواو پێغەمبەریش ئەویان خۆش دەوێت و قەڵاکەش فەتح دەکات، هەموو هاوەڵان ئاواتە خوازبوون ئەوکەسە بن کە ئاڵاکەیان پێەدرێت، بۆ بەیانی پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی: کوا عەلی؟؟ وتیان: چاوی نووساوەو ناساغە، فەرمووی: بیهێنن، کە هێنایان تفی موبارەکی دا لە چاوی و دوعای بەسەردا خوێند، دەم و دەست چاك بوو، هەردەتووت نەخۆشیش نەبووە، ئنجا ئاڵاکەی دایە دەستی وتوانی فەتحی قەڵاکە بکات هەروەك پێغەمبەر فەرمووی، قەڵاکانی تریش خۆیان دا بەدەستەوەو لەگەڵ پێغەمبەردا ڕێکەوتن. ئنجا ژنێکی جوولەکە بەناوی زەینەب، مەڕێکی سەربڕی و لێی ناو ژەهری پێوەکرد بەتایبەت دەستەکەی کەزانی پێغەمبەر حەزی لێدەکات، کە بۆیان دانان هاوەڵێك بەناوی بیشر پارووێەکی لێخواردو پێغەمبەریش کەختیە دەمیەوە فەرمووی: ئەم گۆشت و ئێسقانە دەڵێت: مەخۆ ژەهرم پێوەکراوە، کاتێك ژنەکەیان هێنا دانی نا بە تاوانەکەیداو وتی: ژەهرم پێوەکردو وتم: ئەگەر پێغەمبەر بێت خوا دەیپارێزێت و ئەگەر واش نەبێت لە کۆڵمان دەبێتەوە، پێغەمبەر پێی فەرموو: خوا ناهێڵێ ئەوەت بۆ بچێتە سەر و تۆ ناتوانی من بکوژیت.

هاوەلاَن وتیان بیکوژین، پێغەمبەر نەیهێشت، بەلاَم کە بیشر مرد درایە دەست کەس و کاری ولە تۆلەی ئەودا کوشتیانەوە.

هەرچەند پێغەمبەر گۆشتەکەی نەخوارد بەلاَم هەر زیانی لێداو سالاَنە ئازاری بۆ دەهاتەوە و ئەنەس دەلێت: کاریگەری ژەهرەکەم دەبینی لەسەر پووك و پێشەوەی زمانی پێغەمبەردا.

پێغەمبەر (د.خ) لەم بارەیەوە لە دوارۆژەکانی تەمەنیدا دەفەرموێت: (ما زالت أكلة خيبر تعادني كل عام، حتى كان هذا أوان قطع أبهري) أبو نعيم في الطب، هەروەها لە دوارۆژەکانی تەمەنیدا بە عائیشەی فەرموو: (ما أزال أجد ألم الطعام الذى أكلت بخيبر، فهذا أوان وجدت انقطا ع أبهري من ذلك السم) رواه بخاری. واتە: بەردەوام هەست بە ئازاری ئەو خواردنە دەکەم کە لە خەیبەر خواردم، ئێستاش کاتی ئەوەیە کە خوێنبەرم بەو ژەهرە دەتەقێت.

دکتۆر (مجاهد أبو المجد) لە میسر سێ سەعات لەگەلّ زانایانی بواری شەریعەو زانایانی بواری پزیشکیدا تاووتوێی ئەم فەرموودەیەیان کردو گەیشتنە ئەوەی کە موعجیزەیەکی گەورەی تیایە: زانایان وتیان لە کۆنەوە( زەرنیخ و ڕەصاص ) وەك ژەهر بەکار هاتووەو ئەو ژەهرەش سەلماوە کە لە خوێنبەردا دەنیشێ و دەیتەقێنێت، ئنجا ئەم نەخۆشیە ١٤ ڕۆژێك دەخایەنێ و لە نیشانەکانی سەریەشەو ئارەق کردنەوەی زۆرو بێهێزیە، کە هەمووی لە پێغەمبەردا دیاری داو چواردە ڕۆژێك بەوحالەوە مایەوەو ئارەقی زۆری دەکردەوەو سەری دەیەشاو دەچوونە ژێر بالّی..باشە پێغەمبەر چۆن زانی کەکاتی ئەوە هاتووە بەهۆی ژەهرەکەوە بۆری خوێنبەری بتەقێت؟؟ ئەگەر خوا ئاگاداری نەکردبێت؟؟!

لە کاتێکدا بۆ یەکەم جار لە سەرچاوە پزیشکێکاندا لەسالّی ١٨٢٦ ز دا باسی خوێنبەرو جەلّتەو تەقینی ئیشارەتی پێدراوەو لە سالّی ١٩٥١ دا زیاتر باسکراوە، بەلّێ. ئاماژەکردنی پێغەمبەر بۆ ئەو مەسەلەیە پێش چواردە سەدە موعجیزەیەکی گەورەیەو بەلگەیە لەسەر پێغەمبەریێتی ئەو زاتە پایە بەرزە. کە بەمەش بێجگە لە پلەی پێغەمبەرێتی پلەی شەهیدیش خوا کردی بە نسیبی.(بەرەو ئیسلام)لا ٩٢.

## فاتیمەی زەهرا:

فاتیمە لەدوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا بە ئەسمای کچی عومەیسی وت: زۆر خەمە کەمردم وکفنیان کردمو بردیانم بۆ سەرقەبران لاشەم لەسەرداره مەیتەکەم پیاوان ببینێت، ئەویش وتی: من لەحەبەشە دارەمەیتم بینیوە کە ئەملاو ئەولای هەیەو بەوەش مردووەکە شێوازی لاشەی دەشارێتەوە، ئەوەبوو دارەمەیتێکی وایان بۆدروستکردوو کەمرد بەوەبردیان بۆ سەرقەبران و قوماشێکیان دا بەسەریدا و فاتیمە یەکەم کەسە کە بەوشێوەیە برا بۆسەرقەبران و پێشتر دارە مەیتەکان ئەملاو ئەو لای نەبوو.

## پێشەوا ئەبوبەکر:

لە دوارۆژەکانی تەمەنیدا وەسیەتی کرد عومەر ببێتە خەلیفەی موسڵمانان و زۆر ئامۆژگاری کرد، هەرچەندە عومەر وتی: من پێویستم پێی نیە، ئەبوبەکر وتی: ئاخر ئەو پێویستی بە تۆیە، عومەر بە ناچاری بووە خەلیفە.لە سەرەمەرگدا کە پێشتر باخێکی خۆی دابوو بە عائیشە داوای لێکرد کە بیگێڕێتەوە سەر میرات نەباوەکو گوناهباربێت،ئەویش گێڕایەوە بۆ وەرەسە.

ئەبوبەکر بە عائیشەی وت: لەوکاتەوە بوومەتە کاربەدەستی موسڵمانان نە دینارێك نە درهەمێکمان نەخواردوون (هەرچی وەرگرتبوو ناردیەوە بیت المال). کە مردم تەنها ئەم بەندە حەبەشیە و ئەو وشترە شیردەرەو ئەم قەدیفە سواوەم لاماوە بیانێرەوە بۆ عومەر.

دوای ئەبوبەکر کە عائیشە ئەوانەی ناردەوە بۆ عومەر،عومەر زۆر گریا و وتی: ڕەحمەتی خوا لە ئەبوبەکر بێت،بەم کارەی ئەوانەی دوای ئەو دێن چاك ماندوو دەبن!!

ئەبوبەکر لەسەرەمەرگدا لە عائیشەی پرسی: خۆشەویست(د.خ) چەند شەممە بووکۆچی دوایی کرد؟ وتی: دووشەممە. وتی ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

وتی: دووشەممەیە، ئەبوبەکر وتی:لە خوا داوادەکەم ئەمشەو تەواو بم.ئەوە بوو خوای گەورە هەر ئەو شەوە بردیەوە بەرەوقیامەت. ئەبوبەکر یەکەم کەسە کە موسڵمان بووە و قورئانی کۆکردۆتەوە،یەکەم کەسە قورئانی ناو نا (مصحف)،یەکەم کەسە ناونرا خەلیفە.

## پێشەوا عەلی:

زۆر ماندوو بووبوو بە دەست خەلافەتەوە، دەگێڕێتەوە کە شەوێك لە خەودا بە خزمەت خۆشەویست دەگات (د.خ) و شکاتی حاڵی خۆی دەکات بە دەست عێراقیەکانەوە و ئەویش دەفەرموێت: بەم زووانە لەدەستییان دەحەسێیتەوە..دوای ئەم خەوە بە سێ ڕۆژ لەلایەن دوو کەسی خەواریجەوە لە کاتی چوون بۆ نوێژی بەیانی شەهید کرا،دیارە پێشتر خۆشەویست مژدەی بەهەشت و شەهیدی دابوویە.

## سەعدی کوڕی موعاز:

لە غەزای خەندەق دا بەهۆی تیرێکەوە کە بەر باڵی کەوت بریندار بوو،سەعد دوعای کرد وتی: خوایە خۆت دەزانیت هیچ شتێك ئەوەندە لام خۆش نیە بە ئەندازەی ئەوەی لە پێناو تۆدا خەبات بکەم دژ بە کەسانێك کە پێغەمبەرەکەی تۆیان بە درۆ داناوەو لە شارەکەی دەریان کردووە،خوایە وادەزانم کە بەم جەنگە لە نێوان ئێمە و ئەواندا شەڕ کۆتایی پێدێت،خوایە ئەگەر شەڕێکمان لەگەڵ قوڕەیشدا ماوە بمهێڵە بۆیان،تا لە پێناوی تۆدا لەگەڵیانا بجەنگم، خۆ ئەگەر شەڕ کۆتایی پێدێت ئەوا ئەم ڕەگی دەمارەم بتەقێنە با پێیەوە بمرم، خوایە نەشمکوژی هەتا سەرشۆڕی بەنو قورەیزە بەچاوی خۆم دەبینم. **لا٣٥٥** گوڵاوی سەرمۆر.

کە جەنگی بەنی قورەیزە کۆتایی هات نزاکەی هاتە دی وخوێنی برینەکەی بەربوو شەهید بوو.

جوبرائیل هات بۆ لای خۆشەویست (د.خ) فەرمووی: ئەوە کێیە مردووە دەرگای ئاسمانی بۆ کراوەتەوە و عەرشی خوای بۆ هاتۆتە لەرزە؟ خۆشەویستیش(د.خ) یەکسەر چوو بۆ لای سەعد بینی کە گیانی سپاردووە.

بەڕاستی مرۆڤ سەرسام دەبێت کە سەعدی کوڕی مەعاز چۆن بە حەوت ساڵ ئیسلامەتی گەیشتۆتە ئەو پلە بەرزە کە ئاوا بمرێت.

## سەلمانی فارسی:

لە کاتی سەرەمەرگیدا گریا،لێیان پرسی بۆ دەگریت؟

وتی: نە بۆ دنیاو نە لە ترسی مردن ناگریم، بەڵکو بۆ دووری ڕێگا و کەمی تێشووم دەگریم.

ژنەکەی سەلمان دەڵێت: کە سەلمان لە سەرەمەرگا بوو وتی:ئەو دەرگایانە بکەرەوە ئەمڕۆ میوانم دێن،نازانم لە کام دەرگاوە دێنە ژوورەوە،ئەو میسکەش بێنە بیتوێنەرەوە و بیرژێنە بەدەوری جێگاکەمدا و بەجێم بهێڵە، کە بەجێم هێشت و هاتمەوە گیانی سپاردبوو.

## محمدی کوڕی واسیعی بەصری:

یەکێ داوای ئامۆژگاری لێکرد ئەویش وتی: ئامۆژگاریت دەکەم کە وەك پاشا بیت لە دنیا و ئاخیرەتدا،وتی: چۆن؟ وتی: لە دونیادا زاهیدبە.. یونس کوڕی عوبەید وتی: سەردانی محمدمان کرد،وتی: چی بکەم لە قسەی خەڵك کە چوار پەلم بگرن و فڕێم بەنە دۆزەخەوە.

فەزاڵەی کوڕی دینار دەڵێت:محمدی کوڕی واسیع لەسەرەمەرگدا دەیوت: سڵاو لە فریشتەکانی پەروەردگارم ولا حول ولا قوە الا باللە.. ئنجا بۆنێکی خۆش هات کە پێشتر بۆنی وا خۆشم نەکردوە، دوای ئەوە گیانی سپارد.

## موعازی کوڕی جەبەل:

لەسەرەمەرگدا وتی: ڕۆژ بۆتەوە؟ وتیان: بەڵێ.

وتی: پەنادەگرم بەخوا لە شەوێك کە بەیانیەکەی دەتبەنە ئاگر،سڵاو لە مردن سڵاو،خوایە خۆت دەزانی کەمن لە تۆ دەترسام،وا ئەمڕۆ ڕەجام هەیە،خوا من دنیام خۆشنەویستووە بۆ مانەوە و جۆگە لێدان و چاندنی درەخت،من دنیام بۆ ڕۆژوو و شەونوێژ و زانست ویستووە.. ئنجا کە ئەبورایەوە و ئەهاتەوە هۆش خۆی دەیووت: خندکاندنەکەت بمخنکێنە، بەعیزەتی تۆ خۆشم دەوێ. ئنجا گیانی سپارد.

## سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص:

لەدە مژدە پێدراوەکەیە،کە فریشتەی گیانکێشان هاتە لای زۆر شاد و کامەران و ڕووگەش بوو، سەری لەسەر ڕانی موصعەبی کوڕی بوو،موصعەب گریا،سەعد پێی وت:مەگری بەخوا خوا سزام نادات و من ئەهلی بەهەشتم،ئنجا گیانی سپارد.

## بیلالی حەبەشی:

لەسەرە مەرگدا وتی: ئای لەو خۆشیە، سبەی دەگەمەوە بە خۆشەویستان محمد و یارانی (د.خ).

## حوزەیفەی کوڕی یەمانی:

لەسەرەمەرگدا وتی:(ئەمە دوا ساتی دونیایە، خوایە خۆت دەزانی تۆم خۆشدەوێت، بەرەکەت بخەرە گەیشتنەوەم بە تۆ).

## موعاویە ی کوڕی ئەبو سوفیان:

لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا،کە هەستی کرد لەشی قورس و ناساغە، چووە سەر مینبەر و وتی: (خەڵکینە هەر کەسێك دەغڵ و دان بکات، ڕۆژی درەویشی دێتە بەرو،من کاربەدەستی ئێوەم کرد و، دوای منیش لە من چاکتر نابێتە کاربەدەستتان،چونکە ئەوانەی پێش من هەموویان لە من چاکتر بوون.

یەزید ڕۆڵە! کە ئەجەلم هات، شۆرینم بە پیاوێکی ژیر بسپێرە،چونکە پیاوی ژیر لای خوا پایەدارە. بابەچاکی بمشوا و بەدەنگی بەرزیش (الله اکبر) بکات، پاشان بچۆ ئەو بوخچەیەی لە گەنجینەکەدایە بیهێنەو ئەو بەرگەی کاتی خۆی پێغەمبەر (د.خ) کردیە بەرم بیکە بە کفنم و ئەو تاڵە مووانەی خۆشەویستیش لەگەڵ نینۆکەکانیدا بیهێنە و بیکە چاوو لووتمەوە. دوایی بمخەنە ناو گۆڕەکەمەوەو معاویە بدەنە دەست (أرحم الراحمین).

کە موعاویە لە مزگەوت گەڕایەوە سەرنجی تەمەنی دووورودرێژی زیاتر لە حەفتاساڵی خۆی ئەدا زانی کە هیچی تیا بەستە نیە، وتی: داوەشێی بۆ چ خانە و لانەیەکی، چل ساڵ مولکی من بووی کەچی

ئەمە حاڵمە و ئەمەش چارەنووسمە لەگەڵتا، پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەدەنگێکی پچڕ پچڕ وتی: داوەشێن بۆ دونیا و خۆشەویستانی.

هەروەها وتی: خۆزگە پیاوێکی قوڕەیشی بوومایە لە (ذي طوی) و ئەم کاربەدەستیەم نەکردایە. ئنجا کە خۆی لەبەردەم مەرگدا دییەوە دەگریاو دەیووت: خوایە! لەهەڵەم خۆش ببەو، لەلادانم چاوپۆشی بکەو، بەحیلمی خۆت لە نەزانی کەسێك ببورە کە جگە لەخۆت بەتەمای کەسی تر نیە، چونکە خۆت خاوەنی چاوپۆشی فراوانی وهیچ خاوەن هەڵەیەکیش بۆ لای خۆت نەبێت شوێن نیە بۆی هەڵبێت.

## عومەری کوڕی عبدالعزیز:

عومەری کوڕی عبد العزیز نوێژی کرد لە سەر جەنازەیەکی بەنی مەڕوان و پاش ئەوەی کە ناشتیان وتی: بوەستن..چوو بە ناو قەبرەکانی تری بەنی مەڕواندا گەڕا،کە هاتەوە چاوی سووربووبوو لە گریاندا..وتیان: زۆرت پێچوو؟ وتی: سەردانی قەبری خۆشەویستانم کرد، قەبری باووباپیرانم، سەلامم لێکردن وەلامیان نەبوو!!کە گەڕامەوە قەبرەکان بە زمانی حاڵ وەك بڵێن: ئەی عومەر،ناپرسی چیمان لە خۆشەویستان کرد؟ کفنەکەیانمان ڕزاند و،لاشەیانمان لەت لەت کرد و خوێنیانمان مژی و گۆشتیانمان خوارد و ئێسکیانمان لە یەك ترازاند. عومەر گریا و وتی: بەڕاستی دونیا کەم خایەنە و عەزیزی زەلیلە و دەوڵەمەندی فەقیرە.

جارێکی تر وتی: خەڵکینە، ئاخیرەتتان چاك بکەن دونیاتان چاك دەبێت،ناوەوەی خۆتان چاك بکەن رووکەشتان چاك دەبێت، بەخوا هیچ بەندەیەك نیە کە نەمرێت  هەروەك چۆن باپیرانمان تا ئادەم مردوون!

هەندێك لە بەنی ئومەییە کە حەزیان بەعومەری کوڕی عبدالعزیز  و دادپەروەریەکەی نەدەکرد، هەزار دیناریان دا بە خزمەتکارێك تا دەرمان خواردی بکات،کاتێك عومەر زانی کێ دەرمان خواردی کردوە،لێی پرسی بۆ ئەم کارەت کردوە؟ وتی: هەزار دیناریان داومەتێ و ئازادم دەکەن،وتی: دەبڕۆ هەزار دینارەکە بێنە با بیخەینە (بيت المال ) ەوە،کە هێنای وتی: دەبڕۆ با ئیتر کەس نەتبینێتەوە.

لەدوا ساتەکانی ژیانیدا خوا حافیزی لە منالّەکانی کرد و ڕێی دان لە ژوورەکەی بچنە دەرەوە، ئەوان چوونە دەرەوە و فاتیمەی ژنی لە بەردەرگای ژوورەکەی وەستا بوو گوێی لێبوو دەیوت: سلاّو لەم ڕوخسارانە کە لە هی جن و ئینس ناچن، ئنجا چەند جارێك ئەم ئایەتە: ﴿ تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ القصص: ٨٣. ی دووبارە کردەوە و ئیتر دەنگی نەما، کە چوونە ژوورەوە ڕووەو قیبلە گیانی سپاردبوو.

عومەر هیچی بۆ منالّەکانی بەجێنەهێشت و لە ترسی خوا دەستی نەبرد بۆ مالّی موسلّمانان،خوای گەورەش هەقی بۆ کردنەوەو مندالّەکانی دوای خۆی دەولّەمەند بوون.

ئەبو جەعفەری مەنصور بە عبدالرحمان ی کوڕی قاسمی کوڕی محمدی کوڕی ئەبوبەکر دەلّێت: ئامۆژگاریم بکە،ئەویش دەلّێت: بەوەی کە بینیومە یا بەوەی کە بیستومە؟ ئەویش ئەلّێت: بەوەی کە بینیوتە. ئەویش دەلّێت: عومەری عومەری کوڕی عبدالعزیز کە مرد هەریەکە لە کوڕەکانی نۆزدە درهەمی بەرکەوت لە میراتی عومەر، بێجگە لە هەندێ زەرعات و زەوی و زار.

هیشامی کوڕی عبدالملیکیش کە مرد هەر کوڕەی یەك ملیۆنی بەرکەوت. هەربەچاوی خۆم یەکێ لە کوڕەکانی عومەرم بینی کە لە یەك ڕۆژدا سەد ئەسپی ئامادەکرد بۆ جەنگاوەران تا لەڕێی خودادا جیهاد بکەن، کەچی کوڕی هیشامم بینی خێر و سەدەقەی پێدەدرا. ئەمەش تەسدیقی ئەو ئایەتەیە: ﴿ وَلْيَخْشَ ٱلَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا۟ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَٰفًا خَافُوا۟ عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْيَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٩﴾ ﴾ النساء: ٩

## سەلاّحەدینی ئەیوبی:

گەریدەیەك بە ناوی (عبداللطیف بغدادی ) کە لە میسرەوە چۆتە قودس و سەلاّحەدینی بینیوە ئاوا باسی دەکات (پاشایەکی مەزنم دیت، بەگەورەیی خۆی چاوی مرۆڤی ڕوون دەکردەوە و دلّی لە خۆشەویستی پڕ دەکرد، نزیکێکی دوور، سادەیەکی گوێ لە مست، ئەوانەی لەگەلّیا بوون چاویان لێدەکرد و پێشبرکێی چاکەکاریان لەگەلّ دەکرد ).

سەڵاحەدین دونیا نەویست بوو هەموو ئامانجی خزمەتکردنی ئیسلام بوو بۆیە کە مرد تەنها چل و حەوت درهەم و یەك گرام زێڕی لە پاش جێما!! شەوی دوازدەیەمی نەخۆشیەکەی کۆچی دوایی کرد، کفن و دفنەکەشی پارەیان بۆ قەرز کرد. ل ١٣٣.١٢٨ (صەلاّحەدینی ئەیوبی ژیاننامەی گەشترین \دکتۆر محسن محمد حسین،و/عبدالرزاق بیمار )

(صلاح الدین) زوڵم و ستەمی خاچپەرستان وای لێکرد کە سوێند بخوات ژیانی خۆی تەرخان بکات لە ڕێی خوادا و بۆ ئەمەش بەرنامەی ژیانی خۆی دیاری کرد و بە پەرۆشەوە کەوتە هەوڵ و خەبات، تەنانەت پێکەنینیان لیێ نەئەدی چونکە ئەیووت: چۆن پێبکەنم لەکاتێکدا مزگەوتی ئەقسا داگیرکرابێت.

تا ئەقسای ئازاد کرد ئەوەندە سەرقاڵ بوو نەی توانی بچێت بۆ حەج و، دوای جەنگی -حطین- ویستی بچێت وتیان: ئەمساڵیش مەچۆ چونکە مەترسی خاچپەرستان هەیە کە بێنەوە سەرمان، بەو جۆرە حەجی بۆ نەکرا تا وەفاتی کرد، لە سەرەمەرگی دا پێکەنی و وتی: ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە صلاح الدین پێبکەنێت، سبەینێ دەگەمەوە بە پێغەمبەری خوا و پێی دەڵێم: من ڕێگای شەوڕەوی تۆم پاککردەوە لەدەست دوژمنان ئەی پێغەمبەری خوا..

## شێخ عبدالقادری گەیلانی:

هەموو ژیانی هەوڵ و کۆشش بوو بۆ هیدایەتدانی خەڵکی و بە هەزاران کەس لەسەر دەستیا تەوبەیان کرد و بە هەزارانیش موسڵمانبوون. لە ساڵی ٥٦١ کۆچی کە تەمەنی زیاتر لە نەوەد ساڵ بوو کۆچی دوایی کرد، لەدوارۆژەکانی تەمەنیدا کوڕێکی داوای ئامۆژگاری کرد، ئەویش وتی: (ترسی خوای پەروەردگارت لە دڵدا بێت، جگە لە خوا لە کەسی تر مەترسە، تکا و ڕجات بەس بۆ خوا بێت، هەموو پێویستیەکت هەر بۆ لای ئەو بەرەوە! پشتت هەر بەو ببەستە، جگە لە خوای گەورە متمانە بە کەسی تر مەکە، یەکتاپەرستی سەرچاوەی هەموو شتێکە).

لەسەرەمەرگیدا بەمناڵەکانی وت (لێم دوورکەونەوە، من بە ڕواڵەت لەگەڵ ئێوەدام و لە راستیدا لەگەڵ غەیری ئێوەم).دووبارە وتی: (کەسانی غەیری ئێوە لەلام دانیشتوون ئەدەبتان هەبێت جێگەیان

بکەنەوە )، پاشان فەرمووی (هاوار بۆ حالّتان،من گرنگی بە هیچ نادەم تەنانەت بە مەلائیکەتی گیانکێشانیش، ئەی مەلائیکەی گیانکێشان، ڕێگە بە غەیری خۆت بدە با بێتە لام، با ئەو ئاگای لێمان بێت و بەسەرکارمانەوە بێت) ئنجا گیانی سپارد. ل٩١ شێخی گەیلانی/ئازاد قەزاز.

## پێشەوا شافیعی:

بە پەنجا و چوار سالّ خزمەتێکی گەورەی بە ئیسلام کرد،لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا یەکێ لە قوتابیانی هاتە لای و ئەحوالّی نەخۆشیەکەی پرسی ئیمامیش وەلّامی دایەوە و وتی: وا خەریکم لە دونیا کۆچ ئەکەم و برایان بەجێدێلّم و، شەرابی مەرگ دەنۆشم و، بەرەو لای خودا دەڕۆم، ئیتر بەخوا نازانم ڕۆحم بەبەهەشت شاد دەبێت تا پیرۆزبایی لێ بکەم،یا بەرەو دۆزەخ دەبرێت تا سەرخۆشی لێبکەم.

ئنجا دەستی کرد بە گریان و ئەم هۆنراوەیەی وت:

ولما قسى قلبي و ضاقت مذاهبي جعلت الرجا مني لعفوك سلما
تعاظمني ذنبي فلما قرنته بعفوك ربي كان عفوك أعظما
ومازلت ذا عفو عن الذنب لم تزل تجود و تعفو منة و تكرما

کاتێك کە شافیعی مرد، زۆر کەس خەویان دیبوو،بۆ نمونە یەکێ لە خەویا حەزرەتی ئادەم کۆچی دوایی کرد بوو،تەفسیر کرا کە زانایەکی زۆر گەورە کۆچ دەکات ئەوەبوو شافیعی کۆچی دوایی.

سالّی دوو سەد و چواری کۆچی،شەوی پێنج شەممە لەسەر جومعە دوایەمین ڕۆژی ڕەجەب دوای نوێژی عیشا شافیعی مەلی بەرزە فڕی گیانی دایە شەقەی بالّ و ئەمانەتەکەی تەسلیم کردەوە. (ئیمام شافیعی/حبیب محمد سعید)..

## مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی:

لە ٦٠٤ کۆچی هاتۆتە دونیاوە لە خۆراسان. باوکی ناوی (محمد کوڕی حوسەیینی خەتیبی بەکری) یە و بە پاشای زانایان ناسراوە و ئەچنەوە سەر ئەبو بەکری صدیق.

مەولانا بە دیوانەکەی (مەسنەوی مەعنەوی) شۆڕشێکی کرد بەسەر عیلمی کەلام و فەلسەفەدا و جڵەوی موسڵمانانی گرتەوە لە زیادەڕەوی ملکەچی بۆ حەواسەکان و عەقڵ پەرستی.

زاهیدێکی کەم وێنە بوو هەرچی دیاری بۆ بهاتایە لای دۆست و دەسەڵاتدارانەوە دەیبەخشیەوە و لە کاتێکدا هەژار و کەم دەست دەبوو،دەیووت: ئێستا هەست بە لێبڕان و لاوازێتی خۆم دەکەم بەرامبەر بە خودای گەورە. لەساڵی ٦٧٢ ی کۆچیدا لە شاری (قۆنیە) بوومەلەرزە بۆ هەفتەیەك دووبارە دەبۆوە خەڵکی دەهاتنە لای و داوای دوعای خێریان دەکرد، ئەویش وتی: زەوی برسیەتی و داوای پارووەیەکی چەور دەکات،بەم زووانەش ئەم پاروو چەورە دەگلێت و لەپاشانا ئێوەش ئەم بەڵایەتان لەسەر لادەچێت.

لەدوا ساتەکانی ژیانیدا کە نەخۆش بوو هاوەڵێکی هاتە لای و دوعای شیفای بۆ کرد،مەولانا وتی: خوا شیفای تۆش بدات، بەڵام ئاخۆ لابردنی پەردەی نێوان دوو خۆشەویست چ زیانێکی تێدا بێت؟

لەسەرە مەرگدا وتی: ( ئەگەر تۆ باوەڕت شیرین بێت،ئەوا مردنەکەشت شیرینە و، ئەگەر کافر و تام تاڵ بیت ئەوا مردنەکەشت کافرانە و تاڵ و گرانە).

لەساڵی ٦٧٥ کۆچی بۆ دواجار بارگەی پێچایەوە بەرەو قیامەت و گەیشت بە خۆشەویستەکەی کە هەمیشە زار و گریەی بوو بۆ گەیشتن بە لیقای نەبڕاوەی. مەولانا نەئەچووە دیوانی سوڵتانەکان و کاتێکیش میرێك عوزری بۆ بهێنایەتەوە کە بۆ نەچووە بۆ لای دەیوت: پێویست ناکات بە عوزر هێنانەوە نەهاتنت لە هاتنت بەلامەوە خۆشترە. ل٢٣-٢٦ مەولانای ڕۆمی ئازاد قەزاز.

مەولانا دەڵێت (لەبەرچیە ترسان لە مردن؟ بۆچی ئەم ڕاکردنە لە مردن؟ تۆ بە بەردەوامی لە جوڵاندای لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لەنەبوونەوە بۆ بوون، وە لەبوونەوە بۆ نەبوون،هەروەها بەردەوامی لە بەرگ داکەندن و لەبەرکردنی بەرگێکی تر.. ئایا لەم ژیانی دونیایە دا مردنت تاقی

کردۆتەوە؟ کەئەگەر مرۆڤ لەم ژیانە جیابۆوە ژیانێکی نەمری بەدەستدەهێنێت و بە هیچ جۆرێك مردن نابینێت؟).

جیاوازی هەیە لە نێوان مردنی پیاوچاکان و خەڵکانی تر، پیاوچاکان بۆ جیابوونەوەیان لەم ژیانە نەبڕاوەیە، نە ئازار دەچێژن و نە خەم و پەژارەش دایان دەگرێت،بگرە بەوپەڕی ڕوو گەشیەوە پێشوازی دەکەن لە مردن، مردن لەلای ئەوان سەرەتای دروستبوونی ژیانێکی نوێیە، پەیامی سەرکەوتن و ڕزگاربوونە، مردن بۆ بێباوەڕان ژەهر و بەڵایەو بێبەشی و سەرزەنشتی و لەناوچوونە،بەڵام بۆ خاوەنباوەڕان شنەبای چارەسەری دەردەدارانە و هەوایەکی شێدار و پڕ لە گوڵاوە. ل٥٠ هەمان سەرچاوە.

## پێشەوا عبداللە ی کوڕی موبارەک:

ناوبراو لەسەرەمەرگدا بەنەصری مەولای وت: سەرم بخەرە سەر زەوی، نەصر گریا. وتی: بۆ دەگرییت؟ وتی: تۆ لە چ ناز و نیعمەتێکدا بوویت و وا ئیستاش بە غەریبی و هەژاری سەردەنێیتەوە، ئیمام پێی وت: وس بە، من داوام لە خوا کردوە بە هەژاری بمباتەوە.

ئنجا وتی:شایەتمانم پێ بڵێ، تا قسەی تر نەکەم دووبارەی مەکەرەوە لێم، بۆ ئەوەی دوا قسەم بێت.پاش وتنەوەی چەند جار شایەتمان،چاوی هەڵبڕی و بە پێکەنینەوە وتی: (لمثل هذا فليعمل العاملون).

زانای گەورەش قازی شاری حەما مەحمودی کوڕی ئەحمەد ی شافیعی ناسراو بە ئبن خەتیبی دەهشە،لە ساڵی ٨٣٤ ی کۆچیدا وەفاتی کرد، لەسەرەمەرگدا بە زەردەخەنەوە وتی: (لمثل هذا فليعمل العاملون).

هەروەها صالح کوڕی ئەحمەدی حیمصی،کەسێکی خواناسی پارێزگار بوو،داوایان لێکرد کە شەونوێژ کەمبکاتەوە، ئەویش وتی: چۆن موناجاتی پەروەردگارم بە دووسەعات شەوخونی نەکرم؟؟!

لە پێنج ساڵدا ١٥٠ جار خەتمی قورئانی کردو لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە (سلام عليكم بما صبرتم،فنعم عقبى الدار) الرعد ٢٤. لە دوا خولەکەکانی گیانکێشانیدا ناوی خوا (الله) ی دووبارە دەکردەوە.ناوبراو ساڵی ١٣٦٢ کۆچی لە شام کۆچی دوایی کرد.

## ئیبن تەیمیە:

لە بەندیخانەدا کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ٧٢٨ی کۆچیدا و لە سەرەمەرگ و دوا هەناسەیدا وتی: إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ (٥٤) فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ (٥٥)القمر

## سوڵتانێکی هیندستان:

شێخ ئەبو حەسەنی نەدەوی باسی سوڵتان موزەفەر کوڕی مەحمودی کوجەراتی دەکات لە ساڵی ٩١٧ کۆچیدا فەرمانڕەوا بووە لە هندستان،ئەم سوڵتانە خواناس و دادپەروەر و زانا بووە،دوارۆژی ژیانی کە جومعە بووە لە دەمەونیوەڕۆدا دەستنوێژی شت و دوو ڕکات نوێژی سونەتی کرد و ئامۆژگاری  ماڵ و مناڵ و ژنەکانی کرد کە ئارامگر بن و بە خوای سپاردن، ئنجا بە زانایەکی وت:خوا تۆی بە زانست پایەدار کردووە بۆیە حەزدەکەم لە سەرەمەرگمدا لەلامبی و یاسینم بخوێنی و بەدەستی خۆت بمشۆیت و گەردنم ئازاد بکە.

کە بانگی یەکەمی جومعەی دا وتی: پشت بە خوا نوێژی نیوەڕۆم لای ئێوە دەکەم و عەسریش لای پەروەردگارم دەبم لە بەهەشتا.ئنجا ئامادەبوانی ئێزن دا بچن بەلای نوێژی جومعەکەیانەوە و بۆ خۆشی لە شوێنی تایبەتی نوێژەکەیدا نوێژی نیوەڕۆی کرد و دوعای کرد وتی: ﴿ ۞ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِي مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ فَاطِرَ ٱلسَّمَوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأَخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾ ﴾ يوسف: ١٠١.

ئنجا شوێنی نوێژەکەی ناو کۆشکی بەجێهێشت و وتی: ئەتدەمە دەست خوا (أستودعك الله).پاشان لەسەر جێگاکەی ڕووە و قیبلە پاڵکەوت وتی: (لا إله إلا الله،محمد رسول الله ) وگیانی دەرچوو.لەوکاتەدا وتاربێژ لەسەر دوانگە دوعای بۆ دەکرد.

## ئەبوبەکر کوڕی مەسعود ی کاسانی:

زانای بەناوبانگی حەنەفی،خاوەنی پەڕاوی (بدائع الصنائع في ترتیب الشرائع) کە ئەم پەڕاوەی شەرحی پەڕاوی توحفەی عەلائەدینی سەمەرقەندی یەو ئەم کتێبەی کرد بە مارەیی کچی عەلائەدین، کاتێك کچەکەی خواست، بۆیە وتراوە (شرح تحفته و تزوج ابنته).

لەسەرەمەرگدا ئەم زانایە کەوتە خوێندنی سورەتی ابراهیم و کە گەیشتە ئایەتی: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡقَوۡلِ ٱلثَّابِتِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَۚ وَيَفۡعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴿٢٧﴾ ﴾ إبراهيم: ٢٧. گیانی سپارد.

## شێخ ئەحمەد کوڕی عەبدول لەتیفی تونسی:

زانایەکی بەناوبانگ بووە و چۆتە دیمەشق و لە ساڵی ١١٢٦ کۆچیدا وەفاتی کردوە، لەسەرەمەرگدا بە محمدی کوڕی و بە شێخ (عبداللطیف العمری) وت: ئێوە بە شایەت بن کە من شایەتی ئەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە خوا نەبێ کە هاوەڵی نیە و محمدیش بەندە و نێرداویەتی و هەرچی ئەو پێغەمبەرە هێناویەتی هەقە و، بە هەشت هەقە و دۆزەخ هەقەو، قیامەتیش بێگومان دێت و خوا مردوان زیندوو دەکاتەوە.

ئنجا ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١٨﴾ ﴾ آل عمران: ١٨. کە تەواوی کرد گیانی سپارد.

## ئیبن حەنبەلی شافیعی:

زانایەکی ناودار بوو، بیست ساڵ وتاربێژی مزگەوتی حەلەب بوو،ساڵی ٧٧٤ ی کۆچی وەفاتی کرد، لەسەرەمەرگیدا سورەتی (رعد) ی خوێندو کە گەیشتە ئایەتی: ﴿ * مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ

تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ أُكُلُهَا دَآئِمٞ وَظِلُّهَاۚ تِلۡكَ عُقۡبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْۚ وَّعُقۡبَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ ٣٥ ﴾ الرعد: ٣٥. کۆچی دوایی کرد.

**محمد کوڕی ئەحمەدی عەلوینی:**

ئیمامی مالیکیەکان بوولە سەردەمی خۆیدا و، ناسرابوو بە شەریفی تەلمەسانی لە ساڵی ٧٧١ کۆچیدا وەفاتی کردووە، کە ئەگاتە تەفسیری ئایەتی (یستبشرون بنعمة من الله) آل عمران ١٧١، بۆ ١٨ ڕۆژ نەخۆش کەوت و مرد. کوڕەکەی دەڵێت: لە کاتی نەخۆشەکەیدا قورئانەکەی ماچ کرد و خستیە سەرچاوی و وتی(چۆن لە دنیادا بەم قورئانە سەربەرزت کردوم، ئاواش لە قیامەتدا سەربەرزم بکە).

**ئیمام سەرهەندی:**

نوێخوازی هەزاری دووەم لە ساڵی ١٥٦٣زایینی لە سەرهەند لە هیندستان لە دایك بووە و زانایەکی گەورە بوو کە توانی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر هیندستان بێنێتەوە ژێر ئاڵای ئیسلام و ڕزگاری کرد لە بورهمیەکان و فەلسەفەی (وحدە الادیان).

لە دوارِۆژەکانی تەمەنیدا کە تەنگەنەفسی زۆری بۆ دەهێنا دەگریا و دەیووت (اللهم الرفیق الاعلی)،خوا بمبەرەوە بۆ لای خۆت من تینووی دیدارتم، دەمێکە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم بە تیشکی نورت شاد بم و ئەو فرمێسکانەی لە پێناو تۆیا ڕشتوومە هەر دڵۆپێکی لە ناو صەدەفی بەندایەتیدا ببێتە مرواریەك و نرخی منی لەبارەگای پیرۆزی خۆتدا پێی بەرزبێتەوە.

کوڕەکانی لێیان پرسی بۆ دەگریت؟ وتی: شەوقی گەیشتنمە بە خودا. شەوێکیان لەشەو نوێژدا پێی وتن: ئەمە دواهەمین شەونوێژە کە دەیکەم. هەرواش دەرچوو ئەوە دوا شەو نوێژی بوو بۆ بەیانیەکەی کۆچی دوایی کرد. ل٧٦ ئیمامی ڕەببانی/ئازاد قەزاز.

**عومەر موختار:**

ساڵی ١٨٦٢ زایینی لە دایك بووە لە لیبیا و باوكی لە حەج ناگەڕێتەوە و كۆچ دەكات وعومەر بە هەتیوی گەورە دەبێت. كەسێكی خواناس بوو زۆربەی كات دەست بە دەست نوێژ بوو، هەردەم سونەتی چێشتەنگاو و شەونوێژی دەكردو چەند سەعاتێكی كەم دەنووست.

لە نامەیەكیدا ناوبراو دەڵێت: ( ئێمە لە فڕۆكەكانی دوژمن و تانك و تۆپ و سوپای ئیتاڵیا و حەبەش و سبایس ناترسین، ئێمە لە ژەهر كردنە بیرەكانمان و ژەهراوی كردنی بەروبوومەكانمان ناترسین لەسەر زەوی، ئێمە لەسەربازانی خواین، سەربازانی خواش سەركەوتون).

لە ساڵی ١٩١١ ەوە دژ بە ئیتاڵیەكان جەنگا، سەردانێكی میسری كردو هەندێ لە شێخەكانی هۆزەكەی كە لە میسر بوون و ویستیان ساردی بكەنەوە لە جیهاد و گوایە سنۆسیەكان دەتوانن كەسێكی تر بخەنە جێی، ئەمیش وتی: (ئەوەی ئەو قسەیەم بۆ بكات خێری منی ناوێت، چونكە ئەوەی ئەیكەم ڕێگەی خێرە و نابێ كەس بڵێ مەیكە، هەرچی ئەوەش بڵێ دوژمنمە).

عومەر موختار زۆر جار دوعای دەكرد ( خوایە لە پێناوی ئەم قەزیە پیرۆزەدا بمرم ).وە سوور بوو لەسەر مانەوە لە لیبیا داو وتی: (ئەم وڵاتە بەجێناهێڵم تا دەگەمەوە بە پەروەردگارم،مردنیش لە هەموو شتێك لێم نزیك ترە و هەموو خولەكێك چاوەڕێم بێت). ل٣٠

پێیان وت:جیهاد بە جێبهێڵی و بچێ بۆ حەج،وتی: (ناڕۆم و ئەم خاكە بەجێناهێڵم تا فریشتەكانی خودا دێن، پاداشتی حەجیش گەورەتر نیە لە پاداشتی بەرگری لە خاك و ئاین و عەقیدە).

پاش نزیكەی بیست ساڵ جیهاد بە شاخ و كێوو دەشتەوە شێری نەبەردی ئیسلامیان دەستگیر كردو لە دادگایەكی كارتۆنیدا دادگاییان كرد و لە ڕۆژی ١٦ ی ئەیلول ی ١٩٣١ سەعات ٩ ی بەیانی لەسێدارەیان دا.

خەڵكێكی زۆریشیان كۆكردەوە بۆ چاوترساندنیان، فڕۆكەی جەنگی زۆریش بە ئاسمانەوە بوون، شێخی موجاهیدیش لەسەر خۆ هەنگاوی دەنا بەرەو پەتی سێدارە بەدەنگێكی نەرمی ناسك بانگی ئەدا، كەپەتەكەشیان كردە گەردنی فەرموی: (یا أیتها النفس المطمئنة،أرجعي إلى ربك راضية مرضية )الفجر.

خوای گەورەش دوعاکەی گیرا کرد و ئاواتەکەی هێنایە دی کە لە پێناو قەزیە پیرۆزەکەیدا،لە پێناوی خاك و دین و عەقیدەدا شەهیدی کرد بە نسیبی.. ل١٧٣ (الشیخ الجلیل عمر المختار/ د. الصلابی).

### بانگبێژێک:

پیاو باشێك لە دێیەك بانگبێژی مزگەوت بوو،باخ و باخاتی هەبوو و هەردەم خێری لێدەکرد،دوای چوارڕۆژ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد لەسەرەمەرگدا (أستغفر الله و لا إله إلا الله) ی دەوتەوە،لەپڕ دەستی بەرز کردەوە وەك ئەوەی تەوقە بکات لەگەڵ کەسێکدا وتی: سڵاو لە هاوەڵ و خۆشەویستم،ئنجا گیانی سپارد.

### عبدالله تاهەرتی:

پیاوێکی خواناس بوو،جارێکیان نەخۆش دەکەوێت و بەتەمای نامێنن، دەڵێت: لەم نەخۆشیەدا نامرم لە نەخۆشیەکی ترمدا چاوەڕێی مردن بن. برادەرێکی دەڵێت: وادەزانم دووعای کردبوو،وە لە خەودا ئەمەی پێوترا بوو، ئەم پیاوە باشە لەسەرەمەرگدا وتی: (وەرە ژوورەوە فریشتەی گیانکێشان) بە زەردەخەنەوە سەیری لای ڕاستی دەکرد، ئێمەش بۆنێکی خۆشمان کرد و گیانی سپارد.

### شێخ نەجمەددینی محمد غوززی:

زاناوموحەدیسی شام بوو، خزمەتێکی باشی کرد بە دینی خوا،دوو ڕۆژ پێش وەفاتی سەردانی باخە وەقفەکانی باپیری کردو گەردنی خۆی بە جووتیارەکان ئازاد کرد،ئنجا ڕۆژێك پێش مردنیشی سەردانی خزمانی کرد و گەڕایەوە ماڵەوە نوێژی ئێوارەی کردو ویردەکانی خوێند و پرسی کەی عیشا دەبێت. بەردەوام بوو لە وتنی لا إله إلا الله و ڕوو لە قیبلە پاڵکەوت، پاشان گوێیان لێبوو وتی: تو ئەو خوایەی کە ناردووتی نەرم و نیان بە لەگەڵما..کە چوونە ژوورەوە بۆ لای ڕۆحی دەرچووبوو!

## شێخ عبدالقادر کوڕی ئەبی ساڵح عبداللە ی حەنبەلی:

زانایەکی گەورە بوو،خەڵکی گەیلان بوو،ئیمامی حەنبەلیەکان بوو لەسەردەمی خۆیدا،زۆر لە خەڵکی بەغداد لەسەر دەستی تەوبەیان کرد و کەراماتی ئاشکرای هەبووە، کاتێك لەنەوەد ساڵیدا دەمرێت گوێیان لێی بوو وتی: سەلامتان لێبێت، سەلامتان لێبێت، بەلەسەرخۆیی بەنەرمی وا هاتم، واهاتم..ئنجا گیانی دەرچوو.

## ئیبن عەساکر:

موحەدیس و مێژوونووسی شام لەدوا ڕۆژی تەمەنیدا نوێژی نیوەڕۆی کرد، چاوەڕێی عەسر بوو، دەستنوێژی شتەوە و شایەتمانی هێنا بە دانیشتنەوە و وتی: ڕازیم کە خوا پەروەردگارمە و ئیسلام دینمە و محمد پێغەمبەرمە،خوا بەڵگەی دامێ و دەستی گرتم لە کەوتن و رەحمی بە غەریبیم کرد.. ئنجا وتی: سەلامتان لێبێت.. دیار بوو مەلائیکەتی بینی و گیانی سپارد.

دەڵێن:فریشتەی گیان کێشان کە دێتە لای پیاو باشێك گیانی بکێشێت،دەڵێ: سڵاو،بەخوا من پەنجا ساڵە خۆم بۆئەمڕۆ ئامادە دەکەم.

## ئەبی خەیر عبداللە کوڕی عومەری بەیزاوی:

لە تەبرێز زانایەکی گەورە بوو لەسەرەمەرگدا لە هۆش خۆی دەچێت، کە دێتەوە هۆش خۆی بە فەخرەدینی کوڕی دەڵێت: مژدە بێت کوڕی خۆم، مژدەیان دامێ کەلەگەڵ پێغەمبەراندا بەشم هەیە ئنجا چاوی داخست و گیانی سپارد.

## پێکەنینی دوا هەناسە:

پیاو باشێك لەسەرەمەرگدا پێکەنی،وتیان:بۆ پێکەنیت؟

وتی: لەخۆشی ئەوەی کە ئەچمەوە بۆ لای کەسێك چاوەڕێی خێری لێدەکرێت و ڕزگارم دەبێت لەوانەی کە ئەمین نیم لەشەڕیان.

زانای شام مەكحول كە هەموو دونیای تەی كرد لە ڕێی فێربووندا لەسەرە مەرگدا لێیان پرسی بۆ پێئەكەنیت؟ وتی: چۆن پێنەكەنم كە ئەوانەی حەزەرم لێدەكردن بەجێیان دەهێڵم و ئەچم بۆ لای ئەو كەسەی كە هیوام پێیەتی.

**تامەزرۆی گەیشتن بەخوا:**

*ئیمام زەكەریا كوڕی عەدی التیمی،كە زانایەكی گەورە بوو، دانیشتوی بەغداد لە ساڵی **٢١١** كۆچی كە وەفاتی كرد لەسەرە مەرگدا وتی: خوایە من موشتاقی تۆم!

*ئەحمەدی كوڕی نوری كە جونەیدی بەغدادی زۆر بە گەورە سەیری دەكرد،لەساڵی **٢٩٥** كۆچیدا كە مرد لێیان پرسی حەزت لە چییە؟ وتی: حەزێكی زۆر گەورەم هەیە، ئەویش ئەوەیە كە بە دیداری خودای گەورە شاد بم. ئنجا هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا و گیانی سپارد. لە خەودا بینیان، وتیان:خواوەند چی لێكردی؟ وتی: هەرچی هەبوو لە لایەك و ئەوەی سوودی هەبوو بۆم ڕكاتەكانی شەونوێژ بوو.

**ئەبو حامیدی غەزالی:**

بەیانی دووشەممە دەستنوێژی شت و نوێژی كرد و وتی:كفنەكەم بۆ بهێنن، كە بۆیان هێنا ماچی كرد و خستییە سەر چاوی و وتی:گوێڕایەڵ و فەرمانبەرم بۆ چوونە خزمەت مەلیك، ئنجا قاچی درێژ كرد و ڕووی كردە قیبلە و پێش ڕۆژ هەڵاتن گیانی سپارد لە ساڵی **٥٠٥** ی كۆچیدا.

ڕەحمەتی چەند دێڕ هۆنراوەی پێش مردنی نوسیبوو كە تیایدا دەڵێت:

قل لإخوان رأوني ميتاً — فبكوني ورثوا لي حزنا
أتظنون بأني ميتكم؟ — لست ذاك الميت والله أنا
أنا في الصور و هذا جسدي — كان بيتي و قميصي زمنا
أنا درّ قد حواه صدف — كنت محونا فعفت المحنا
أنا عصفور وهذا قفصي — طرت عنه وبقي مرتهنا
أحمدالله الذي خلصني — وبنى لي في المعالي سكنا

## ئەبو هورەیرە:

لە ئەهلی صوففە بوو، هەژارو کەم دەست بوو، خۆشەویست(د.خ) شتی هاتبووە دەست بە سەریاندا دابەشی کرد، ئەبوهورەیرە وتی: من ئەوەم ناوێ، دەمەوێ ئەوەم فێر بکەی کە خوا فێری کردووی. خۆشەویستیش(د.خ) دوعای بۆ کردو توانایەکی سەرسوڕهێنەری لەبەرکردنی پەیداکرد، شەش هەزار فەرموودەی ڕیوایەت کردووە، لەسەرەمەرگدا وتی: ئای بۆ کەمی تێشوو، دووری ڕێگای سەفەرمان.

## ئەنوەر جوندی:

برایەکی خواناسی میسرییەو نوسەرو بانگخوازێکی گەورەیە، زۆربەی کات دەستی بە دەست نوێژ بوو، چەندەها پەڕاوی هەیەو پاش خوێندنی ئابوری و کارگێڕی چووە زانکۆی ئەمریکی تا باشتر بتوانێ وەڵامی گومانی دوژمنان بداتەوە، لە کۆتایی ژیانیدا نەخۆشکەوت ولە دوا هەناسەکانیدا وتی: (ئەی پێغەمبەری خوا، من ئەنوەر جوندیم، وا هاتم بۆ لات لەخوارووی میسرەوە ).

## حەسەنی بەسری:

پیاوێکی خواناسی بانگخوازی بۆ خوا سوڵحاو بوو، لەسەرە مەرگیدا (انا للە وانا الیە راجعون)ی دەووتەوە، ئنجا لە هۆش خۆی چوو پاشان کە هاتەوە هۆش خۆی وتی: بێدارتان کردمەوە،من لە بەهەشت و باخات و جێ و ڕێیەکی خۆش و بە ڕێزدا بووم.(دیارە پیشانیان داوە) پاشان بە یەکجاری گیانی سپارد.

## زانای خواناس خەلیفە ئەماسی:

کەسێکی تێکۆشەر بوو بۆ دینی خوا، لەسەرە مەرگدا دەیووت:ئەو پلەو پایانە چەند چاکن،ئەو حوری عەینانە چەند نەرم و نیانن، بانگم دەکەن بۆ بەهەشت،خوایە زوو بمگەیەنە بەو پلەو پایەو مەقاماتە. پاش کەمێك لەم قسانە کۆچی دوایی کرد.

## ئیبن عەتتار:

پیاوێکی نورانی ئەدیب بوو،لە سەرەمەرگدا بەردەوام زیکری خوای دەکرد و کە خەریك بوو دوا هەناسە بدات بە زەردەخەنەوە وتی: باخ وباخات و سەوزایی دەبینم، ئنجا گیانی سپارد.

## عبداللەی کوڕی سەعد کوڕی ئەبو سەرح:

سەرکردەیەکی بە توانا بوو،برای شیری عوسمانی کوڕی عەففان بوو، زەمانی فیتنە بەشداری نەکردو چوو لە شاری ڕەملە لە فەلەستین دانیشت.کاتێ هەستی بە نزیکی ئەجەلی کرد وتی خوایە دوا ئیشم بکە بەنوێژی بەیانی، دەستنوێژی شت و نوێژی بەیانی کرد کە سەلامی دایەوە بە لای چەپدا گیانی سپارد.

## عامری کوڕی عبداللەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەوام:

کە لەسەر جەنازەیەك دەوەستاو دوعای دەکرد ئەوەندە کاریگەری هەبوو لەسەری عەباکەی لە شانی دەکەوتە خوارەوە بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت.

عامر لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا گوێی لە بانگ بوو، وتی دەستم بگرن بۆ مزگەوت، وتیان: تۆ زۆر ناساغیت؟ وتی:چۆن ئەتوانم جوابی بانگی خوا نەدەمەوە؟ دەستیان گرت و لە مزگەوت لەگەڵ ئیمامدا ڕکاتێکی نوێژی ئێوارەی کردو گیانی سپارد.

## مردن لە مزگەوتداو لە نوێژدا:

*__عبداللەی سولەمی__ قورئان خوێنێکی دیاربوو، خەڵکی فێری قورئان ئەکرد لەبەر گەورەیی فەرمودەکەی خۆشەویست (د.خ) کە دەفەرموێت (خیرکم من تعلم القران وعلمه) بخاری، لە نەخۆشیەکەیدا سەردانیان کردو دڵیان دایەوە،ئەویش وتی: هیوام بە خوا زۆرە هەشتا ڕەمەزان بۆی بە ڕۆژوو بووم.

لە مزگەوت دا بوو کە گیانی ئەدا وتیان: بۆ ناچیتە ناو جێگاکەتەوە و پاڵ بکەوی؟ وتی: من حەز دەکەم لەمزگەوت داو لەچاوەڕوانی نوێژدا بمرم، خۆشەویست (د.خ)دەفەرموێت (لا يزال احدكم فی صلاة مادام في مصلاه ينتظر الصلاة،والملائكة تقول اللهم اغفر له، اللهم ارحمه ).

*عبدالرحمان کوڕی ئەبان کوڕی عوسمانی قوڕەیشی،زەهەبی لە بارەیەوە دە فەرموێت (عبدالرحمان کەسێکە بۆ خەلافەت دەشێت) پیاوێکی خواناس و دەوڵەمەند بوو خەڵکانێکی زۆری دەکڕی و پۆشتەی دەکردن و ئازادی دەکردن، دەیووت: بۆ سەرەمەرگم باشە،ئیبن جوزی دەڵێت (عبدالرحمان لە مزگەوتدا نوێژی چێشتەنگاوی دەکرد گیانی سپارد).

*خەیر نەساج هاوەڵی جونەیدی بەغدادی کە پیاوێکی خواناس بوو،لەکاتی نوێژی ئێوارەدا لە هۆش خۆی دەچێت، کە دێتەوە هۆش خۆی سەیری سوچێکی مزگەوتەکە دەکات و دەڵێت: بوەستە سەلامەت بیت، تۆ بەندەیەکی فەرمان پێدراویت و منیش هەروام، ئەوەی تۆ فەرمانت پێدراوە کە گیان کێشانی منە لە دەستت دەرناچێت، بەڵام ئەوەی من فەرمانم پێدراوە کە نوێژی ئێوارەیە دەچێت. ئیتر ئاویان بۆ هێناودەست نوێژی شت و نوێژی ئێوارەی کردو پاڵکەوت و چاوی نوقاند و شایەتمانی هێناو کۆچی دوایی کرد.

لە خەودا بینیان وتیان:خوا چی پێکردی؟ وتی: لەوە مەپرسن،من پشووم داو رزگارم بوو لە دەست دونیاکەتان.

*ئەبو سەعلەبەی خەشنەیی هاوەڵی خۆشەویست بوو(د.خ)،دەیوت:من هیوادارم لەسەرەمەرگدا خوا وەك ئێوە نەمخنکێنێ... لە شەونوێژ و لە سوجدەدا گیانی سپارد،کچەکەی خەوتبوو لە خەویا بینی باوکی مردووە،لە خەو ڕاپەڕی و لە دایکی پرسی کوا باوکم؟ وتی: لەسەر بەرماڵەکەی شەونوێژ دەکات،کەچوو بۆ لای گیانی سپاردبوو لە سوجدەدا؟!

*ئەبو حەنیفەی نوعمان کە کەوتە حاڵەتی گیانکێشانەوە چووە سوجدەوە و خوا لە سوجدەدا گیانی کێشا.

*ئیمامی مزگەوتی گەورەی کۆیە بۆی گێڕامەوە، کە وتاربێژێکی مزگەوتی گەورەی کۆیە کە ناوی مەلا محەمەد بووە، دوای ئەوەی سەلامی نوێژی جومعە ئەداتەوە گیانی دەسپێرێت.

## سابتی بەنانی:

زانایەكی خواناسی گەورە بوو، ئەنەسی كوڕی مالیك لـە بارەیەوە دەڵێت: سابت كلیلی خێرە. سابت دەڵێت: بیست ساڵ زەحمەتم كێشا لەگەڵ نوێژدا و هەوڵم دا تا بیست ساڵی دوای ئەوە خۆشیم بینی لـە نوێژ،لەسەرەمەرگدا محمدی كوڕی ویستی تەلقینی بە لا إلـه إلا الله بكات پێی وت: وازم لێبێنە،خۆم ویردەكەم دەخوێنم و گیانی دەرچوو. دوعای كرد خوایە ئەگەر ڕێی كەست داوە لـە قەبرەكەشیا لـە بەرزەخدا نوێژ بكات ئەوە ڕێی منیش بدە نوێژ بكەم.

## سەرەمەرگ و قورئان خوێندن:

جونەیدی بەغدادی كە خواناسێكی گەورە بوو، لـەسەرەمەرگدا ئەیویست قورئان خەتم بكات،وتیان: كەی ئێستا كاتی ئەوەیە؟؟،وتی:جا كێ بە هێندەی من پێویستی پێیەتی،وا دەفتەری كردەوەكانم دادەخرێت. قورئانی خەتم كرد و حەفتا ئایەتی لـە سورەتی (البقرة) خوێند و لـە ڕۆژی جومعەدا گیانی سپارد.

برادەرێكی لـە سەرەمەرگدا دەچێتە لای و سەلامی لێدەكات وەڵامی ناداتەوە دوای سەعاتێك وەڵامی دایەوە و وتی: ببورە ویردەكەم تەواو دەكرد، ئنجا ڕووی كردە قیبلـە و وتی:اللـه اكبر، گیانی سپارد.

عامر كوڕی سەید عوسمان شێخی قورئان خوێنانی موجەمەعی مەلیك فەهد بوو (للمصحف الشریف). كە لـە حەوت ساڵی كۆتایی ژیانییدا ژێیەكانی دەنگی قوڕگی نەمان،بەوەشەوە كۆڵی نەئەدا و قوتابی فێری قورئان دەكرد. لـە نەخۆشی مردنەكەیدا ئەوەی سەیر بوو بۆ سێ ڕۆژ دەنگی بەربوو،هەموو قورئانی بە دەنگێكی خۆش خوێند لـەسەر جێگاكەی لـە خەستەخانە و گیانی سپارد.

شێخی قورئان خوێنانی مەغریب،حاجی مەكی كوڕی عبدالسلام ی كیرانی فاسی، هەموو ژیانی لـە خزمەتی قورئاندا بوو، لـە خزمەتی هەژار و نەداراندا بوو تەنانەت هەندێ پێی دەوت: حاتەمی مەغریب! عەللامە الصادق كوڕی كیران دەڵێت: لـە سەرەتای نەخۆشیەكەی حاجی مەكیدا خەوم بینی، لـە خەومدا خەڵكێكی زۆر كۆبووبوونەوە و لـە كەش و هەوایەكی ئیمانیدا ماسی ونان لـە مەدینە دابەشكرا

بەسەریانا و خەڵکەکە چاوەڕێی کەسێکیان دەکرد، لەپڕ کەسێك هاتە ژوورەوە و وتی: پێغەمبەری خوا خۆی سەرەوکاری ئیشەکانی حاجی مەکی دەکات.

لەساڵی ١٩٩٥ەوە ناوبراو نەخۆشکەوت و نەیدەتوانی لەماڵ بێتە دەرەوە بەوەشەوە لەماڵەوە سەرەوکاری ئەوانەی دەکرد کە دەچوون بۆ ماڵیان بۆ فێربوونی قورئان. لە کۆتایی ژیانیدا شەهادەتی بەدەنگی بەرز دەووت و سڵاواتی ئەدا و ئنجا ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە تا گیانی سپارد (وبالحق أنزلناه وبالحق نزل). لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ١٥ ی مارس ی ٢٠٠١ دا.سەرچاوەی ئەم بەشە(مرحبا بملائكة ربي،دكتور محمد بن عزوز).

## ئافرەتێکی بانگخواز:

دایکی سەعید خەڵکی وڵاتی مەغریبە و ئافرەتێکی چست و چالاك بوو، ئەوەندەی نەمابوو بگاتە پشتێنی ڕەش لە کاراتیدا، لە خوێندنەوەشدا توانایەکی باشی هەبوو، کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو لە ماڵەوەو بەردەوام گۆڤاری (العربي) کوەیتی دەخوێندەوە.

دوو کوڕی هەبوو بەناوی محمد و سعید، کاتێك محمد تەوبە دەکات و دەبێتە موسوڵمانێکی ڕاستەقینە، کاردەکاتە سەر دایکیشی و ئەمیش تەوبە دەکات و دەبێتە باڵاپۆش و قورئانێکی باش لەبەردەکات، تەنانەت لەیەك ڕکاتی شەونوێژدا هەموو سورەتی بەقەرەی لەبەر خوێندووە.

دایکی سەعید کەوتە بانگەواز کردن بۆدینی خوا و دەرسی هەفتانەی بۆ ئافرەتان دانا لە ماڵەوە و بە دەیان ئافرەت بوونە باڵاپۆش و، هەمیشە بەرگی زیادەی باڵاپۆشی لە ماڵەوە دانابوو، تا ئەو ئافرەتەی دەچوو بۆ دەرس و قەناعەتی لا دروست دەبوو، یەکسەر بەجلی سەرتاپا و سەرپۆشەوە لە ماڵیان دەهاتە دەرەوەو جلێکی گونجاوی پێشکەش دەکرد.

ئەم ئافرەتە هەمیشە دڵی لای سەعیدی کوڕی بوو، کە سەرقاڵی هونەر و دوور لە خوابی بوو، زۆر دەگریاو لەخوا دەپاڕایەوە کە هیدایەتی بدات و ببێتە بانگخوازێك بۆ ڕێ ی خوا، بە تایبەتی کاتێ چوو بۆ حەج لە کێوی عەرەفە دوعای هیدایەتی زۆری بۆ کرد...

خوای گەورە دوعاکەی گیرا کرد، کە گەڕایەوە لە حەج سەعید گۆڕدرا و کەوتە دیراسەی ئیسلام و بووە بانگخوازێکی دیار و بە توانا.

خوای گەورە بە شێرپەنجە تاقیکردەوەو سنگیان بۆ هەلگرت سەعید بە پزیشکەکەی دایکی وت: حالّی دایکم چۆنە؟؟ وتی: درەنگ هاتووە بەدەم نەخۆشی یەکەیەوە و بە لەشیا بلاّوبۆتەوە، تۆ ئیمانت بە قەزاو قەدەرە و ئەمەلی ژیانی لەسەدا دووە، بەلاّم دیارە ژیان و مردنیش بەدەست خوایە.

دایکی سەعید داوای کرد کە بیبەن بۆ مەککە، بۆئەوەی لەوێ ئاوی زەمزەم بخواتەوەو داوای شیفا بکات لەخوا لەسەر فەرمودەکەی حەزرەتﷺ کە دەفەرمویّت (زمزم لِما شُرِبَ له)...

سەعیدیش دایکی و هاوسەرەکەی و منالّەکانی برد بۆ مەککە کە کۆتایی مانگی شەعبان بوو، هەموو مانگی ڕەمەزان لەوێ بوون، بە عەرەبانەی کەم ئەندامەکان هاتوچۆ و تەوافی بەدایکی دەکرد، دایکیشی بە کولّ دەگریا و دوعای دەکرد خوا شیفای بدات، دوای ڕەمەزان تەندروستی بە جۆرێك باش بوو بەپێی خۆی دەڕۆیشت و نەخۆشی یەکەی لەسەر هەلّگیرا.

دایکی سەعید کە خوا وەلاّمی دوعاکەی دایەوە و سەعیدی بۆ هیدایەت دا و، وەلاّمی دوعاکەی دایەوە و شیفای بۆ نارد، هەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ بانگەواز و هەمیشە دوعای دەکرد: (اللهم إني أسألك شهادة في سبيلك و ميتة في بلد رسولك) کە ئەمەش کاتی خۆی دوعای حەزرەتی عومەر بوو، دیارە عومەر کاتی خۆی هاوەلاّن پێیان دەوت باشە چۆن دەتەوێ شەهیدبیت و لە مەدینەش بیت،ئەوەبوو ئاواتەکەی هاتەدی و لە مەدینە شەهید بوو...

دایکی سەعیدیش خوای گەورە نزیکەی یانزە سالّێکی تر تەمەنی پێ بەخشی، لە هاوینی (٢٠٠١) دا مەغریب زۆر گەرم بوو، سەعید کە چوو بوو بۆ سەردانی پێی وت: هاوینی داهاتوو پشت بەخوا ئێرکۆندیشنت بۆ دائەنێم... دایکیشی وتی: هاوینی داهاتوو؟! بۆ من دەژیم تا هاوینی داهاتوو؟ نا، نا... کوڕم من واهەست دەکەم کە ئەجەلم نزیکە، داواکارم لەخوا کە لە مەککە وەفات بکەم و ئاخر خێر بم، ئنجا دەستی کرد بە گریان.

ئەمەی وت لە کاتێکدا مەغریب هەزار کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە، بەڵام خوا بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا و هەروەك لە فەرمودەی قودسی دا هاتووە خوای گەورە دەفەرمویێت: (أنا عند ظن عبدی بی)...

پاش چەند مانگێك هەواڵیان دا بە سەعید کە لە قگر دائەنیشت، کە دایکی لە خەستەخانە کەوتووە، جا لەگەڵ ئەوەشدا کە نەخۆش بوو چەندەها نەخۆش و چەندەها پەرستیار تەوبەیان کرد لەسەر دەستیا و بەرگی ئیسلامیان پۆشی.

کاتێك لە خەستەخانە بوو گۆرانیبێژی مەغریبی (عبدالهادي بلخياط) سەردانی کرد کە لەسەر دەستی سەعیدی کوڕی دا تەوبەی کرد بوو، گەڕابۆوە سەر گۆرانی لەگەڵ ئەوەدا کە نوێژەکانیشی دەکرد، دایکی سەعید پێی وت: ئەمشەو لە خەومدا پێم وتی: أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ (١٦)) الحديد.

چۆن دەگەڕێیتەوە سەر گۆرانی لە کاتێکدا لەززەتی ئیمان و موناجاتی خوات چەشتووە. خۆی گریا و عبدالهادیش گریا.

ئنجا بە سەعیدی وت: کوڕم من واهەست دەکەم ئەجەلم نزیك بۆتەوە، بمبە بۆ مەککە تا لەوێ بمرم، سەعید وتی: دایە گیان مەککە هەر مردنی لێ نیە، بەڵکو زەمزەم و شیفا و وەڵام دانەوەی دوعایشی لێ یە.

دایکی وتی: ڕاست دەکەی وەڵام دانەوەی دوعای لێ یە، منیش دوعام کردووە لەوێ بمرم و لەوێش بنێژرێم، بمبە بۆ مەککە. لە مانگی ژی القعدە دایکی برد بۆ مەککە و مانەوە تا کاتی حەج، وتی: دەمەوێت حەج بکەم، سەعید وتی: دایکە تۆ ناساغی و ڕەنگە نەتوانی لەبەر قەرەباڵغی حەج بکەی و، خوا بە نیەتەکەت پاداشتت ئەداتەوە و ئنجا خۆ چەند حەجێکیشت کردووە.

دایکی حەزی کرد بە حەج کردن کۆتایی بە ژیانی بهێنێ و خوایش لەسەری ئاسان کردو تەنها تەوافی ئیفاچە ی مابوو بە کوڕەکەی وت: تەوافی ویداعم لەسەر نیە چونکە لە مەککە ناچمە دەرەوەو خوا حەزکات لێرە دەمرم.

باری تەندروستی تەواو نەبوو لەهۆش خۆی چوو نەیتوانی تەوافی ئیفاچە کەی بکات تا مانگێك دوای حەج، سێ ڕۆژ پێش ئەوەی وەفات بکات، تۆزێ حاڵی باشتر بوو کچەکەی شتی و عەبایەکی تازەی لەبەرکرد، کوڕەکەی پێ ی وت: دایکە فرسەتە تەوافی ئیفاچە کەت بکە با حەجەکەت تەواو بێ، لەسەر عەرەبانە تەوافەکەی تەواوکرد و دوو ڕکات نوێژی کرد لەپشت مەقامی ئیبراهیم و لەهۆش خۆی چووەوە، ویستیان بیبەنەوە بۆ ئوتێل لەنێوان بەردەڕەشەکە و ڕوکنی یەمانیدا هاتەوە هۆش خۆی و وتی: ڕامگرن، ڕووی کردە کەعبە و دەستی بەرزکردەوە و کەوتە دوعاکردن و وتی: الحمد لله الذی بنعمته تتم الصالحات، داوام لەخوا کرد لە مەککە بمرم، دوعاکەی قبوڵ کردم، ئای مردنێکی چەند خۆشە!

بۆ شەوی سێهەم کەوتە گیانەڵا و سەعید یاسینی لەسەر خوێند و خۆشی بە هێواشی لەژێر لێوەوە دەیوت:(لا إله الا الله اللهم هون علي سكرات الموت، اللهم هون علي سكرات الموت).

دوو کوڕەکەی و کچەکەی بەدیاریەوە بوون، بانگی بەیانی دا و دایکیان بە دەم وتنی (لا إله الا الله) وە ئەندامەکانی لەشی یەك یەك سارد ئەبونەوە، بیریان کەوتەوە کە داکیان دوعای کردبوو کە (خوایە لە مەککە گیانم بکێشە لە کاتێکدا کوڕەکانم لە حەرەمدا لە سوجدەدا بن)! خێرا چوون بۆ نوێژی بەیانی لە کەعبە و خوشکەکەیان بەدیار دایکیانەوە بەجێ هێشت.

سەعیدو براکەی چوونە حەرەم بۆ نوێژی بەیانی، دوای ئەوە ئیمام لە سوجدەی دووەم هەستایەوە، دایکی سەعید لە ژوورەکەی خۆی لە ئوتێل بە دەنگی بەرز وتی: (لا إله الا الله) و گیانی دەرچوو.

کاتی خۆی لە پێش هەموو وتارێکی هەینی دا سەعید تەلەفۆنی بۆ دایکی دەکرد دوعای خێری بۆ بکات، کە خوا یارمەتی بدات و قسەکانی کاریگەری هەبێت...

مزگەوتی (المغفرة) لە شارقە دەکرایەوە، ئەمیش یەکەم جار بوو بۆ نوێژی هەینی بچێتە سەر مینبەر بۆ وتاردان دوای مردنی دایکی، لە نیسانی ٢٠٠٢ دا، پێش ئەوەی بچێتە سەر مینبەر بیری لەوە کردەوە یەکەم وتارێتی دوای مردنی دایکی، لە دڵی خۆیدا وتی: ئەوەی کە دوعای بۆ دەکردم مرد، فرمێسك بە چاوانیا هاتە خوارێ، ئنجا قسەکەی ئەبوبەکری بیرکەوتەوە کە ئەگەر (محمد) یشﷺ

وەفات بکات خوای محمدﷺ (حی قیوم) ە و ماوە، پاشان دوعای کردو وتی: (اللهم إني أتوسل إليك ببري لوالدتى أن تفتح علي ما يُرضيك عني)..

چووە سەر مینبەر و بە گریانەوە وتارەکەی داو ئامادەبوانی مزگەوتیشی هێنایە گریان، بە تایبەت حاکمی شارقە (دکتور سلطان القاسمي) کە لەوێ بوو.

## مردنی شێخ سەعید زەیانی

شێخ سەعید لە شاری (رباط) ی وڵاتی مەغریب لە دایك بووە، پاش تەوبەکردنی و شارەزابوونی تەواوی لە ئیسلامدا لە ساڵی ١٩٩٣ دا لە قەتەر جنسیەی وەرگرت و خەریکی وتاردان و پێش نوێژی بوو، بیست و پێنج ساڵ بانگەوای کرد بەشێوازێکی مۆدێرن و ئاسان و لە زۆر لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە بەرنامەی چاکی پێشکەش کرد.

شێخ سەعید زەیانی باسی خۆی دەکات و دەڵێت: منیش وەکو خەڵکی عەودالی بەختەوەری بووم و وامدەزانی کە بەختەوەری وا لە ماڵ و سامان و پلەو پایەدا، لەمناڵیەوە بەشداریم کرد لە بەرنامەی مناڵاندا لە تەلەفیزیۆندا و کە گەورەش بووم ئەکتەرو گۆرانیبێژێکی بەناوبانگم لێدەرچوو، زۆر لە کاربەدەستان بوونە هاوەڵم وەك سەرۆك وەزیرانی مەغریب کە زوو زوو سەردانم دەکردو، زۆر لە هونەرمەندانیش بوونە هاوەڵم وەك (عبدالحليم حافظ)، بەخۆم دەوت: باشە ئەگەر بشگەمە (عبدالحليم) خۆ ئەوەتا خۆی دەڵێ بەختەوەر نیە، پاشان مردنی ناوبراو زۆر کاری تێکردم و، هەردەم بیرم لای گەیشتن بوو بە ئاسوودەیی و بەختەوەری.

جارێکیان لە ساڵی ١٩٧٤دا ڕۆژنامەنووسێك پرسیاری لێکردم و وتی: تۆ ناوت (سعيد) ە ئایا گەیشتوویتە سەعادەت و بەختەوەری؟؟ منیش وتم: ناوەکەم لە چوار پیت پێکهاتووەو سێ پیتی (سعی) یەو هەوڵە بەدوای دۆزینەوەی پیتی (د) دا تا بەتەواوی بگەمە بەختەوەری، پەیمان بێت کە گەیشتم هەواڵت بدەمێ.

بەڵێ پارە وسامانم زۆر بوو، ناو وشۆرەتم زیاد بوو، سەردانی ڕۆژئاوام کرد، شەیتان وەسوەسەی پێدەکردم و هانی دەدام کە مادام ناگەمە بەختەوەری و ناشادم خۆم بکوژم.

لەو ماوەیەدا پەڕاوێکی نووسەرێکی فەڕەنسیم دەستکەوت کە باسی خۆکوشتنی دەکرد و ئاماری زۆری تیابوو، لام سەیربوو کە ڕێژەی خۆکوشتن لە سوید زۆر زۆر بوو، لە کاتێکدا زۆر ژیان ئارام و خۆشە لەو وڵاتەدا،تەنانەت پردێکیان هەیە پێی دەوترێت پردی خۆکوشتن، ئەوەندە خەڵکی لە ژیان بێزار خۆیانی لێ فڕێ دەدەنە خوارەوە.. هەر لەو ماوەیەدا پەڕاوێکی ترم خوێندەوە لە بارەی ئەو کەسە ناودارانەی لە ڕۆژئاوا موسڵمانبوون، وەك گۆرانی بێژی بەریتانی کات ستیڤنس، کەناوی خۆی کرد بە یوسف ئیسلام، ئەوانە بە بەرنامەی خوا گەیشتنە لوتکەی بەختەوەری..

براکەشم بە هۆی کۆمەڵێ برادەری بانگخوازەوە لە هۆڵەندا بوو بە پیاوێکی خواناس و بەتەواوی ژیانی گۆڕدرا، زۆر هەوڵیشیان لەگەڵ من دا، بۆیە منیش بڕیارم دا تەوبە بکەم و پەیڕەوی بەرنامەی خوا بکەم، بەمەش گەیشتمە ئەو بەختەوەری و ئاسوودەییەی کە بە دوایا وێڵ بووم، کە ئەوەش ئاواتی دایکم بوو، کە هەمیشە دەست بە دوعابوو خوا هیدایەتم بدات.. ئنجا نامەم نووسی بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە کاتی خۆی پرسیارەکەی لێکردم، وتم: وا پاش دوانزە ساڵ لە پرسیارەکەت لە سایەی خواوە پیتی چوارەمی ناوەکەمم دۆزیەوە و لە سایەی بەرنامەکەی خواوە بەختەوەربووم.

شێخ سەعید ئەچێ بۆ سعودیە بۆ بەڕێکردنی جەنازەی (ابن باز) کە دەگەڕێتەوە بۆ قەتەر لە ڕێی مەککە بۆ طائف ژنەکەی زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێ پەلە مەکە و ئاگات لەخۆت بێت، پاش ماوەیەك ڕۆیشتن تایەیەکی سەیارەکەی ئەتەقێ و بەهەر حاڵێك دەبێت خۆی دەگرێتەوە و سەلامەت دەبێت ئنجا پەیوەندی بە ژنەکەیەوە دەکات و هەواڵەکەی ئەدەتێ، ئەویش دەڵێ: منیش لەوە دەترسام، ئەمشەو خەوم پێوە دیوی سەیارەکەت وەرگەڕا و خوێن لە سەرت هات، سوپاس بۆ خوا کە بەوە کۆتابی هات.

پاش گۆڕینی تایەکە دەکەوێتەوە ڕۆیشتن و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: عەمرەم کردووە و ئامادەی ناشتنی زانای گەورە (ابن باز) بووم و ئەم هات و چوونەشم تەنها لەبەر خوا بووە، ئەگەر بەم حاڵەوە بگەڕێمەوە بۆلای خوا، خوا بە ڕەحمە... ئنجا دەڵێ: ئەوەندەم زانی گوێم لە دەنگێکی گەورە بوو سەیارەکەشم وەرگەڕا و تەقلەیەکی لێدا منیش بە دەنگی بەرز (لا إله الا الله) م وت سەیارەکەم تەواو تێك شکا هەرچی بیبینیایە دەیوت کەسی تیا دەرنەچووە، سەیارەی تر کە لەدوامەوە بوون و ئەوانیش

لەو مەراسیمە گەڕابوونەوە لە ئەهلی (ریاض)، لە سەیارەکە دەریان هێنام و گوێم لێبوو دەیان وت ڕوویکەنە قیبلە، شایەتمانی پێ بڵێن، منیش بە دەنگێکی نزم دەم وت: کێ دوا قسەی (لا إلە الا الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە، بە شایەت بن وا من دوا قسەم (لا إلە الا الله) یە.

دوایی بردمیانە خەستەخانەیەکی (طائف) و پاش چوار ڕۆژ هێنامیانە خەستەخانەی نور لە مەککە، دوو پزیشك چارەسەری شکاویەکانیان بۆ دەکردم یەکێکیان سووری و ئەوی تریان میسری بوو، منیش قسەی خێری زۆرم بۆ کردن، پێش ئەوەی دەرچم لە خەستەخانە هاتنەلام و وتیان ئێمە لە خوا دووربوین و عیلمانی بووین لە سایەی خواوە تۆبەمان کرد و ئێستا هەردووکمان نوێژ دەکەین.

سبحان الله ئەوجارە خوا دایەوە و نەمرد، خوای گەورە هێشتیەوە بۆ کۆتایی ساڵی ۲۰۰۹ کە ئەمجارەشیان بە ڕووداوی ی سەیارە و وەرگەڕان لەکاتی گەڕانەوەیدا لە وڵاتی سعودیە لەلای شاری (أبو ظبي) کۆچی دوایی کرد. (کل نفس ذائقة الموت)... وێنەی شیخ سعید الزیانی



**دایکی وەلید:**

دایکی وەلید (هیلە کچی أبو حمید) ئافرەتێکی بانگخوازی سعودیەو لە شاری (ریاض)خزمەتێکی گەورەی بە پەیامی خوا کرد بۆماوەی زیاتر لە سی ساڵ.

لە کاتی شەڕی (بۆسنە و هرسك)دا مێردەکەی منالێکی ئەو وڵاتەی کەفالەت کرد و ئەمیش منالێکی تری کەفالەت کرد، پاشان هانی مامۆستاکانی هاوەڵی دا لە قوتابخانە کە ئەوانیش ئەو کارە خێرە بکەن، بە هۆی ئەوەوە توانیان پانزە منالی بێ باوکی بۆسنەیی کەفالەت بکەن و مانگانە پارەیان بۆ بنێرن. دایکی وەلید لە ڕێی پیرێژنێکی خزمیانەوە بە ناوی دایکی عبدالرحمان هانی دەر و دراوسێ ی ئەدا کە زەکات و پارە و ماڵ کۆ بکەنەوەو یارمەتی هەژار و لێقەوماوانی پێبدەن، ئەمەش سەرەنجام دەزگایەکی خێرخوازی لێ دروست بوو بە ناوی ( دەزگای نوور) کە ئێستاش لە ڕۆژئاوای ریاض کار دەکات.

دایکی وەلید پاش ئەوەی ئەو منالەی کەفالەت کرد کەوتە خۆتەواو کردن و خۆ پێگەیاندن لە ڕێی کاسێت و پەڕاوەوەو بەردەوام شەو نوێژی دەکرد و بە ڕۆژیش زۆر جار بە ڕۆژوو دەبوو تەنانەت لەم دواییەدا ڕۆژ نا ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبوو هەروەك ڕۆژوەکەی داوود سەلامی خوای لێبێت.

دایکی وەلید لە ماڵی خۆیاندا هەموو عەسرێکی هەینی وانەی بە خەڵکی و دەرو دراوسێکانی دەووت، جاری وا هەبوو ژمارەیان دەگەیشتە سەدو پەنجا ئافرەت. ئەمە بێجگە لەوەی کە کێشەکانیانی بۆ چارەسەر دەکردن و جێی ڕاز و نیازی هەمووان بوو. لە لایەکی تریشەوە مێردەکەی ( حمد الناجم) دەرسی بە کوڕانی گەڕەك دەووت و هانی ئەدان لەسەر نوێژی بەیانی لە مزگەوتدا و پێشبڕکێی بۆ دائەنان بۆ لەبەرکردنی قورئان و پەڕاوخوێندنەوەو گوێگرتن لە کاسێت و جائیزەی ئەدانێ.

دایکی وەلید هەمیشە دوعای دەکرد کە عاقیبەت خێر بێت و لەکاتی وانەوتنەوەو بانگەواز کردندا یان لەحەرەمی مەککەدا گیان بسپێرێت، کوڕێکی لە پۆستێکدا دائەمەزرێت و دەچن بە دەم مامەڵەی دامەزراندنەکەوە لە مەککە، پێش نوێژی بەیانی لە حەرەم دەکەونە مەراسیمی عومرە کردن لە مانگی شەعبانی ئەم ساڵدا (٢٠٠٨)،لەگەڵ کوڕەکەی و کچەکەیدا و، داوایان لێ دەکات کە نیەتی ڕۆژووش بهێنن لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە پێنج شەممە بوو. لە کاتی تەواف دا دوعای زۆری کرد بۆ ئەوانەی کە دەیناسین و دوعای بۆ خۆشی دەکرد کە عاقیبەت خێر بێت و خوای گەورە گیانکێشانی لەسەر سووك بکات، ئینجا ئاوڕی دایەوەو باسی مردنی لە پڕی بۆ کچەکەی کرد و وتی دەبێت بڕوادار ئارامگر بێت، ئینجا چوو لە ئاوی زەمزەمی خواردەوە و سەریشی پێ تەڕ کرد... پاشان

چوون بۆ صفا و مەروە و پاش پێنج جار هاتن و چوون لە نێوان کوڕەکەی و کچەکەیدا گیانی سپارد و کەوت، دەستیان دایە باڵی هەڵی گرنەوە سەیریان کرد قورس بووەو گیانی سپاردۆتەوە بەو خوایەی کە چەندەها ساڵ بوو بانگەوازی بۆ دەکردو هەوڵی ئەدا لە پێناویدا...

پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی بمرێت وتارێکی دا لەبارەی مردن و ئادابی سەرخۆشی کردن،کچەکەی دەڵێت: دایکم بەرماڵێکی داخستبوو لە سووچێکی ماڵەکەدا و هەمیشە لەوێدا نوێژی دەکرد و هەمیشە ڕاخرا بوو ئەگەر سەفەریشی بکردایە،کەچی کاتێك ویستمان بچین بۆ عەمرە بەرماڵەکەی پێچایەوە،من پێم ناخۆش بوو حەزم نەکرد بەرماڵەکەی هەڵگرێتەوە ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی کەلای بات، هەروەك دڵی خەبەری دابێت کە دوا سەفەرەو جارێکی تر لەسەر ئەو بەرماڵە ناوەستێ لە بارەگای خوادا بۆ خواپەرستی..

ناوبراو خەوێکی دیبوو کە کۆچی یەکجاری نزیکەو لە حەرەمدا دەبێت وبەمناڵەکانی وت خەوێکم بینیوە ئەگەر ڕاست بێت چەند ڕۆژێکی تر دەبینن دێتە دی، بۆیە سووربوو لەسەر ئەوەی بچێ بۆ حەرەم و لە فڕۆکەخانە زۆر دوعای بۆ مێردەکەی کردکە بواری بۆ ڕەخساندبوو بۆ بانگەوازکردن.

پاش ئەوەی لە مەککە بەخاکیان سپارد و هاتنەوە بۆ **ریاض** مامۆستای مزگەوتەکەیان هات بۆ سەرخۆشی کردن و وتی:بەڕاستی دوای ئەو ئیتر مزگەوتەکەمان بێناز دەبێت بەهۆی ئەو یارمەتیانەی کە ڕەحمەتی دەینارد بۆ دەرس و دەوری مزگەوت و قوتابیانی مزگەوت،مناڵەکانی بەمەیان نەزانیبوو، دیاربوو ئەمە یەکێ بوو لەو کارانەی کە بۆ خوا دەیکردو حەزی نەدەکرد کەس بیزانێت، هەروەك زوبەیری کوڕی عەوام دەڵێت:( من استطاع منكم أن يكون له خبيئة من عمل صالح فليفعل ) گۆڤاری الأسرة، ژمارە ۱۸٦ /ڕەمەزان ۱٤۲۹ك(بەرەو ئیسلام ).

### کۆچی دوایی مەودوودی:

حومەیرای کچی مەودوودی دەڵێت:کاتێ نەخۆشیەکەی باوکم زیادی کرد ڕۆژێك پێی وتین (من زۆر زوڵمم لە خۆم کردووە، هەرگیز ڕەحمم بە لاشەم نەکردووە، هەقی چاوم نەداوە لە خەو،

چاوەکانم خەویان دەویست من زۆرم لێدەکردن بۆ شەونخونی و نووسین، زۆرجار دوای نوێژی عیشا دەکەوتمە نووسین کاتێك بە خۆم دەزانی بانگی بەیانی ئەدا، ئەگەر ئەمەشم نەکردایە نەم ئەتوانی تەفسیری (تفهيم القرآن) تەواو بکەم،جا وائێستا چاوەکانم هەقم لێ دەکەنەوە،ئەمەوێ پشوو بدەم و چاو لێك بنێم، کەچی خەو بە چاوما نایەت، ڕامهێناون لەسەر شەونخونی و ئێستا مانای نووستن و پشودانیان لەبیر چۆتەوە. ئەمەوێ بیرم مەشغوڵ نەبێ و پشوو بدەم بەڵام چونکە خۆم وا فێر نەکردووە ناتوانم فکرم ساف بکەم و بیر نەکەمەوە، خۆم زۆر ماندوو کرد، بۆیە ئێسقانەکانم هەقم لێ دەکەنەوەو ئەمڕۆ نایەڵن تۆزێ ئیسراحەت بکەم.

باوکم داوودەرمانی کەمکردنەوەی ئازاری دەخوارد ئەوەش ئەوەندەی تر تەندروستیان ڕوخاند، دایکم تکای لێکرد کە لەگەڵ (ئەحمەد فاروق)ی برامدا بچێ بۆ ئەمریکا، سەرەنجام باوکم قایل بوو، براکەم کە لە ئەمریکا بوو گەڕایەوەو لە (٢٦ی مایو ١٩٧٩) لەگەڵ باوکمدا چوون بۆ ئەمریکا بۆ عیلاج.

پاش سەردانی چەند دکتۆرێك مانگی یەکەم باوکم باشتر بوو، کەوتە نووسینی پەڕاوێك لەسەر ژیانی خۆشەویست ﷺ،لە هەموو لایەکیشەوە خەڵکی دەستە دەستە دەهاتن بۆ لای و زۆربەیان لەوانە بوون کە بە هۆی نووسینەکانی باوکمەوە ڕێی ڕاستیان دۆزیبووەوە، یان باشتر پابەند بوو بوون بە ئیسلامەوە، پێیان دەوت: ( ئێمە هەر بە ناو موسڵمان بووین، بە ڕاستی خوا بەهۆی پەڕاوەکانی تۆوە هیدایەتی داین و زیاتر پابەند بووین بە ئیسلامەوە،خوا پاداشتی خێرت بداتەوە لەسەر ئێمەو موسڵمانان).

تەنانەت یەکێ لەوانەی سەردانی باوکمیان کرد (ئەلیکس هیلی) بوو خاوەنی پەڕاوی بەناوبانگی (الجذور)، کە نوسخەیەکی کتێبەکەشی پێشکەش بە باوکم کرد.

لە (٨ی سێبتەمبەری ١٩٧٩)دا باوکم جەڵتەیەك لێیداو دوای دوو هەفتەش گورچیلەکانی و جگەری وەستان و ئەو ساتە وەختە هاتە پێشەوە کە ڕاکردن نیە لێی، لە (٢٢ی سێبتەمبەری ١٩٧٩) باوکم لەخەستەخانەی (بفیلو) لە ئەمریکا گیانی سپاردەوە بەوخوایەی کە هەمووئەچینەوە بارەگای ئەو.

## دایکێکی خۆگر:

کاتێك براکەم لە خەستەخانە گەڕایەوە، هەروەك پەڕۆ کۆنی لێهاتبوو لە خەم و خەفەتدا، کە هەواڵی وەفاتی داینێ، دایکم دڵنەوایی کردو وتی ( کوڕم ئارام بگرە، سوپاسی خوا بکە، کە لە سایە و سێبەری باوکتدا گەورە بوویت، خەریك بوو لە **١٩٥٣**دا لە سێدارەی بدەن، ئەگەر ئەو کاتە بڕۆشتایە ئەوا هەر شێوەشت نەدەکردو وێنەکەشی نەدەهاتەوە یادت)...

دایکم دڵنەوایی هەمووانی دەکردو دەیووت (بڵێین: إنا لله و إنا إليه راجعون)...

خەڵکی ئارامگریی دایکمیان زۆر بەلاوە سەیر بوو...

خاڵم (دکتۆر جەلال شەمسی) بە سەیارەکەی لە (تۆرنتۆ)ی کەنەداوە هات بۆ لای دایکم، خەریك بوو لە داخا لە هۆش خۆی بچێ، کە دایکمی بەو شێوەیە بینی لای سەیر بوو وتی: خوشکم من بە درێژایی ڕێگا ئەگریم و لە بیری ئەوەدا بووم چۆن بتوانم دڵنەوایت بکەم..

ئەویش وتی: برام ئیمان بە خواو پشت بەستن پێی و ئارامگرتن سیفاتی بەرزن کە مرۆڤ بە هۆیانەوە دەتوانێ ڕووبەڕووی گەورەترین تەنگوچەڵەمەو ناخۆشی ببێتەوە.

کاتێك لە فڕۆکەخانەی نیویۆرك چاوەڕێمان دەکرد و جەنازەکەی باوکم گەیشتە فڕۆکەخانە، ژنانی پاکستانی و هیندی و ئەفریقی زۆر هاتن بۆ فڕۆکەخانەو، چەند کەسێکیان پرسیاریان دەکرد ئاخۆ جەنازەکە گەیشتبێ، دایکم وتی: بەڵێ گەیشتووە! وتیان: چوزانیت؟! وتی: من هاوسەری ئەوم، خوا ڕەحمی پێبکات! ئیتر هەموو کەوتنە سەرخۆشی لە دایکم و گوێم لێ بوو بە یەکتریان دەوت: (بە ڕاستی ئەوەیە ئارامگرتن).

***

### له سێ کیشوەر نوێژیان لەسەر کرد:

ئەو موسڵمانانەی هاتبوون بۆ فڕۆکەخانەی نیویۆرك ئەوەندە زۆر بوون بە شەش جار نوێژی مردوویان لەسەر باوکم کرد، لە فڕۆکەخانەی لەندەنیش کە دەکەوێتە کیشوەری ئەورووپاوە موسڵمانانی ئەوێ نوێژیان کرد لەسەر باوکم، لە (لاهور)یش لە کیشوەری ئاسیا ژمارەیەکی زۆری موسڵمانان نوێژیان کرد لەسەر باوکم..

ڕاستە باوکم سەری نایەوە، بەڵام کاتێ سەری نایەوەو کۆچی کرد کە لەسەر تاسەری دنیادا نووسینەکانی وریا بوونەوەیەکی ئیسلامیان بەرپا کرد کە تا قیامەت پاداشتی بۆ دەنووسرێت..

### بەسەر جلە کۆنێکدا مەگرین:

کە گەیشتینەوە لاهور دایکم ئامۆژگاری کردین و وتی (بەسەر ئەم جەستەیەدا مەگرین، ئەو جەستەیە جلە کۆنێکە، چونکە جەستە وەك بەرگێك وایە بۆ ڕۆح، هەروەکو هەموو جل و بەرگێکیش کۆن دەبێ و ڕەنگی تێك دەچێ و پینە و پەڕۆ دەکرێت و بە کەڵکی بەکارهێنان نامێنێ، ئەو کاتە ڕۆح ئەو بەرگە لە خۆی دا ئەکەنێ و فڕێی ئەدات و بەرگێکی نوورین لەلایەن خواوە دەپۆشێ... بە ڕاستی ئێستا باوکتان زۆر ئیسراحەتی کردووە، گەڕاوەتەوە بۆ لای ئەو کەسەی کە ڕێزی لێ دەگرێ و قەدری ئەزانێ، ئەوەی کە لە ئەمریکا لە تابوتدا بۆتان هاتۆتەوە بەرگ و پۆشاکێکی کۆنە، هەیە بگری بەسەر جل و بەرگ و پۆشاکی کۆن دا؟!

بە ڕاستی دایکم بەو شێوازە ئاسانە پڕ مانایە توانی سەبووریمان بدات و هەمیشە سەرمەشق بێت بۆمان.

### مردنی دایکم:

حومەیرا دەڵێت: دایکم لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا زۆر ناوی باوکمی دەبرد وتەنانەت جارێك لە گەرمای زۆرو بێ کارەباییدا کە تەنگەنەفەسی لەگەڵدا بوو لە هۆش خۆی چوو،کەهاتەوە هۆش خۆی بە دڵخۆشیەوە وتی: باوکتان بانگم دەکات ودەڵێ سەرکەوە وەرە بۆ ئێرە، سەیرکە کەش و هەوا

چەند خۆشە، چی دەکەیت لەو گەرمایەدا.ئنجا دایکم هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: تو خوا پێم بڵێ چۆن بێم بۆ لات؟؟ من چاوڕێی بانگهێشتی خوام وهێشتا بانگی نەکردووم.

لە ئێوارەی هەینی مانگی ئیبریلی ٢٠٠٨ دوای بیست و چوارساڵ لەکۆچی باوکم دایکیشم کۆچی کرد.پێم خۆشە یادەوەرییەکانم بەم دێڕە هۆنراوەیە بهێنم کە دایکم زۆر حەزی پێدەکرد کە دەڵێت:

نَنام قريري العين الى يوم الحشر فقد ارتحنا من حمل الامانة وهموم الدنيا

خوای گەورە بەخۆشەویستی فەرموو ( يأيها المزمل قم )(يأيها المدثر قم) ئەوەبوو ٢٣ ساڵ دانەنیشت، مەودوودیش کەشوێنکەوتەی رەسولی نازدارە ئەیانووت دانیشەو پشوو بدە، دەیووت: ئەگەر من دانیشم ئەی کێ بەپێوەبێت؟..ئەوەتا پاش دەیان ساڵ خەباتی بێوچان دونیای فانی بەجێدەهێڵێ و خۆی و هاوسەرەکەی دەڵێن: ئیتر بەئاسوودەیی چاومان لێك دەنێین تا رۆژی قیامەت، رزگارمان بوو لەدەست ئەمانەت و خەمی دونیا..(ئای هەزار جار خۆزگەمان بەخۆتان، خوایە ئێمەش والێبکە وەك ئەوان بۆ دینەکەت بژین ). (المجتمع ١٨٣١)(بەرەو ئیسلام _نووسەر لا٤٧٠).

## حوسنی خاتیمە

محمد غەزالی لە ساڵی ١٩١٧ لەمیسر لەدایك بووەو پەنجا ساڵ خزمەتی بە بانگەوازکردو ژمارەیەکی زۆر پەڕاوی نووسی و پێی دەوترا ئەدیبی دەعوە، ئەم پیاوە باشە حەزی دەکرد لە بەقیع بنێژرێت، سبحان الله لە کاتی بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی(الاسلام وتحديات العصر)دا کۆچی دوایی کرد لە سعودیە لەساڵی ١٩٩٦ داو لە بەقیع نێژرا.

شێخ محمد محمود الصواف دامەزرێنەری کۆمەڵی برایان لەعێراق لە فڕۆکەخانەی ئەستانبوڵ لەکاتێکدا کەباسی ئیسلامی بۆ ئافرەتێك دەکرد وەفاتی کرد.

بانگخوازی ئەمریکی ئەمینە ئەسیلەمی کە بەهەزاران کەسی موسڵمان کردووە لەکاتی گەڕانەوەدا لەوتاردان لە شارێکی ئەمریکی لەگەڵ منالێکیدا ئوتومبیلەکەی وەرگەڕاو کۆچی دوایی کرد.

شێخ عبدالحمیدیش کشك لە سوجدەدا گیانی سپارد.

شێخ ئەحمەد دیدات هەتا کۆچی دوایی کرد بە ئیشارەتی چاوی کە کوڕەکەی تەختە ڕەشێکی دانابوو پەنجەی دەخستە سەرپیتەکان و بەوەش وشەو رستەی دروست دەکرد بانگەوازی کرد، تەنانەت ئیفلیجی تەواویش نەبووە بەربەست لەڕێی ئەو بانگخوازە مەزنەدا.

### دکتۆرخالیدجوبەیر:

جەڕاحێکی دڵی بەناوبانگی سعودیە دەڵێت:رۆژێك گەنجێکی ١٦ساڵی خواناس لەمزگەوت جەڵتە لێی داو بەپەلە هێنایان بۆ بەشی فریاکەوتنی خێرای خەستەخانە، زۆر هەوڵمان لەگەڵدا، دکتۆری موقیمی بە دیارەوە بوو منیش شپرزەبووم و خەریکی ئەوەبووم بە هەندێ ئامێری تر فریای بکەوین،چوومە دەرەوەو خێراهاتمەوە بینیم دەستی موقیمەکەی گرتووەو شتێکی پێوت و رووی کرد بەلای راستداو بەهەزارحاڵ شایەتمانی دووبارە دەکردەوەو لەپڕ دەستی دکتۆرەکەی بەرداو دواهەناسەی داو وەفاتی کرد،دکتۆرەکە زۆر بەکوڵ گریاو ئەژنۆی شل بوو ناچار دانیشت،لامان سەیربوو! وتمان: خۆ ئەمە یەکەم جارت نیە لەم حاڵەتانە ببینی بۆ وادەکەی؟ بەدەم گریانەوە وتی: دکتۆر خالید کەتۆی دی ئاوا شپرزیت و ئەتەوێ هەرچۆنێك بێ فریای بکەویت پێی وتم: بەدکتۆر بڵێ: باخۆی ئەزیەت نەدات من ئەمرم،وا جێگاکەی خۆم ئەبینم لە بەهەشتا!

### سەرگوزەشتەی مەلا رامی:

لە هەشتاکاندا سەباح میرزا(کە پاسەوانی سەدام بوو ) لەگەڵ عیزەت دوری ئەچن بۆ تەعزیەیەك لە دوزخورماتوو، هەموو خەڵکەکە لەبەریان هەڵدەستن تەنها مەلا رامی نەبێت کە قورئانی دەخوێند، دوایی سەباح میرزا پرسی ئەوە کێیە وا هەڵنەستا وتیان: ئەوە ناوی مەلا رامیەو کوردە، وتی: زۆر باشە دیارییەکی باشی بۆ ئەنێرم.

مەلا رامی جبەیەکی بەدیاری لەبرادەرێکەوە بۆ هاتبوو، بەهاوسەرەکەی دەڵێ: بۆم بهێنە بالەبەری بکەم هەر ئەوە دەمێنێ، بۆ شەوی دوایی هێزی تایبەت دێن و دەیبەن و کەس وکارەکەی تاماوەیەکیش وەیانزانی بردوویانە دیاری پێبدەن، سەرەونگومیان کرد.

پاش ٢٥ ساڵ هەواڵیان زانی کەلەکەرکوك لەتۆپزوا لەگەڵ شەست کەسی ترا شەهید کراوەو ناشتویانن،کە خزمانی ئەچن گۆڕەکە هەڵئەدەنەوە، سبحان الله ئەتووت خەوی لێکەوتووەو هەروەك خۆی بوو تەنها جبەکەی و رووخساری تۆزو خۆڵی لێنیشتبوو.

پشت بەخوا شەهیدەو مەزڵومەو خواش ئەوەی وەك کەرامەتێك بۆ کردووە ( ئەمە مامە قالەی خزمیان بۆی گێڕامەوە لە هەڵەبجەی تازە کەخۆی لەوێ بووە لەکاتی هێنانەوەی تەرمەکەیدا).وێنەی سەباح میرزاو شا حوسەینی ئەردەن



## سەید قوتب:

ناوبراو لەسەر نووسین و بانگەوازکردن چەند ساڵ لە بەندیخانەو ژووری تاکەکەسیدا سزا درا، بەوەشەوە مەزنترین تەفسیری نووسی، دووساڵ ئازادکراو لەسەر کتێبی (معالم فی الطریق) گیرایەوە، سەید تەمەنی شەست ساڵ بوو ئەوەندەیان تەعزیب دابوو تەنها یەك سی ئیشی دەکردو چەند نەخۆشی هەبوو، عبدالسلام عارفی سەرۆکی عێراق لە ساڵی ١٩٦٦دا چووە لای، کەزۆر سەرسام بوو بەنووسینەکانی و ڕجای دنیای لێکرد کە لەگەڵیا بچێتە عێراق و هەموو سەلاحیاتێکی ئەداتێ، ئەویش رازی نەبوو ساحەکە بەجێ بهێڵێ و وتی: هەیە لەتەمەنی شەست ساڵیدا شەهادەتی بۆ بێت و نەیەوێت؟

سەید لە بەندیخانەدا خەوی دیبوو گۆزەیەك هەنگوین شکابوو هەنگوینەکەی بە ناو ژووری سجنەکەو دەرەوەدا بڵاوبووەوە، زۆر دڵی خۆش بوو بەو خەوەو بەوە لێکی دایەوە کە ئەوەی نووسیویەتی بەدونیادا بڵاو دەبێتەوە، کەهاتن بردیان لە سێدارەی بدەن، وتیان: ئەتبەین بۆ شوێنێکی تر پشوو بدەی، وتی: ئەزانم ئەچم بۆ بەهەشت پشوو ئەدەم،وتیان: چۆن دەزانی؟؟وتی: تۆزێ لەمەوپێش خۆشەویستم بینی(د.خ)لەخەوما لە ئەسپێکی سپی دابەزی و تەوقەی لەگەڵ کردم و دەستی گوشیم و فەرمووی:مژدەت لیبێت شەهید دەبیت.

پێش ئەوەی شەهیدی بکەن مەلایەکی دەسەلاتیان هینا و پێی وت: بڵێ لاالە الا اللە، ئەویش وتی: تۆ دوا مەشهەدی شانۆگەریەکەیت، داوام لێدەکەیت لاالە الا اللە بڵێم، من وا لە پێناوی لاالە الا اللە دا شەهید دەکرێم. دەڵێن:لەبەر پەتی سێدارەدا داوای کرد ڕێی بدەن دووڕکات نوێژی سوننەتی شەهید بوون بکات،کە نوێژەکەی کرد لە سوجدەدا گیانی سپارد.

## ماڵئاوایی نوورسی:

مامۆستا باسی خۆیمان بۆ دەکات و دەڵێت: وا دەزانن من پیاوێکم تەنها خەیاڵم وا لای نەفسی خۆمە رزگاری بکەم؟ نەخێر وانیە، من دنیا و ئاخیرەتی خۆمم کردە قوربانی رزگارکردنی ئیمانی کۆمەڵگە، بەدرێژایی تەمەنی هەشتا و ئەوەند ساڵیم لەزەت و خۆشی دنیام نەچەشت، ژیانم هەمووی لەمەیدانی جەنگ و بەندیخانەکانی دیلی و بەندیخانەکانی ولاتەکەمدا بەسەر برد، هیچ سزا و ئازار و موسیبەتێك نەما نەیچێژم، وەك تاوانبار لە ( مەحکەمەی عەسکەری عورفی )دا دادگایی کرام، وەك دەربەدەر و ئاوارەکان لەسەرتاسەری ولاتدا دوور خرامەوە، بەچەندەها مانگ لە بەندیخانەدا نەیاندەهێشت چاوم بەکەس بکەوێ، وە چەندەها جار دەرمانخواردیان کردم، هەرچی ئیهانە و سووکایەتی پێکردن بوو کردیان بەرامبەرم، کاتی وام بەسەردا هاتووە کە مردن هەزار قات چاکتر بوو بەلامەوە لە ژیان، وە ئەگەر ئاینەکەم رێی خۆکوشتنی نەگرتایە رەنگ بوو زۆر لەپێش ئێستە دا سەعید گڵ بوایە و لەژێر گڵدا بوایە.

ئابەوجۆرە ژیانم رابوارد، بەناخۆشی و نارەحەتی و بەلاَ و موسیبەت، بەوجۆرە خۆم و دنیاکەم کردە قوربانی ئیمانی کۆمەڵگە و بەختەوەری و سەلامەتیەکەی، من لەدوعاکانیشمدا دوعا لەکەس ناکەم. بەم شێوە و حاڵە ( پەیامەکانی نور ) بوونە هۆی رزگارکردنی ئیمانی سەدەها هەزار کەس بەلای کەمەوە، بگرە ملیۆنەهاش، من نازانم سەر ژمێریم نەکردووە، وا دەڵێن، داواکاری گشتی لەشاری ئەفیون دەڵێ( ٥٠٠ ) هەزار کەس زیاتر دەبن.

بەمردنم تەنها ئیمانی خۆم رزگار دەکەم، بەلاَم بەمانەوەم لەم ژیانەدا و بەئارام گرتنم لەسەر بەلاَو نارەحەتی و کێشمەکێش، خزمەتم کرد بەرزگارکردنی ئیمانی ئەو هەموو خەڵکە، هەزار جار سوپاس بۆ خوا.

ئەوەی ئیسراحەتی لەبەر هەڵگرتووم ئەو پیلانانەیە کە دەوری ئیسلامیان داوە، جاران پیلانەکان لەدەرەوە دەهاتن، بەرگرتنی ئاسان بوو، بەلاَم ئێستا لەناوخۆوە پیلان دێت و کرم و مار و مێرو و

داویەتیە لاشەی کۆمەڵگا و ڕووبەڕووبونەوەیان ئاسان نیە، چونکە وەك دوژمن دەرناکەون، کۆمەڵگا ئەو خوێنخۆرانە بەدۆست دەزانن، جاکاتێکیش چاوی کۆمەڵگا و بەصیرەتی کوێربوو ئەوا قەلای ئیمان دەکەوێتە مەترسیەوە، خۆزگە سەد ئەوەندەی تریش تووشی ئازار و ئەشکەنجە ببوومایە، بەڵام قەڵای ئیمان بێ زیان بوایە... من وانەیەکی گیانفیدایم لە ئەبوبەکری سدیقەوە وەرگرتووە کە فەرموویەتی:(بالاشەی من ئەوەندە لەدۆزەخدا گەورە بێ کەجێی هیچ بڕوادارێکی تیا نەمێنێتەوە )

پاش زیاتر لە حەفتا ساڵ ڕەنج و خەبات، مامۆستا نوورسی لە ١٩٦٠/٣/٢٠ بەقوتابیەکانی وت: ئوتومبیلەکە ئامادەکەن دەچین بۆ شاری ( ئورفە ) قوتابیەکانیشی دەڵێن: مامۆستا گیان ئوتومبیلەکە تایەکانی باش نیە و، باران و لێزمەیە و بەرێزیشت پلەی گەرمیت زۆر بەرزبۆتەوە و نەخۆشیت، چۆن لەم کاتەدا بڕۆین؟ ئەویش وتی: بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (د.خ) بانگکراوین، پێموتراوە: زوو وەرە.

( لەفەرموودەدا هاتووە کە خۆشەویست(د.خ) فەرمویەتی: ژیانم خێرە بۆتان و مردنیشم خێرە بۆتان، ئەگەر مردم کارەکانتانم پیشاندەدرێ ئەگەر چاك بوو سوپاسی خوای لەسەر دەکەم وە ئەگەر خراپیش بوو داوای لێ بووردنتان بۆ دەکەم ).

ڕەنگە خۆشەویست(د.خ) بە فەرمانی خوا لەخەودا مژدەی دابێ بە مامۆستا بەگەڕانەوە بۆ لای خۆی و دیارە پێی فەرمووە کە تۆ لە شاری ئورفە دەمریت و زوو وەرەوە بۆلامان. پیاوانی خوا دیارە کەرامەتیان دەبێ، هەرچەند نوورسی کەراماتی زۆرە، لێرەدا تەنها ئەم ڕووداوە باس دەکەین.

مامۆستا مەلا حمید ئەفەندی زانایەکی ناوداری شاری ئورفەیە دەڵێ: لە مانگی ڕەمەزاندا لە مزگەوتی ( قازی ئوغلۆ ) ئیعتکافم کردبوو، شەو لەخەوما بەبێ ئەوەی ئاگاداری هیچ ببم، خەوم بە مامۆستا نورسی یەوە بینی کە پێی وتم وەرە بۆلام بۆ ئەوەی ئامادەی جەنازە و کفن و دفن و شتنەکەم بیی، چونکە من دەمرم، منیش وتم: مامۆستا نابێت ئەوەی ئیعتکافی کردبێ لە مزگەوت دەرچێ، چی بکەم باشە؟ ئەویش وتی: سەیری فلأنە لاپەڕە بکە لە پەڕاوی ( ملتقى الابحر ) دا، دەبینی باس لە شکاندنی ئیعتکاف دەکات بۆ زەروورەت، منیش لەخەو ڕاپەڕیم و خێرا سەیری ئەو پەڕاوەم کرد

دەبینم لـەو لاپەڕەیەی کە ئەو فەرمووی ئەوباسەی تیایە و منیش ئیعتکافەکەم واز لێ هێنا و چووم، ئامادەی کفن و دفن و شتنەکەی بووم! شایانی باسە مامۆستا سەعات سێی شەوی ۱۹٦۰/۳/۲۳ لـە شاری ئورفە گیانی سپارد. سەرچاوە(سیرة ذاتیة )ی نورسی.

## شێخ عبدالحمید کشک:

ناوبراو لـە۱۷ ساڵیدا کوێر بوو، وتاربێژێکی کەم وێنەی بوێر بوو، ئیخوان و گشت موسڵمانانی خۆشدەویست هەرچەند ئیخوانیش نەبوو، دژی ستەم و ستەمکاران بوو، لـەوتارە ئاگرینەکانیدا هێرشی دەکردە سەر دەسەڵات و سەرۆکەکان، کاتێ لـە ۱۹٦۷ میسر شکا لـەبەردەم ئیسرائیلدا ئەیووت: ئێمە خاوەنی (صلاح نصر ) ی مودیری موخابەرات بین خوا چۆن نصرمان ئەداتێ، یان دەیووت: ئێمە داوای ئیمامێکی عادیلـمان لـەخوا کرد کەچی خوا عادل ئیمامی داینێ!

(عبدالحکیم عامر ) داوای لێکرد و وتی: ئێمەدەزانین چەند جەماوەرت هەیە فەتوای کوشتنی سەید قوتبمان بۆ بدە جانەك خۆی گوناهبار نەکردو فەتوای نەدا بەڵکو لـە وتارەکانیدا دیفاعی لێکرد.

دووساڵ لـەسەر ئەوە بەندکرا و ئازاریان دا،کەدەچمەنە ژووری بەندیخانە دەڵێ:دەستم گیرا ژوورێکی ڕەق و تەق و ساردو سڕو شێداربوو، عەمامەکەم خستە ژێر سەرم و بێکەس و بێدەر پاڵکەوتم، لـەخەوما ئەبوبەکرم بینی لای قەبرەکەی پێغەمبەر (د.خ) وەستابوو، فەرمووی: خۆشەویست دەفەرموێت: ئارامبگرە تۆ لـەژێر چاودێری ئێمەدایت.

شێخ دووهەزار وتاری هەیەو چەندەها پەڕاویشی نووسیوە، لـەسەرەتای ساڵانی هەشتاوە نەیانهێشت وتار بدات، داوای لێئەکرا میسر بەجێبهێڵێ، ئەویش ڕازی نەبوو ساحەکە چۆڵ بکات (هەروەك چۆن سەیدی شەهید ونەورەسی ڕەحمەتیش ڕازی نەبوون ئەم میسرو ئەویش تورکیا بەجێبهێڵن).

قوتابیەکی شێخ کوشك بەناوی شێخ ئەحمەد نەشئەت دەڵێت:

دوو مانگ پێش ئەوەی بمرێت عبدالمنعم ی کوڕی وەسیەتەکەی بۆ نووسی، پێش هەفتەیەك لە مردنیشی وەسیەتەکەی وچی ئەمانات لابوو دای بە عبدالسلامی کوڕی.. دواهەمین شەوی ژیانی وەسیەتی کردەوە بۆ عبدالسلامی کوڕی و پێی وت: خۆشەویست (د.خ) لەتەمەنی چەندا کۆچی دوابی کرد؟؟

ئەویش وتی: شەست و سێ ساڵ شێخ وتی: ئەمشەو منیش شەست و سێ ساڵم تەواوکرد.

ئەو بەیانیە کە هەینی بوو بەخێزانی وت: ئەمشەو لەخەوما پێغەمبەرم بینی(د.خ) حەزرەتی عومەری لەگەڵ بوو، فەرمووی سەلام لەعومەربکە، کەویستم سەلامی لێبکەم مردم و خۆشەویست دروودی خوای لەسەر شتمی! ژنەکەی وتی: خۆشەویست دروودی خوای لەسەر نافەرموێت:خەوی ناخۆش مەگێڕنەوە؟

شێخ وتی: جائەوە کەی ناخۆشە من ئەوە ئاواتمە.دوای ئەوە بەپەلە خۆی شت ولەڕکاتی دووەمی سوونەتەکەی کە کردی لە سوجدەدا گیانی سپارد ئەو دوعایەی هاتە دی کە بەئیمامی بژی و بەئیمامی بمرێت و لە سوجدەدا گیانی دەرچێت. خوای گەورە ئەمانەتەکەی لێوەرگرتەوە.مەراسیمی کفن و دفنەکەی کەم وێنەبوو،هەر لەعەسرەوە خایاندی تا دوانزەی شەو حکومەت خەمی لێهاتبوو، دەسەڵاتداران وتبوویان:شێخ لەژیان و لەمردنیشیا مایەی سەربەشە بوو بۆمان.

شێخ ئەحمەد ئەڵێت: موفتی سعودیە لە تەعزیەکەیدا پێی وتم: چوارۆژ پێش مردنی تەلەفونم بۆکردو وتم: ئەمەوێ بتبینم، وتی:باشە ئەگەر مام!

پاش سیانزە ساڵ کە برای کوشك مرد و ویستیان بینێژن و سەری قەبرەکەی کوشکیان هەڵدایەوە بینیان تەرمەکەی شێخ کوشك وەك خۆیەتی و بۆنی میسکی لێدێت!

## بۆخوا سوڵحاوان:

زۆر جار بیردەکەمەوە ئێمە بۆ پێناگەین،هی وامان هەیە سی ساڵە نوێژ دەکات و ئێستاش نازانێت خەریکی چییە و لەشوێنی خۆی موراوەحە دەکات،ئایا خەتای مامۆستاکانمانە یان خەتای باروزروفەکەیە یان خۆمان هیچمان لەباردا نیە؟، سەعدی کوڕی موعاز پاش حەوت ساڵ ئیسلامەتی لەغەزای خەندەقدا قاچی برینداربوو،برینەکەی تووشی نەزیف بوو،بەوەش شەهید بوو،خۆشەویست (د.خ) فەرمووی: ئەوە کێیە وەفاتی کردووە عەرشی خوای بۆهاتە لەرزە(الله أكبر لەو پلەوپایەیە)..

لەدێیەکی قەراخەکەی خۆشمان پیاوێکی خواناسی نەخوێندەوار کەمامۆستا قورئانی بخوێندایەو هەڵەیەکی بکردایە،دەیووت: مامۆستا راوەستە هەڵەت کرد،لێیان ئەپرسی تۆ چووزانیت؟ هیچی نەدەووت و مامۆستاش هەڵەکەی خۆی راست دەکردەوە،ئیتر ئەمە جارودووجار نەبوو زۆر دووبارە ئەبۆوە،بۆیە زۆریان لێکرد بزانن ئەمەچییەو چۆن دەزانێت،ئەویش ناچاربوو وتی: کەمامۆستا قورئان دەخوێنێت نورێك و بەرەکەتێك ئەبینم کە هەڵە دەکات نامێنێ.

ئەم پیاوە باشە رۆژێك زۆری لەمامۆستا کرد یاسینی بخوێنێ مامۆستاش ناچار یاسینی خوێند، کەتەواو بوو ناوبراو گیانی سپارد. بەداخەوە زۆربەمان وەك مەحوی خەریکی مەسئەلەی دەورین و ئامادەنین بۆ مردن.

لەناکەس کاریا رۆیی بەبا عومرم      خودا بمژێنی تالەبەر قاپی کەسێ دەمرم

## روو کردنە قیبلە:

مامۆستا (ئەنوەر)بۆی گێڕامەوە کاتێ لەسلێمانی فەقێ دەبێت، خەو بە براکەیەوە دەبینێت کە لە شەڕی پەکەکەدا دەکوژرێت، بۆ باوکی دەگێڕێتەوەو باوکی دەچێت بۆلای زۆر تکاوڕجای لێدەکات بێتەوە، نایەتەوە، پاش دووڕۆژ دەکوژرێت و کەس و کار دەیبەن بەو سندوقەی کە تیایا هێناویانەتەوە دەینێژن وئەم ناگات بەکفن و دفن کردنی براکەیدا،پاش چەند ساڵێك لەخەوا پیاوێکی ریش سپی

بەمامۆستا ئەنوەر دەڵێت: بۆ نایەی بەلای (سەفەر)ی براتەوە و جەختی لێدەکاتەوە.ئەویش بەکەس و کاردەڵێت و قەبرەکەی هەڵئەدەنەوەو سەری سندوقەکە هەڵدەپچڕن دەبینێت لەسەر پشت چۆن دانراوە ئاوانێژراوە، رووی دەکاتە قیبلەو دای دەپۆشێتەوە.

جەمال ئەرمانیوس خەڵکی خوارووی میسرەو لەم ساڵانەی دوایدا لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا موسڵمان بوو پاش ئەوەی کە سی ساڵ لەکەنیسەدا خزمەتی کرد دەڵێت: هەڵویستی دایکم سەیربوو، من لەتەمەنی هەشت ساڵیەوە دەمبینی کە دایکم لەبەیانیاندا گوێی لەڕادیۆ دەگرت بەتایبەت قورئان خوێندنی عبدالباست و ئەوانی تر، منیش پێم ناخۆش بوو و پێم دەوت: ئەو ڕادیۆیە بکوژێنەوە، ئەوە حەرامەو نابێت.

پێی دەوتم: نا کوڕی خۆم ئەوە کەلامی پەروەردگارە.

کاتێ چوم بۆلای لە (منیا) و، پێم وت: ئەمڕۆ موسڵمانبووم و هاتووم ئەو هەواڵەت پێ ڕابگەیەنم.

وتی: ئاخ موسولمانبوونەکەت زۆر دواکەوت، لام سەیربوو وتم: بۆ؟ وتی: چونکە من دڵنیابووم کە چەند لەمەسیحیەتدا قوڵ ببیتەوە لەموسڵمانبوون نزیك دەبیتەوە، زۆر زۆری پێخۆش بوو و دوعای خێری بۆکردم و وتی: کە ئەو زووتر موسڵمانبووە، ئەمەش وای کرد زیاتر پابەندبم و سووربم لەسەر ئیسلامەکەم.

من و دایکم زۆردڵمان وابەستەی یەك بوو، هەرچەند ئەولەشاری (المنیا) بوو کە٢٤٠کم لەمنەوە دووربوو، نەخۆش بوایە یەکسەر دڵم خەبەری ئەداو پەیوەندیم پێوە دەکرد، منیش نەخۆش بوومایە بەهەمان شێوە؟

جارێك لەخەستەخانە کەوتبووم و نەخۆشبووم، بەبێ ئەوەی کەس هەواڵی بداتێ بەتەلەفون بەژنەکەمی وت: جەمال لەچ خەستەخانەیەکە. کە چووم بۆعومرە پێی وتم: بەیانی جومعە عومرەیەکم

بۆبکە، کە گەڕامەوە لەرێ زانیم کە وەفاتی کردووە، کە چووم بۆسەر قەبرەکەی کە مەسیحیەکان ناشتبویان، خوا ئاگادارە قەبرەکەیم هەڵدایەوە، ئەوەی سەیربوو بینیم ڕووی کراوەتە قیبلە.

### حاجی رەوشەن:

لەهەڵەبجەی شەهید ئافرەتێك بەناوی رەوشەن لە هەشتاکاندا مێردەکەی دەمرێت و سێ چوار منالی سەروپێچکەی بەسەردا دەکەوێت،هەموو ژیانی خۆی دەکا بە قوربانی گەورەکردنی ئەو منالە بێباوکانە، هەموویان بە هەر حاڵێك بێت پێدەگەیەنێت، لەو باروزروفەدا کە ئەوانەی باوکیان هەبوو بەزەحمەت دەژیان جاوەرە یەکێك باوکی نەبێت.

رەوشەن چووە حەج و ساڵی ٢٠١٢ ش چوو بۆ عومرە، هەمیشە دەیووت خۆمن دەزانم سەرپەرشتیاری منالی بێباوك لە بەهەشتا هاوەڵی پێغەمبەرە(د. خ) بەڵام حەزدەکەم لە مەدینە لای رەسول اللە بمرم، سبحان اللە کاروانەکەیان لەپێشا چوونە مەککەو دواتر چوونە مەدینە،کاتێ رۆژوویان شکاند بەبێ ئەوەی هیچی بێت لەمەدینە وەفاتی کرد و ئاواتەکەی هاتە دی..

### دوا ساتەکانی شێخ شەعراوی:

شێخ عبدالرحیم کوڕی شێخ شەعراوی باسی دوا ساتەکانی باوکی دەکات و دەڵێ:(١٨) رۆژ پێش ئەوەی باوکم کۆچ بکات خوشکەکەم خواردن ومیوەی بۆ دەبرد دەیگێڕایە دواوەو دەیووت ئێستا خواردوومە، بۆ چەند سەعاتیش بێهۆش دەبوو، کە بانگمان دەکرد نەبادا کۆچی کردبێ دائەچڵەکی، بۆیە سامحی برام وتی: هەرکاتێ ویستت بزانی ماوە، لەلایەوە قورئان بخوێنە دیارە هەڵەیەك هەردەکەی، منیش ئەچووم بەدەنگی بەرز قورئانم لەلایەوە دەخوێند کە هەڵەیەکم دەکرد دەیووت: بوەستە هەڵەت کرد!

رۆژی یەکشەممە ١٩٩٨/٦/١٤ چوومە قاتی سەرەوە و باوکم بەجێهێشت، کاتێکم زانی وەفای کچم بانگی کردم و وتی: باپیرم بانگت دەکاو دەڵێت:با ئوتۆمبیلەکە ئامادەبکات! وتم: کچم چی

پێووتی: وتی: پێی وتم: کوا باوکت؟؟ وتم: لەقاتی سەرەوەیە، وتی: برۆ پێی بلێ ئوتۆمبیلەکە ئامادەبکات، کەخەریك بوو بێم بۆلات وتی:وەرە ئەمڕۆ چەندی مانگە؟؟وتم: ١٤ی مانگە،بەپەنجە ژماردی و وتی: ئا ١٥ و ١٦ ئاھ ١٧ ، ئنجا وتی: ئەی چەند شەممەیە؟؟ وتم یەکشەممەیە، وتی: یەکشەممە، دووشەممە، سێ شەممە، ئا بەباوکت بلێ با خێرا ئوتومبیلەکە ئامادە بکات..

منیش نەچووم بۆلای و یەکسەر چووم بۆلای (عبدالرحمان)کەسەرپەرشتی کارەکانی باوکمی دەکرد پێمووت: قەبرەکە ئامادەبکە لەو جێگایەی کە پێم وتی ! وتی: چی بووە؟؟ وتم: هیچ نەبووە ئیشارەتەکە گەیشت.

کەهاتمەوە لای وتی: بەعبدالرحمانت وت؟؟ وتم: بەڵێ! فرمێسك بەچاویەوەبوو،وتی:چاکت کرد، تێم گەیشتی بووی بەپیاو؟ (خوشك و براکانم وایان دەزانی مەبەستی ئامادەکردنی ئوتۆمبیلە)،وتی: واز لەوان بێنە تێناگەن و ئەوان هێشتا هەر قوتابین!!

دووشەممە سەعات دوانزەی شەو وتی: بمبەن بمشۆن، ئێمەش لەگەڵ براکەمدا چاك شتمان و وتی: جلی تازەم بۆ بهێنن،سەرتاپا جلی تازەی لەبەرنەکراومان هێناو عەبایەکی سپی تازەی هاوینەشی دا بەشانیدا، وتم: بابە چیە ئەڵێی زاوایت؟؟ وتی: بەڵێ!

کوڕەزایەکیشی بانگ کرد نینۆکی بۆکردو چووینەوە ژوورەکەی خۆی، سەعات سێی شەو وتی: بەجێم بهێڵن با لەگەڵ خوای خۆما بم، شەش ونیوی بەیانی خەبەرم بۆوە هاتمە خوارەوە سەیردەکەم فاتیمە ی خوشکم دەگری!وتم: چییە بۆدەگریت؟؟وتی: چووم دەرگاکەم کردەوە لەپڕ ئەویش وتی: برۆ دەرەوە! وتم:چۆن لەدەرگات نەدا مەگەر لەمناڵیەوە فێری لەدەرگادانی نەکردووین!!

بەیەکەوە لەدەرگامان داو چوینە ژوورەوە لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشتبوو، وتم: پاڵەوان ئێستا چۆنی (زۆرجار سوعبەتم لەگەڵ دەکرد )، وتم: فاتیمە وادەڵێ، وتی: ئاخر من لەکۆڕێکدابووم خۆی کرد بەژووردا ئەو نەیدەبینین خەریك بوو پێیان پیابنێت!!

دوای ئەوە قاچی راکێشا لەسەر قەرەوێڵەکەو ناوی ئەولیاکانی دەبرد و ئەی وت: ئەهلەن سەیدنا ئیبراهیم، ئەهلەن سەیدە زەینەب، ئەهلەن سەیدنا حسێن، لەپڕ سەیری سوچێکی ژوورەکەی کردو وتی: الله الله کەی من شایانی ئەو هەمووەم ئەوا من هاتم تۆ بۆ تەشریفت هێنا (أشهد أن لاالە الا الله وأشهد أنك رسول الله ) دیاربوو خۆشەویست (د.خ)هاتبووە بەرچاوی، ئیتر گیانی سپارد..

## کەراماتی شەعراوی:

شێخ متوەلی شەعراوی بەڕاستی ئەهلی قورئان بوو، بۆیە بووە ئەهلی تایبەتی خوا، چەندەها کەراماتی هەبووە کەهەندێکی خۆی باسی کردووەو هەندێکیشی خەڵکی باسیان کردووە کەلێیان بینیوە.

لە دەرسێکی تەفسیردا(کە ٩٠٠ سەعات تەفسیری هەیە) باسی بەشێکی سورەتی ئەحزاب و غەزای خەندەق دەکات ، بۆ دەرسی داهاتوو دەڵێت: دوێنێ لەم مزگەوتەدا باسی غەزای خەندەقمان کرد، ئەمشەو لەخەومدا من و ئێوەو خەڵکانێکی زۆری تریش وائەزانم ئەوانەن کە بینیویانین لە تەلەفیزیۆندا، بەشداری غەزای خەندەق بووین، سەعدی کوڕی موعازم بینی، وتی (حەیان کوڕی قەیس ) شمشێرەکەی لە قۆڵم دا،هەروەها (عەمری کوڕی قەیسم) بینی کەسێکی کەتەی زل بوو لەشێوەی شەیتاندا هاواری کرد کێ ئازایە بێتەمەیدان، پێشەوا عەلی دووجار ویستی بچێ خۆشەویست نەیهێشت، سێیەم جار کە ئەو داوای کرد وعەلیش ویستی بچێ خۆشەویست رێی داو پاش ماوەیەك شەڕکردن پێشەوا عەلی کوشتی، وتیان بۆ درعەکەیت نەهێنا کەباشترین درعە لەناو عەرەبدا؟؟

وتی: نەمهێنا بۆ ئەوەی عەورەتی دەرنەکەوێت. هەروەها حوزەیفەی کوڕی یەمان و چوونی بۆناوکافرەکان هێنانەوەی هەواڵ بۆ خۆشەویستمان ئەمانەوزۆرشتی ترم بینی،کەسوپاس بۆ خوا ئەوەی دوێنێ بەکەم و کورتی باسمانکردبوو لەخەوەکەدا بەتەواوی بەدەنگ و رەنگ بینیم.

هەروەها دکتۆر حەسەن راتب کە پارێزگاری سینا بوو وتی: تۆمەتێکیان بۆ دروست کردم و بە شێخم وت: بەتەمام وازبهێنم. وتی: نوێژی ئیستخارەبکە، وتم: حەزدەکەم تۆ بۆم بکەی، وتی: باشە.

بۆسبەی کەبینیمەوە وتی:ئەمشەو نوێژی ئیستخارەم بۆکردی و نووستم پێش نوێژی بەیانی خەوێکم بینی و دوای نوێژی بەیانیش خەوێکی تر، وائەزانم تادەساڵی ترهەموو کێشەکانت چارەسەر دەبن و تۆ لەسینا نان دەبەخشیتەوە، کەخەوەکە هاتەدی وەرە پێم بڵێ، ئەگەر مردبووشم وەرە سەرقەبرەکەم پێم بڵێ کەهاتۆتە دی، خواشایەتە هەروەك چۆن تەفسیری کرد هاتە دی و وەفاتی کردبوو چوومە سەرقەبرەکەی وتم: یاشێخ لێکدانەوەکەت تەواودەرچوو.

خوێنەری بەڕێز بەڕاستی هەروەك سەروەرمان دەفەرموێت:خوا هەندێ کەس بەم قورئانە بەرزدەکاتەوەو کەسانێکی تریش کە پەیڕەوی ناکەن نزمیان دەکاتەوە، با لەخۆمان بپرسین ئاخۆ هەریەکەمان لەکام دەستەوتاقمین؟؟من بۆ خۆم وائەزانم زۆرم ماوەو وەك مەحوی دەڵێم:

چیبکەم نە ئەوکەسەم کە کەسم بێ لەلا بەکەس خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەومن بکا بەکەس



**لەسەرەمەرگدا بەهەشتی بینی:**

قازییەکی سعودی دەڵێت: باوکم پیاوێکی خواناس بوو، تووشی شێرپەنجەبوو، زۆرحاڵی خراپ بوو، لەخەستەخانە لەژێر چاودێری پزیشکیدا بوو، لەهۆش خۆی چوو بوو لەغەیبوبەدابوو، کەچی بەوحاڵەوە لەبەرخۆیەوە وەسفی بەهەشت و کۆشکەکانی و رووبارەکانی و دارەکانی زۆر بەوردی

دەکرد، یا ئەوەبوو بەبەهەشتا پیاسەدەکات، یان دەتووت کتێبی ئیبن قەیم دەخوینێتەوە،زۆر سەیر بوو بۆیە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەو پزیشکەکان و پەرستارەکان هاتن و کەئەم حاڵەیان بینی لەگەڵ ئێمەدا ئەگریان، لەپڕ باوکم هاتەوە هۆش خۆی و ئەم هەمووەی بینی لەدەوری وتی: ئەوە بۆدەگرین؟؟ گریانی ناوێ بەخوا من ئەهلی بەهەشتم.

ئیتر سەیری بنمیچی ژوورەکەی کردو وتی: نوور،نوور، چەند نوورانین، أشهد ان لااله الا الله وأشهد أن محمدا رسول الله و ئیتر گیانی سپارد.

## ئەجەلی سەیر هەیە؟؟

شێخ نوری شێخ عومەرکە لەساداتی پیرخدری یە و لەسلێمانی دائەنیشێت، ئەمڕۆ ٢٠١٤/١/٢٤بۆی گێڕامەوە وتی:

١- لەساڵی ١٩٧٨ دا لە بنگرد بەلێندەربووم، رۆژێك هەواڵ هات کەدایکی کرێکارێك مردووە، منیش چووم بەدەمیانەوە، پیرێژنەکە شۆراو کفن کرا و قەبری بۆ ئامادەکرا نەیان ناشت تا کوڕێکی هەبوو لە قەزای دوکان بگەڕێتەوە، کوڕە کەهەواڵەکەی بیستبوو بە ئوتومبیلێك دەگەڕێتەوەو لە رێگا وەردەگەڕێت و دەمرێت و تا هێنایانەوە دایکە جووڵەی تێکەوت و زیندووبووەوەو کوڕەکەیان لە قەبرەکەیدا ناشت.

٢- چووم بۆ تەعزیەیەك برادەرێکم لەبەرم هەستا بەناوی عەلیساڵح کوردە تا شوێنەکەی بدات بەمن، منیش حەزناکەم کە کەس جێم بۆ چۆڵ بکات، بۆیە چوومە پشتەوە، ئەویش پاش کەمێك رۆیشت، دوای تۆزێك برادەرێك هاتە لامەوە وتی: ئەزانی ئێستا عەلی ساڵحی کوردە چووەسەیارەکەیەوەو ویستی سلف لێبدات گیانی دەرچوو.تاس بردمیەوەو وتم: سبحان الله خۆ ئێستا لێرەدا بوو.

## ئەوبانگخوازەی هەموو سۆدانیەکان بۆی گریان

شێخ محمد سید الحاج، ساڵی ١٩٧٢ لەدێیەکی سۆدان لەدایك بووە، کۆلێژی شەریعەی زانکۆی ئوم دورمانی ئیسلامی تەواوکردووەلەساڵی ١٩٩٨ دا.کەلە پۆلی دووی ناوەندی بووە وتاری داوە لەوانەی مزگەوت و لەنوێژی هەینیدا.

لەدوا وتاری هەینیدا دەڵێت: هەینی داهاتوو لەلاتان نابم، هەروەك دڵی خەبەری دابێت..ناوبراو باسی کەسانێك دەکات کەسەرقاڵی چەندەها پڕۆژەی گەورەن و نازانن چەندرۆژێکی کەمیان ماوە لە دونیادا و، باسی هاوەڵێکی دەکات کەنامەی دکتۆراکەی پیشکەش بە موشریفەکەی دەکات و بەکارەساتی ئوتومبیل دەمرێت و فریا ناکەوێت موناقەشەی نامەی دکتۆراکەی بکات، سبحان الله خۆشی نامەی ماستەرەکەی دابوو بە سەرپەرشتیارەکەی دوورۆژ پێش موناقەشەکەی لە ٢٠١٠/٤/٢٤ بەرووداوی هاتوچۆ بەهۆی خەولێکەوتنی سایەقەکەیەوەگیانی لەدەست دا لەتەمەنی ٣٦ ساڵیدا.

بەو لاویێتیە یەکێ بووە لەکۆمەڵەی ئەنصاری سوننەو چەند پەڕاوی نووسیوە:

١. الحروب الصليبية بين الأمس واليوم.
٢. الحسبة مسؤولية الجميع.
٣. فقه الائتلاف.
٤. حكم الاحتفال بالمولد النبوي.
٥. لماذا لا ألتزم؟
٦. رمضان فضائل وآداب وأحكام

هەروەها ئەم پۆستانەی بووە:

٦. مساعد الأمين العام للشئون الخارجية لهيئة علماء السودان.
٧. عضو المجلس الاستشاري لوزارة الأوقاف والشئون الإسلامية بالسودان.

٨. عضو المجلس الأعلي للدعوة الإسلامية بالسودان.

٩. أمين أمانة التخطيط والموارد البشرية لمنظمة سبل السلام الخيرية.

١٠. وكان إمام وخطيب مسجد المؤمنين بحي الصافية حتى قبيل وفاته.

ئەم زانا پایەبەرزە بەتوانایە بەمردنی هەمووسوٚدانیەکان بوٚی گریان:



***



**حاجی ئەحمەد ئەبوشادی:**

**ناوبراو یەکێکە لەبرا تێکۆشەرە دێرینەکانی میصر، ساڵی ١٩٢٨ لەدایك بووە، ساڵی ١٩٤٧ پەیوەندی کردووە بە برایانەوە، ساڵی ١٩٥٤ گیراوە بۆ دووساڵ ساڵی ١٩٥٨ لیسانسی وەرگرتووە لە یاسادا،لەساڵی١٩٦٥ دەگیرێتەوە تاساڵی ١٩٧١، ئەو سزایەی ئەوان کەدراون وێنەی کەمە لە مێژوودا، پاش بەربوونی ئەچێت لە کوەیت کاردەکات، لەساڵی ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە میصروبەردەوام دەبێت لە بانگەوازداو بۆ تاقە سەعاتێکیش دەعوە بەجێناهێڵێت، دوعاش دەکات لە کاتی دەعوەکردندا گیان بسپێرێت، تەمەنی ٨٢ ساڵ دەبێت، بەو هەموو نەخۆشیەی کەهەیبوو بەو پیریە ڕۆژێك چوو سێ وتاری لە سێ شوێنی جیا دا، زۆر ماندووبوو، بردیانە خەستەخانە، کەکوڕەکەی چووە لای وتی: هیوادارم خوا ئەوەم بەشەهادەت لێوەرگرێت کەمن لەدەعوەدا وام لێهاتووە.**

**بەم جۆرە لە ١٥ ی فیبرایر ٢٠١٠ کۆچی دوایی کرد.**

**ڕەحمەتی دەڵێت: پەیمانم بەخوا دابوو کەنوێژی بەیانی بەردەوام بە جەماعەت بکەم، کارم باش بوو قاتی خوارەوەی باڵەخانەیەك کرابوو بەمزگەوت و بەیانیان ئەچووم پێش نوێژیم بۆ دەکردن، ماوەیەك**

ساردبوومەوەو نوێژی بەیانیم دەکرد بەڵام دەچووم بۆ مزگەوتێکی تر تا نوێژ خوێنانی مزگەوتەکەی پێشتر گلەیم لێنەکەن.شەوێکیان لەخەوما مردم و بردیانم بۆ سەرقەبران و ناشتیانم و هەستم کرد خەڵکەکە بەجێیان هێشتم، پیاوێکی باڵابەرز کە دۆسیەیەکی لە بن باڵدا بوو هات و وەك ئەفسەرەکان دارێکیشی بەدەستەوە بوو، وتی: نوێژی بەیانیت بەردەوام کردووە، نەمئەزانی چی وەڵام بدەمەوە، خۆ لەراستیشدا نوێژی بەیانیم نەچووە، وتم: بەراستی بەردەوام نا، بە لەهجەیەکی توند وتی: باشە. خەبەرم بۆوە، کاتی نوێژی بەیانی بوو، لەمزگەوتەکەی خۆمان پێشنوێژیم بۆکردن، کەوتنە گلەیی کەبۆماوەیەکە دیارنیم، منیش وتم: لە قیامەتەوە هاتوومەتەوەو خەوەکەم بۆ گێڕانەوە.



دکتۆر خالیدی کوڕی کەئەمیش بانگخوازە دەڵێت: باوکم تەنانەت لە کاتی نەخۆشیەکانیشیدا ئاگاداری نوێژەکانی بووە، یەکجار نەبێت کەلەبەر ئازاری زۆر نوێژەکەی دوادەکەوێت و بۆ چەند چرکەیەك خەوی لێدەکەوێت، لەخەویا مەلائیکەت بەپەلە ئاوی لەبەهەشتەوە بۆ دێنێ و دەستنوێژدەشواو نوێژەکەی دەکات!!رەحمەتی خوا لە حاجی ئەحمەد و هەموو تێکۆشەرانی رێی خوا.

## عاقیبەت خێری:

کاك خالید جاف دەڵێ: لە مەجلیسی پرسەیەکدا بووم، بەرێز مامۆستا مەلا (عبداللە)ی جیهاد پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی نوور لە سلێمانی ئەم بەسەرهاتەی بۆ ئامادەبوان گێڕایەوەو سوێندی خواردو فەرمووی قەسەم بە پەروەردگار چۆنتان بۆ دەگێڕمەوە ڕێك و ڕەوان روداوەکە ئاوهایە:

چەند سالێك بەر لە ئێستا دۆستێکم نەخۆشکەوت بەڵام نەخۆشیەکەی هی ئەوە نەبوو کە پێشبینی مردنی لێبکرێت، رۆژێکیان چووم سەردانیم کرد لە ماڵەوەو ئەحواڵی تەندروستییم پرسی کاتێك ویستم هەستم و برۆم ئەو دۆستەم داوای لێکردم و وتی: مامۆستا ئەگەر ئاساییەو بۆت ئەگونجێ زۆرم پێخۆشە ئەمشەو لەلای من بمێنیتەوەو لە خزمەتدا بم، منیش وتم:وەڵا مادام پێتخۆشە ئەوە منیش لە خزمەتتام ئەمشەو بۆخۆمان پێکەوە ئەبین...

شەو پێکەوە تادرەگانێك قسەمان کرد، لە پڕ کابرا وتی: مامۆستا حەزەکەم یاسینێکم بخوێنیت (سورەتی یاسین)، منیش وتم: بێقەزا بی یاسینی چی خۆ تۆ شوکور وەزعت زۆر باشە، وتی: نەبەخوا زۆر حەزدەکەم بۆم بخوێنیت، منیش دڵیم نەشکاند سورەتی یاسینم بەسەریدا خوێندو تەواو بووم، کەمێکی پێچوو کابرا بە دەنگی بەرز هەر لە خۆیەوە وتی (وعلیکم السلام ورحمه الله)!!منیش زۆرم بەلاوە سەیر بوو وتم:ئەوە لەگەڵ کێتە ئەو سەلامە خۆ بەس من و تۆی لێیە؟ وتی: کوڕە میوانمان هاتوە مامۆستا بۆ هەڵناسیت لەبەریان؟ وتم: وەڵا من کەس نابینم میوانی چی برا!! وتی: چۆن نابینی ئەو هەموو میوانەت نەبینیوە؟

وتم: نەبەخوا، وتی: دەوەڵا ئەوە یەك کۆمەڵ میوانن هاتوون و قەڵەم و کتێبیان بەدەستەوەیە!! ئەم قسانەی کردو منیش لێی نزیك بوومەوە، بینیم پەنجەی شایەتومانی بەرزکردەوەو بە پێکەنینێکەوە وتی: خوایە گیان من لەسەر دینی محەممەدم ((اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمد رسول الله)) و هات بەلادا، دەسم دایە تەماشام کرد گیانی دەرچوەو وەفاتی کردوە.

## وانەیەک لەژیانەوە:

لاوێك کە هێشتا لە مانای ژیان تێنەگەیشتووە، دەچێت بۆلای حەکیمێك کە بەسەر بەرزاییەکەوە کۆشکێکی نایابی هەبوو، حەکیمەکە کەوچکێکی ئەداتە دەست کە دوو دلۆپ ڕۆنی لەسەرە و ئەڵێ بڕۆ بەکۆشکەکەمدا بگەڕێ و سەیری هەموو تابلۆو دیمەنە جوانەکانی بکە، بەڵام وریابە ئەو دوو دلۆپ ڕۆنەت لێنەڕژێ، ئەویش دەچێت سەعاتێك بەناو کۆشکەکەدا دەسوڕێتەوەو لەتاو ئەوەی کە دوودلۆپەڕۆنەکە نەڕژێت ناپەرژێتەسەر وردبوونەوە لە تابلۆ جوانەکان و دیمەنە سەرنجڕاکێشەکان، بۆیە کەدێتەوە بۆلای، حەکیمەکە لێی دەپرسێت چیت دی؟؟ دەڵێت: هیچ!

دەڵێ: دەئەمجارە بڕۆ سەیربکەرەوە، ئەمجارە کەدەچێتەوە بەچاکی سەرنجی شتەکان دەدات وکەوچکەکەی دەستی بیردەچێتەوە بۆیە کەدێتەوە ڕاستە دیمەنەکانی بەچاکی بینیون بەڵام دوو دلۆپ ڕۆنەکەی لێڕژاوە..

جا ژیان ئەو هاوسەنگیەی دەوێت کەزۆرکەس بەداخەوە تێی نەگەیشتووە، سەرقاڵبوونمان بەلایەنێکەوە سەدان دیمەن و جوانی دونیاو قیامەتمان لەکیس ئەدات، بۆیە خەڵکانێکی زۆر دێنە دونیاوەو پاش تەمەنێکی زۆرئەم ژیانە بەجێدەهێڵن و هیچ حاڵی نەبوون و هیچیان بۆ نەکرا.

هەیە زۆر قوڵ دەبێتەوەو بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە هەرگیز نایگاتێ وەك ئەو کەسەی کەلەرمێکی بەدەستەوەیەو گەڵا لەدوای گەڵا پاکی دەکات بەهیوای ئەوەی بگاتە کرۆکەکەی، لەکاتێکدا هەمووی گەڵایەو کرۆکی نیە!یان ئەتوانین بڵێین هەمووی هەرکرۆکە وسوودی لێوەرگرەو گەڵاکان خەسارمەکە.

بەڕاستی ژیان کورتە، کیسەڵێك سێسەد ساڵ ئەژی و ئێمەی داماو شەست ساڵێك دەژین! کەچی بەوەشەوە کەم کەس لەمانای ژیان تێگەیشتوون و خۆیان دۆزیوەتەوەو ئەزانن بە ڕاستی خەریکی چین!

ئەم حاڵەتەش نالی شاعیر دەڵێت:

هەرچەندە کە عومری خضرو جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو!

ئەی جامیعی دونیاو قیامەت بەخەیاڵات

ئەو ڕۆژە کەمردی، نە ئەوت بوو نە ئەمت بوو!

دوێنێ چ بوو دەتدا بەزوبان لافی کەرامەت؟

ئەمڕۆ نەدەمت بوو، نەدەمت بوو، نەدەمت بوو!

واتە: هەرچەند عومری خدری زندەشت بۆ بنوسرێت،وەك جەمشید خاوەن شکۆو پایەبی (کەگوایە ئاوێنەیەکی بووە هەموودنیای تیابینیوە ) مادام هیواو ئاواتت زۆرە ژیانت کورتە.

تادوینێ بوولاف و گەزافت لێدەداو کەست بەهیچ نەئەزانی، ئەمڕۆ کەرووبەڕووی مەرگ بوویتەوە، پەشیمان بوویت لەو لاف و گەزافەت و هەناسەت بۆنەدراو دەمت گۆی نەکرد.لا٣٦٨ دیوانی نالی.

## هاوسەنگی وگرنگیدان بەهەموولایەنێک

پیاوێك ئەچێت بۆلای دانایەك و دەڵێت: من پێرێ کاتژمێر حەوتی بەیانی چووم لەو دارستانە تا پێنجی ئێوارە پێنج درەختم بڕیەوە بەتەورەکەم، کەچی دوێنێ لە پێنجی بەیانیەوە ڕۆیشتم و تا پێنجی ئێوارە بەهەرحاڵێك بوو چوار دارم بڕیەوە، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە زوو چووم و تا ئێوارە سێ دارم بۆ بڕیەوە نازانم هۆکەی چیە؟؟ ئەویش وتی: برام ڕاستە تۆ زووتر چوویتە سەرکارو زۆرتر خۆت ماندووکردووە، بەڵام بیرت چووە تەورەکەت تیژ بکەیتەوە!!

بەڕاستی ژیانیش وایە لەگەرمەی ئیش و سەرقاڵیماندا هەندێ شتمان بیردەچێت کارەکان وەك پێویست نایەن بەدەستمانەوە.

لەژیاندا هاوسەنگی مەسەلەیەکی زۆرگرنگە بۆنموونە:

١-ئەوەی هاوسەنگی نەبێت لەخواردن و جۆری میوەکاندا تووشی کەمی فیتامینات دەبێت، ئەوەی زۆر گۆشت بخوات تووشی (داو الملوك )دەبێت.

٢-ئەوەی هەقی هەموولایەنێك نەدات بێ فەرمانی ئیسلامی کردووە کەخۆشەویست دەفەرموێت (اعگوا کل ژی حق حقه ) هەقەکان بریتین لە، هەقی خوا، هەقی دایك و باوك، هەقی ماڵ و مناڵ هەقی نەفسی خۆت، هەقی میوان، تەنانەت هەقی رێگا، هەروەك لەفەرموودەدا هاتووە.

٣-گرنگی دان بەجەستەو رۆح، گرنگی دان بەدونیاو قیامەت.

**ڕاحەت نیە لەدونیادا:**

پاش **٥٥** ساڵ تەمەن و **٤١** ساڵ خوێندنەوەو بانگەوازکردن حیکمەتێکی زانایەکی خواناس زۆرکاری تێکردم کە دەڵێت: داوای شتێ مەکە کە خوا خەلقی نەکردووە.

خوای گەورە پشوو ڕاحەتی لەم دونیایەدا دروست نەکردووەو پشوو راحەتی تەواو لەقیامەتدایە، تۆ کەداوای دەکەیت لەدونیادا، داوای شتێك دەکەیت کە لەدونیادا نیە، هەروەك ئەوکەسەی کەداوای نەمری دەکات لەدونیادا،راستە هەموو لەناخماندا حەزمان بەنەمری یە بەڵام نەمری لە قیامەتدایە، خوای گەورە بەخۆشەویست (د.خ) دەفەرموێت: (**وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِنْ قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِنْ مِتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ (٣٤) كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُمْ بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ (٣٥)**)**الانبياء**.

دونیا شوێنی هەوڵ دان و ڕاکە ڕاکەومرۆڤ ڕەنجبەرە ( **يَا أَيُّهَا الْإِنْسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَى رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ (٦)الانشقاق**)..

دونیا بۆیە شوێنی پشوودان و راحەت نیيە چونکە خوا بۆ تاقیکردنەوەی ئێمەبەدیهێناوە تا دەرکەوێت، کێ ئارامدەگرێت و باشترین کاردەکات: **تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ (٢)الملك**.

برادەرێکی دکتۆر کوڕە تەمەن حەوت ساڵانەکەی هێنابوو کەتووشی شێرپەنجەی خوێن بووبوو، ئافرەتێك چەند ساڵە بەتەمای مناڵە،کەچی کەسکی کرد کۆرپەلەکەی ناوسکی شەش مانگ بوو لەسۆنەردا دەرکەوت کە مناڵەکەی زۆرنوقسانەو دەبێت لەباری ببات و بەناچاری لەباری برد.

دیاره جوانی وناشرینی شتێکی ڕێژەییە، بەڵام دیقەت بدەن کە بەملیۆنەها کەس بەتایبەت ئافرەت بەحساب خەم لەناشرینی خۆیان دەخۆن، کەچی سبحان الله جاری واهەیە ناشرینەکە زۆر بەختی باشترە لە جوانەکە.

ئەوەی گرنگە لەم تاقیکردنەوانەی دونیادا ئەوەیە کە ئارامبگرین و سنووری ئەدەب نەشکێنین لەگەڵ خوادا، خوای گەورە بەئاشکرا دەفەرموێت کە خۆیەتی کوڕ یان کچ یان کوڕو کچ ئەبەخشێت وهەندێکیش نەزۆك دەکات، کەچی هەندێك نایانەوێت لەم ڕاستیە تێبگەن و خوا لەخۆیان زویر دەکەن، پیاوێك لەم شاری سولەیمانیە بەژنەکەی دەڵێت: کوڕت نەبێت قۆڵت لەبنا ئەبڕمەوە، خوا کوڕێکی دایە قۆڵێکی نەبوو..

## ئەم دونیایە فرسەتە:

خۆشەویست بەلای گۆڕێکدا ڕۆیشت فەرمووی (ركعتان خفيفتان مما تحقرون أو تنفّلون، يزيدها هذا –يشير الى القبر–في عمله أحب اليه من بقية دنياكم ) السلسلة الصحيحة، ح ١٢٨٨.

واتە ئەو کەسەی لەو گۆڕەدایە دوورکات نوێژی سادەتان یان سوننەتتان زیادبێ بۆ کردەوەکانی نایگۆڕێتەوە بەهەموو دونیا.مرۆڤ پیر دەبێ و دوو حەزوو ئارەزووش پیردەبن لەگەڵیدا، حەزکردن بەماڵ وسامان و تەمەن درێژی (هەروەك لەفەرموودەی موسلیم دا هاتووە:( يهرم ابن آدم وتشب معه اثنتان: الحرص على المال، والحرص على العمر)..یادی مردن زەروورە بۆ ئەوەی مرۆڤ بێنێتەوە تایم، ئەگەر لە تەنگانەو کەم دەستیدا بوو دڵخۆش دەبێت و دونیا فراوان دەبێت لەبەرچاوی وە ئەگەر خاوەن ماڵ و سامانی زۆر بوو لەخۆی بایی نابێت و لە سنوور دەرناچێت:(أكثروا ذكر هادم اللذات: الموت، فانه لم يذكره أحد في ضيق من العيش الا وسعه عليه، ولا ذكره في سعة الا ضيقها عليه )صحيح الجامع الالبانى ١٢١١ /حسن

سەردانی گۆڕستان، مردووشتن، نوێژ لەسەر مردوو، مرۆڤ رادەچڵەکێنن و وای لێدەکەن خەمبار بێت و خەمی قیامەتی بخوات.هەروەك لەفەرموودەدا هاتووە (زر القبور تذكر بها الآخرة، واغسل الموتى فان معالجة جسد خاو موعظة بليغة، وصل على الجنائز، لعل ذلك يحزنك، فان الحزين في ظل الله يوم القيامة ).صحيح /الحاكم فى المستدرك.

حەسەنی بەصری دەیووت:دەست و برد بکەن، دەست و برد بکەن، هەمووی هەناسەیەکە کە نەهات نایەت و ئیتر کاروکردەوتان بۆناکرێت تا لەخوا نزیك ببنەوە.

خوا رەحم بەکەسێك بکات بەخۆیدا دەچێتەوەو بۆ گوناهەکانی دەگری.

ئنجا ئەم ئایەتەی دەخوێند (انّما نعدُّ لهم عَدّا )مریم ٨٤ پاشان دەگریاو دەیووت: دوا ژمارەت رۆح دەرچوونە، دوا ژمارە بەجێهێشتنی کەسوکارە،دوا ژمارە چوونە ناو گۆڕە.

خوێنەری بەرێز زۆربەمان هەموو شتێکمان بیرە مردن نەبێت و، مردنیش تەنها ئێمەی لەبیرەو رەنگە ئەوەندەمان نەمابێ و هاکا فریشتەی گیان کێشان بووە میوانمان: ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا۟ فِى مَلَكُوتِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ وَأَنْ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَدِ ٱقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ ۖ فَبِأَىِّ حَدِيثٍۭ بَعْدَهُۥ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٥﴾ ﴾ الأعراف: ١٨٥

## مردن هیچی لەگەڵ ناکرێت:

مردن لەناکاو دێت و منداڵ و گەورەو دەوڵەمەند وهەژارو خاوەن دەست و بێدەست وەك یەك دەبات، نەسەروەت و سامان، نەداوودەرمان مردن دواناخەن﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ ۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾ الأعراف: ٣٤. ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُوا۟ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَـٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًۢا ﴿٤٥﴾ ﴾ فاطر: ٤٥

خـوا حیلمـی هەیـەو مۆڵــەت ئـەدات، رزقـی هــەمووان ئـەدات تەنانـەت ئەگــەر بێبڕواش بـن، چـونکە دونیا بـۆ تاقیکردنەوەیـەو لـەقیامەتـدا لێپرسـینەوە دەکرێـت.خۆئەگـەر خـوا خـەڵکی بـەهۆی گوناهەکانیانـەوە سزا بدایە لـەدونیادا ئەواکـەس نەئـەما لـەسـەرزەوی، بـەڵام مۆڵــەتیان ئـەدات هـەتا ئەجـەلیان دێـت و مـاوەی تاقیکردنەوەکەیان تەواو دەبێت وئاگاداری هەموانەوەدەیانبینێت.

سـاقیب صەبانچـی لـەتورکیا ملیـاردێربوو قـەرزی ئـەدا بـە حکومـەتی تـورکی، کـە لـەئـەمریکا نـەخۆش بـوو دوو وەسـێتی نووسـی و داوای کـرد کـە لـەکاتی شـتنیدا یەکـەم بکرێتـەوە ولـەدوای ناشتنیشـی دووەم بکرێتەوە، کاتێ مـردو هێنایانـەوە بـۆ تورکیـا، یەکـەمیان کـردەوە نووسـرابوو تکایـە جـووتێ گـۆرەویم لـەپێ بکــەن، بەمــەلایان وت: وتــی: جــائیز نیــە، بــەبێ گــۆرەوی ناشــتیان، کەهاتنــەوە دووەمیــان کــردەوە کــە نووسرابوو: دونیایەك بەو هەموو سـەروەتەوە نـەتوانی جووتێـك گـۆرەوی لـەگـەڵ خۆتـا بـەیت، هەقـە مـرۆڤ دەرسی لێوەرگرێت.

هــەروەها شـێخ راجحـی لــە سـعودیە تەمــەنی ٨٢ ســاڵەو شــەش ملیــار دۆلاری هــەبوو، سـیانی بەسـەر منالەکانیـدا دابـەش کـردو سیانیشـی دا بـە کۆمەڵەیـەکی خێرخـوازی کـە بیخەنـە کـارەوەو خێـری پێبکـەن، داواشـی لێکـردن کەبـەخێری خۆیـان تادەمرێـت بیـژێنن لـەوپارەی خێـرەو وتـی: حەزدەکـەم بگەمـەوە بـەخوا دینارێکم نەبێت.

## دکتۆرو دەرمان:

کەس نیـە وەك پاشـاکان و سـەرۆکەکان خـەمی ژیانیـان بێـت و هەریەکـەیان هـەزار سـاڵ بـژی بەکـەمی دەزانێـت، بـۆ ئەمــەش دکتـۆری شـارەزاو نـاودار هەمیشـە لـەخزمەتیانـدان، کەچـی یـەك هەناسـە ئەجـەلیان دواناکەوێت وهەروەك ئەوکەسە دەمرن کە بێکەس و بێدەرە.

پرۆفیسـۆر یـەفغینی چـازۆف کـە بـەناوبانگترین پزیشـکی دڵـی رووسـیە لـەکتێبەکەیـدا (تەندرووسـتی و دەسـەڵات( دا دەڵێـت: عبدالناصـر ئـازاری قاچـی هـەبوو دەمارەکـانی قاچـی بـاش ئیشـیان نـەدەکرد، هاتـە لامـان بـەهۆی کانیـاوە گەرمـەکانی جۆرجیـاوە چـاکمان کـردەوە،عبدالناصـر دڵیشـی تـەواو نـەبوو زۆر ئامۆژگاریمـان کـرد کـە خـۆی ماندوونـەکات، نـاوبراو سێ دکتـۆری بیـانیش جگـە لـەدکتۆرە میسـرییەکان هەمیشـە لـەخزمـەتی تەندرووسـتیدا بـوون، سـەرۆکی رووسـی و موخابـەرات مـن و چـەند دکتـۆرێکی تریـان نـارد بـۆ میسـر لـە نەخۆشـیەکەی دا و پێیـان وتـین هەرچـی لـەتواناتاندایـە ئـەبێ بیکـەن، چـونکە مـانی عبدالناصـر بـۆ رووسـیا زۆر گرنگـە، کەچـی نـەمان تـوانی نەخۆشـیەکەی دیـاری بکـەین و مـرد لـەسـاڵی ۱۹٦۸دا.

(دکتـۆر عـەلی جرێشـە کەبرایـەکی دێرینـە لـەزمانی ئەفسـەرێکی موخابەراتـەوە دەڵێـت: ژەهریـان کردبووە شـەربەتی مـەلیك عەبـدوڵای ئەردەنـەوە کەلەمیسـربوو، عبدالناصـر بەهەڵـە خواردبوویـەوەو بـووە هۆی تیاچوونی).

هـواری بۆمیدیـەنیش کـە ژنەکـەی فەڕەنسـی بـوو هێنایـان بـۆ رووسـیاو هەرچـیمان کـرد نـەمانتوانی هیچی بـۆ بکـەین بردیانـەوە جـەزائیرو پـاش ماوەیـەکی کـەم هەرچـەند ئێمـەش لـەگـەڵی چـووبووین نـاوبراو کۆچی دوایی کرد.

ئـەوەی مـن سـەرنجم داوە خۆشەویسـت هـەرگیز لـەمەسـەلـەی ئەجەلـدا هیچی نەفـەرمووە، کاتێـك کـە ئیبراهیمی کوڕی لەماریەی قیبتی لـەدایك بـوو لـەدوا سـاڵەکانی تەمـەنی موبارەکیـدا زۆر دڵـی پێـی خـۆش بـــوو،ئـــەیگێڕا بەســـەر صـــەحابەداو پیشـــانی ئـــەدان، کـــە خـــوا بردیـــەوە هـــیچ دوعـــای نـــەکرد کەخوانەییاتەوە.لەکاتێکدا دوعای قبوڵ بوو.

یـان کـە کچـەکەی دەنێرێـت بەدوایـداو ئـەمیش دەچـێت و کچـەزاکەی لـەکۆشـیا گیـان ئـەدات و ئەمیش هۆن هۆن فرمێسك بەچاویادێت و دوعا کات کە ئەجەلی دوا بکەوێت.

## ئەجەل کەنەهات!

### ١-دکتۆر فازڵ سولەیمان:

بەڕێوەبەری دەزگای پردە بۆ ناساندنی ئیسلام و مەشقی بانگخوازان، لەساڵی ١٩٨٨ کۆلێژی ئەندازیاری بەشی ئەلکترۆنیاتی تەواوکردووە و ماستەریشی هەیە لە شەریعەتی ئیسلامدا باسی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت:

ئاواتم ئەوە بوو ببمە پزیشك،بەلاَم باوکم هەرچەند پزیشك بووحەزی نەدەکرد ئەو ڕێیە بگرم و دەیووت: تۆ باش ناخوێنی و پزیشکیش پێویستی بەخوێندنی زۆرە.

ئاوات و ئامانجی زۆرم هەیە هاتوونەتە دی، بەلاَم ئەم ئاواتەیانم نەهاتە دی هەرچەند دوعاشم زۆرکرد،خوای گەورە ئاواتەکەمی بۆ ڕاست کردمەوە و هەرخۆی دەزانێت چی باشە بۆمان. زۆر بەختەوەرم کە لەڕێی دەزگای پردەوە خزمەت بە ئیسلام دەکەم و زنجیرەیە فلیمی کورتمان بەرهەم هێناوە بەناوی (تەمومژەکان دەڕەوێنەوە) کەسوودی زۆری لێبینراوە.



کە لەزانکۆ دەرچووم بوومە ئەندامی برایانی موسڵمان و فێری مانای خۆشەویستی وبرایەتیان کردم لەبەر خوا، هەرچەند کەچووم بۆ ئەمریکا دابڕام لێیان و کە گەڕاشمەوە بەهۆی ستەم و زوڵم و زۆری نامۆبارەکەوە نەمتوانی کاربکەمەوە لەگەڵیان.

به تێپەڕبوونی کات زیاتر هەست بەفەزڵ و هاوکاری خوادەکەم، هەندێ شتم تووش بوو لەمیسر بۆیە بڕیارم دا بچم بۆ ئەمریکا،لە دەزگا خێرخوازیە ئیسلامیەکاندا کارم کرد وهەموو ساڵێك بەنوێنەرایەتی ئەو دەزگایانە ڕۆژی دەو یانزەو دوانزەی سێپتەمبەر ئەچووم بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، سبحان الله ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر ٢٠٠١ لەگەڵ دووبرادەری تردا ئەمان ویست بچین بۆ (وال ستریت سێنتەر) نیوسەعات وەستاین تەکسیەك نەوەستا بۆمان، زۆر بێزاربووین، تومەز ڕەحمی خوابوو، ئەگینا ئێمەش وەك ئەو خەڵکەی تر لە تەقینەوەکاندا تیادەچووین.

**٢- برادەرێکم لەکەرکوك** ئەمەی بۆ نووسیم کە پەندی لێوەرگرین و وتی:لە کۆتایی نەوەدەکاندا هەستم کرد سەرم ژان ئەکا، چوومە لای برایەکی خۆمان سەرو مل پشتم بشێلێ،دواتر وتی: ئەمە کاری یوگاییە بۆ سەر ئێشە زۆر باشە، کاتێ بە کارەکەی هەستا یەکسەر لە هۆش خۆم چووم و بورامەوە! ئیتر کەهاتمەوە هۆش خۆم زۆر بێتاقەت بووم.

بۆ بەیانی چووم بۆلای دکتۆر ئینعام لەکەرکوك پسپۆڕی هەناوە،زۆر ورد بووەوەو پرسیاری زۆری کرد، یەکێك لەوانەی پێموت کە ڕۆژانە چەند جار بەبێ خواستی خۆم زمانم ئەگەزم،وتی: گومانم لە شتێك هەیە لە مێشکت هەبێت بۆ دڵنییایی زیاتر بڕۆ بۆ لای دکتۆر ئەردام پسپۆڕی مێشکە با ئەویش سەیرت بکا ئەمە نیشانەی صەرعە و،لەوانەشە گرێ لە مێشکت هەبێت. چوومە لای دکتۆر ئەردام و هەمان قسەی ئەوی کرد و وتی: صەرعە. دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عیراق وەزع باشبوو گیرفانمان گەرمتربوو چەندین جاری تر چووم بۆ دکتۆر وتیان صەرعە.

ڕۆژگار هات و ڕۆی تووشی نەخۆشی فرمێسك گیرانی چاو بووم،دواجار وتیان دەبێ نەشتەگەری بۆ بکرێ چووم بۆ نەخۆشخانە تورکیەکە بۆ ئەوەی نەشتەگەریم بۆ بکەن ئەو پارەیەی داوایان کرد زۆر بوو،وتیان: بۆ چاو باشترە و هەرزانترە بچیتە ئێران نرخی پارەی دابەزیووە و وەك جارانی ئێمەی لێهاتووە، بەو پارەیە نەشتەرگەری ئەکەیت و گەشتیاری خۆشت ئەکەی.

لەساڵی ٢٠١٢ دوو رۆژ پێش موحەڕەم لە حاجی ئومەرانەوە چوینە ورمیێ و لە دەرمانخانەیەکی شەقامی پزیشکان وتم:خەڵکی کوردستانی باشورم بە تورکمانی قسەمان کرد،دکتۆری باشم پێبڵێن پسپۆری بواری چاو بێت، ئەوان پێی ئەڵێن فوق تخصص چومە لای دکتۆرەکەی بۆیان هەڵدابن ڕێکەوتین نەشتەرگەریم بۆ بکا،بۆ بەیانی دواتر هاورێکەم وتی: با بۆ دکتۆری تر بڕۆین بزانین ئەو چی ئەڵێ، چوین بۆ لای دکتۆری تر ئەویش وتی: نەشتەگەری ئەوێ.

ناردمی بۆ دکتۆری قوڕگ وگوێ، چوین بۆ لای وئەویش دوو فەحسی بۆمان نووسی کەچی دەستمان نەکەوت، چوینەوە بۆلای وتمان: ئەڵێن نیە چی بکەین؟ نووسراویکی بۆمان کرد بچین بۆ نەخۆشخانەی ئیمام خومەینی، بۆ بەیانی رۆیشتین وتیان: ئەو ئامیرە کار ناکات،گەڕاینەوە لای هەردووکیان ئەوەی کردمان بۆیانمان گێڕایەوە،دووەمیان رازی نەبوو راپۆرتم بداتێ بۆ یەکەم، دکتۆری چاوەکە وتی: تاڕاپورتم نەداتێ من نەشتەگەریت بۆ ناکەم زۆر هەوڵماندا سوودی نەبوو، رەنجمان بە زایە چوو، چوینە سنە لەوێش هیچمان دەست نەکەوت عاشورا بوو،پاشان چووینە کرمانشاە لەوێش دکتۆرێکمان دۆزیەوە و وتی: بەیانی وەرن بۆ نەخۆشخانەی سجاد سەعات ١١ لەوێ بن نەشتەگەریکەت بۆ ئەکەم،بەیانی رۆیشتین چوینە نەخۆشخانەکە وتیان: ئەم دکتۆرە نایەتە ئێرە،وتمان:دوێنێ لای بوین مەوعیدمان هەیە وتیان: کەیفی خۆتانە چاوەڕێ بکەن، زۆر دڵگران بووین ئەوێمان بە جێهێشت و گەڕاینەوە.

لە دوای ماوەیەکی تر نەخۆشیەکی ترم تووشبوو پێویستی بە نەشتەگەری هەبوو چووم بۆ دکتۆرو کاتی بۆ دانام لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوك. بەیانی رۆیشتم دکتۆرەکەم چاوەڕێی ئەکردم،خۆم گۆڕی وچوومە ژوورەوە دکتۆر هات بانگی کردم وتی: حازری؟

وتم: بەڵێ کەچی بەرپرسی هۆڵی نەشتەگەریەکە نەیهێشت نەشتگەریەکەم بۆ بکرێ وتی: هەندێ پشکنینی نوقسانە. ئەی چی بکەین؟وتی تا ئەو فەحسانە نەکەی نابێت. کردمە هەراو خۆم گۆڕی و هاتمە دەرەوە نەشتەگەریەکەم نەکرد.

ئەمانە هەمووی قەدەری خوا بوون ژیانم دیارە ماوەی مابوو ئەگینا یا لە ورمیێ یا سنە یا کرمنشاە یا لە شارەکەی خۆم لە کەرکوك ئەگەر بەنج بکرامایە ئەمردم،دواتر تێگەیشتم کە برادەرێکی دکتۆر پێی وتم خوا رەحمی پێکردووی لە ژێر بەنج دەرنەئەچووی چونکە صرع بەنجی تایبەتی هەیەو دەبێ پێش چونت بۆ هۆڵی نەشتەرگەری دکتۆر بزانێت صەرعت هەیە.

## قۆناغەکانی تەمەن:

قورئانی پیرۆز سەرنجمان بۆ قۆناغەکانی تەمەن رادەکێشێت و دەفەرموێت:

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْقَدِيرُ (٥٤) وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يُقْسِمُ الْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا غَيْرَ سَاعَةٍ كَذَلِكَ كَانُوا يُؤْفَكُونَ (٥٥) وَقَالَ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ وَالْإِيمَانَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِي كِتَابِ اللَّهِ إِلَى يَوْمِ الْبَعْثِ فَهَذَا يَوْمُ الْبَعْثِ وَلَكِنَّكُمْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (٥٦) فَيَوْمَئِذٍ لَا يَنْفَعُ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَعْذِرَتُهُمْ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ (٥٧)الروم

خودا کە ئێوەی دروست کردووە، لەسەرەتادا بێهێز بوون، پاش بێهێزی، گوڕی پێدان، لەپاشانا هێزو گوڕی لێسەندنو پیری کردن، بەمەیلی خۆی دەئافرێنێ، زاناو توانا هەرخۆیەتی.

رۆژی سەلا کە را دەبێ تاوانباران سوێندی دەخۆن جیا لەساتێك نەمانەوە، ئاوا هەرشوێن درۆکەوتوون.ئەو کەسانەی بەزانست و باوەڕدارن، پێیان ئێژن: هەروەکو خودا نووسیوویە، تارۆژی سەلا ماونەوە،، سا ئەمە رۆژی سەلایە، بەلام ئێوە نەتانزانیوە.لەو رۆژەدا ئەو کەسانەی کە ستەمیان کردووە، بەهانەیان قازانجیان پێناگەیەنێ و رێشیا نادرێ داوای لێخۆشبوونی بکەن.

زۆر لە شاعیرانیش باسی تەمەن وپیری دەکەن:

نیشانەی پیری دیاری دا لەڕووم
سەراپا وێنەی بەفرسپی بووم
ئەستوونی باڵام لەنگە و چەمیوە
کاسەی تەمەنم هاتۆتە نیوە
سەرنج چەند ئەدەم نابینم تۆزقاڵ
ڕێ هەڵە ئەکەم هەروەکو مناڵ
سەیرە بەپیری تازە پێئەگرم
دارەدارەم دێ و دەسی ڕێ ئەگرم
پەشمە ئامانجم زیندەچاڵ کراو
ڕەنجم پێوانەی پایەماڵ کراو
خەرمانی ژیری شەن و کەو ئەکەم
بەئاگاناییەم تاسەی خەو ئەکەم
داخم ئەو خەوە ئەنجامی تەمەن
هەندێ بێهودە کێشانەی ئەکەن
نازانن ڕەووتی قۆناغی پیری
پڕە لەوانە و ئەزموونی ژیری

هۆنراوەی محەممەد عەزیز



# فراوانی مانا

# له قورئاندا

**بەرگی شەشەم**

## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆ خوای پەروەردگارو درووودو سەلامیش لەسەر گیانی سەرداری پێغەمبەران و یارو یاوەران.

خوای گەورە لە بارەی قورئانەوە دەفەرموێت:

( قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآَنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا )الاسراء(٨٨) بێژە:ئەگەر مرۆڤ و جن، گشتیان کۆبن،لە هێنانی هاوشێوەی قورئان دادەمێنن، با هەمووشیان پشتیوانی یەکتری بن.

قورئانی پیرۆز بەخۆشەویست (د.خ) دەفەرموێ: ( قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآَنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آَلِهَةً أُخْرَى قُلْ لَا أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ) (١٩) الانعام واتە: پێیان بلێ: چ شتێك گەورەترین شایەتیە؟ بلێ: خواوەند شایەتە لەنێوان منو ئێوەداو شایەتیم بۆدەدات و، ئەم قورئانەی بەسرووش بۆ ناردووم تا ئێنزارتان بکەمو ئەوانەش کەدوای من پێیان رادەگەیەنرێت.

هەروەها دەفەرموێت: ( فَلَا أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ (٣٨) وَمَا لَا تُبْصِرُونَ (٣٩) إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ (٤٠) وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلًا مَا تُؤْمِنُونَ (٤١) وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (٤٢) تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٤٣) وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ (٤٤) لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ (٤٥) ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ (٤٦) فَمَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ (٤٧)) الحاقة واتە: سوێند بەوانەی کە ئەیانبینن و، بەوانەی کەنایان بینن، ئەم قورئانە فەرموودەی ڕەوانەکراوێکی گەورەیەو، قسەی شاعیر نیە، کەچی زۆر کەم بڕوا ئەهێنن و، قسەی کاهین نیە،کەچی زۆر کەم بیردەکەنەوە!

ئەم قورئانە نێراوەتە خوارەوە لەپەروەردگاری جیهانیانەوە، جا ئەگەر ( محمد) هەندێ وتەی بەدەم ئێمەوە هەڵبەستایە ئێمە بەدەستی خۆمان تۆڵەمان لێ ئەسەندو، پاشان ڕەگی گیانیمان ئەبڕی و، کەس نەئەبوو لەئێوە کە بکەوێتە نێوانمانەوەو سزاکەمانی لێ دووربخاتەوە.

وَإِنَّهُ لَتَذْكِرَةٌ لِلْمُتَّقِينَ (٤٨) وَإِنَّا لَنَعْلَمُ أَنَّ مِنْكُمْ مُكَذِّبِينَ (٤٩) وَإِنَّهُ لَحَسْرَةٌ عَلَى الْكَافِرِينَ (٥٠) وَإِنَّهُ لَحَقُّ الْيَقِينِ (٥١) فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ (٥٢) الحاقة. واتە: ئەم قورئانە بێگومان

پەندو ئامۆژگاریو یادەوەرییە بۆ پارێزکاران و، ئێمە ئەزانین کە هەندێکتان بڕوا بە قورئان ناکەن، کە ئەمەش ئەبێتە مایەی خەمو خەفەتو داخو پەشیمانی بۆیان و، بەڕاستی قورئان ڕاستو دروستە، کەواتە ئەی پێغەمبەر تۆش هەمیشە یادی پەروەردگاری گەورەی خۆت بکەو سوپاسو ستایشی بکە.

## شایەتیدان بۆ قورئان

بەرزی و فراوانی مانا و ڕەوانبێژی و موعجیزاتی هەمەچەشنەی قورئان لە کۆن و نوێدا وایکردووە کەسانی ئەدەب دۆست و زانا بێنە گۆو شایەتی خۆیان تۆماربکەن بۆ قورئان، کاتێ پێغەمبەر (د.خ) قورئانی بۆ وەلیدی کوڕی موغیرە خوێند سەرسام بوو پێی و لای موشریکەکان ئەم شایەتیەی دا( واللّٰه انَّ له لحلاوة وانَّ عليه لطلاوة وانه لمثمر أعلاه، مغدق أسفله، وانه ليعلو ولا يُعلى عليه) واتە: بەخوا قورئان چێژی هەیەو بەرزو فرەلایەنەو، بەهرەمەندە هەرچی شوێنی بکەوێت،قورئان سەردەکەوێت و کەس ناتوانێ زاڵ بێت بەسەریا.

هەروەها لوبەیدی شاعیری ناوداری عەرەب پاش هاتنی قورئان شەرمی کرد هۆنراوەی تر بڵێت مەگەر زۆرکەم نەبێت، هەروەها کچی (امرؤ القيس ) چوو هۆنراوە بەناوبانگەکەی باوکی لەدیواری کەعبەکردەوە کە یەکێك بوو لە موعەلەقاتی سەبعە و وتی: بەڕاستی ئیتر ئەمە هیچ نرخ و بەهایەکی نیە لە بەرامبەر گەورەیی قورئان.

فەیلەسوفی گەورە (تۆماس کارلیل) دەرهەق بە گەورەیی قورئان وتی: ئەم قورئانە دەنگدانەوەی تەقینەوەیەکی گەورەی ناوجەرگەی بوونەوەرە.

مالیك بن نبی بیریاری گەورەی ئیسلامیس تەعلیق ئەدا لەم قسەیەو دەڵێت: لەم هاوارە فەلسەفیەدا دانپیانانێکی ویژدانی ئینسانی بەرز هەست پێدەکەین کە سەرسامە بە مەزنی دیاردەی قورئانی، کە بەڕاستی عەقڵ و ژیری مرۆڤ دۆش دائەمینێ لەبەردەم فراوانی و قوڵی مانای قورئاندا، کە بینایەکی ناوازەی ئەندازیاری و ڕێژەی گونجاوی هونەرییە و تەحەددای توانای داهێنانی مرۆڤ دەکات. (لا ٨،٦٠) ثراء المعنى في القرآن الكريم. (د.محمدخليل جيجك).

## ئەم قورئانە پارێزراوە

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالذِّكْرِ لَمَّا جَاءَهُمْ وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ (٤١) لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنْزِيلٌ مِنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ) (٤٢)فصلتواتە:ئەو کەسانەی ئەو کاتە قورئانیان بۆ هات، دژی وێستان و بڕوایان پێ نەهێنا کە کتێبێکی زۆر بەرزەو جێگەی ڕێزە،قورئان نە لـە باسی ڕابردوویداو نە لـە باسی داهاتوویدا شتی ناڕاستی تیانییەو کارزانێك ناردویە کەهەردەبێ پەسنی بدرێ.

إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (٩)الحجر واتە: مە خۆمان ئەم قورئانەمان ناردۆتە خوار، هەر ئێمەشین دەیپارێزین. لـەزەمانی خەلیفە مەئمون دا کەسێکی بلیمەت و شارەزاو قسەزان هاتە مەجلیسیەوە، مەئمون کەزانی جوولـەکەیە داوای لێکرد موسلـمان بێ، ئەویش وتی لێم بوەستە،دوای سالێك بە موسلـمانی هاتەوە، مەئمون ناسیەوەو لێی پرسی: چۆنە موسلـمانبووی؟

وتی:من دەست و خەتم خۆشە، نووسخەیەك تەورات و نووسخەیەك ئینجیلم نووسیەوەو بەئارەزووی خۆم دەستم تێوەردا، بردمە کەنیسەو لێیان کڕیم، پاشان نووسخەیەك قورئانیشم بەجوانی نووسیەوەو دەستکاریم کرد، کەبردمە کتێبخانەیەك بیفرۆشم زۆریان ئەم دیووئەودیو کردو زۆریان لێخوێندەوە کە بۆیان دەرکەوت دەستکاری کراوە دایانەوە بەسەرما، ئەوکاتە بۆم دەرکەوت کەئەم قورئانە ڕاستە لـەخواوە پارێزراوەو موسلـمانبووم.

لـە بەرەبەیانی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ ڕێگە نەماوە تاقی نەکرێتەوە بۆ شێواندنی قورئان، کە بەفەزلی خوا هیچی نەچۆتە سەر و قورئان وەك خۆی ماوە. زۆر لـەقەشەو زانایانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات کەویستویانە کەموکوڕی لـەقورئاندا بدۆزنەوەو دژی موسلـمانان بەکاری بهێنن، قورئان دلـیانی کێش کردووە بەرەو لای خۆی و بوونەتە سەربازی قورئان.بەدەیان نموونەم لـەو کەسانە باسکردووە لـەپەڕاوەکانمدا.

**خۆشەویست (د.خ) شاعیر نیە!**

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُبِينٌ (٦٩) لِيُنْذِرَ مَنْ كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ الْقَوْلُ عَلَى الْكَافِرِينَ (٧٠) يس واتە: محمدمان فێری هۆنراوە نەکردووەو ناگونجێ بۆی هۆنراوەش بلێ، بەراستی ئەوەی بۆمان ناردووە یادخەرەوەو قورئانێکی روونو ئاشکرایە، تا ترسێنەر بێت بۆ دڵ زیندوانو، بەهۆی شوێن نەکەوتنیشیەوە ببێتە مایەی سزا بۆ کافران.

شاعیرەکان بەئەزموونی زۆردا دەڕۆنو وردە وردە لەقوتابخانەی ژیانەوە فێر دەبن و هەوڵ دەدەن هۆنراوە لەدوای هونراوە وشەی بەپێزترو مانای جوانتر بهێنن، بەپێچەوانەی خۆشەویستەوە (د.خ) کە تا تەمەنی چل ساڵی هیچ شتێکی نەوتووەو پاشانیش یەکەم ئایەتو دواهەمین ئایەت لەیەك پلەی بەلاغەتو ڕەوانبێژی و جوانیدان، زیاتر لەوەش بەیەکجار هەموو سوورەتی (انعام) دابەزیوەتە سەری ولەدڵیدا جێگیرکراوەو هاوەڵانی فێرکردووە. قورئان خۆی ئاماژە بۆ ئەمە دەکاو دەفەرموێ:

( وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَذَا أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقَاءِ نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٥) قُلْ لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا تَلَوْتُهُ عَلَيْكُمْ وَلَا أَدْرَاكُمْ بِهِ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِنْ قَبْلِهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (١٦) فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ) يونس

واتە: ئەگەر ئایەتە روونو دیارەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنرێت، ئەوانەی کەنایەنەوێ حەزناکەن بەئێمەبگەنەوە، دەڵێن: قورئانێکی تر بهێنە، یان بیگۆڕە، پێیان بڵێ: بۆ من نەهاتووە کە بیگۆڕم لەخۆمەوە، من شوێنکەوتەی ئەوەم کە بۆم دێت بەسرووش، بەراستی من دەترسم لەسزای ڕۆژی دوایی ئەگەر نافەرمانی پەروەردگارم بکەم، پێیان بڵێ: ئەگەر خوا بیویستایە بۆم نەدەخوێندنو ئاگادارم نەدەکردن لێی، خۆ من لەپێشتردا تەمەنێك لەناوتاندا ژیاوم، ژیربنو بیرێك بکەنەوە.

بەڵێ ئەم قورئانە سرووشەو بۆ هیدایەتو چاکسازی هاتووەو توانی ئوممەتێکی چاك دروست بکات و ئەوانیش ببنە مایەی خێرو خۆشی بۆ مرۆڤایەتی ( إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ) (٨٨) هود

ڕۆژهەڵاتناسێك دەڵێ: هیچ کاتێك چاکسازی زەحمەت نەبووە بەهێندەی زەمانی (محمد)، لەگەڵ ئەوەشدا توانی لەبیستو سێ ساڵدا ئەو هەموو چاکسازی و گۆڕانکاری یە بکات.

## قورئانو زمانی عەرەبی

زمانی ئینگلیزی نزیکەی بیست هەزار ڕەگ(جذر)ی هەیە کەیەکی نزیکەی دوانزە (اشتقاق)ی بۆ دەکرێ و بەمەش نزیکەی دووسەدو چل هەزار وشە دروست دەبێ. بەڵام لەزمانی عەرەبیدا کە دەوڵەمەندترە نزیکەی پەنجا هەزار ڕەگ هەیەو یەکی نزیکەی چل (اشتقاق)ی بۆ دەکرێتو بەمەش نزیکەی دوومليۆن وشە دروست دەبێت، قورئانی پیرۆز نزیکەی یەك لەسەر چلی ئەو وشانەی وەرگرتووەو زۆر بە وردی بەکاری هێناون، بەجۆرێك کە هەر وشەیە لەجێی تایبەتی خۆیدایەو هیچی تر جێی ناگرێتەوە.

لێکۆڵەرەوان دەڵێن: هەموو پیتێك ئەوەندە بەدیقەت بەکارهاتووە، تەنانەت تاقە پیتێك زیادە نیە، بۆیە ئەگەر پیتەکانی سوورەتی (نوح) بژمێرین، دەبینین (٩٥٠) پیتە، کە دەکاتە تەمەنی حەزرەتی(نوح) سەلامی خوای لێبێت.

ئەمە بێجگە لەوەی کە قورئان باسو خواسی زانستی وای تێدایە کە لەم سەدانەی دواییدا دۆزراونەتەوە، بۆنموونە (مەوسوعەی بەریتانی) تەنها باس لە بەشی سەرزەوی شاخەکان دەکات، چونکە زانست تەنها ئەوەندەی دۆزیبۆوە تا ئەو ڕۆژەی ئەو مەوسوعەیە نووسرابوو، بەڵام قورئانێکی پێش چواردە سەدە لەمەوبەر کە باسی شاخ دەکات باسی بەشی ناو زەوی شاخ دەکاتو دەفەرموێت: ( والجبال اوتاداً ) النبأ واتە: شاخەکانمان وەك مێخ داکوتاوە، کەلە ڕاستیشدا هەروایە، شاخی ئیڤرست(٩کم) بەرزە لەسەر ڕووی زەوی یەوە و لە ناو زەویشدا بەقووڵی نزیکەی (١٣٥کم) چۆتە

خوارەوە، کەبەمەش وەك مێخ وایە کەداکوتراوە بەزەویداو مایەی هاوسەنگی زەوی یەو لەنگەری گرتووە،هەروەك قورئان دەفەرموێت: [illegible] الذاريات:٣٢

هەروەها دەفەرموێت: (خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِنْ كُلِّ دَابَّةٍ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ) (١٠) لقمان

واتە: خوای پەروەردگار ئاسمانەکانی بەدیهێناوەو رایگرتووە بەبێ کۆڵەکە هەروەك دەبینن و، لەزەوی دا شاخەکانی داناوە بۆ هاوسەنگی.

قورئانی پیرۆز پەروەردەیە بۆ پێگەیاندنی مرۆڤێکی بەرەوشتی دەمو دەستەو داوێن پاکو، لەهەموو شتێکدا رێنمایی دەکاتو رێو شوێنی بۆ دادەنێ، تەنانەت لەرۆیشتنیشدا ( وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا )(٦٣) الفرقان( ولا تمش في الارض مرحاً ) الاسراء ٣٧

جا ئەگەر بێین هەر لەکۆنەوە تا ئەمرۆ سەیری بەرهەمی شاعیرانو ئەدیبان بکەین، کێ هەیە توانیبێتی بەرنامەیەکی تێروتەسەل بۆ ژیان بهێنێت، ئەوە شاعیرەکانی زەمانی نەفامی، ئەوەیان کە زۆر داهێنانی کردبێ، رەنگە هۆنراوەیەك یان چەند هۆنراوەیەکی جوانی وتبێ و وەك رێزلێنانو شانازی یەك بەدیواری کەعبەدا هەڵواسرابێ؟! کە ئەوانەش ئەگەر بیانخوێنینەوە بەئاشکرا دیارن کەزادەی بیری مرۆڤن، وە ئەگەر سەیری شاعیرە پایە بەرزەکانی ئەم سەردەمەش بکەین هەربەهەمان شێوەن! بۆنموونە: شێرکۆ بێکەس لەکتێبی ٩٥٥دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا کەچاوپێکەوتنی شێرزاد هەینیە لەگەڵیدا لە سوید ئەڵێت: حەزدەکەم لەهەموودیوانەکانم یەك دیوانی هەڵبژاردە درووست بکەم چونکە لەهەموو هۆنراوەکانم رازی نیم...(بەهاری دڵان - بەرگی چوارەم )

## کاتێک ئایەتێک کۆمەڵێ مانای هەیە

کۆمەڵێ لەفوقەهاو ئوسولیەکان رایان لەسەرئەوەیە ئەگەر ئایەتێك زیاتر لە یەك مانای دابەستەوەوەدژایەتی نەبوولە نێوانیانداو،بەڵگەیەك نەبوو کە بەلایەکدا ساغی بکاتەوە، ئەوا ماناکان دەکرێ هەموویان مەبەست بن،کەئەمەش جۆرێکە لە رەوانبێژی.. لەو زانایانەش وەك ( ئیمام مالیك)و(ئیمام شافیعی)و..هتد.

کەئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی وشەیەك یان چەند وشەیەکەوە دەبێت کە چەند مانایەکی هەیە لەزمانی عەرەبیدا،بۆ نمونە:

**یەکەم**/خوای پەروەردگار بەبڕواداران دەفەرمویّت: کە لەهەموو کاتێك و بارو زروفێکدا لەجیهاد دوانەکەون وتواناکانیان بخەنەکار بۆ خزمەتی دینی خوا (**انْفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ** )(٤١)**التوبة**

لەلای موفەسیرەکان(خفافوثقالا)بەم چەند مانایە ڕاڤە کراوە کە هەموویان دەگرێتەوەو پێویست ناکات تایبەت بکرێت بەیەکێکیان، ئەمەش تەفسیرەکانە: بچن بۆ غەزا:

- لەکاتی چالاکی و سستی و لەکاتی تواناوبێهێزیدا.
- لە خۆشی وناخۆشی و تەنگانەو فەرەحیدا.
- لەکاتێك دا ئەگەر دەوڵەمەند بن یا هەژاربن.
- ئەگەر چەکتان کەم بێ بێ یان زۆرتان بێ بێ.
- بەپێ بێ یان بەسواری.
- ئەگەر ماڵ ومناڵتان کەم بێ، یان زۆربێ و بارتان گران بێ.
- ئەگەر لاوبن یان پیربن.

**دووەم**/لەسەرەتادا موسڵمانان بۆ ماوەیەك ڕوویان کردە (بیت المقدس)و دوایی خوای گەورە ڕووگەی بۆ گۆڕینەوە بەرەو(کەعبە)، کەسانی ناحەزو سادەو ساویلکە کەوتنە تانەو تەشەردان ودەیانوت: ئەوەچی وای لێکردن ڕووگەی خۆیان بگۆڕن (**سَيَقُولُ السُّفَهَاءُ مِنَ النَّاسِ مَا وَلَّاهُمْ عَنْ قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا قُلْ لِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ**) (١٤٢) لەتەفسیری([illegible]) دا:

*( **الزجاج**) **دەڵێ**:مەبەست عەرەبە موشریکەکانە..

*(**مجاهد**)**دەڵێ**: مەبەست زانایانی جوولەکەیە..

*(**سدّی**) **دەڵێ**: مەبەست دووڕووەکانە..

*(ئیبن كثیر) دەڵێ: (ا ا ء ا) ئەو سێ دەستەو تاقمە دەگرێتەوە، کەواتە کە ماناکەی بەگشتی ئەو سێ دەستەیە بگرێتەوە پێویست ناکات تایبەت بکرێ بە کۆمەڵێکیانەوە، چونکە ڕەنگە جوولەکەکان ئەوقسانەیان کردبێ و دووڕووەکان وموشریکەکانیش وتبێتیانەوە، چونکە دووڕووەکان وموشریکەکان بەچاوێکی بەرز سەیری ئەهلی کیتابیان دەکردو دەیانزانی کەپەڕاوی ئاسمانیان هەیە، جابۆیە تەنسیقیان لە گەڵدا دەکردن بۆ دژایەتی وبەربەرەکانێی پێغەمبەر (د.خ).

**سێیەم**/ خوای پەروەردگار لەسورەتی(القمر) دا دەفەرموێ ( **إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ،فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ القمر:٥٤** وشەی (ا ا ا) بەکار هاتووە لەبەر ئەوەی لەگەڵ کۆتایی ئایەتەکانی تری سوورەتەکەدا بگونجێ کە کۆتایی هاتوون بە ( القَمَر، مُستمر،مُستقرّ، مُزدَجَر، مُحتَظِر، بِسَحَر، شُکُر، سَقَر،بِقَدَر،....هتد) ئنجا چەند مانایەکیشی هەیە کە هەموو ماناکان مەبەستن و وەسفی بەهەشتن،( **نَهَر**) واتە:

ا ا ا ا: ڕووبارەکان

ء ا ا ا ا: رزق ورۆزی زۆر

ا ء ا: ڕووناکی

**چوارەم**/ لەسوورەتی (فاتیحەدا) (**مالك یوم الدین**)هاتووە کە( **یوم الدین**) چەند مانایەکی هەیە، ئەویش ( **یوم الجزاء، یوم الحساب، یوم الطاعة، یوم القهر**)ە کە ئەو هەموومانایەش بەمەبەست بەکارهاتوون و هەموویان دەگرێتەوە، چونکە ڕۆژی قیامەت ڕۆژی جەزاوحیساب وگوێڕایەڵی بۆ خواو ڕۆژی زەبوونی وبێدەسەلاتییە.

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هەڵبژاردنی وشەی (الدین) لەوێدا گرنگە کە دەگونجێ لەگەڵ کۆتایی ئایەتەکانی پێش ودوایدا کە( **رَّب العالمین، وإیّاك نستعین، الضالّین)ة....**

**پێنجەم**/ **وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ لَعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَا يُؤْمِنُونَ (٨٨)البقرة،** بەکارهێنانی وشەی (ا ا ء) کە چەند مانایەکی هەیە مانای ئایەتەکە بەرفراوان دەکات: **علیها غشاوة، قلوبنا في أوعیة لکل علم لانحتاج الی علمك.في غلاف لایخلص الیها مما یقال شيء، مملوءة**

واته:دڵمان داپۆشراوە (قفلدراوە، پڕبووە) قسەی تۆی ناگاتێ،نەخێر وانیە بەڵکو خوا نەفرینی لێکردوون بەهۆی بێباوەڕیانەوە، جا کەمیان هەیە لەو جوولەکانە بڕوا بهێنن.

**شەشەم**/(قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ، النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ، إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ، وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ، وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلَّا أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ) (البروج:٨)

واتە/ بەکوشتچن ئەوانەی کە چاڵیان هەڵکەند بۆ بڕواداران، ئاگری داگیرساوو بەتینیان کردەوە، ئەوکاتەی کە بەدەوریدا دانیشتبوون، لە نزیکەوە چاودێری ئەو کارەساتەیان دەکرد کە بەسەر باوەڕدارانیدا دەهێنرا وخۆیان لەنزیکەوە سەرپەرشتییان دەکرد، ئەم رق وداخەیان لەبڕواداران تەنها لەبەر ئەوەبوو کە ئەوان باوەڕیان دەهێنا بەخوای باڵادەستی شایستەی سوپاسگوزاری.

وشەی(نَقَمُوا) لەزمانی عەرەبی دا بەمانای ( عابە) دێت یانی عەیبی لێ دەربێنێ..

هەروەها بەمانای ( كَرِهَ أشدّ الكراهية) رقی لێیە رق لێبوونی زۆرو، بەمانای ( عاقب ) (سزای دا)دێت، ئەم سێ مانایە هەرسێکی بۆ ئەم شوێنە دەگونجێ ویەکتری تەواودەکەن.

کەواتە(وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ) یانی لە سەرەتاوە گاڵتەیان بە بڕوای بڕواداران کردو عەیبداریان کردن، ئنجا کە ئەمەیان سوودی نەبوو،رق وقینیان ئەستوورتر بوو بەرامبەریان، ئنجا سزایان دان بە سووتاندن. ئەمەش هەربەشێکە لە کورتبڕی (الايجاز) لە قورئاندا کە وشەیەك بەکاردەهێنێ فراوانەو چەند مانایەکی هەیەو هەمووشیان ڕاستن.

**حەوتەم**/(وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ، وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ) (التكوير:١٨)

عَسْعَسَ: یانی کاتێ شەودادێت و تاریکی دێت، هەروەها یانی کاتێك شەو کۆتایی دێت وتاریکی نامێنێت، هەردوو ماناکەش دەگونجێ وقورئان سەرنج ڕادەکێشێ بۆ ئەو کاتەی کەشەو دادێت و ئەوکاتەش کە شەو کۆتایی دێت، واتە/ سوێند بێ بە شەو کە دادێت ( یان کۆتایی دێت ) و، بە بەرەبەیان کاتێك هەناسە دەدات ( هەروەك بەرەبەیان گیانی لەبەرابێت و زیندوو بێت وهەناسە بدات).

**هەشتەم/** (أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ، وَتَضْحَكُونَ وَلا تَبْكُونَ، وَأَنْتُمْ سَامِدُونَ، فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا) (النجم:٦٢)

وشەی (سَامِدُونَ )لە زمانی عەرەبیدا حەوت مانای هەیە:

١. لاهون لاعبون - خەریکی گەمەو یارین وسەرقالّن

٢. ساهون غافلون - بێئاگان

٣. مشغولون بالغناء- سەرقالّی گۆرانین

٤. متكبّرون بطرون أشرون- لوت بەرزن

٥. قائمون جامدون لاتتأثرون - هیچ کاریان تێناکات وبیٚ شعورن

٦. أغبياء - بیٚ عەقلّن

٧. متحيرون - سەرگەردان و واقورِماون

جا ئەم حەوت مانایە هەموویان دەگونجێن بەیەکەوە لەو شوێنەدا، چونکە ئەو سیفاتانە هەمووی لەو کافرانەدا هەن کە باسیان دەکات، مانای ئایەتەکەش( ئایا ئێوە لەم قسەیە کە قورئانە سەرسام دەبن؟پێدەکەنن و گریانتان نایەت بۆ ئەو چارەنوسە رِەشەی کە چاوەرِێتانە، ئێوە بەردەوام سەرگەرمی رِابواردن و گۆرانی ویارین وبێئاگان و لووتبەرزن وهیچ کارتان تێناکات وبێعەقلّ وسەرگەردانن، دەی کەواتە بێداربنەوەو سوژدە بۆ خوای بەدیهێنەر ببەن و هەر ئەویش بپەرستن ).

**قیرائاتی سەبعە**

قورئان کاتیٚ دابەزی هۆزەکانی عەرەب شانازیان دەکرد بە زمانی خۆیانەوە و شێوەزاری جیاوازیان هەبوو، هەرچەند قورئان بەزمان و شێوەزاری قورەیش دابەزیوە، بەلاّم هەندیٚ قیرائاتی تریش رِێپێدراوبوون و، وەك موراعاتێك بووە بۆ هۆزەکانی تر و بەمەش بەرفراوانی بۆ ماناکانی قورئان دروست بووە بۆنموونە: (وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) (٢٥٩)البقرة

نُنْشِزُهَا واته، سەیری  ئێسقانەکانی کەرەکەت بکە چۆن بەرزیان دەکەینەوە وئەیانکەینەوە بەیەکەوەو بەگۆشت دایان دەپۆشین.

لە قیرائەتێکی تردا هاتووە( ننشرها ) واتەسەیری ئێسقانەکانی کەرەکەت بکە چۆن زیندووی دەکەینەوەو بەگۆشت دایدەپۆشین.

هەروەها لە فاتیحەدا (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) یان (مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ) هەردوو قیرائەتەکە راستن و ماناکە فراوان دەکەن و خوای گەورەش مەلیك و مالیکی رۆژی دواییە.

## بابەتی هەمەجۆر

قورئانی پیرۆز باسی بەدیهێنەرو بەدیهێنراوەکان دەکات، باسی ئەوەڵ و ئاخر و باسی عەقیدەو شەریعەو باسی دەستورو سیاسەت و رەوشت و مێژووی گەلانی پێشین وقەبرو قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ و...هتد دەکات، ئەمەش وادەکات مانای فراوان بێتە کایەوە، چونکە ئەگەر تەنها پەراوێزی سەربازی یا ڕامیاری بوایە هەموولێکدانەوەکان سنووردارەدەبوون لە یەك دوو بواردا.

بۆنموونە:وشەی (رهقا) کەلەم هۆنراوەیەدا هاتووە تەنها یەك مانای هەیە کەئەویش(الاثم: گوناه ) ەو، بەپێچەوانەی قورئانەوە کە ئەو وشەیەی بەکارهێناوە لەسورەتی( الجن )داو شەش مانا دەگرێتەوە.

لاشيء ينفعني من دون رؤيتها

هل يشتفي وامق مالم يصب رهقا

(وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِنَ الْإِنْسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ) (٦)الجن واته:بەراستی پیاوانێك لە ئادەمی پەنایان دەبردە بەر پیاوانێك لە جنۆکە کە بیانپارێزن،کەچی زۆرتر ماندوویان دەکردن.(کەلەزماندا  ئەم مانایانەی هەیە:

رهق: (سفه، حمق وجهل، أتى بالشروالظلم، ارتكب اثما، كذب، أسرع، عَجِل)..

موفەسیرەکانی قورئان بەهۆی دەوڵەمەندی زمانی عەرەبی وبەرفراوانی بابەت وماناکانی قورئانەوە،جاری واهەیە وەك فەخرەدینی رازی لە سوودەکانی بەکارهێنانی (قل) دا (٤٣) بۆچوونی هێناوە، یان لە تەفسیری (وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى )(٧)الضحى (٢٠) بۆچوونی هێناوە.

**بەکارهێنانی کەرەستەی تایبەت**

قورئانی پیرۆز کەرەستەی تایبەت بەکاردێنێت بۆ فراوانبوونی مانا، وەك بەکارهێنانی (حروف: پیتەکان) کەبەشێکن لەو وشانە کە پێیان دەوترێ (حروف المعانی) بۆنموونە:

١-وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ فَأَنْجَيْنَاكُمْ وَأَغْرَقْنَا آَلَ فِرْعَوْنَ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ (٥٠)البقرة

فَرَقْنَا بِكُمُ لەبەرئەوەی حەرفی (ب) ی بەکارهێناوە ماناکە فراوان بووە وەك:

فلقنا البحر بسلوككم (الباء للاستعانة مثل كتبت بالقلم)واتە: بەهۆی رەفتاری ئێوەوە دەریاکەمان شەق کرد.

فلقناه بسبب انجائكم فيكون للسببية واتە: بۆ رزگارکردنی ئێوە دەریامان شەق کرد.

فرقنا بينكم وبين الماء(أى بمعنى عن )واتە: دەریاکەمان شەق کرد لە نێوان ئێوەو ئەواندا.

فرقنا لكم البحر(أى بمعنى لام )دەریامان شەق کرد بۆ ئێوە.

٢- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا كُونُوا أَنْصَارَ اللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّينَ مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ فَآَمَنَتْ طَائِفَةٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَكَفَرَتْ طَائِفَةٌ فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آَمَنُوا عَلَى عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ (١٤)الصف

مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ:من أنصاري لله ، کێ هاوکاروهاوخەباتمە بۆخوا.

مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ متوجها الى الله،کێ هاوکاروهاوخەباتمە بەرەو لای خوا.

مَنْ أَنْصَارِي إِلَى اللَّهِ في سبيل الله،کێ هاوکاروهاوخەباتمە لەرێی خوادا.

٣- رَبَّنَا وَآَتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ (١٩٤) آل عمران..

مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ: مَا وَعَدْتَنَا عَلَى تصديق رُسُلِكَ /ئەوەی بەڵێنیت داوینێ لەسەر بڕوا هێنان بە پێغەمبەرانت..

مَا وَعَدْتَنَا وعدا كائنا عَلَى ألسنة رُسُلِكَ،ئەوەی بەڵێنیت داوینێ لەسەر زمانی بە پێغەمبەرانت.

## داڕشتنی ئایەتی قورئانی

ئایەت وەك هەموو رستەیەكی زمانی عەرەبی لەچەند وشەیەك پێكهاتووە، بەڵام لەقورئاندا بەجۆرێكی هونەری ئەوەندە بەرز داڕێژراوە كە موعجیزەیەو چەند مانایەك دەگرێتەوە وەك:(وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَاعِنَا لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِي الدِّينِ )(٤٦) النساء

وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ ئەم وشانە ماناكانیان زانراوە بەڵام بەو داڕشتنەیان لە ئایەتەكەدا چەند مانایەك دەدات:

وَاسْمَعْ حال كونك غَيْرَ مُسْمَعٍ كلاما أصلا بصمم-گوێگرە هەرچەند تۆ كەڕیت و هیچ نابیستی.

وَاسْمَعْ حال كونك غَيْرَ مُسْمَعٍ كلاما ترضاه -گوێگرە هەرچەند تۆ شتێ نابیستی كەبەدڵت بێت.

وَاسْمَعْ منا غَيْرَمُسْمَعٍ مكروها-گوێمان لێبگرە، ئەوەی ئەیبیستی خراپ نیە،( ئەمەش كە بە ڕووكەش دووڕووەكان قسەی باشیان كردووەو لە ژێریشەوە مەبەستیان خراپ بووە ).

## فراوانی مانا

ئەوانەی باسكران هەمووی بەڵگەی ئاشكران كە ئەم قورئانە لەخواوەیە، جا ئەوەی مەبەستیشمانە لەم نامیلكەیەدا ئەوەیە كە زۆر ئایەتی قورئان هەیە كە چەند مانایەكی هەیە، بەهۆی وەستانەوە لە شوێنێكدا، بەهۆی ڕاناوەوە،كە بۆكێ یان بۆ چی دەگەڕێتەوەو، بەهۆی ڕەوانبێژیەوە و، بەهۆی زۆر شتی ترەوە كە لەم ئایەتانەدا دەردەكەون:

١- قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ (٢٦)المائدة ئەگەر لەسەر | ، | بوەستین ماناكەی وای لێدێت:خودا بە موسای فەرموو: قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً ئەوا ماوەی چل ساڵ بەشیان لەم وڵاتە بڕاو حەرامكرا لەسەریان(ئەرزی موقەددەس)، يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ- لەزەمیندا وەیلان و سەرگەردان دەبن، بۆ ئەم هۆزە نافەرمان و لەڕێ دەرچووە خەم مەخۆ!

بەلاَم ئەگەر لەسەر |عليهم| بوەستين ئەوا ماناکەی وای لیدیت: قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ – خودا بە موسای فەرموو: ئەوا بەشیان لەم ولاَتە براو حەرامكرا لەسەریان، أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ چل ساڵ سەرگەردان و وەیلان دەبن لەزەمیندا، بۆ ئەم هۆزە نافەرمان و لە ڕێ دەرچووە خەم مەخۆ!

٢- وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَنْ قَالَ سَأُنْزِلُ مِثْلَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنْتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنْتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ (٩٣) الانعام /

ئەگەر لەسەر (أنفسكم)بوەستين( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَنْ قَالَ سَأُنْزِلُ مِثْلَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ)ماناکەی بەم جۆرەیە: کێ لەو کەسە ناهەقیکارترە درۆ بەدەم خواوە بکا؟ یا بێژێ من لەخواوە فەرمانم پێڕاگەیەنراوە،کەهەرگیز هیچ فەرمانیشی لەخواوە بۆ نەهاتووە، یان بێژێ منیش لەوێنەی ئەوانەی خودا ناردوویە، دەتوانم بۆتان بنێرم؟ بریا وەختی گیاندان تۆ ناهەقیکارەکانت بدیبا کە فریشتەکان دەستیان ڕائەکێشن و بەزۆرو ئازارگیانیان ئەکێشن و پێیان دەڵێن: گیانتان لە قاڵب دەرکەن، ( الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ )وا ئەمرۆ لە تۆڵەی ئەوەی کە درۆتان بەدەم خوداوە هەڵدەبەست و لە نیشانەکانی خودا حاشاتان دەکرد، ئێوە بەسوکایەتیەوە ئازاردەدرێن.

بەلاَم ئەگەر لەسەر (اليوم) بوەستين، ئەوە ماناکەی وای لیدیت:( وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ الْيَوْمَ )ئەمرۆگیانتان لە قاڵب دەرکێشن،لە تۆڵەی ئەوەی کە درۆتان بەدەم خوداوە هەڵدەبەست و لە نیشانەکانی خودا حاشاتان دەکرد، ئێوە بەسوکایەتیەوە ئازاردەدرێن.

٣- قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (٩٢)يوسف

ئەگەر لەسەر ( اليوم ) بوەستين (قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ | يوسف بەبراکانی فەرموو: ئەمرۆ گلەییتان لەسەرنەماوە و ، خوا خەتاتان بپۆشێ و هەرخۆی لە گشت بەبەزەییەك دڵسۆزترە، بەلاَم

ئەگەر لەسەر(عليكم) بوەستین  ئەوە ماناكەی وای لێدێت: (قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ |گلەییتان لەسەر نەماوە،( الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ | ، ئەمڕۆ خوا خەتاتان دەپۆشێ وهەرخۆی لەگشت بەبەزەییەك دلّسۆزترە.

ا وَأَتْبَعْنَاهُمْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ هُمْ مِنَ الْمَقْبُوحِينَ (٤٢)القصصجائەگەر لەسەر |لعنة| بوەستین | وَأَتْبَعْنَاهُمْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً |ماناكەی وای لێدێت:هەر لەم دنیایەدا نەحلەتمان شوێن خستن( وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ هُمْ مِنَ الْمَقْبُوحِينَ)ورۆژی سەلاّش لەرووڕەش و ناشرینەكانن.

وە ئەگەر نەوەستین ئەوا لەعنەتەكە بۆ دنیاو قیامەتە: لەدونیاو قیامەتدا نەحلەتمان شوێن خستن و، ئەوانە لە رووڕەش و ناشرینەكانن.

ا لَنْ تَنْفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٣)الممتحنة ئەگەر لەسەر |يوم القيامة| بوەستین ماناكەی وادەبێت:( لَنْ تَنْفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ |نەخزمانوو نەجگەر گۆشەكانیشتان بەفریاتان نایەن رۆژی سەلاّ،( يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ |لێكتان جیادەكاتەوەو چی بكەن خوا دەیبینێ.

بەلاّم ئەگەر لەسەر |اولادكم| بوەستین ( لَنْ تَنْفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ | نەخزمانوو نە جگەرگۆشەكانتان بەفریاتان نایەن، |يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ| رۆژی سەلاّ لێكتان جیادەكاتەوەوچی بیكەن خوا دەیبینێ.

٦- ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ (٢)البقرة

ئەم پەڕاوە گومانی تیانیە (ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ)، ڕێنیشاندەرە بۆ پارێزكاران |هُدًى لِلْمُتَّقِينَ)، ئەمە ئەگەر لەسەر |فيه| بوەستین.

بەلاَم ئەگەر لەسەر |لاريب| بوەستين ماناكەى دەبێت بە: |ذَلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ| ئەم پەڕاوە بێگومان، فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ تيايەتى ڕێنمايى بۆ پارێزكاران.

٧- زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ (٢١٢)البقرة

واتە: ژینی دونیا بۆ خوانەناسان خەملێوەو ڕازاوەتەوەو گاڵتە بە بڕواداران دەكەن، بڕوادارانیش لە قیامەتدا وان لەسەریانەوە، خودا بۆ هەركەسێ حەزكا بێ حساب ڕۆزى دەنێرێ.

لێرەدا (بغير حساب| گەڕایەوە بۆ ڕۆزییەكە، بەلاَم مانای تریشی هەیە كە|بغير حساب| بگەڕێتەوە بۆ بكەری |يرزق|: واتە كەس ناتوانێ حساب لەگەڵ خوادا بكات هەرچەند ڕۆزی بدات بە بەندەكانی.یان |بغير حساب| دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆزییەكەی پێدەدرێت كە كەس حسابی لەگەڵ ناكات.

٨-...كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (٢١٩) فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ.... (٢٢٠)البقرة

ئەمەش دوومانای هەیە، (كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ، لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ| ئا بەم جۆرە خوا ئایەتەكانی خۆیتان نیشان دەدات، تا بیربكەنەوە لە دونیاو قیامەت. یان: (كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ | ئابەم جۆرە خوا ئایەتەكانی خۆیتان لەدونیاو قیامەتدا پیشان ئەدات تا بیربكەنەوە.

٩- فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٣٠) فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْأَةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْأَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ (٣١) مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (٣٢)المائدة

ئەگەر لەسەر |النادمين| بوەستین (فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٣٠) فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الْأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْأَةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْأَةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ| ماناکەی بەم جۆرەیە:خوا قەلەڕەشەیەکی نارد، خەریك بوو زەوی دەکۆڵی بۆ ئەمەی پیشانی بدا کە چۆن تەرمی براکەی لە خاکا بشارێتەوە، وتی: ئەی لە خۆم نەگبەتی! چۆن نەمزانی وەك ئەم قەلەڕەشە لاشەی برام بشارمەوە، هاتە ڕێزەی پەشیمانان. بەهۆی ئەم کارە (مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ) فەرمانێکمان بۆ سەر بەرەی ئیسرائیل نارد، کەهەرکەسێ بێتاوانێ بکوژێ، کەنەگوناهی کردبێ ونەخراپەی لە زەمیندا لێ ڕوودابێ، وەك ئەمەیە کە گشت خەڵکی سەر زەوی لەناوبردبێ و، هەرکەسیش بێتاوانێك ڕزگاربکا وەك ئەمەیە کە هەموو خەڵکی سەرزەوی لە مردن ڕزگارکردووە، پێغەمبەرانیشمان گەلێ بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان بردە لایان، بەڵام زۆریان دوای ئەم –گشتە– هەڵەڕۆو سنووربەزێنن.

ئنجا مانایەکی تریشی هەیە بە وەی کە لەسەر |من أجل ذلك| بوەستی، ئایەتەکە بەمجۆرەی لێدێت (فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ | واتە کوڕەکەی ئادەم بەهۆی ئەو کردەوەیەوە کە براکەی کوشت، بوو بەیەکێ لە پەشیمانبووان، كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ......ئێمەش فەرمانێکمان بۆسەر بەنی ئیسرائیل نارد..هتد.

١٠- قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (١٥١)الانعام

ئەگەر لەسەر |عليكم| بوەستین (قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ| ماناکەی ئاوادەبێت:بێژە: وەرن ئەوە شتانەی پەروەرندەو لێی بەناڕەوا زانیون، من بۆتانی بخوێنمەوە، (أَلَّا

تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ) كە هیچ شتێك بە هاوەڵی خوا مەزانن. لەگەڵ دایەو بابی خۆشتان چاكە بكەن، لەترسی لە برسان مردن، منالّی خۆتان مەكوژن، ئێمە رۆزی بە ئێوەو بەوانیش دەدەین. بە ئاشكراو بەنهێنی خۆ تووشی خراپە مەكەن.كەسیش مەكووژن كە خودا كوشتنی حەرام كردووە، مەگین لەرووی هەقەوە بێ، خوا ئەمانەی بە ئێوە راسپاردووە، شایەتا ئێوە تێبگەن. بەڵام ئەگەر لەسەر (ربكم ) بوەستین ئاوای لێدێت:( قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ| واتە: بێژە: وەرن بۆتان بخوێنمەوە ئەوەی پەروەرندەتان حەرامی كردووە،|عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا...| ئاگاداربن فەرزكراوە لەسەرتان هاوەڵ بۆ خوا پەیدامەكەن و....هتد.

١١- فَجَاءَتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا فَلَمَّا جَاءَهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (٢٥)القصص

واتە: یەكێ لە دوو ئافرەتەكەی موسا ئاوی مەڕوماڵاتەكەیانی بۆدان،كە بەشەرمەوە بەرێ دەچوو، هاتە لای و وتی: باوكم بانگت دەكا تا بۆ ئاوێ كە بۆ ئێمەت هەڵێنجاوە، كرێت داتێ، وەختێ هات و رووداوەكەی بۆ گێڕاوە، وتی: ئیتر ترست نەبێ، لە كۆمەڵی ستەمكاران رزگارت بوو.

ئەگەر لەسەر (تمشي) بوەستین ئەوا|عَلَى اسْتِحْيَاءٍ قَالَتْ:...| ئەوا یانی:یەكێ لە دوو ئافرەتەكە هات و بەشەرمەوە وتی:...

١٢- قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ وَنَجْعَلُ لَكُمَا سُلْطَانًا فَلَا يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا بِآيَاتِنَا أَنْتُمَا وَمَنِ اتَّبَعَكُمَا الْغَالِبُونَ (٣٥)القصص

ئەگەر لەسەر (بِآيَاتِنَا| بوەستین ئەوە ئایەتەكە وای لێدێت (قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ وَنَجْعَلُ لَكُمَا سُلْطَانًا فَلَا يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا بِآيَاتِنَا) واتە ( نَجْعَلُ بِآيَاتِنَا لَكُمَا سُلْطَانًا فَلَا يَصِلُونَ

إِلَيْكُمَا | خودا فەرمووی: وادەکەین براکەت پشتت بگرێ، بە ئایەتەکانی خۆشمان دەسەڵاتێکتان ئەدەینێ دەستیان بەئێوە ڕانەگا، ئێوە دوان و ئەوانەی لەدووی ئێوەبن سەردەکەون.

ئەگەر لەسەر |اليكما | بوەستین ئەوە( وَنَجْعَلُ لَكُمَا سُلْطَانًا فَلَا يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا | واتە: دەسەڵاتێکتان ئەدەینێ کە دەستیان بە ئێوە ڕانەگا، ( بِآيَاتِنَا أَنْتُمَا وَمَنِ اتَّبَعَكُمَا الْغَالِبُونَ| بە ئایەتەکانی ئێمە ئێوەو ئەوەی لەدووی ئێوەبن سەردەکەون.

١٣- وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ (١٣)لقمان

واتە: کاتێ لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد پێی وت: ڕۆڵەم!کەس مەکە بەهاوەڵ بۆ خودا!هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان ناهەقیەکی زۆر گەورەیە.ئەگەر لەسەر وشەی |لاتشرك | بوەستین |وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ |ماناکەی وای لێدێت:کاتێ لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکرد پێی وت: ڕۆڵەم!هاوەڵگەرمەبە،|بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ | سوێند بەخوا بەڕاستی هاوەڵدانان بۆخوا ناهەقیەکی زۆر گەورەیە.

١٤-وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُمْ بَعْدَ أَنْ تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ (٥٧) فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (٥٨)الانبياء

إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ: سێ مانای هەیە واتە: بەخوا پیلان دائەنێم بۆ لەناوبردنی بتەکانتان دوای ئەوەی بەجێیان هێشتن.گشتی وردکردن، بتە گەورەکەیان نەبێ بەشکو بێنەوە (بۆلای ئیبراهیم تا هەقیان پێبلێت، یان بۆلای بتەگەورەکە و بزانن کەئەو هیچی پێناکرێت، یان بۆلای خوا وبڕوابهێنن ).

١٥- وَقَالَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَنْ يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءَكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ رَبِّكُمْ وَإِنْ يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِنْ يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُمْ بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ (٢٨)غافر

واته:پیاوێ لە خزمانی فیرعەون-کە باوەڕی بەخوا هەبوو، باوەڕەکەی دەشاردەوە لەهەمووان – وتی: ئێوە چلۆن پیاوێ وەها دەکوژن، دەڵێ: خوا پەروەرندەمەو لە پەروەرندەی خۆشی ڕا، چەند نیشانەی زۆر ئاشکرای بۆ هاوردوون؟ ئەگەر دەڵێن درۆدەکا، وەباڵ درۆی بەئەستۆی خۆی. ئەگەریش قسەی ڕاست دەکا، لەوانەی ئەو پێتان دەڵێ، هێندێکیتان هەر بەسەر دێ، چونکە خودا مرۆڤی لەڕادەلادەری درۆزن شارەزاناکا.

ئەم ئایەتە ئەومانایەش هەڵدەگرێ کە بڕواکەی تەنها لە ئالی فیرعەون دەشاردەوەو بڕوادارانی تری شوێنکەوتووی موسا دەیانناسی.( ئەوسا بەم جۆرە دەبوو (وَقَالَ رَجُلٌ مُؤْمِنٌ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ ) وە ئالی فیرعەونی دووەمی لابردبێ لەبەرکورتبڕی.

– يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ (٢٠٨)البقرة واتە: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان هەمووڵاتان ئامادەی فەرمانبەری بن. پێ مەنێنە جێ پێی شەیتان، ئاشکرایە کە شەیتان پێتان دوژمنە. بەمانایەکی تریش دێت کە بڕواداران هەموو فەرمانەکانی پەروەردگار جێبەجێ بکەن وبچنە ناو هەموو ئیسلامەوە.

–وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا (٣٦)النساءواتە:بەندایەتی خوابکەن و هیچ شتێك نە ئادەمی، نەمەلائیکە، نەدار نەبەرد...هتد مەکەن بە شەریکی خوا، بەمانایەکی تریش دێت:بەندایەتی خوابکەن وهیچ (شيئا هاوەڵێ بۆ دامەنێن باشاراوەو کەمیش بێت (ولاتشركوا به شيئا من الاشراك ).

– وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَةَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٦)الاعراف/ ئەم ئایەتە سێ مانا لەخۆی دەگرێت:

١– دوعاکە لەبەر چییە؟؟ ( وادعوه من أجل الخوف والطمع | لەبەر ترس و هیوا دوعابکەن.

٢- حاڵی دوعاکار چۆن بێت؟( وادعوه خائفين طامعين | بەترسەوە و بەهیوای تووشبوونی چاکەوە لەبەر خوا بپاڕێنەوە.

٣-دوعاکە چۆن بێت؟ (وادعوه دعاء خوف وطمع| دوعابکەن دوعای ترس و هیوا.

١٩- فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ (٧٨)الاعراف

ئەگەر |أصبح | فیعلی ناقص بێت ئەوە |جاثمين | خەبەرەکەیەتی وماناکەی وایە:زۆر بەتوندی بومەلەرزەیەکیان بۆ هات و، هەرلەناو ماڵەکانیاندا هەموو مردن.بەڵام ئەگەر فیعلێکی تام بێت ئەوە |جاثمين| ئەبێ بە (حال) و بەوەش ماناکەی دەبێت بەوەی سزاکەیان لە بەیانیدا بۆ هاتووەوهەموویان مردن.

٢٠- وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ (٦٨) ثُمَّ كُلِي مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٦٩)النحل

واتە: خوا مێشەنگوینی ڕاسپارد، کە لەکێوان و داران و ئەو شوێنی هەڵیدەبەستن، شوێنی ژینی خۆت هەڵبەستە، پاشان لە گشت بەروبووم بژیویت بمژە، ئیتر بەملکەچی ڕێگەی پەروەردگاری خۆت بگرەبەر، لە سکیەوە تراوێکی(شلەمەنیەکی) هەمەڕەنگە دێتە دەرێ، شیفای بۆ مەردم تێدایە، کەلەمەشدا بۆ کەسانێك ڕادەمێنن نیشانەیە. (ذُلُلًا| دەکرێت مەبەست هەنگەکە بێت کە بەملکەچی ڕێی کاری خۆی بگرێتەبەر، یان دەکرێت مەبەست ڕێگاکە بێت کەخوا بۆی ئاسان کردووە.

٢١- وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَنْ يَتَّخِذُ مَا يُنْفِقُ مَغْرَمًا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ الدَّوَائِرَ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٩٨)التوبة

عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ يان هەواڵە يان دوعا لێکردنە. واتە:هەندێك لەو عەرەبە دەشتەکییانە، هەرچی بیدەن وادەزانن باج و سەرانەیە، چاوەنوارِن بەلآیەکتان بەسەربیێ.بەلآ هەربەسەر خۆیان بێ (یان بەلآیان بەسەردیێ ) خودا بیسەرو زانایە.

٢٢- وَأَسِرُّوا قَوْلَكُمْ أَوِ اجْهَرُوا بِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (١٣) أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ (١٤) الملك

ئەگەر (مَن) (فاعل) بێت ماناکەی وای لێدێت ألا يعلم الخالق وهو اللطيف الخبير.

واتە: ئێوە سرتە قسەبکەن، یان وەدەنگی بەرزی بێژن، ئەوا لـە رازێ بە دڵاندا دەبوورێ ئاگادارە.ئاخۆ کەسێ بەدیهێنەرە، چۆن نازانێ؟ وردیلە بین و ئاگادار هەرخۆیەتی.

بەلآم ئەگەر مفعول بێت ماناکەی دەبێت بە ألا يعلم مخلوقاته و هو اللطيف الخبير.

واتە: ئێوە سرتە قسەبکەن، یان وەدەنگی بەرزی بێژن، ئەوا لـە رازێ بە دڵاندا دەبوورێ ئاگادارە. ئاخۆ کەسێ بەدیهێنەرە، چۆن نازانێ دروستکراوەکانی چی دەکەن و چۆن دەکەن؟ وردیلە بین و ئاگادار هەرخۆیەتی.

أ- ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا (١١) المدثر، وشەی (وحيدا) دەکرێت سێ مانا بدات بەدەستەوە:( ذرني وحدي معه ) بەتەنیا وازم لێبێنن لـەگەڵیا خۆم ئەزانم چی لێدەکەم.

یان:(ذرني ومن خلقته وحدي ) وازم لێبێنن لـەگەڵ ئەوەدا کەتەنها من دروستم کردووە،خۆم ئەزانم چی لێدەکەم.

یان ( ذرني ومن خلقته وحيدا فريدا لامال له ولا ولد )وازم لێبێنن لـەگەڵ ئەوەی کە بەتەنها دروستم کردووەو هیچی نەبووە لـە ماڵ وسامان خۆم دەزانم چی لێدەکەم.

٢٤- الَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (٢٧)البقرة

ئەکریٚ راناوی (میثاقه) بگەڕێتەوە بۆ پەیمانەکە و بەو شێوەیەی لێدێت :

-الَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ توثيق العهد،

یان بگەڕێتەوە بۆ خوائاوای لێدێت:

- الَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ توثيق الله

ئەوسا مانایەکی فراوانی دەبێت کەهەردوو ئەگەرەکە لەخۆ دەگرێت و ماناکەی وای لێدێت: ئەوانەی پەیمانی خوا پاش بەستنی پەیمانەکە دەشکێنن (یان پاش ئەوەی کە خوای گەورە (توثیق) ی کردووە دەیشکێنن.وەئەوەی خوا فەرمانی داوە بەگەیاندن و جێبەجێکردنی دەیپچڕێنن و لەزەویدا خراپەکاری دەکەن ئەوانە هەرخۆیان زیانباردەبن.

٢٥- وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ (٤٥)البقرة

واتە:پەنابەرنە بەر خۆڕاگری و نوێژ، (نوێژ گرانە) یان (نوێژو خۆڕاگری گرانە) مەگەر لەسەر ئەوانەی کەملکەچی فەرمانی خوان.کە بەمەش دووماناى دەبێت.

٢٦- وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُوا مِنْ عِنْدِكَ بَيَّتَ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ غَيْرَ الَّذِي تَقُولُ وَاللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا (٨١)البقرة

( تَقُولُ | دەکرێت بۆ کۆمەڵەکە (طائفة) بگەڕێتەوەو دەکریٚ بۆ پێغەمبەر(د.خ) بگەڕێتەوەوە ماناکەشی ئاوای لێدێت:لەناویاندا کەسانێك هەن ئەڵێن:ئێمە لەفەرمانی تۆ دەرناچین، بەڵام کە لێت

دووردەکەون - پێچەوانەی فەرمانی تۆ، یان پێچەوانەی ئەوەی کەخۆیان وتوویانە - شەوانە ڕاوێژێ دەکەن، هەر خەیاڵێ کە لەشەودا بەدڵیاندا رادەبورێ و هەر پیلانێ کەدایدەنێن خوا دەینوسێ، تۆ دەشێ وازیان لێبێنی و خۆت هەر بەخودا بسپێری وکارسازت خودا بێ بەستە.

٢٧- وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٤٥)المائدةواته: لە تەوراتدا بۆ ئەوانە بڕیارمان دا، کە گیانێك لەباتی گیانێك، چاوبەچاو و کەپۆ بەکەپۆ، گوێ بەگوێ و ددان لەباتی ددانە و زەمەکانیش تۆڵەیەکیان هەیە،کێ لە تۆڵە بەخێری خۆی وازبهێنێت گوناهی پێ هەڵدەوەرێ. ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانە -کە لەخوداوە هاتووە -فەرمانبدەن،غەدرێ دەکەن وناهەقن.لێرەدا ئەوەی کە عەفوەکەی کردووە ئەوەخوا گوناهی دەبورێت،دەکرێت ئەوەش بگەیەنێت کەعەفوکردنەکە کەفارەتە بۆ تاوانبارەکەوسزاکەی لەکۆڵ دەکەوێت.

ا ا- أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ (١٩١)المائدة ئەکرێ (يُخْلَقُونَ) بۆ بتەکان یان بۆ کافرەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، واتە:بت و شتانێك دەپەرستن کە دروستکراون و هیچیان پێ دروستناکرێت، یان کافرەکان کە خۆیان خوادروستی کردون ( وَهُمْ يُخْلَقُونَ )، ئەچن شتانێك دەپەرستن کە هیچیان پێ دروست ناکرێت.

٢٩- إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ وَيُذْهِبَ عَنْكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الْأَقْدَامَ (١١) الانفال، دەکرێ ئەووبارانە هۆکاری دامەزراوی و نەبەزینیان بووبێت، یان دڵقایمیەکەیان هۆکاری نەبەزینیان بووبێت.

واته:ئەو دەمەشتان هەر لەبیربێ وا ئەو خەوەنۆچکەیەی لەلای خۆیەوە بۆ ناردن و بوو بەهۆی دڵنیایتان. بارانیشی لە حەواوە بۆ باراندن تا خاوێنتان بکاتەوەو خەیاڵاتی شەیتانتان لێ دوورخاتەوە و دڵگەرمتان بکا (بەبارانەکە)و مەیدانێ بەجێ نەهێڵن.واتای دووەمیش ئەوەیە: **وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الْأَقْدَامَ** دڵگەرمی کردن تامەیدان بەجێ نەهێڵن.

**٣٠- إِلَّا تَنْفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٣٩) إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٤٠)التوبة**

**وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا** دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ خوا کە بەنەچونیان بۆ جیهاد هیچ زیانێك لەخوا ناکەوێت، یان دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) کەبەنەچونیان هیچ زیانی لێناکەوێ چونکە خوای گەورە خۆی سەری دەخات.

واتە: ئەگەر نەڕۆنە غەزا، لەخواوە تووشی جەزرەبەی بەژان دێن و دەستەیەکی تازەبابەت دەخاتە شوێنەکەی ئێوە و لەم بارەوە هیچ زیان لەخودا (یان لە پێغەمبەر نادەن).

ئەگەر ئێوە یاریدەتی نەدەن، خودا بۆ خۆی دەهانای هات. وەختێ خودا نەناسەکان ئەویان دەرکرد، ئەودەمەش کە لە ئەشکەوتەکەدابوون وهەریەکێك بوو لەدووکەسان، ئەوێ کاتیش بە هاوەڵەکەی خۆی دەووت: خەمت نەبێ! ئێمە خودامان لەگەڵە، ئۆقرەی لەخوداوە بۆ هات و چەندین سەربازیشی بۆ نارد هاوکاری بکەن کە ئێوە نەتاندەبینین. قسەی خودا نەناسەکان وەبن کەوت و هەر قسەی خودا لەسەرە.خودا خاوەن دەسەڵات و لەکارزانە.

٣١- اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ (٩)يوسف/ (مِن بَعْدِهِ ) دەكرێت مەبەستیان ئەوەبێت ببنە كەسانێكی چاك و سالْح(من بعد طرح یوسف) دوای دورخستنەوەی یوسف یان(من بعد قتل یوسف) دوای كوشتنی یوسف بێت.

أ أ- وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ (٢٣)يوسف، (إِنَّهُ رَبِّي )دەكرێت مەبەستی خوا بێت كە باشترین دالْدەی داوە، یان مەبەستی عەزیزی میسربێت كە لـەمالْـەكەیدا جێوڕێی چاكی بۆ ئامادەكردبوو.ئەو ژنە وایوسف لـە مالْیا بوو، تەمای تێكرد، دەرگاكانی لێ گالْـەداو وتی:خێرا ئامادەبە! وتی: پەنا بەخوا، خوا دالْدەی داوم و جێی بۆ كردوومەتەوە ئەوانەی كەناهەقن رزگارنابن.

یان وتی: پەنا بەخوا ئەو(عەزیزی میسر ) ئاغامەو قەدری گرتووم، ئەوانەی كەناهەقن رزگارنابن.

أ أ- إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (٩) وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي شِيَعِ الْأَوَّلِينَ (١٠) وَمَا يَأْتِيهِمْ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (١١) كَذَلِكَ نَسْلُكُهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ (١٢) لَا يُؤْمِنُونَ بِهِ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ (١٣)الحجر(كَذَلِكَ نَسْلُكُهُ)دەكرێت مەبەستی زیكرەكە بێت كە قورئانە،وە (بِهِ) یش هەرمەبەستی قورئان بێت، یان(كَذَلِكَ نَسْلُكُهُ) مەبەستی گالْتە پێكردنەكە بێت و بەوهۆیەشەوە بڕوا نەهێنن (بِهِ) لـەوێدا واتە بەهۆی ئەو گالْتە پێكردنەوە.

(كَذَلِكَ نَسْلُكُهُ) مەبەستی گالْتە پێكردنەكە بێت و ( بِهِ ) یش مەبەستی قورئان بێت.

واتە:ئێمە خۆمان ئەم قورئانەمان ناردۆتە خوارەوەوهەر ئێمەش دەیپارێزین.بەر لـەتۆش پێغەمبەرانمان ناردۆتە ناو كۆمەلْـەكانی پێشوو، هیچ پێغەمبەرێك نەهات بۆ لایان مەگەر، دایانە بەر گالْتەو تەشەر،هەر بەوشێوەیەش ئەو قورئان ویادە دەخەینە دلْیانەوە كە بڕوای پێنەهێنن و پێشینانیش هەروابوون.

یان: هەربەو شێوەش ئەوگاڵتەکردنە دەخەینە دڵیانەوەو بڕواناهێنن بە قورئان، بەڕاستی هەڵوێستی خوا، سەبارەت بە لەناوبردنی پێشینان هەروا بووە.

٣٤- وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِنْ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٩٣)النحل

(يَشَاءُ)دەکرێت بۆخوا بگەڕێتەوە کەکێی بوێت سەرگەردانی دەکات، هەروەك لەچەند ئایەتی تردا ئاماژەی بۆکردووە:(كذلك يضل الله الظالمين)غافر ٧٤

(كذلك يضل الله من هو مسرف مرتاب ) غافر ٣٤

هەروەها دەکرێت (يشاء) بۆ ئەوانە بگەڕێتەوە کەخۆیان سەرگەردانیان دەوێت (وقل الحق من ربكم فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر ) الكهف ٢٩لەم ئایەتەوە مەسەلەی هیدایەت تێدەگەین کە مرۆڤ ئەبێ بیەوێت هەستێت بەرەو هیدایەت و، هەرئەوەندەی ویستی خوا هیدایەتی ئەدات، ئێمە دەزانین کەخوا ڕۆژی دەرە کەچی هەموو کەس ئەبێت هەوڵی خۆی بدات بۆ ئەوەی خواش ڕۆزی بداتێ.لەفەرموودەی قودسیدا هاتووە کەدەفەرموێت (ياعبدي قم أمشي اليك )ئەی بەندەکەم هەستە من دێم بۆلات.بەڕاستی مرۆڤ سەرسام دەبێت لەگەورەیی و میهرەبانی خوا، ئەم مرۆڤە کەهەرهیچ نیە لەم بوونەوەرە بەرفراوانەدا، خوا بە فەزڵی خۆی گرنگی پێداوەو قیمەتی بۆداناوە، ئەمەش ئەوەیە کە خۆشەویست بەیانیان لەخەو هەڵدەستا دەیفەرموو (سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە گیانی بۆ گێڕامەوەو ڕێی داوم یادی بکەم ).

خوای گەورە ویست و ئیرادەیەکی هەڵبژاردنی داوە بەمرۆڤ، ئەبێ مرۆڤ بەویست و ئیرادەی خۆی هیدایەتی بوێت ئنجا ئەوکاتەش خوا نیعمەتی گەورەی ئیمانی ئەداتێ. ئەگەر سەیری ئەوئایەتانە بکەین کەخوا هیدایەتی کێ نادات ئەم ڕاستیە بەئاشکرادەبینین: وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٥)الجمعة.

إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (٦)المنافقين بەڕاستی گەورەترین نیعمەت ئیمانە بۆیە خوا نایدات بەکەسێك کەنەیەوێت و قەدری نەزانێت.

٣٥- وَتَفَقَّدَ الطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ الْغَائِبِينَ (٢٠) لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَانٍ مُبِينٍ (٢١) فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِنْ سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ (٢٢)النمل، فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ دەکرێ:

أ- مەبەست حەزرەتی سولەیمان بێت سەلامی خوای لێبێت کەزۆر نەمایەوە،

ب- مەبەست هودهودەکە بێت کەزۆری پێنەچوو پەیدابوو.

مانای ئایەتەکەش وادەبێت:سولەیمان چاوی بە مەلاندا گێڕا، وتی:چۆنە پەپو سێمانە نابینم، ئاخۆ خۆی دزیوەتەوە؟ لەسەر ئەمە ئەشێ سزای زۆری بدەم، یا بێگومان سەری دەبڕم، یان بەڵگەیەکی ئاشکرا بۆ من بێنێ. ماوەیێ زۆری نەخایاند لە گەڕانی سولەیمان، یان (پەپوسێمان زۆری پێنەچوو ) هات و وتی: من شتێکم دەستکەوتووە کە دەست تۆ نەکەوتبوو، وامن لە سەبەئەوە هاتووم، دەنگ و باسێکی دروستم بۆ هێناوی.

٣٦- أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِأُولِي النُّهَى (١٢٨) وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُسَمًّى (١٢٩)طه

أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ أَفَلَا يَسْمَعُونَ (٢٦)السجدة

يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ دەکرێ مەبەست ستەمکاران بن کە بەناو ماڵ و حاڵیاندا هاتوون و چوون وخوا لەناوی بردن، یان مەبەست کەسانی دوای ئەوانن کە بەدوای ئەواندا هاتوون و بەجێۆرێی

ئەواندا دەڕۆن و پەند وەرناگرن. واتە:ئەو چەندین بەرەی مرۆڤەی کە لەناو  ماڵەکانیاندا دەخولانەوە و ئێمە هەمووومان قڕکردن، ئاخۆ راستەقینەی بۆ ئەوان دەرنەخست، لەمەدا زۆر نیشانە هەن مەگەر نابیسن؟! یان:ئایا بۆیان دەرنەکەوتووە، چەندین بەرەمان پێش ئەوان قڕکردووە، کەوا ئێستا ئەمان بەناو ماڵەکانیاندا دەڕۆن،لەمەدا زۆر نیشانە هەن مەگەر نابیسن؟!

٣٧- مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَكْرُ أُولَئِكَ هُوَ يَبُورُ (١٠)فاطر.واتە: کەسێ قەدرو رێزی دەوێ،رێزوقەدر گشتی لەدەست خودادایە، وتەی باش بەرەوژوور دەچێ و ئاکاری چاکیش هەر بەرزی دەکاتەوە.ئەو کەسانەش کە فێڵ بۆ خراپە دەکەن، بەتوندی سزا دەدرێن وفێڵەکانیان بەهیچ دەچێ. يَرْفَعُهُ ئەمە پێنج مانا دەدات بەدەستەوە:

والكلم الطيب يرفعها العمل الصالح قسەی باش کردەوەی باش بەرزی دەکاتەوە.

والعمل الصالح يرفعه الكلم الطيب کردەوەی باش قسەی باش بەرزی دەکاتەوە.

والعمل الصالح يرفعه الله کردەوەی باش خوا بەرزی دەکاتەوە.

والعمل الصالح يرفع عامله کردەوەی باش بکەری بەرز دەکاتەوە.

اليه يصعد الكلم الطيب والعمل الصالح، يرفعهما الله.قسەی باش و کردەوەی باش هەردووکیان خوا بەرزی دەکاتەوە.

٣٨- أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ اجْتَرَحُوا السَّيِّئَاتِ أَنْ نَجْعَلَهُمْ كَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَوَاءً مَحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ (٢١)الجاثية واتە:ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن، وادەزانن ئێمە

لە ژین و مەرگیاندا وەك ئەوانەیان دادەنێین کەبوونە خاوەن باوەڕو ئاکار چاك بوون؟ زۆر خراپی تێگەیشتوون. سَوَاءً مَحْيَاهُمْ وَمَمَاتُهُمْ دەکرێت بە چەند مانایەك تەفسیر بکرێت:وەك:

١- ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن، وادەزانن ئێمە لە ژین و مەرگیاندا وەك ئەوانەیان دادەنێین کەبوونە خاوەن باوەڕو ئاکار چاك بوون؟ زۆر خراپی تێگەیشتوون.

٢- ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن، وادەزانن ژیان و مردنیان، دنیاو قیامەتیان وەکو یەك دەبێت، دیارە ئەگەر لەدنیادا خوا نازو نیعمەت و ڕۆزی دابنێ ئەوا لە قیامەتدا تۆڵەی بەرو دوایان لێدەسێنێ.

ا- إِنَّ رَحْمَةَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (٥٦)الاعراف- قَرِيبٌ بۆیە بەکارهاتووە لە جیاتی (قَرِيبَةٌ) تا دوومانا بگەیەنێت لەیەك کاتدا،کە نەك هەر ڕەحمەتی خوا بەڵکو خوا خۆشی نزیکە لە بڕواداران.

٤٠- إِنْ نَشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ (٤)الشعراء

خَاضِعِينَ ئەگەر بیفەرمووایە (خاضعة )ئەوا تەنها گەردنیان کەچ دەبوو بۆی، بەڵام بەوەی کە (خاضعين )ی داناوە ئەوە ماناکەی فراوان دەبێت کە خۆشیان وگەردنیشیان کەچ بێت بۆ ئایەتەکە.

ا- وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا (٨)المزمل: یادی پەروەردەی خۆت بکەو بەدابڕان بۆی دابڕێ.

دکتۆر فاضل صالح السامرائی دەڵێت: ئەم ئایەتە بەشێوازێکی هونەری زۆر بەرز دارێژراوە، وشەی (تَبَتَّلْ) ی بەکارهێناوە کە لەسەر وەزنی (تفعّل) کە بۆ پلە پلەو تەدەروج بەکاردێت، هەروەها (تَبْتِيلًا) ش لە (بتّل) وەرگیراوە (مصدر) ە هێناویەتی لەسەر وەزنی (فعّل) کەبۆ زۆری یە. بەمش ماناکەی

فراوان دەبێت و ئاوای لێدێت: یادی پەروەرندەت بکەو، بە خواپەرستی دابڕێ بۆی کە ئەوەش پلەپلەوقۆناغبەندی دەوێت تادەگاتە دابران و خۆ یەکلایی کردنەوەیەکی زۆر.

ا- اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا- الرعد ٢ دوومانا ئەدات بەدەستەوە، ئەگەر لەسەر عمد بوەستین اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ واتە: خواوەند ئاسمانەکانی بەرزکردۆتەوەو ڕایگرتووە بەبێ کۆڵەکە، تَرَوْنَهَا کە ئێوە سەیری ئاسمانەکان دەکەن.

ئەگەر لەسەر(عمد) نەوەستین، واتە: خواوەند ئاسمانەکانی بەرزکردۆتەوەو ڕایگرتووە بەبێ کۆڵەکەی بینراو، واتە کۆڵەکەی هەیە کە نابینرێ کەئەویش ئەو هێزی ڕاکێشان و ئەو شتانەیە کە بە قودرەتی خوایەو نابینرێت.

٤٣- وَنَادَى أَصْحَابُ الْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُمْ بِسِيمَاهُمْ قَالُوا مَا أَغْنَى عَنْكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنْتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ (٤٨) الاعراف

جَمْعُكُمْ دوومانای هەیە (ماڵ و سامانی کۆکراوە یان کۆمەڵی زۆرتان) واتە:کۆمەڵی ئەعراف بانگ لە هەندێ پیاو ئەکەن لەسەر گەورانی کافرەکان کە بە ناوچاوانیانا ئەیانناسن، پێیان ئەڵێن: هەرچی ماڵ و سامانتان کۆکردەوە (یا کۆمەڵی زۆرتان)، هیچی فریاتان نەکەوت وبەکەڵکتان نەهات، هەروەها خۆبەزلزانینتان بۆ ئەم ڕۆژە سەختە سوودێکی نەبوو!

ا- لَا أُقْسِمُ بِهَذَا الْبَلَدِ (١) وَأَنْتَ حِلٌّ بِهَذَا الْبَلَدِ (٢)البلد،حِلٌّ چوار مانای هەیە کەبەوەش فراوانیەکی لەماناداَ بۆدروست دەبێت:

١-سوێند بێ بەم وڵاتە کەتۆی تیادانیشتووی، کە پیرۆز بووە بەو شەرەفەی کە خوا پێی داوە ومالّی خوای تیایەو هەروەها کەخوا بەهۆی دانیشتنی تۆوە تیایدا پیرۆزی کردووە.

٢–سوێند بێ بەم ولاّتە کەتۆ بەریت لەوەی موشریکەکان تیایا ئەنجامی ئەدەن.

٣–سوێندبێ بەو ولاّتە کەتۆ خوێنت حەلاّڵ کراوە تیایدا، بەمەرجێ ئەو شوێنە حەرەمەو کوشتن تیایا حەرام کراوە، نەك مرۆڤ بەلکو گیانلەبەرەکانیش.

٤–سوێند بێ بەو ولاّتە، کە بۆتۆ حەلاّڵ کراوە دوژمنانی خوا بکوژیت وبۆ غەیری تۆ حەلاّڵ نیە.

ا– وَهَذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ (٣)واتە: سوێند بێت بەو ولاّتە کە (الأمن والأمانة ) ی تیایە، هەرکەسێك بچێتە ناوی ئاسایشی پارێزراوەو کەس ناتوانێ دەستی بۆ بەرێت و ئەمینیشە بەوەی کەئەوکەسە چۆن دەچێتە ناوی بەئەمانەتەوە یەتەوە دەرێ.

ئەم وشەیە زۆر جوانەو بەمەبەست هاتووە، خوای گەورە قورئان کەئەمانەتێکی گەورەیە ناردوویەتی بە جوبرائیلدا کە (روح الأمين) ە بۆ خۆشەویست کە (الصادق الأمين ) لە شارێکدا کە (البلد الأمين )ە.

٤٦– إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٢٠)النحل

أُمَّةً دوومانای هەیە: ئەوکەسەی کە سیفاتی خێری زۆری تیاکۆبۆتەوەوهەرووەها ئەو کەسەی کە خەلکی شوێنی دەکەون و چاوی لێدەکەن.

٤٧– يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقُولُوا رَاعِنَا وَقُولُوا انْظُرْنَا وَاسْمَعُوا وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٠٤)البقرة..انْظُرْنَا دەگونجێ سێ مانای هەبێت: (انظر الينا )سەیرمان بکەو(تأمل حالنا وترفق بنا)سەیری حالّمان بکەو نەرم بە لەگەلّماندا و (انتظرنا ولا تعجل علينا)سەبرمان لێبگرەو و پەلەمان لێمەکە.

٤٨- وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ وَإِنْ تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٢٨٢)البقرة / يُضَارَّ ئەگەر (مبنى لـلمعلوم) بێت، واتە نابیٚ شايەت و كاتیبەكە زەرەربدەن لـەكەس، بەوەی كە نەچن بۆ شايەتى بلێن ئيشمان هەيەو...هتد، هەروەها ئەگەر مبنى لـلمجهول يش بێت، واتە نابیٚ شايەت و كاتیبەكە عەزيەت بدرێن و تووشى زەحمەت بكرێن و لـەكاتى نەگونجاودا داواى شايەتى و نووسينيان لـێبكرێ و...هتد.

٤٩- وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ (٤٦) فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٤٧)ذَوَاتَا أَفْنَانٍ (٤٨)الرحمان. أَفْنَانٍ بەواتاى لـقو پۆپى راستى درێژ دێت و هەروەها بە ماناى جۆرەها ميوەش دێت.

٥٠- كَلَّا إِذَا بَلَغَتِ التَّرَاقِيَ (٢٦) وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ (٢٧) وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ (٢٨) وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ (٢٩) إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ (٣٠) فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّى (٣١) وَلَكِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى (٣٢)القيامة. فَلَا صَدَّقَ دەكرێ ماناكەی ئەوەبێت برواى نەهێنا بەخواوپێغەمبەر، يان مەبەست ئەوە بێت خێرو سەدەقەو زەكاتى نەدا.

واتە:نەخێر، هەر بەخۆی نازانێ تامەرگ بەربینگی دەگرێ، وتراويشە كەسى فريارەسى كێيە؟لـێشى روونە چاخى جيابوونەوەيە، قاچەكانيش تێكئالآن، ئەو رۆژەيە جێ هاژووتن بەرەو پەروەرندەی تۆيە، نەهەرگيز برواى هێناوە و نەنوێژيشى ئەنجامداوە، بەلـكو وتوويە درۆيە و خۆی لـێ لاداوە.جا كە ئەمە لـەوەسفى ئەبوجەهلدا هاتووە، نەبرواى هێناوەو نەهيچى بەخشيوە.

٥١- أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ (٨)التين

بِأَحْكَمِ دەكرێ لـە حيكمەتەوە هاتبێ، واتە داناترين، يان لـە (الحكم) ەوە هاتبێ بەماناى حاكم و دادوەر، واتە ئاخۆ خودا لـەهەموو دادوەران داناترو دادوەرتر نيە؟

٥٢- وَقَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِنْدَ اللَّهِ عَهْدًا فَلَنْ يُخْلِفَ اللَّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٨٠)البقرة

أَمْ دەكرێت بەماناى (يان) بۆ هەڵبژاردنى يەكێ لەدووشت يائەم يا ئەو،يان كام لەم دووانەيە؟ ئەشكرێ بەماناى (بل)(بەلام) بێت، ئەوسا ماناكە وادەبێت: دەشلێن: ئاگر تووشمان نابێ،مەگەر چەند رۆژێ،ئەويش كەم. بلێ: ئاخۆ خودا بەلێنى پێداون -كەخودا لە بەلێنى خۆى پاشگەز نابێ - يان هەرلە نەزانينەوە قسە لەسەر خوا دەكەن؟ ئەمەش ماناكەى ترێتى كە:بەلام هەر لە نەزانينەوە قسە لەسەر خوادەكەن.

٥٣- وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ (٤٦) ابراهيم

وَإِنْ دەكرێ (شرطى) بێت و وەلامەكەشى حەزف كرابێت ئەوسا واى لێدێت: وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ (معدا) لازالة الْجِبَال.

هەروەها دەگونجێ وَإِنْ (نافيه) بێت ئەوسا ماناكەى واى لێدێت: وماكَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الشرائع التى كالْجِبَالُ فِي ثبوتها.

دەشكرێت (ان) ە تەخفيف كرابێت لە (انّ) ەوەو ئەوسا ماناكەى دەبێت بە: وانّ عظم مكرهم وشدّته، ليذهب بعظام الامور. كەواتە ماناكەى فراوان دەبێت:مەكرى خۆيان بەكارهێناو مەكرەكەشيان خوا ئاگادارى بوو، هەرچەند ئەومەكرەى كرديان بۆ ئەوەبوو چياى پێ هەلتەكێنن و لەبنى بێنن،(يان مەكرو پيلانەكانيان ناتوانێت كێوى شەريعەت بلەرزێنێ، يان بەراستى پيلانەكانيان گەورەبوون بۆ لەناوبردنى هەقيقەت و راستى ).

٥٤- بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُنْ لَهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (١٠١)الانعام / أَنَّى بەمانای (كيف) و بەمانای (من أين) دێت.

واتە: بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەمینە،ئەو چۆن ( یان ئەو لەکوێوە )نەوەی ئەبێت کەهاوسەری نەبووەو، خۆی هەموو شتی دروست کردووەوئاگای لە هەموو شتەو هیچی لێ ون نابێت؟

٥٥- وَلَوْ تَرَى إِذْ فَزِعُوا فَلَا فَوْتَ وَأُخِذُوا مِنْ مَكَانٍ قَرِيبٍ (٥١) وَقَالُوا آمَنَّا بِهِ وَأَنَّى لَهُمُ التَّنَاوُشُ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ (٥٢) وَقَدْ كَفَرُوا بِهِ مِنْ قَبْلُ وَيَقْذِفُونَ بِالْغَيْبِ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ (٥٣) وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِمْ مِنْ قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا فِي شَكٍّ مُرِيبٍ (٥٤)سبأ

واتە:بریا ئەوانەت بدیبا، وەختێ ترسیان لێنیشتووەو هیچ دەرەتانێکیان نیەو لە پەناوە بەگیرهاتوون، ئەوسا ئەڵێن:ئەوا باوەڕمان پێهێنا، کەی، لەکوێوە (چۆن ) لەو جێ دوورەوە (لەقیامەتەوە)بەوە رادەگەن کە بڕوا بێنن تازە کار لەکار ترازا؟کە لە پێشدا باوەڕیان پێنەهێناوەو لەدوورەوەو لەنەدیتە هەربوختانیان بۆ دەهاویشت، ئەوانە دووردەخرێنەوە لەوەی وا ئارەزووی دەکەن، هەروا کە هاوڕێکانیان بەر لەوان بەو دەردەچوون. ئەوان تووشی گومانێکی زۆر دژوار بوون.

٥٦- فَارْتَقِبْ يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِينٍ (١٠) يَغْشَى النَّاسَ هَذَا عَذَابٌ أَلِيمٌ (١١) رَبَّنَا اكْشِفْ عَنَّا الْعَذَابَ إِنَّا مُؤْمِنُونَ (١٢) أَنَّى لَهُمُ الذِّكْرَى وَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مُبِينٌ (١٣) ثُمَّ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَقَالُوا مُعَلَّمٌ مَجْنُونٌ (١٤) إِنَّا كَاشِفُو الْعَذَابِ قَلِيلًا إِنَّكُمْ عَائِدُونَ (١٥) يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى إِنَّا مُنْتَقِمُونَ (١٦) الدخان.واتە:چاوەڕوانی رۆژێ بە کە ئاسمان دوکەڵێکی ئاشکرای لێپەیدا دەبێت ( ئایا هی ئەو قات و قڕیە بێت کەبەسەر قورەیشدا هات یان مەبەست دوکەڵی قیامەتە ) ئازارێکی زۆر بەژانەو هەموو خەڵکی دادەگرێت، ئەی پەروەرێنمان، ئەو سزایەمان لەسەر لابە ئێمە باوەڕدارین، چۆن (لەکوێوە) یادەوەری وەردەگرن و بڕوا دێنن؟ پێغەمبەرێ هاتەلایان، هەموو شتی تێگەیاندن، پاشان روویان لێوەرگێڕاو وتیان: فێرکراوە، شێتە! ئێمە تاماوەیەکی کەم ئەم سزایە

لادەبەین، ئێوە دەگەڕێنەوە سەر کوفرو کەللەڕەقیتان. ئەوێ ڕۆژێ هەڵمەتە گەورەکە دەکەین، ئێمە تۆڵەدەکەینەوە.(أنی) لە بنەڕەتدا پرسیارە بۆ شوێن دواتر بەفراوان بەکارهاتووەو بە (کیف) ش مانا دەکرێت و پرسیارە بۆ حاڵ

٥٧- وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٩)الحجرات

حَتَّى بەمانای (الى) و (كي) دێت. واتە: هەرگا لەناو باوەڕداران دوو گرۆ بەگژیەکداچوون، ئێوە ئاشتیان بکەنەوە، ئەگەر یەکیان ویستی ناهەقی لەوی تر بکا، ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن تا (بۆ ئەوەی ) بۆ فەرمانی خوا مل کەچکا، ئەوسا بەبێ لایەنگیری پێکیان بێنن و، بەیەکسانی بەکێشەکەیان ڕابگەن، خوا خۆشی لەو کەسانەدێ کە دادپەروەرن.

٥٨- قُتِلَ الْإِنْسَانُ مَا أَكْفَرَهُ (١٧)عبس، ما دەکرێت بۆ سەرسوڕمان بێت و دەکرێ بۆ پرسیار بێت ئەوسا ماناکەی وای لێدێت: بەکوشتچێ مرۆڤ چەند کافرە!یان بەکوشتچێ مرۆڤ چی وای لێکردووە ئەوەندە کافربێت؟

٥٩- يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدٍ (٣٠) ق

ڕۆژێ بە دۆزەخ دەڵێین: پڕبویت؟؟ دەڵێت: ئەگەر هی تر ماوە بابێت، یان دەڵێت: بۆ شوێنم ماوە پڕنەبووبێت؟واتە پڕبووم.بەو جۆرە (هل) دەکرێت دووماناى هەبێت.

٦٠- قُلْ آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ

مُسْلِمُونَ (٨٤)آل عمران..دەکرێ نا لـەوشەی (علینا) دا مەبەست کۆمەڵی موسڵمانان بێت و دەکرێت نونی (عظمة) بێت و مەبەست هەر پێغەمبەر بێ (د.خ).واتە: بڵێ: بڕوامان هێناوە بە خواو بەوەی دابەزیوەتە سەرمن (یان موسڵمانان ) و......هتد.

١- قَالُوا لَنْ نُؤْثِرَكَ عَلَى مَا جَاءَنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا فَاقْضِ مَا أَنْتَ قَاضٍ إِنَّمَا تَقْضِي هَذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا (٧٢) إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَى (٧٣)طه/ ئەو واوە دەکرێ بۆ سوێند بێت وماناکەی وای لێدێت:والله الذي فطرنا لن نؤثرك على ماجاءنا من البينات.

دەکرێت واوی عطف بێت کەماناکەی وای لێدێت:لن نؤثرك على ما جاءنا من البينات وعلى الذي فطرنا واتە: وتیان:لـەدوای ئەو نیشانانەی دیومانە، سوێند بەوکەسەی کە ئێمەی بەدیهێناوە، هەرگیز بۆ تۆ دەسمان لـەو پێهەڵناگیرێ، سا هەرچییەکی لـەدەستت دێ درێغ مەکە! تۆ هەر تەنیا لـەژینی ئەم دنیایە دەستت دەڕوا، ئمە بڕوامان بە پەروەرندەمان هێناوە هەتاوەکو لـەهەڵەکانمان ببووری و لـەو جادووگەرییەشمان خۆش بێ، کەتۆ بەسەرتا سەپاندین. خوا چاترەو هەر دەشمێنێ.یان: وتیان: هەرگیز تۆمان لاچاکتر نیە لـەو بەڵگانەی بۆمان هاتووەو لـەو خوایەی کە بەدیهێناوین، سا تۆیش چیت لـەدەس دێت بیکە، تۆ هەر لـەم ژیانی دوپایەدا دەسەڵاتت هەیە.

١- قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ (٥٩)النمل- وَ دەکرێت (عطف) بێت، واتە: بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ خواو درووودوسەلامیش لـەسەر ئەو بەندانەی کەخوا هەڵیبژاردون،وە دەکرێت(ئیستئناف ) بێت، واتە: بڵێ سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار، سەلامیش لـەخواوە لـەسەر ئەو بەندانەیە کە هەڵیبژاردون.

٦٣- وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُولَئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ وَالشُّهَدَاءُ عِنْدَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ (١٩)الحديد. وَدەكرێت(عطف بێت و ئەوسا ماناكەی وای لێدێت:ئەوانەی بڕوایان بەخواو پەیامبەرەكانی هەیە ئەوانە لە راستگۆیانن و لەگەڵ شەهیدەكاندا لای خوا پاداشت و نووریان هەیە.وە دەكرێت بۆ ئیستئناف بێت و لەسەر الصديقون بوەستین، ئەوسا مانایەكی تری دەبێت، ئەوانەی بڕوایان بەخواو پەیامبەرەكانی هەیە ئەوانە لە راستگۆیانن،شەهیدەكانیش كە لەلوتكەی راستگۆیدان لای خوا پاداشت و نووریان هەیە.

٦٤- وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ لَعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَا يُؤْمِنُونَ (٨٨)البقرة- فقَلِيلًا دەكرێ بۆ كەمی بەكاربێت و دەكرێت نەفی بێت جا بەم شێوەیە ئایەتەكە دووەمانا ئەدات بەدەستەوە:وتیان: ئێمە دڵمان قفڵی لێدراوە، نەخێر وانیە، بەڵكو خودا بەهۆی كوفرەكەیانەوە، لە بەزەیی و رەحمی خۆی بێبەری كردوون، كەمیان بڕوادێن (یان هەر بڕوایان نییە ).

٦٥- الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَنْ يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (١٢١)البقرة

يَتْلُونَهُ بەمانای خوێندنەوە (واتل ما أوحي اليك من كتاب ربك )الكهف ٢٧ وبەمانای شوێنكەوتن دێت وەك لەئایەتی (والقمر اذا تلاها )الشمس٢ هاتووە. واتە:ئەوانەی كتێبمان پێداون وبە چاكی دەیخوێننەوەو (شوێنی دەكەون و پەیڕەوی دەكەن و نایگۆڕن ) دیارە بڕوایان پێی هەیەو هەركەس بڕوای پێی نەبێت لە ڕیزەی زیانبارانە.

٦٦- وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِلنَّاسِ وَأَمْنًا وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَنْ طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ (١٢٥)البقرة

**مَثَابَةً** بەمانای ئەو شوێنەیە کە جار لەدوای جار خەڵکی بۆی دەگەڕێتەوە، هەروەها بەمانای شوێنی دەستکەوتنی (**ثواب**) یش دێت.واتە:لەو کاتەشدا بڕیارمان دا کەعبە مەکۆیەکی مەردم بێ بەدڵنیایی و جێی ئیبراهیم بکەن بە نوێژگەی خۆتان و ئیبراهیم و ئیسماعیلیشمان راسپارد کە ماڵەکەم بۆ ئەوانەی لە دەوری دەسوڕێنەوە و بۆ ئەوی هەر لەوێ دەبن و بۆ ئەوانەی کڕنۆش و سوژدەم بۆ دەبەن، پاکژ بکەن.

٦٧- **أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (١٧٧)البقرة / صَدَقُوا** بەمانای راستگۆیی لە گوفتاردا و راستگۆیی لە کرداردا دێت، هەروەك لەم ئایەتەشدا هاتووە:

**(لِيَسْأَلَ الصَّادِقِينَ عَنْ صِدْقِهِمْ وَأَعَدَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا أَلِيمًا )(٨) الاحزاب.**

٦٨- **وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ (٢٠٤) وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ (٢٠٥)البقرة**

**تَوَلَّى**، بەمانای روو وەرگێڕان و پشت هەڵکردن دێت وەك ئەم ئایەتە **(فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِالْمُفْسِدِينَ (٦٣) المائدة**.وەبەمانای کارگرتنە دەستیش دێت وەك ئەم ئایەتە( **وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ)النور ١١.**

٦٩- **وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِنْهُمَا اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ (٤٢)يوسف**

**رَبِّهِ** لێرەدا دوومانا ئەدات،پەروەردگار، یان پاشاو ئاغاو گەورە، جا ماناکە بەم جۆرەی لێدێت:بەیەکێك لەو دووکەسانەی بۆی دانابوو رزگار دەبێ، وتی: کە دەچیە لای ئاغات باسم بکە!شەیتان نەیهێشت لەبیری بێ،لەلای ئاغای باسی بکا، تا چەند ساڵێك لە گرتووخانە مایەوە.

یان:شەیتان یادی خوای بیری یوسف بردەوە تاوای لێکرد هانا بۆ مرۆڤ بەرێت، بۆیە وەك سزایەك چەند ساڵی تر مایەوە. ئەمەش لە فەرموودەیەكدا ئاماژەی بۆ كراوە كەخۆشەویست (د.خ)دەفەرمویێ:خوا رەحم بە یوسفی برام بكات ئەگەر ئەوەی نەوتایە (اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ) ئەوە چەند ساڵی تر نەدەمایەوە لە گرتووخانەدا.

(عَجِبْتُ لصبرِ أَخِي يوسفَ وكَرَمِه واللهُ يَغْفِرُ له حيثُ أُرْسِلَ إليه لِيُسْتَفْتَى في الرُّؤْيا، ولَوْ كُنْتُ أنا لمْ أَفْعَلْ حتى أَخْرُجَ. وعَجِبْتُ لِصَبْرِه وكَرَمِه واللهُ يَغْفِرُ له أُتِيَ لِيَخْرُجَ فلمْ يَخْرُجْ حتى أخبرَهُمْ بِعُذْرِه، ولَوْ كُنْتُ أنا لبادرتُ البابَ، ولَوْلا الكلمةُ لَما لَبِثَ في السِّجْنِ حيثُ يَبْتَغِي الفرَجَ من عِنْدِ غَيْرِ اللهِ عزَّ وجلَّ)الراوي: عبدالله بن عباس المحدث: الألباني - المصدر: صحيح الجامع: صحيح.

٧٠-قَالُوا تَاللَّه تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ (٨٥)يوسف.

تَفْتَأُ چەند مانایەكی هەیە:(بەردەوام، بیرچوونەوە، هێوربوونەوەو سارد بوونەوە، كوژانەوەی ئاگر)، سەرەنجام ئایەتەكە چەند مانایەك ئەدات بەدەستەوە: وتیان: بەخوابەردەوام یادی یوسف دەكەیت ولە بیری ناكەیت وهێورنابیتەوەو گڕی دەروونت خامۆش نابێت، لەوانەیە نەخۆشت خا یان بتكوژیێ.

١- أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَابِيًا وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِثْلُهُ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ (١٧) الرعد

بِقَدَرِهَا دوومانای هەیە كە لە (التقدير)ەوە هاتیێ كەبۆی تەقدیركرابیێ وبەشی درابیێ یان (بمقدارها) بەپێی قەبارەكەی.

لە ئاسمانەوە ئاویكی دارژاندووە، پراوپری بارستایی نەوالآن دیێ، لەهی (لافاو) كەفێكی بلندی هاتە سەر، هەروەك ئەو كەفەی بەهۆی ئاگردەماندنیێ، دیێتە سەر كەرستەی خشل و ئەسبابی تر، ئابەم تەرزە خوداش باسی راست و دەغەل دەخاتەروو. جاكەفەكە لەناودەچیێ و هەر ئەو شتەی كە بۆ مەردووم سوودی هەیە دەمێنیێتەوە،خودا ئاوا نموونە دیێنیێتەوە.

٧٢- وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٢٢)ابراهيم

لەپاش کار لەکار ترازان، شەیتان دەڵێ: خوا بەڵێنی راستی پێدان، منیش بەڵێنی خۆم پێدان، بەڵام درۆم لەگەڵ کردن.هیچ زۆرێکیشم بەسەرتانەوە نەبوو یان( هیچ حوجەو بەڵگەیەکم نەبوو )، بێجگە لەوەی بانگم کردن، ئێوە بەنگمەوە هاتن. ئێوە سەرکۆنەی من مەکەن. سەرزەنشتی خۆتان بکەن، ناشتوانم فریاتان بکەوم، هەروەك ئێوەش ناتوانن فریام بکەون، لەمەش کە لەپێشدا منتان بەشەریکی خوا زانی، حاشام هەیە. بێگومانە ئەوانەی ناهەقیکارن، ئازاری بەژانیان بۆ هەیە.

هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيَهْ (٢٩) واتە:دەسەلاتم یان ( بەڵگەم) وا لەبەین چوو.

- وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَابًا مِنَ السَّمَاءِ فَظَلُّوا فِيهِ يَعْرُجُونَ (١٤) لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَسْحُورُونَ (١٥)الحجر

سُكِّرَتْ واتە:( رێگیری بینینی لێکرا، داپۆشرا، داخرا، سەرسام بوو دۆش داما) بەو هۆیەوە ئایەتەکە ماناکەی ئاوا دەبێت: تەنانەت ئەگەر دەرکێکیان لەم ئاسمانە بۆ بکەینەوە و خەریکی سەرکەوتنیٚ بن، بێگومان دەڵێن: ئێمە چاومان بەستراوە ( داخراوە، داپۆشراوە، رێی بینینمان لێگیراوەودۆشداماین...هتد )و دیارە جادوومان لێکراوە.

٧٤- إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (٤٥) ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ آمِنِينَ (٤٦)الحجر- بِسَلَامٍ
واتە:پارێزکاران لە باخات و کانیاوان، بچنە بەهەشتەوە بە سەلامەتی لەهەموو دەردوبەلاو ناخۆشیەك (یان بە سەلامی مەلائیکەتەوە بۆتان).

٧٥- وَنَادَيْنَاهُ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا (٥٢)مريم..الأَيْمَنِ بەلای راست وبە یومن و بەرەکەتیش دێت کە هەردووکیشی مەبەستەو واتاکەشی:لەلای راستی پڕبەرەکەتی کێوی تووڕەوە بانگمان لێکردو نزیکمان خستەوەو کردمان بەخاوەن راز لەگەڵ خۆمان.

٧٦- وَذَا النُّونِ إِذْ ذَهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ (٨٧)الانبياء..نَقْدِرَ **بەماناى** (فظن أن لن نقدِّرَ عليه العقوبة ) یان (نضَيِّقَ عليه)واتە: هاوەڵی نەهەنگیش(یونس سەلامی خوای لێبێت) بێنەوە بیر کە بەتووڕەیی ڕۆیی وئەو پێی وابوو کە سزای نادەین (یان: بەری لێناگرین و جادەکەی لێتەسك ناکەینەوە )، تا لەناو تاریکاییەکاندا هاواری کرد:لە غەیری تۆ هیچ خودایەك شك نابەم، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە، من لە ڕێزەی ناهەقان بووم.

٧٧- ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ (٢٩)الحج

الْعَتِيقِ واتە: ماڵێکی دێرین وئازادە کەستەمکاران دەستیان بۆ بەسەراناگیرێ و کەریمە چونکە خاوەنەکەی خاوەن کەرەمە.

ئنجا با خۆیان پاك بکەنەوەو چییان لەسەر خۆیان نەزر کردووە بەجێی بێنن و تەوافی ماڵی دێرینی ئازادی بەبەخشش و کەرەم بکەن.

٧٨- الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيبًا (٣٩)الاحزاب

حَسِيبًا:(محاسبا و کافیا )واتە: ئەوانەی پەیامەکانی خوا دەگەیەنن و لەو دەترسن و بێجگە لە خوا لە کەسی تر ناترسن، خودا بەتەنها بەسە بۆ سەرپەرشتکاری کاری هەمووان.

٧٩- فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ الْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَى مَوْتِهِ إِلَّا دَابَّةُ الْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنْسَأَتَهُ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَنْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ (١٤) سبأ

تَبَيَّنَت:بەمانای حەقیقەتی جن دەركەوت كە غەیب نازانن.هەروەها بەو مانایەش دێت كە جنەكان خۆیان زانیان وبۆیان دەركەوت غەیب نازانن.

٨٠- إِنَّ الَّذِينَ آَمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ (٨)فصلت. مَمْنُونٍ سێ مانای هەیە: بەڕاستی ئەوانەی بڕوادارن وكردەوەی چاكیان كردووە پاداشتی نەبڕاوەیە (یان پاداشتیان كەم نابێ،چونكە بڕواداری بێ كردەوە پاداشتی كەمە،یان:بۆ پاداشتەكەیان منەتیان بەسەردا ناكرێت).

٨١- وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ (٤٧)الذاريات

واتە: بەهێزوتوانایەكی گەورەو بەدەستی خۆمان ئاسمانمان بینا كردووەو فراوانی دەكەین (یان: ئێمە بەتوانایین، ئێمە دەولـەمەندین ).وەك لـەم دووئایەتەشداهاتووە بەدووماناكەی تر:

(لِيُنْفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنْفِقْ مِمَّا آَتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آَتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا (٧)الطلاق

واتە:كێ دارایە لـەدارایی خۆی بەخت بكاو كێش بژێوی كەم بێ گەیوە، لـەوەندەی خودا پێی داوە بەخت بكا. خودا ئەرك ناخاتە سەركەس، مەگەر لـەوەندەی پێی داوە، خوا لـەپاش تەنگانە فەرەجی دێنێ.(لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا-٢٨٦)البقرة.

واتە: خوا داوا لـەهیچ كەس ناكات مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی.

٨٢- وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ (٤) سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ (٥) وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ (٦)محمد / عَرَّفَهَا واتە: ئەو كەسانەی كەلـەڕێی خوادا كوژراون، كردەیان بەفیڕۆنادا، بەمزوانە ڕێگایان نیشان دەداو دڵ و سینەیان گوشاد دەكات ودەیانخاتە ئەوبەهەشتەی بۆی باسكردون ( یان جێ و ڕێی خۆیان پیشان ئەدات لـەبەهەشتا، یان جێ وڕێیانی بۆ ئامادەكردون و بۆنخۆشی كردووە).

٨٣- وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ (٦) الرحمان/النجم:واته ئەستێرە (یان ئەو رووەکەی کە قەدی نیە)سوژدە ەبەن بۆ خوا.

٨٤- إِنَّا بَلَوْنَاهُمْ كَمَا بَلَوْنَا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ (١٧) وَلَا يَسْتَثْنُونَ (١٨) فَطَافَ عَلَيْهَا طَائِفٌ مِنْ رَبِّكَ وَهُمْ نَائِمُونَ (١٩) فَأَصْبَحَتْ كَالصَّرِيمِ (٢٠) فَتَنَادَوْا مُصْبِحِينَ (٢١) أَنِ اغْدُوا عَلَى حَرْثِكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَارِمِينَ (٢٢) فَانْطَلَقُوا وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ (٢٣) أَنْ لَا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُمْ مِسْكِينٌ (٢٤) وَغَدَوْا عَلَى حَرْدٍ قَادِرِينَ (٢٥) فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوا إِنَّا لَضَالُّونَ (٢٦) بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ (٢٧)القلم

الصرم – واتە: بڕینەوەوهەڵگرتنەوەی بەرووبووم ، یان سووربوون لەسەر کارێك.واتە: ئێمە ئەوانەمان ئەزموو، وەك خاوەنانی باغەکەمان بەرئەزموون دا، کەسوێندیان خواردو:لە شەبەقدا بەری باخەکەیان هەموو دەرنن وهیچی بۆهەژاران لێدەرناکەن.ئەوسا کە ئەوان خەوتبوون، لەلایەن پەروەردگارت ڕا بەلایەکی بۆ داباری، ئیتر وەکو زەمینێکی سووتاوی قاقڕی لێهات( فَأَصْبَحَتْ كَالصَّرِيمِ )(وەك باخێکی رنراوی لێهات).لەشەبەقدا بانگیان لەیەکتر کرد،(إِنْ كُنْتُمْ صَارِمِينَ ) (ئەگەر ئێوەسوورن لەسەر میوەرنین هەربەیانی بگەنە سەر کێڵگەکەی خۆتان،ڕێوەچوون و پێکەوە چپەیان دەکرد:کەنابێ ئەمڕۆ چ هەژار بێتە ناو باخەکەی ئێوە.بڕیاریان دا مەرجەکەیان بەجێ بێنن، واشیان دەزانی دەتوانن.وەختێ چاویان پێداگێڕا،وتیان:ڕێمان لێتێکچووە،نەخێر ئێمەین بەشبڕاوین.

٨٥- وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاعِمَةٌ (٨)الغاشية/ واتة: ذات حسن وبهجة، ومتنعمة وفی نعمة وكرامة روخساریش هەن خۆش و گەشن یان لەنازونیعمەتدان.

٨٦- وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (٢٣)البقرة

سُورَةٍ: ئەگەر لە ڕەگی (سور) ەوە وەرگیرابێت واتە بەشێك لەقورئان، وەئەگەر لە ڕەگی (سأر) ەوە وەرگیرابێت،واتە شەرەفمەند بوون پێی و بەرزبوونەوە پێی. جا هەڵبژاردنی وشەی سورەت

بۆ سورەتەکانی قورئان هەردووەبەستەکە دەپێکێت و کە موسڵمان بەهۆی خوێندنەوەی سورەتەکانەوە بەشێکی لە قورئان خوێندووەو پێی شەرەفمەندو پایە بەرز دەبێت.

٨٧- أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَلْ لَبِثْتَ مِئَةَ عَامٍ فَانْظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانْظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِلنَّاسِ وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٥٩).البقرة

يَتَسَنَّهْ دەگونجێ لە (سنن) ەوە ئیشتیقاق کرابێ و واتە: تام و بۆنی گۆڕدراوە.وە ڕەنگە لە (سنه) ەوە وەرگیرابێ واتە ساڵ و زەمان گۆڕیویەتی.

ئەوسا واتای ئایەتەکە وادەبێت:یان ئەو کەسەی بەلای گوندێکا ڕادەبردکە بەسەر یەکداتەپیبوو، وتی: چۆن خوا ئەمەزیندوودەکاتەوە پاش مردنی؟ ئەوسا خودا بۆ ماوەی سەد ساڵ مراندی و پاشان زیندووی کردەوە. لێی پرسی: تۆ چەندت پێچوو؟ وتی: ڕۆژێك یا کەمتر لەڕۆژێك.

وتی: نەخێر، ئەوا تۆ سەد ساڵە مردووی، دەبڕوانە خواردن و خواردنەوەکەت نەگۆڕاون(یان تێپەڕینی چەندەها ساڵ کاری تێنەکردووە )، تەماشای کەرەکەشت کە! گەرەکمانە بتکەینە پەندێك بۆ مەردم. لەم ئێسقانانە بڕوانە چلۆن تێکیان دەخەینەوەو دەناوگۆشتیان هەڵدەکێشین.کاتێ ئەمەی بۆ دەرکەوت، وتی: وا ئێستادەزانم خوا هەموو کاری پێدەکرێ.

٨٨- فَقَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلَّا بَشَرًا مِثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلَّا الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِنْ فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ (٢٧)هود.

بَادِيَ الرَّأْيِ:لە (بدأ)ەوە هاتبێ واتە: ئەوانە بەیەکەم سەیرکردن و بێ لێکۆڵینەوە شوێنت کەوتوون.یان لە (بدا یبدو)ەوە هاتووە، واتە وەك بۆمان دەرئەکەوێ.

پیاوماقوڵانی هۆزەکەی کەخوانەناس بوون وتیان: وەك ئێمە دەتبینین، تۆش مرۆڤێکی وەك خۆمان، ئەمانەش کە شوێن تۆ کەوتوون، ڕووتەوپووتەی بێ ئاوەزن( لەوەی کە ئێمە دەیبینین و بۆمان

دەرکەوتووە ) (کە هەر لەخۆیانەوە و بێ بیرکردنەوەو قوڵ بوونەوە شوێن شت دەکەون )، نەشمان دیوە شتێکتان لەئێمە زیاتر بێ، بەڵکو ئێمە پێمان وایە درۆ دەکەن.

٨٩- إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ لِيَسُوءُوا وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا الْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا مَا عَلَوْا تَتْبِيرًا (٧)الاسراء ،
وُجُوهَكُمْ سێ مانا دەگرێتەوە کەمانای ئایەتەکە بەم جۆرەی لێدێت:ئەگەر ئێوە چاکە بکەن، چاکەبۆخۆتان دەکەن، ئەگەریش خراپەشتان کرد، خراپەکە هەربۆ خۆتانە، جا کە وادەی بەڵێنی دووەمیش هات، دیسان(عەبدە بەهێزەکانی خۆمان)دەنێرینە سەرتان واتان لێبکەن پەژارەو خەم لە رووخسارتانا دیاربێ(یان وجەهاو گەورەکانتان لەناوبەرن، یان تەواو نارەحەتتان بکەن )،تاکو بشرۆنە ناو مزگەوتی ئەقساوە، وەك چۆن یەکەمجار رۆیشتن،هەرچیە کیشیان دەسکەوێ تەفروتووناى بکەن.

٩٠- فَرَاغَ إِلَى آلِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ (٩١) مَا لَكُمْ لَا تَنْطِقُونَ (٩٢) فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ (٩٣) فَأَقْبَلُوا إِلَيْهِ يَزِفُّونَ (٩٤) قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ(٩٤) الصافات
بِالْيَمِينِ سێ مانای هەیەو تەفسیری ئایەتەکە ئاوا دەبێت:پەنامەکی (ئیبراهیم) خۆی گەیاندە بتەکانیان،لێی پرسین:ئێوە بۆناخۆن؟چیتانە بۆ قسەناکەن؟!پەنامەکی بەدەستی راست (یان بەهێزو بەقوەت،یان بۆ هێنانەدی سوێندەکەی کە پێشتر سوێندی خواردبوو بیانشکێنێ )مستێکی تێ سرەواندن،هۆزەکەی بەهەڵەداوان لێی وەکۆبوون،وتی:ئاخۆ ئێوە شتێك دەپەرستن،کەهەر خۆتان دایدەتاشن؟

٩١- وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ (٤)المدثر واتە جلەکانت (یان دڵت ) خاوێن راگرە.

٩٢- وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ (١) الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ (٢) وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ (٣) أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُمْ مَبْعُوثُونَ (٤) لِيَوْمٍ عَظِيمٍ (٥) يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (٦)المطففين

عَلَى بۆیه بەکارهاتووەو (من) بەکارنەهاتووه تا مانایەکی تریش لەخۆ بگرێت کەئەویش زاڵیّتی و دەسەلاّتیانه بەسەر ئەوانەدا کە کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵ دەکەن و ستەمیان لێدەکەن.کە ئەمەش ڕەوانبێژی قورئانەوماناکە فراوانتر دەکات.واتە: وەیل بۆ ئەوانەی تەرازووبازی دەکەن، ئەوانەی کەدەستیان دەڕواو شتێك دەکڕن زیاد بۆخۆیان دادەنێن و کەدەشفرۆشن کەم ئەدەن.

٩٣- وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَنْ نَصْبِرَ عَلَى طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنْبِتُ الْأَرْضُ مِنْ بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ اهْبِطُوا مِصْرًا فَإِنَّ لَكُمْ مَا سَأَلْتُمْ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ (٦١)البقرة

يُخْرِجْ ڕەنگە مەبەستەکە (ليخرج) بێت و لامەکە لابرابێت بۆ ئەوەی وەك ئەدەبێك بێت بەرامبەر خوا کە ئەو لامە لامی ئەمرە و ئەمر بەسەر خوادا ناکرێت، یان هەروەها بەلابردنەکەی ئەگەرێکی تری مەرج دروست دەبێت، کەئەگەر تۆ ئەی موسا دوعامان بۆ بکەیت جیاوازە لەدوعای ئێمەو خوا وەلاّمت ئەداتەوە:

(ادع ربك أن يخرج لنا مما تنبت الارض، فانك مجاب الدعاء ان تدع ربك يخرج ) لەجیاتی (أن يخرج) فعلێکی مەجزوم ی هێناوە( يُخْرِجْ )کە وەلاّمی داواکەیان بێت. بەم شێوەیە بەلابردنی لام ئەگەری دووماناا دروست بوو، کەئەگەر لای نەبردایە تەنها مانای ئەمری ئەدا بەدەستەوە.

١٤- قُلْ لِلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (١٤)الجاثية.ئەمیش بەهەمان شێوەی ئایەتەکەی پێشوو، (يغفروا) مەجزومە بەلاّمی ئەمرێکی حەزف کراو کەئەوسا ماناکەی ئەوەیە ( قل لهم ليغفروا )یان ئەوەتە وەلاّمی شەرتێکی تەقدیرکراوە ( شرط مقدر ) ( ان تقل لهم يغفروا ) ئەگەر پێیان بلێی کەخۆشبن، ئەمەش بەهۆی وەلاّمەکەوە دەردەکەوێت کەوەلاّمەکەی ئاوایە و تەقدیر دەکرێت ( قل للذين آمنوا اغفروا يغفروا ).کەواتە

ئەگەر لامەکە هەبوایە ئەوە لامی ئەمر بوو، واتە:پێیان بڵێ با خۆشبن.. بەڵام کە (لام)ەکە حەزف کراوە، ئەوا مانایەکی تریش ئەدات بەدەستەوە.

٩٥- وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ لَعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَا يُؤْمِنُونَ (٨٨)البقرة لەبەرئەوەی (قليلا) وەسفەو (موصوف)ەکەی حەزف کراوە، سێ مانا هەڵدەگرێت( فايمانا قليلا مايؤمنون )بڕوایەکی کەم دێنن ( فوقتا قليلا مايؤمنون )کاتێکی کەم بڕوادێنن( فعددا من الرجال قليلا مايؤمنون ) ژمارەیەکی کەمیان بڕوادێنن.

٩٦- إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ (٣٣)آل عمران، بەڕاستی خوا ئادەم و نوح وئالی ئیبراهیم و ئالی عیمرانی هەڵبژاردووەو فەزڵی داون بەسەر عالـەمدا. ئەگەر( من )ی بەکاربهێنایە ماناکەی دەبوو بەوەی کە هەڵیبژاردوون لە عالـەمدا.بەڵام چونکە (على) ی بەکارهێناوە، واتە: هەڵیشی بژاردون و فەزڵیشی داون بەسەر خەڵکانی تردا.

٩٧- الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ (٣)ابراهيم

واتە:(ئەوانەی فەزڵی دنیا ئەدەن بەسەر ئاخیرەتداو دنیایان خۆش دەوێت و ئەبنە لـەمپەر لە ڕێگای خواداوئەیانەوێ خواروخێچ بێ، ئەوانە لە گومرایید زۆر پێوەچوون ).

بەهۆی بەکارهێنانی (على) ووە لـەگەڵ ( يستحبون )دا، مانای ئایەتەکە خۆشویستن و فەزڵدانیش دەگرێتەوە وماناکەی فراوان دەبێت بەکەمترین عیبارەت.هەروەك لـەم ئایەتەشدا هاتووە (ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّوا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) (١٠٧)النحل

٩٨- وَنَصَرْنَاهُ مِنَ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ (٧٧)الانبياء

لەبەر ئەوەی (مِن) ی بەکارهێناوە لەجیاتی (علی) دوومانا دەگرێتەوە سەرخستن بەسەر کافراندا و رزگارکردن لە کافران.

٩٩- وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَى حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَذَا مِنْ شِيعَتِهِ وَهَذَا مِنْ عَدُوِّهِ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ فَوَكَزَهُ مُوسَى فَقَضَى عَلَيْهِ قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ (١٥)القصص.

لەبەرئەوەی بۆ (استغاثه) (علی) ی بەکارهێناوە ماناکە فراوان دەبێت (فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ مستنصرا عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ )واتە: کابرای بەنی ئیسرائیلی هانای برد بۆ موسا تارزگاری بکاو سەری بخا بەسەر دوژمنەکەیدا کەکابرای جەماعەتی فیرعەون بوو.ئەگەر (مِن)ی بەکاربهێنایە یەك مانای دەبوو کەئەویش رزگاری بکات لە فیرعەونیەکەی دوژمنیان.

١٠٠- عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا (٦)الانسان

واتە: کانییەك کە بەندەکانی خوا لێی دەخۆنەوەوتینوێتیان لێی دەشکێ وهەلێئەقوڵێنن بە هەڵقوڵاندن. ئەگەر (منه) بوایە تەنها خواردنەوە بوو، بەلآم کە (بها) ی بەکارهێناوە ماناکە فراوان دەبێت، هەروەك ئەوەی کە کانیەکە ببێت بەشتێك ئاوی پێبخۆنەوە، کەئەمەش ئێمە نازانین چۆن دەبێت چونکە شتێکی قیامەتیەو نازانین ئاو چۆن دەخۆنەوە.

١٠١- فَبِظُلْمٍ مِنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا (١٦٠)النساء/ ئەم ئایەتە دوو حەزفی تیایە:

یەکەم: (مفعول –أنفسهم–)ی حەزف کردووە، یان خۆیان یان غەیر خۆیان دوورخستۆتەوە لەرێی خوا.

دووەم: حەزفی ئەوەی کە(كثيرا) وەسفی دەکات. ئەوسا مانای ئایەتەکە ئاوا فراوان دەبێت:

[illegible]هِمْ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ خلقا كَثِيرًا:خەڵکێکی زۆریان دوورخستۆتەوە لەپەیامی خوا.

وَبِصَدِّهِمْ غيرهم عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ صدّا كَثِيرًا:خەڵکێکی زۆریان بیجگە لەخۆیان دوورخستۆتەوە لەپەیامی خوا دوور خستنەوەیەکی زۆر.

وَبِصَدِّهِمْ غيرهم عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ زمانا كَثِيرًا: خەڵکێکی زۆریان بیجگە لەخۆیان دوورخستۆتەوە لەپەیامی خوا ماوەیەکی زۆر.

وَبِصَدِّهِمْ أنفسهم عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ صدا كَثِيرًا:خۆیان دوورخستۆتەوە لەپەیامی خوا دوور خستنەوەیەکی زۆر

وَبِصَدِّهِمْ أنفسهم عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ زمانا كَثِيرًا.**ماوەیەك** و سەردەمانێکی زۆر لە پەیامی خوا خۆیان لاداوەودوورکەوتوونەتەوە.

١٠٢- وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (١٥٥) الانعام کرداری (اتقوا) مەفعولەکەی نەهێنراوە بۆیە ماناکەی فراوان دەبێت وەك لە چەند ئایەتی تردا هاتووە:

خۆتان بپارێزن لە فیتنە یان لە سزای خوا یا لە خوا بترسن وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (١٨٩)البقرة

فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ (٢٤)البقرة

وَاتَّقُوا يَوْمًا لَا تَجْزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنْصَرُونَ (٤٨)البقرة

وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٢٥)الانفال

١٠٣- عَفَا اللَّهُ عَنْكَ لِمَ أَذِنْتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ (٤٣)التوبة

واته: خوا بت بەخشێ! بۆچ ئیزنت دان؟ راوەستابای هەتا بۆت رۆشن دەبۆوە،کێ راستدەکات و درۆزنەکانیش بناسی.( ئیزنی چی داوە؟)

ئەمە دوومانا دەگرێتەوە کە بۆ ئیزنی دووڕووەکانتدا بمێننەوەو نەیەن بۆ غەزا، یان بۆ رێت دا کە دووڕووەکان هەندێکیان بێن بۆغەزا کە هاتنیان زیان بوو بۆ سوپای ئیسلام.

**١٠٤- وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الْأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى بَلْ لِلَّهِ الْأَمْرُ جَمِيعًا أَفَلَمْ يَيْئَسِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنْ لَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا وَلَا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُوا تُصِيبُهُمْ بِمَا صَنَعُوا قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِنْ دَارِهِمْ حَتَّى يَأْتِيَ وَعْدُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ (٣١)الرعد**

وەلامی شەرتەکە **(لو)** حەزف کراوە تەقدیر دەکرێت بە **(لكان هذا القرآن)** یان **(لم يؤمنوا )** بەمەش ماناکە فراوانتر دەبێت:ئەگەر قورئانێ واش هەبا کەژی لەجێ لابردبان، یان زەوی پێ لەت کرابا، یا مردووی وەقسە هێنابان (ئەوا هەر ئەم قورئانە دەبوو، بەلام دیارە خوا قورئانی بۆ ئەو جۆرە کارانە نەناردووە، یان قورئان ئەوەشی بکردایە هەر ئیمانیان نەدەهێنا )هەموو کار هەر بەدەس خودان.

بۆچی خاوەنباوەڕان ئەوە نازانن،ئەگەر خودا حەزی لێ با، گش مەردمی شارەزای راستە رێ دەکرد.خودا نەناسەکانیش هەر لەبەر کارو کردەوەیان گرفتاری بەلایەکی دژواردەبن، یان هەر لەپەنا مالّی خۆیان ئەو بەلایە دێتە سەریان، تا ئەو کاتەی بەلێنی خوا دێتە جێ. دیارە خوداش لە بەلێنی خۆی لانادات.

**١٠٥- وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُ وَمَا هَدَى (٧٩)طه**

**وَمَا هَدَى** واتە **وماهداهم،** بەلام **(هم)** لابراوە لەبەر هاتنەوەی کۆتایی ئایەتەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ماناکەی فراوان کردووە، کە فیرعەون نەگەلەکەی و نەکەسانی تریشی رێنمایی نەکردووە.

**ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى (١٢٢)طه**

وَهَدَى واته هداه، بەلاّم ئەمیش لەبەر خاتری کۆتایی ئایەتەکە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ماناکەی فراوان بووە بەوەی کەخوا هیدایەتی ئادەم بەتایبەتی و خەڵکانیشی داوە بەگشتی.

١٠٦- وكَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَنْ مِنْ بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ (٥٨)القصص

إِلَّا قَلِيلًا سیٚ مانا ئەدات بەدەستەوە (الا زمنا قليلا) و (الا سكنا قليلا، باعتبار قلة الساكنين) و(الا قليلا من المساكن ).

واتە:چەندە شاریشمان قڕکرد کە خەڵکەکەی سەرمەست و لە سنوور دەرچووبوون، ئەمەش ماڵەکانیانە کەلەدوای ئەوان (کەسانێکی کەم نەبیٚ، بۆ کاتێکی کەم نەبیٚ، چەند خانوویەکی کەم نەبیٚ ) تیایانا نیشتەجیٚ نەبوون، وهەربۆ خۆمان ماونەتەوە و ئێمە میراتگریان بووین.

١٠٧- أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى (٦) وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى (٧) وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى (٨)(الضحى)/ فَآوَى/ فَهَدَى/ فَأَغْنَى/(ك) خیتاب تیایاندا حەزف کراوە، لەلایەك بۆ موراعاتی کۆتایی ئایەتەکان تاوەکو یەك بن، هەروەها بۆ فراوانبوونی ماناکانیشیان کەدەکریٚ بەم جۆرە بن (فَآوَاك/ فَهَدَاك/ فَأَغْنَاك )، یان (فَآوَى بك/ فَهَدَى بك/ فَأَغْنَى بك )یان(فَآوَى لك/ فَهَدَى لك/ فَأَغْنَى لك).

١٠٨- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّى تَغْتَسِلُوا/النساء ٤٣

لێرەدا (الصلاة ) مەبەست نوێژ و شوێنی نوێژیشە کە مزگەوتە، مانای یەکەم بۆ (حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ) ە و

مانای دووەمیش بۆ(إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ)ە واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە نزیکی نوێژمەبنەوە کاتێك ئێوە سەرخۆش بن،هەتا بزانن چی دەڵێن، هەروەها نزیکی شوێنی نوێژ مەبنەوە کە لەشتان بێنوێژوگرانە مەگەر بەمزگەوتەکەدا تێپەڕن.هەتا خۆتان دەشۆن..

١٠٩- أَقِمِ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا (٧٨)الاسراء

وَقُرْآنَ الْفَجْرِ مەبەست قورئان خوێندن و نوێژی بەیانیانیشە.

واتە: لەو ماوەی خۆر کلا دەبێ هەتا تاریکانی شەوێ نوێژێ بکەو،قورئان خوێندنی سپێدەشت لە نوێژدا، کە بەڕاستی قورئان خوێندن و نوێژی سپێدە فریشتەکانی شەوو رۆژ ئاگادارن پێی..

١١٠- وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (١١٥)هود

خوا پاداشتی موحسینەکان زایە ناکات ماناکە فراواتربووە لەوەی کەبیفەرمووایە خوا پاداشتی ئارامگران زایە ناکات. لەم ئایەتەشدا بەهەمان شێوەمانا فراوان بووە کە پاداشت بۆ هەموو موحسینەکانە( إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا) (٣٠)الكهف

١١١- فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ (١٠)البقرة

فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا دەگونجێ هەواڵێك بێت لەخواوە کەنەخۆشی گومان و دوودڵی دووڕووەکان خودا زیادی دەکا بۆیان.هەروەها دەنگونجێ دوعا لێکردن بێت کە خوا نەخۆشیەکەیان بۆ زیادبکات.

١١٢- وَإِنْ يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَانًا مَرِيدًا (١١٧) لَعَنَهُ اللَّهُ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا (١١٨)النساء

لَعَنَهُ اللَّهُ دەگونجێ هەواڵێك بێت لەخواوە کەشەیتان نەفرەتی لێکراوە، یان دوعا لێکردن بێت بەمانای خوا نەفرەتی لێبکات.واتە:هانا دەبەنە بەر ئەو شەیتانەی سەربزێوی کردووەودەرکراوە، خوا بەنەحلەتی کردووە(یان خوا نەحلەتی لێبکات) و ئەویش وتوویەتی: شەرتە لە عەبدەکانی تۆ بەشێك بۆلای خۆم بەرم.

١١٣- قَالَ رَجُلَانِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُوا عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٢٣)المائدة

أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا دەگونجێ رستەیەکی (خەبەری ) بێت واتە خوا نیعمەتی بەسەرا رشتوون.یان رستەیەکی (ئینشائیە) واتە خوا نیعمەتیان بەسەرا بڕژێنێ.

واتە: دوو پیاو لەوانە وا لەخوا دەترسان و بەرچاکەی خوا کەوتبوون (یان خواچاکەیان لەگەڵ بکات)، پێیان وتن: لەدەروازەی شار بچنە ژوورەوە و هێرشیان بۆ بەرن، هەرگا پێتان خستە ئەودیو، سەرکەوتن بەشی ئێوەیە، ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخوا هەیە پشت بەخوا ببەستن.

١١٤- وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ(٦٤)المائدة

غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا ئەمیش بەهەمان شێوەی ئایەتەکەی پێشەوە دەکرێت خەبەردان بێت و دەکرێت دوعا لێکردن بێت کەبەم شێوازەش ماناکە فراوان دەبێت. واتە:جوو وتیان: خوا دەستی بەستراوە.دەك دەستیان لەزنجیرخرێو بەنەحلەت بن (یان دەستیان لەزنجیرابوو نەحلەتیان لێکرا)،بۆئەوەی لەدەمیان دەرچوو، بابزانن دەستی خودا زۆر گوشادن، چۆن خۆی ئارەزوو بکات بەخت دەکا.

***

## موعجیزەی هەتاهەتایی

قورئان هەندێ وشەی هێناوە کە چەند مانایەکی هەیەو بەپێی شوێن وکات و پێشکەوتنی زانستی زیاتر ماناکانی ئاشکرادەبن و مرۆڤەکان باشتر تێی ئەگەن.هەروەك لـەم ئایەتانەدا دەردەکەوێت:

١-تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُنِيرًا (٦١)الفرقان /

٢-وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا (٣٠)

٣- وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٨)النحل.لـەم سێ ئایەتەدا بەپێی هەرزەمانێك و پێشکەوتنێك مانای روونترو زیاتریان دەردەکەوێت.

سراجا منیرا، بۆ چەند سەدەیەك لـەمەوبەر، کەسێك کەخوێندویەتیەوە ئەوەی لێتێگەیشتووە کەمانگ و خۆر روونکیان هەیەو دەگاتە زەوی، بەڵام لـەم سەردەمانەی دواییدا کەزانست پێشکەوت، دەرکەوت، کەخۆر رووناکی و گەرمی دەبەخشێ وەك چرایەك و، مانگیش رووناکی عەکس دەکاتەوە، کەئەمەش لـەزمانی عەرەبیدا بوونی هەیەو سراج بۆ خۆر راستەو مانگیش ( منیر)ە کەدەڵێن ژوورێك مونیرە واتە خۆی تاریکەو رووناکی ئەو چرایەی لـەناویدایە عەکسی دەکاتەوە.

یان وشەی (دحاها) کەمانای:راخستن و درێژبوونەوە دەگرێتەوە و کەسێکی چەند سەدەیە لـەمەوبەر زەوی وا ئەبینێت، بەڵام مانای خڕێتیش دەگرێتەوە کە بۆ ئەم سەردەمە مانایەکی گونجاوە کەزەوی وەك تۆپێکی خڕوایە.

ئەسپ وئێسترو گوێدرێژ، هەم بۆ سواری و هەم بۆ خۆ بەجوان ڕانانی ئێوە چێکرد، شتی وەهاش دروست دەکا کە نایزانن.(ویخلق مالا تعلمون ) لـەم سەدانەی دواییدا مرۆڤ زیاتر تێی دەگات کە دەبینێ چەندەها هۆکاری گواستنەوە پەیدابوون،وەك ئوتۆمبیل و فڕۆکەو کەشتی گەورەو...هتد.

## تەفسیرە کوردییەکان

ئەوەندەی من سەرنجم داوە نووسەر زۆرن،بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کوردیەکی باش و تەواو دەزانن کەمن، بەتایبەت نووسەرە ئیسلامیەکان، هەیە کتێبێك دەخوێنیتەوەو دووکتێب دەنووسێت بە

زمانە کوردیەکەی گوێ ئاگردانەکەی ماڵی خۆیان! بەراستی زۆرمان وەك پێویست کوردی نازانین، زۆربەی نەوەی نوێش نەك هەرکوردی نازانن بەڵکو هەر ناشخوێننەوە!

کەسانێك لەبواری زمانی کوردیدا خزمەتی باشیان کردووە، وەك شێخ محمدی خاڵ و سەجادی و هەژارو...هتد کە زەحمەتە بەئاسانی جێیان پڕببێتەوە.

شێخ محمدی خاڵ شارەزا بوو لە ئیسلامداو کوردیەکی باشیشی دەزانی و خاوەنی فەرهەنگەو سەنگی خۆی هەیە لە بواری ئەدەبیدا، ڕەحمەتی تەفسیری خاڵی نووسی و چەند بەرگێکی کەم فریاکەوت و کۆچی دوایی کرد، کەبەداخەوە ئەگەر هەموو قورئانی تەفسیر بکردایە زۆر سوودمان لێوەردەگرت.

هەژار بە ڕەحمەت بێت لە بواری نووسین و ئەدەبدا وێنەی کەمە لە کوردا چونکە شارەزاییەکی باشی هەبوو لە کوردی و عەرەبی و فارسی دا، زۆر بەرهەمی جوانی پێشکەش کرد. لەسەر هاندانی ناسیاوێکی کۆتایی نووسین و ژیانی هێنا بە وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانی کوردی کە بەڕاستی شاکارێکە هەقە خەڵاتی ئەدەبی لەسەر وەرگرێت( هەرچەند ڕەنگە لەهەندێ ئایەتدا مامۆستا نەپپێکابێت )، ئەوەی ناوبراو کردویەتی هەقە هەموو کوردێك بیخوێنێتەوە تا شارەزای قورئان لە لایەك و شارەزای زمانی کوردی ببێت لەلایەکی ترەوە. لێرەدا چەند نموونەیەکی تەفسیرەکەی دێنم:

١- وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ هود:٤٤ ئەوجا گوترا زەمین ئاوت هەڵقورێنە، بەرزایی بەس بارێنە، ئاو ڕۆچوو بە ناخی ئاخاو، کار سەری گرت، لەسەر جوودی لەنگەری گرت، وترا تارن ئەوانەی ناهەقی کارن.

٢- قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (٢٠) قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا (٢١) آل عمران:٤٧، مەریەم وتی: ئەی پەروەرندەی من!جا چلۆن من کوڕم دەبێ، هیچ مرۆیەك تا ویسا تخوونم نەبووە؟ گوتی:خودا هەرچی حەزکا بەدی دێنێ، هەرکە ویستی کارێك ببێ، هەر پێی ئێژێ: ببە دەبێ.

٣- إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٣٣) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ(٣٤)

سزای ئەو کەسانەی دژایەتی خوداو پێغەمبەری دەکەن، لەعەرزا دەبنە خراپکار، کوژرانە یان لەدارادانە یان برینی دەست و قاچە پێچەوانە، یان لە ولاّت دوورخرانە، کە ئەم سزایە بۆ ئەوان ریسوابوونە لەدونیاداو بەشیان لەرۆژی سەلاّدا جەزرەبەدانی بەژانە.مەگین ئەوانەی بەر لەوە گیرتان کەون، لەکار پەژیوان بینەوەو تەوبە بکەن، ئێوەش پێویستە بزانن کە لەپاش پەژیوان بونیان خودا لە گوناه دەبورێ و دلۆڤانە.

٤- قَالَتْ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنْتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّى تَشْهَدُونِ (٣٢) قَالُوا نَحْنُ أُولُو قُوَّةٍ وَأُولُو بَأْسٍ شَدِيدٍ وَالْأَمْرُ إِلَيْكِ فَانْظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ (٣٣) قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ (٣٤) واتە:وێ گوت: ئەی پیاوماقولاّن! ئێوە دەربارەی ئەم کارەم، پێژن چبکەم؟هەتا ئێوە کۆنەبنەوە بریاری هیچ کارێ نادەم.گوتیان: ئێمە هەم بەهێزین هەم زۆر بوێر، فەرمانیش هەر بەدەس خۆتە. تۆ بۆخۆت بروانە چ فەرمانێك دەدەی.وێ گوت: گەلی پادشایان بچنە ناو هەر شارێکەوە، تێکی دەدەن، خەڵکەکەی هەرکام بەگەورە ناوی هەبێ سووکایەتی بەسەر دێنن و ئەو تەرزە کارانە دەکەن.

٥-قَالَ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ (٣٨)

سولەیمان فەرمووی: ئەی گەلی دیوانێ! بەرلەوەی بێنە ئامانێ، کێو دەتوانێ تەختی ئەو ژنەم بۆ بێنێ؟ من بۆخۆم بروانا کەم هیچ کوردێ بتوانێ ئاوا بەو کوردیە پەتیە جوانە ئەو ئایەتانە ئاوا تەفسیر بکات، بۆیە دوعادەکەم کەخوای گەورە بەهەشت بکاتە جێی مامۆستا هەژاری کوردی زان.

بەراستی یەکێ لە موعجیزەکانی قورئان رەوانبێژیەکەیەتی کە هەموو عەرەب لە ئاستیا دەستەوسان بوون، بۆیە بەراستی هەق وایە ئەو بەرێزانەی کە تەفسیری قورئان دەکەن ئاگایان لەو لایەنە بێت، مامۆستایەکی بەرێزی ئێرانی بە دوانزە ساڵ تەفسیرێکی نووسیوە، دڵم خۆش بوو سابەڵکو شتێکی

تـازەی هێنابێـت کەچـی تەفسـیرەکەی پێویسـتی بـە پێداچـوونەوە هەیـە، بۆنموونـە ئـەم ئایەتـەی ئـاوا تەفسیرکردووە:

**أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَتْ تِجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ (١٦)البقرة**

هـەر ئـا ئـەو کەسـانەش بـوون کـە گومڕاییـان بـە شـارەزایی گۆڕیـەوە و، جـا نـە بازرگانیەکەشـیان قازانجی کرد، نە ڕێنمـوون و شـارەزابوون.بـەڵای منـەوە باشـتر بـوو بیوتایـە: ئەمانـە ئەوانـەن کـە گومڕاییـان کـڕی بـە ڕێنمـونی و هیدایـەت نـەك هـەر بازرگانیەکـەیان قـازانجی نـەکرد بـەڵکو سەرمایەکەشـیان دانـا کـە هیدایەتەکـەبوو.یـان لـەتەفسـیری ئـەم ئایەتـەدا دەڵێـت: **ثُمَّ بَعَثْنَاكُمْ مِنْ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (٥٦)البقرة**

پاشـان دوای مـردن زینـدومان کردنـەوە، دەبوایـە بیوتایـە: پاشـان دوای مردنتـان زینـدوومان کردنەوە.(تەفسیری تیشکێ لـە قورئانی پیرۆز /مامۆستا ئیبراهیم مەردۆخی )

جا ئەگەر کوردی زانێـك بەوتەفسـیرەو ئـەوانی تریشـدا بچێتەوە بـۆی دەردەکـەوێت کـە زۆرمـان مـاوە بگەینـە تەفسـیرێکی نموونـەیی، هەرچـەند هـەموو ئـەو مامۆسـتا بەڕێزانـەی تەفسـیریان نووسـیوە بـەکوردی ماندووبوون و پاداشتی نەبڕاوەیان لای خوایە و جێی ڕێزو تەقدیرن.

مامۆسـتا محمـد عـەلی قـەرەداخی بابـەتێکی بڵاوکـردەوە بـەناوی فریـای زمـانی کـوردی بکـەون، تیایـا تەفسـیری ئاسـان هەڵدەسـەنگێنێت کـەزیاتر لـە سـێ جـار چـاپ کـراوە و لـەزۆرماڵـدا هەیـە، زۆر تێبینـی جوانی پێشکەش کردووە کەبەڕاستی هەقـە مامۆستا بورهـان ئـەمینی بـە جـدی کـاری لەسـەر بکـات و، من بۆخۆشـم بـە مامۆسـتا بورهـانم وت: تەفسـیرەکەت کـارێکی مەزنـەو خۆزگـە هـەتاماویت خـەریکی پیاچـوونەوەو هەڵـەبڕی تەفسـیرەکەت دەبوویـت بـۆ ئـەوەی ببێتـە تەفسـیرێکی نموونـەیی.مامۆسـتاش تەفسـیری ڕەوشـەن ی نووسـیەوەو وەك خـۆی دەڵـێ پـاش دەسـاڵ زیـاتر لـەتەفسـیری ئاسان بـە ئـەزموون و شارەزاییەکی زیاترەوە ئەو تەفسیرە نوێیەی ئامادەکردووە کەدیارە زۆر لەوەی یەکەم باشترە.

لای عەرەبـەکانیش سـەدان تەفسـیر هـەن لـەکۆن ونوێـدا،بـەڵام بەشـایەتی زۆر لەشـارەزایانی بـواری ئـەدەب تەفسـیری (فـی ظـلال القـرآن ) سەردەسـتەیانەو فـەتحێکی گـەورەی ئیسـلام بـوو لـەسـەدەی بیسـت دا، ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ فـەزڵ و میهرەبـانی خـوا لـە پـێش هەمووشـتێکداو پاشـان شـارەزایی تـەواوی

ماموّستا سـەید لـەبواری ئەدەبـدا، هـەروەها دەگەڕێتـەوە بـۆ ژیـانی نـاوبراو لـەژێر سـێبەری قورئانـداو پاشـان شەهیدبوونی لەورێیەدا.

## تازەترین ئیعجازی قورئانی

کاتێك پارچە نەیزەکەکە لەباشوری ڕووسیا کەوتە خوارەوە شێوەی هەورێکی کەڵەکەبووی وەرگرتووە، کەئەمەش قورئان ئاماژەی بۆ کردووە.{وَإِن يَرَوْا كِسْفاً مِّنَ السَّمَاءِ سَاقِطاً يَقُولُوا سَحَابٌ مَّرْكُومٌ } طور ٤٤. واتە: ئەگەر پارچەیەك لە ئاسمان ببینن بکەوێتە خوارەوە دەڵێن: ئەمە هەورێکی کەڵەکەبووە.هەروەها دەفەرموێت (أم أمنتم من في السماء أن يرسل عليكم حاصبا فستعلمون كيف نذير). واتە: ئایا دڵنیان و ئەمینن کە ئەو خوایەی لە ئاسمانە پارچە بەردتان بۆ بارێنێت، ئەو دەمە تێدەگەن هەڕەشەی ئێمە چۆنە.

## لوقمانی حەکیم

قورئانی پیرۆز باسی کەسایەتیەك دەکات کەناوی (لوقمان)ەودانای سەردەمی خۆی بووە و خوای گەورە سورەتێکیشی بەناوەوە ناو ناوە. نەپەڕاوی پیرۆزی جولەکە و گاور باسی ئەم لوقمانی حەکیمەیان نەکردووە، کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان لەو پەڕاوانەوە وەرنەگیراوە و خوای گەورە بەزانستی بێ پایانی خۆی دابەزاندوّتە سەردڵی چاکترینی بەرەی ئادەمی (ولقد آتينا لقمان الحكمة أن اشكر لله) لوقمان ١٢.پەند و ئامۆژگارییە پەروەردەییەکانیشی:

١- جەخت کردنە سەر یەکتاپەرستی(إن الشرك لظلم عظيم)لوقمان ١٣

٢- چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوکدا تەنانەت ئەگەر بێباوەڕیش بن.

٣- هەست کردن بە ئاگالێبوونی خواو (چاودێری) بۆ هەموو نهێنی و ئاشکرایەك (يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ)لوقمان ١٦.

٤- فەرماندان بەنوێژ وفەرمان بەچاکە وجڵەوگیری لە خراپە و ئارامگرتن.

## جێگیربوونی قورئان لەدڵدا

دابەزینی قورئان وجێگیربوونی لەدڵی خۆشەویستدا (د.خ) موعجیزەیەکی گەورەیە، کەلەسەرەتاوە قورئان دابەزی بەپەلە دەیووتەوەو دەترسا بۆی زەبت نەبێت، خوای گەورەش پێی فەرموو:تۆ خەمت نەبێت ئێمە لەدڵتا دەیچەسپێنین و بە پەلەپەل مەیلێرەوە ( لَا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ (١٦) إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ (١٧) فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ (١٨) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ (١٩)القيامة.

خوای گەورە بەفەزڵی خۆی بۆ هەندێ کەس لەبەر هەرحیکمەتێك بێت هەموو قورئانی خستۆتە دڵیەوە،بۆنموونە:

١-مەلا صالح

لەسالانی هەشتاکاندا برادەرێك لەکەرکوك بۆی گێرامەوە کە گۆشت فرۆشێك بەناوی (صالح) کەسێکی دوور لە خوابوو،هەردووچاوی کوێربوو، هەرچی دکتۆرو دەرمانیان بۆ بەکارهێنا سوودی نەبوو، ئەیبەن بۆ مزگەوتی شێخ عبدالقادری گەیلانی لەبەغدا، لەوێ خەوی لێدەکەوێ و لەخەویا پێی دەڵێن: ئەتەوێ چاوت چاك بێتەوە یان هەموو قورئان بێتە بەرت، ئەویش دەڵێت:قورئانەکەم دەوێت. کەخەبەری دەبێتەوە بەفەزڵی خوا هەمووقورئانی دێتەبەرو ئیتر ئەشبێت بەمامۆستای حافزەکانی ترو خزمەتێکی باش بە قورئان دەکات.

٢-کورێکی مەنگۆل

مانگی یانزەی ٢٠١٣ برادەرێك لەکەرکوکەوە خۆی و کورەکەی هاتن بۆ سلێمانی، کورەکەی مەنگۆلەوە هەرلەمنالیەوە قسەی بەتێکەڵ وپێکەڵی دەکردو بردیانە لای چەند دکتۆرو هیچ سوودی نەبوو.لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لەگەڵ باوکیدا دەچێت بۆ نوێژی هەینی و مامۆستا هەڵە ئەکات لەئایەتێکداومناڵەکەش بەباوکی دەڵێت: مامۆستا هەڵەی کرد، دەڵێ: چووزانیت؟؟

دەڵێ: هەموویم لەبەرەو خۆشەویست هاتۆتە خەوم و دەستی هێناوە بەسنگمداو هەموو قورئان هاتۆتە بەرم.

٣- شێخ جەمیلی باریێ

مامۆستا مەلا ئیسماعیلی دێرێ دەڵێ:شێخ جەمیلی بارێی بچووك، باوكی مەلافاتیح كەلەنەوەی مەلا موسای تەوەكەڵە نەخوێندەواربووە، كە مامۆستا قورئانی بخوێندایەوەهەڵەیەكی بكردایە ئەم ئاگاداری دەكردەوە، لێیان پرسی چۆن ئەزانی مامۆستا هەڵەی كردووە، وتی:كەبەڕاستی بیخوێنێ كارلەدڵم دەكات و كە ناڕاست بیخوێنێ ئەو كاریگەرەی نابێت.

٤- حسێن عەبدەلی:

لە پێشبڕكێی نێودەوڵەتی قورئان لەدوبەی ئەمساڵ ٢٠١٣ كوڕێك بەناوی حسێن عەدنان عەبدەلی بەشداری كرد كە تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو، مامی لەگەڵی هاتبوو،مامۆستای قورئانخوێن شێرزاد عبدالرحمان ئیمتحانی كرد، كەبووە مایەی سەرسامبوونی هەموو ئامادەبووان.

مامی وتی: كاتێك حسێن لەدایك بوو ساڵی ١٩٨٣ لە فەلوجە، هەستیان كرد جووڵەی نیەو ناگری، بردیانە لای دكتۆر كمال الگویل و دچەند دكتۆرێكی پسپۆڕو هەموو وتیان حسێن شەلەلی دەماغی هەیەو ئەگەر لەداهاتووشدا ناوی خۆی فێربێت موعجیزەیە.ئیتر باوكی و كەسو كاری بێ ئومێد دەبن لە دكتۆرو دەرمان هەموو هیوایان قابی رەحمەتی خوادەبێت.

شەوێكیان خۆشەویست لەخەودا بەباوكی دەڵێت: ئەوە بۆ بێتاقەتی؟؟ ئەویش دەڵێت: حسێن شەلەلی دەماخێتی و دكتۆر ئیزنی داوین. ئەویش دەفەرموێت: ئادەی بۆم بهێنە. باوكی لەخەوەكەدا دەزانێ خەوەو دەترسێت خەبەری بێتەوە، بەخێرایی حسێن دەباتە بەردەستی، ئەویش دەستی موبارەكی دەهێنێ بەسنگیاو هەندێ دوعای بۆ دەكاو دەفەرموێت: حسێن چاكیش دەبێت و (شـأن)ێكیشی دەبێت.

دوای ئەم خەوە وردە وردە حسێن جوولەی تێکەوت و گەورەبوو، ئەمانیش کەم کەم شتیان فێردەکرد،هەموو رۆژێك بەومناڵیە قورئانی دەگرت بەدەستەوەو ئەمەندە پەڕەکانی هەڵدەدایەوەو سەیری دەکرد قورئانەکە ئەدرا بەدەستیەوەو کەدەشنوست قورئانەکە بەسەر سنگیەوە بوو.

لەتەمەنی پێنج ساڵ و نیودا لە نوێژی هەینیدا وتاربێژ ئایەتێك دەخوێنێ و دەڵێ (سورەتی بەقەرە ئایەتی ١٠٠) ئەمیش لەلاوە دەڵێت: باوکە ئەو ئایەتە سوورەتی (ئال عیمرانە ئایەتی ١٠٠)، باوکیشی دەڵێت: چوزانیت؟؟ دەڵێ: هەموویم لەبەرە.

مامۆستا شێرزاد کۆمەڵێك پرسیاری لێدەکات وئەویش کەوەك کۆمپیوتەر هەمووی لەمێشکیدا خەزنەو یەکسەر وەڵام ئەداتەوە وئەمەش هەمووئامادەبوانی سەرسام کرد.




***

٥-سەرکردەیەکی کۆمۆنیست

دکتۆر صباح بەرزنجی دەڵێ: یەکێ لەسەرکردەکانی کۆمۆنیستەکان شەوێك گوێی لەم ئایەتە ئەبێت لەرادیۆیەکەوە ( وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (٣٤)لوقمان

ئەویش دەڵێت:جا ئەوەچییە،بۆ نازانم چی دەبێت و چی پەیدادەکەم، من سبەینێ ئەچم بۆ کارو وەك هەموو رۆژێك پارەی خۆم پەیدادەکەم، کەچی سبحان اللە بەیانی کەرۆژ بووەوە ٣١ی ئاب بووساڵی ١٩٩٦، ئەوە قەوما کە لەبیری کەسدا نەبوو، ئەمە ئەبێت بەدەرس بۆی و بڕوا بە قورئان دەکات و وازی لەکۆمۆنیستی هێناو چووە لای برادەرەکانی و وتی: نەئەتانناسم و نە ئەمنناسن وئیتر من تەواو لەگەڵتانا.

٦-بانگخواز ناسرەوێت:

خوای گەورە داوای لێکردوین کە ژیان ومردنمان بۆ خوا بێت و مەشخەڵ بەدەستی ئەم پەیامە خواییە بین و(نوح) ئاسا شەورۆژو بەنهێنی و بەئاشکرا لەهەوڵدابین( قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا (٥) فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلَّا فِرَارًا(٦) وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوا أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ وَاسْتَغْشَوْا ثِيَابَهُمْ وَأَصَرُّوا وَاسْتَكْبَرُوا اسْتِكْبَارًا (٧) ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا (٨) ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنْتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا (٩) ) نوح.

سەیرکەن یەکێ لەو بانگخوازە کوردانەی کە ئەمەی جێبەجێکردووە:

١-بێجگە لەوەی بەردەوام وتار ئەدات لەمزگەوت و هۆکارەکانی راگەیاندندا، پار دەشەوی دوایی رەمەزان بەگەشتێك لەگەڵ براکەیدا دەچن بۆ ئەو دیوو لە چەند مزگەوتێك لەشارە کوردەکان وتاری بەهێز ئەدات و بەپەلە دەگەرێتەوە چونکە دۆستێك ئاگاداری دەکات کەچاویان لەسەرێتی بەدوایەوەن نەك بیگرن.

٢- ئەم بانگخوازە لە سۆدان دکتۆرا دەخوێنێ و برادەرێکی کۆنغۆیی کۆنغۆیی دەبێتە هاوەڵی وکچی موفتی کۆنغۆی بۆ دێنێت کە هەزار دۆلاری تێدەچێت و مزگەوتێکیشی بۆ دروست دەکات، خەستەخانەیەکیش بۆ دکتۆرێکی موسڵمان دەکاتەوە بەتەنیشت مزگەوتەکەوە تا لەرێی خزمەتەوە ئیسلام بلاوبکەنەوە وبیانهێنن بەرەو مزگەوت.

٣-ئەم بانگخوازە کۆمەڵەیەکی هەیەو لەو رێیەشەوە خزمەت دەکاو خۆی بەبچوك و خزمەتکاری هەموو موسڵمانان دەزانێت، بۆیە وتارەکانی خەڵکێکی زۆر گوێی بۆدەگرن و تەوفیقات دیارە بەکارەکانیەوە.

## ئەمڕۆی سپێدە

لەبەرنامەی ئەمڕۆی سپێدەدا بەشداریم کردبۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە:

١-پەیوەندی رەمەزان و قورئان چییە؟؟

قورئان لەمانگی رەمەزاندا دابەزیوە لە شەوێکی پیرۆزی پڕ خێرو بەرەکەتدا، کە قورئان خۆی باسی دەکات و دەفەرموێت: (شهر رمضان الذي أنزل فية القرآن هدى للناس وبينات من الهدى والفرقان) البقرة:١٨٥، قال الحافظ ابن كثير" :وكان ذلك -أي إنزال القرآن- في شهر رمضان في ليلة القدر منة، كما قال تعالى :إنا أنزلناه في ليلة القدر، وقال سبحانة: إنا أنزلناه في ليلة مباركة.

٢-پێغەمبەری خوا (د.خ)لەرەمەزاندا چۆن گرنگی داوە بەقورئان.

هەموو شەوێکی رەمەزان جوبرائیل سەلامی خوای لیبێت دەهاتە لای پێغەمبەر(د.خ) و موراجەعەی قورئانی پێدەکردەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە تەراویح وشەونوێژدا قورئانی زۆری دەخوێند، هەروەها دەشەوی کۆتایش لەمزگەوتا دەمایەوەو ئیعتیکافی دەکرد و دیارە زۆربەی ئەو کاتی مانەوەیەشی هەر قورئانی دەخوێند.

٣- پیاوباشان چۆن گرنگیان داوە بەقورئان لە رەمەزاندا:

هاوەڵان و پیاوباشان لەرەمەزاندا قورئانیان زیاتر خوێندووە، دەڵێن: ئیمام مالیك كە رەمەزان دەهات، وازی لەوانەوتنەوە دەهێناو زۆربەی كاتەكانی قورئانی دەخوێند،هەروەها سوفیانی سەوریش هەمان شتی دەكرد، لە زانایانی سەردەمیشدا هی وایان هەیە كە رۆژی دە جزم قورئانی خوێندووە وەك ئبن عسێمین و زۆری تریش.

ئەوەمان بیر نەچێت: كە قورئان و رۆژوو هەردوكیان تكاكارن بۆ بڕوادار لە قیامەتدا.

٤-بەڕێزتان چۆن بۆ مەسەلەی رۆژوو دەڕوانن:

من خوێندنەوەیەكی ترم هەیە بۆ رۆژوو، پێغەمبەر (د.خ) دووشەممان بەڕۆژوو دەبوو، فەرمووی لە دووشەممەدا لە دایكبووم و لە دووشەممەدا بووم بە پێغەمبەرو قورئانم بۆ هاتووە.هەروەك ئەوەی كە بەرۆژوو بوونەكەی سوپاسگوزاری بێت بۆ دابەزینی قورئان.

یان كە تاسوعاو عاشورا بەرۆژوو بوو وەك شوكرو سوپاسێك بۆ خوا كە پێغەمبەر موسای رزگاركرد لە دەست فیرعەون، كەواتە دەكرێ بڵێین: رۆژووی ئوممەت هەمووی بۆ سوپاسكردنی خوایە كە خوای گەورە خەڵاتی كردوون بە قورئان، كە گەورەترین بەخششی خوایە بۆ مرۆڤایەتی.

٥- قورئان چۆن بڕوادار بەرزدەكاتەوە:

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: خوای گەورە بەم پەڕاوە كەسانێك پایەبەرز دەكات و كەسانێكیش نزم دەكاتەوە.

هەروەها دەفەرموێت:ئەوەی قورئان بخوێنێ و كاری پێبكات وەك لیمۆ وایە بۆن و تامی خۆشە، ئەوەی نەیخوێنێ و كاری پێبكات وەك خورما وایە تامی خۆشەو بۆنی نیە، ئەو دووڕووەش كە دەیخوێنێ و كاری پێناكات وەك ڕێحانەیە بۆنی خۆشەو تامی تاڵە، ئەو دووڕووەش كەنایخوێنێ و كاریشی پێناكات وەك گوژاڵكە كەتامی تاڵەو بۆنیشی ناخۆشە.

هەندێ جار وەك كەرامەتێك ئەو بۆنە هەست پێدەكرێت: بۆ نموونە: سەعد بەتاوی كە عەلی جابری قورئانخوێنی حەرەمی شت و ناشتی دەڵێت: ناوبراو قەبرەكەی بۆنی میسكی لێدەهات.هەروەها ئافرەتێك بەناوی ئەمەل محمد النقبی كەخەڵكی شاریقەیە ساڵی ٢٠١٠ لەتەمەنی ٣١ ساڵیدا وەفاتی كرد ئافرەتێكی بۆ خوا سوڵحاوی قورئان خوێن بوو، مامۆستابوو پەروەردەی ئیسلامی دەوتەوە، كە

مێردەکەی و چەند کەسی تر چوونە سەر قەبرەکەی سەیریان کرد گڵی سەر قەبرەکەی بۆنی گوڵاوی لێدێت.

## دوا وتە

وا چل وپێنج ساڵە لە خزمەت قورئاندام و ئەوی لەم ماوە دووروودرێژەدا فێری بووم هەوڵم داوە لەرێی نووسینەکانمەوە بیگەیەنمە قورئان دۆستان، هەر زوو لەنەوەدەکاندا پەڕاوی لەخزمەت قورئاندام بلاٌوکردەوە کەزیاد لە دووسەدوحەفتا هەڵوێستەیە لە خزمەت قورئاندا، پاشان ڕامان لە قورئانم بلاٌوکردەوە کە (٢٢) قاعیدەی تەدەبووری لەخۆگرتووە. دوای ئەویش رازی قورئانی کە (خواطر قرآنية)عەمر خالید بوو، هەرچەند مامۆستا بورهان ئەمینی وەریگێڕابوو،بەیەك ساڵی ڕەبەق پیاچوونەوەو بەراووردکردنەوەو دووبارە وەرگێڕانەوەی، ئەویش کەباسی تەوەرەی سوورەتەکانی قورئانە بەچاپ گەیشت، ئنجا نامیلکەی (بەڵێنەکانی قورئان، قورئان پارێزراوە، دیمەنەکانی قورئان ) کەوتنە بەردیدەی خوێنەران، وا ئێستاش (فراوانی مانا لە قورئاندا ) تەواو بوو، کە بەهەموو ئەمانە هیوادارم زیاتر چێژ لە خوێندنەوەی قورئان وەرگرن و هەندێ لایەنی ئیعجازی قورئان شارەزابن.

ئەم بابەتە قورئانیانە بۆیەکجار خوێندنەوەیە نیە، بەڵکو چەند جار خوێندنەوەو لەسەر راوەستانیان دەوێت، بۆ ئەوەی ببینە ئەهلی قورئان و دیارە ئەهلی قورئانیش دۆست وئەهلی تایبەتی خوان.( **إنَّ للهِ تعالى أهلِينَ من الناس: أهلُ القرآنِ،هم أهلُ اللهِ و خاصتُه**)الراوى أنس بن مالك /صحيح الالبانى.

سەرچاوەکان:


١-اتساع الدلالة في الخطاب القرآني _د. محمد نورالدين المنجد

٢- تەفسیری نامی

٣- قورئانی پیرۆز وەرگێرانی هەژار

٤-ثراء المعنى في القرآن الكريم/دكتور محمد خليل جيجك

٥- من روائع القرآن لا ١٣٨ _محمد رمضان البوطى

# خۆپاراستنی

# قورئان

# لەهەندێ مانا

بەرگی حەوتەم

## پێشەکی

سوپاس وستایش بۆخوای پەروەردگاری جیهان ودرودو سەلامیش لـەسەر گیانی پێشەوا و ڕابەرمان و یار و یاوەر و شوێنکەوتووان.

ئەمجارەش بەحوکمی گەڕان و خوێندنەوە ڕێم لـەم بابەتانە کەوت، ناوم نان (خۆپاراستنی قورئان لـە هەندێ مانا)(الاحتراس في القرآن) کەبەشی حەوتەمە لـە زنجیرەی هەزارو دوو بەوهیوایەی کە بتوانین خزمەتێك بکەین.

زنجیرەکەم ناونا (هەزارو دوو)بەو هیوایەی تاهەزارو دوو بابەتی ئیمانی و دەعەوی نەوەستم، ئەمەش هەمووی بۆئەوەیە بەلـکو بگەینە ئەوەی کەژیان و مردنمان بۆخوا بێت، (قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ (١٦٣))بەهیوای دوعای خێرتان.

## قورئانیان بەس نیە؟!

بێباوەڕان دەیانووت: بۆ لـە پەروەردەی خۆیەوە نیشان گەلی بۆ نایەتە خوار؟ بێژە: نیشانەگەلی وا لای خودایە، من هەر تەنیا ترسێنەری نیشاندەرم،نەهیچی تر.

بۆیان ئەوەندە بەس نیە کە ئێمە ئەم کتێبەمان بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە کە بۆیان دەخوێنرێتەوە؟ بێگومانە کەلـەمەدا – بۆ ئەوانەی بڕوادێنن– بەزەیی و ئامۆژگاری هەیە.

بێژە: کەخوا ئاگادارە لـەمن و لـە ئێوە، بەسە.

هەرچی هەیە لـەناوئاسمانان وزەمین،ئەو دەیزانێ، ئەوانەی بڕوایان بە پڕوپووچ هێناو لـەخودایە حاشایان کرد، هەر زیانیان لـەخۆ داوە.

{وَقَالُوا لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَاتٌ مِنْ رَبِّهِ قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِنْدَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُبِينٌ (٥٠) أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (٥١) قُلْ كَفَى بِاللَّهِ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِالْبَاطِلِ وَكَفَرُوا بِاللَّهِ أُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ (٥٢)} العنكبوت

خوای گەورە هەر پەیامبەرێکی ناردبێت بۆ هەرگەلێك بەپێی عەقڵ و تێگەیشتن و پێویستی گەلەکەی موعجیزاتی داوەتێ، خۆشەویستمان (د.خ) خوای گەورە موعجیزەی قورئانی داوەتێ کە بۆ خۆی کافیە بۆ هیدایەتی بەشەرییەت تا قیامەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا چونکە گەلەکەی پێویستیان بەهەندێ موعجیزەی تر بوو خوا پێی دا وەك هەواڵدان بە شتی داهاتوو، چاکردنەوەی نەخۆش و دوعا قبوڵ بوون و سەلامکردنی داربەردو درەخت لێی و شکاتی حوشترێك لەلای کەخاوەنەکەی زۆر ماندووی دەکرد و وەك پێویست ئالیکی نەئەدایە.

جالەبەرئەوەی کە خۆشەویستمان بۆ هەموو بەرەی ئادەمیەو پەیامەکەشی تا قیامەتە موعجیزاتەکانی زۆرن، ئیبن تەیمیە ئەڵێت: زیاترن لەهەزار موعجیزە.

## گرنگیدان بە ڕەوانبێژی:

دکتۆر محمد عریفی دەڵێت:عەرەب زۆر گرنگیان ئەدا بە رەوانبێژی و شێوازی دەربڕین و، موناسەبەو میهرەجان و شوێن و بازاڕی تایبەتیان هەبوو بۆ هۆنراوە خوێندنەوە.

جارێك حەسان پێش ئیسلام سەد دێڕ هونراوە دائەنێ و شانازی دەکات بە هۆزەکەیەوە، کەیەکەم دێڕی دەخوێنێتەوە دەڵێت:

لنا الجفنات البيض ألمعن في الضحى وأسيافنا يقطرن مِن نجدة دَما

خەنسا کەلەوێدا ئامادەبوو هەشت رەخنەی لێگرت و وتی: ئاوات بوتایە زیاتر شانازی بوو بۆ گەلەکەت، لەجیاتی (الجفنات) چەند مەنجەڵێك بت وتایە (جفان )کەمەنجەڵی زۆرتر دەگرێتەوە، (البيض)(سپی) مانای وایە نەخراونەتە سەر ئاگر یان بەکارنەهاتوون، باشتربوو بتووتایە(الحمر)،(ألمعن) درەوشانەوە جاروبارە، بۆیە ( أشرقن ) باشتربوو، ئنجا (الضحى) چێشتەنگاو کێ دێ بەمیوانی، (الغسق) ئێواران بوایە باشتربوو کە میوان لائەدات لە سەفەرداو پێویستی بەخواردن و مانەوەو خەوە.

ئنجا (أسيافنا) بتووتایە (سيوفنا) شمێشێری زیاتری دەگەیاند،(يقطرن)دلۆپە خوێنی لێدەچۆڕا لەبەهانا چوونەوە، دیارە خوێنەکە کەمە ، بتووتایە (يجرين) جەرەیانی کردووە باشتربوو، (دَما) ببوایە بە (دِما) خوێنی زۆرتری دەگەیاند.کەواتە بەڕای خەنسا ئەبوایە وابوایە:

لنا الجِفان الحُمر يُشرقن في الغسق        وسيوفنا يجرين مِن نجدة دِما

عەرەبی ئەو سەردەمە مامۆستا بوون لە ئەدەبیاتا، دوای رەخنەکانی خەنسا حەسان هۆنراوەکەی تەواونەکرد.

جا بەو حاڵەوە قورئان تەحەدای کردن کە ئەگەر دەتوانن تەنها دە سورەتی وەك قورئان بێنن، خۆیان و هەموو ئینس و جنیش باهاوکاریان بن، کەچی نەیانتوانی، ئنجا تەحەدای کردن تەنها یەك سورەت بێنن ئەویشیان نەتوانی (وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) (٢٣) البقرة.

لەزەمانی نەفامیدا یەکێك لەوشاعیرانەی کە هۆنراوەیان لەبەر بەپیَزی بەدیواری کەعبەدا هەڵواسرا (لوبەیدی کوڕی رەبیعە) بوو، پاش ئەوەی موسڵمان بوو جوانی قورئان و رەوانبێژیەکەی کاریان تێکرد، تەنها یەك دێڕ هۆنراوەی وت کە دەڵێت:

الحمد لله اذ لم يأتيني أجلي        حتى كساني من الاسلام سربالاً

رۆژێك عومەری کوڕی خەتاب پێی فەرموو: ئەی باوکی عەقیل، هەندێ هۆنراوەی خۆتم بۆ بڵێ: ئەویش چەند ئایەتێکی سورەتی (البقرە) ی بۆ خوێندەوە و وتی: هۆنراوە ناڵێم پاش ئەوەی خوای گەورە فێری سورەتی (البقرة) و (ال عمران ) ی کردم.ئەمە بێجگە لەوەی کەدەیان شاعیری وەك (طفیل)ی شاعیری دەوس و(خەنسا)موسڵمانبوون وسەرسامبوون بەرەوانبێژی بێوێنەی قورئان.

## موسەیلەمەی درۆزن:

موسەیلەمە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی کردو بوو بەمەهزەلە،ناوبراو لاسایی قورئانی کردەوەو وتی:

" يا ضفدع بنت ضفدعين، نقى ما تنقين، أعلاك فى الماء، وأسفلك فى الطين، لا الشارب تمنعين، ولا الماء تكدرين، لنا نصف الأرض، ولقريش نصفها، ولكن قريشاً قوماً يعتدون "!!

الفيل ما الفيل، وما أدراك ما الفيل، له ذنب وثيل ومشفر طويل، وإن ذلك من خلق ربنا لقليل "!!

والشمس وضحاها، في ضوئها وجلاها، والليل إذا عداها، يطلبها ليغشاها، فأدركها حتى أتاها، وأطفأ نورها ومحاها "!!

## سورەتێک دە وشەیە:

ناحەزان ناتوانن وەك (سورەتی الكوثر) بهێنن کە دە وشەیەو کورترین سورەتە؟{ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ، فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ، إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ (٣) }.

ئەم سورەتە لەمەککە هاتۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(د.خ)کە موسڵمانان کەمبوون و لەنارەحەتترین باروزروفدابوون،خوا مژدەی دایە کە ( الكوثر) ی داوەتیٚ،زۆر دڵی خۆش بوو بە حەوزو ئاوی کەوسەر کە بەهێندەی ئەستێرەکانی ئاسمان سوراحی و پەرداخی لەسەرە بۆ ئاو خواردنەوەی ئومەتەکەی کەبەداخەوە هەندیٚ کەسی لیٚ بێبەش دەبن و ناهێڵریٚ ئاوی لێبخۆنەوە، ئەویش دەفەرمویٚت: خوایە ئەوانە ئومەتی منن، خوای گەورەش دەفەرمویٚت: تۆ نازانی دوای تۆ چیان کردووە.

کەواتە هەر لەرۆژە سەختەکانەوە مژدەی ئاسۆی روون و پاشەرۆژی ئەداتیٚ کە حەوزی کەوسەرو ئومەتی زۆری دەبێت کەملیارەها ملیارن وەك ئەستێرەکانی ئاسمان، دەی ئەوەتا هاتۆتە دی کە ئومەتی تاقیامەت لە ژمارە نایەن وەك ژمارەی ئەستێرەکان و ئنجا وەك ئەم بەڵێنە هاتۆتە دی بەڵێنی ئاوخواردنەوەی کەوسەریش دێتە دی بەئیزنی خوا.

ئنجا نوێژ بکە بۆخواو قوربانی بکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەچێتەوە مەککە و حەج و قوربانیش دەکات کەئەوانەش دوای زیاتر لە بیست ساڵ هەوڵ و خەبات بەفەزڵی خوا هاتنە دی.

ئنجا دوژمنانی تۆ کە تانەت لێئەدەن کورت نیەو دوابراوی خۆیان دوابراون، بەتیاچوونیان و نەمانی ناویان و موسڵمانبوونی کورەکانیان، ئەوەتا ئەمرۆ زۆرترین ناو لەجیهاندا ناوی (محمد)ە و هەموو چرکەیەك لەبانگدا ناوی محمد لەگەڵ ناوی خوادا ئەبرێت لەسەرتاسەری جیهان لە بانگدا.

خوا لەحیکمەتی خوایەتی خۆیەوە سیٚ جارکورِ دا بە پێغەمبەر بەڵام هەرلەمناڵیەوە بردنیەوە، تا بەنەسەب کەس کورِی پێغەمبەر نەبێت و، بەوەش هەقی بۆ کردۆتەوە کە باوکی ئیمانی هەموو برِوادارانەو هاوسەرەکانیشی دایکانی موسڵمانانن: النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ (٦) الاحزاب

موسەیلەمە لاسایی ئەم سورەتەی کردەوەو وتی:

" إنا أعطيناك الجواهر، فصل لربك وهاجر، إن مبغضك رجل فاجر "!! كەچی سەرەنجامەکەی تیاچوون بوو. (النبأ العظيم /د.عبدالله الدراز).

### موعجیزەیەکی خۆشەویستمان:

خۆشەویستمان (ﷺ)دەفەرموێت ﴿ سيكون في امتي كذابون دجالون سبعة و عشرون اربع نسوة، واني خاتم النبيين لا نبي بعدي ﴾ ئیمام ئەحمەد بەسەنەدێکی باش گێراویەتیەوە،واتە: لەئوممەتی مندا بیست و حەوت دەجالی درۆزن پەیدا دەبن کە چواریان ئافرەتن، من دوا پێغەمبەرم و کەس بەدوامدا نایە.

ئەم هەواڵەش بۆخۆی موعجیزەیەکی خۆشەویستەوهەندێك لەو درۆزنانە هەر لەزەمانی خۆیدا پەیدابوون وەك( موسەیلەمە و ئەسوەدی عەنسی) بەردەوامیش ناوبەناو پەیدابوون و،لەم سەدەی بیستەمەشدا (غولام احمد) ی قادیانی هاتە مەیدان کەلافی پێغەمبەرایەتی لێدەدا و شوێنکەوتوی هەیە و دوژمنانی ئیسلامیش گرنگیان پێدەدەن بۆ شێواندنی ئیسلام لای خەڵکی، زانایانی ئیسلامیش قسەکانی ئەو درۆزنەیان وەڵام داوەتەوە.

فەیرۆزی دەیلەمی لەیەمەن ئەسوەدی عەنسی کوشت، ئەم هەواڵەش خۆشەویست (د.خ)دای بەهاوەڵان و فەرمووی: ئەمشەو پیاوێکی صاڵح لەیەمەن ئەسوەدی عەنسی کوشت، کە ئەمەش دیاربوو خوا بەوەحی ئاگاداری کردبوو.

موسەیلەمەی درۆزنیش لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لەگەلەکەی کە بڕوایان پێهێنابوو هاتن بۆ مەدینە و دەیووت: ئەگەر محمد دوای خۆی کار بەمن بسپێرێ دوای دەکەوم، خۆشەویستیش (ﷺ)لەگەڵ (ثابت)ی کوڕی قەیسدا چوو بۆ لای.

پاش قسەکردن،خۆشەویست(د.خ) چیلکەیەکی بە دەستەوە بوو، پێی فەرموو: ( ئەگەر داوای ئەم چیلکەیەشم لێ بکەی نادەمێ چ جای ئەوەی بتکەم بەجێنشینی خۆم، تۆ ناتوانی فەرمانی خوا بشکێنی، ئەوەی خوا لەبارەی تۆوە بڕیاریداوە ڕەتنابێتەوە، خۆ ئەگەر لەمن هەڵگەڕێیتەوە خوا لەناوت دەبات و،

من وا دەبینم کە تۆ ئەو کابرایەی کەبە خەو حاڵی بەدی ئەوم نیشاندرا ئەوا من دەڕۆم، چ قسەیەکت هەیە (ثابت) لەجیاتی من وەڵامت دەداتەوە ).

خەوەکەی خۆشەویستیش ئەوەبوو کەلە هەردوو دەستیا دووبازنی زێڕی بینی، زۆر خەمبار دەبێ ئنجا لەخەوەکەدا وەحی بۆ دێ و پێی دەوترێ فوویان لێبکە،کە فوویان لێدەکات هەردووکیان با دەیانبات.جا ئەو دوو بازنە خۆشەویست بەدوو درۆزن لێکی دایەوە کە پەیدا دەبن، (کەئەوانیش موسەیلەمەو ئەسوەدبوون).( بوخاری).

## موسەیلەمە کوژرا:

شەڕی (یەمامە) لەقورسترین شەڕەکانی هەڵگەڕاوەکان بوو، لەبەر ئەوەی ١٠٠ هەزار کەس بوون و چل هەزاریان چەکدار بوون و شوێنی قایم و قەڵاشیان هەبوو.کاتێك سوپایەکی دوو هەزار کەسی بەسەرکردایەتی عیکریمە رووی کردە ئەو ناوچەیە، بەفەرمانی ئەبوبەکر دەبوایە چاوەڕێ بکەن، بەڵام عیکریمە پەلەی کردو جەنگاو بەخێرایی شکا، ئەبوبکر زۆر تووڕەبوو لەپەلەکردنی عیکریمە.

دوای ئەو (شەرحەبیل) بەسوپایەکەوە هات ئەویش هەر رۆژە و هەواڵێکی موسەیلەمە و درۆکانی موسەیلەمەی بۆ دەهات، خۆی بۆ نەگیراو شەڕی کرد و ئەمیش شکا.

بۆیە کە خالید هات بە ١٣ هەزار کەسەوە کارەکەی زۆرگرانتر بوو، هەرچەند لەسوپاکەیدا (زەیدی کوری خەتتاب) و (ئەبودوجانە) و (ئوم عیمارە) و (وەحشی) تیابوو، بەڵام ئەو دووشکاندنە کاری کردبووە سەر ورەی موسڵمانەکان.

خالید سوپاکەی دابەش کرد و هەموو هێزەکان تێکەڵ بوون، لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا هەڵگەڕاوەکان گورزێکی توندیان لەموسڵمانان وەشاند و خەریك بوو بگەنە خێمەکەی خالید.

بۆیە خالید پیلانەکەی خۆی گۆڕی وتی: خەڵکینە جیاببنەوە تا بزانین لەکوێوە زەفەرمان پێدەبرێ! ئیتر بەم چەند وشەیە، کۆمەڵی کۆچکەران جیابوونەوە و پارمەتیدەران جیابوونەوە و کۆمەڵێ لەوانەی قورئانیان لەبەربوو جیابوونەوە. ئیتر بەو جۆرە هەرکەسە و لەگەڵ کۆمەڵی خۆیدا ریز بوو. ئنجا خالید

هاواری کرد (واممداه، وامحمداه) ئەم هاوارەی خالید و ناوهێنانی خۆشەویست (د.خ) گوڕوتینی دایە موسڵمانان و پەلاماری دوژمنیاندا و شپرزەیان کردن.

خالید هاواری کرد کێ زۆرانم لەگەڵ دەگرێت؟! کوا (موسەیلەمە) بابێت، موسەیلەمە بەترسەوە هاتە پێشەوە و پاش ماوەیەکی کەم خۆی بۆ نەگیراو رای کرد، بەمەش لەبەرچاوی شوێنکەوتووانی شکاونرخی نەما!

لەم سەرەتای شەڕەوە نزیکەی حەوت هەزاریان لێ کوژرا و نزیکەی ٥٠٠ موسڵمان شەهیدبوون.

ئنجا موسەیلەمە هاواریکرد، بچنە باخچەکە، بچنە باخچەکە، ئیتر بەپەلە کشانەوە بەرەو باخچەکە و چوونە قەلاکانەوە کە دیواری بەرزیان هەبوو، دەرگایان داخست، دیارە ئەوە بچوایەتە سەر موسڵمانان هیچیان بۆ نەئەکرا بەرامبەریان و فرسەتەکە لەدەست ئەچوو. ئالێرەدا (بەرائی کوڕی مالیك) زرێی پۆشی و وتی بەرزمبکەنەوە، هەرچۆنێ بێت بەرزیان کردەوە سەر دیوارەکە و خۆی هەڵدایە ناو دوژمنان و بەپەلە بەرەو دەرگاکە چوو، چەند کەسێك هاتنە رێی کوشتنی و پاش بریندار بوون لە سی لاوە گەیشتە دەرگاکە و کردیەوە، بەم پاڵەوانێتیە بێ وێنەیە، دەرگا بۆ موسڵمانان کرایەوە و توانیان نزیکەی حەوت هەزاری تریان لێبکوژن.

سێ کەسیش بەتایبەت بەدوای (موسەیلەمە) دا دەگەڕان، (ئوم عیمارە) کە (حبیب) ی کوڕی بەدەستی ئەو شەهید بووبوو، (وەحشی) کە لە ئوحوددا حەمزەی شەهید کردبوو دەیویست پاش موسڵمانبوونی ئەو گوناهەی بەوە بسڕێتەوە، کە چۆن بەرمەکەی حەمزەی شەهید کرد، ئاوا تاوانبارترین کەسیش بەرمەکەی بکوژێ، هەروەها ئەبو دوجانەش سێهەم کەس بوو کە ویستی ئەوفەزڵەی دەست بکەوێ. بەڵێ لەیەك کاتدا هەرسێکیان لەسەری حازربوون، ڕمەکەی وەحشی و دوو شمشێری (ئوم عیمارە) و (ئەبودوجانە) موسەیلەمەیان پێکا، بەمەش ئەو تاوانبارە سەر سەختە درۆزنە گیانی پیسی سپارد بەدۆزەخ. دوای تۆزێك هەر لەوێدا (ئەبو دوجانە) ش شەهید بوو. بەم جۆرە موسڵمانان سەرکەوتن و سەرجەم زیانی دوژمنان بیست و یەك هەزار کەس بوو، بەرامبەر هەزار شەهید لەموسڵمانان.

## قورئان هاوشێوەی نیە:

لای عەرەبەکان و پێش ئەوانیش هیچ نووسراوێك نەبووە وەك قورئان بێت،قورئان نە هۆنراوەیەو نەپەخشانە،قورئان قورئانەو هیچی تر.بەملیۆنەها زاناو رۆشنبیرو ئەدەب دۆست لەکۆن و نوێدا سەرسام بوون پێی و رۆژ بەرۆژیش زیاتر موعجیزەکانی دەردەکەون.

فیلیپ حیتی کە ساڵی ١٨٨٦ لەدایکبووەو لوبنانیەوجنسییەی ئەمریکی هەبووەو چەند ساڵێك مامۆستا بووە لەزانکۆی ئەمریکی لوبنان و چەند ساڵێکیش مامۆستا بووە لەزانکۆی پرینستن و چەند پەڕاوێکی نووسیوە وەك (لبنان فی التأريخ).

لەبارەی قورئانەوە دەڵێت: شێوازی قورئان لەهی غەیری ئەو جیاوازە و، بەراورد قبوڵ ناکات لەگەڵ هیچ شێوازێکی دیکەداو،لە توانادا نییە لاسایی بکرێتەوە، قورئان لە نێوان هەموو موعجیزەکاندا موعجیزەی هەرە گەورەیە.

عامرعەلی داوود کە بەڕەچەڵەك هیندیەو بووبوو بەمەسیحی و دیراسەی ئایینەکانی کردو، پاش خوێندنەوەی قورئان و دیراسەکردنی موسڵمانبوو، لەبارەی قورئانەوە دەڵێت:لێکۆڵینەوەی قورئانی پیرۆزگەلێ کێشەی فیکری لەبەرچاوی من دەرخست و گەلێ هەڵەی کتێبە پێشووەکانیشی بۆ راستکردمەوە.

جان جاك رۆسۆ دەڵێت:محمد (د.خ) قورئانی وەك بەڵگەیەك هێنا لەسەر راستی پەیامەکەی.هەتا ئەمڕۆش قورئان یەکێکە لەو نهێنیانەی کە ئەستەمە کۆدەکانی بکرێنەوەو، کەس ناتوانێت بڕواتە ناخی ئەم نهێنیە پارێزراوە، مەگەرکەسێك باوەڕ بەوە بهێنێت کە لەلایەن خوای گەورەوە نازڵ کراوە.

جائەگەر سەیری ژمارەکانی گۆڤاری هەیڤ بکەین چەندەها بەڵگەی تری تیایە لەسەرمەزنی و موعجیزەی لەبن نەهاتووی قورئان، بۆنموونە کەقورئان دەفەرموێت:مرۆڤایەتی لە ئادەم و حەواوە دروست بوون، زانایان لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی زانستی بۆماوەزانیەوە دیراسەی زۆریان کردو بۆیان دەرکەوت کە ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە و زانست بەو هەموو پێشکەوتنەیەوە راستی فەرموودەکەی قورئانی سەلماند.

ئەمە بێجگە لەوەی کە کۆنترین قورئان گەیشتۆتە زانکۆی توبینگن لە ئەڵمانیا کە پاش دیراسەکردن دەرکەوتووە لە ٢٠ تا ٤٠ساڵ دوای کۆچی دوایی خۆشەویستمان نوسراوەتەوە وهەروەك ئەم قورئانەی ئەمڕۆیەوئەی سەلێنێت کەئەم قورئانە پارێزراوە.گۆڤاری (هەیڤ ژ٣٦)

## وشەکانی قورئان:

**یەکەم**:دکتۆر زەغلول نەجار دەڵێت: هەموو وشەیەکی قورئان بەحسابێکی زۆر ورد دانراون کە قورئان لە زمانی عەرەبییەوە کەنزیکەی دوو ملیۆن وشەی هەیە تەنها یەك لە چلی وەرگرتووەو زۆر بەحەکیمانە هەڵی بژاردوون و لەشوێنی پێویستدا دای ناون، مامۆستایەکی زانکۆ کە دکتۆرای هەبوو لەزمانی عەرەبیداومەسیحی بوو وتی:

هەرچی دەکەم هیچ وشەیەك جێی وشەی (فَسَلَكَهُ) ناگرێتەوە لەم ئایەتەدا کە لەراستیشدا حەقیقەتێکی زانستیەو باسی سوڕی ئاودەکات کەباران دەبارێت و بەناوزەویدا وەك تاڵە دەزوو بەناو مەساماتی گڵەکەدا دەڕوا تا وەك کانی لە جێیەکەوە بەقەدەری خوا دەرئەکەوێ و ئەبێتە سەرچاوەیەك کەمرۆڤ و گیانلەبەران سوودی لێببینن (واتە:کانیاوەکان بەهۆی بارانەوە دروست دەبن).

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَجْعَلُهُ حُطَامًا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ ﴾(٢١)الزمر

دکتۆر (فاضل صالح السامرائی) دەڵێت: کە وانە بە قوتابیانی ماستەرو دکتۆرا دەڵێمەوە، وشەیەکی ئایەتێك دێنم وپێیان دەڵێم:وەرن با ئەو وشەیە بگۆڕین بەوشەیەکی تر زۆر خەریك دەبین لەکۆتاییدا دێینەوە سەرئەوەی هیچ وشەیەك نیە جێی ئەو وشەیەی قورئان بگرێتەوە.

**دووەم**: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَآتُوهُمْ مَا أَنْفَقُوا وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَنْ تَنْكِحُوهُنَّ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ وَاسْأَلُوا مَا أَنْفَقْتُمْ وَلْيَسْأَلُوا مَا أَنْفَقُوا ذَلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (١٠) المتحنة.

ئەی ئەو کەسانەی ئیمانو باوەڕتان هێناوە کاتێك ئافرەتە ئیمانداره‌کان کۆچدەکەنو دێن بۆ لاتان تاقیان بکەنەوەو لە هۆکاری کۆچەکەیان بپرسنەوە، بێگومان خوای گەورە خۆی ئاگادارەو چاك زانایە بە ئیمانو بیروباوەڕیان، جا ئەگەر دڵنیابوون لە ئیمانەکەیان، ئەوە مەیانگێڕنەوە بۆ لای مێردە کافرو بێباوەڕەکانیان چونکە ئەم ئافرەتانە ئیتر حەڵاڵ نین بۆ ئەوان، ئەو بێباوەڕانەش حەڵاڵ نین بۆ ئەم ئافرەتە ئیماندارانە، ئەو مارەییەش کە مێردە کافرەکانیان بۆیان خەرج کردوون، بۆیان بگێڕنەوە (سەیری مەزنی ئیسلام بکە چۆن ئەو ژنەی موسڵمان بووەو وازی لەمێردەکەی هێناوە دەبێ مارەییەکەی بداتەوە بەمێردەکەی!)، ئیتر هیچ ڕەخنەیەکیشتان لەسەر نیە کە ئەو ئافرەتانە مارەبکەنو مارەییان بدەنێ.

هەروەها ئافرەتانی کافریش مەهێڵنەوە لای خۆتانو مارەیان مەکەن، ئێوەش ئەی ئیمانداران ئەگەر مەسرەفێکتان کردووە لە ئافرەتێکی کافردا داوای بکەنەوە، ئەوانیش ئەگەر مەسرەفێکیان کردووە لە ئافرەتێکی ئیمانداردا با داوای بکەنەوە، ئا ئەوە حوکمو فەرمانی خوایە بۆتان، کە حوکمی پێدەکات لەنێوانتاندا، بێگومان ئەو خوایە تەواو زانایە بە هەموو ناخو کارو کردەوەیەکتان، داناشە لە دانانی ئەو سنوورانەدا.

(جَـاءَكُمُ الْمُؤْمِنَـاتُ) هاتووە لەجیاتی (جَـاءَتكُمُ الْمُؤْمِنَـاتُ) لەبەرئەوە بە(مـذكر) هێناویەتی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆچکردن زۆر قورسە و ئاسان نیە بۆ ئافرەتان، کەچی ئەو ئافرەتەئیماندارانە ئەو زەحمەتە قورسەیان داوەتە بەرخۆیان و کاری قورسی پیاوانەیان کردووە، کەئەمەش وردەکاری تەعبیری قورئانە.

**سێیەم**: يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ (٢)الحج

ڕۆژێ چاوتان پێدەکەوێ کە شیردەرێ شیرخۆرەی لەکاتی شیردانا بیردەچێ و،هەر تۆڵێ (کۆرپەلەیە)لەزگدایە بەرداوێژێ، وادەزانن هەموئەو خەڵکە سەرخۆشن،خۆمەستیش نین، بەڵام سزای خوا زۆر دژوارە.

وشەی (مُرْضِعَةٍ) بەکارهاتووە لەکاتێکدا (مُرْضِع )یش هەرمەبەست ئافرەتی شیردەرە، بەلاّم بۆیە بە (مُرْضِعَةٍ)هاتووە تا پێمان بلّێ ئافرەتە شیردەرەکە لەکاتی شیردانا کەمناڵەکەی بەباوەشیەوەیەو شیری ئەداتێ لەبیری دەکات لەشپرزەیی و لەترسی قیامەت ئەمەش زیاتر ترسەکە دەردەخات.

**چوارەم:** قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِمَّنْ مَعَكَ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ (٤٨) هود

وترا: ئەی نوح! بەسەلامەتی و ئەو بەرەکەتەوە کەداومانە بەتۆو هاوسەفەرانت دابەزە، چین و بەرەکانی دوایش، تاماوەیەك مەودای ژیانیان ئەدەینێ وپاشان تووشی سزای بەژانیان دەکەین.

پاش گەشتێکی زەحمەت وسامناك وزریانێکی بێوێنە، پاش ئەوەی تۆفانەکە نیشتەوە و کەشتیەکە لەسەر شاخی جودی لەنگەری گرت دابەزین، ئایەتەکە بەشێوەیەك دارێژراوە کەهەستی پێدەکرێ لەخوێندنەوەی ئایەتەکەدا، ئەوەتا (١٦) جار پیتی میم هاتووە.

هەشت جاری لەم سێ وشەیەدایە (أُمَمٍ مِمَّنْ مَعَكَ) لەخوێندنەوەیدا بە ئەحکامی تەجوید (تنوین ا و ان)ەکەش دەبنە میم، جا هەرمیمێک لەسەرووەستان و ئیدغام و غوننەکەی وەک پشوودان و هەناسەدانە دوای ماندووبوون، کەوێناکردنی باری دەروونی نوح و هاوەلاّنێتی لەو کات و ساتەدا.

لا١٧٨/التعبير القرآني والدلالة النفسية ــ د. عبدالله محمد الجيوسي.

**پێنجەم:** قورئان زیاتر زمانی قورەیشی بەکارهێناوە بەلاّم هەندێ وشەش هەبووە لەلایەن هۆزەکانی ترەوە بەکارهاتووە وەك (ازْدُجِرَ) و ( كُبَّارًا ) (عُجَابٌ) (كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا وَقَالُوا مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ) القمر.

(وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا (٢٢) نوح )، (أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ (٥)ص )

هاوەلاّن وشەی (ازْدُجِرَ) و(كُبَّارا) (عُجَابٌ)لایان نامۆبوو، کە سالّێ وەفدەکان هات و، سەرۆکی یەکێ لەو هۆزانە هاتە لای خۆشەویست (د.خ) و ویستی قسە بکات دووجار خۆشەویستمان بە ئەنقەست قسەکەی پێبڕی و جێگاکەی پێگۆڕی ئەویش بەسەرسوڕمانەوە وتی: أُزْدَجَروأنا من كُبَّار القوم

انَّ هـذا لشـيء عُجـاب؟!خۆشەویسـتیش بەمـە ویسـتی پیشـانی هـاوەڵانی بـدات کـە ئـەو هـۆزە ئـەو سـێ وشەیە بکاردێنن.(دکتۆر منصور علی کیالی/ بەرنامەی قرآن علم وبیان).

## ناوی ئەعجەمی لەقورئاندا:

موعجیزەیـەکی قورئـان ئەوەیـە کـەخۆی لـەناوی کـەس و شـوێنی گـەلانی دێـرین پاراسـتووە مەگـەر جاروبار بۆ پێویستی ناوی بردبن:

أ- هەنـدێ نـاو کـە لـەلای گـاورو جوولەکـە لەتـەورات و ئینجیلـدا هـاتوون و بـەزمانی عیـبری و ئـارامی، وەك (أبراهـام) و(جبیرئیل)(یشـمعیل)و(مـلآخ) (یسْـرَئیل)قورئـان تـەعریبی کـردوون و کردوونـی بـە (ابراهیم، جبریل، اسماعیل، المَلَك، اسرائیل).

وشەی (میکائیل ) کـە بـە میخائیـل دەیخوێننـەوە قورئـان بۆیـان راسـت دەکاتـەوە کـە دەبێـت بـە (میکـال) بخوێندرێتەوە.

ب- ئنجـا هەنـدێ نـاو هـەر لای ئـەوان نـەهاتووەو قورئـان هێنـاویتی وەك (هامـان، لقمـان،هـود، صالح،عاد ).

ج- ئەوپۆستەی عەزیزی میسر لە زمانی میسریە کۆنەکاندا ئەگەر وەربگێردرێت بۆ زمانی عەرەبی دەبێتە( عزیز الە الشمس) بەڵام چونکە ئەوە لەگەڵ یەکتاپەرستی ئیسلامدا ناگونجێت،(الە الشمس)ەکە لادەبات وتەنها وشەی(عزیز)دائەنێ بۆ ئەو پۆستە.

ئەم راستیەش قەشە (فیگۆرۆ) دۆزیەوە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی زۆرەوە.لا ١٩٧ / نبوة محمد من الشك الى الیقین /د.فاضل صالح السامرائی).

د- (شیطان) لـەزمانی عیبری وئارامیدا(سطان)ەوئنجا عەرەبەکانیش شەیتانیان بەهاوکارو دۆست دەزانی کە شتی ناوازەو گرنگ بۆمرۆڤ دینێ و ئەیکا بە عەبقەری وەك شەیتانی شاعیرەکان.

قورئان شەیتانی بەدوژمن دانا (وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ)(١٦٨) سورة البقرة. ئەمە بێجگە لـەوەی وشەی (ابلیس)یش لای گاوروجوولـەکە هەرنیە.

ر-(شاؤول)ی لای ئەوان (طالوت) ە لەقورئانداو(تارح) باوکی ئیبراهیم لای ئەوان، بووە بە (آزر)لای ئێمە، (جُليات) لەتەوراتدا (جالوت) ە لە قورئانداو(عزرا ) ی لای ئەوان (عُزير) ە لەلای ئێمە. هەروەها (يوحنا )ش لای ئەوان (يحيا) یە لە قورئاندا.

ز- (يشوع) لای ئەوان کەلەوەرگێڕاندا کردویانە بە (يسوع)، (عيسى) یە لای ئێمە(سەلامی خوای لێبێت) ئەمە بێجگە لەوەی بەسەرهاتەکەی لای ئێمە ١٠٠٪ جیاوازە لەوەی لای ئەوان.

س-(الياس) لەلای ئێمە(ايليّا) یە لە عیبریدا ولە یۆنانیشدا (ايلياّس) ە.

ش-(نوح) لای ئەوان(نُوَح)ە،(هارون)یش لای ئەوان(أهارون) ە.

ح-(ماريام) یان (ماريا) کەلە ئینجیلی یۆنانیدا هاتووە لای ئێمە بە (مريم) هاتووە کەدایکی عیسایە سەلامی خوایان لێبێت، هەروەها (مِريام) خوشکی موسایە لای ئەوان ولای ئێمە ناوی نەهاتووە تەنها باسی خوشکی موسا هاتووە کەبەدوای موساوە بووە دووربەدوور تابزانێت سەبەتەی ئەو مەلۆتکەیە لەکوێ دەگیرسێتەوە.

خ-ناوی (ادريس) پێغەمبەر لە تەورات و ئینجیلدا نەهاتووە، لای ئەوان پێغەمبەرێك ناوی هاتووە بە(حنوخ) کەتەعریب کراوەو بووە بە (أخنوخ) لەوەدەچێت مەبەست ئیدریس بێت سەلامی خوای لێبێت.

ع- (هاروت) و(ماروت) کەدوو مەلائیکەتن خوا ناردنی بۆ بابل تا ئەو خەڵکە ئاگاداربکەنەوە لە فیتنەی جادوکردن و پێیان بڵێن:جادوو کردن حەرامەوکوفرە، ئەمەش لەبەرئەوەی کەجوولەکە لە قودسەوە بەدیلی هێنران بۆبابل و مەملەکەتەکەیان لەلایەن نەبوخوزنەصرەوە روخێنرا، ئەوەندە نالەباروبەد بوون خەڵکی بابلیان فێری جادودەکرد.

وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنْزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُمْ بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنْفُسَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (١٠٢) وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَمَثُوبَةٌ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ خَيْرٌ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (١٠٣)البقرة.

(هاروت وماروت)وسەرگوزەشتەكەیان لـەتەورات وئینجیلدا نەهاتووەو قورئان ئەو تۆمەتەش ئەداتە دواوە كە جوولـەكەكان دەیانخستە پاڵ سولـەیمان سەلامی خوای لێبێت كە گوایە جادووی كردووە، قورئان فەرمووی: جادووكردن كوفرەو سولـەیمانیش كە پێغەمبەری خوایە جادووی نەكردووە ودوورە لـەكوفرەوە.

هـ-لـەلای ئەوان باسی هاوسەری نوح وكوڕی نوح وتیاچوونیان و، پەیامەكەی ئیبراهیم وگفتوگۆی لـەگەڵ باوكیاو بەجێهێشتنی باوكی و گەلـەكەی وچوونە ناوئاگرەكەی نەهاتوون.

كەئەمانەش هەمووی بەلگەی ئەوەن كەقورئان لـەتەورات و ئینجیلـەوە هیچی وەرنەگرتووە.

## دیاردەیەكی سەیر لە قورئاندا:

قورئان كە هەندێ ناوی ئەعجەمی بەكاردەهێنێت هەر لـەوشوێنەدا بەچەند وشەیەك ئەگەر وردبینەوە مانای ناوەكە ئەدات بۆ نموونە:

١-وشەی (جبریل) لـە عیبری وئارامیدا (جبری +ایل )واتە(جبّار الله)بەهێزو بەتوانای خوا،بۆیە كە دەیكەن بە ئینگلیزی دەڵێن:سەربازی خوا، یان پیاوی خوا، قورئانیش كەباسی دەكات دەفەرموێت خاوەن هێزەو بەتوانایە (ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ (٢٠)التكوير ).

٢-ئیسحاق لای ئەوان (یصحاق) وە ناوەكە یانی (یضحك) ئەمەش لـەوەو هاتووە كاتێك فریشتەكان مژدەیان دا بە سارەخاتوون هاوسەری ئیبراهیم لـەوتەمەنە پیریەداو كە نەزۆكیش بوو، كێشای بەڕوومەتیاو پێكەنی و لای سەیربوو،( وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ (٧١) قَالَتْ يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ (٧٢) قَالُوا أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ رَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَجِيدٌ (٧٣)هود).

جامژدانەكە زۆرگرنگ بوو كە ئیسحاقی ئەدرێتێ و ئیسحاقیش دەمێنێ وگەورە دەبێت و ژن دەهێنێ و یەعقوبیشی دەبێت.دیارە ئەمەش پێكەنین و خۆشی هێنەربوو بۆ سارە خاتوون، قورئان وەك بیەوێت ئاماژە بۆمانای (ئیصحاق)بكات.فریشتەكان وتیان: سارە خاتوون پێدەكەنیت، مژدەی

ئیسحاقت ئەدەینێ کە رووخۆش و دەم بەپێکەنینەو ئەویش گەورە دەبێت و کورێکی دەبێت بەناوی یەعقوب.

٣-(لوط)یش لای ئەوان لە (محجوب) ەوە هاتووە کەگەلەکەی هاتنە سەری و ویستیان پەلاماری میوانەکانی بدەن، خوای گەورە پەردەی هێنا بەسەرچاویاندا و لوط و میوانەکان دیارنەمان (فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ)و لەتاریکایی شەویشدا لەو ناوچەیە دەربازی کرد،(وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَنْ ضَيْفِهِ فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ (٣٧)القمر).

٤-(اسماعيل) کە (يِشْمَعيل) ە لەعیبریدا (يشمع+ايل) واتە(سمع الله)(سميع هوالله)وەك ئەوەی کە ئیبراهیم هەمیشە لەناوەکەیەوە یادی خوا بکات کە گوێی لە دوعاونزاکەی خۆی و هاوسەری بووەو وەلامی داونەتەوە وئەو کورەی داونەتێ لەوتەمەنەدا(رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ (١٠٠) فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ (١٠١)الصافات)

(الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَهَبَ لِي عَلَى الْكِبَرِ إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِنَّ رَبِّي لَسَمِيعُ الدُّعَاءِ (٣٩)الرعد )

(وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (١٢٧) البقرة)

٥- (مِديان) لەتەوراتدا هاتووە وقورئان کردویەتی بە (مَدين) کەمانای مانەوە دەگرێتەوە(المثوى) (المقام)، قورئان دەفەرموێت (وَمَا كُنْتَ ثَاوِيًا فِي أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا وَلَكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ (٤٥)القصص ).

٦-(نوح)لای ئێمە (نو- وَح)ە لای ئەوان کە لە عیبری وئارامیدا مانای(التلبث، البقيا، الدعة و السكون، الراحة والاسترواح والتنعم)دەگرێتەوەلە ئایەتەکانی قورئانیشدا هەست بەوە دەکرێت وەك ئەوەی شەرحی وشەی نوح بێت (وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ (١٤)العنكبوت).

(وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنْ كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُمْ مَقَامِي وَتَذْكِيرِي بِآيَاتِ اللَّهِ فَعَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُوا أَمْرَكُمْ وَشُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ اقْضُوا إِلَيَّ وَلَا تُنْظِرُونِ (٧١)يونس)

(وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمُ الْبَاقِينَ (٧٧) وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (٧٨) سَلَامٌ عَلَى نُوحٍ فِي الْعَالَمِينَ (٧٩)الصافات

٧-(ابراهام) که لـەعیبریدا ماناکەی (امام الناس)ە، قورئان کردویەتی بە (ابراهیم) و جەختیش دەکاتەوە سەر ئەوەی کەپێشەوای خەڵکیە، پاش ئەوەی لـەتاقیکردنەوەکاندا دەرچوو، هەروەك بیەوێ مانای ناوەکەمان بداتێ (وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ (١٢٤)البقرة )

٨-(مصر) بەزمانی هیرۆگلیفی میصریە کۆنەکان پێی وتراوە (تاوی) واتە (أرضان)، ( تا) واتە (أرض)،(وی)ەکەش ئەیکا بە (مثنى)ئەوەش لـەبەرئەوەی ئەوەندە دڵیان بەزەوی وئاوو ولاَتیان خۆش بوو بەلایانەوە هەموو زەوی ودونیا بوو، جا رەنگە لـەبەر ئەمەش بێت لـەقورئاندا چەندجار لـەجیاتی وشەی (مصر) (أرض) بەکارهاتووە کەئەمەش موعجیزەیەکی زۆرگەورەیە هەرچەند پێنج جاریش ناوی (مصر) هاتووە لـە قورئاندا:

وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ (٩٩)يوسف

فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّى يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ (٨٠)يوسف

قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ (٥٥) وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَنْ نَشَاءُ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (٥٦)يوسف

قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُمْ مَا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ (٧٣)يوسف/ سەرچاوە(العلَم الاعجمی فی القرآن مفسرا بالقرآن/من اعجاز القرآن/ محمود رؤوف أبو سعدة).

٩-( هامان ) شەش جار ناوی هاتووە لـەقورئاندا لـەگەڵ فیرعەوندا و فیرعەون فەرمانی پێئەدات بینایەکی بەرزی بۆ دروست بکات تا پیا سەربکەوێت و لـەوێ بزانێ خواکەی موسا لـە ئاسمانە،هەرچەند موساش بەدرۆزن دەزانێت، بەمەدا دەردەکەوێت کە هامان بەرپرسی بیناسازی بووە.

(وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ (٣٦) أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا وَكَذَلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ (٣٧)غافر)

لە كۆنفرانسێكدا كەدكتۆر مۆریس بۆكای فەرەنسی تیا ئامادەبوو، بەرگری ئامادەبووان لە قورئان، وای لەزانایەكی جوولەكە كرد لەداخا بلێت: جاباشە قورئان باسی (هامان) دەكات، كوا ئەو هامانە لەزەمانی فیرعەوندا هەبووە، تەنها هامانێك لەتەوراتدا باسكراوە كەوەزیربووەو دوای حەوت سەد سالێك لەزەمانی موسا لە سەردەمی بابلیەكاندا ژیاوەو دوژمنی جوولەكە بووە.

دكتۆر مۆریس بۆكای دەلێت: من هیچ شارەزاییەكم نیە لەو بارەیەوە، بەلام بەدواداچوونی بۆدەكەم، دكتۆر دەچێت بۆلای مامۆستایەكی فەرەنسی شارەزای بواری ئاسەواری میسریە كۆنەكان، ئەویش پێی دەلێت: مامۆستایەكی ئەوبوارە ئەلمانیەو فەرهەنگێكی داناوەو ئەو ناوی هامانە لەویدایە، پاشان دەچنە لای زانا ئەلمانیەكەو پێی دەلێت: لە پەراوێكی عەرەبی سەدەی حەوتی زایینیدا ناوی هامان هاتووە، ئەویش دەلێت: ئەستەمە شتی وا ببێت چونكە تا زمانی هیرۆگلیفی لەسەدەی نۆزدەدا بەهۆی بەردی رەشیدەوە لەلایەن شامپلیۆنی فەرەنسیەوە نەدۆزرایەوە كەس لەوزمانە تێنەدەگەیشت و ئەو ناوەش بەوزمانە نوسراوە لەسەر بەردێكی میسریە كۆنەكان و كاتی خۆی براوەتە ڤیەننا و من لە فەرهەنگەكەما باسم كردووە.

دكتۆر مۆریس بۆكای وێنەی وشەكە دەگرێت و بەیەكەوە دەچن بۆ ڤییەنا و كە (مەسەلـلە) فیرعەونێكە دەبینێت و باسی هامان دەكات كە كاری بیناسازی بۆفیرعەون كردووە زۆر سەرسام دەبێت.

ئەمەش وای لێدەكات كەئیسلامەتیەكەی تەواو ئاشكرابكات، چونكە پێشتر بەهۆی لێكۆلێنەوە لەسەر لاشەی فیرعەون موسلمانبووبوو بەلام لەبەر باروزروفی خۆی زۆر بلاوی نەدەكردەوە، بەلام بەبینینی ئەم موعجیزە قورئانیە بێ ترس ئیسلامەتیەكەی بۆ دونیا ئاشكراكرد.

(د. زەغلول نەجار لەوتارێكیدا باسی ئەمە دەكات).

**خۆپاراستن (الاحتراس):**

لە ئایەتەکانی قورئاندا زۆر بەوردی حسابی ئەوەکراوە مەبەستەکان روون و ئاشکرابن وماناى ترى لێدەرنەهێنرێ (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا (١٧٤).

ئەمەش لایەنێکی تری ئیعجازی قورئانە، چونکە عەرەبەکان پێش قورئان لە ئەدەبیاتیاندا بەم جۆرە گرنگی دانیان نەبووە بە خۆپاراستن لە ماناو مەبەستێك کە بێژەر یان نووسەر مەبەستی نین.

ئەمەش شیکردنەوەی کۆمەڵێك لەو ئایەتانەی کە خۆپاراستنیان تیایە بۆ ئەوەی باشتر لە قورئان تێبگەین:

**خۆپاراستن لە باسی عەقیدەدا:**

١ – وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ (٥٥) البقرة /(ئەی نەوەی ئیسرائیل) بیرتان دێت وتتان: ئەی موسا باوەڕت پێناکەین هەتا خوای گەورە بە ئاشکرا نەبینین!!، ئەوسا ئەوە بوو کە هەر لەبەرچاوی خۆتان بروسکەیەکی بەهێز لێیدان.

**وشەی (جَهْرَةً) بۆ ئەوە هاتووە تا بزانین مەبەستیان بینین بووە بەچاوی سەر، نە بەشێوازی تر وەک خەوبینین یان شتی تر.ئەمەش خۆپارێزییە لەوەی کە نەوەک خەیاڵمان بۆ شتی تر بچێت.**

٢ –أَمْ كُنْتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (١٣٣)البقرة /

باشە ئێوە ئەی جوەکان ئامادە بوون کاتێ کە یەعقوب لەسەرەمەرگدا بوو، کوڕەکانی هەمویان لە دەوری بوون و پێی وتن: کوڕەکانم! ئێوە دوای من چی دەپەرستن؟ هەموویان وتیان: خوای تۆو خوای باوانت ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق دەپەرستین، خوایەکی تاك و تەنهایە و ئێمە هەموومان بڕیارمانداوە تەسلیمی ئەو زاتە بین و بە هەموو واتایەك مسوڵمان بین.

( إِلَهًا وَاحِدًا ) بۆ ئەوە هاتووە نەک وابزانرێت مەبەستیان دووخوایە (نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ)، نەخێر هەموویان یەک خوایان پەرستووە، ئەمەش خۆپارێزیە نەوەک بەهەڵە مانا بکرێت.

٣-اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ (٢٥٥) البقرة/ خوای گەورە زاتێکە جگە لەو هیچ خوایەکی تر نیە کە بەحەق شایستەی پەرستن بێت، ئەو زاتە هەمیشە و بەردەوام زیندوە و راگر و سەرپەشتیارو چاودێری سەرجەم دروستکراوەکانیتی. ئەو زاتە هیچ کات وەنەوز نایگرێ و خەو نایباتەوە، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لەزەویدا هەیە، هەر ئەوزاتە خاوەنیانە، کەس جورئەتی تکاکردن و پاڕانەوەی نیە بۆ هیچ کەسێك مەگەر بەفەرمان و رەزامەندی ئەو.

(لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ) جەختکردنە و تەواوکردنی مانای (الْحَيُّ الْقَيُّومُ) ی خوای پەروەردگارە، ئەمەش خۆپاراستنە تا زیندوویی و قەیومی خوامان تێبگەیەنێت کە وەک هی هیچ زیندوویەکی تر نیە ونەخەو و نەخەوەنۆچکە نایباتەوە.

٤ – مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ /کەس جورئەتی تکاکردن و پاڕانەوەی نیە بۆ هیچ کەسێك مەگەر بەفەرمان و رەزامەندی ئەو.

( إِلَّا بِإِذْنِهِ )ئەمەش ئیستیسنایە،تا بزانرێت کە کەس ناتوانێت تکا بۆ کەس بکات مەگەر بە ئیزنی خوا، ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا کافرەکان بەتەمای شەفاعەتی پەرستراوەکانیان نەبن، شەفاعەت بە رێیەکی تردا نەبەن.

٥- وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِنْ قَبْلُ وَرُسُلًا لَمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا (١٦٤) النساء/ جگە لەوانەش بەسەرهاتی هەندێ پێغەمبەرمان بۆ باس کردوویت کە پێشتر رەوانەمان

کـردوون، پێغەمبـەرانی تـریش هـەن کـە بەسـەرهاتیانم بـۆ بـاس نـەکردویت، لەڕاسـتیدا خـوای گـەورە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵ موسادا کردووە!!

(تَكْلِيمًـا ) ئەمـەش خۆپاراستنی تیایـە وبـۆ ئەوەیـە تـا گفتوگـۆی خـوا لەگـەڵ موسـادا روون بێـت لامان کـە جـەخت دەکاتـەوە سـەری کـە راستەوخۆبووەو وەک موعتەزیلەکان نـەفی سیفەتی کـەلامی خوا نەکەین و بەشتی تر تەفسیری نەکەین.

٦- إِنْ تُعَـذِّبْهُمْ فَـإِنَّهُمْ عِبَـادُكَ وَإِنْ تَغْفِـرْ لَهُـمْ فَإِنَّـكَ أَنْـتَ الْعَزِيـزُ الْحَكِيمُ (١١٨) المائـدة/ ئنجـا ئـێتر فـەرمانی خۆتـە، ئەگـەر سـزایان دەدەیـت و تۆڵـەی لادان و تاوانـەکانیان لێ دەسـتێنیت، ئـەوە ئـێتر ئـەوان بەنـدەی تـۆن و هـیچ دەسـتەلاتێکیان نیـە و دادپـەروەری خـۆت ئـەنجام دەدەیـت، ئەگـەر لێشـیان خـۆش دەبیت ئەوە تۆ زاتێکی باڵا دەست وداناییت.

(فَإِنَّـكَ أَنْـتَ الْعَزِيـزُ الْحَكِيـمُ ) ئەمـە خۆپاراسـتنە لـەوەی وای لێـك نەدەنـەوە کـە لـە بێدەسـەلاتی و نەتوانیندا لێیان خۆش دەبێت، نەخێر خوای باڵادەست لێیان ببورێت لەوپەڕی دەسەلات وداناییەوەیە.

٧- بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَـهُ وَلَـدٌ وَلَـمْ تَكُـنْ لَـهُ صَـاحِبَةٌ وَخَلَـقَ كُـلَّ شَـيْءٍ ) (١٠١) الانعـام/ بێگومـان ئـەو زاتـە بەدیهێنـەری ئاسمانـەکان و زەوی یـە بـە جـوانترین و ڕێکـوپێکترین شێوە، چـۆن منداڵی هەیە؟! چۆن ئەو گاورانە جورئەت دەکـەن و بوختـانی نـاقۆڵای ئـاوا دەدەنـە پـاڵ ئـەو زاتـە، خـۆ ئـەو هاوسەری نیە، هاوتای نیە، تاك و تەنهایە، هـەموو شـتێك هـەر ئـەو زاتـە بـەدی هێنـاوە، بەهـەموو شـتێك بـە تەواوی زانایە و زانستی بێ سنورە.

(وَخَلَـقَ كُـلَّ شَـيْءٍ ) کـە دەفـەرموێت ئاسمانـەکان و زەوی بـەدی هێنـاوە بـۆ ئـەوەی تێمـان بگەیـەنێت کـە چـی تـریش هەیـە بێجگـە لـەوان هـەرخوا دروستی کـردوون، جاکەسـێک ئەوەنـدە بەتوانا بێت هەموو شتێکی بەدیهێنابێ پێویستی بەکوڕو هاوسەر چیە؟؟

ئنجا بۆ ئـەوەی وانـەزانرێت لەبەر زۆری دروستکراوەکانی ئاگای لێیان نیە دەفەرموێت ( وَهُـوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) خواوەند ئاگای لەهەموو دروستکراوەکانێتی و مسقاڵە زەرەی لێوون نابێت.

٨- لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ (١٠٣) الانعام/ دەزگاكانی بینایی و بۆچونی ئادەمیزاد لە تێگەیشتنی ئەو زاتە كول وكۆڵە، لە هەمان كاتدا زانست و زانیاری ئەو زاتە هەموو شتێكی گرتۆتەوە و ئاگادارە لە تەماشاكردنی هەموو چاوەكان و لە نیەت و مەبەستی تەماشاچیان و، ئەو خوایە كارناسك و ئاگادارە.

( وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ) ئەمەش بۆ ئەوەی وانەزانرێت كە خوا بوونی نیە بۆیە نابینرێت ، نەخێر خوا هەیەو دروستكراوەكانیشی دەبینێت و ئاگای لێیانەو میهرەبان و كارناسك و ئاگادارە.

( سنوری بینینی ئادەمیزاد سنوردارە و زۆرشتی مادی نابینێ، ئاشكرایە كە نەبینینی هەر شتێك نابێتە بە لگە لەسەر نەبونی، ئەم هەموو بونەوەرە بەلگەن لەسەر دەسەلاتی بێ سنوری زاتێكی تەواو زانا و توانا، بەشێك لە سۆز و میهری ئەوەیە كە زاتی خۆی لەدنیادا پەنهانە، ئەگینا ئازادی بۆ كەس نەدەما و كەس نەیدەوێرا هەڵەیەك بكات، گەورەترین نیعمەتیش لە قیامەتدا شاد بوونی ئیماندارانە بە دیتنی زاتی شكۆمەند و خاوەنی هەموو سیفاتە جوان و پیرۆزەكان).

٩- وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (١١٥) الانعام/ چونكە فەرمان و فەرمودەكانی پەروەردگارت ( ئەی محمد ﷺ ) لەوپەڕی ڕاستی و دادپەروەریدا بە ئەنجام گەیشتووە، هیچ هێز و پیلان و نەخشەیەكی ناحەزان ناتوانێت، بیگۆڕێت و دەستكاری بكات ( وەكو تەورات و ئینجیل )بێگومان ئەو خوایە تەواو بیسەرە و تەواویش زانایە بە هەموو نەخشە و پیلانەكانیان، بەسەرجەم نهێنی و ئاشكراكانیان.

(لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ) قورئان كە فەرموودەی ڕاستی خوایەو شەرعێكی دادپەروەرە بەپایان گەیشتووە، بەم خۆپاراستنە جەختت دەكاتە سەر ئەوەی كە كەس ناتوانێت دەستكاری بكات وخوا ئەبیستێ و زانایە.

١٠- وَمِنْهُمْ مَنْ يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ أَفَأَنْتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ وَلَوْ كَانُوا لَا يَعْقِلُونَ (٤٢) وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْظُرُ إِلَيْكَ أَفَأَنْتَ تَهْدِي الْعُمْيَ وَلَوْ كَانُوا لَا يُبْصِرُونَ (٤٣)یونس -لەو موشریك و خەڵكە بێ دینە كەسانێكیان هەیە لە ڕواڵەتدا گوێت لێدەگرێت بەڵام چونكە هەر ڕواڵەتە و مەبەستی نیە ، وەكو كەڕ

وایە، باشە تۆ دەتوانیت دەزگای بیستنی کەسێکی تەواو کەڕوالە بخەیتەکار کە قسەکانت نەبیستیٚ و نەیەویت گۆڕان بەسەر خۆیدا بهێنێت، بەتایبەت ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە عەقڵ و ژیری خۆیان لە دەستدابێت؟!

کەسانێکی تر لەو بابەتە هەن تەماشات دەکەن و سەرنجت دەدەن، بەلاّم وەك کوێر وان و سود لە هەڵس و کەوتە جوانەکانت وەرناگرن، باشە تۆ دەتوانیت هیدایەت و ڕێنمویی کەسانێك بکەیت کە چاویان نابینێت و دەزگای بیناییان لە دەستدابێت؟!

إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا وَلَكِنَّ النَّاسَ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ. یونس/ بێگومان خوای گەورە بەهیچ شێوەیەك ستەم لە بەندەکانی ناکات، بەڵکو ئەو خەڵکە هەر خۆیانن کە ستەم لە خۆیان دەکەن.

ئەم ئایەتە خۆپاراستنە تا کەس وانەزانێت خوا ستەمی لەکافران کردووە، کە هەق نابینن و نابیستن وئەوان خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردووە کە سوود لەچاوو گویٚ و دڵیان وەرناگرن.

١١- نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٤٩) وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ (٥٠) الحجر/ ئەی پێغەمبەر ﷺ هەواڵ بدە بە بەندەکانم کە: بەڕاستی هەر من خۆم بڕیارمداوە کە زاتێکی لێبوردەی میهرەبان بم (بە نیسبەت بڕوادارانەوە).سزاو تۆڵەی منیش، سزاو ئازارێکی زۆر بە ئێشە (ئامادەم کردووە بۆ بێباوەڕو سەرکەش و یاخیەکان).

(وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ) ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا کەس پشتی لێنەکاتەوەو، بزانن کە هەرچەند خوا لێبوردەی میهرەبانە لەهەمان کاتیشدا سزاکەی بەسۆیە.

١٢- قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الْأُولَى (٥١) طە/ فیرعەون وتی:ئەی ئەو خەڵکە کەلەسەدەکانی پێشودا تیاچون، چیان لیٚ هات؟ بۆ کویٚ چون؟ چارەنوسیان بەچی دەگات؟! قَالَ عِلْمُهَا عِنْدَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لَا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنْسَى (٥٢)/ موسا وتی:زانست و زانیاری دەربارەی ئەوانە لای پەروەردگارمە و لە دۆسیەی تایبەت و(لوح المحفوظ)دایە، جا بۆ ئەوەی وانەزانریٚ کە بۆیە دەنوسریٚ وتۆماردەکریٚ

لەبەر لەبیرچوون و لێتێکچوونە، ئالەوێدا بۆ خۆپاراستن لەو تێگەیشتنە دەفەرموێ (لَا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنْسَى )پەروەردگاری من هیچ شتێکی لیٚ ون نابێت و هیچ شتێکیش فەرامۆش ناکات.

١٣- أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَنْ تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ (٦٥) الحج/

تۆ نابینیت چۆن خوای گەورە هەرچی لە زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ڕام هێناوە و لە خزمەتی ئێوەدایە، ئنجا بۆئەوەی وانەزانن کەتەنها زەوی رامکراوە،کەشتیە زەبەلاحەکانیش کە لە دەریادا دێن و دەچن بەیاساو بەرنامەو فەرمانی ئەو کاردەکەن، (تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ)،هەروەها هەر ئەو زاتە ئەستێرە و هەسارەکانی ئاسمانی ڕاگرتووە تا نەکەونە سەر زەوی مەگەر بە ویست و بڕیاری خۆی ( إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ )، خوای گەورە بۆ خەڵکی تەواو بە سۆزو میهرەبانە.

ئەمەش خۆپاراستنی تیایە لەوەی کەوانەزانن ئەو ئاسمانانە لەخۆیانەوە وەستاون، دیارە ئەوانیش بەویست و بڕیاری خوا راوەستاون و ناکەون بە زەویدا.

١٤- أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (٧٠) الحج/ مەگەر تۆ نازانیت کە خوای گەورە دەزانێت بە هەرچی لە ئاسمان و زەویدا ڕوو دەدات، لە ڕاستیدا هەموو ئەو شتانە لە کتێبی ــ لوح المحفوظ ــ دا تۆمار کراون،( إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ) بێگومان ئەوەش بۆ خوای گەورە کارێکی زۆر سادەو ئاسانە.

ئەمەش خۆپاراستنە تا وانەزانین کە زانینی چی لە ئاسمانەکان و زەویدایە گرانە بۆ خوا، نەخێر ئاسانە بۆ ئەو ئنجا کتێبیش ببیٚ یانەبیٚ و بنوسریٚ یان نا هەر ئاسانە.

١٥ -إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٩١) النمل /لە ڕاستیدا منی پێغەمبەر فەرمانم پێدراوە کە پەروەردگاری ئەم ناوچەیە بپەرستم کە سنوری بۆ داناوەو ڕێزی لێگرتووە و ( لە هەندیٚ جارو

هەندێ مانگ و هەندێ حاڵەتدا) هەندێ شتی حەلاڵی تێدا حەرام کردووە هەموو شتیش هەر بەدەست ئەو زاتەیە، وەمن فەرمانم پێکراوە لە ڕیزی مسڵماناندا بم.

(وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ) ئەمە خۆ پاراستنە تاوانەزانرێت کەتەنها (رب) ی بەیتە بەڵکو(رب العالمین) ەو هەرچی لەبوونەوەردایە هی ئەوە.

١٦-ذَلِكَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٦) السجدة/ ئەو زاتەی کە هەموو ئەو کارانە دەکات (زاتێکە لە دروستکردنی گەورەو بچوکی دروستکراوەکانی چرکە ساتێك غافڵ نیە) هەروەها زاناشە بە هەموو نهێنی و شاراوەکان، بە هەموو دەرکەوتوو ئاشکراکان، لە هەمانکاتدا ئەو زاتێکی تەواو باڵا دەستە بەسەر خوانەناساندا، تەواویش میهرەبانە بە نیسبەت ئیماندارانەوە.

ئەمەش دوو خۆپاراستنی تیایە:

یەکەم: کە دەفەرموێ (عَالِمُ الْغَيْبِ) تاوانەزانرێ ئاگای لە وردەکاری عالەمی شەهادەنیە، ئەفەرموێت زاناو ئاگادارە بە (الشَّهَادَةِ).

دووەم: کەدەفەرموێ خوا (الْعَزِيزُ) ە تاوانەزانرێت عیزەتەکەی و دەسەلاتەکەی میهرەبانی تیانیە دەفەرموێ (الرَّحِيمُ).

١٧-يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (١)الاحزاب/ ئەی پێغەمبەر ﷺ بەردەوام بە لەسەر تەقواو دینداری خۆت وە بە پێشنیارو داواکاری کافرو دووڕوەکان کارمەکەو فەرمانیان جێ بە جێ مەکە، چونکەبە ڕاستی خوای گەورە زاناو دانایە لە ڕێنمایی تۆدا.

(إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا) ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا خۆشەویست هەرگیز دوودڵ نەبێت و هەمیشە بزانێت کەهەرچی فەرمانی پێدراوە لەخوایەکەوەیە کەزاناو دانایە.

١٨-الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١) فاطر/ سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە

بەدیهێنـەری ئاسمانـەکان و زەوی یـە، هـەروەها بەدیهێنـەری فریشـتەکانە، هەنـدێکیانی کـردووە بـە فرسـتادەو هـەڵگری پـەیام و خـاوەنی چـەندەها بـاڵ هەیانـە دوو جـوت یـان سـێ جـوت، یـان چـوار جـوت بـاڵی هەیە،جا ئیتر خوای گەورە لـە ژمارەی باڵـەکانیاندا چـەندی بوێـت بۆیـان زیـاد دەکـات (يَزِيـدُ فِـي الْخَلْقِ مَـا يَشَاءُ ) بە ڕاستی ئەوخوایە دەسەڵاتی بەسەر هەمووشتێکدا هەیە.

ئەمـەش خۆپاراسـتنە بـۆ ئـەوەی وانـەزانرێت تـەنها دوو، سـێ، چـوار جـووت باڵیـان هەیـە فریشتەکان، نـەخێر خوا چەندی بوێت باڵیان بـۆ زیاد دەکـات، خۆشەویسـتمان (د.خ )جـوبرائیلی بینـی کەشـەش سـەد بـاڵی هـەبوو هـەموو ئاسـۆی داگیرکردبـوو لەئاسمانـدا، ئنجا نـەك هـەر فریشـتەکان بـەڵکو هەموو دروستکراوەکان خوا چی بوێت بۆیان زیاد دەکات.

١٩-يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُـوَ الْغَنِـيُّ الْحَمِيـد (١٥)فـاطر/ ئـەی خەڵکینـە هـەموتان ( چـەند دەوڵەمەنـد بـن ) هـەر هـەژارن و، ئاتـاجی میهرەبـانی خـوای گـەورەن، ( لـە هـەموو کـات و شـوێنێکداو بـۆ هـەموو شـتێك ) هـەر تـەنها زاتی خوایـە کـە بـێ نیـازەو شـایەنی هـەموو جـۆرە سوپاسـێکە (لەسەر نازونیعمەتە هەمەجۆرەکان).

( الْحَمِيـد ) ئەمـەش خۆپاراستنی تیایـە تا وانـەزانن کـەخوا بێنیـازە لە بەنـدەکانی ئیتر هەقیانـە نەیپەرستن، نـەخێر بێنیازەو دەبێت بیپەرستن و خوا شایانی هەموو جۆرە سوپاسێکە، هەروەها تا بزانن خوا کە دەوڵەمەندە ڕەحم و بەزەیی و بەخششـەکانی دا ئەبەزێتـە سەر بەنـدەکانی وئەوەنیە هەربۆ خۆی دەوڵەمەند بێت، بۆیە شایانی هەموو حەمدێکە.

٢٠- وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَـى اللَّـهَ مِـنْ عِبَـادِهِ الْعُلَمَـاءُ إِنَّ اللَّـهَ عَزِيـزٌ غَفُـورٌ (٢٨)فـاطر/ جا بـە هـەمان شـێوە لـە خەڵکیشـدا، لـە گیانـدارو ماڵاتیشدا جۆرەها ڕەنـگ و شێوازو قـەبارەی جیـاواز هەیـە، لـە ڕاسـتیدا هـەر زاناکـان پـەی بـەو نهێنیانـە دەبـەن و لـە نێـو بەنـدەکانی خـوادا ئـەوان لـە هـەمویان زیـاتر هەسـت بـە گـەورەیی و شـکۆمەندی و جوانکـاری و ڕێکـوپێکی دروسـتکراوانی خـوای گـەورە دەکـەن و لێـی دەترسـن، بەڕاسـتی ئـەو خوایـە تـەواو بـاڵا دەسـتەو تـەواویش

لێخۆشــبووه.(غَفُــورٌ) بۆیـه هـاتووه خۆپاراستنه تـا بـڕواداران بێهیوانـەبن و بـزانن هەرچـەند خـوا باڵادەست و بەتوانایە لەهەمان کاتدا لێخۆش بوو میهرەبانە.

٢١-أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِنْ شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا (٤٤) فاطر/

باشه، ئەو خەڵکه بەسەر زەویدا نەگەڕاون و نەیانبینیوە کە چیمان هێناوە بەسەر ئەو خەڵکەی لە پێش ئەماندا هاتون و گوزەریان کردووە، بەمەرجێ لەمان دەسەڵاتدارترو بەهێزتر بوون.

(وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِنْ شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ) بێگومان لە ئاسمانەکان و لە زەویشدا هیچ شتێك خـوا دەستەوسان ناکات، ( ئەمەش خۆپاراستنه تا کافرەکان وانەزانن قوتاردەبن لە سزای خوا )، (إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا)بەڕاستی ئەو زاتە تەواو زانایە و، دەسەڵاتیشی بێ سنورە.

٢٢-إِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُمْ مَرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٧)الزمر/

(ئەی نەوەکانی ئادەم ) ئەگەر ڕێبازی کوفر و بێ دینی بگرنە بەر ئەوە هەر خۆتان زەرەر دەکەن، چونکە خوای گەورە بێ نیازە لێتان،( وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ)لەهەمان کاتیشدا ڕازی نابێت بەندەکانی ڕێبازی کافرێتی بگرنەبەر،( ئەوەش خۆپاراستنە تا وانەزانن کەبێنیازەو ئاتاجی پێیان نیە ئیتر کوفرو شوکر لای وەکو یەکە، نەخێر رازی نابێت بەندەکانی کفر بکەن ).

ئەگەرسوپاسگوزار و خواپەرست بن ئەوە ڕازی دەبێت لێتان، دڵنیاش بن کەسێك گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای پەروەردگارتانە، ئەو کات هەواڵی هەموو ئەو کارانەتان دەداتێ کە ئەنجامتان دەدا، لە ڕاستیدا ئەو خوایە لە هەموو ئەو شتانە ئاگادارە کە لەناخ و سینەکاندا حەشاردراوە.

٢٣-فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١) الشـوری/ خـوای گـەورە بەدیهێنـەری ئاسمانـەکان و زەوییـە

بـەجوانترین شـێوە، ئێـوە سـەرنج بـدەن، لـەخودی خۆتـان هاوسـەری بـۆ بـەدیهێناون، مـاڵات و ئـاژەڵێش هەمە جۆرن و ئەوانیش جوتن و، بەو هۆیەوە ئێوەش و ئەوانیش زۆر دەبن.

(لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ )دڵنیابن کـە خـوای گـەورە لـە هـیچ شـتێك ناچـێت ( هەرچـی بـیری لـێ دەکەنـەوە، هەموی لە چوار چێوەی دروستکراوانی ئەو زاتە دایە ).

(وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) لەهەمان کاتدا ئەو زاتـە بیسـەری هـەموو ئـەو دەنگانەیـە کـە ئێمـە دەیبیسـین یـان نایبیسین، هەروەها بینایە بەو شتانەی کە دەیانبینین،یان نایانبینین.

**ئەمـەش خۆپاراسـتنە لـەوەی کـە مـادام هـیچ شتێـک لەوناچـێت ئەوسیفاتانەی نیـە،نـەخێر هـیچ شتێک لەوناچێت و بیسەرو بینایە.**

٢٤-اللَّهُ لَطِيفٌ بِعِبَادِهِ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (١٩) الشـوری/ بـەردەوام خـوای گـەورە زاتێکـی بـە لوتـف و بـە سـۆزە بەرامبـەر بەنـدەکانی، هـەر کەسـێك کـە ئـەو زاتـە بیـەوێت لـە ڕزق و ڕۆزی هەمـەجۆر بەهرەمەنـدی دەکـات،( وَهُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ ) بێگومـان هـەر ئـەو زاتـە خـۆی تـەواو بـەهێزە و تـەواویش بـاڵا دەسـتە. **ئەمـەش خۆپاراستنە لـەوەی تاوانـەزانین کـە لوتـف و میهرەبـانی خـواو ڕۆزی دانەکـەی لـە بێدەسەڵاتی وناچاریەوەیە.**

٢٥-أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَى بَلَى إِنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٣٣) **الاحقاف/**

ئایـا ئەوانـە بیریـان نەکردۆتـەوەو سـەرنجیان نـەداوە لـەوەی کـە: ئـەو خوایـەی ئاسمانـەکان و زەوی دروستکردوەو هـیچ مانـدوش نـەبووە لـە دروسـتکردنیاندا، توانـای نیـە مردووەکـان زینـدو بکاتـەوە!، بـەڵێ، بێگومـان ئـەو زاتـە دەسـەڵاتی بەسـەر هـەموو شـتێکدا هەیـە!( وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ )**ئەمـە خۆپاراستنە تـا بـزانین کەئـەو خوایـەی ئاسمانـەکان و زەوی دروسـت کـردووە ماندوونـەبووە، جابەتواناشـە بەسـەر هەمووشتێکدا، زۆر بەئاسانی دەتوانێت مرۆڤەکان زیندووبکاتەوە.**

٢٦-هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٢٣)الحشر/ خوای گەورە ئەو زاتەیە کە جگە لەو زاتێکی تری بە حەق نیە کە شایستەی پەرستن بێت، ئەو زاتە: پادشاو خاوەنی هەموو بوونەوەرە،( بەلاَم وەک پاشاکانی ترنیەو هیچ کەموکوڕی و ناتەواویەکی نیە ) (الْقُدُّوسُ )ە پاكو پوختو بێگەردە و(السَّلَامُ) ە ئاشتی خوازو ئاشتی پەروەرە، ئاینەکەی بۆ بەرپاکردنی ئاشتی لەنێوان مرۆڤەکاندا رەوانە کردووە، (الْمُؤْمِنُ)ە دڵنیابەخش و هێمنکەرەوەی ناخو دەروونی ئیماندارانەو بڕوای تەواوی هەیە بەوەی کە سەرجەم بەڵێنەکانی دەباتە سەر، (الْمُهَيْمِنُ)چاودێری درووستکراوەکانیەتی، دەسەلاَتی تەواوی هەیە بەسەر هەموویاندا، (الْعَزِيزُ)بالاَدەستو شکۆمەندە،( الْجَبَّارُ ) مەزنو گەورەیەو لەوپەری بڵندیو هێزدایەو کەس ناتوانێت لە بەرامبەر دەسەلاَتیدا خۆی بگرێت،( الْمُتَكَبِّرُ ) ئەو زاتە گەورەیەو خۆی بە گەورەو دەسەلاَتدار دەزانێت، (جا ئەم سیفەتە یەکێکە لەو سیفاتانەی کە تایبەتی ئەو زاتەیە، ئەوەی خۆی بە گەورە بزانێت خوای گەورە سزای دەدات)، پاکیو بێگەردی بۆ ئەو خوایەیە کە تەواو بەدوورە لەوەی کە نەفامان شەریكو هاوەڵی بۆ بڕیاردەدەن.

کەواتە(الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ ) ئەوسیفەتە بەرزانەی خوان کەدوای وشەی (الْمَلِكُ) هاتوون، تا بزانین خوای پەروەردگار هاوشێوەی نیە و هەر خۆی خوایە.

٢٧-تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (١)الملك/ گەورە و پیرۆز و شکۆمەندە ئەو زاتەی کە جڵەوی هەموو بونەوەر و هەموو جیهانەکانی بە دەستە، هەر خۆیشی دەسەلاَتی بەسەر هەموو شتێك و هەموو کارێك و هەموو پێشهاتێکدا هەیە.

( وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)هەروەك ئایەتەکەی پێشووتر خۆپاراستنی تیایە لەوەدا کەبزانین موڵک و دەسەلاَتی خوا وەکو موڵک و دەسەلاَتی کەس نیەوبەتوانایەو بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە.

٢٨ – إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ (٢٧) لِمَنْ شَاءَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَقِيمَ (٢٨)التكوير/ئەم قورئانە هەر پەندە بۆ خەڵکی دونیا،بۆ هەرکامتان کە بیەوێ راست بێتەوەو شوێنی راستی بکەوێت.

( وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ (٢٩)

دلنیـاش بـن کـه ویسـتی ئێـوه نایەتـەدی مەگـەر کاتێـك خـوای پـەروەردگاری جیهانـەکان ویسـتی لەسەربێتو بیـەوێت و ئێـوەش شایسـتەبن. ئەمـەش خۆپاراستنە تا ئیرادەو ویستی مرۆڤ بگێڕێتەوە بۆ خواو بزانین هەموو شتێك بە تەوفیقی خوایە.

## خۆپاراستن لە باسی ڕۆژی دواییدا:

١ -كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ (٢٥)الزمر/ خـەڵکانی تـری پـێش ئەمان بڕوایان بە بەرنامەی خوا نـەبووە و دژایـەتیان کـردووە، هـەر بۆیـە لەشـوێنێکەوە سـزاو تۆڵـەی خـوای گەورە یەخەی گرتوون کە بە خەیاڵیاندا نەدەهات.

فَأَذَاقَهُمُ اللَّهُ الْخِزْيَ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الْآَخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (٢٦) ئەوسا ئـیتر خـوای گـەورە تـاڵاوی سـەر شـۆڕی و ڕیسـوایی کـردووە بـە گەروویانـدا هـەر لـە ژیـانی دنیـادا،( وَلَعَذَابُ الْآَخِرَةِ أَكْبَرُ) بێگومـان سـزای قیامـەت گـەورەتر و سـەختترە ئەگـەر بـزانن وتێبگـەن.ئەمـەش خۆپاراستنە تـا وانەزانن کە سزاکەیان تەنها لە دونیادایە، نەخێر سزای قیامەتیان سەخت و دژوارترە.

٢ – رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الرَّحْمَنِ لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا (٣٧)النبـأ/ ئـەو نـازو نیعمەتانـە لەلایـەن پـەروەردگاری میهرەبـان، بەدیهێنـەری ئاسمانـەکانو زەوی و هەرچـی وا لـە نێوانیاندایـە پێشـکەش بـەو بەختەوەرانـە دەکرێت، ئـەو ڕۆژە ڕۆژێکـە کـەس لەبـەردەم دادگـای پـڕ لـەدادی ئەوزاتـەدا ناتوانێت بدوێت و نارەزایی دەربڕێت.

يَوْمَ يَقُومُ الرُّوحُ وَالْمَلَائِكَةُ صَفًّا لَا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَنُ وَقَالَ صَوَابًا (٣٨) دڵنیـابن کەڕۆژێك دێت جوبرەئیـلو فریشـتەکان بـەڕیز دەوەسـتنو کەسـیان قسـەناکات، مەگـەر ئـەوەیان کـە خـوای میهرەبان مۆڵەتی بدات، ئەویش قسەی جوانو وتاری ڕێكو پێكو شایستە پێشکەش دەکات.

( لَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ خِطَابًا) ئەمـە خۆپاراسـتنە لـەماناو تێگەیشـتندا، تاوانـەزانن کـەمادام خوا(الرَّحْمَنُ)ە و سۆزو میهرەبانی هەیە ئیتر دەتوانن لە قیامەتدا قسەبکەن، نـەخێر کـەس بـۆی نیـە ورتە بکات مەگەر خوا ڕێی پێبدات، ئەمـەش دیسـان وەڵامـە بـۆ کافرەکـان کـە دەیـانووت ئێمـە ئەوانـەی دەیانپەرستین تکامان بۆ دەکەن:

(مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى (٣)الزمـر) (وَيَعْبُـدُونَ مِـنْ دُونِ اللَّـهِ مَـا لَـا يَضُـرُّهُمْ وَلَـا يَـنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلَـاءِ شُـفَعَاؤُنَا عِنْـدَ اللَـهِ (١٨) يـونس) تـا بـزانن ئەوانـەی دەیپەرسـتن هیچیان نـاتوانن لای خـوا تكاكاربن.

## خۆپاراستن لەباسی بەهەشتدا:

١- وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِنْ ثَمَرَةٍ رِزْقًا قَالُوا هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِنْ قَبْلُ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٢٥)البقرة/ هەروەها مژدە بدە بەو كەسانەی كە باوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە كە لە بەهەشتەكانیاندا چەندەها باخ و باخاتی جوان و دڵڕفێن بۆیان ئامادەیە كە ڕووبار بە ژێر درەختەكانیاندا و بە بەردەم كۆشكەكانیدا ڕەوان و جاری یە (جار جارە بۆ خۆشی بە شوێن یەكدا، میوەیان بۆ دێنن لە یەك ڕەنگ و یەك قەبارەدا) جا كە لێی دەخۆن ودوای تاوێك لە هەمان شێوەو ڕەنگدا بۆیان دێننەوە.

بەختەوەران دەڵێن: خۆ هەر تاوێك لەمەو پێش لەمەمان خواردا!! ئیتر هەر دەیهێنن و لەیەك دەچن، بەڵام لە تام و بۆن و پێكهاتەی ناوەویاندا جیاوازن، جگە لەوەش هاوسەرانی پاكیزەو جوان و ڕازاوە و بێگەردیان لەلا ئامادەیە و بۆ هەمیشە و هەتا هەتایش لەو بەهەشتە خۆشانەدا ژیانی پڕ لە شادی و كامەرانی دەبەنە سەر.

( وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ) جا نازو نیعمەت تا گەورەتر بێت ترسی تیاچوونی گەورەترە لەدڵی مرۆڤدا، جا بەمە دڵخۆشیان دەكات كە مەترسن نیعمەتی بەهەشت بەو مەزنیەشیەوە هەتا هەتاییە.

٢- وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا لَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا (٥٧)النساء/ لەولاشەوە ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوە و كردەوە چاكەكانیان ئەنجامداوە، لە ئایندەیەكی نزیكدا دەیانخەینە باخەكانی بەهەشتی پڕ لە كامەرانی،

کە ڕوبار بەژێر درەختەکان و بەبەردەم کۆشکەکاندا دەڕوات، بۆ هەمیشە و هەتا هەتایی، بەختەوەران ژیانی نەبڕاوە و نەمری تێدا دەبەنە سەر، هاوڕێ لەگەڵ هاوسەرانی جوان و پاك و بێگەردا، لەژێر سێبەری خۆش و هەوای سازگاردا، لەگەڵ خواردن و خواردنەوەی بەتام دا.

(خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا )خۆپاراستنە لەو تێگەیشتنەی کەوابزانن (خلود) مەبەست ماوەی دوورودرێژە، بە ( أبدا) جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە مانەوەیان بێبڕانەوەیەو هەتاهەتاییە.

ئەمەش لە چەندەها فەرموودەدا جەخت کراوەتە سەری وەك(مَن يدخلِ الجَنَّةَ ينعَمْ لا ييأسْ. لا تَبلَى ثيابُهُ ولا يَفنَى شبابُه). مسلم

٣- وَأَمَّا الَّذِينَ سُعِدُوا فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَوَاتُ وَالْأَرْضُ إِلَّا مَا شَاءَ رَبُّكَ عَطَاءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ (١٠٨) هود/ ئەوانەش کە کامەران و بەختیار کراون لە نێو بەهەشتدا بۆ هەمیشە و هەتاهەتایی ژیانی نەبڕاوەی تێدا دەبەنە سەر هەتا ئاسمانەکان و زەوی بمێنێت(کە بۆ هەتا هەتایی دروستکراونەتەوە) مەگەر پەروەردگارت ویستی گۆڕانکاری هەبێت، ئەوەش بەخششێکی بەردەوامە و هەرگیز کۆتایی نایەت.

( غَيْرَ مَجْذُوذٍ )خۆپاراستنە، تا بزانن کە نازونیعمەتی بەهەشت بەردەوام و بێبڕانەوەیە.

٤- إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُمْ مِنَّا الْحُسْنَى أُولَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ (١٠١) الانبياء/ لەو لاشەوە ئەوانەی کە ڕێبازی دینداری و یەکخواناسی و چاکسازیان گرتۆتە بەر، ئا ئەوانە لە دۆزەخ و ئازارەوە بە دورن.

لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنْفُسُهُمْ خَالِدُونَ (١٠٢) دەنگی بلێسەو نرکەو ناڵەی نابیستن (چونکە زۆر دورن لێوەی ) بەڵکو لە نێو حەزو ئارەزووەکانیاندا خۆشگوزەرانن، هەرچی دڵیان پێی خۆشە بۆیان ئامادەیە لەو ژیانە هەمیشەییەدا.

(لَا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا) خۆپاراستنە بۆ ئەوەی بزانن کەزۆر دوورن لەدۆزەخ وهیچ شتێک خۆشیان لێتێک نادات، تەنانەت گوێیان لە دەنگی سوتان و نرکەو ناڵەی دۆزەخ نابێت.

٥- مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ (١٥) محمد/

ئەو بەهەشتەی کە بەڵێن دراوە بە پارێزکاران بدرێت ئەمە وێنەی هەندێ لە نازو نیعمەتەکانیەتی: لەو بەهەشتەدا چەندەها روباری ئاوی سازگاری تێدایە، لەگەڵ چەندەها روباری شیری بەتام کە هەرگیز تامی تێکناچێت، لەگەڵ چەندەها روبار لە شەرابی تام خۆش و بۆنخۆش، کە لە خواردنەوەی بێزار نابن و پێی تێك ناچن (وەکو شەرابە حەرامکراوەکانی دنیا).

هەروەها چەندەها روباری هەنگوینی پاڵفتەو بێگەردو تام خۆش و بۆنخۆش و رەنگ جوان، هاورێ لە گەڵ بەروبوم و میوەی جوان و رازاوەدا، هەموو ئەو نازو نیعمەتانەش هاورێن لەگەڵ مژدەی ئەوەی کە خوای گەورە لەو بەختەوەرانە خۆش بوەو لێیان رازییە (کە ئەوەندەی تر چێژ دەدات بە نازو نیعمەتەکان).

جا ئیتر بیربکەنەوە ئاخۆ حاڵی ئەو بەهەشتیانە وەکو حاڵی ئەو دۆزەخیانە وایە کە بۆ هەمیشە لە نێو ئاگردا گیریان خواردووەو ئاوی لە کوڵیان دەرخوارد دەدرێت کە ریخۆڵەکانیان پارچە پارچەو توێ توێ دەکات؟! (بەهۆی بێدینی وپاخی بوون و گوناهو تاوانیانەوە).

**(غَيْرِ آسِنٍ) خۆپاراستنە تابزانن رروبارەکانی بەهەشت وەک رووباری دونیانین، ئاوی رووباری بەهەشت هەمیشە سازگارەو لێل نابێت.(لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ)هەرگیز تامی تێکناچێت (لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ)شەرابەکەشی تامی خۆشە، (عَسَلٍ مُصَفًّى) هەروەها رووباری هەنگوینەکەی پاڵفتەیەو هیچ خڵتەیەکی تیانیە.**

٦- وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُمْ بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَا أَلَتْنَاهُمْ مِنْ عَمَلِهِمْ مِنْ شَيْءٍ كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ (٢١) الطور/

ئەوانەی کە باوەریان هێناوە و نەوەکانیشیان لەدنیادا بە ئیمان و باوەری دامەزراوەوە شوێنیان کەوتن، ئێمە نەوەکان دەگەیەنین بە باوانیان و بەیەکتریان شاد دەکەین، جا وە نەبێت لە پاداشتی کارو

کردەوەی هیچ لایەکیان کەم بکەینەوە – بەڵکو پلە نزمەکان بۆ لای پلە بەرزەکان بلّند دەکەینەوە – ، هەرچەندە هەر کەس بارمتەی کارو کردەوەی خۆیەتی.

(وَمَا أَلَتْنَاهُمْ مِنْ عَمَلِهِمْ مِنْ شَيْءٍ) خۆپاراستنە تا باوکان و دایکانی بڕوادار واتێنەگەن کە بەرزکردنەوەی منداڵەکانیان بۆ لایان لە پلەو پایەیەی ئەمان کەمدەکاتەوە.

٧- فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ (٥٦) الرحمان/لەو بەهەشتەدا حۆری تێدایە کە تەنها بۆ هاوسەرەکانیان دەڕوانن و تەنها تەماشای ئەوان دەکەن، پێش ئەمانیش نە ئادەمی و نە پەری دەستی بەریان نەکەوتووەو کەس توخنیان نەکەوتووە.( وَلَا جَانٌّ) ئەمەش خۆپاراستنە تا بزانن حۆریەکانی بەهەشت نەک ئینس بەڵکو جنیش دەستی بەریان نەکەوتووە.

٨-وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ (٢٧) الواقعە، ئنجا باسی ئەوانە دەفەرموێت کەنامەی کاروکردەوەیان دەدرێتە دەستی ڕاستیان و دەفەرموێت دەستەی ڕاستانیش، کەلە بەختەوەرانی پلە دوون، جا چوزانی ئەوانیش لە چ خێرو خۆشیەکدان.

فِي سِدْرٍ مَخْضُودٍ (٢٨) ئەوانە لە ژێر سێبەری درەختی سیدری جوان و تایبەتی بیّ دڕکدان.

وَطَلْحٍ مَنْضُودٍ (٢٩) هەروەها درەختی مۆزیش کە بەرهەمەکانی چین چین لەسەر یەك سەفتە کراون، دیمەنێکی جوان و ڕازاوەیان هەیەو هەندیّ شوێنی بەهەشتیان پیّ ڕازێنراوەتەوە.

وَظِلٍّ مَمْدُودٍ (٣٠) سێبەری جوان و ڕازاوەی باخەکانیش درێژ بونەتەوەو تا چاو بڕ بکات دیمەنیان دڵ ڕفێنە.

وَمَاءٍ مَسْكُوبٍ (٣١) لە نێو باخەکاندا تاڤگەی جوان و حەوزو فوارەی ڕازاوەی تێدایە.

وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ (٣٢) میوەهاتی زۆرو هەمە چەشن باخەکانیانی ڕازاندۆتەوە بە تەواوی.

(لَا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ )(٣٣) کە نە بەرو بومیان تەواو دەبێت، نە قەدەغە کراویشن.

ئەمەش خۆپاراستنە تا بزانن کەوەک میوەی دونیا نیە کە مەوسیمی هەبێت، هەمیشە هەیەو ڕێگیری لێناکرێت.

٩- عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِنْ فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا (٢١)الانسان / لە بەهەشتدا پۆشاکی بەختەوەران ئاوریشمی سەوزی تەنکە کە بەسەر پۆشاکی ئاوریشمی ئەستوردا لەبەری دەکەن، مەچەکیشیان بە بازنی زیوی تایبەت ڕازاوەتەوە جگە لە خشڵە زێڕەکان. جار جارە شەرابێکی سەر مۆری تایبەت وەکو دیارییەکی تایبەت لە لایەن پەروەردگاریانەوە بۆ دێت، کە لەو پەڕی پاکی و خاوێنی و بێگەردیدایە تانۆشی بکەن.

( شَرَابًا طَهُورًا )خۆپاراستنە لەوەی کەوابزانن شەرابی بەهەشت وەک شەرابی دونیایە.

**خۆپاراستن لە باسی دۆزەخدا:**

١ – يَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ (٥٤) العنكبوت /کافرو خوانەناسان پەلەت لێدەکەن بۆ پێشهاتنی سزای خوایی، لەکاتێکدا دۆزەخ گەمارۆی کافرو بێباوەڕانی داوەو هەرگیز لێی قوتارنابن.

يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ فَوْقِهِمْ وَمِنْ تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٥٥) ڕۆژێك دێت سزای خوایی لەسەروویانەوەو لە ژێر پێیانەوە داوێنگیریان دەبێت، خوای گەورە ڕوو بەوان دەفەرموێت: دەبچێژن پاداشتی ئەو کاروکردەوانەی کەجاران ئەنجامتان دەدا.

کە دەفەرموێت: سزای خوا لەسەرروویانەوە بۆیان دێت، بۆ ئەوەی وانەزانن تەنها لەوێوەیە، نەخێر لەژێر پێشیانەوە سزایان بۆ دێت و سزا و ئاگر چواردەوریان دەگرێت.

٢- قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَى أَنْ يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِنْ فَوْقِكُمْ أَوْ مِنْ تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُمْ بَأْسَ بَعْضٍ انْظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ (٦٥)الانعام/ ئینجا پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە لەسەر شیرك و یاخی بونتان بەردەوام بن، ئەوە خوای گەورە توانای بێ سنورە و بە ئاسانی دەتوانێت سزای سەختتان لە سەروتانەوە یان لە ژێرپێتانەوە بۆ بنێرێت، یاخود بتانکاتە دەستە دەستە و پارچە پارچە و دژایەتی یەکتر بکەن و تاڵاوی توندوتیژی بکەن بە گەروی یەکتردا، جا سەرنج بدە

چۆن هەموو شتێکیان بۆ ڕون دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕاستیەکان تێبگەن و هەست بەلاری خۆیان بکەن و بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی خواناسی. ئەمەش وەک ئایەتەکەی پێشتر جەخت دەکاتەسەر ئەوەی کە سزای خوا تەنها لەسەرەوەنیەو لە ژێر پێشیانەوە سزایان بۆ دێت و،بەیەکتری سزایان ئەدات و، خوا بەتوانایەو بەهەرجۆرێک بیەوێت سزایان بۆ دەنێرێت.

٣- إِنَّهُ مَنْ يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَا (٧٤)طه/ لە قیامەتدا ئەوەی ئامادەی لای پەروەردگاری بێت بە کۆڵێ گوناهوتاوانەوە، ئەوە بێگومان دۆزەخی بۆ ئامادەیە، نەتیایدا دەمرێت تا ڕزگاری بێت،نەدەژی بە ئاسودەیی، بە واتای ژیان. (بەڵکو بەردەوام لە کولە مەرگیدایە).

کە دەفەرموێت نامرن، تا وانەزانن مانەوەیان ژیانەو پشوودەدەن ( وَلَا يَحْيَا )ئەمێنن بەلاّم ئەوە ژیانی پێناڵێن و مردن لەوە باشترە.

٤- وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِمَّا عَمِلُوا وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَالَهُمْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (١٩)الاحقاف/ جا سەرەنجام بۆ هەر دەستەیەك لە ئیمانداران، یان لەبێبڕواکان پلەو پایەی بەرز، یان نزم بۆیان ئامادەیە بە گوێرەی باوەڕو کارو کردەوەیان بە دوور لە هەموو جۆرە ستەمێك.

( وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ) ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا بزانن کە خوا ستەمیان لێناکات و بەپێی تاوانەکانیان سزایان ئەدات.

٥- وَأَصْحَابُ الشِّمَالِ مَا أَصْحَابُ الشِّمَالِ (٤١)الواقعة/ لەو لاشەوە، دەستەی چەپەکان، تووشی چ نەگبەتیەك هاتوون.

فِي سَمُومٍ وَحَمِيمٍ (٤٢) لەناو گڕو ئاوی لە کوڵدا گیریان خواردووە.

وَظِلٍّ مِنْ يَحْمُومٍ (٤٣) ئەوانە لە تاودا چاو دەگێڕن بۆ سێبەرێك، تا بە پەلە بۆی بچن، کاتێك دەگەنە ئەویَ دەبینن کە ئەویش دوکەڵێ ڕەشی گەرم و سوتێنەرە.

لَا بَارِدٍ وَلَا كَرِيمٍ (٤٤) نە فێنکەو نە بە کەڵکی ئەوە دێت ساتێ لەسایەیدا حەساوەبن. ئەمەش خۆپاراستنی تیایە، تا بزانن وەک سێبەری دونیا نیە.

إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَٰلِكَ مُتْرَفِينَ (٤٥) ئەمانە بۆیـە وا گیریـان خـواردووە چـونکە کـاتی خـۆی لـە نێـو نـازو نیعمـەتی حەرامـدا خۆشـگوزەران بـوون.(ئەمـەش خۆپاراستنی تیایە تـا کەسێـک وانـەزانێـت بـەخۆڕایی سزادەدرێن، ئەوانەزیادەڕۆییان کردووەو تاوانبارن بۆیە ئاوا سزا دەدرێن ).

وَكَانُوا يُصِرُّونَ عَلَى الْحِنْثِ الْعَظِيمِ (٤٦) بـەردەوامیش لـەسـەر گوناهـە گـەورەکان پێیـان دادەگـرت و شەریك و هاوەڵیان بۆ خوای تاك و تەنها بڕیار دەداو نەخشەیان دەکێشا دژ بەئیسلام و ئیمانداران.

٦- يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُنْ مَعَكُمْ قَالُوا بَلَى وَلَكِنَّكُمْ فَتَنْتُمْ أَنْفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ حَتَّى جَاءَ أَمْرُ اللَّهِ وَغَرَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ (١٤)الحديد/

لـە دیـوی دەرەوە دووڕووەکـان هـاوار لـە ئیمانـداران دەکـەن و دەڵـێن: باشـە ئێمـە لەگـەڵ ئێـوەدا نەبوین؟! ئیمانـداران دەڵـێن: بـەڵێ ڕاستە، بـەڵام ئێـوە خۆتـان توشـی لادان و پیلانگێڕیو دووڕوویـی کـرد، خۆتـان مەڵاسـداو بـۆ فرسـەت دەگـەڕان کـە زیـان بـدەن لـە ئیمانـداران و هەمیشـە لـە گومـان و دودڵیـدا دەژیـان و بڵاویشـتان دەکـردەوە، هیـوا ئـاواتی بـێ جـێ سـەری لێتێکـدابوون، هـەتا فـەرمانی خـوا یەخـەی پێگـرتن، شـەیتانیش غـەڕاو گـومڕای کردبـوون، لـە ڕەحمـەت و میهرەبـانی خـوای گـەورە نائومێـدی کردبوون، لە ڕێبازەکەشی وێڵی کردبوون.

فَالْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنْكُمْ فِدْيَةٌ وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مَأْوَاكُمُ النَّارُ هِيَ مَوْلَاكُمْ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (١٥) ئەمڕۆ ئیتر هیچ جۆرە پاکانەو بارمتەیەك لـە ئێـوەو لـە وانـەش کـە کـافرو بێبـاوەڕبوون وەرناگیرێـت (ئەگـەر هەشـتان بێـت)، مـەنزڵگای هـەمووتان هـەر ئـاگری دۆزەخـە، هـەر ئـەو شـوێنەش شایسـتەتانە، ئـای کـە سەرەنجامێکی خراپ و نالەبارە.

(وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا )ئەمـەش بـۆ ئەوەیە نـەک وابـزانن کە بارمتەو پاکانەتـەنها لە دووڕووەکان وەرناگیرێـت، نـا کافرەکـانیش هـەمان حاڵـەتیان هەیـەو هـەمان حـوکم دەیانگرێتـەوەو بارمتـەو پاکانەیان لێوەرناگیرێت.

**خۆپاراستن لە باسی پێغەمبەرایەتیدا:**

١- وَرَسُولًا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنِّي قَدْ جِئْتُكُمْ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللَّهِ وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٤٩)آل عمران/ هەروەها عیسا پێغەمبەرێکە بۆ نەوەی ئیسرائیل و پێیان دەڵێت: کە من جۆرەها بەڵگەو نیشانەم پێیە لەسەر پێغەمبەریتی خۆم و لە لایەن پەروەردگارمەوە کارئاسانیم بۆ کراوە، بۆ نموونە:

من لە قوڕ شێوازێکی باڵندە دروست دەکەم و پاشان فویەکی پێدا دەکەم، بەفەرمانی خوا یەکسەر دەبێتە باڵندەیەکی زیندوو بە بەرچاوتانەوە باڵ دەکاتەوە و دەفڕێت.

هەروەها کوێری زکماك و نەخۆشی بەڵەکی بەویستی خوا چاك دەکەمەوە، مردوانیش بەفەرمانی خوا زیندوو دەکەمەوەو لەگۆڕ دەریان دێنم، هەواڵی ئەو شتانەشتان پێدەدەم کە دەیخۆن و هەڵی دەگرن لە ماڵەکانتاندا، جالە ڕاستیدا لە هەموو ئەو شتانەدا بەڵگەو نیشانە هەیە لەسەر دەسەڵاتی بێ سنوری خوا و پێغەمبەرایەتی من ئەگەر ئێوە باوەڕبێنن.

(بِإِذْنِ اللَّهِ )بە ئیزنی خوا دووجار دووبارەبۆتەوە تا بزانن عیسا بەندەو پێغەمبەری خوایەو، حۆپاراستنە لەوەی کە عیسا بەخوا یان بەکوڕی خوای بزانن.

٢- لَنْ يَضُرُّوكُمْ إِلَّا أَذًى وَإِنْ يُقَاتِلُوكُمْ يُوَلُّوكُمُ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنْصَرُونَ (١١١) آل عمران/ ئەو ناحەزانە هەرگیز ناتوانن زیانتان پێبگەیەنن، زیان لە عەقیدەو بیروباوەڕتان بدەن، مەگەر ئازاری ڕۆحتان بدەن بە قسە و قسەلۆك، یان ئازار بە جەستەتان بگەیەنن بە ئەشکەنجەو ئازاردان، خۆ ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان لە بەرەیەکدا بەرەنگارتان بوونەوە، ئەوە زوو پشت هەڵدەکەن، لەوەو دوایش سەرکەوتوو نابن وکەس بەهانایانەوە نایەت.

(ثُمَّ لَا يُنْصَرُونَ) ئەمە خۆپاراستنە لەوەی کە نەوەکو پشت هەڵکردنەکەیان وابزانن لە تەکتیکی شەڕەوەیە، نا پشت هەڵکردنەکەیان لە ئەنجامی شکانیانەوەیەوکەسیش فریایان ناکەوێت.

٣- الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٥٧)الاعراف/

هەروەها ئەوانەی کە لە ئایندەدا باوەڕدەکەن بە فرستادەی نەخوێندەوارمان ( محمد ﷺ وەکو موعجزەیەك ئەم قورئانە ڕێك و پێکە پڕ لە عیلم و زانستەی پێدا ڕەوانە کراوە )، جولەکەو مەسیحیەکانیش ناونیشانەکانی دەبینن کە تۆمارکراوە لە تەورات و ئینجیلدا ( لەگەڵ دەستکاری کردنیشیاندا ) کەهەندێ سیفاتی ئەوەیە: فەرمانیان پێدەدات بە چاکەکاری، هەرچی شتێکی چاك و پاك و بەسودە بۆیان حەڵاڵ دەکات، هەرچی شتێکی پیس و خراپ و نا پوختە لێیان حەرام دەکات، ئەرکە قورسەکان لەسەرشانیان لادەبات، ئەو کۆت و زنجیرانەش کە لە گەردنیاندا بوو ( بەهۆی لادان و یاخی بون و گوناهەکانیانەوە، وەکو خۆکوشتن بۆ ئەوەی تەوبەیان گیرا بێت ) لای دەبات، جا ئەوانەی باوەڕی پێ دەکەن و پشتیوانی ئاین و بەرنامەکەی دەکەن و شوێنی ئەو نورە دەکەون ( کە قورئانە ) و بۆ ئەو نازڵ کراوە، هەر هەموو ئەوانە سەرفەراز و ڕزگار و سەرکەوتوون لە هەردوو جیهاندا.

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (١٥٨)

ئەی محمد ﷺ بلێ: ئەی خەڵکینە من بەڕاستی فرستادەی خوای گەورەم بۆ سەرجەمی ئێوە، ئەو خوایەی کە خاوەنی هەموو ئاسمانەکان و زەوی یەو هەر خۆیشی بەدیهێناون، جگە لەو زاتەش خوایەکی تری بەهەق نیە شایستەی پەرستن بێت، ئەو زاتەی کە ژیان دەبەخشێت و مردن پێش دەهێنێت ( بۆ ئەو دروستکراوانەی کە پێشتر هەر خۆی ژیانی پێ بەخشیون ) کەواتە باوەڕی دامەزراو و پتەو بهێنن بەو خوایە و بە پێغەمبەرەکەشی کە فرستادەیەکی نەخوێندەوارە، جا ئەو پێغەمبەرە ( خەڵکی بانگ ناکات بۆ لای خۆی، بەڵکو بانگیان دەکات بۆ لای خوای گەورە و پەیامی ئەو زاتەیان پێ ڕادەگەیەنێت ) چونکە خۆی باوەڕێکی بتەوی بەزاتی خوای گەورە و فەرمودەکانی هەیە کە لە

ڕێگەی ئەوەوە ڕادەگەیەنرێت بە خەڵکی، دەی کەواتە ئێوەش ( ئەی جولەکەو مەسیحیەکان ) بڕوای پێبکەن و شوێنی خوی و پەیامەکەی بکەون بۆ ئەوەی ڕێبازی هیدایەتی ڕاستەقینە بۆ لای پەروەردگارتان بگرنەبەر.

(الْأُمِّيِّ) خۆپاراستنی تیایە، تابەم سیفەتەی خۆشەویست کەنەخوێندەوار بووە حوجە لەسەر ئەهلی کیتاب دروست بکات کەلای ئەوان وا ناوزەدکراوە و خەیاڵیان بۆ هیچ پێغەمبەرێکی تر نەچێت، هەروەها تا پێیان بسەلمێنێ کەنەخوێندەوارەو خوا فێری کردووەو وانەزانن کەخۆی دایناوە.

٤- وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ وَقَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِمُ الْمَثُلَاتُ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِلنَّاسِ عَلَى ظُلْمِهِمْ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ (٦) الرعد (خوانەناسان کاتێك هەڕەشەیان بە تۆڵەی خوایی لێ دەکەیت)پەلەت لێ دەکەن و داوای پێشهاتنی بەڵا و ناخۆشیت لێ دەکەن لە جیاتی هیدایەت و بەرەکەت و خێر و خۆشی، بەمەرجێك دەزانن کە چەندەها گەلانی یاخی و بێ دین پێش ئەمان تیاچون(ئەی محمد ﷺ )پەروەردگاری تۆ لە بەرانبەر ستەم و یاخی بوون و بێ دینی خەڵکیدا خاوەنی لێخۆشبوونە(ئەگەر ڕووبکەنە ئیمان)هەروەها ئەو پەروەردگارەی تۆ تۆڵەسێنێکی بەزەبرە.

(وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ) ڕاستە خوا لێبووردنی هەیەو مۆڵەت ئەدات بەستەمکار بەڵام خوا سزایەکی توندیشی هەیە کە دوورنیە لەستەمکاران ولەهەر کاتێکدا خوا بۆی ناردن دەینێرێت.

٥- سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١) الاسراء/ پاکی و بێگەردی و ستایش بۆ ئەو زاتەی کە شەوڕەوی کرد بە بەندەی خۆی محمد ﷺ لە مزگەوتی حەرام و کەعبەی پیرۆزەوە بۆ مزگەوتی (الأقصى) لە(بيت المقدس)کە دەوروبەریمان پڕ لەبەرەکەت و پیرۆزی کردووە، تا هەندێك نیشانە و بەڵگەی دەسەڵاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین، بە ڕاستی ئەو زاتە تەواو بیسەرە بە هەموو قسە و گوفتاری بەندەکانی، تەواویش بینایە بە هەموو کردار و ڕەفتاریان.

وشـەی(أَسْرَى )واتـە ڕۆیشتن بەشەو بەڵام بـە (لَيْلًا) جەخت دەكاتـەوە سەری بۆ ئەوەی نـەك وابزانرێـت مـەجازی بـووەو شـەوڕەوی ڕاستـەقینە نـەبووە، ئنجا كەبـە نـەكیرە هـاتووە بـۆ ئەوەیـە وانەزانرێت لەچەند شەوێكدا بووە، كە خۆی لەماوەیەكی كەمی تاقە شەوێكدابووە.

٦- قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَـذَا الْقُـرْآنِ لَـا يَـأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَـوْ كَـانَ بَعْضُـهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا (٨٨) الاسراء/ ئـەی محمـدﷺ بـەو خەڵكـە بڵێ:ئەگـەر سـەرجەم ئینسـانەكان لـەگـەڵ هـەموو جنۆكەكانیشـدا لـە هـەموو زەمـان و زەمینێكـدا كۆببنـەوە و هـەوڵ بـدەن قورئـانێكی وێنـەی ئـەم قورئانـە داڕێژن،هــەرگیز نــاتوانن كــاری وا ئــەنجام بــدەن، ئەگــەر چــی هەموویشــیان هاوكــاری یــەكتری بكەن!!(بێگومان ئەم تەحەدایە بەردەوامـە هـەتا ڕۆژی قیامـەت، كـەس هیچی بـۆ نـەكراوە، لەبەرئـەوە ناچار بـە شـێوازی جۆراوجـۆری تـر دژایـەتی دەكرێـت و خـەڵكی لـێ وێـڵ دەكرێـت بـە سـەرگەرم كردنیـان بـە ئارەزووەكانەوە).

(لَـا يَـأْتُونَ بِمِثْلِـهِ )هێنـاوەو نافـەرمویَت (لَـا يَـأْتُونَ بِـهِ ) بـۆ ئـەوەی گومان نـەبرێت كەوێنـەی هەیـەو ئەمان ناتوانن بیهێنن، ( مِثْلِهِ ) دووبارە دەكاتەوە بۆ ئەوەی جەخت بكات كەوەك قورئان بێت.

٧- وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْـرُجْ بَيْضَـاءَ مِـنْ غَيْـرِ سُـوءٍ آيَـةً أُخْـرَى (٢٢) طه / دەستیشـت بخـەرە بـن بـاڵ و هەنگڵتـەوە، كـە دەری دەهێنیـت ڕەنگـی سـپی و درەوشـاوەیە بـە دوور لەهـەموو ناسـاغیەك، ئەوەش نیشانە و بەڵگەیەكی ترە(كە تۆ پێغەمبەر و فرستادەی ئێمەیت).

( مِنْ غَيْرِ سُوءٍ )ئەمـەش بـۆ ئـەوە هاتووە تا گومان نـەبرێت كەدەستی تووشی نەخۆشی پێست بووە.

٨- وَمَا كُنْتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَا إِلَى مُوسَـى الْـأَمْرَ وَمَـا كُنْـتَ مِـنَ الشَّـاهِدِينَ (٤٤) القصـص (ئەی محمد ﷺ دڵنیابە كە ئـەم باسـانەت لـە لایـەن ئێمـەوە پێـدەگات) ئـەگینا خۆتـۆ لـە بەشـی خۆرئـاوای كێـوی –طـوردا–نـەبویت كـاتێ كـە ئێمـە پـەیامی خۆمانمـان ڕاگەیانـد بـە موسـا، وە تـۆ لـەشـایەت و ئامادەبوانی ئـەو مەراسـیمە گـرنگ و پیرۆزە نەبویت.موسـا سـەلامی خـوای لێبێـت لـەلای ڕاسـتی كێـوی

(الطور ) پەیامەکەی وەرگرت (وَنَادَيْنَاهُ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا (٥٢)مريم) کەچی لێرەدا لەجیاتی بفەرموێت: ئەی موحەمەد تۆ لەلای راستی کێوەکە نەبووی دەفەرموێت: تۆ لەلای خۆرئاوای کێوەکە نەبووی (بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ )، ئەمەش خۆپاراستنە تا ئەوەی لێنەخوێنرێتەوە کە موحەمەد لەلای راست نەبووەو مانایەکی لای راستیش ( یُمن ) و بەرەکەتە،بۆ ئەوەی نەفی یومن و بەرەکەت نەکات لەو خۆشەویستەمان، ئەمەش بەلای موفەسیرینەوە سەیرترین خۆپاراستنە.

ئنجا بە (وَمَا كُنْتَ مِنَ الشَّاهِدِينَ ) جەخت دەکاتەوە کە نەلەو شوێنە بوویت و نەبینیوشتە.

دوای ئایەتێکیش لەهەمان سوورەتدا جەخت دەکاتەوە سەری و ئەفەرموێت تۆ لای کێوی (الطور) نەبوویت باسی خۆرئاواکەش ناکات (وَمَا كُنْتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَكِنْ رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ لِتُنْذِرَ قَوْمًا مَا أَتَاهُمْ مِنْ نَذِيرٍ مِنْ قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٤٦) ).ئەم خۆپاراستنەش لەم فەرموودەیەدا هاتووە (إن المقسطينَ، عند اللهِ، على منابرَ من نورٍ،عن يمينِ الرحمنِ عز وجل، وكلتا يديهِ يمينٌ، الذين يعدلونَ في حُكمِهم وأهليهِم وما وُلّوا )صحيح مسلم

٩-ا دْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ (٥) الاحزاب بەناوی باوکی خۆیان بانگیان بکەن ئەوە چاکترودادپەروەرانەترە،ئەگەرباییشیان ناناسن، برای ئاینی ودۆستی ئێوەن.

(أَقْسَطُ ) ئەوە خۆپاراستنی تیایە تا نەوترێت ئیشەکەی پێغەمبەرلد.خ باش نەبووە کەزەیدی کرد بەکوڕی خۆی، کاتێك زەید نەیویست بچێتەوە لای باوکی و فەزڵی خۆشەویستمانی دا بەسەر کەس و کاریدا.کە دەفەرموێت (أَقْسَطُ )مانای وایە ئەوەی خۆشەویستیش ( قسط) بووە.

١٠- الم (١) غُلِبَتِ الرُّومُ (٢) فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ (٣) فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ (٤)الروم/ لەشکری ڕۆم شکستیان هێنا (بە دەستی ساسانیەکان)،لە نزیکترین سەرزەمین بە خۆیان، یاخود لەو شوێنە دا کەزەوی نزمە، جا ئەوان دوای ئەو شکست خواردنەیان سەرکەوتن بەدەست دەهێنەوە لەچەند سالێکی کەم و داهاتویەکی نزیکدا، دڵنیابن کە لەهەموو حاڵەتێکدا هەموو شت هەر بەدەست خوای گەورەیە، لە پێشترو لە دواتردا ( لە

پێشتردا کە شکستیان هێناوەو لە دواتردا کە سەردەکەون ) جا ڕۆژی سەرکەوتنیان ئیمانداران دڵخۆش دەبن.

(فِي بِضْعِ سِنِينَ )قورئان ماوەکە دیاری ناکات و بەکراوەیی دەیهێڵێتەوە کە (بِضْع ) لەزمانی عەرەبیدا لە ٣ تا ٩ یە، ئەمەش خۆپاراستنی تیایە چونکە لای ڕۆمەکان بەحسابی شەمسی کاریان دەکردو عەرەبەکانیش بە قەمەری، ئنجا سەرکەوتنەکە ڕەنگە درێژە بکێشێ ئایا سەرەتاکەی حساب دەکەن یان کۆتاییەکەی، ئنجا ئەو کاتەی ئەو سەرکەوتنەی ڕۆمەکان دەبێت موسڵمانانیش کەچەوساوەبوون دڵیان خۆش دەبێت بەسەرکەوتن و دەرویان لێدەکرێتەوە، ساڵەکانی دیاری نەکرد لەبەر ڕەچاوکردنی باری دەروونی موسڵمانان تا هەردەم بەتەمای هاتنی سەرکەوتن بن و بزانن کەنزیکەو هەوڵی بۆ بدەن.

ئەوەبوو لەجەنگی بەدردا موسڵمانان دڵخۆش بوون بەسەرکەوتنەکەیان و خوا دەرووی لێکردنەوە، لەهەمان کاتیشدا ڕۆمەکان سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا.

١١-قُلْ إِنْ ضَلَلْتُ فَإِنَّمَا أَضِلُّ عَلَى نَفْسِي وَإِنِ اهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ (٥٠)سبأ/ بڵێ: ئەگەر من سەرم لێتێك چوبێت ئەوە هەر خۆم زەرەر دەکەم ولەخۆمەوەیە، بەڵام ئەگەر ڕێبازی هیدایەتم گرتبێت، ئەوە بە هۆی ئەو وەحی و قورئانەوەیەکە پەروەردگارم ناو بە ناو بۆم دەنێرێت، بە ڕاستی ئەو زاتە تەواو بیسەرو نزیکە.

(وَإِنِ اهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي)خۆشەویستمان (د.خ) سەرگەردانیەکە ئەگەر ببێت دەیگێڕێتەوە بۆ نەفسی خۆی، بەڵام هیدایەتەکە دەگێڕێتەوە بۆ خوا، ئەمەش ئەدەبێکە لە هەموو قورئاندا ڕەچاوکراوە، بۆنموونە:

**یەکەم**: لە سورەتی فاتیحەدا، دەفەرموێت (صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ )(٧) فەزڵی هیدایەتەکە دەگێڕێتەوە بۆ خوا کەچی بۆ غەزەب لێگرتنەکە دەفەرموێت(غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ)نافەرموێت ( أغضبت عليهم)وە بۆ سەرلێشێواوەکان نافەرموێت ( أضللتهم)بەڵکو دەفەرموێت ( ولا الضالين).

**دووەم**: الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ (٧٨) وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ (٧٩) وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ (٨٠) وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ (٨١) الشعراء.لێرەدا ئیبراهیم سەلامی خوای لێبێت، بەدیهێنان و خواردن و خواردنەوە پێدان و چابوونەوەو مردن و ژیان ئەگێڕێتەوە بۆ خواو بۆنەخۆشیەکەش دەفەرموێت (وَإِذَا مَرِضْتُ)ئەگەر نەخۆش کەوتم.

**سێیەم**: وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَنْ فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا (١٠)الجن.لێرەدا پەریەکان تەنها هیدایەتەکە دەگێڕنەوە بۆخوا و وتیان: جا لە ڕاستیدا ئێمە نازانین، ئایا نەخشەیەکی شەڕو وێرانکاری کێشراوە بۆ دانیشتوانی سەر زەوی، یاخود پەروەردگاریان دەیەوێت ڕێمونی و هیدایەتیان بدات بۆ سەر ڕاستە شەقامی دینداری و خواناسی و سەرفەرازی.

١٢- إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ (٢٤)فاطر/ ئێمە بەراستی تۆمان نارد مژدەدەرو ترسێنەر بی،هیچ گەلێکیش نەبووە ترسێنەرمان بۆ نەناردبێ.

(وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ) ئەمە بۆ ئەوەیە کە بزانن ئەم یەکێکە وەکو دەیان هەزار پێغەمبەری تر کە پێش ئەم هاتوون و،ئەم بیدعەو تازە داهێنراو نیە،هەروەك لە ئایەتێکی تردا فەرمان ئەدات بە خۆشەویست (د.خ)کەبەگەلەکەی بلێ(قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِنَ الرُّسُلِ وَمَا أَدْرِي مَا يُفْعَلُ بِي وَلَا بِكُمْ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَى إِلَيَّ وَمَا أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ (٩) الجاثية).

١٣- قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَاسْتَقِيمُوا إِلَيْهِ وَاسْتَغْفِرُوهُ وَوَيْلٌ لِلْمُشْرِكِينَ (٦)فصلت/ ئەی محمدﷺ پێیان بلێ: لەڕاستیدا من هەر بەشەرێکم وەکو ئێوە، بەڵام وەحی و نیگام بۆکراوە کەپێتان ڕابگەیەنم کە لەڕاستیدا خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە، بیرو باوەڕ و بۆچونی خۆتان ڕاست بکەنەوە و هەر ڕوو لەو زاتە بکەن، هەروەها داوای لێخۆشبونیش هەر لەو بکەن ( چونکە ساڵەهایە لە گوناهو تاوان و شیرکدا دەژین ) جا ئیتر وەیل و ئاهو ناڵە بۆ ئەو موشریك و هاوەڵگەرانەی کە باوەڕ ناهێنن.

(إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ) ئەمە خۆپاراستنە تابزانن ئەمیش ئادەمیزادێکە وەک ئەوان ونایەوێت بەچاوێکی تر سەیری بکەن.

(يُوحَى إِلَيَّ)راستە من مرۆڤێکم وەک ئێوە بەڵام مەعصومم لەهەڵەو سرووشم بۆ دێت لەخواوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانن کەهەرچەند مرۆڤە وەک ئەوان بەگوێ کردنی واجیبە بە فەرمانی خوا.

١٤- وَلَوْ نَشَاءُ لَأَرَيْنَاكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُمْ بِسِيمَاهُمْ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَالَكُمْ (٣٠) محمد/ئەی محمد ﷺ، ئەگەر بمانویستایە هەموو دووڕووەکانمان بۆ دەستنیشان دەکردیت و هەر بە تەماشا کردنی روخساریاندا دەتناسینەوە، بێگومان بە قسەکردنیاندا دەیانناسیتەوە،خوای گەورە بە هەموو کاروکردەوەتان ئاگادارە.

دوای دابەزینی ئەم ئایەتە خۆشەویست تەنها بەقسەکردن لەگەڵیاندا دەیزانی کە دووڕوون. ئەمەش خۆپاراستنە لەوەی کە با دووڕووەکانیشت بۆ دەستنیشان نەکات، ناتوانن خۆیانت لێبشارنەوە،خەمت نەبێت وادەکەین کە بە قسەیانا بیانناسیتەوە.

١٥- فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُنْهَمِرٍ (١١) القمر/ ئەوسا ئیتر ئێمەش دەروازەکانی ئاسمانمان کردەوە هاوڕێ لەگەڵ بارانێکی لێزمە و خوڕەمدا. وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ (١٢) هەموو سەر زەویشمان کردە کانیاو و لە هەموو شوێنێکەوە ئاو هەڵقوڵا، ئاوی ئاسمان و زەوی یەکیانگرت بە ویست و ئیرادەیەك کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابوو.

وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ (١٣) ئەوەندە بارانباری و زەویش وەك هەمووی بوویێت بە کانی، لافاوێك دروستبوو، هەروەك ئاوی ئاسمان وزەوی بەیەك بگەن، لێرەدا بۆ ئەوەی بزانن کە خوا چ دەسەڵاتێکەو چۆن رزگاری کردوون، ئەفەرموێ: ئەوسا ئیتر ئێمە زۆر بەئاسانی نوح و ئیماندارانمان هەروا لەسەر چەند تەختەو بزمارێک هەڵگرت.!! کە مەبەست کەشتیەکەیە.

١٦- فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ (٢١) جا تۆ ئەی محمد ﷺ ئەم شتانە بخەرەوە یادیانو بەردەوام ئامۆژگارییان بکە چونکە بەراستی تۆ هەر یادخەرەوەیت ( ڕێ نیشاندەریت، دڵسۆزیانیت ).

لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ (٢٢) بێگومان تۆ هیچ دەسەڵاتێکت نیە بەسەر دڵو دەروونی ئەو خەڵکەدا تا بەزۆر باوەڕداریان بکەیت.

جابۆ خۆپاراستن لەوەی کەوا بزانن مادام پێغەمبەر دەسەلاتی نیە بەسەریانا ئیتر رزگاریان دەبێت،دەفەرموێت: إِلَّا مَنْ تَوَلَّى وَكَفَرَ (٢٣). نەخێر رزگاریان نابێت ئەگەر بڕوا نەهێنن و دەگەڕێنەوە لای خواو سزای زۆر گەورەو قورسیان ئەدات.فَيُعَذِّبُهُ اللَّهُ الْعَذَابَ الْأَكْبَرَ (٢٤) إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ (٢٥) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُمْ (٢٦) بێگومان ئەو جۆرەکەسانە، خوای گەورە سزایەکی زۆر سەختیان دەدات.

## خۆپاراستن لەباسی بانگەوازی پێغەمبەراندا:

١- أَوَكُلَّمَا عَاهَدُوا عَهْدًا نَبَذَهُ فَرِيقٌ مِنْهُمْ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (١٠٠)البقرة/ ئەو جولەکانە هەر کاتێك پەیمانێك دەبەستن لەگەڵ ئیماندارانـدا، دەستەیەکیان هەڵی دەوەشێنێتەوە و پشتگوێی دەخات (ئەوانە چاوەڕوانی خێریان لێناکرێت) چونکە ئەوانە زۆربەیان بە هیچ ئاین و بەرنامەیەك باوەڕیان نیە.

وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ كِتَابَ اللَّهِ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (١٠١) کاتێکیش کە پێغەمبەرێك لە لایەن خوای گەورەوە ڕەوانە کرا بۆ (سەرجەم خەڵکی) و بۆ ئەو جولەکانەش و بەڕاستدانەری کتێبەکەی لای ئەوانیش بوو، دەستەیەکیان لەوانەی کە تەوراتیان پێ درابوو، ئەندازەیەك شارەزای بوون و، تێیدا مژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلام هەبوو ئەوانە ئەو کتێبەی خواشیان پشتگوێ خست و خۆیان لێ گێل کرد، هەروەك هەواڵی وا نەزانن و لە تەوراتدا نەبێت و نەیان بیستبێت!!ئەم ئایەتە دوو خۆپاراستنی تیایە:

**یەکەم**:دەفەرموێت (نَبَذَ فَرِيقٌ )کۆمەڵێك جوولەکە هەقیان ناوێت تا هەموویان بەوە تاوانبار نەکرێن.**دووەم**: کە دەفەرموێت (بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ)لەبەر ئەوەیە کە (فریق) بۆ کەم و زۆر

بەكاردێت، لێرەدا بەم كۆتایی ئایەتە جەخت دەكات كە كۆمەڵێكی زۆری جوولەكە پشت دەكەنە هەق و راستی.

٢- مَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلَا الْمُشْرِكِينَ أَنْ يُنَزَّلَ عَلَيْكُمْ مِنْ خَيْرٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَاللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ (١٠٥) البقرة/ لە راستیدا ئەوانەی كە بێباوەڕو حەق پۆشن لە خاوەنانی كتێب،( وَلَا الْمُشْرِكِينَ )و هەروەها موشریك و هاوەڵگەرانیش كە حەز ناكەن هیچ خێر و بەرەكەتێك لە لایەن پەروەردگارتانەوە رووتان تێ بكات، بەڵام خوای گەورە بە ئارەزوو حەزی ئەوان ناكات، بەڵكو لە ڕەحمەتی تایبەتی خۆی هەركەسێك شایستە بێت ئەو زاتە بەهرەمەندی دەكات، چونكە ئەو خوایە خاوەنی فەزڵ و بەخششی گەورەیە (بەتایبەت بۆ باوەڕداران).

( وَلَا الْمُشْرِكِينَ) ئەمە بۆ خۆپارێزیە لەوەی نەباوەكو وابزانن تەنها ئەهلی كیتاب كافرن و حەز بەخۆشی موسڵمانان ناكەن، نەخێر هاوەڵگەرانیش بەهەمان شێوەن.

٣- وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ (١٢٠) البقرة /

دڵنیابە كە جولەكەو گاور هەرگیز لە تۆ- ئەی محمدﷺ، ئەی ئیماندار- رازی نابن هەتا بە تەواوی شوێن ئاین و بەرنامەی ئەوان نەكەویت، پێیان بڵێ: لە راستیدا هەر بەرنامەی خوا- ئاینی ئیسلام- شایستەی ئەوەیە كە باوەڕی پێ بكەین، بە تایبەت كە یەكێك لە مەرجەكانی باوەڕبونە بە پێغەمبەران و كتێبەكانی ئێوە.

هیدایەتی راست و دروست و ئاینی پەسەندیش هەر ئەوەیە، خۆ ئەگەر شوێن ئارەزوو داخوازییەكانی ئەوان بكەویت دوای ئەوەی كە زانست و زانیاری راست و دروستت بۆ هاتووە، ئەوە ئیتر خوای گەورە نە یاوەرت دەبێت و نە یارمەتیشت دەدات.

(وَلَا نَصِيرٍ ) ئەمە خۆپارێزی تیایە نەباوەكو وابزانن كە خوا دۆستیشی نەبێت یارمەتی دەدات، نەخێر كەدۆستی نەبوو یارمەتیشی نادات.

لە ئایەتی تریشدا هەمان شت هاتووە (أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ (١٠٧)البقرة).

٤- وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا بَلَدًا آَمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آَمَنَ مِنْهُمْ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ قَالَ وَمَنْ كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ (١٢٦) البقرة/ سەردەمێك ئیبراهیم نزای كردو وتی: پەروەردگارا دەوروبەری ئەم ماڵەت بگێڕە بە شارێكی پڕ لە هێوری و ئاسودەیی، ڕۆزی هەمەجۆریش ببەخشە بە دانیشتوانی، بە تایبەت بەوانەیان كە باوەڕیان بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە (خوای گەورەش فەرمووی نزاكەت گیرایە) بەڵام ئەوەش كە كافرو بێباوەڕە بێ بەشی ناكەم لە بەرهەم و نازو نیعمەتی كەم تەمەنی ئەم دنیایە، بەڵام لەوەو دوا ناچاری سزای ئاگری دۆزەخی دەكەم، كە سەرئەنجام چارەنوسێكی زۆر خراپە.

ئەم ئایەتە چەند خۆپاراستنێكی تیایە:

**یەكەم**:(فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلًا) ئەوەی كەخوا دەیدات بەكافران لەدونیادا كەمەو كاتیەو لەچاو سزای هەتا هەتایی قیامەتدا هەرهیچ نیە.

**دووەم**: (ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ )ئەمەش بۆ ئەوەی كافران وانەزانن كە لەدونیادا مۆڵەتیان دراوە بۆیان دەچێتە سەر، نەخێر بەزۆر دەبرێن بەرەو سزایەكی سەخت لە قیامەتدا.

**سێیەم**:( مَنْ آَمَنَ مِنْهُمْ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ ) ئەمە خۆپاراستنی تیایە لەلایەن ئیبراهیمەوە سەلامی خوای لێبێت، چونكە كاتی خۆی دوعای كرد بۆ نەوەكەی بەگشتی،خوای گەورەش بۆی ڕاستكردەوە كە پەیمانی خوا بۆ ستەمكاران نیە (قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ (١٢٤)البقرة )، بۆیە ئەمیش لێرەدا تەنها دوعا بۆ بڕوادارانی نەوەكەی دەكات.

٥- تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٣٤) البقرة/ ئا ئەوانە كەسانێكن كە ڕابوردن (بە ئیمان و باوەڕی پاك و یێگەردە و دنیایان بەجێهێشت)، هەرچی كاروكردەوەیەكی چاك هەبوو بۆ خۆیان دەستەبەریان كرد، كە بێگومان سودی هەر بۆ

خۆیانـه، ئێـوەش هەرچـی دەكـەن لـه كـردەوەی چـاك سـودەكەی هـەر بـۆ خۆتانـه و، ئێـوە پرسـیارتان لێناكرێت دەربارەی كردەوەی ئەوان.

واته ئەگەر ئەوان ناتەواوی و كەم و كوڕیـەكیان هـەبێت ئـەوە ئێـوە بـەرپرس نـین لـەو كردەوانـەی كـه ئەوان جاران كردوویانه، بەڵكو هەركەسه بەرپرسیاره لـه كردەوەی خۆی.

( وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ) ئەمه بۆ ئەوەیه جەخت بكاتەوە سەر ماناو مەبەستەكەی پێش خۆی كـه هەركـەس بەرپرسـه لەكاروكردەوەی خـۆی، ئـەم جەخت كردنەوەیـەش بـۆ خۆپاراستنه تـا بزانن خۆیان بەرپرسیارن لەكردەوەی خۆیان بەتەمانەبن هیچ فریایان بكەوێت.

٦- وَقَالُوا كُونُوا هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُوا قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٣٥) قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (١٣٦) البقرة/

هەنـدێ لـه جولـەكـه و گاورەكـان بـه ئیمانـداران دەڵـێن: وەرن ببنـه جولـەكـه یـان گـاور تـا هیدایـەت وەرگرن و بكەونه سەر ڕێگەو ڕێبازی ڕاست!!

ئەی محمدﷺ، ئـەی ئیمانـدار، پێیـان بڵـێ: (نـەخێر، شـتی وانـاكـەین) چـونكه ئێمـه شـوێنكەوتەی ئـاین و بەرنامـەی ئیـبراهیم بـاوكی پێغەمبـەرانین كـه هـەر ئـەو ئـاین و بەرنامەیـه ڕاسـت و پـاك و دروسـتەو ئـەو هەرگیز لـه ڕیزی بتپەرستان و هاوەڵگەراندا نەبووە.

( وَمَـا كَـانَ مِـنَ الْمُشْـرِكِينَ ) بـۆ خۆپاراستنه نـەوەک واتێبگـەن كـه مـادام ئیـبراهیم یـەهودی و نەصرانی نەبێت كەواته موشریكه، (مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِنْ كَانَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَـانَ مِـنَ الْمُشْـرِكِينَ (٦٧) آل عمـران )نـەخێر یـەهودی و نەصـرانیش نیـەو ئومـەتێكی یەكتاپەرسـته، یەهودیەت و نەصرانیەت چەند سەدە دوای ئەو پەیدابوون.

٧- فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنْتُمْ بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوْا وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا هُـمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّـهُ وَهُـوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (١٣٧) البقرة/ جا ئەگـەر ئـەو جولـەكـەو گاورانـه باوەڕیـان هێنـا وەك باوەڕهێنـانی ئێـوە (كـه لـه ئایـەتی پێشـودا باسـكرا) ئـەوە بەڕاسـتی مانـای وایـه ڕێبـازی هیدایـەتیان گرتۆتـه بـەرو ئـاینی ڕاسـتیان

دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەگەر روویان وەرچەرخاندو پشتیان لەم ئاینە کرد، ئەوە(فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ) دیارە دەکەونە پیلان گێڕان و دژایەتی کردنی ئیسلام بەهەر هۆکارێك کە بۆیان دەست بدات، ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا موسڵمانان وانەزانن کە کافران بڕوایان نەهێنا هەروا دادەنیشن، نەخێر تا دوا پلە دوژمنایەتی دەکەن.

( فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ) بەڵام دڵنیابن کە خوای گەورە لە ئایندەیەکی نزیکدا سنوور بۆ پیلان و نەخشەو فێڵ و تەڵەکەیان دادەنێت و ریسوایان دەکات، چونکە ئەو زاتەی کە ئەم ئاینە پیرۆزەی بە خەڵات ناردووە بۆ سەرجەم ئینسانەکان لە هەموو زەمان و زەمینێکدا تەواو بیسەرو زانایە.ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا موسڵمان وانەزانن کە خۆیان بەتەنهان، نەخێر خوایان بەسەو ئەویش پیلانیان پووچەڵ دەکاتەوە.

٨- وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنْتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَنْ يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ (١٤٣)البقرة/ ئا بەوشێوەیە ئێمە ئێوەمان بە ئوممەتێکی میانڕەو گێڕاوە لەهەموو روویەکەوە ( ئێوە باوەڕتان بەئاینە ئاسمانیەکانی پێش خۆتان هەیە، ئەگەر چی لەنوێژدا ڕوو لەقیبلەی ئەوان ناکەن، بەڵام بەشوێنێکی پیرۆز و قیبلەو ڕوگەی یەکەمی خۆتانی دەزانن، هەروەها لەوێوە پێغەمبەرﷺبەرەو ئاسمانەکان لەشەوی میعراجدا بلند کرایەوە، هەروەها ئێوە میانڕەون، لەڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە، لەڕووی دنیا و قیامەتەوە،لەڕووی داخوازیەکانی رۆح و نەفسەوە.) تا ببنە شایەت بەسەرخەڵکیەوە و بۆیان ڕوون بێت ( کە ئەم ئاین و بەرنامەیە سەرتاپای خێرە بۆ تاك و کۆمەڵ هەروەها گشتگیرە و هەموو بوارەکانی ژیان ئاراستەی خێر دەکات ) هەروەها بۆ ئەوەش کە پێغەمبەر شایەتی بدات بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی کە بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون.

جا ئەو قیبلەیەی کە جاران رووت تێدەکرد گۆڕیمان بۆ کەعبە تا دەربکەوێت کێ بەڕاستی شوێنکەوتەی پێغەمبەرە و کێش پاشگەز دەبێتەوە هەرچەندە ئەو بڕیارەمان بوو بە تاقیکردنەوەیەکی

گەورە بۆ زوربەی ئیمانداران جگە لەوانەی کەخوای گەورە هیدایەتی دابون، بێگومان خوای گەورە ئیمانتان بەزایە نادات چ لەڕابردودا و چ لە ئێستەو داهاتوودا، چونکە خوای گەورە بەنیسبەت خەڵکی ئیماندارەوە تەواو بەسۆز و میهرەبانە.

(وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ)ئەمە خۆپاراستنی تیایە و لەجیاتی (صلاتكم) دەفەرموێت (ايمانكم)، چونکە کە ڕووگە گۆڕدرا بەرەو کەعبە جوولەکەکان تانەیان لەموسڵمانان ئەداو ئەیانووت کەواتەنوێژی ئەو ماوەیەتان کەرووتان کردۆتە قودس وەرنەگیراوە، جا ئەگەر بیفەرموایە (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ صلاتكم ) ئەوسا نوێژی دووڕووەکانیشی دەگرتەوە کە وەردەگیرێت، کەواتەئەو نوێژەی بڕوای تەواوی لەگەڵ نەبێت و بۆ خوا نەبێت وەرناگیرێت.

٩- قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ (١٤٤) البقرة/ ئەی محمدﷺ لەڕاستیدا ئێمە چاوگێڕان و هەڵسورانی روخسارتمان ڕوو بە ئاسمان چاك دەبینی ( کەزۆر حەزت بەڕووگەیەکی تایبەت هەبوو، ئێمە ئاگاداری نیازی دڵت بوین ) هەر بۆیە ئێمە بڕیارماندا کە ئیتر لەمەودوا ڕوو بکەیتە ئەو ڕووگەیەی کە دڵت پێی ئاسودەیە، ئیتر ڕووبکەرە ( المسجد الحرام ) و کەعبەی پیرۆز (وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ )هەروەها ئێوەش ئیمانداران لەهەرکوێ بوون، ڕووی تێبکەن، ئەمە خۆپاراستنی تیایە تا وانەزانن ئەو فەرمانە تەنها بۆ پێغەمبەرە ( د.خ).

بێگومان ئەو جولەکە و دیانانەی کە کاتی خۆی کتێبی ئاسمانیان بۆ ڕەوانەکراوە، چاك دەزانن کەئەم گۆڕانی ڕووگەیە لەسەردەمی پێغەمبەری ئاخر زەماندا، حەقیقەتەو خوای گەورە فەرمانی پێدەدات، و لە کتێبەکانیاندا باسکراوە، بێگومان هەرگیز خوای گەورە بێئاگانیە لەکاروکردەوەیان.

١٠- وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَمِنَ الصَّالِحِينَ (٤٦) آل عمران/ بێگومان عیسا لەبێشکەدا و پاشانیش لە تەمەنی کاملّیدا لێدوان و قسەو گوفتاری بەجێی هەیە بۆ خەڵکی و لە ڕیزی پاك و چاکانیشدایە.

(وَكَهْلًا )خۆ پاراستنی تیایە، تا وانەزانرێت کەقسەکردنی موعجیزەیەکی کاتیە، وە تا دڵی مەریەمیش خۆش بێت کە کوڕەکەی دەژی و بەگەورەیش قسە لەگەڵ خەڵکی دەکات.ئەمەش هەر موعجیزەیە کە هەواڵ بە سەلامەتی و گەورەبوونی دەدات لەکاتێکدا زۆربەی جووەکانی ئەو زەمانە دوژمنی قەستەسەری بوون.

١١- فَإِنْ كَذَّبُوكَ فَقُلْ رَبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ (١٤٧)الانعام /ئەگەر بڕوایان پێنەکردی پێیان بڵێ:پەروەرێنتان سۆزو میهرەبانی بەر فراوانە (وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ) بەڵام وریابن کە سزاکەی ناگێڕدرێتەوە لە تاوانباران.ئەمەش خۆپاراستنە تا تاوانباران بەخۆیانا بچنەوە.

١٢- وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ (١٢٠) قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ (١٢١) الاعراف/ئیتر ئەوە بوو هەموو بە یەکدەنگ وتیان: ئێمە هەموومان ئیمانی پتەو و دامەزراومان هێنا بە پەروەردگاری جیهانەکان.

رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ (١٢٢) بە پەروەردگاری موسا و هارون.بۆ ئەوەی کەس وانەزانێت کەمەبەستیان فیرعەونە، چونکە لەمێژەوە فیرعەون ئیدیعای خوایەتی دەکرد بۆیە دواى ( رب العالمين ) وتیان خوای موساو هارون.

١٣- وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِنْ بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا اتَّخَذُوهُ وَكَانُوا ظَالِمِينَ (١٤٨)الاعراف/ ( زووربەی جولەکە لەبارەی دینەوە هەمیشە بۆچوونیان لە قاڵبی مادیا بووە ) هەربۆیە کاتێ موسا پێغەمبەر چووە بۆ کێوی طور، دەستیان کرد بە پەرستنی پەیکەری گوێرەکەیەك ( کە سامری زێڕزان بۆی دروست کردبوون ) لە ئاڵتونی

خشڵەکانیان، جارجارەش بۆرەیەکی دەکرد، ئیتر ئەو خەڵکە بیریان نەدەکردەوە ئەمە قسەیەکیان بۆ ناکات، ڕێبازێکی چاکیان نیشان نادات، کەچی هەر بە خوایان دەزانی، بێ بیرکردنەوە ئەو ستەمکارانە دەیانپەرست!!

(جَسَـدًا) بۆخۆپاراستن هاتووە تا بزانن کە پەیکەری گوێرەکەیەک بووە و وانەزانن کەوێنەیەکی گوێرەکە یان شتێکی تربووەو گوایە بۆرەکەشی کاتێ بووە کەهەوای پیاڕۆیشتووە.

١٤- وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِنْ بَعْدِي أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ وَأَلْقَى الْأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُوا يَقْتُلُونَنِي فَلَا تُشْمِتْ بِيَ الْأَعْدَاءَ وَلَا تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (١٥٠) الاعراف/

کاتێ موسا بەهەست و نەست و دڵخۆشییەکی زۆرەوە دوای ئەو گفتوگۆ پیرۆزە لەگەڵ پەروەردگاری جیهانەکاندا گەڕایەوە بۆ ناو نەوەی ئیسرائیلی قەوم و عەشیرەتی، دیتی کە زۆربەیان خەریکی گوێرەکە پەرستنن، موسا زۆر تورە و پەست بوو، وتی بەخەڵکەکە: بەڕاستی دوای ڕۆیشتنی من بەکارێکی سەقەت و ناڕەوا و خراپ هەستاون، بۆچی پەلەتان کردو خۆتان نەگرت تا من بگەڕێمەوە و پەیامی پەروەردگارتان پێ ڕابگەیەنم، ئەوسا لە داخا تابلۆکانی تەوراتی فڕێ دا وبەتوڕەییەوە هەڵمەتی برد بۆ هارونی برای و چنگی کرد بە قژی سەری و ڕیشی دا و ڕای کێشا بۆ لای خۆی و ( پێی وت: بۆچی ئەم سەرگەردانی و بێ دینی یەت لێ قبوڵ کردن )؟

هارون وتی: کوڕی دایکم، بەخوا، زۆر هەوڵم دا لە گەڵیان، بەڵام ئەو خەڵکە هێزیان لێ بریم و پەلاماریان دام و خەریك بوو بشم کوژن،( اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُوا يَقْتُلُونَنِي ).

ئەمەش خۆپاراستنە لەوەی کەوابزانرێت هارون کەمتەرخەم بووە و بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە. تکا ئەکەم دوژمنانم پێ دڵخۆش مەکە و حسابی قەومی ستەمکارم بۆ مەکە.( فَلَا تُشْمِتْ بِيَ الْأَعْدَاءَ وَلَا تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ).

١٥- يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنْ تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَى عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ (٩٦) التوبة/ هەندێك لەودووڕوانە هەر دێن و سوێندتان بۆ دەخۆن و پاکانە دەکەن بۆ ئەوەی لێیان ڕازی

بن و چاوپۆشیان لێ بکەن جا ئەگەر ئێوەش ڕازی بن، (فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَى عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ)ئەوە خوای گەورە لە کەسانی دووڕوو فاسق هەرگیز ڕازی نابێت.ئەمەش خۆپاراستنە تاوانەزانن کە ئەگەر موسڵمانان رازیبوون لێیان خواش لێیان رازی دەبێت.چونکە موسڵمانان رووکەش بینن و خوای گەورە ناخ و دڵ ودەروونیان دەبینێت.

١٦- فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُمْ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٧٢)

یونس/ جا ئەگەر هەر بڕوام پێنەکەن و دژایەتیم بکەن ( ئەوە بۆ بیرناکەنەوە من لەم ماندووبونەمدا ) خۆ هیچ کرێ و پاداشتێکم لە ئێوە ناوێت، بەڵکو کرێ و پاداشتم تەنها لە خوای پەروەردگارم دەخوازم، وە من فەرمانم پێدراوە کە ملکەچی تەنها ئەو زاتە بم و لەریزی مسڵماناندا بم.ئەمەش خۆپاراستنە تاوانەزانن هیچ بەرژەوەندیەکی ماددی هەیە لە مەسەلەکەدا.

١٧- فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ (٩٢)

یونس/ئنجا خوای گەورە فەرمانیدا: ئەمڕۆ لاشەت بە مردوویی دەهێڵینەوە، بۆ ئەوەی وەکو موعجیزەیەك پەند و ئامۆژگاری بێت بۆ هەموو ئەو فیرعەون و ستەمکارانەی کە دوای تۆ دێنە سەر زەوی هەرچەندە زوربەی خەڵکی لە ئایەت و موعجزەکانی ئێمە بێئاگان.

(نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ ) جەستەت رزگاردەکەین خۆپاراستنە تا وانەزانن کە زیندووەو گیانی تیایە، چونکە گەلەکەی وا لێکردبوو، واخۆی لێکردبوون بەخوا بڕوایان نەدەکرد کەمردووە.

١٨- قَالُوا يَا نُوحُ قَدْ جَادَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَالَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٣٢) هود/ کەچی خەڵکانی ناودار و ڕۆح زل وتیان: ئەی نوح بە ڕاستی تۆ دەمێکە موجادەلە لەگەڵ ئێمەدا دەکەیت و قسەمان بۆ دەکەیت، زۆریش درێژەت پێدا، دە ئیتر با ئەو سزایەی کە هەڕەشەمان پێی لێ دەکەیت با پێش بێت ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانیت!!

قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُمْ بِهِ اللَّهُ إِنْ شَاءَ وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ (٣٣) نوح وتی: ئەو سزا و بەلایە هەر خوای گەورە خۆی پێشی دەهێنێت هەر کاتێك بیەوێت و، ئێوە هەرگیز ناتوانن سنور بۆ دەسەلاتی خوای گەورە دانێن و ناتوانن لە دەست تۆڵەی دەربازبن.( وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ )ئەوەش خۆپاراستنە تابزانن خوایە کە ویستی سزادەنێرێت و کەناردیشی کەس ناتوانێ رێی لێبگرێت.

١٩- وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (٤٤)هود (ئنجا کە شار و شارۆچکە و مەزاری خوانەناسان کاول بوو، سەرزەوی پاکرایەوە لێیان)، ئەوجا گوترا زەمین ئاوت هەلقوڕێنە، بەرزایی بەس بیارێنە، ئاو رۆچوو بەناخی ئاخا، کار سەری گرت لەسەر جودی لەنگەری گرت، وترا تارن ئەوانەی ناهەقی کارن. (وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ) ئەمەش خۆپاراستنە تابزانن تەنها ستەمکاران تیاچوون.

٢٠- فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ (٩٩) يوسف/ئنجا هەموویان بەرەو ولاتی میسر بەرێ کەوتن (دوای چەند شەو و رۆژ گەیشتن و)چونە دیوانی، باوك و دایکی لەم لاولای خۆیەوە دانا و رێز و خۆشەویستی یەکی زۆری دەربڕی بۆیان و پێی وتن: ئیتر - إن شاء الله - بەیەکجاری وەرن بۆ ئێرە، بۆ میسر لێرە بمێننەوە، - الحمد لله - ولاتێکی ئارام و بێ کێشەیە.

( إِنْ شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ) ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا وانەزانن لەیوسفەوەیەو منەت ئەکات بەسەریانا، هاتنیان ئەبەستێتەوە بەویستی خواوە، هەروەها بۆ ئەوەی شەرمەزاریشیان بەسەر نەیەت باسی رابردووی تالی لەگەلْ نەکردن و لەنیعمەتی هاتنە دەرەوەی لە بەندیخانەوە باسی کردو وتی: خوا منی دەرکرد لە بەندیخانەو ئێوەشی هێنا بۆ ئێرە و شەیتانیش بوو نێوانی من و براکانمی شێواند (وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (١٠٠))

٢١- وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا (٤٨) مريم/ بابەگیان وا من دەڕۆم و کەنارگیری دەکەم لە ئێوە و لەو بت و شتانەی کە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، چونکە من تەنها هانا و هاوار بۆ پەروەردگارم دەبەم و هەر ئەو دەپەرستم، ئومێد و هیوام زۆرە کە پەروەردگارم نا ئومێد و ڕەنجەڕۆم نەکات و نزا و پەرستنەکانم لێوەربگرێت(وَأَدْعُو رَبِّي )خۆپاراستنی تیایە تاوانەزانن کاتێک ئەمانی بەجێهێشت دائەنیشێ و واز لە بانگەوازەکەی دێنێت.

فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا (٤٩) جا کاتێك ئیبراهیم کۆچی کرد و دوورکەوتەوە لەو خەڵکە گومڕایە و لەو شتانەی کە لە جیاتی خوای گەورە دەیانپەرست، ئێمە ئیسحاقمان پێ بەخشی و، بەئیسحاقیش یەعقوبمان بەخشی و هەر یەك لەوانیشمان کردە پێغەمبەر(جگە لە ئیسماعیلیش کە لە هەندێ لە سورەتەکانی تری قورئاندا و لەم سورەتەشدا باسی دەکات).

٢٢- أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُمْ مِنَ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ (٣١) يس/باشە ئەوانە سەرنجیان نەداوە کە ئێمە چەندەها نەوەمان پێش ئەمان لەناو بردووە و کەسیان ناگەڕێنەوە بۆ لایان و جارێکی تر ناگەڕێنەوە بۆ دنیا.

وَإِنْ كُلٌّ لَمَّا جَمِيعٌ لَدَيْنَا مُحْضَرُونَ (٣٢) بێگومان ساتەوەختێك بەڕێوەیە دێت کە هەموو ئەو خەڵکە دەبێ لە لای ئێمە ئامادە بن بۆ لێپرسینەوە. ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا بزانن ئەوانە هەرچەند تیاچوون و ناگەڕێنەوە دونیا، بەزۆر و بەبێ حەزی خۆیان زیندوودەکرێنەوەو دەبرێن بۆ لێپرسینەوە.

٢٣- وَقَالَ مُوسَى إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُمْ مِنْ كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ (٢٧)غافر/ موسا وتی: من پەنا دەگرم بەو خوایەی کە پەروەردگاری منیش و پەروەردگاری ئێوەشە، بمپارێزێت لە هەموو ئەو کەسانەی کە سەرکەش و لوتبەرزن و باوەڕیان بەڕۆژی لێپرسینەوە نیە.( وَرَبِّكُمْ ) خۆپاراستنی تیایە تا وانەزانن پەروەردگاری موساو ئەوان جیاوازن و دوو پەروەردگارن.

٢٤- هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَنْ يَبْلُغَ مَحِلَّهُ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُؤْمِنَاتٌ لَمْ تَعْلَمُوهُمْ أَنْ تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُمْ مِنْهُمْ مَعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (٢٥) الفتح/

ئەوە بوو کاتی خۆی هەر کافرو پیاوەڕانی قورەیش بوون کە ڕێگریان لێ کردن و نەیانهێشت بچن بۆ (مسجد الحرام، کەعبەی پیرۆز ) نەیانهێشت قوربانیەکانتان لە جێگەی خۆیدا ئەنجام بدرێت و دابەش بکرێت، خۆ ئەگەر پیاوانێکی ئیماندارو ئافرەتانێکی ئیماندار نەبونایە لە مەککەدا، کە ئێوە نەتان دەناسین، لەوانەبوو زیانیان پێ بگەیشتایە بێ ئەوەی پێیان بزانن (بِغَيْرِ عِلْمٍ )( ئەمەش خۆپاراستننە چونکە بیانناسینایەو بیانزانیایە کە موسڵمانبوون دیارە نەیاندەهێشت زیانیان پێبگات)، (ئەگەر ئەو شتانە نەبوایە ئێمە مۆڵەتی ئێوەمان دەدا کە هێرش بکەنە سەر مەککە) ئەمەش بۆ ئەوەی خوای گەورە ئەو کەسانە بخاتە سایەی ڕەحمەتیەوە کە خۆی دەیەوێت و(ئەوانیش شایستەن) خۆ ئەگەر کافرەکان لە موسڵمانان جیابوونایەتەوە، ئەوە سزایەکی بە ئێشی ئەو کافرانەمان دەدا.[(١)]

٢٥- فَتَوَلَّ عَنْهُمْ فَمَا أَنْتَ بِمَلُومٍ (٥٤) الذاريات/ ئەی محمدﷺ تۆ گوێیان مەدەری،بایەخ بە قسەو هەڵوێستیان مەدە، چونکە تۆ لەسەر یاخیبوونی ئەوان لۆمەناکرێیت.وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ (٥٥) تۆ بەردەوام ئامۆژگاریان بکە و ڕاستیەکانیان بۆ ڕوونبکەرەوە، چونکە ئامۆژگاری و یادخستنەوە سوود بە ئیمانداران دەگەیەنێت.[(٢)] ئەمەش بۆ ئەوەی بزانێت کەئەو دەبێت بەردەوام بێت لە بانگەوازەکەیدا، جا ئەگەربۆ هەندێک سوودی نەبوو بۆ کەسانی ترسوودی دەبێت.

---

(١) هەندێك لە ئیمانداران ناچار کرابوون لە ڕیزی کافرەکاندا دژ بە ئیمانداران هەڵوێست وەرگرن ، بۆیە خوای گەورە بە جۆرێك بارو دۆخەکەی گۆڕی تا ئەو ئیماندارانە سەلامەت دەرچن وبێنە ڕیزی براکانیانەوە.

(٢) کاتێ ئایەتی ٥٤ نازڵ بوو کە دەفەرموێت: ئەی محمد ﷺ تۆ پشتگوێیان بخەو وازیان لێ بێنە ، چونکە تۆ لەسەر ئەو حاڵەتە لۆمەناکرێیت و ڕەخنەت لێناگیرێت. هەندێ لە هاوەڵان وتیان: نازڵبوونی ئەو ئایەتە غەمباری کردین و

**خۆپاراستن لەباسی گەلانی دێریندا:**

١- وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَنْ يُعَمَّرَ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (٩٦) البقرة/

لە ڕاستیدا دەبینیت ئەو جولەکانە زۆر بە پەرۆشن بۆ ژیانی دنیا بە هەر جۆرێك بێت حەز بە مانەوە دەکەن، هەتا بگرە لە هاوەڵگەرانیش زیاتر، ئەوانە هەریەکەیان ئاوات دەخوازێت کە تەمەنی هەزار ساڵ بێت، هەرچەندە تەمەنی درێژ لە سزای خوایی دەربازی ناکات، خوای گەورەش تەواو بینایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.(يَوَدُّ أَحَدُهُمْ ) **بۆ خۆپاراستنە تا کەس گومانی نەبێت کە زۆر سوورن لەسەر ژیان و حەزی پێدەکەن تەنانەت ئەگەر ژیانی ڕەزیلی و ریسوایش بێت، بگرە هەر یەک لەوان حەزدەکا هەزار ساڵ ئەگەر بۆی بلوێ بژی!**

٢- وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنْزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُمْ بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنْفُسَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ (١٠٢) البقرة/

جولەکەکان وازیان لە ئاینی یەکخواناسی و تەورات هێناو شوێنی ئەو ئەفسانە و جادوانە کەوتن کە شەیتانەکانی ئادەمی هەڵیانبەستووە دەربارەی دەسەڵات و حکومەتی سولەیمان و دەیانخوێندەوە، بێگومان هەرگیز سولەیمان ڕێبازی کوفری نەگرتۆتە بەر(وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ )، بەڵکو ئەوە شەیتانەکانی جنۆکەو ئادەمیە کە لە بەرنامەی یەکخواناسی لایانداوە و لادەدەن ڕێبازی کوفریان گرتەبەر و خەڵکی باوەڕ لاوازو ناحاڵی فێری جادو دەکەن.

---

وتمان فەرمان دراوە بە پێغەمبەر کە وازمان لێبێنێت ، ئیتر ئەوەبوو ئایەتی ٥٥ نازڵ بوو ، (وذكّر فإنَّ الذكرى تَنفعُ المؤمنين) ئیماندارانی خۆشنود کرد.

هەروەها ئەوەش کە بۆ هاروت و ماروتی فریشتە دابەزی بوو لە بابل بە خراپی لە خەڵکی دەگەیەنن، ئەوان مەبەستیان ئەوەبوو کە خەڵکی لە مەترسی سیحرو جادوو حاڵی بکەن، چونکە هەمیشە بە خەڵکیان دەووت: ئەم کارەی ئێمە بۆ تاقیکردنەوەیە، وریابە خۆت کافر نەکەیت، کەچی هەندێك بەشێوەیەك فێری جادو و شتی خراپ بوون کە نێوان ژن و مێردیان پێتێکدەدا، هەرچەندە جادوگەران ناتوانن شتی وابکەن مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت، ئەوانە هەمیشە فێری شتێك دەبن کە بێسودەو دەبێتە هۆی زیان بۆیان، بێگومان دەشزانن ئەوەی کاڵای وا بکرێت و شتی وا فێربێت لەو جیهان هیچ بەهرەیەکی دەستناکەوێـت.

بێگومان ئەو شتانەی ئەوان خۆیان پێ فرۆشتووەو کەوتونەتە داویەوە شتێکی زۆر نارەوا ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن، چونکە سیحرو جادووکارێکی چەواشەکاری ونادروست و ناپەسەندە.

( وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ ) خۆپاراستنە تاگومانی خراپ بەو پێغەمبەرە مەعصومە نەبرێت و، وەلأمیشە بۆ ئەهلی کیتاب کە دەڵێن: سولەیمان جادووی کردووە،سولەیمان سەلامی خوای لێبێت جادووی نەکردووە چونکەئەوەی جادوو بکات کافرە.

٣- كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ (١١٠) آل عمران/ لە ڕاستیدا ئێوە چاکترین ئومەتێکن بۆ هیدایەتی خەڵکی و خێری هەردوو جیهان چونکە فەرمان بە چاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی پتەوو دامەزراوتان بە خوای گەورە هەیە، جا ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕبهێنن و مسڵمان بن، ئەوە چاکترە بۆیان، بەڵام بە داخەوە زوربەیان لە سنور دەرچوون.

(مِنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ )خۆپاراستن و بەویژدانی قورئانە کە هەندێکیان لەحوکمەکە دەردەکات و پاشان موسڵمانانیش وریادەکاتەوە کە بزانن زۆربەی ئەهلی کیتاب بڕواناهێنن و لەسنووردەرئەچن.

٤- إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا (١٥٠) أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا (١٥١) النساء/لەڕاستیدا ئەوانەی کە باوەڕیان بە خوای گەورە و پێغەمبەرانی نیە و دەیانەوێت جیاوازی بکەن لە نێوان خوای گەورە و پێغەمبەرانیدا ( گوایە باوەڕیان بە خوا هەیە بەلاَم باوەڕیان بە پێغەمبەران نیە ) یاخود دەڵێن: ئێمە باوەڕمان بە هەندێکیان هەیە و باوەڕمان بە هەندێکی تریان نیەو، دەیانەوێت لەو نێوانەدا دین و بەرنامەیەکی تایبەت بۆ خۆیان بسازێنن.

( أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا )ئا ئەوانە بەو حاڵەیانەوە بە تەواوەتی ڕێزی کوفریان گرتۆتەبەر،(ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا وانەزانن کە ئیمانیان بەهەندێ پێغەمبەرە کافر نابن، نەخێر مادام ئیمانیان بەهەموو پەیامبەران نیە ئەوانە کافری ڕاستەقینەن).

وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا (١٥١) وە ئێمە بۆ کافر و خوانەناسان سزایەکی ڕیسواکەر و سەرشۆڕکەرمان ئامادەکردووە.

٥- وَمِنْ قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ (١٥٩) الاعراف/ شایانی باسە کە لەقەومی موسا کەسانێك هەن ( ژیر و هۆشمەند و خاوەن ویژدان ) کە ڕێنموی خەڵك دەکەن بۆ هەق و بەهەقیش داوەری دەکەن. ئەمەش خۆپاراستنە لەوەی هەموو ئەهلی کیتاب بەخراپ بزانین، نەخێر کەسی ژیرو هەقویستیشیان تیایە.

٦-حَتَّى إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ (٤٠) هود/

(ئەم ململانێ و ناکۆکیە لە نێوان نوح و لایەنگرانی لە لایەکەوە و قەومی بێ دین و نالەباری لە لایەکی ترەوە بەردەوام بوو) هەتا ئەو کاتەی بڕیاری خوایی کاتی هات و تەنورەکە ئاوی لێ هەڵقوڵاو فوارەی کرد(دیارە تەنورێکی تایبەت هەبووە و هەمیشە ئاگری تێدا بووە خوای گەورە کردویەتی بە نیشانەیەك بۆ ئیمانداران).

ئنجا فەرمانمان پێدا کەلە هەموو ئاژەڵ و باڵندەیەکیش جوتێك لـە کەشتیەکەدا باربکات لـەگەڵ کەسوکار و خەڵکە ئیماندارەکەدا جگە لـەوانەی کە بڕیاردادەی خوای گەورە وایە(کە باوەڕ نەهێنن بەهۆی لاساری و سەرکەشیانەوە) جا وەنەبێت خەڵکێکی زۆر باوەڕی بە نوح کردبێت، بەڵکو ژمارەیان زۆرکەم بوو(بەڵام ئەو ژمارە کەمەی ئیمانداران ئەوەندە بە نرخ بوون لای خوای پەروەردگار، شایستەی ئەوە بوون کە خوای گەورە یاسا بونەوەری و کەونیەکان بۆ قازانجی ئەوان بەکاربهێنێت و، موعجیزەیان بۆ بخاتە کار).

(احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَـيْنِ )لێرەدا هـاتنی وشـەی (اثْنَـيْنِ) بـۆ ئەوەیـە کـە جەختکـ بکاتـە سەر ئەوەی کە لەهەر جۆرێـک نێرەو مێیەکی هـەڵگرتووە لەگەڵ خۆیدا تا دوای لافاوەکە ژیان بـەردەوام بێت لەرێی زاووزێوە.

٧- وَلَقَـدْ أَرْسَـلْنَا مُوسَـى بِآيَاتِنَـا وَسُـلْطَانٍ مُـبِينٍ (٩٦)هـود/ دوای سـاڵەها ئێمـە موسـامان ڕەوانـە کـرد لـەگەڵ چەندەها موعجیزە و بەڵگە و شتی ئاشکرادا.

إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَاتَّبَعُوا أَمْرَ فِرْعَـوْنَ وَمَـا أَمْـرُ فِرْعَـوْنَ بِرَشِـيدٍ (٩٧) بـۆ لای فیرعـەون و داروودەستە و کاربەدەسـتانی نـاوداری دەوروبـەری، کەچـی زۆربـەی زۆریـان شـوێن فیرعـەون کـەوتن و بـە پڕوپاگەنـدەکانی خەڵـەتان، لـە حاڵێکـدا کـە کـار و فرمـانی ئـەو ستەمکارە نابـەجێ بـوو، ژیرانـە نـەبوو، (چەواشەکاری و درۆ و دەلـەسە بوو).

(فَاتَّبَعُوا أَمْرَ فِرْعَوْنَ)لێرەدا ناوی فیرعەونی بـرد ونەیفـەرموو (فَـاتَّبَعُوا أَمْـرَه ) تا روون بێـت کـە شوێنی قسـەی فیرعـەون کـەوتن،ئنجـا لـەکاتێکـدا کەئـەوەی تۆزێـك عـەقڵی بێـت دوای نەدەکـەوت چـونکە گومڕاییەکی ئاشکرابوو (وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ )، چۆن مرۆڤێك کە دەسەڵاتی سنووردارە دەبێتەخوا.

٨- ارْجِعُوا إِلَى أَبِيكُمْ فَقُولُوا يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَا إِلَّـا بِمَـا عَلِمْنَـا وَمَـا كُنَّـا لِلْغَيْـبِ حَـافِظِينَ (٨١) یوسـف/ ئێـوە بگەڕێنـەوە بـۆ لای باوکتـان و پێـی بڵـێن: بابـە گیان(بەداخـەوە بنیـامینی)کوڕت دزییـەکی ئاشـکرای کـرد و ئێمـەش لێـی ئاگـادارکراین بەڵگەشـیان هـەبوو، خـۆت دەزانیـت کـە ئێمـە ئاگـاداری نهێنی و شـاراوەکان نین(حەقیقـەتی ڕووداوەکـە بـە تـەواوی نـازانین) و ئەگـەر بمانزانیایـە ئـەوە

رووده‌دات نه‌مان ده‌برد بۆ میسر. (وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ) له‌م قسه‌یه‌یاندا خۆپاراستنێکی تیایه، تا باوکیان تۆمه‌تباریان نه‌کات به پیلانگێڕی.

٩- اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُعْرِضُونَ (١)الانبياء/
موحاسه‌به‌و لێپرسینه‌وه‌ی خه‌ڵکی نزیکبۆته‌وه که‌چی زۆربه‌ی ئه‌و خه‌ڵکه له غه‌فڵه‌ت و بێئاگاییدا ڕۆچوون و ڕوویان وه‌رگێڕاوه له‌ئاینی خوای گه‌وره و پشتیان تێکردووه.
مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ (٢) هه‌ر به‌رنامه‌و یادخستنه‌وه‌و په‌یام و کتێبێکی تازه‌یان له لایه‌ن په‌روه‌ردگاریانه‌وه بۆ هاتبێت گوێیان بۆ گرتووه به‌ڵام (وَهُمْ يَلْعَبُونَ)سه‌رقاڵی گه‌مه‌و گاڵته‌جاڕی خۆیانبوون، بۆیه سوود له‌بیستنه‌که‌یان وه‌رناگرن، ئه‌میش خۆپاراستنه تاوانه‌زانری گوێگرتنه‌که‌یان سوودی بووه.

١٠- وَدَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَاهِدِينَ (٧٨) الانبياء/ داودو سوله‌یمانیش له به‌نده چاکه‌کانی ئێمه‌ن، ئه‌وان هه‌وڵیاندا کێشه‌ی کێڵگه‌یه‌کی زیان لێکه‌وتوو چاره‌سه‌ر بکه‌ن کاتێ که خاوه‌ن کێڵگه‌که سکاڵای بۆ بردبوون، چونکه مه‌ڕو ماڵاتی هه‌ندێ له خه‌ڵکی چووبوونه ناوی و زیانیان لێدابوو، جا ئێمه ئاگاداری بڕیاره‌کانیان بووین ( داود پێغه‌مبه‌ر ڕای وابوو، که هه‌موو ماڵاته‌که بدرێت به خاوه‌نی کێڵگه زیان لێکه‌وتووه‌که، به‌ڵام سوله‌یمان ڕای وابوو که ئه‌وه‌نده له‌لای بێت تا قه‌ره‌بوی زیانه‌که‌ی ده‌کاته‌وه) خوای گه‌وره‌ش ده‌فه‌رموێت:
فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ وَكُلًّا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ وَكُنَّا فَاعِلِينَ (٧٩) ئێمه سوله‌یمانمان چاکتر تێگه‌یاندو قوڵتر بیری کردووه (ده‌رباری ئه‌و کێشه‌یه ) و، هه‌ریه‌ك له‌و دوانه (ئه‌و باوك و کوڕه به‌ڕێزه ) حیکمه‌ت و دانایی و زانستمان پێ به‌خشی، که‌ژو چیاو باڵنده‌کان له‌گه‌ڵ داودا ستایشی خوای گه‌وره‌یان ده‌کردو، هه‌رئێمه‌ش فه‌رمانمان پێدابوون که‌وا بکه‌ن.
(وَكُلًّا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا )ئه‌مه خۆپاراستنی تیایه، چونکه که‌باسی حوکمدانی سوله‌یمان ده‌کات که باشتر پێکاویه‌تی مانای وانیه داود له‌و که‌متره، نه‌خێر هه‌ردوکیان په‌یامبه‌ری به‌رزو به‌ڕێزن و داناو زانان.

١١- وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ  الشعراء(١٥١) ئێوە بە قسەی ئەوانە مەکەن کە لەسنوور دەرچون، تاوانبارو گوناهکارن.

الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ (١٥٢) ئەوانەی کە هەمیشە خەریکی فەسادو گوناهو تاوانن لە وڵاتدا و لەبیری چاکسازی و خێردانین.

**(وَلَا يُصْلِحُونَ ) خۆپاراستنە تا بزانرێت ئەوانە هەرگیزاوهەرگیز هەوڵی چاکسازیان نەدەدا، چونکە هەیە راستە موفسیدە بەڵام کاری چاکیش دەکات، جا ئەمان هەرهیچ چاکسازیان نەکردووە.**

١٢- حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِ النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ(١٨)  النمل/

هەموویان رۆیشتن و (لەشار دەرچوون) هەتا گەیشتنە دۆڵی مێرولەکان، مێرولەیەکی مێ ( کە وادیارە پاسەوان بوو بێت، هەر کە لەشکرەکەی سولەیمانی بینی هاواری کرد) وتی: ئەهای مێرولەکان خێرا بچنە ماڵەکانتانەوە، نەوەکو سولەیمان و لە شکرەکەی بتانشکێنن و وردوخاشتان بکەن بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن.**(وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ) خۆپاراستنە، تا وانەزانرێت کە سوپاکەی سولەیمان ستەمکارن و شارە میروولە تێکدەدەن، نەخێر ئەوان مەگەر نەزانن و نەیان بینن ئەگینا ئازاری مێروولەیەکیش نادەن.**

١٣- وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَنْ مِنْ بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ  (٥٨) القصص /

ئێمە پێشتر چەندەها وڵات و شارمان کاول کردووە کاتێ کە خەڵکەکەی لە سنوور دەرچون و رێبازی تاوان و ستەمیان گرتۆتەبەر، ئەوەتە خانووبەرەو کۆشک

و تەلاریان ویران و چۆڵەو زۆر کەم ئاوەدان بۆتەوە و خەڵکێکی کەمی تێدا نیشتەجێ بووەو، هەر ئێمە خاوەنی ڕاستەقینەی هەموو شتێکین.

(إِلَّـا قَلِيلًـا)ئەمە خۆپاراستنە تا بزانرێت کەئەو ناوچانەی وێرانکراون، وێرانکردنەکە بەجۆرێک بووە کە بەکەڵکی نیشتەجێ بوون نەماون مەگەر کەسێک بۆ عیبرەت یان کاروانچیەکان بۆماوەیەکی کەم لابدەنە ئەوشوێنانە.

١٤-أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا وَكَذَلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ (٣٧)غافر/

هۆکارەکانی ئاسمانەکان و زەوی تا لەویوە سەیرێکی خواکەی موسا بکەم، هەر چەندە من بەدرۆزنیشی دەزانم، ئا بەو شێوەیە کردەوەی ناباشی فیرعەون ڕازێنرابۆوە بۆی، لەرێگە و ڕێباز و بەرنامەی ڕاست و دروست وێل کرابوو، (بەهۆی فیز و خۆبە گەورە زانینیەوە) لەڕاستیدا فێڵ و تەڵەکە و نەخشەی فیرعەون بەهەدەر و بەزایە چووە.

(وَإِنِّـي لَأَظُنُّـهُ كَاذِبًـا)ئەمە خۆپاراستنە لەقسەی فیرعەوندا، فیرعەون ئەیەوێت پێش وەخت لەخەڵکەکە بگەیەنێت کەهیچ قەناعەتێکی بەموسانیەو بەدرۆزنی ئەزانێ و هەروا ئەیەوێت بینایەکی بەرزی بۆ بینا بکەن و سەرکەوێت بەسەریا بۆ ئاسمان و درۆکەی موسا کەشف بکات کەدەڵێ خوا لەئاسمانە. بەمەش کەسبی وەقت بکاو چەند ساڵێک خەڵکەکە لە چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە.

***

## خۆپاراستن لەباسی ئەحکامدا:

١-إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٧٣) البقرة/لەڕاستیدا ئەو خوایە تەنها مرداروە بوو، خوێن و گۆشتی بەراز و ئەو زیندەوەرانەی لێ حەرام کردون کە بۆ غەیری خوا سەردەبڕێن، جائەگەر کەسێك بەهۆی گرانی، یان بارودۆخێکی تایبەت، بەدوور لەزیادەڕەوی و دوبارەکردنەوە بۆ ئەوەی نەمرێت لەبرسا، لەو شتانەی خوارد، ئەوە گوناهی ناگات چونکە بەڕاستی خوای گەورە بەنیسبەت ئەو جۆرە حالآتانەوە لێخۆشبووە و میهرەبانە.

(إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ) خۆپاراستنی تیایە تاوانەزانن کە حەلاڵ بووەو حەرامیەکەی نەماوە، نەخێر هەرحەرامەوخوا لەمیهرەبانی و بەخشندەیی خۆیەوە بۆ ناچاری ڕێی پێداوە.

٢-وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنْتُمْ فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَنْ لَمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (١٩٦) البقرة/

ئەی ئیمانداران! هەوڵ بدەن حەج و عومرە بەچاکی و بە تەواوی، وە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا ئەنجام بدەن، جا ئەگەر ڕێتان لێ گیراو ئەرك و سروتەکانتان بە تەواوەتی بۆ ئەنجام نەدرا ( بەهۆی نەخۆشی یان هەرکۆسپێك ) ئەوە دەتوانن ئاژەڵێك بکەن بەقوربانیی بەگوێرەی توانا، سەرتان مەتاشن و ئیحرام مەشکێنن تاقوربانیەکە ئەنجام نەدرێت و بەجێی خۆی نەگات، هەروەها ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو، برین و ئازارێك لەسەریدا هەبوو وە پێویست بوو مووی سەری یان هەندێکی لابدات بافیدیە بدات کەبریتیە لە ڕۆژووگرتن، یان خێرکردن، یان قوربانی کردن.

هەرکەسێکیش دەیەوێت نێوان حەج و عەمرە ( ئیحرام بشکێنێت و پۆشاکی ئاسایی لەبەر بکات ) دەبێ بەگوێرەی توانای خۆی قوربانیەك بکات ئەوەش کەنەیتوانی قوربانی بکات با سێ ڕۆژ لەکاتی

حەج دا بەڕۆژوبێت و حەوت ڕۆژیش کە گەڕانەوە ولاتی خۆتان، کەئەوە دەکاتە دە ڕۆژی تەواو، ئەم حاڵەتە بۆ ئەو کەسانەیە کەدانیشتوی مەکە و دەوروبەری نین. جائیتر لەخوابترسن و پارێزکاربن و چاك بزانن کە خوای گەورە سزا و تۆڵەی لە خوانەناس و یاخیەکان زۆر سەخت و بەزەبرە.

( تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ)ئەمە خۆپاراستنی تیایە، تا دەرۆژی تەواو بەڕۆژووبن، چونکە عەرەب حەوت بۆ زۆریش بەکاردێنێت، تا بزانن حەوت مەبەستەو لەگەڵ سێیەکەش دەکاتە دەرۆژی تەواو.

٣-يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٢١٧) البقرة/

ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێدەکەن دەربارەی جەنگ لەمانگی حەرامدا کە بریتیە لەمانگەکانی ( ذو القعدة و ذوالحجة و محرم و رجب ) پێیان بلێ جەنگ، لەومانگانەدا کارەسات و هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام بەرهەڵستی ئاینی خواو باوەڕنەبوون پێی و جەنگ لەمزگەوتی حەرامدا، هەروەها ئازاردانی ئیماندار تا پاشگەزبێتەوە لەئاینەکەی ئەو تاوانانە لەکوشتن گەورەترو خراپترە، لەراستیدا بەردەوام کافرو خوانەسان هەوڵدەدەن و جەنگ بەرپا دەکەن بۆ ئەوەی ئێوە لەئاینەکەتان پاشگەز بکەنەوە ئەگەر بۆیان بکرێت، جا ئەوەی پاشگەزبێتەوە لەئاینەکەی و بەکافری بمرێت ئەوانە هەموو کردەوە چاکەکانیان پوچ و بێ نرخ دەبێت لەم دنیایەدا و لەجیهانی دوایش دا و، ئەوانە دەبنە نیشتەجێی نێو ئاگری دۆزەخ و بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە.[٣]

(٣ ) پێغەمبەر ﷺ کۆمەڵێکی ڕێکخست و (ابو عبیدە)ی کردە سەرکردەیان ، کاتێ خەریکبون بڕۆن منداڵانی (ابو عبیدە) بە گریانەوە هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ داوایان لێکرد ئەم جارە با باوکیان ڕەوانە نەکات ، دیارە کە پێغەمبەر ﷺ (رحمە للعالمین)ە بەزەیی پێیاندا هاتەوە عبداللە ناوێکی دانا لە جێی و نوسراوێکی دایەو فەرموی نەیکەیتەوە تا دەگەیتە فلانە شوێن ، ئەوسا زۆریش لە هاوەڵانت مەکە ، کێ بە ئارەزوی خۆی هات با بێت و کێش

(إِنِ اسْتَطَاعُوا) خۆپاراستنی تیایە، کافران بەردەوام دژایەتی موسڵمانان دەکەن تا وەریانگێڕن لەدین ئەگەر بتوانن کە ناتوانن، ئەمەش دڵقایم کردنی بڕوادارانی پێ مەبەستە.

٤-يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ (٢١٩) البقرة/

ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێدەکەن دەربارەی عەرەق و قومار، کە حوکم و بڕیاری خوای گەورە چیە دەربارەیان، پێیان بڵێ:ئەو دوو شتە تاوان و گوناهی گەورە و قێزەونن، هەرچەندە هەندێ سودیشیان تێدابێت بۆ هەندی کەس ( وەکو دوکان و بازار گەرم کردن و بازرگانی کردن ) بەڵام دڵنیابن کە زیانیان زۆر زیاترە لەسودیان ( ئەوەش قوناغێك بووە لەقوناغەکانی حەرامکردنیان ).

(وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا ) ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا وانەزانن کەهەندێ سوودی هەیە ڕێپێدراوە نەخێر زیانی زۆریشی هەیە،هەروەها پرسیارت لێدەکەن: ئەی چی ببەخشین لەماڵ و سامان؟ پێیان بڵێ: هەرچی زیادەو پێویستیان نیە دەتوانن بیبەخشن، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە بەڵگەو فەرمانەکانتان بۆ روون و ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی بیربکەنەوە ( واز لەو شتانە بێنن کە زیانیان زۆرترە لەسودیان، وەبەخشینتان زۆر بێت و چی بۆ هەردوو جیهانتان چاکە ئەنجامی بدەن ).

---

گەڕایەوە با بگەڕێتەوە. ئەویش کاتێ گەیشتە شوێنی دیاریکراوو نامەکەی خوێندەوە وتی (انا لله و انا الیه راجعون) گوێڕایەڵ و ملکەچم بۆ فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ، ئەوسا ڕاوێژی بە هاوەڵانی کردوو نامەکەی بە سەردا خوێندنەوە دوان لە هاوەڵانی گەڕانەوەو ئەوانی تریش چون و گەیشتنە لای (ابن الحضري) کە کابرایەك بوو زۆر دژایەتی ئیسلام و مسوڵمانانی دەکرد ، کوشتیان ، نەشیان زانی ئەو ڕۆژە سەرەتای مانگی رجب بووە ، کە کوشتن تیایدا حەرامە یان کۆتایی مانگی جیمادی دووەمە...

ئەوسا موشریك و هاوەڵگەران کەوتنە پڕوپاگەندە دژی ئیمانداران کە گوایە ڕێزی مانگەکانی حەرام ناگرن ، وەفدێکیان نارد بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ ، باسی ئەو ڕوداوەیان کرد ، ئەوسا ئیتر ئەم ئایەتە پیرۆزە نازڵ بوو.

٥-نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ مُلَاقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ (٢٢٣) البقرة/ ژنانی هاوسەرتان وەك كێڵگەوان بۆتان و شوێنی چاندنی وەچەن، جابەهەرشێوەیەك دەتانەوێت تۆو بوەشێنە كێڵگەكەتانەوە بەهیوای بەرهەم.

( فَأْتُوا حَرْثَكُمْ )ئەمەش خۆپاراستنی تیایەو بەكێڵگە ناوی دەبات، تا وەك شیعەكان بە شتی تر تەفسیری نەكەن و كاری قەومی لوط دووبارەنەكەنەوە.

هەوڵبدەن دەست پێشكەری بكە ن، هاوسەری چاك و خواناس هەڵبژێرن، لەوەودواش دوعا و نزای بەردەوام بكەن و پێش چوونە لایان بڵێن ( اللهم جنبنا الشيطان و جنب الشيطان مارزقتنا ) واتە: خوایە شەیتانمان لێ دور بخەرەوە و هەر چیەكیشمان پێدەبەخشیت لەشەیتان بەدووری بگرە، لەخوای گەورە بترسن و خۆتان لەگوناهو خراپە بپارێزن و چاك بزانن و دڵنیابن كە ئێوە بەدیداری خوای گەورە شاددەبن، ئەم مژدەیەش بدە بە ئیماندران.

٦- وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدْتُمْ أَنْ تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُمْ مَا آتَيْتُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢٣٣) البقرة/

دایكان، تەلاقدراو بن یان نا دەبێت دووساڵی تەواو شیر بدەن بە منداڵە ساواكانیان ئەگەر دەیانەوێت شیری تەواویان بدەنێ جا پێویستە لەسەر ئەو كەسەی خاوەنی منداڵەكەیە یاخود باوكی ئەگەر مابوو، یان بەخێوكەری،رزق و رۆزی و پۆشاك بەشێوەی چاك و پەسەند، بەگوێرەی توانای ببەخشێت بە منداڵەكە و دایكی، هەموو كەس بەگوێرەی توانای بەرپرسەو ئەركی دەخرێتەسەر.

هیچ دایكیك نابێت زیانی پێبگەیەنرێت بەهۆی منداڵەكەیەوە هەروەها باوكیشی نابێت زیانی پێبگەیەنرێت بەهۆی منداڵەكەیەوەو لێی بشاردرێتەوە، یاخود لەمیراتی بێبەش بكرێت، بێگومان لەسەر میراتبەرانیشە ئەو ئەركانەی كەباسكران، خۆ ئەگەر دایك و باوك هەردووكیان دوای رەزامەندی و

پـرس ورِا ويسـتيان منداڵەكـەيان لـەشـير ببرنـەوە ئـەوا قـەيناكات و گوناهبارنـابن خـۆ ئەگـەر ويسـتيان منداڵەكـەيان لاى دايـەن بـەخێوبكرێت ئـەوەش هـەر قـەيناكات و پێـى گوناهبارنـابن، بەمـەرجێك مـاف و كرێى شايستەيان پێ بدەن.

ئـەى خـەڵكى بـڕوادار لـەخوا بترسـن و پارێزكـاربن و دڵنيـابن و بـزانن كـەخواى گـەورە بەتـەواوى بەهەموو كار و كردەوەيەكتان بينايە. (حەز دەكات پەيوەنديە كۆمەڵايەتيەكانتان نەشێوێت).

( حَـوْلَيْنِ كَـامِلَيْنِ)دووسـاڵى تـەواو، ئەمـە خۆپاراستنى تيايە چونكە دووساڵەكە شتێك كـەمتريش بێت عەرەب هەر پێى دەڵێن (حولين ).

٧- وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا وَارْزُقُـوهُمْ فِيهَـا وَاكْسُـوهُمْ وَقُولُـوا لَهُـمْ قَوْلًـا مَعْرُوفًا (٥) النساء/ ئەگـەر ئێـوە بـەرپرس بـوون لـە مـاڵ و سـامانى كەسـانى نوقسـان و ناتـەواو، بـە زايـەى مـەدەن وبۆيـان بخەنـە كـارەوە، لـە كاتێكـدا خـواى گـەورە مـاڵ و سـامانى كـردووە بـە هـۆى پايـەدارى و هەسـتانەوە و ژيانتـان، تـەنها بەشـى خـۆراك و پۆشـاكيان پـێ بـدەن و، هەولبـدەن قسـەى چـاكيان لەگـەڵ بكەن.

(وَلَـا تُؤْتُـوا السُّـفَهَاءَ أَمْـوَالَكُمُ) كـە لـەوەو پـێش باسـى گێڕانـەوەى مـاڵ و سـامان دەكـات بـۆ خاوەنـەكانى، ئەمـە خۆپاراسـتنە بـەوەى كـەنابێت پارەى ئـەو جۆرە كەسـانەى كـە ناتـەواون بۆيـان بگێڕدرێتـەوە تـا بـەفيرۆى نـەدەن. ديسـان ئـەم ئايەتـەش بەڵگەيـە كـە پارەوسـامان مايـەى راگرتنـى ژيانەو پارەى هەموو كۆمەڵگايەو ئەبێ بپارێزرێت.

٨- لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِـدَانِ وَالْـأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَـاءِ نَصِيـبٌ مِمَّـا تَـرَكَ الْوَالِـدَانِ وَالْـأَقْرَبُونَ مِمَّـا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا (٧)النساء/پياوان و كـوڕان و منـداڵان بەشـيان هەيـە لـەو سـامان و موڵـك و شـتانەى كـە لـە دايـك و بـاوك و خزمـان وەك ميراتـى بـەجێ دەمێنێـت، هـەروەها ئافرەتـان وكچـان بامنداڵيش بـن، بەشـيان هەيـە لـەو سـامان و موڵـك و شـتانەى كەلـە بـاوك و دايك وخزمـان وەك ميراتـى بەجێ دەمێنێت، لـە كـەم و زۆرى، بەشـى هەركەسـێك ديـارى كـراوە بـەگوێرەى پلـەى نزيكـى و دووريـان، بێگومان دابەش كردنيشى فەرزە بەسەر خاوەن مافەكاندا.

(مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ) خۆپاراستنە تا بیروبۆچوونی نەفامەکان راست بکاتەوە کەمیراتیان نە ئەدا بەئافرەتان.لێرەدا دەفەرموێت میراتی کەمبێت یان زۆر ئەبێت بەشی ئافرەت بدرێت بەوشێوەیەی کە فەرزکراوە لەخواوە.

٩-إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا (١٠) النساء/
لەراستیدا ئەوانەی ماڵی هەتیوان بە ناحەق و ستەم دەخۆن، ئەوانە وەك ئەوە وایە پشکۆی ئاگر بخۆن، چونکە لە قیامەتدا ئەوەی خواردویانە دەبێتە ئاگرێکی راستەقینە وپاشانیش دەگەیەنرێنە نێو ئاگری دۆزەخ.(ظُلْمًا) ئەمە خۆپاراستنی تیایە تاوانەزانن کەنابێ هیچ شتێکی منالی بێباوک بخۆن، چونکە بەهۆی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانەوە تێکەلاوی دەبێت و حالەت دێتە پێشەوە کە شتیان بخۆیت.

١٠- حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَإِنْ لَمْ تَكُونُوا دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا (٢٣) النساء/
ئەی گرۆی ئیمانداران ئێوە ئەم ئافرەتانەتان لێ حەرام کراوە کە بیانکەنە هاوسەرتان: دایکانتان ( دایکی خۆتان، باوەژنەکانتان ) کچەکانی خۆتان، خوشکەکانتان ( باوك و دایکی، یان تەنها خوشکی باوکی، یان دایکی ) پورەکانتان ( خوشکانی باوك ) پورەکانی ترتان ( خوشکانی دایك ) برازاکانتان، خوشکەزاکانتان هەروەها ئەو دایکانەی کە شیریان داونەتێ واتە خۆیان و خوشکە شیریەکانتان، دایکی هاوسەرانتان ( خەسوو) ئەو کچانەی لە پیاوێکی ترن و ئێوە دایکیانتان هێناوە و چونەتەلایان ( واتە زڕ کچەکانتان ) خۆ ئەگەر نەچوبنە لایان پێش گواستنەوە، تەلاق دران و یان مردن، ئەوە هێنانی کچەکانیان بۆتان دروستە و قەیناکا و گوناهبار نابن، هەروەها (وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ )حەرامە هاوسەری ئەو کوڕانەتان بێنن کە لە پشتی خۆتانن(مِنْ أَصْلَابِكُمْ ) ( واتە بوکەکانتان ) ئەمە خۆپاراستنی تیایە بۆ ئەوەی بزانن کەمەست کوڕێک نیە کە تەبەنی کرابێت ).هەروەها نابێت دوو خوشك پێکەوە بکەنە هاوسەری خۆتان بێجگە لەو حالەتانەی کە لە پێش ئیسلامدا هەبوون، دلنیاش

بـن کـه خـوای گـەورە هەمیشـه و بـەردەوام بـه نیسـبەت ئیماندارانـەوە تـەواو لێخۆشـبوو میهرەبـان و دلۆڤانە.[٤]

١١- وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (٩٢) النساء/ بـۆ هـیچ ئیمانـدارێك نیـه کـه ئیمانـدارێکی تـر بکوژێـت مەگـەر بـه هەڵـه و لـه دەسـت دەرچـوون، جـا ئـەوەی بـه هەڵـه ئیمانـدارێکی کوشـت، ئـەوە دەبێـت بەندەیەکی ئیماندار ئـازاد بکـات ( ئەگـەر هـەبوو ) هـەروەها خوێنباییـەك کـه لـه سـەری پێکـدێن بەکـەس و کاری کوژراوەکە دەبێ بدرێت، مەگەر ئەوان ببەخشن و نەیانەوێت.

خۆ ئەگەر کوژراوەکە لە هۆزێك بـوو لەگـەڵ هـۆزی بکوژەکـەدا دوژمنایـەتی هـەبوو، کوژراوەکـەش ئیمانـدار بـوو، ئـەوە( فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ) هـەر بەندەیـەکی ئیمانـدار ئـازاد دەکـات ( ئەگـەر هـەبوو ) ( **ئەمـە خۆپاراسـتنە کەئـەبێت بەندەکـەی ئـازادی دەکـەن موسـڵمان بێـت** )، خـۆ ئەگـەر ئیمانـدارە کوژراوەکە سەر بە هۆز و قەومێك بوو کـه لـه نێـوان ئێـوە و ئەوانـدا پـەیمان و ڕێکـەوتنێك هـەبوو، دەبێـت خوێنبـایی بـدرێت بـه کـەس و کـاری کوژراوەکـه و بەندەیـەکی بـڕوادار ئـازاد بکرێـت ( ئەگـەر هـەبوو ) ئەوەش کە هیچـی نیـه و دوچـاری کوشـتنی هەڵـه دەبێـت، دەبـێ دوومـانگی تـەواو لەسـەر یـەك و بەشـوێن یەکدا بەڕۆژوو بێت، ئەمەش بۆ ئەوەیـه کـه خـوای گـەورە لێـی خـۆش بێـت و ڕاسـتی و دروسـتی تەوبەکـە بسەلمێنێت، بێگومان هەمیشە و بەردەوام خوای گەورە تەواو زانا و دانایەبە بەرژەوەندی بەندەکانی.

(٤) لە سەردەمی نەفامیدا کوڕ بۆی هەبوو دوای وەفاتی باوکی باوەژنەکەی بخوازێت ، تا ئەم ئایەتە نازڵ بوو قەدەغەی ئەوەی لێکردن ، ئەویش بەهۆی ئەوەی کاتێ کە (قیس) باوکی وەفاتی کرد چوو بۆ خوازبێنی باوەژنەکەی ئەویش وتی: من تۆ بە کوڕی خۆم دەزانم تۆ پیاوێکی چاکو دینداری ، ئەوسا ئافرەتەکە چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ حاڵەتەکەی بۆ گێڕایەوە ، فەرمووی: بچۆرەوە بۆ ماڵەکەی خۆت ، ئیتر زۆری پێ نەچوو ئەو ئایەتە نازڵ بوو کە باوەژنی خستە ڕیزی دایکەوە و حەرامی کرد لەزڕ کوڕی .

١٢- وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا (١٢٤) النساء/ هەر کەس کاروکردەوە چاکەکان ئەنجام بدات نێر بێت یان مێ، ژن بێت یان پیاو کوڕ بێت یان کچ لە کاتێکدا(وَهُوَ مُؤْمِنٌ ) ئەو کەسە بیروباوەڕێکی دامەزراوی هەبێت بە چەمکەکانی ئیمان، ئائەوانە دەچنە بە هەشتەوە و بەقەدەر پەردە تەنکەکەی ناوکی خورما ستەمیان لێ ناکرێت.( وَهُوَ مُؤْمِنٌ ) ئەوە خۆپاراستنی تیایە چونکە بێباوەڕ چاکە بکات بۆ قیامەتی سوودی نیە.

١٣- لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا (٩٥) النساء/

بێگومان ئەوانەی دانیشتوون لە ئیمانداران، بەراورد ناکرێن لەگەڵ تێکۆشەر و خەباتگێڕو ئەوانەدا کە هەوڵدەدەن بۆ گەیاندنی ئاینی خوا بە خۆیان وماڵو سامانیانەوە، ( غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ ) مەگەر ئەوانەیان کە ناتەواوی و عوزریان هەبێت ( وەکو کوێری، شەلی، نەخۆشی )، ئەمەش خۆپاراستنە تا بزانن ئەو کەسانەی عوزریان هەیە جیاوازن.

جا خوای گەورە فەزڵی ئەو خەباتگێڕو بانگخوازانەی داوە بەسەر ئەوانەدا کە دانیشتوون، بەپلەو پایەیەکی تایبەت، (وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى)هەرچەندە هەردوو لا پلەو پایەی خۆی هەیە بەگوێرەی دینداری و خواناسییان (ئەمەش خۆپاراستنە و دەریدەخات کەئەوانەی بڕوادارن با دانیشتبن هەر پاداشت وەردەگرن ئەگەر کەمتریش بێت).

خوای گەورە فەزڵ و باوی موجاهید و بانگخواز و تێکۆشەرانی داوە بەسەر دانیشتووەکاندا و پاداشتی گەورەو بە نرخ و بێ سنوریان پێ دەبەخشێت. ( شایانی باسە لەسەردەمی هاوەڵان و دواتریش، ئیمانداری کوێر و شەل و ناساغ وبریندار وایان تێدا هەڵکەوتووە کە بەو حاڵەشیانەوە لە جیهاد و خەبات و تێکۆشان دوانەکەوتوونو هیچ بیانوویەکیان نەهێشتۆتەوە بۆ ساغەکان، لەهەموو سەردەمەکاندا، بۆیە دەبێ ئیماندار هیممەت بەرز و کۆڵنەدەر بێت).

١٤- يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (٤) المائدة/ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن: چی بۆیان حەڵاڵە؟

پێیان بڵێ: هەرچی خۆراکی چاك و پاکە بۆتان حەڵاڵە. ئەو گیاندارانەش حەڵاڵە کە باڵندەو تانجی شکاری بۆتان ڕاو دەکەن و خۆتان فێری ڕاوتان کردوون (خوای گەورە توانای بەخشیوە بە مرۆڤ کە مەشق بە هەندێ لە باڵندە و گیانداران بکات کە ڕاوی بۆ بکەن) ئینجا ئیتر بخۆن لەو نێچیرانەی بۆتان ڕاو دەکەن و ناوی خوای گەورەش فەرامۆش مەکەن لەکاتی بەرەڵاکردنیاندا و لەکاتی سەربڕین و خواردنیاندا، لەخوابترسن و پارێزکار بن، چونکە لە قیامەتدا خوای گەورە بە خێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات، (تا چاکان و پارێزکاران بەبەهەشت شاد بکات و ناپاکانیش لە دۆزەخ توند بکات ).

(مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ ) ئەمە خۆپاراستنی تیایەو نێچیرێک حەڵاڵە کە تانجیەکە یان هەڵۆکە بۆ ئەوی ڕاوکردبێت. لەفەرموودەشدا ئەمە روونکراوەتەوە(سألْتُ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم عن المِعْراضِ، فقال: ( إذا أصبتَ بحدِّه فكُلْ، فإذا أصاب بعَرْضِه فقتَل فإنه وَقِيذٌ فلا تأكُلْ .( فقُلتُ: أُرسِلُ كلبي؟ قال: ( إذا أرسَلتَ كلبَك وسمَّيتَ فكُلْ ). قُلتُ: فإن أكَل؟ قال: ( فلا تأكُلْ، فإنه لم يُمْسِكْ عليك، إنما أَمْسَك على نفسِه ). قُلتُ: أُرسِلُ كلبي فأجِدُ معَه كلبًا آخرَ؟ قال: ( لا تأكُلْ، فإنك إنما سمَّيتَ على كلبِك ولم تُسَمِّ على آخرَ.البخاري - صحيح

١٥- وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (١٥٢) الانعام/ نەکەن نزیکی ماڵ و سامانی منداڵی هەتیو بکەون (إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ )مەگەربەباشترین شێوەو بەکار هێنانی لە شتێکدا کە بەسود و قازانجی تەواو بیێت ( وەکو بەکار هێنانی لە بازرگانیدا، یان کرینی زەوی و زارێك یان هەرشتێك کە لە ڕواڵەتدا قازانجی مسۆگەر بێت ) هەتا ئەو کاتەی کە گەورە دەبێت. ئەمە خۆپاراستنی تیایە تا نزیکی ماڵی هەتیو نەکەونەوە مەگەر بە باشترین شێوە و ژیری تێدا بەدی دەکرێت.

هەولبدەن کێشان و پێوان بە ڕێکوپێکی و دادگەری ئەنجام بدەن و ( فێڵی تێدا مەکەن ) بێگومان ئێمە داخوازی لە هیچ کەسێك ناکەین کە لە توانای بەدەربێت (لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا) ئەمەش خۆپاراستنی تیایە کە ئەگەر سەد لەسەدیش نەبێت ئەبێ چی لەتوانادایە هەوڵبدرێت بۆدادگەری و سەر راستی کێشان و پێوانە. کاتێکیش قسە دەکەن یان شایەتیەك دەدەن هەولبدەن دادپەروەربن و لایەنی کەسێك یان دەستەیەك یان خزمان مەگرن، هەرچەندە خزمایەتی نزیکیش لە ئارادا بێت.

هەروەها کۆشش بکەن کە بەوەفا و بە ئەمەك بن بەرامبەر ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە دەیدەن ( بەو مەرجەی لە شەرعی خوا لانەدات )چونکە ئەو پەیمان و بەڵێنانە وەکو ئەوە وایەکە بە خوای گەورە درابێت بێگومان ئەو ڕێنموونیانە هەموویان ئامۆژگاری پەروەردگارن و ئەو زاتە فەرمانی پێداون بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن.

١٦- فَسِيحُوا فِي الْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ وَأَنَّ اللَّهَ مُخْزِي الْكَافِرِينَ (٢)التوبة/ ئەی موشریك و خوانەناسان بۆتان هەیە چوار مانگ بەسەر زەویدا بگەڕێن و شوێنێك بۆ نیشتەجێ بونی خۆتان دابین بکەن ئەوەش بزانن ئێوە دەسەوسانکەری خوای گەورە نین و لە دەستی قودرەتی دەرباز نابن، لە ڕاستیدا ئەو خوایە ڕیسواکەری کافر و بێباوەڕانە.( وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ) ئەمە خۆپاراستنی تیایە تاوانەزانن کە لە بێدەسەڵاتیەوە مۆڵەتیان دراوەتێ چوارمانگ بەئازادی بێن و بچن، نەخێر باش بزانن لەدەست خوا دەرناچن.

١٧- إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِنْدَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلَا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنْفُسَكُمْ وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ (٣٦)التوبة/ بێگومان ژمارەی مانگەکان کە خوای گەورە دیاری کردووە دوانزە مانگن

، لە کتێبە تایبەتیەکەی خۆیدا( کە بە لوح المحفوظ ناوزەند کراوە و هەموو نهێنی و ئاشکراکانی تێدا تۆمارە ) هەر لەو ڕۆژەوە کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، چوار مانگیشی بە حەرام داناوە ( بەمەبەستی ئەوەی کە جەنگی تێدا حەرامە )، هەر ئەوەشە ئاین و بەرنامەی ڕاست و دروست.

کەواتە لەو مانگانەدا ستەم لە خۆتان مەکەن و جەنگ بەرپا مەکەن ( ئەگەر لەسەر ڕەواو حەقیش بن ) بەڵکو تەنها دژی موشریکانی شەڕەنگێز بجەنگن بە گشتی، کاتێك ناچار دەبن بۆ بەرگری لە خۆتان، چونکە ئەوان بەگشتی هێرش دەکەنە سەرتان و دەیانەوێت ڕیشەکەنتان بکەن، بشزانن کە خوای گەورە لەگەڵ پارێزکاراندایە.

(وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً) **ئەمە خۆپاراستنی تیایە،کەدەفەرموێت حورمەتی مانگە حەرامەکان رابگرن مانای وانیە بەرگری لەخۆیان نەکەن ئەگەر کافرەکان لەو مانگانەدا هێرشیان کردە سەریان.**

١٨– مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٠٦) النحل/ هەرکەس پاشگەز بێتەوە لە ئیمان و باوەڕی بە خوای گەورە لاواز بێت و بێ دینی لا پەسەند بێت، ئەوە خوای گەورە خەشم و قینی لەو جۆرە کەسانە هەیە و سزایەکی زۆر بە ئێش و سەختی بۆ ئامادە کردوون.

( إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ ) جگە لەو کەسانەی کە زۆریان بۆ دەهێنن و ناچاریان دەکەن کە وشەی کوفر بێت بە زاریاندا، بەڵام دڵ و دەروونیان سارێژە لە ئیمان و دڵدامەزراون ئەوانە ئەو هەڕەشەیە نایانگرێتەوە.

( وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا) بەڵام ئەوانەی کە بە ویستی خۆیان ڕێبازی کوفرو بێ دینی دەگرنە بەر، ئەوانە خەشم و قینی تایبەتی خوای گەورەیان لەسەرەو سزایەکی گەورەو سەخت و

سـامناك یەخـەیان دەگرێـت. [٥] ئـەوە خۆپاراسـتنی تیایـە تـا ئاگـاداربن ئـەوەی زۆری لێبکرێـت و بەسـەرزارەکی بەناچاری وا پیشان بـدا کـەباوەڕی نیـە، جیاوازە لەکەسێک دڵیشی بگۆڕێـت بـەرەو کوفر ئەوە سزای سەخت جەزایەتی.

١٩- وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (١٠) الحديد/ ئەوە چیتانە بۆچی ماڵ و سامانتان نابەخشن لـە ڕێگـەی ئـاینی خـوادا، مەگـەر نـازانن هەرچـی لــە ئاسمانـەکان و زەویـدا هەیـە، هـەمووی خـوای گـەورە خاوەنیـەتی و هـەر بـۆ ئـەویش دەمێنێتـەوە، بێگومـان ئەوانـەی کـە پـێش فـەتح و ڕزگـارکردنی مەککـە بەخشـینیان هـەبوو هـەروەها توشـی جـەنگ بـوون، پاداشـتیان وەکـو ئەوانـە نیـە کـە دوای ڕزگـارکردنی مەککـە بەخشـینیان هەیـەو جـەنگاون، بێگومان ئەوانەی پێشو پلەو پایـەو پاداشـتیان زۆر زیـاترە لـە وانـەی کـە دوای ڕزگـارکردنی مەککـە مـاڵ و سامانیان بەخشیوەو جەنگاون.

( وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى ) وە بـۆ هـەر لایـەکیان خـوای گـەورە بـەڵێنی پاداشـتی چـاك و بەهەشـتی بـەرینی داوە، بێگومـان ئـەو خوایـە تـەواو ئاگایـە بـە هـەموو کـارو کردەوەکانتـان و هـیچ شـتێکی لێ ون نابێت.

(وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى )ئەمـەش خۆپاراستنی تیایـە تاوانـەزانن ئەوانـەی دوای فـەتحی مەککـە موسڵمانبوون پاداشتیان نیە، پاداشتیان هەیە بەڵام ناگەنە پلەی ئەوانەی پێش فەتح.

---

(٥) ئەم ئایەتە لە سەرەتاوە دەربارەی (عمار)ی کوڕی (یاسر) نازڵ بوو ، کە دایك و باوکی بە بەرچاویەوە شەهید کران ، کاتێ پەلاماری ئەویشیاندا ئەگەر ناوی خواکانیان نەهێنێ شەهیدی دەکەن ، ئیتر ناچار بوو ڕازییان بکات ، بەڵام دڵی ساڕێژ بوو لە ئیمان بۆیە کاێ کە بە دڵی پڕەوە چوو بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ لـێی پرسی ئەی دڵت چۆنە عمار ووتی: (الحمدلله) دڵم پڕە لە ئیمان و دڵئارام و ئاسودەم.. ئەوسا پێغەمبەر ﷺ دڵی دایەوە!!

## خۆپاراستن له قسەکردن و هەڵسوکەوتدا:

١- لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (١٧٧) البقرة/

ئەی خەڵکینە! ئەی بڕوادران! چاکەو چاکەخوازی ئەوەنیە ڕووتان بکەنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکو چاکەو چاکەخوازی لەناخەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەویش بریتیە لەباوەڕی دامەزراو بەخوای گەورە، بەزات و سیفاتی و پاشان بەڕۆژی دوایی و، بەبەهەشت و دۆزەخ، هەروەها بەفریشتەکان، کە بەندەی ملکەچی خوای گەورەن و چرکەیەك نافەرمانی ناکەن، هەروەها باوەڕ بەکتێبەکان کەلەلایەن خواوە ڕەوانەکراون بۆ پێغەمبەران و، باوەڕ بە پێغەمبەرانیش کە خوای گەورە لەنێو گرۆی ئادەمیزادا هەڵی بژاردوون.

دوای ئەم چەمکانەی باوەڕ، ڕەنگدانەوەی ئیمان لەڕەفتاردا دەبێ دەربکەوێت، ئەویش بە بەخشینی ماڵ و سامان چەندە خۆشەویستیش بێت لەبەر خۆشەویستی خوا،بەخزمانی هەژارو خەڵکی نەدارو کەمدەست و ڕێبواری دابڕاو لەوڵات و سامانی، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە ئاتاجی هەن و داوای دەکەن، هەروەها بۆ ڕزگارکردن و ئازادکردنی گەلان و میللەتان لەدیلی و دەستبەسەری، پاشان ئەنجامدانی نوێژ بەچاکی وڕێکو پێکی، بەخشینی زەکاتی ماڵ و سامان و زانست و دەسەڵات و تواناکان.

هەروەها لەچاکەکاری: وەفاکردنی ئەو کەسانەیە بە بەڵێنەکانیان کە هەرکات بەڵێنێکیاندا دەیبەنەسەر، هەروەها خۆگری و دان بەخۆدا گرتنە لەکاتی تەنگانەو نەخۆشی و ناخۆشی و نەهامەتی، هەروەها کاتی ڕووبەڕووبەنەوەی دوژمنانی مرۆڤایەتی،ئائەوانەی کە ئەو سیفاتانەیان تێدایە، ئائەوانە ئەوانەن که لەگەڵ بەرنامەی خوادا ڕاستدەکەن و هەرئەوانیشن خواناس.

(عَلَى حُبِّهِ )ئەمە خۆپاراستنی تیایە، تابزانن ئەو پارەو ماڵە لەبەر خۆشەویستی خوا دەبەخشن و بۆ رووپامایی نیە. هەروەها ئەگەر بەخۆشەویستی سامانەکەش تەفسیری بکەین، هەربەڵگەیە کە ماڵ و سامانەکەیان خۆش دەوێت و بەهۆی ئیمانەکەیانەوە بەخوا دەیبەخشن.

٢- الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (١٣٤) آل عمران/ ئەو بەختەوەرانە کەسانێکن لە خۆشی وناخۆشیدا لەگرانی و هەرزانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، رق و کینەی خۆیان دەخۆنەوە و خۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و لێیوردەن، بێگومان خوای گەورەو میهرەبان ئەو جۆرە چاکەخوازانەی خۆش دەوێن.

(وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ) ئەمە خۆپاراستنی تیایە تا وانەزانن لەبێدەسەلاتیەوەیە کە رقیان دەخۆنەوە، نا ئەمانە توانای تۆڵەسەندنیان هەیەو نەک هەر تۆڵە ناسەندنەوە، بەڵکو لێشیان خۆش دەبن، کەبەمەش دەگەنە پلەی ئیحسان و خواش خۆشی دەوێن (وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ).

٣- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٣٥) النساء/

ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بەردەوام هەوڵبدەن ڕاگری دادپەروەری بن و شایەتی بۆ خواو لەبەر خوا ئەنجام بدەن، گەرچی ئەو شایەتیەش زیانی هەبێت بۆ خۆتان یان دایك و باوك و خزمانی نزیکتان ( ماڵ و سامانی کەس بە شایەتی ناحەق بۆ خۆتان و بۆ هیچ کەس داگیر مەکەن ) چونکە ئەگەر کەسێك لەوانە دەوڵەمەند بێت، یان هەژار و دەست کورت بێت، ئەوە خوای گەورە لە پێشتر و دڵسۆز ترە و دەتوانێت دەوڵەمەندەکە دەوڵەمەندتر بکات و هەژارەکەش دەوڵەمەند بکات، لەبەر ئەوە نەکەن هیچ کات شوێنی ئارەزوو تەماع بکەون و لە دادپەروەری لابدەن، جا ئەگەر لە ئەنجامدانی شایەتیدا ڕێبازی لارو وێر بگرنە بەر و شایەتی ناحەق بدەن، یان خۆتان بدزنەوە و گوێ پێ

نەدەن، ئەوە دڵنیابن کە خوای گەورە بە هەموو هەڵس و کەوتێکتان تەواو ئاگادارە و هیچی لێ وون نابێت و لێپرسینەوەی سەخت دەکات لەگەڵ ئەوانەدا کە لارو وێرن.

(وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ)ئەمەخۆپاراستنی تیایە رەنگە کەسێک هەق لەسەر خۆی بڵێت، بەڵام لەسەر دایک وباوکی و خزمانی رەنگە قورس تر بێت بەلایەوە شایەتیان لەسەربدات، قورئان هانیان ئەدات تا لەهەموو حاڵەتێکدا هەقبێژ بن.

٤- لَا يُحِبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلَّا مَنْ ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا (١٤٨) النساء/ خوای گەورە هەرگیز پێی خۆش نیە بەئاشکرا باسی ستەم و خراپە بکرێت مەگەر کەسێك ستەم لێکراو بێت، تا خەڵکی سیوایان نەبێتەوە لەبیستنی شتی خراپداو هەمیشە شتی جوان وباش بەرگوێی خەڵك بکەوێت،ئەو خوایە بەردەوام بیسەری هەموو گوفتارێکە و زانایە بە نیەتی هەموو کەس.

(إِلَّا مَنْ ظُلِمَ )ئەمەش خۆپاراستنە تا بزانن کەسێک ستەمی لێکرا ئەتوانێت بۆ سەندنی هەقی خۆی دنیا لەستەمکارەکەی پڕبکات.

ئەم ئایەتەی سورەتی ( البقرە) ش هەمان مەسەلەیە: فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ (١٩٤)البقرة.

ستەملێکراو دەتوانێت بەهەمان ئەو شێوەیەی ستەمی لێکراوە هەقی خۆی بکاتەوە.بەڵام:

إِنْ تُبْدُوا خَيْرًا أَوْ تُخْفُوهُ أَوْ تَعْفُوا عَنْ سُوءٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا (١٤٩) ئەگەر کردارو گوفتار و بەخششی خۆتان ئاشکرا بکەن، یان بیشارنەوە، یاخود چاوپۆشی لە هەڵە و نادروستیەك بکەن، ئەوە دڵنیا بن کە خوای گەورە بەردەوام لێخۆشبووە بە نیسبەتی ئیماندارانەوە و دەسەڵاتیشی بێ سنورە بەسەر بێ دینەکاندا.

ئەم ئایەتەش لەگەڵ ئەوەدا کەهەق ئەدات بەستەملێکراو، کە هەرچیبکات بۆ سەندنەوەی هەقی خۆی ناهەقی نیە، بەڵام هانیشی ئەدات بۆ پلەیەک لەوە بەرزتر ئەگەر بیکات ئەویش چاوپۆشی لێبوردنە لەبەرخوا (تَعْفُوا عَنْ سُوءٍ)کە مایەی لێخۆش بوونی خوایە.

٥- ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (٥٥) الاعراف/ هەمیشە هاناو هاوار بۆ پەروەردگارتان بەرن بە کروزانەوەو لالانەوە، بە نهێنی و لە کاتی تەنهایتاندا، دڵنیاش بن کە ئەو زاتە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە سنورەکان دەبەزێنن.

ئەمە خۆپاراستنی تیایە بەوەی کە فێری ئەدەبی دوعا کردنیان دەکات کە بەسەرکزی و بەنهێنی لەخوا بپاڕێنەوەو دەنگ زۆر بەرز نەکەنەوە، ئاگاداربن کە خوا بۆ هەموو شتێک ڕێوشوێنی داناوە.خۆشەویستمان لەم بارەیەوە دەفەرموێت:(أيُّها الناسُ اربَعوا على أنفسِكم، فإنكم لا تَدْعون أصمَّ ولا غائبًا، ولكنْ تَدْعونَ سميعًا بصيرًا ) بخاری.

٦- سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِنْ يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لَا يُؤْمِنُوا بِهَا وَإِنْ يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِنْ يَرَوْا سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ (١٤٦)الاعراف/ ئەوانەی کە بەناهەق فیز دەکەن بەسەر خەڵکی دا لەسەر زەوی خوادا، هەر بەڵگەو موعجزەیەکیان نیشان بدرێت باوەڕی پێ ناکەن، ئەگەر ڕێبازی ژیری و دوور لە گوناهیان بۆ هەڵبکەوێت نایگرنە بەر، بەڵام ئەگەر ڕێبازی بێ دینی و گوناهو لادانیان بۆدەستبدات ئەوە یەکسەر پەیڕەوی دەکەن، ئەوان بۆیە ئاوا سەرگەردانن چونکە هەر لە سەرەتاوە بڕوایان بە ئایەت و فەرمانەکانی خوای گەورە نەبووە، بەڵکو بەتەواوەتی بێ ئاگابوون لێی.

(بِغَيْرِ الْحَقِّ ) خۆپاراستنی تیایە تا بزانن لەهەندێ شوێن وکاتی تایبەتدا ئەو تەکەبورە زەروورە کە بەهەق و بۆ هەق بێت، وەك ئەوەی کە لە جەنگی ئوحودا خۆشەویستمان ( د.خ) شمشێرەکەی دا بە ئەبودوجانە کە هەقی خۆی بداتێ و بەچاکی پێی بجەنگێ و دوژمنانی پێ تارومار بکات، ئەبودوجانەش شمشێرەکەی بەدەستەوەبوو ڕای دەوەشاند و خۆی پێوە بائەداو خۆی ئەنواندو پەڕۆیەکی سووریشی بەستبوو بەسەریەوە کە تا دوا دڵۆپی خوێنی ئەجەنگێ، خۆشەویست(د.خ) فەرمووی ئەم ڕۆیشتنە خوا پێی ناخۆشە تەنها لەم شوێنەدا نەبێت.

٧- وَلَئِنْ أَذَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَاهَا مِنْهُ إِنَّهُ لَيَئُوسٌ كَفُورٌ (٩) وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ نَعْمَاءَ بَعْدَ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ السَّيِّئَاتُ عَنِّي إِنَّهُ لَفَرِحٌ فَخُورٌ (١٠) إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَئِكَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ (١١) هود / زۆر جار ئەگەر مرۆڤێکی بێ دین بەهرەمەند بکەین لە خێر و خۆشی دنیا و میهری خۆمان، پاشان لێی بگرینەوە و تاقی بکەینەوە ئەوە ئەو جۆرە کەسانە بێ دینی و خوانەناسی و بەدنمەکیان زۆر پێوە دیارە.

هەروەها ئەگەر ئەو جۆرە کەسانە بەهرەمەند بکەینەوە لە ناز و نیعمەتەکان دوای ئەوەی بە تەنگانە و ناخۆشی تاقیمان کردنەوە، ئەوە تاکە تاکەیان بە دلخۆشیەکی نابەجێوە دەڵێت: ئیتر تەنگانە و ناخۆشی و ئازارەکان بەسەرچوون و لە کۆڵم بونەوە، ئەوسا دەیانبینی دلخۆشن و خۆیان هەلدەکێشن(لە گوناهوتاواندا ڕۆدەچن، وا دەزانن دنیا هەروا بە دڵی ئەوان دەبێت!!)..

( إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَئِكَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ) جگە لەو ئادەمیزادە بەرێزانەی کە ئارامگری دروشمیانە و پێیانەوە دیارە(لە کاتی بوون و خۆشیدا سنورەکان نابەزێنن،لە کاتی نەبوونی و ناخۆشیشدا خوای گەورە لە خۆیان نارەنجێنن) بەڵکو بەردەوام کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن ئا ئەوانە لێخۆشبوون و پاداشتی فراوان و بێ سنور دەیانگرێتەوە ( ئەمەش خۆپاراستنە تاوانەزانن کەهەموو مرۆڤەکان یەک چەشنن، نەخێر بڕوادار بەهۆی بڕواکەیەوە وانابێت ).

٨- فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ (٩٨)النحل ئەی ئیماندار هەر کاتێک ویستت قورئان بخوێنیت سەرەتا پەنا بگرە بە خوای گەورە لە شەیتانی نەفرین لێکراوو ڕەجم کراو.(چونکە ئەو هەمیشە هەوڵی پەرت کردن و وێڵ کردنی بیروهۆشی ئیماندار دەدات ).

إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (٩٩) لە ڕاستیدا ئەو شەیتانە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی بەسەر ئەو کەسانەدا نیە کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە و پشتیان بە پەروەردگاریان بەستووە ( ئەمە خۆپاراستنی تیایە لەومانایەی کەوا تێبگەن شەیتان دەسەڵاتی هەیە بەسەریانا بۆیە داوای پەناگرتن کراوە لێی بەخوا، نەخێر شەیتان دەسەڵاتی نیە بەسەریانەو تەنها دەتوانێت

وەسوەسەیان پێبکات )( فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَا يَبْلَى (١٢٠) طه ).

٩- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (٢٧)النور/ ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، هەوڵبدەن مەچنە هیچ ماڵێکەوە جگە لە ماڵەکانی خۆتان، هەتا ئاگاداریان نەکەن، هەر کە ئاگاداربوون سڵاویان لێبکەن، بێگومان ئەم ڕەفتار و شێوازە چاکتر و جوانترە بۆتان بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن‌و خەڵکی بێزار نەکەن.

فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِنْ قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ(٢٨) خۆ ئەگەر هەستتان کرد کەس لەماڵ نیە مەچنە ژوورەوە، هەتا مۆڵەت نەدراین (بەشێوەیەك لە شێوەکان).

( فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ )(**ئەمە خۆپاراستنی تیایە، هەرچەند ماڵەکە کەسیشی لێ نەبێت وەرگرتنی مۆڵەت گرنگە لەخاوەنەکەی ، چونکە ڕەنگە شتانێک لەو ماڵەدا هەبن و خاوەنەکەی نەیەوێت کەس بیبینێت**).

خۆئەگەر لە دەرگاتاندا، یان چونەژوورەوە پێتان وترا: ئێستا بگەڕێنەوە کاتمان نیە، ئەوە بگەڕێنەوە چاکترو پاکترە بۆتان، خوای گەورەش بە هەموو کردەوەکانتان تەواو بینایە.

١٠-يَا نِسَاءَ النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِنَ النِّسَاءِ إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَعْرُوفًا (٣٢) الاحزاب/ ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر ﷺ ئێوە وەك ئافرەتانی تر نین بە تایبەت ئەگەر تەقوا داری و دینداری بکەنە کاڵای بالآتان، کەواتە گفتوگۆ بە ناسکی مەکەن تا ئەو کەسەی دڵی نەخۆشی باوەڕ لاوازیی تێدایە خەتەرەو خەیاڵی خراپ نەیەت بە دڵ و دەرونیدا. هەمیشەو بەردەوام هەوڵبدەن قسەو گوفتاری چاك بڵێن ( تا هیچ کەس نەتوانێت ڕەخنەتان لێ بگرێت ).

( وَقُلْنَ قَوْلًا مَعْرُوفًا ) ئەمە خۆپاراستنی تیایە تا هاوسەرەکانی خۆشەویست واتێنەگەن کەنابێ قسە بکەن لەگەڵ پیاواندا، ئەوان ئەتوانن لەکاتی پێویستدا قسەی چاک و باش بکەن بەبێ دەنگ ناسک کردنەوە تا شت لەلای دڵ نەخۆشەکان دروست نەبێت.

١١- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٤)التغابن/ ئەی ئەوکەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە جاری واهەیە هاوسەرتان، یان هەندێك لەنەوەو کوڕوکچتان ڕۆڵی دژایەتی و ناحەزی دەبینن دژتان، بەقسەتان ناکەن، یاخی دەبن و گوناه دەکەن.

ئێوە لەبەرامبەرەوە وریابن، خۆتان لەدژایەتی و وروژاندنیان بپارێزن،( وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا) جائەگەر چاوپۆشییان لێ بکەن و لێیان ببورن و لێیان خۆش بن، دڵنیابن کە خوای گەورەش تەواو لێخۆش بوو میهرەبانە ( ئەو هەڵوێستەی ئێوە بەزایە نادات)، ئەمە خۆپاراستنی تیایە تاوا تێنەگەن مادام ئەوان دژایەتی دەکەن ئیتر ئەمیش ئەبێ هەقیان لێبکاتەوەو دژایەتیان بکات، نەخێر مامەڵەی جوان و لێبوردن چاکترە.

(إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ )(١٥) لەڕاستیدا ماڵ و سامانتان، ڕۆڵەو منداڵەکانتان بۆ تاقیکردنەوەتانە، (ئەگەر بتوانن سەرکەوتو سەرفراز بن )ئەوە دڵنیابن کەخوای گەورە پاداشتی گەورەو بێسنوری لایە.

١٢- فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، الطلاق ٢/ هەرکاتێك ئافرەتانی تەڵاقدراو گەیشتنە ماوەی دیاریکراوی خۆیان (دوای یەك، یان دوو تەڵاقەیان) یان بیانهێڵنەوە لای خۆتان هاوڕێ لەگەڵ ڕێزو هەڵسوکەوتی چاکدا، ئیتر باناوی تەڵاق نەیەت بەزارتاندا یاخود بە یەکجاری دەبێت وازیان لێ بهێنن ئەگەر تەڵاقەکە سێهەم جاری بوو، ئەوکاتە بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك مافیان بدەنێ، بیریشتان نەچێت لەکاتی جیابوونەوەی یەکجاریدا دەبێ دوو شایەتی داد

پەروەرو خواناس لەخۆتان لەنێوانتاندا هەبێت، کەهەرکاتێك داواکران ئامادەبن لەبەرخوا شایەتیەکە بەرێکوپێکی بدەن.

ئەوەی کە باسکرا ئامۆژگاری و رێنموییە بۆ ئەوکەسانەی کەباوەڕی بتەویان بەخوای گەورەو بەرۆژی دوایی هەیە، جا ئەوەی لە خوا بترسێت وهەوڵ بدات خوای گەورە لەخۆی نەرەنجێنێت ئەوە ئەوزاتە دەرووی خێری لێ دەکاتەوە.

(وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (٢) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ)

**ئەم ئایەتە خۆپاراستنی تیایە تا بەهۆی پێش هات و کێشەکانی ژیانەوە سەری دنیامان لێنەیەتەوە یەک و بزانین هەرچەند کێشەکانمان بەلای خۆمانەوە گەورەبن بۆ خوای گەورەی بالادەست بچوکەو، ئاسانە بێت بەهانامانەوەو بۆمان چارەسەر بکات، ئەوەی پارێزکار بێت خوا دەرگای بۆ دەکاتەوەو، لەشوێنێکەوە رۆزی ئەداتێ کەهەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتووەو کێ پشت بەخوابەستێ ئەوی بەسە.**

إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا (٣) لەڕاستیدا ئەو خواگەورەیە کارو فەرمان و ویستی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێت، بەلام ئەوەیە کەبۆهەر شتێك و هەرکارێك و هەر پەیوەندییەك، نەخشەی تایبەتی خۆی هەیەو بڕیاری لەسەر داوە کەلەکات و شوێنی خۆیدا دەبێ ئەنجام بدرێت.

## خۆپاراستن لە ئەمسالی قورئاندا:

١-أُولَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَتْ تِجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ (١٦) البقرة/ ئەمانە ئەوانەن کە گومڕاییان کڕی بە ڕێنمونی و هیدایەت نەك هەر بازرگانیەکەیان قازانجی نەکرد بەڵکو سەرمایەکەشیان دانا کە هیدایەتەکەبوو. لێرەدا ئەم کافرانە بەفیترەت هیدایەت دراون و هیدایەت لەبەردەستیاندایە کەچی ئەچن ئەیدەن بە گومڕایی،هەروەك بازرگانی بکەن، جا لەبازرگانیەکەیاندا قازانجیان نەکرد، ئەی کەواتە سەرمایەکەیان ماوە کە هیدایەتە فیترەیەکەیە؟ نەخێر سەرمایەکەشیان دانا چونکە (وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ ).

کەواتەئەمە (وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ) خۆپاراستنە تا وانەزانین کە قازانجیان نەکردووە سەرمایەکەیان ماوە کە هیدایەتەکەیە، نەخێر قازانجیان نەکردو سەرمایەکەشیان لەدەستدا.

٢- وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ (٢٠٦) البقرة/ کەپێی وترا: ترست هەبێ لەخوا دەمارزلی پتر بەرەو گوناهی دەبا، دۆزەخی بەسە کە جێ حەسانەوەیەکی زۆر خراپە.

(بِالْإِثْمِ )خۆپاراستنی تیایە چونکە ئەم جۆرە دەمارزلیە لێرەدا کەبەرەو خراپەی بردووە نابەجێیە، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانن کە عیزەت هەیە باشە، ئەویش عیزەتی موسڵمانە لەبەرامبەر کافراندا:

(فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٥٤)المائدة)( وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ (٨)المنافقون).

٣- أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِكْكُمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بُرُوجٍ مُشَيَّدَةٍ وَإِنْ تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُوا هَذِهِ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا هَذِهِ مِنْ عِنْدِكَ قُلْ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ فَمَالِ هَؤُلَاءِ الْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا (٧٨) النساء/ لەهەرکوێ بن تەنانەت ئەگەر لەقەڵای زۆر قایمیش خۆ وەشێرن، مردن دەتانگاتێ و دەتاندۆزێتەوە، هەرگا چاکەیان دێتە رێ، ئێژن: ئەمە لەخواوەیە.ئەگەر تووشی ناخۆشیش بوون، ئێژن: ئەمە لەتۆوە بوو (ئەی محمد). بێژە: خۆشی و ناخۆشی هەر بەدەس خوایە.ئەرێ ئەم مەردمانە چییانە؟وەکو لەهیچ قسەیەك تێنەگەن وایە!

(وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بُرُوجٍ مُشَيَّدَةٍ )خۆپاراستنە لەوەی وابزانن دەتوانن لەشوێنی قایمدا خۆیان بشارنەوە، نەخێر لەهەرکوێ قایم و گەیشتن پێی سەختە مردن دەیانگاتێ.

٤- وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ (٣٨) الانعام/ هەرچی زیندەوەر و گیانلەبەرێك هەیەكە بەسەر زەویدا دەڕوات هەر باڵندەیەكیش كە بە باڵەكانی دەفڕێت، سەرنجیان بدە ئەوانیش ئومەت و بەدیهێراوێكن وەك ئێوە ( وەك ئێوە خۆراك دەخۆن، هەناسە دەدەن، دێن و دەچن، جوتن، زاوزێ دەكەن،.....هتد، هەروەها جۆری زۆر بێشوماریان هەیە، هەر مێروە وردەكان پتر لـە حەفتا هەزار جۆرن ) دڵنیا بن كە ئێمە هیچ شتێكمان لـە كتێبی ( لوح المحفوظ ) دا پشتگوێ نەخستووە، لـەوەو دوا هەموویان بۆلای خوای خۆیان كۆدەكرێنەوە ( هەمویان لـەو خاكەن و دەبنەوە بە خاك، تەمەنیان سنوردارە، لـەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامن لـەسەر شانۆی ژیان ).

(يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ ) خۆپاراستنی تیایە تاخەیاڵیان بۆ شتی ترنەچێت و بزانن مەبەست باڵندەی ڕاستەقینەیە كە بە باڵ دەفڕێت، چونكە (طَائِرٍ) بەمەجاز بۆكەسێک بەكاردێت كە بەزەویدا بەخێرایی بڕوا، یان بەگشتی بۆ هەموو شتێک بەكاردێت كە بەرزبێتەوە بۆ سەرەوە.

٥- اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُورٌ عَلَى نُورٍ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٣٥)النور/

خوای گەورە نوورو ڕوناكی ئاسمانەكان و زەوی یە، نور بەخش و ڕوناكی بەخشە بە ئاسمانەكان و زەوی، نمونەی نوری ئەو زاتە وەكو تاقێكی جوان و ڕازاوە وایەكە چرایەكی پرشنگداری تایبەتی تێدابێت، چراكەش بە شوشەی جوانی ڕون دەوردرابێت، ئەو شوشەیەش وەكو هەسارەیەكی جوان و گەورە وڕازاوەی پرشنگدار و بریسكەدار وابێت كە سوتەمەنیەكەی لـەدرەختی پیرۆزی زەیتون وەرگرتبێت، لـە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا وێنەی نەبێت، ئەو شلـەمەنی و سوتەمەنییەی ئەوەندە چاك بێت خەریك بێت خۆی ڕوناكی بدات بێ ئەوەی ئاگری بەربكەوێت، هەموو ئەمانە نورن لـەسەر نور، ڕوناكین و ڕوناكی بەخشن.

جا خوای گەورە هەرکەس شایستە بێت هیدایەتی دەدات بۆ لای ئەو نورەی، هەروەها ئەوزاتە جۆرەها نمونە دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی ( تا خەڵکی تێبگەن و پەیڕەوی لە ئاینەکەی بکەن) چونکە ئەو خوایە بە هەموو شتێك زانایە.

(وَلَا غَرْبِيَّةٍ)ئەمە خۆپاراستنی تیایەکەدەڵێ شەرقی نیە نەک وابزانن غەربیە، ئەی کەواتە چۆنە؟ ئەو درەختی زەیتونە نە شەرقیە تەنها بەیانیان خۆر لێی بدات، نەغەربیشە لەخۆر ئاوابووندا هەتاوی بکەوێتە سەر، بەڵکو لەهەردوو کاتەکەدا و لە بەیانیەوە تائێوارە هەتاو لێی دەدات بۆیە زەیتەکەی زۆر نایابە.

٦- وَإِذَا أَنْعَمْنَا عَلَى الْإِنْسَانِ أَعْرَضَ وَنَأَى بِجَانِبِهِ وَإِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ كَانَ يَئُوسًا (٨٣)/ الاسراء، مرۆڤ هەرگا ئێمە بەهرەیەکی دەدەینێ، پشت تێدەکاو خۆیمان لێدووردەخاتەوەو لەخۆی بایی دەبێت، هەرگا بەلاَّشی بەسەرهات تووشی نائومێدی دەبێت.( كَانَ يَئُوسًا )ئەمە خۆپاراستنی تیایە تا وانەزانن کە لەخۆشیدا یاخی دەبن و، لەناخۆشیدا دەگەڕێنەوە،نەخێر ئەمانە لەناخۆشیشدا نائومێدن و ناگەڕێنەوە بۆ لای خوا تا یارمەتیان بدات.

٧- هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنْكُمْ كَافِرٌ وَمِنْكُمْ مُؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢)التغابن.

خوایە کە بەدیهێناون، هەتانە بێباوەڕەو هەشتانەباوەڕدارە، جابۆئەوەی وانەزانن کەهەر تاقمەو ئاوادروست بوون و تووشی ئیشکالی (جبر) نەبن و نەڵێن: دەی کەواتە بۆچی ئیش بکەین، دەفەرموێت (وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) خوا کاروکردەوەتان دەبینێت، دیارە ئەمەش بۆ خۆپاراستنە لەو بیرو بۆچوونەو ئاگاداریان دەکات کەلەسەر کردەوەکانیان پاداشت دەدرێنەوە.

٨- تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ (٤) القدر/ لەو شەوەدا فریشتەکان لەگەڵ جوبرەئیلدا لەسەر روخسەتی پەروەردگاریان دێن بۆ سەرزەوی بۆ سەردانی خواپەرستان لەماڵو مزگەوتەکانو سەرنجی تاکەکانی ئوممەتی پێغەمبەرﷺدەدەن تا بزانن تا چەندە پابەندی فەرمانەکانی خودای گەورەن لە قورئانەکەیدا، چەندە شوێنکەوتەی پێغەمبەرن ﷺ لە واقیعدا.

سَلَامٌ هِـيَ حَتَّـى مَطْلَعِ الْفَجْـرِ (٥) ئـەو شـەوە تـا بەرەبـەیان ئاسـودەیی‌و ئاشـتی‌و هێمنـی‌و ڕەحمـەت‌و میهرەبانی‌و سەلامە لەلایەن خـوای گـەورە و فریشـتەکانەوە بـۆ ئـەو ئیماندارانـەی کـە لـەو شـەوەدا بێـدارن و خواپەرستی دەکەن.

**(سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ) ئەمەش خۆپاراستنی تیایە تا بزانن ( مِنْ كُلِّ أَمْرٍ ) لەشـەوەکانی تـر جیـاوازەو تـەنها ئاشـتی و هێمنـی لـەخواوەدێـت و ئەوشـەوە بەلاوناخۆشی دانابەزێت.**

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَنْ قـام ليلـةَ القـدرِ إيمانـاً وإحتسـاباً غُفِـر لَـهُ مَـا تَقـدَّمَ مِـنْ ذَنْبِـهِ) متفق عليـه. واتـە: ئـەوەی شـەوی قـەدر بەخواپەرسـتی‌و یـادی خـوا بباتـە سـەر بـەئیمان‌و بـاوەڕی دامـەزراوو بەتەمابوونی پاداشت‌و ڕەحمەت، خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی ڕابوردووی خۆش دەبێت.

٩- اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ (٢٠)الحديد

بزانن ژی لەدنیایە هەرگەمەو بادی هەوایە وبۆ خۆ بەجوان نیشاندان و خۆلەسەر یەکتر ڕانان و فرەبوونی عەولادو داراییتانە و وەك بارانێك شیناتییەکەی وەرزێری پێ خەنی بووە و، بەرەبەرە وشك دەبێ و دەبینی زەردهەلگەڕاوە و لەدواییدا بووەتە کاوکۆتی بەربا.

**(وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ )ئەمە خۆپاراستنە تاوانەزانن دوای وشکبوونەکە لێپرسینەوە نیە، نەخێر لەقیامەتدا ئازاری دژوارو ڕەزامەندی خودا هەیە، ژیانی دنیا هەر مایەی خەڵەتاندنە و چی تر نییە.**

***

## خۆپاراستن له سوێندخواردندا:

وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى (١) النجم - سوێند بەو ئەستێرەیەی کە لـە شوێن و خولگەی خۆی دەترازێت و بەخێرایی لـە بۆشایی ئاسماندا بەردەبێتەوەو وردو خاش دەبێت و ون دەبێت.بۆیە ( هوی) ی هێناوە تاوانەزانن کەسوێندی پێدەخورێ کەواتە هەقیانە دەیپەرستن، نەخێر سوێند بەو ئەستێرەیە کەدەکەوێت.

مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى (٢) ئەو هاوەڵەی ئێوە (محمدﷺ) کەسایەتیەکی گومڕاو سەرلێشێواو نیەو لـەبەرنامەی ڕاست و دروست لای نەداوە.

## چەند نموونەیەکی تر:

دیارە زۆر ئایەتی تریش ماون کە ئەو خۆپاراستنەی تیایەو باسمان نەکردوون وەك:

**یەکەم:** وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (١٣٩) إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ الْقَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وَتِلْكَ الْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ النَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ (١٤٠) وَلِيُمَحِّصَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَيَمْحَقَ الْكَافِرِينَ (١٤١)آل عمران.

ئەی ئیمانداران: ئـەی تێکۆشـەران، کۆڵمـەدەن و سـارد مەبنـەوە و خەفـەت مـەخۆن، چـونکە هـەر ئێـوە سەربەرزو سەرفرازو سەرکەتوون، ئەگەر ئیماندار و باوەڕ داری ڕاست و دروست و چاك و پاك بن.

ئەگـەر زام و ناخۆشـیتان بـۆ پێشـهات لـە( غـەزای ئوحـود ) دا، هاوەڵگـەرانیش لـە( غـەزای بـەدر) دا تووشـی هـەمان زام و ناخۆشـی هـاتن، دڵنیـا بـن کـە ئـەوە هـەر ئێمـەین کـە ڕۆژگـار دەسـتاو دەسـت پێدەکـەین لـە نێـوان خەڵکیـدا ( تالـەجیهانی واقعیشـدا ) ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە بـە چـاکی و دروسـتی دەربخات، وە هەندێکیشـیان بـە پلـەو پایـەی شـەهیدی شاد بکـات، دڵنیـا بـن خـوای گـەورە سـتەمکارانی خـۆش ناوێـت ( ئەگـەر لـە دنیـا دا تۆڵـەیان لێ نەسـێنێت، خـۆ لـەژێر دەسـتەڵاتی قـودرەتی دەربازنـابن، ئەوانە، لـە قیامەتدا سزای سەخت و دژواریان بۆ ئامادە کراوە ).

بێگومان خوای گـەورە بـەو پێشـهات و تاقیکردنەوانـە دەیـەوێت ئەوانـەی ئیمانـدارن پـاك و بێگـەردیان بکات و هیچ گوناهیان نەمێنێت، کافرو خوانەناسانیش نابوت و ریسوا بکات.

(وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ ) خۆپاراستنی تیایە تاوانەزانن کە خوا مۆڵەتی کافران ئەدات و موسڵمان شەهید دەکەن لە خۆشەویستیانەوەیە، نەخێر خوا خۆشی ناوێن و چەسپاندنی هەق و راستیش قوربانیدانی دەوێت وئەم قوربانیدانەش گەورەترین پاداشتی لەسەر وەردەگرن.

دووەم: فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِنْ وِعَاءِ أَخِيهِ كَذَلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ (٧٦)یوسف/ بەفەرمانی یوسف دەسکرا بە گەڕان بە بارەکانیاندا پێش بارەکەی بنیامین، ئنجا خۆی لەبارەکەی بنیامین دەری هێنا، ئابەو شێوەیە یوسفمان فێری نەخشەی گلدانەوەی براکەی کرد، نەدەکرا بە دەستوری پاشای پێشوو براکەی گل بداتەوە مەگەر ویستی خوای لەسەر بوایە(بە دەستوری پاشای پێشوو، دز لێدانی دەخوارد و دوو بەرانبەر شتی لێ دەسەنرا)ئێمە پلەوپایەی هەرکەسێك کەبمانەوێت و شایستە بێت بەرز و بڵند دەکەینەوە، بێگومان لەسەرو هەموو خاوەن زانست و زانیارییەکەوە شارەزاتر هەیەو خواش لەهەمووان زاناترە.

(نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ)کە باسی پلەبەرزکردنەوەو زانست دەکات،بۆ خۆپاراستن تازیادەڕەوی لەکەسدا نەکرێت دەفەرموێت:هەرکەس چەند بەرزیش بکەینەوەو شارەزای بکەین،خوا لەسەروو هەموو خاوەن زانستێکەوە زاناترە( وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ )

سێیەم: وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (١١٢)الانعام

هەر بەو شێوەیەی کە دەیبینیت بۆ هەر پێغەمبەرێك کەسانێکی ملۆزم و ناحەزمان لە شەیتانەکانی ئادەمی و جنۆکە فەراهەم هێناوە ( بێگومان بۆ شوێنکەوتوان و بانگخوازانی ئاینی یەکخواناسیش لە هەموو زەمان و زەمینێکدا ئەو حاڵەتە دوبارە دەبێتەوە ) جا بەردەوام قسەی زل و ڕازاوە و بیروبۆچونی سەقەت دەدەن بە گوێی یەکدا، خۆیان و خەڵکی پێ غەڕا و سەرگەردان دەکەن. (وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا

فَعَلُوهُ ) خۆ ئەگەر خوای گەورە بیەوێت جڵەوگیریان لێ دەکات و ناتوانن سنوربەزێنن و ئاوا دەمدرێژی بکەن، لەبەر ئەوە تۆ وازیان لێ بهێنە بۆ ئەو درۆ و دەلەسە و بوختاتانانەی کە بێباکانە دەیکەن و هەڵی دەبەستن ( بۆ کوێ دەچن، لە دەست سزای ئێمە رزگار نابن ).

**چوارەم:** وَكَذَلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَادِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (١٣٧)الانعام

هەروەك ئەو دابەشکرنە نارەوایەیە کە زێوانەکان فتوایان بۆ دەدان کە کوشتنی منداڵەکانیان کارێکی چاك و رەوایە، واتە دایك و باوکان مافی ژیانیان هەبوو ( کەچی کچەکانیان زیندە بەچاڵ دەکرد ) وە ئاینی یەکخواناسیان لە لاپەسەند نەبوو دژایەتیان دەکرد، کەچی بت پەرستی و ئارەزوو پەرستیان پێ رەوابوو خۆ ئەگەر خوای گەورە بیویستایە جڵەو گیری لێ دەکردن و نەیاندەتوانی ئەو کارە ناپەسەندانە بکەن، بەڵام وازیان لێ بهێنە بۆ خۆیان و ئەو درۆ و دەلەسەیەی کە دەیکەن، بۆ کوێ دەچن، لە دەستی قودرەتمان دەرناچن.

**پێنجەم:** تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ (٢٥٣)البقرة

ئەو پێغەمبەرانەی کە لەقورئاندا باسکراون رێزو باوی هەندێکیمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، هەیانە خوای گەورە گفتوگۆی یەکسەربی لەگەڵدا کردوە ( وەك موسا ) و، پلەو پایەی هەندێکیانی بەرزکردۆتەوە و هەوڵ و کۆشش و خەباتیانی نرخاندوە، وەك ( محمد و ابراهیم و نوح و موسا) و دەفەرموێت:

بەعیسای کوری مەریەمیش موعجزەی ئاشکرامان بەخشیوە ( وەکو زیندو کردنەوەی مردوان، چارەسەری نەخۆشی زگماك ) هەروەها پشتگیریشمان کردوە بەجوبرەئیل، هەڵگری پەیامی خوا بۆ

پێغەمبەران، خۆ ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەربوایە ( ئەو خەڵکە هەموی باوەڕدار دەبوون بەزۆر و ناچاری ) دوای هاتنی پێغمبەران و بەڵگەو موعجزەکان، بەڵام خوای گەورە ئازادی بەخشیوە وکێشەو جیاوازی کەوتۆتە ناو خەڵکەوە، هەیانە ڕێبازی ئیمان دەگرێتەبەر، هەشیانە ڕێبازی کوفری هەڵبژاردوە.

خۆ ئەگەر خوای گەورە بیویستایە نەیاندەتوانی جەنگ دژ بەیەک بکەن، بەڵام خوای گەورە ویستی لەسەر چی بێت هەر ئەوە ئەنجام دەدات و هەرئەوەیش پێش دەهێنێت، بێگومان لەڕووی دانایی و زانایی و ئاگایی تەواوەوە ئازادی بەخشیوە بە مرۆڤەکان.

(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ)( وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ) ئەمانە خۆپاراستنن تا بزانین هەرچی لەبوونەوەردا ڕوودەدات خوا ئاگاداریێتی و لە نیزام و سیستەمێ کەخوا دایناوە دەرناچن، ڕاستە خوا ئیرادەیەکی داوە بەمرۆڤ، یەکەم:خوا داوێتێ بۆ تاقیکردنەوەو، دووەمیش: کەی ویستی لێی دەسەنێتەوەو تەنانەت ژیانیشی لێدەبڕێت.

**شەشەم:** قَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَأَتَى اللَّهُ بُنْيَانَهُمْ مِنَ الْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ السَّقْفُ مِنْ فَوْقِهِمْ وَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لَا يَشْعُرُونَ (٢٦)النحل/ڕاستە دەوێ ئەوی لەپێش ئەمانەش بوون پیلانگێربوون، خودا دام و دەزگاوبینایانی لەبناغەوە هەڵتەکاندوسەقفیان بەسەردا ڕماو لەشوێنێکەوە سزایان بۆ داباری کەهەر هەستیشیان پێنەکرد.

( عليهم ) خۆپاراستنی تیایە تاوانەزانن کەبیناکانیان ڕووخان لەژێریدا نەبوون، نەخێر سەقفەکان بەسەرئەواندا ڕووخان و لەناوچوون.

**حەوتەم:** وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَنْ نَفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٣٠)يوسف

ئەوپۆستەی عەزیززی میسر لە زمانی میسریە کۆنەکاندا ئەگەر وەربگێڕدرێت بۆ زمانی عەرەبی دەبێت ئاوا وەربگێڕدرێ ( عزيز اله الشمس) بەڵام چونکە ئەوە لەگەڵ یەکتاپەرستی ئیسلامدا ناگونجێت،(اله الشمس)ەکە لادەبات وتەنهاوشەی(عزيز)دائەنێ بۆ ئەو پۆستە.ئەم

راستیەش قەشە (فیگۆرۆ) دۆزیەوە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەی زۆرەوە ....لا ١٩٧ / نبوة محمد من الشك الى اليقين ).

## قورئان و تەورات و ئینجیل:

قورئان هەڵە و بۆچوونە دەستکاری کراوەکانی تەورات و ئینجیلی راستدەکردەوە، کەبەدرێژایی چەندەها سەدە لەوەوبەر خرابوونە ئەو پەراوانەوە و، ژیاننامەی پێغەمبەران و گەلەکانیان باس دەکات بەجۆرێك کەتەنها لەعیلمی خوادا هەیە و کەس پێشتر نەیزانیوە هەروەك دەفەرموێت:

﴿ تِلْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنْتَ تَعْلَمُهَا أَنْتَ وَلَا قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ (٤٩)﴾ هود: واتە: ئەم دەنگوباسانە غەیبن و بەسروش بۆت دەنێرین، نەخۆت و نەگەلەت پێشتر نەتان دەزانی، بۆیە ئارام بگرە بەراستی پاشەرۆژ و سەرکەوتن بۆ پارێزکارانە، ئەم ئایەتە موعجیزەیەکی گەورەیە و تۆمارکراوە وشەو رۆژ دەخوێنرا، ئەگەر وانەبوایە خەڵکانێکی زۆر لەئەهلی کتاب و کافرەکانی تر دەهاتن و دەیانوت: نەخێر وانیە، ئێمە ئەم چیرۆکانەمان بیستووە، کەچی کەس نەبوو بێ (اعتراض) ی هەبێ.

نموونەش زۆرە بۆ راستکردنەوەکانی قورئان، کەبیروبۆچوونی ئەهلی کیتابی راستکردۆتەوە لەوانە:

١ ــ ئەهلی کیتاب هەندێکیان وایان تەصەور دەکرد کە یەکێك گوناهەکانیان هەڵدەگرێ و لەکۆڵ ئەمان دەکەوێ و، دەیانووت کە مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە گوناهکارە و مەسیح سەلامی خوای لێ بێ بەلەسێدارەدانی ئەو گوناهانەی لەکۆڵ مرۆڤ کردۆتەوە، قورئان کە فەرموودەی پەروەردگارە ئەم بیروبۆچوونە هەڵەیە راستدەکاتەوە و دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلَا يَجِدْ لَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا (١٢٣)﴾ النساء.

هەروەها جوولەکەکان بوختانیان بۆ مەریەم دەکرد، قورئان وەڵامیان دەداتەوە و بەرگری لەداوێنپاکی مەریەم دەکات ودەفەرموێ ئەوەی ئێوە بە مەریەمی دەڵێن بوختانێکی گەورەیە﴿ وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَى مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا (١٥٦)﴾النساء.

ئەو پەڕاوە کۆنانە خوا پاراستنیانی دابووە دەست مرۆڤەکان و ئەوانیش بۆیان نەپارێزرا هەروەك دەفەرمووێ: ﴿إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ وَكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ فَلَا تَخْشَوُا النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ (٤٤)﴾ المائدة: بۆیە دەستکاری و گۆڕانکاری ئێجگار زۆر دەبینرێ تیایاندا تا ئەگاتە پلەیەك کەشتی نابەجێ و نالائیق دەخەنە پاڵ پێغەمبەران، کەدیارە ئەوان سەلامی خوایان لێ بێت (معصومن) بۆ نموونە داوێن پیسی و زینا دەدەنە پاڵ داود ( سەلامی خوای لەسەر ) کە ئەمەش بوختانێکی گەورەیە.

دیسان دروستکردنی گوێرەکەکە و پەرستنەکەی دەدەنە پاڵ هارون سەلامی خوای لێبێ، قورئان ئەمە ڕاستدەکاتەوە دەفەرمویت: ﴿وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَارُونُ مِنْ قَبْلُ يَا قَوْمِ إِنَّمَا فُتِنْتُمْ بِهِ وَإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمَنُ فَاتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوا أَمْرِي (٩٠)﴾ طه، واتە: هارون لەوەو پێش پێی فەرموون گەلەکەم ئێوە بەراستی بەم گوێرەکەیەی کەلە ئاڵتونە و سامری بۆی دروست کردون، تووشی فیتنە و تاقیکردنەوە بوون، وەبەڕاستی پەروەردگارتان میهرەبانە، بۆیە تەنها دوای من بکەون و گوێرایەڵی فەرمانم بن، تاوەکو موساش دەگەڕێتەوە.

بەڵێ قورئان (مهیمن) و باڵا دەستە بەسەر ئەو پەڕاوانەدا و نەك هەرهیچی لێوەرنەگرتوون بەڵکو هەڵەو کەموکورتی و دەستکاری کردن و گۆڕینەکانیشیان بۆ ڕاستدەکاتەوە:

﴿ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ (٤٨)﴾ المائدة.خوای پەروەردگار ئاگای لەهەموو نهێنیەکانی بوونەوەرە، بۆیە دەتوانێ ئەو ڕووداوە مێژوویانەی کەهەزاران ساڵ پێش خۆشەویست (ﷺ)ڕویان داوە ڕاستی بکاتەوە و ئەوەش کەڕاستە (تصدیق) ی بکات، یەکێ لەو (تصدیق) کردنانەش ئەم ئایەتەیە کەدەفەرموێت:

﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ المائدة ٢٤:واتە:لەتەوراتدا نووسیمان و پێویستمان کرد لەسەریان کە هەر کەسێك بەناهەق و

بەئەنقەست یەکێ بکوژێ ئەکوژرێتەوە لەجیاتی، چاو لەجیاتی چاو، لووت لەجیاتی لووت، گوێچکە لەجیاتی گوێچکە، دان لەجیاتی دان واتە ئەم ئەنەندامانە ئەگەر زیانیان پێ بگەیەنرێ بەهەمان شێوەی خۆی سزا لەتاوانبار دەسێنرێ، زامەکانیش تۆڵەیان زامکردنی دەستدرێژی کارانە بەوێنەی کردەوەکەی خۆیان جا هەرکەسێکیش چاکە بکات و لەتاوانبارەکە ببورێ ئەوا دەبێتە مایەی کەفارەتی گوناهی و پەروەردگار لەخراپەکانی خۆش دەبێ.

ئەم راستیە و ئەم فەرمانە خواییە، تا ئێستا لەتەوراتدا وەك خۆی ماوە، کە ئەمەش موعجیزەیە، چونکە ئەهلی کتاب حەزیان نەدەکرد پەڕاوەکانیان وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی و دەیانویست هەر خۆیان بیزانن و زاناکانیان شارەزابن تیایدا، بۆیە تا سەردەمی ئیمامی غەزالیش، واتە: تادوای چەند سەدەیەکیش لەدوای زەمانی پێغەمبەر (ﷺ) ئنجا وەرگێردرانە سەر زمانی عەرەبی، ئەوکاتەش بەدەگمەن دەستدەکەوتن.

ئنجا ماوەتەوە بلێین، خوا نەبێ کێ بەمحمدی فەرموو (ﷺ)کە ئەو فەرمانە لەتەوراتدایە، دەقەکەی ناو تەوراتیش بەم جۆرەیە ﴿من ضرب انساناً فمات يقتل قتلاً، ومن ضرب ابوه وامه يقتل قتلاً وان حصلت اذية تعطي نفساً بنفس و عيناً بعين و سناً بسن و يداً بيد ورجلاً برجل و كيا بكي وجرحاً بجرح و رضا برض﴾ اصحاح ٢١ من سفر الخروج.(لا ٢٢٥ لەخزمەت قورئاندا/نووسەر).

٢-عەقیدەی روونی قورئان کاری کردە سەر هیندیەکان و نەسرانیەکان و تاقم وگروپ تیایانا پەیدابوون کە داوای چاکسازی وراستکردنەوەی بیروباوەڕیان دەکرد،ئەمە بێجگە لەوەی کە ساڵانە بەملیۆنەها کەس لەسەرتاسەری جیهاندا لەهەموو گەل و نەتەوەکان بەکاریگەری قورئان و فەرمودە موسڵمان دەبن، کەلە نووسراوەکانمدا باسم کردوون.(سەیری کتێبی /ئیسلام وکاریگەری لەسەر شارستانیەت وچاکەی بەسەر مرۆڤایەتیەوە بکە نووسینی ئەبوحەسەنی نەدەوی ووەرگێڕانی تاهیر یەحیا.

## دوا وته:

قورئانی پیرۆز داوای وردبوونـەوەو تێگەیشـتنمان لێـدەکات (أَفَلَا يَتَـدَبَّرُونَ الْقُـرْآنَ وَلَـوْ كَـانَ مِـنْ عِنْـدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا (٨٢)النساء.

خۆشەویستیشـمان (د.خ) دەفـەرموێت: ئـەهلی قورئـان ئـەهلی تایبـەتی خـوان،چـاکترینتان ئەوانـەن کـە فێری قورئـان دەبـن و خـەڵکی فێردەکـەن.قورئـان لـەقیامەتـدا وەك پەڵـە هـەور بەسـەر دۆسـتانیەوە دەبێـت و لەگەڵیان دەبێت لەو رۆژە سەختەداو شەفاعەتیان بۆ دەکات.

جالەبەرئـەو فـەزڵ و خێـرە گەورەیـەی قورئـان زۆر دڵـم خۆشـە کاتێـك لـەبارەی قورئانـەوە دەنووسـم، هیوادارم ئێوەش ئاوا سەیری بکەن ودڵتان پێی خۆش بێت.

ئەم نامیلکەیـەش لـەگـەڵ (فراوانی مانـا لـەقورئانـدا) (رامـان لـەقورئان)(دیمەنـەکانی قورئـان )(لـەخزمـەت قورئانــدا) (بەڵێنــەکانی قورئــان )( رازی قورئــانی ) هەڵوێســتەن لـەخزمــەت ســەدان ئایــەتی قورئانــدا، بەوهیوایـەی کـە خزمـەتێك بێـت بەخوێنـەری کـوردو وامـان لێبێـت وەك صـلاح الـدین بلـێین: هەرچـەند ئێمە کوردین لەزۆر لە خەڵکانی تر باشتر لە قورئان تێدەگەین.

ئەمەشی کاتێـك وت کـە ویسـتی قـودس فـەتح بکاتـەوەو هەنـدێ لەسـەرکردە عەرەبـە خۆفرۆشـەکان وەك ئێسـتا ئایـەتی صــولحیان بۆدەخوێنــەوە تــا خاچپەرسـتان لــە قــودس دەرنــەکات، ئــەویش شــێرانە لەرووپانـدا وەسـتایەوەو وتـی: باسـی رێکـەوتنی چـیم بۆدەکـەن مـن کـە کـوردم لـەئێوە باشـتر لــەقورئان تێدەگـەم، بۆیـە رێناکـەوم لەگەڵیانـداو فـەتحی دەکـەم تـاهیچ مـەرجێکم لەسـەر دانـەنێن و لـە ناوچـەکە بەیەکجاری بچنە دەرەوە.

تا بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر بەهیوای دوعای خێرتان بەو خوایەتان دەسپێرم کە سپاردەزایە ناکات.

سەرچاوەکان:


-الاحتراس فی القرآن الکریم /دکتۆره حەنان قاسم عینزی

-العلم الاعجمی فی القرآن مفسرا بالقرآن /رؤوف أبو سعدة

-فی ظلال القرآن /مامۆستا سەید قوتب

- التعبیر القرآنی والدلالة النفسیة –د. عبدالله محمد الجیوسی.

# پێڕست بەرگی یەکەم


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| شارەزایی لە ئەدەبدا | ٩ |
| دیمەنەکانی قورئان | ١٦ |
| جەنگی بەدر | ٣٣ |
| قورئان و زمانی عەرەبی | ٤٥ |
| موعجیزەی بەردەوامی قورئان | ٥٩ |
| هەندێ زانیاری سەرسوڕهێنەر لە قورئاندا | ٦٢ |
| دوونموونە لە ئەهلی قورئان | ٦٢ |
| دواوتە | ٦٤ |
| | |
| بەرگی دووەم | |
| پێشەکی | ٦٧ |
| ژیان تاقیکردنەوەیە | ٦٩ |
| قەزاوقەدەر | ٧٢ |
| لەگەڵ قەدەری خوّتا برِۆ | ٧٣ |
| خوا دڵی ناشکێنێت | ٧٤ |
| رازی بوون بە قەدەری خوا | ٧٤ |
| ئاتاجی بەردەوامی مرۆڤ بەخوا | ٧٥ |
| بلێ یا رب | ٧٦ |
| ئەحمەد قەندیل | ٧٧ |
| قیبلە لە کوێوەیە | ٧٩ |
| پیاچوونەوەی حسابی ساڵ | ٧٩ |
| گەوهەرێکی بەنرخ | ٨٠ |
| باچاکترین | ٨٢ |
| چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا | ٨٣ |

| | |
|---|---|
| شمشێری ڕەوشت | ٨٥ |
| بەختەوەری لە ئیماندایە | ٨٨ |
| قسەی خۆش | ٩٢ |
| هەرچیت کرد بەباشی بیکە | ٩٤ |
| ئاو کەوەستا | ٩٥ |
| گاڵتە بەکەس مەکە | ٩٧ |
| متمانە بەخوا | ١٠١ |
| خێرو سەدەقات | ١٠٤ |
| دەربڕینی خۆشەویستی | ١٠٧ |
| پیاوی ئەمین و بەوەفا | ١٠٨ |
| کیسەڵ و گەرمابی | ١١١ |
| ئەوەی بۆ خوا وازی لێبهێنی | ١١٣ |
| میهرەبان بە | ١١٥ |
| ئاوات و ئامانج | ١١٨ |
| خەووخەیاڵ | ١١٩ |
| حساب کردن بۆ خۆشەویستی | ١٢٣ |
| مرۆڤ پێویستە بە وەفا بێت | ١٢٣ |
| گۆڕانکاری دەکرێت | ١٢٦ |
| وەفاو شەهامەت | ١٢٨ |
| خوا حەلیمە | ١٣١ |
| هونەری ئامۆژگاری | ١٣٣ |
| | |
| بەرگی سێیەم | |
| پێشەکی | ١٤٣ |
| خۆبەختکردن | ١٤٣ |
| خۆری ئیسلام لە تورکیا هەڵهاتەوە | ١٤٥ |

| | |
|---|---|
| سوڵتان سولەیمانی قانونی | ١٤٧ |
| بۆسنەو هەرسك | ١٥١ |
| ئەندازیار نەجاد | ١٥٣ |
| حاجی فاتیمە | ١٥٨ |
| موسڵمانی فیداکار لە هیندستان | ١٥٩ |
| بانگخوازێکی یەمەنی | ١٦١ |
| یادەوەری موستەشار عەلی جرێشە | ١٦٤ |
| باوکی موعاز | ١٧٥ |
| پرۆفیسۆر محمد یونس | ١٧٦ |
| دکتۆر عبدالرحمان السمیط | ١٧٧ |
| عیززەتی نەفس | ١٨٣ |
| ئاصفی ئەبو یونس | ١٨٤ |
| موسڵمانبوونیگۆرانیبێژی فەڕەنسی | ١٨٧ |
| موسڵمانبوونی دکتۆرە ئۆلیف | ١٨٩ |
| موسڵمانبوونی دکتۆرە ئۆریفیا | ١٩٠ |
| کەراماتی شێخ شەعراوی | ١٩١ |
| ئەحمەد دیدات | ١٩١ |
| شێخ عبدالرحمانی ئەفریقی | ١٩٢ |
| دکتۆر خالید جوبەیر | ١٩٥ |
| یوسف نەددا | ٢٠٢ |


بەرگی چوارەم


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٢٠٩ |
| دەسەڵاتی بێپایانی خوا | ٢٠٩ |
| دۆستانی خوا | ٢١٢ |
| پشتگیری خوا بۆ بڕواداران | ٢١٣ |
| خەوبینین بە حەزرەتەوە (د.خ) | ٢١٥ |

| | |
|---|---|
| ئوم شورەیك | ٢١٨ |
| ئەبو موسلیم | ٢١٩ |
| خەوەكەی قطز | ٢٢٠ |
| موسڵمانانی حەبەشە | ٢٢١ |
| تاریقی كوڕی زیاد | ٢٢٢ |
| بارانێك پاش دوعای حاجیان | ٢٢٢ |
| پێشەوا بەننا | ٢٢٣ |
| سەیید قوتب | ٢٢٦ |
| مەودوودی | ٢٢٩ |
| نوورسی | ٢٣٢ |
| سەلاحەدین | ٢٣٧ |
| دكتۆرێك لەنیوە شەودا | ٢٣٧ |
| كاك ئەحمەدی شێخ | ٢٣٨ |
| كاك ئەحمەدی موفتی زادە | ٢٣٩ |
| دكتۆر عەلی جریشە | ٢٣٩ |
| زەغلول النجار | ٢٤١ |
| دوعای بارانبارین | ٢٤٢ |
| خوا تەوفیقی خراپەكاران نادات | ٢٤٤ |
| هەركەسەو ئەجەلێكی هەیە | ٢٤٥ |
| محمد غەزالی | ٢٤٦ |
| زەینەب غەزالی | ٢٥٠ |
| شەعراوی | ٢٥٣ |
| عەمرخالید | ٢٥٥ |
| لەگەڵ بانگخوازێكدا | ٢٥٦ |
| بەخوا ئەتانگەیەنم | ٢٥٩ |
| تاكسیەك | ٢٦٠ |

| | |
|---|---|
| دیداری کەعبەو مەدینە | ٢٦٢ |
| نورەدین زنکی | ٢٦٣ |
| عبدالحمید کشك | ٢٦٤ |
| دوعاکەم گیرابوو | ٢٦٥ |
| پشکنین | ٢٦٥ |
| دەزگای فریاکەوتنی ئیسلامی | ٢٦٦ |
| سەرکەوتن لـە خواوەیە | ٢٦٧ |
| موەلیدەکەی ئارا | ٢٦٨ |
| مزگەوتەکەی دوکان | ٢٦٩ |
| وردەنان | ٢٦٩ |
| یەك بە چوارسەد | ٧٢٢ |
| مەلا مەجید | ٢٧٤ |
| مامۆستا نوری فارس | ٢٧٥ |
| دواوتە | ٢٨٢ |

بەرگی پێنجەم

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٢٨٥ |
| سڵاو لـەفریشتەکان | ٢٨٦ |
| حەزدەکەیت بگەیتەوە بەخوا | ٢٨٧ |
| کۆچی دوایی پێغەمبەر | ٢٨٩ |
| پێشەوا ئەبوبەکر | ٢٩٣ |
| پێشەوا عەلی | ٢٩٤ |
| سەعدی کوڕی موعاز | ٢٩٤ |
| سەلمانی فارسی | ٢٩٥ |
| سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص | ٢٩٦ |
| حوزەیفەو موعاویە | ٢٩٦ |
| عومەری کوڕی عبدالعزیز | ٢٩٧ |

| | |
|---|---|
| سەلاحەدینی ئەیوبی | ٢٩٨ |
| گەیلانی | ٢٩٩ |
| شافیعی | ٣٠٠ |
| مەولانای رۆمی | ٣٠١ |
| ئیمامی سەرهەند، عومەری موختار | ٣٠٥ |
| پێکەنینی دواهەناسە | ٣٠٨ |
| تامەزرۆی گەیشتن بەخوا | ٣٠٩ |
| مردن لەنوێژو مزگەوتا | ٣١١ |
| سەرەمەرگ و قورئان خوێندن | ٣١٣ |
| ئافرەتێکی بانگخواز | ٣١٤ |
| دایکی وەلید | ٣٢٠ |
| مەودوودی | ٣٢٢ |
| حوسنی خاتیمە | ٣٢٦ |
| سەیدقوتب | ٣٢٩ |
| نوورسی | ٣٣٠ |
| رووکردنە قیبلە | ٣٣٤ |
| شەعراوی | ٣٣٦ |
| ئەوبانگخوازەی سۆدانیەکان بۆی گریان | ٣٤١ |
| ئەبوشادی | ٣٤٣ |
| وانەیەك لەژیانەوە | ٣٤٦ |
| راحەت نیە لە دونیادا | ٣٤٨ |
| ئەم دونیایە فرسەتە | ٣٤٩ |
| ئەجەل کەنەهات | ٣٥٣ |


بەرگی شەشەم


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣٦١ |

| | |
|---|---|
| شایەتیدان بۆ قورئان | ٣٦٢ |
| ئەم قورئانە پارێزراوە | ٣٦٣ |
| قورئان و زمانی عەرەبی | ٣٦٥ |
| کاتێ ئایەتێك کۆمەڵێ مانای دەبێت | ٣٦٦ |
| فراوانی مانا | ٣٧٣ |
| موعجیزەی هەتاهەتایی | ٤١٥ |
| تەفسیرە کوردییەکان | ٤١٥ |
| تازەترین ئیعجاز | ٤١٩ |
| لوقمانی حەکیم | ٤١٩ |
| جێگیربوونی قورئان لەدڵاندا | ٤٢٠ |
| دواوتە | ٤٢٦ |


بەرگی حەوتەم


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٤٢٩ |
| قورئان بەسیان نیە | ٤٢٩ |
| موسەیلەمەی درۆزن | ٤٣١ |
| سورەتێك دە وشەیە | ٤٣٢ |
| موعجیزەیەکی خۆشەویستمان | ٤٣٣ |
| وشەکانی قورئان | ٤٣٧ |
| خۆپاراستن | ٤٤٦ |
| خۆپاراستن لە عەقیدەدا | ٤٤٦ |
| خۆپاراستن لە باسی رۆژی دواییدا | ٤٥٧ |
| خۆپاراستن لەباسی بەهەشتدا | ٤٥٨ |
| خۆپاراستن لەباسی دۆزەخدا | ٤٦٢ |
| خۆپاراستن لەباسی پێغەمبەرایەتیدا | ٤٦٥ |
| خۆپاراستن لەباسی بانگەوازی پێغەمبەراندا | ٤٧٣ |
| خۆپاراستن لە باسی گەلانی دێریندا | ٤٨٥ |

| | |
|---|---|
| خۆپاراستن لە باسی ئەحکامدا | ٤٩٢ |
| خۆپاراستن لەقسەوهەڵسوکەوتدا | ٥٠٤ |
| خۆپاراستن لە ئەمسالی قورئاندا | ٥١١ |
| خۆپاراستن لەسوێند خواردندا | ٥١٦ |
| چەندنمونەیەکی تر | ٥١٦ |
| دواوتە | ٥٢٣ |